# بنەماکانی قییەمی کۆمەڵایەتی
# لە ئیسلامدا

# بنەماکانی قییەمی کۆمەڵایەتی
# لە ئیسلامدا

نووسینی:
سەعید حەووا

وەرگێڕانی:
مامۆستا کرێکار

# بنەماکانی قییەمی کۆمەڵایەتی

# لە ئیسلامدا

نووسینی: سەعید حەووا

وەرگێڕانی: مامۆستا کرێکار

بڵاوکردنەوەی: زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی (زادی)

ساڵی: ٢٠٢٣ز - ١٤٤٤ك

زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی زادی

ماڵپەری زادی

www.zadyreman.com

تێلێگرامی زادی

https://t.me/zankoyzady

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إنَّ الحَمْدَ لله نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنا وَمِنْ سَيِّئاتِ أعْمَالِنا، مَنْ يَهْدِهِ الله فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. أَشْهَدُ أنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللّٰه وَأَشهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبدُهُ وَرَسُولُهُ.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢ ﴾ آل عمران: ١٠٢

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١ ﴾ النساء: ١

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١ ﴾ الأحزاب: ٧٠ - ٧١

أَمَّا بَعْدُ: فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيثِ كِتابُ اللهِ، وَخَيرَ الهَدِي هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ)، وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثاتُها، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وَكُلَّ ضَلَالَةٍ فِي النَّارِ.

## ڕێڕەوێك:

# مرۆڤ بەبێ ئیسلام!

کاتێك ئیسلام لەسـەر شـاڕێی ژیان نامێنێت هیچ شـتێك لەسـەر زەوی دا لە جێی خۆیدا نـامێنێـت و هیچ شـتێك جێگیر نامێنێت، پێوەرەکانی دەگۆڕێت و تەرازووی کێش لاسـەنگ دەبێـت، ئـەوەی دوێنێ حەڕام بووە ئەمڕۆ حەڵاڵ دەکرێت و ئەوەی دوێنێ حەڵاڵ بووە ئەمڕۆ حەڕام دەکرێت! ئەوەی ئەمڕۆ بڕیاری لەسەر دەدرێت سبەینێ ئیلغا دەکرێتەوە، ئەوەی سبەینێ دەچەسپێنرێت، دووسبەی لادەدرێت و ڕادەدرێت!

هـەوا و هـەوەسـی مرۆڤ دەبێتە گوزارشـت لـە بیر و تێڕوانینی (تیۆر) و دژ بەیەکتری تیکـدەچڕژێن، مرۆڤ لـە نێوانیـاندا وا سـەری لێ تێکدەچێت کە نازانێت لە کوێوە خراوەتە نـاویەوە و ڕێی دەربـازبوونی لێیان چییە! ئیتر سـەرگەردان دێت و دەچێت و وێڵ بیرلێڵ بزر دەبێت. هەرچەند لافی زانین و شـارەزایی ڕێ لێبدات لە ڕاسـتیدا هەر پاڵانتەیە و خۆشـی نازانێت چ بیر و هەڵوێستێك حەقیقەت و واقیعییە! نازانێت بۆچی هەر نەوەیەك دەبێت لەسەر دیـدوڕێ و تێڕوانین و فیکر و مومارەسـەیەکی خۆی بێت، کە جیاوازە لە دیدوڕێی نەوەکانی ڕابردووی. ئینجا هەر تاك و دەستە و کۆمەڵێکی هەمان نەوەی نوێش ڕاوبۆچوونی جیاوازی لا دروسـت دەبێـت، سـەریان لە پەرتەوازەیی و جودا و دوورییەوە دەردەچێت.... چونکە یەك (مەرجەعییەتـ)ـیان نییە، یەك سەرچاوەی دیدوڕێ و بزاوت و هەڵوێستیان نییە، تا لە ڕاجوێیاندا بگەڕێنەوە سـەری و لەبەر ڕۆشـنایی بڕیار و ڕێی و ئاڕاسـتەیدا ناکۆکییەکانیان یەکلابکەنەوە.. بۆیە کەسـیان ئەوانی تر بە خاوەن بەڵگە نازانێت، بۆیە کەس بەسـەربەسـتی و سـەرپشـکانە گوێڕایـەڵی ئـەوی تر نـاکـات و ئـامادە نابێت بڕیارەکانی بگرێتە خۆ... ئینجا هەندێکیان دەبنە خاوەنی دەسەڵات هێز بۆ سەلماندن و چەسپاندنی (ڕەوایی) خۆیان دەگرنە بەر و ئەوانی تریش دەبنە بەرهەڵسـتکاریان چونکە دەبینن ئەوان ئازادی و سـەربەسـتیانیانی زەوت کردووە! چما ئەمان نابێت ئازادبن؟! ئیتر ئاوا ئەویان دید و پێناسـەی خۆی دەکاتە سـیسـتەم و یاسـا و دەیسەپێنێت، ئەمیشیان دەبێتە پێچەوانەکار و بەرگری دەکات..

ئـاوا لـە ڕاســـتیدا مرۆڤ وەکو ئاژەڵە دڕندەکانیان لێدێت، هەموو بەرەڵان، ئەوەی ڕێیان لێ دەگرێت هێزە!

لـەم حاڵەتە بەرەڵاییەدا مرۆڤ زۆر لە ئاژەڵەکان خراپتری لێ بەســـەر دێت! چونکە هەموو توانا و وزە زانســـتیەکەی مرۆڤایەتیی بۆ هێنانەدیی هەوا و هەوەســـی خۆی و کۆمەڵکارەکانی دەخاتە گەڕ و دژوارترین دڕندە دەردەچێت... ئەوەی لێدەوەشـێتەوە کە بەسـەرجەمی دڕندەکان نایانەتە دی...

ئەم قسانە وەسفێکی واقیعی ئەمڕۆن، کە ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێت! نابینیت ڕێژەی تاوان و خراپەکـاری چـەنـد لـە زیادبووندایە! لەگەڵ زیادبوونی چەندین بەرابەری هێز و دەزگاکانی ئەمان و ئاســـایش و ئاشـــتی!! نابینیت لە ڕۆژئاوا نەوەیەکی ئاژاوەگێڕی فەوزەوی و بەڕەڵای (خەنافیس) خوڵقاوە و لەزیادبووندایە؟! نابینیت گەڕەلاوژێ جنسیەکەیان چەندین قات تاوانی زیاتر کردووە لەناویاندا؟! لەگەڵ ئەو هەموو یاســـا توندوتیژانەشـــدا، لەگەڵ ئەو (ئازادی)یە جنسـییەشـدا کە لەناویاندا هەیە کەچی تاوانی دەسـتدرێژی نامووس و هەتك کردن لە هەموو چینـەکـانی کۆمەڵگاکانیاندا لەزیادبووندایە!! ڕێژەی نامۆیی جنســـی بۆتە دیاردەی هەموو کۆمەڵگەکانیان! تەنانەت لەهەندێك وڵاتی ڕۆژئاوایی نامۆیی جنســـی (الشـــذوذ) گەیشـــتۆتە ڕێژەی (٧٠%)! کە ئەمە بە هیچ شـێوەیەك لە جیهانی ئاژەڵدا نابینرێت! سـەرباری ئەو هەموو دیـد و تێڕوانینـە فەلســـەفییانەی ئەم ڕێژەیان هێناوەتە دی؛ دیدوڕێی تری نامۆیی جنســـی لە زیادبووندایە و داهێنانی تر دێتە کایەوە. تەنانەت گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە ئەم نامۆییە جنسیە بۆتە ڕێسا و بنەمای کۆمەڵایەتی و یاسای وڵات!! نامۆیی ئاساییە و ژیانی ئاسایی نامۆییە!

ئەمە حەقیقەتە کە کاتێك ئیسـلام لە واقیعێکدا نامێنێت هیچ شـتێك لە شـوێنی سـروشـتی و ئـاســـایی خۆیـدا نـامێنێـت، چونکە تەنها ئیســـلامە کە بەرنامەی خوای پەروەردگار و ژیانی پارسەنگی مرۆڤایەتی دەهێنێتە کایەوە و ناهێڵێت لادان و گۆڕانکاری لە دید و بنەما و پێناسە و ڕێسـای نەگۆڕییدا بێتە دی.. ئیسـلام تاکە دید و ڕێبازێکە کە مرۆڤایەتی وا زوو بتوانێت لەژێر سایەیدا بحەوێتەوە، دەنا هەروا وێڵ و سەرگەردان دەژی و دەڕوات...

ئیسلام پێنج مەبەستی سەرەکی لە ژیانی هەموو تاك و کۆیەکی مرۆڤایەتیدا دەسەلمێنێت و دەچەسپێنێت کە هەموو لایەك موحتاجن پێیان: (دین، هزر، سامان، گیان، وەچە)، دەبینین کە ئەگەر ئیسلام لە واقیعی کۆمەڵێکدا نەمێنێت ئەوا ئەم ماف و ئەرکە سەرەکیانەش نامێنن یان لەسنووری ئاسایی و سروشتیدا نامێنن.. ئەمەش ئەوە زیاتر دەسەلمێنێت کە دەڵێن: مرۆڤ بەبێ ئیسلام سەر بەخەسارەتە..

## یەکەم: دین:

موسوڵمانان فەتحی ئەندەلوس (ئیسپانیا و پورتوگالی ئەمڕۆ)یان کرد و بە ملیۆنەها موسوڵمان لەوێ نیشتەجێ بوون، [دوای ٦٠٠ ساڵ] پاشان وڵاتەکەیان لەدەست دەرهێنرا، لەو ملیۆنەها کەسە چەندیان مانەوە؟ ئێستا لەوێ یەك موسوڵمان نییە!![١] ئێمەش میسرو وڵاتی شاممان فەتح کرد، کەمە مەسیحییەکانی هەتا ئێستاش هەن و لە زیادبووندان.[٢] هەموو مێژوو حاڵەتێکی ناچارکردنی موسوڵمانبوونی لەسەر کەسێك تۆمار نەکردووە، چ جای کوشتنی لەسەر دینە جیاوازەکەی.. حوکمی هیندستانمان (بۆ ٦٠٠ ساڵ) کرد، لە توانامانداببوو نەهێڵین هیچ کەسێك لەسەر هیچ دینێك غەیری ئیسلام بمێنێت، بەڵام هەرگیز ڕووینەدا کەسێك لەسەر هەر دینێك بووبێت ناچاری موسوڵمان بوون کرابێن. بۆیە ئێستا غەیرە موسوڵمان چەند بێ بەرابەری موسوڵمانانن.[٣]

تەنها یەکێك لە پاشاکانی بەریتانیا لەگەڵەکەی خۆی سەد هەزار کەسی کوشت چونکە پێچەوانەی مەزهەبی دینەکەی ئەو بوون! نەك مەسیحی نەبووبن! هەموو هەر مەسیحی بوون، (بەڵام ئەم پرۆتسانتی و ئەوان کاتۆلیك). لەو یاسایانەش کە دەریکردبوون، ماددەیەکیان دەڵێ: هەموو خاوەن هەرطەقەیەك (واتە ئەو کەسەی قسە لەسەر باوەڕی دینی دەکات و موناقەشەی

---

(١) تەنها لە میسر (٨) ملیۆن مەسیحی هەیە، لە شامیش یەکەمین کڵێسای سەر زەمینیان هەر ماوە و تەنانەت لە شارۆچکەی (مەعلولا) لە سوریا هێشتا بە زمانی ئارامی (زمانی سەیدنا عیسا علیه السلام) قسە دەکەن.

(٢) لە ساڵی (١٩٧١) ڕێدرایەوە بە ئیسلام و موسوڵمانان لەوێ بژین، (١٣) خێزان ڕایانگەیاند کە لە باب و باپیرانیانەوە ماونەتەوە و دینەکەیان بە نهێنی پاراستووە، نەشیاندەزانی نوێژ بە ڕاست و دروستی بکەن!!

(٣) هیندستان ملیارێك و سێسەد و پەنجا ملیۆنە، تەنها دوو سەد ملیۆنیان موسوڵمانن.. لە (١٨٢١)ەوە دەچەوسێنرێنەوە.

دەكات)، ئەگەر تۆبەی كرد ڕەفتاری بەزەییانەی لەگەڵدا دەكرێت، دەكوژرێت، بەڵام بە شمشێر لەجیاتی سـوتاندنی. ژنی هەرطوقی ئەگەر تۆبەی كرد ڕەفتاری بەزەییانەی لەگەڵ دا دەكرێت، زیندەبەچاڵ دەكرێت لەجیاتی سوتاندنی، (ئەمە لەدوای تۆبەكردونیانە).. ئەمما ئەو ڕەفتارانەی دادگـاكـانی پشـكنین (محاكم التفتیش) نواندی لە ئەشـكەنجەدانیاندا ئەوە قەسـابخانەی مرۆڤایەتی بوون، كە ڕەفتاری هەر ڕۆژێكیان لە هەر دادگایەكیاندا دەیسـەلمێنێت كە هەبوونی ئیسلام چەندە زەروریە لەناو خەڵكیدابێت و ئاڕاستەی دەوڵەت و كۆمەڵگایان بكات. تەنها لە ئیسلام دایە كە خەڵكی دینی خۆیان وەكو خۆی مومارەسە دەكەن و ناخرێنە ژێر تین و فشاری موسوڵمانكردن.. دەیان نووسەر و مێژوونووس شاهێدییان لەسەر ئەم ئازادی و سەربەستییە لە ئیسـلامدا داوە كە موسـوڵمانان سـەدان سـاڵ لەگەڵ خاوەن دینی تردا مومارەسـەیان كردووە. ئەویش چەند شاهێدیدانێك لەوانە:[١]

- (پەتریارك عیشـویایە) كە سـاڵی (٦٥٦ ك/١٢١٨ز زەمانی هاتنی مەغۆڵ بۆ بەغدا) ژیاوە: دەڵێ: عەرەبەكان زەمانە یارمەتیدەریان بوو توانیان دەسـەڵاتیان بەسـەر جیهاندا بچەسـپێنن، هەروەكو دەزانن دادپەروەرانە ڕەفتار لەگەڵ ئێمە دادەكەن.

- (پـاتریارك ئەنتاكیا: مەكاریۆس) دەڵێ: خوای گەورە دەسـەڵاتی توركان تا هەتا هەتایی بەردەوام بكات. ئەوان ئەو (جزیە)یەی دیاریان كردووە وەردەگرن و ئیتر هیچ هەقێكیان بەسەر كەسەوە نییە، جا ڕەعایاكانیان مەسیحی بن یان جولەكە یان سامرە.

- (ئەڕنۆڵد) دەڵێ: تەنانەت لە خودی ئیتاڵیاش (كە مەڵبەندی حوكمی پاپا بوو) خەڵكانێكی زۆر هەن چاویان لەو ڕۆژەوەیە كە لەژێر سـایەی حوكمی توركدا بژین، تا وەكو هاودینەكانیان بژین كە لە ژێر دەسەڵاتی حوكمی توركدا دەژین، تا ئەمانیش لەو سینە فراوانی و سەربەستییە دینییە سوودمەند ببن، چونكە لە حوكمی مەسیحییەكانی خۆیان بێ ئومێد بوون.

هەروەهـا دەڵێ: لە كۆتـایی سـەدەی پـازدەهەمـدا كـاتێـك جولەكە چەوسـاوەكـانی (ئیسپانیا/ئەندەلووس) لەوێ هەڵاتن، توركیا داڵدەی دان و لەخۆی گرتن، ئیتر لەوێ نیشتەجێ

(١) بۆ زیاتر بڕوانە كتێبەكەی ئەڕنۆڵد كە بە ناوی (الدعوة الإسلامية)وەیە.

بوون.

- (ریچارد ستیبز) کە نوسەرێکی سەدەی شازدەیە و دەڵێ: لەگەڵ ئەوەشدا کە گەلی تورکی لەچاو گەلانی تردا توند و دڕن بەڵام سینە فراوانن، ڕێگایاندا بەهەموو مەسیحییەکان چ یۆنانییەکان و چ لاتین کە لە ناویاندا بە ئەمان بژین و لە (قوستەنتینیە) موممارەسەی خواپەرستییەکانی خۆیان بکەن، هەروەها لە هەموو ئەو جێگایانەی تریان کە لێیی دەژیان، لەکاتێکدا دەتوانم بەجەخت لێکردنەوە بڵێم کە لەو دوازدە ساڵەدا کە من لە ئیسپانیا بووم نەك هەر دەبوو ئامادەی ئاهەنگەکانی پاپا ببین، بەڵکوهەستمان دەکرد خۆمان و ڕۆڵە و نەوەکانمان لە دژواریدایین.

هەر لەو کتێبەی ئەرنۆڵدا -هەروەها لە کتێبی مێژوونووسی هاوشێوەی ئەودا- سەدان شاهیدیدانی تێدا تۆمارە کە ئەو ئیسلامەی ئاراستەی شوێنکەوتووەکانی کردووە کە: ﴿لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِ﴾ البقرة: ٢٥٦، واتە: ناچارکردن لە وەرگرتنی دین و دینداریدا نییە، هەروا تاکە دیدو ڕێ و ئاراستەی پارسەنگ دەمێنێت کە سەربەستی مرۆڤ دەپارێزێت و ناهێڵێت هیچ موسوڵمانێك کەسێکیتر لەسەر قبوڵکردنی ئیسلام ناچاربکات، چونکە فەتحی ئیسلام لە دید و تێڕوانین و پێناسەی ئێمەدا بەزۆر موسوڵمان کردن نییە.

لەم سەدەیەی خۆشماندا کە پێی دەڵێن سەدەی ئازادییەکان، هەروا پێچەوانەی ئازادیی لەسەر موسوڵمانان دەبینرێت. بەئاشکرا و بە نهێنی، ڕاشکاوانە و لاوەکی ئازادیی موسوڵمان لەناودەبرێت، ئەهلی ئیسلام کە سەربەستیی دین و دینداریی خەڵکی تریان دەپاراست، خۆیان وا ڕیشەکێش دەکرێن، خۆیان و دینیان لەناو دەبرێن.

لە یەکێتی سۆڤیەت و هەموو وڵاتە سۆشیالیستیەکان بەرنامەی بێدینکردن بەسەر هەموو موسوڵماناندا دەچەسپێت، دژایەتی بانگهێشتکردن بۆ دین و دینداري سەرسەختانە دەکرێت. چاوخشاندنێك بە ئامارەکاندا دیمەنێکی زۆر ترسناکمان لە ستەم و دەستدرێژی و حەملەی ڕیشەکێشکردنی موسوڵمانان نیشان دەدرێت -کڵێسای دیانەکانیش هەروەها- (ئامارەکانی کڵێسا دەڵێت نە کڵێسا دەمێنێت نە مزگەوت.... لەو پەنجا ملیۆن موسوڵمانەی لەوێ (لە یەکێتیی

سۆڤیەت/ شورەوی) دەژی پاش چەند ساڵێکی تر دە ملیۆنیان لێ نامێنێتەوە!). ئەمە هەمووی میسداقییەتی ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت: ﴿وَلَوۡلَا دَفۡعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعۡضَهُم بِبَعۡضٖ لَّهُدِّمَتۡ صَوَٰمِعُ وَبِيَعٞ وَصَلَوَٰتٞ وَمَسَٰجِدُ يُذۡكَرُ فِيهَا ٱسۡمُ ٱللَّهِ كَثِيرٗاۗ وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ ٤٠ ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّٰهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُواْ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَنَهَوۡاْ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۗ ٤١﴾ الحج: ٤٠ - ٤١، واتە: ئەگەر ڕێسای (تەدافوع) نەبوایە کە کافر و دەسەڵاتدارەکان بە موسوڵمانە موجاهیدەکان لەناو بچن؛ حەتمەن پەرستگای هەموو دینەکان خاپووردەکران، لە پەرستگای سابیئە (سەومەعە) و پەرستگای جولەکە (بیەع) و پەرستگای دیان (کڵێسا) و پەرستگای موسوڵمانان (مزگەوت) کە یادی خوای گەورەی زۆر تێدا دەکرێت.. بە تەئکید خوای گەورە ئەو کەسانە سەردەخات کە دینەکەی خوای گەورە سەردەخات، خوای گەورە بەهێز و دەسەڵاتداری ڕەهایە. ئەو کەسانەی ئێمە تەمکین (دەسەڵاتی باڵا و هێز)یان پێدەبەخشین نوێژەکان پیادە دەکەن وکاروباری زەکات دەگرنەدەست و فەرمان بە چاکە و بەرهەڵستی لە خراپە دەکەن.

لەیەکێتی سۆڤیەت و وڵاتە سۆشیالیستیەکاندا ئەوە زەق و ئاشکرایە کە چۆن ئازادی و دین و دینداری مەنع دەکرێت و بە ئاشکرا دژایەتی دین و دینداری دەکرێتە ئەرکی دەوڵەت و حیزب.. لە وڵاتە سەرمایەدارەکانیشدا ئازادی دین و دینداری بە نهێنی زەوت دەکرێت و بانگەوازی خواناسی سنووردار دەکرێت.. ئەو حەملە ڕیشەکێشکردنەی لە ئەریتیریا دەکرێت لە هەموانەوە دیارە، یان تیرۆرکردنەکەی (مالکۆڵم ئێکس) لە ناوجەرگەی ئەمریکادا.[(١)]

## دووەم: هزر و ژیری:

تەنها لەو کاتەدا کە ئیسلام سەلمێنراوە و چەسپێنراوە؛ هزر و ژیریی مرۆڤ بە ڕێز و چوست و چالاکییەوە لەکاردا دەبێت. لەبەراوردکردنی ئەو حاڵەتەی مێژوودا کە ئیسلامی وەکو

(١) ڕەحمەتی خوا لە نووسەر کە باسی چەوسانەوەی موسوڵمانان لە هەندێك وڵاتی ئەو سەردەمەی خۆیاندا دەکات، بەڵام ئێستا لەم سەردەمەی ئێمەدا کە یەکێتی سۆڤییەت هەڵوەشاوەتەوە و زۆرینەی سیستمە سۆشیالیستییەکان پووکاونەتەوە، بەڵام لە ساڵی (١٩٨٩)ەوە کە ئەمریکا بووە دڕندەی جیهان؛ موسوڵمانان لە هەر هەموو دونیادا دەچەوسێنرێنەوە.

دین و دەوڵەت تێدا چەسپێنرابوو، لەگەڵ حاڵەتەکانی هەموو سیستم و ئیدارە و ئاڕاستەیەکی تردا ئەو ڕاستیە ڕوون دەبێتەوە کە ئیسلام پاڕێزەری ژیری و هزرە.

لەم سەردەمەدا ئەمە زیاتر ڕوون دەبێتەوە، سەرنج بدە:

١- سیستمی حوکمڕانی لە جیهاندا دەبینیت کە لافی عەلەمانییەت لێدەدات و خەڵکی وا چەواشە دەکات کە (عیلمانییەت)ە، لەکاتێکدا واقیعەکەی شتێکە و (عیلم) شتێکی تری دوورە لێی. زانست دەیسەلمێنێت کە شەراب زیانبەخشە، کەچی لە هەموو دونیادا ڕژێمەکان بە یاسایی دادەنێن و ڕێی بەرهەمهێنان و فرۆشتن و خواردنەوەی ئاسان دەکەن. زانست دەیسەلمێنێت کە جگەرەکێشان زیانبەخشە، کەچی لە هەموو دونیادا ڕژێمەکان بە حەڵاڵی دەزانن و جێ و ڕێی بەرهەمهێنان و ساغکردنەوە و کێشانی ئاسان دەکەن! زانست دەیسەلمێنێت کە ئافرەت و پیاو لێك جودان، کەچی واقیعی زۆرینەی سیستمەکان دەڵێت نا، نەخێر هەر وەکو یەکن!

٢- لەم زەمانەدا کە گوایە (سەردەمی عەقڵانییەت)ە، کە ڕاستگۆیی دەبێت سیما و کرۆکی بێت، کەچی ڕۆژانە ڕۆژنامە و گۆڤار و وێستگەکانی ڕادیۆ و کەناڵەکانی تەلەفزیۆن ئەو هەموو درۆ و دەلەسە و چەواشەکارییە بەناوی هزر و ژیریی واقیعییەوە بڵاودەکەنەوە! بێ هەبوونی چاودێر و پرسەرەوە هەزاران بوختان هەڵدەبەسترێن، ڕاستییەکان دەشێوێنن، تاوان و خراپەکارییەکان بە چاکە دەناسرێن!! لە واقیعی سیاسیی ئەم سەردەمەدا درۆ و فریودان و چەواشەکاری سیما و جەوهەری چالاکییە سیاسیەکانە! کە لەسەر باڵاترین ئاستی سیاسی مومارەسە دەکرێن و بۆ بەڕاست سەلماندن و ماف و ڕاستی پێشێلکردونیان هەموو تیۆر و ڕێسا و بنەماکانی دەروونناسی و کۆمەڵناسییان بۆ بەکاردێت! چ ژیریەك ئەم هەموو چەواشەکارییەی پێ ڕەوایە؟ و چۆن؟ چۆن ئەم هەموو ناڕەوایی و درۆ و بوختانە دەبێتە مایەی ئاڕاستەکردنی پارسەنگانەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی؟ چۆن ئەم یاسا و ڕێسا و ئاڕاستە چەواشاکارییە کۆمەڵگەی سەرڕاست پەروەردە دەکات؟

٣- لەم دوو حاڵەتەدا زۆر زەق هزروژیری لە حەق لادەدرێت: **حاڵەتێکیان** ئەو کاتەیە کە

دیدوتێڕوانینێك بەزۆر بەسەر ژێریدا دەچەسپێنرێت، كە ناهێڵن موناقەشەی بكات، ناهێڵن ژێری شیكارییەكی واقیعیی بۆ بكات، ناهێڵن كەس ژێریانە لێی بكۆڵێتەوە، یان سەرنجێكی قاڵ و قووڵی لێبدات. **حاڵەتی دووەم** ئەو كاتەیە كە بێ ژێربێژی ڕێگا بە زمان دەدرێت قسە هەڵبژێرێت بێ ئەوەی ئەقڵ پەسەندی كردبێت، بەڵكو بە پێی هەواوهەوەس و حەز و مەیلی خاوەنەكەی یان ئەربابانی دەسەڵتدار دەوترێت و بەچاك دەناسێنرێت! لە هەردوو حاڵەتەكەدا هەست دەكەیت لەبەر ئەوەیە كە ئیسلام سەرپەرشتیی ناكات.

لە كۆمەڵگەی كۆمۆنیستەكاندا بیركردنەوە تاوانە، لە كۆمەڵگەی بەرامبەریدا (كۆمەڵگای لیبرالیستی) قسەكردن ئازادە ئەگەرچی پێچەوانەی هزروژیریش بێت! ڕەوالەت و دیاردەی زۆرینەی كۆمەڵگاكانی مرۆڤایەتی بەڵگەن لەسەر ئەوەی كە ئەوەی دەوترێت و دەكرێت لەبەرژەوەندیی هزروژیری نییە، ئاماری وڵات و ڕێكخراو و دەزگا نێودەوڵەتییەكان هەموویان ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن.. هەموو دەڵێن: ڕێژەی ژیرەكی كەم دەبێتەوە! (چونكە نەوەكانی سەردەم بایەخ بە هاوكێشە ژیرارییەكان نادەن)، دەڵێن ڕێژەی نەخۆشییەكانی مێشك زۆرتر بووە. (دیل كارنیجی) لە كتێبەكەیدا: (دع القلق وابدء الحياة: لە خەمباری گەڕێ و دەست بەژیانكە)دا دەڵێ: لەو ڕاستییە ترسێنەرانەی لەبەر دەستدان ئەوەیە كە نیوەی قەرەوێڵەی نەخۆشخانەكان تایبەتكراوە بەو كەسانەی كە نەخۆشیی هزروژیری و عەسەبییان هەیە!

بۆیە دەڵێین تەنها لەو كاتەدا كە ئیسلام ئاڕاستەوانە هزروژیریی مرۆڤیش پارسەنگە..

## سێیەم: پاراستنی گیان:

مافی ژیان مافێكە بەرێزە كە دەبێت هەموو مرۆڤێك بە مسۆگەری هەیبێت، مەگەر لەچەند حاڵێتێكدا لێیبسەندرێتەوە، وەكو كوشتنی كەسێكی تر بە ناهەق.. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿مَن قَتَلَ نَفۡسَۢا بِغَيۡرِ نَفۡسٍ أَوۡ فَسَادٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ ٱلنَّاسَ جَمِيعٗا وَمَنۡ أَحۡيَاهَا فَكَأَنَّمَآ أَحۡيَا ٱلنَّاسَ جَمِيعٗاۚ﴾ المائدة: ٣٢، واتە: هەر كەسێك كەسێكی تر بە ناهەق بكوژێت یان فەساد و خراپەكاری بڵاوبكاتەوە لە وڵاتدا، وەكو ئەوەیە خەڵكەكەی بنبڕ كردبێت، هەر

کەسێکیش کەسێك زندوو بکاتەوە وەکو ئەوەیە کە هەموو خەڵکەکەی زیندوو کردبێتەوە..

کوشتنی مرۆڤ کە ئەوەندە لای خوای گەورە بەڕێزە هەروا ئاسان نییە: ﴿وَلَقَدۡ كَرَّمۡنَا بَنِيٓ ءَادَمَ﴾ الإسراء: ٧٠ واتە: ئادەمیزادەکانمان هەموو بەڕێز ناساندووە.. بەڵآم کاتێك حەقیقەتی ئیسلام بزر دەبێت و ئیسلامەکە ئاڕاستەی دەسەڵات و کۆمەڵگە ناکات، خەڵك کوشتن لای وەکو ئاو خواردنەوە سووك و ئاسان و سرووشتی دەبێت!!

لەم سەردەمەدا کە دەوترێت سەردەمی شارستانێتی و مافەکانی مرۆڤە ئەم ڕاستییانە دەزانین!:

١- لە پێناوی سەلماندن و چەسپاندنی کۆمۆنیزم لە ڕووسیادا (١٩) نۆزدە ملیۆن کەس (لە موسوڵمانان) کوژران! (٢) ملیۆنی تر جۆرەها سزای قورس دران، (٤٠٥) ملیۆن کەس لە ماڵ و حاڵی خۆی بۆ سیبیریا دوورخرایەوە.. ئەم ژمارە زۆرانە چیمان پێ دەڵێط؟! حەتمەن دەڵێت کە مرۆڤ نرخی نییە، نە ژیان و نە ماف و نە ڕێزی..

٢- کوشتنی ڕەشپێستەکانی ئەمریکا (کە تا ساڵی ١٩٦٩ شیاوبوو) یان کوشتنی ڕەشپێستی ئەفریکای باشوور (کە وڵآتی خۆیانە) لە لایەن سپیپێستەکانەوە چی دەگەیێنێت؟! یان کوشتنی سەدان هەزار کەس بە بۆمبی ئەتۆمی و هایدرۆجینی مانای چی دەبەخشێت؟ ئەو هەموو کوشتن و کوشتارە بێ سنوورەی لە وڵاتانی ژێردەستەی ئیستیعماردا ڕوودەدات چ نرخێکی مرۆڤایەتیی لێ دەفامرێتەوە؟! ئەو هەموو حەملەی ڕیشەکێشکردنەی لە هیندستان بەسەر موسوڵماناندا دێت؟ ئەدی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم؟ چ نرخێکیان بۆ مرۆڤایەتی تێدا هێشتۆتەوە؟![1]

کاتێك ئیسلام لە واقیعدا دەسەڵآتدار و ئاڕاستەوان دەبێت کەس بە ناهەق گیان لەدەست نادات..

---

(١) ئەمریکای طاغووت لە ماوەی سەد ساڵی (١٩٠٣ - ٢٠٠٣)دا (١٤٩) جەنگی ئەنجامداوە!!

## چوارەم: پاراستنی ماڵ و سامان:

هەر وەکو دەوترێت سەروماڵ دیارە لەهەموو کۆمەڵگایەکدا ئەم دووانە هامڕازی یەکترن. لە خۆشەویستی مرۆڤەوەیە بۆ سەروەت و ماڵ کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّهُۥ لِحُبِّ ٱلْخَيْرِ لَشَدِيدٌ ۝٨﴾ العاديات: ٨، واتە: یێوە ماڵ و سامانتان هەر زۆر زۆر خۆشدەوێت!

لەبەر ئەمە کە ڕەفتارێکی سرووشتییە کە مرۆڤ سووربێت لەسەر پاراستنی موڵك و سامانی، چونکە سامان زەرووەرەتێکی ژیانی هەموو مرۆڤێکە، بەڵام لە ڕەفتارکردندا بە سامانیشەوە کە ئیسلام ئاڕاستەی نەکات لاسەنگی و چاوچنۆکی و هەڵپەکردنی بۆ دەبێتە سیما و کرۆکی مرۆڤە لاسەنگەکان!

دادپەروەریی و پاراستنی سامان و گیان ئەوکاتە لە جیهاندا بوو بە واقیعی کۆمەڵگە و دەسەڵات کاتێك ئەبو عوبەیدە خوای لێ ڕازی بێت (کە والیی شام بوو) ئەو بڕە جزیەیەی بۆ مەسیحییەکانی گێڕایەوە کە لێی وەرگرتبوون، چونکە کاتێك لێی وەرگرتن موسوڵمانان باڵادەستی ناوچەکە بوون، کە لەشکریان شکاو و باڵادەست نەمان سەیدنا ئەبو عوبەیدە ئەو باجەی بۆ گەڕاندنەوە (چونکە جزیە لە بەرامبەر دەستەبەرکردنی ئەماندایە بۆیان).. ئەمە ڕاگەیاندنی دادی نموونەیی و واقیعی بوو، ئەمە سەلماندن و چەسپاندنی یاسا و دەسەڵاتێك بوو کە تا ئێستاش وێنەی نییە، دەسەڵات و کۆمەڵگە شەرعێك کە هەر هەموو بنەماکانی مافی وجودی تاکوکۆی غەیرە موسوڵمان بپارێزێت..

ئەم نموونە باڵایە بەراورد بکەن بەو حاڵەتانەی لەو کۆمەڵگایانەدا هاتنە کایەوە کە هێزە ئیستیعمارییەکان داگیریان کردن و دەسەڵات و دید و یاسای خۆیانیان بەسەردا سەپاندن.. کۆمەڵگە و دەوڵەت و شەریعەتی موسوڵمانان بە کۆمەڵگە و دەوڵەت و یاسای کۆمۆنیستان یان لیبڕاڵە سەرمایەدارەکانی سەردەم بەراوردکە، بزانە جیاوازیی نێوان هەردوو لایان چەند زۆرە.. (بۆ نموونە سەردەمی عەباسییەکان و ئەم سەردەمە)..

پرسیارکردن لە مافی خاوەنێتی لە کۆمەڵگەی کۆمۆنیستیدا گەلۆرییە، چونکە هیچ کەسێك مافی هەبوونی پارە و موڵك و سامانی نییە. مافی خاوەنێتیش وەکو مافی ژیان و ئازادی

پێشێله..

له کۆمەڵگەی سـەرمایەدارییدا سەرزارەکی مرۆڤ خاوەنی سامانەکەیەتی، بەڵام له ڕاستیدا هەمووی وا لەبەردەسـت سەرانی سەرمایەداری و سەرمایەگوزاری و حکومەتی وڵاتدا.. کە بە جۆرەها شێوازی سووخۆری و زەوتکردن و بەکارهێنانی لاوەکی دەماشرێتەوە! مافی هەژاران و نەداران بە خراپترین و دڵڕەقترین چۆنییەتی پێشـێڵدەکرێت (کە هەمیشە پێیان دەوترێت خۆتان هۆکاریی هەژاریتانن!).

تەنها له ئیسـلامدا مافی خاوەنێتیی ماڵ و سـامان دابینە و سـەروەت و سـامانی پارێزراوە، چونکە نە ڕێگا بە ستەمکاران دەدرێت زەوتکەن و بماشنەوە، نە ستەملێکراوانیش وەل دەکرێن وەکو باخی بێ پەرژین هەموو کەسێك تەماعیان تێبکات.

## پێنجەم: پاراستنی وەچە (نەسل):

پـاراسـتنی وەچەی مرۆڤـایەتی مـاف و ئەرکە، دەبێـت تـاکوکۆی کۆمەڵگە و دەوڵەتـان بەخەمیەوەبن، چونکە بەردەوامبوونی تۆوی مرۆڤایەتیی پێوەیە.. لەبەر ئەمەشـە کە لە ئیسلامدا پاراسـتنی وەچە و نەسـەب و نەوەکان یەکێکە لەو پێنج زەروورەتەی کە ئیسـلام بۆ پاراستنیان هاتووە.

له هیچ کات و شـوێنێکدا وەچەی مرۆڤ وا ناپارێزرێت وەکو کە لەژێر سـایەی شـەرع و قییەمی کۆمەڵگە و ئاڕاسـتەی دەوڵەتی ئیسـلامییدا دەپارێزرێت، موسـوڵمانان بەرپرسـیارێتیی ئاڕاستەوانێتیی جیهانیان لەسەرە، چونکە تەنها لەو کاتەدا کە ئیسلام دەچەسپێت و موسوڵمانان له تەمکین (دەسـەڵاتی سـەروەری)دا دەبن، مافی پاراسـتنی وەچەی تاکوکۆی مرۆڤایەتی پارێزراو دەبێت.

لێکۆڵینەوەیەکی سـادە و سـەرنجدانێکی خێرای واقیعی کۆمەڵگەکانی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی زۆر زوو دژواریی نـەمـان و تێکچوون و لاسـەنگی ئەم ماف و ئەرکەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە.. بڕوانە وەچەی مرۆڤایەتی بەرەو کوێ دەڕوات؟ (بەتایبەتی له ئەوروپا کە پێی دەڵێن کیشـوەرە

پیرەکە، چونکە گەنجی تێدا نامێنێت!)[١].

- لە فەرەنسا ئەوە ماوەی ٦٠ ساڵە ڕێژەی لەدایکبوون لە کەمبووندایە!

- هەر لە فەرەنسا لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە بەرپرسانی وڵات بە پێشنیاری سەرکردەکانی سوپا و سەربازی ڕێژەی شیاوێتی (لیاقەت)ی بەدەنی سەربازان کەمدەکەنەوە، چونکە سەربازیان بەو وەسف و سیفەتانە دەست ناکەوێت کە پێشتر بۆ سەربازانیان دیاری کردبوو.. لەم دواییانەشدا ناچارتربوون کە هەر (٥-٧) ساڵێك جارێك سەیری مەرجەکانی شیاوێتیی سەربازی بکەنەوە!

- لە ئەمریکاش هەر وایە، سەرۆکی ئەمریکا ڕایگەیاند کە لەو شەش ملیۆن گەنجەی خۆیان بۆ سەربازي ناونوس کردبوو یەك ملیۆنیان ڕەتکرانەوە، چونکە سیفەتەکانی شیاوێتیان تێدا نەبوو، پاشان وتی کە هۆی نەشیاوێتیان نقومبوونیانە لە چێژی دونیا و ژیانی گەدەبەلی!

- لەنەمسا هەواڵەکان دەڵێن ئەگەر بارودۆخ و ئاڕاستەکان ئاوا بروات ئافرەتان بەرەو توخمی سێیەم دەرۆن، واتە نە ژن دەمێنن و نە دەشبن بە پیاو، چونکە لە سیفەتە مێینیەکانیان هەڵدێن و دەیانگۆرن! جگە لەوەی زۆربەی ئافرەتان بەبێ هەبوونی نەزۆکی هەمیشەیی منداڵیان نابێت! چونکە ژیان و کار و ڕەنج و چالاکیان هەمووی وەکو پیاوانە لە بواری کاری پیاوانەدایە[٢]..

لە سوید ڕێژەی هاوسەرگیری بە شێوەیەکی دژوار کەم بۆتەوە و ڕێژەی منداڵی ناشەرعی زۆرتربووە، ئەمە جگە لەوەی ڕێژەی ئەوانەی هاوسەرگیری پێك ناهێنن -لە کوڕان و کچان- لە (٢٠%) کەمتر نەبۆتەوە، هەروەها هێشتا ڕێژەی تەڵاقدان لە سوید یەکەمینە لەسەر ئاستی

---

(١) ئامارەکانی یەکێتی ئەوروپا دەڵێت ئەگەر خێزانەکانی ئەوروپا هەروا بمێنن، لە ساڵی (٢٠٥٠)دا ئیتاڵیا دەبێت (١٣ ملیۆن) و ئەڵمانیا (٢٥ ملیۆن)، واتە بە هەردووکیان (٣٨ ملیۆن)، کە ئێستا ئیتاڵیا (٦٠ ملیۆن) و ئەڵمانیا (٧٧ ملیۆن)ـە.

(٢) هەر لە نەمسا دیاردەیەکی سەیرتر دروستبوو کە پیاوان ڕیش و سمێڵ و قژی درێژ دەهێڵنەوە و زەکەری خۆیان دەبڕن و پۆشاکی ژنانە دەپۆشن، یەکەمین گۆرانیبێژی فیستیڤاڵی ئەوروپا لەمانەبوو، ئێستا داوا دەکرێت لە دەفتەرنفووس و ناسنامە و پاسپۆرتیاندا بنووسرێت: توخمی سێیەم!

وڵاتانی جیهان.[1]

له سـوید له هەر (٦ یان ٧) حاڵەتی هاوسـەرگیری حاڵەتێكی لێك جیابونەوە ڕوودەدات.. وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی سویدی دەڵێت ڕێژەكە له زیادبووندایه و له هەموو ئاستەكانی تەمەندایه!

- ئەوە جگە لەو حاڵەتە لاوازییەی لە سـوپای هەموو وڵاتانیاندا دەردەكەوێت، كە جگە لە تایبەتكردنی مەرجەكانی سەربازێتی (كە نابێت ئەلكەهۆلی بێت و ئاڵوودەی ماددە هۆشبەرەكان بێـت، یـان تۆمەتی تیرۆر و كوشـتن و هاوشـێوەیان لەسـەر بێت، نابێت دادگایی و زیندان كرابێت..هتد)، كەچی لەبەر هەمان هۆ و هۆی نەخۆشـی و نەوێران و حاڵەتی دەروونی ساڵانە هەزاران سەرباز لە سوپاكانیان دەردەكرێن!

- له فەرنسـا له كاتی جەنگی جیهانی یەكەمدا (كە موحتاجی یەك سەربازبوون!) حكومەت نـاچـاربوو (٧٥ حەفتـاوپێنچ) سـەربـاز كـاركەناربكات تەنها لەبەر نەخۆشـی زوهری (كە نەخۆشـیەكی جنسـیە!)، تەنانەت حكومەتی فەرەنسـا ڕایگەیاند كە لە یەك فەوجدا (٢٤٢) سەرباز زوهرییان بوو، لە یەك كاتدا!

- له ئەمریكا سـاڵانە (٣٠-٤٠) هەزار منداڵ بەم نەخۆشـی زوهرییە دەمرن كە لە دایك و باوكیانەوە پێیان گەیشـتووە.. زوهری و سـەیەلان و سـفلس سـێ نەخۆشـیی جنسین كە وەچە (نەسل) بنبڕ دەكەن![2]

ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەكان دەڵێن (٩٥٪)ی پەیوەندی جنسیی ناشەرعیی نێوان دوو توخمەكە منداڵبوونی لێ ناكەوێتەوە، چونكە هۆكارەكانی مەنع زۆربووە، ئەو (٥٪)ـەش كە دووگیانیی لێ ئـەكـەوێتـەوە كەمیـان منـداڵیـان لێ دەبێـت، چونكـە بـە جۆرەكانی لەباربردن كۆرپەلەكە دەفەوتێنرێت.

(١) له ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج (٦٣٪)ی ئافرەتان جارێك تەڵاقدراون!

(٢) هەموو ئەم نەخۆشی و ئامارانە پێش كەشف بوونی (ئایدز) بوو كە لەساڵی (١٩٨٥)ەوە بووە جێ بایەخی جیهانیان!

- داوەر (ليندسـی) دەڵێ لە ئەمريكا ســاڵانە يەك مليۆن دووگيانی لەناودەبرێت و ســەدان هەزار كۆرپەی ساوا دوای لەدايك بوونيان دەفەوتێنرێن!

- لـە ئـەلمانيا بە شــوورەيی دەزانن كچ هۆكارەكانی (مەنع)ی دووگيانيی پێنەبێت، يان كچ مابێت!

چما ئا ئەمە پاراستنی وەچەی مرۆڤايەتييە؟! ئەمە لەبەرژەوەنديی مرۆڤە؟

لە هيچ كات و شــوێنێكدا وەچەی تاكوكۆی مرۆڤايەتی ڕاســت و دروســت و پارســەنگ ناپارێزرێت وەكو كە لە ژێر سـايەی شەرع و قيەمی كۆمەڵگە و ئاڕاستەی دەوڵەتی موسوڵماندا دەپارێزرێت كە خێزان گەورەترين خاڵی جێبايەخە..

كەوابوو مرۆڤ و مرۆڤايەتی بێ لە خۆكوشــتن و وەچە بنبڕكردنی خۆيدا دەبێت. ســتەم لە خۆی و ژيـان و توخمی مرۆڤـايـەتی دەكات، ژيانێكی پڕ چێژی حەڕام و بەرەڵای دەژی بەڵام كورت و پڕ كێشـە و نامەسـئوولانە. مرۆڤايەتی پێويسـتی بە ئيسلامە تا چيدی بەرەو خۆكوشتن نـەڕوات و بـەختـەوەريی ژيان نەفەوتێنێت. زەروورييە ئيســلام بگاتە هانای مرۆڤايەتی و لەو حاڵەتە ناسۆرانەی قوتاری بكات..

# باسی یەکەم

# شیکارێك لەسەر مرۆڤ لە ئیسلامدا

## بڕگەی یەکەم:

## مرۆڤ کافره، یان موسوڵمانه:

### خاڵی یەکەم: مرۆڤ لە ئیسلامدا بەڕێزه:

- خوای گەوره دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدۡ كَرَّمۡنَا بَنِيٓ ءَادَمَ﴾ الإسراء: ٧٠ واته: ئێمه بەتەئکید نەوەکانی ئادەممان بەڕێز ڕاگرتووە.

- ﴿لَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ فِيٓ أَحۡسَنِ تَقۡوِيمٖ ٤﴾ التين: ٤، واته: ئێمه بەتەئکید مرۆڤمان لە جوانترین شێواز و سیفەتدا خەلقکردووە.

- ﴿فَإِذَا سَوَّيۡتُهُۥ وَنَفَخۡتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُواْ لَهُۥ سَٰجِدِينَ ٢٩﴾ الحجر: ٢٩، واته: دوای ئەوەی من مرۆڤ خەلق دەکەم و دەیسازێنم و لە ڕۆحی خۆم فووی پێدا دەکەم، ئێوەش سوجدەی ڕێزی بۆ ببەن.

- ﴿إِنِّي جَاعِلٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ خَلِيفَةٗ﴾ البقرة: ٣٠، واته: من دەمەوێت بریکارێك بۆ سەرزەمین خەلق بکەم.

- ﴿هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا﴾ البقرة: ٢٩، واته: ئەوە خوای گەورەیە کە هەموو ئەوەی بۆ خەلق کردوون کە لە زەویدا هەن.

- ﴿أَلَمۡ تَرَوۡاْ أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَأَسۡبَغَ عَلَيۡكُمۡ نِعَمَهُۥ ظَٰهِرَةٗ وَبَاطِنَةٗ﴾ لقمان: ٢٠، واته: باشە بۆچی سەرنج لەو هەموو شتە نادەن کە خوای گەورە خەلقی کردوون و بۆ ئێوەی دەستەبەر کردووە، هەرچی لە ئاسمان و زەویدایە بۆ ئێوەی سازکردووە، ئەو هەموو نیعمەتە

ئـاشــــكرا و نادیارەی بەســـەرتاندا دەســـتەبەرکردووە.. هەمووی لە ڕێزداریی ئێوەدا خەلق و دەستەبەر کردووە..

- ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾﴾ الذاريات: ٥٦ واتە: پەری و مرۆڤم بۆ خواپەرستی خۆم خەلق کردووە.

- ﴿إِنَّا عَرَضْنَا ٱلْأَمَانَةَ عَلَى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱلْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَن يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا ٱلْإِنسَٰنُ ۖ إِنَّهُۥ كَانَ ظَلُومًا جَهُولًا ﴿٧٢﴾﴾ الأحزاب: ٧٢، واتە: ئێمە بەرپرسیارەتی هەڵگرتنی بانگەوازی خواویستمان خستە بەردەســت ئاسـمانەکان و زەوی و چیاکان تا بیکەنە ئەرکی خۆیان، بەڵام نەیانوێرا خۆ بخەنە ژێر ئەرکی بەرپرســیارەتییەکەی و خۆیان لێ ڕاپســکان و بە داوای لێبوردنەوە عوزریان هێنایەوە. ئیتر مرۆڤ شانی دایە بەر، مرۆڤیش بە کەمتەرخەمیی خۆی لەبانگەوازەکە ستەمی لە خۆی و خەڵکی کرد، بەڕاستی نەزانە بەتەواوی پەی بە شت نابات.

- ﴿خَلَقَ ٱلْإِنسَٰنَ مِن نُّطْفَةٍ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُّبِينٌ ﴿٤﴾﴾ النحل: ٤ واتە: خوای گەورە ئەو مرۆڤەی لە دلۆپە ئاوێك خەلق کردووە کەچی ئاوا بۆتە ناحەزێکی و ململانکارێکی ئاشکراو ڕاشکاو!

- ﴿قُتِلَ ٱلْإِنسَٰنُ مَآ أَكْفَرَهُۥ ﴿١٧﴾﴾ عبس: ١٧، واتە: دەك مرۆڤ ســەر بە فەتارەت چیت کە ئەوەندە ڕوو لە کوفریت و حەزت لێیەتی.

- ﴿وَٱلْعَصْرِ ﴿١﴾ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَفِى خُسْرٍ ﴿٢﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلْحَقِّ وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلصَّبْرِ ﴿٣﴾﴾ العصر: ١ - ٣، واتە: سوێند بەکات، مرۆڤ لە زەرەرمەندی دایە جگە لەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوە و کردەوە چاکەکانیان کردووە و حەقیان ڕاگەیاندووە و گەیاندووە و یەکتریان لەسەر خۆگری و ئارامگرتن ئاڕاستە کردووە.

- ﴿وَلَقَدْ ذَرَأْنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيرًا مِّنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ ۖ لَهُمْ قُلُوبٌ لَّا يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لَّا يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ ءَاذَانٌ لَّا يَسْمَعُونَ بِهَآ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ كَٱلْأَنْعَٰمِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْغَٰفِلُونَ ﴿١٧٩﴾﴾ الأعراف: ١٧٩، واتە: بـە تـەئـکـیـد کەســانێکی زۆریشــمان بۆ دۆزەخ خەلق کردووە لە جن و مرۆڤەکان کە حەتمەن دەبنە ئەهلی دۆزەخ، ســەرەنجامی ئیهمالی خۆیان: هزر و ژیریان هەیە و تێنافکرن پێی، چاویان هەیە و ڕێی

پێ نابینن، گوێیان هەیە و پێی نابیستن! ئێ ئەوانە وەکو ئاژەڵن! گومراتریشن.. ئا ئەوانەن بێ ئاگا و دەبەنگ و گەلۆر...

کەوابوو مرۆڤ بەڕێزترین خەلقکراوە، ئەو ڕۆحەی بەبەریدا کراوە گەیاندوێتیە لووتکەی ڕێز و حورمەت، دیسان بەو ئەرکەی خراوەتە سەرشانی؛ بە بریکارێتیی خوای گەورە لەسەر زەویدا، بەدەستەبەرکردنی هەموو گەردوون بۆی، بەهەڵگرتنی بەرپرسێتیی بانگەوازی خواویستی، بەو ئەرکەی خراوەتە سەری کە خواناسین و خواپەرستی و ڕاپەراندنی شەریعەتەکەی خوای گەورەیە لەسەر زەمین... هەر یەکێك لەمانە بەتەنها خۆی لە خۆیدا مایەی ئەو ڕێزە گەورەیەیە کە خوای گەورە لەم مرۆڤەی ناوە... بەڵام خۆ هەموو مرۆڤێکیش بەدەم ئەم بانگەواز و ئەرك و بەرپرسێتییەوە نایات.. هەیانە گەلۆر و گەمژە و مشەخۆری دونیایە، هەیانە نەزان و نەفام و بێ درك و پەیبردنە.. ملیۆنەهایان هەیە خۆی لەم پلە ڕێز مەحرووم کردووە، چونکە دونیای دەوێت و بەس! ملیۆنەها هەن هزر و ژیریان پەك خستووە و نایانەوێت خوای گەورەیان پێ بناسێنرێت، خۆشیان نایانەوێت سەرنج بدەن! لە ژیان و مرۆڤ و گەردوون بکۆڵنەوە...

هەیانە لەگەڵ نەفامییەکەی خۆیدا، لەگەڵ یاخیبوون و خراپەکاری خۆیدا شەڕی بەرامبەر خوای گەورە ڕاگەیاندووە! چونکە نەفامە، خاوەن هەوا و هەوەسە، پەی بە حیکمەتی خەلق و ژیان نابات، بۆیە بەردەوام لەستەم و سنوور بەزاندن دایە، ستەم لە خۆی و لە دەوروبەری.. دڕندە و دەرچووە! وەکو ئاژەڵی لێهاتووە، لە ئاژەڵیش خراپتر.. چونکە ئاژەڵ ئەو هزروژیری و هەست و هۆشەی ئەمی نەدراوەتێ... ئەو کەسانەی ئاوا دوور لە خواناسین لە ژیاندان، سەرەنجامیان داماوی و ئیفلاسیە... ئەمما ئەوانەی خوایان ناسیوە و پەرستووە و عەبدایەتی خۆیانیان ملکەچانە دەربڕیووە! حەتمەن سەرفراز و سەرکەوتوون، چونکە هەموو توانا و وزەی خۆیان لە دین و دینداریدا بەگەڕخستووە..

ئاوا خەڵکی بوونەتە دوو بەرە: بەرەی کوفر و بەرەی ئیمان... هەیانە کافرە و هەیانە موسوڵمانە، بەدڵنیاییەوە ئەمانە لای خوای گەورە یەکسان نین، وەکو یەك نین و حوکمیشیان و چارەنووسیشیان وەکو یەك نابێت، چونکە ڕێز و قەدر و نرخی هەریەکەیان جودایە. یەکەمیان

پیسە و دووەمیان پاك، یەكەمیان گومڕایە و دووەمیان سەرفراز:

- ﴿قُل لَّا يَسۡتَوِي ٱلۡخَبِيثُ وَٱلطَّيِّبُ وَلَوۡ أَعۡجَبَكَ كَثۡرَةُ ٱلۡخَبِيثِۚ﴾ المائدة: ١٠٠، واتە: بڵێ پیس و پاك یەكسان نین بە یەك، با پیسەكە زۆریش بێت و جێی سەرسوڕمانیش بێت.

هەروەها: ﴿أَفَنَجۡعَلُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ كَٱلۡمُجۡرِمِينَ ٣٥ مَا لَكُمۡ كَيۡفَ تَحۡكُمُونَ ٣٦﴾ القلم: ٣٥ - ٣٦، واتە:چما دەبێت موسوڵمانانیش لە ئاستی تاوانكارەكاندا دابنێین؟! چیتانە چۆن بڕیاری وا دەدەن؟! باشترین كەسیشە لای خوای گەورە دینداری سەرڕاست و تەقواكارە.

- ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡ﴾ الحجرات:١٣، واتە: ئێمە ئێوەمان لە نێر و مێیەك خەلق كرد و كردمانن بە گەل و هۆز تا پەیوەندی و ئاشنایەتیتان لە نێواندا هەبێت، باشترین و بەڕێزترین كەستان لای خوای گەورە ئەو كەسەیە كە دینداری و تەقوای زیاترە..

## خاڵی دووەم: دەبێت سەروەرێتی بۆ شەرع بێت و بەس:

ئەو خوای پەروەردگارەی گەردوون و ژیان و مرۆڤی خەلق كردووە، كە خۆیان و هەرچی تێیاندایە و هەرچی پێیانەوە بەندە هەر هەمووی موڵكی خوای تاك و پاكن و بەس. دەسەڵاتی ڕەها و بێ سنوور و بێ وێنەی خوای گەورە بەسەر هەموو وجودەوەیە، زەمینیش كە موڵكی ئەوە فەرمانیداوە كە موسوڵمانان دەسەڵاتی باڵای كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بگرنە دەست و شەریعەتی خوایی بچەسپێنن، بەم ماف و ئەركەش موسوڵمانان خاوەنی شەرعی حوكم و دەسەڵاتداریێتیی سەرزەمین و مرۆڤایەتی دەبێت لە ژێر سەرپەرشتی و ئاڕاستەی ئەواندابێت كە سەرچاوەی ئاڕاستەی هەموانیش بۆ خوای تاك و پاك دەگەڕێتەوە..

خوای گەورە دەربارەی پێدانی ئەم ماف و ئەرك و دەسەڵاتە بەموسوڵمانانی سەرڕاست و دینداری شیاو دەفەرموێ:

- ﴿وَلَقَدۡ كَتَبۡنَا فِي ٱلزَّبُورِ مِنۢ بَعۡدِ ٱلذِّكۡرِ أَنَّ ٱلۡأَرۡضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ ٱلصَّٰلِحُونَ ١٠٥ إِنَّ فِي

﴿هَٰذَا لَبَلَٰغٗا لِّقَوۡمٍ عَٰبِدِينَ ١٠٦﴾ الأنبياء: ١٠٥ - ١٠٦، واتە: سوێند بە خوا لە زەبوورماندا نوسیوە (کە هەموو کتێبێکی ئاسمانییە و ناوی کتێبە ئاسمانییەکەی سەیدنا داوودیشە علیه السلام) دوای ئەوەی لە (لوح المحفوظ)ـماندا نووسی کە سەرزەمین دەکەوێتە دەست عەبدە موسوڵمانەکانم.. ئەم بەڵێنەش خۆی بەسە بۆ دڵنیابوونی کەسانێك کە لە ڕیزی خواویستە پەرستیارەکاندان.

- ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلۡنَٰكُمۡ أُمَّةٗ وَسَطٗا لِّتَكُونُواْ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيۡكُمۡ شَهِيدٗا﴾ البقرة: ١٤٣، واتە: هەر ئەوانمان کردوون بە ئوممەتێکی دادپەروەر تا ببنە شاهیدی دونیا و قیامەت لەسەر خەڵکی و پێغەمبەری خواش (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) شاهید دەبێت لەسەر ئێوە..

- ﴿وَلَا تَهِنُواْ وَلَا تَحۡزَنُواْ وَأَنتُمُ ٱلۡأَعۡلَوۡنَ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ١٣٩﴾ آل عمران: ١٣٩، واتە: وەرەتان نەڕوخێت و خەم مەخۆن، هەر ئێوە باڵاترینن بەو دەرەجەی ئیمانداری ڕاستەقینەبن.

- ﴿وَلِلَّهِ ٱلۡعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِۦ وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ وَلَٰكِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ لَا يَعۡلَمُونَ ٨﴾ المنافقون: ٨، واتە: عیززەت و دەسەڵات و سەرکەوتن هەر بۆ خوای گەورە و نێردراوەکەی (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) و بۆ موسوڵمانانە، بەڵام دووڕووەکان درك بەمە ناکەن.

- ﴿قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلۡحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ حَتَّىٰ يُعۡطُواْ ٱلۡجِزۡيَةَ عَن يَدٖ وَهُمۡ صَٰغِرُونَ ٢٩﴾ التوبة: ٢٩ واتە: لەگەڵ ئەو کەسانەدا بجەنگن کە باوەڕیان نە بە خوای گەورە هەیە و نە بە ڕۆژی دوایی و نە ئەوەش بە حەرام دەزانن کە خوا و پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) بە حەرامیان ناساندووە. هەروەها یاخین و نایانەوێت دینەکەی خوای گەورە دید و ڕێبازی ژیانیان بێ، بەتایبەتی ئەوانە کە ئەهلی کیتابن (کە دەبوو یەکسەر بەدەم بانگەوازی خواویستیەوە بێن و باوەڕ بە پەیامەکەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) بهێنن، چونکە پێشتر بە پەیامی پێغەمبەرەکانیان علیهم السلام ئاگادارکراونەتەوە لێی) تا سەرەنجام موسوڵمانیش نەبن دەبێت بە ملکەچکردونیانەوە بۆ پەیامەکەی خوای گەورە (جزیە) بدەن.

- ﴿أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾ المائدة: ٥٤، واته: ئەوانەی هەڵگری پەیامی خواویستین زەلیل و خۆ بەکەم زانن بەرامبەر بە موسوڵمانان، خاوەن ورە و جوامێر و ئازاشن بەرامبەر کافران.

- ﴿وَقَٰتِلُوهُمۡ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِۚ﴾ الأنفال: ٣٩، واته: جەنگ و جیهادیان بەرامبەر بەرپا بکەن تا موسوڵمانان لە دینەکەیان پاشەگەز نەکرێنەوە و دەسەڵاتی باڵا و سەروەرێتی حوکم بۆ دینەکەی خوای گەورە دەبێت و بەس.

خوای گەورە ئەوەی لەسەر موسوڵمانان فەرز کردووە کە جیهان بهێننە ژێر دەسەڵاتی خوای گەورە، تا بستە خاکێك نامێنێتەوە و تاقە کافرێك نەمێنێتەوە کە نەخرابنە ژێر ڕکێفی ئیسلام و دەسەڵآتی موسوڵمانانەوە.. مادام بستە خاکێك یان تاقە کافرێك لە کات و شوێنێکدا مابن و نەخرابنە ژێر سایەی شەریعەتەکەی خوای گەورەوە، مانای وایە موسوڵمانان کەمتەرخەمبوون و حەتمەن خوای گەورە موحاسەبەیان دەکات، بەو مەرجەی لە توانایاندا بووبێت ئەوە بکەن و نەیانکردبێت. ئەمەش وا دەخوازێت کەموسوڵمانان بەردەوام لە حاڵەتی جیهاد و ئامادەکاری و ئامادەباشی دابن، تا دەگەنە ئەو مەبەستە گەورەیەی خواویستی کە بریتییە لە سەلماندن و چەسپاندنی سەروەرێتی شەرع.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: (مَن قَاتَلَ لِتَكُونَ كَلِمَةُ اللَّهِ هي العُلْيَا، فَهو في سَبيلِ اللَّهِ)[1]، واتە: هەرکەسێك بەو نیەتە جەنگا کە دینی خوا سەرکەوتوبێت و سەروەرێتی شەرع بچەسپێت، ئەوە ئەو کەسە لە ڕێگای خوادا جیهادی کردووە. خوای گەورەش فەرمان دەدات بەسەر موسوڵماناندا کە جیهادەکە بەو مەبەستە بکەن: ﴿وَقَٰتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٞ ٢٤٤﴾ البقرة: ٢٤٤.

لێرەدا پێویستە ئەو خاڵە سەرەکییە ڕوون بکەینەوە تا دیدلێلی دروست نەبێت، ئەویش پەیبردنمانە بە جیاوازی نێوان دوو حاڵەت:

---

(١) بوخاری (١٢٣)، موسلیم (١٩٢٤).

**حاڵەتی یەکەم:** ئەنجامدانی جیهاد و جەنگە بۆ ئەوەی کافران بێنە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی ئیسلام و سەروەریتی شەریعەتەکەیەوە.

**حاڵەتی دووەم:** خەڵك ناچارکردن لەسەر موسوڵمان بوون.

حاڵەتی یەکەم حەق و ڕەوایە و خوای گەورە فەرزی کردووە (ئەمە چەسپاندنی دەسەڵاتی شەرعییە لە دارولئیسلامدا).

حاڵەتی دووەم ناهەقیە، دروست نییە و خوای گەورە حەرامی کردووە، ئێمە کلۆجێك بۆمان نییە خەڵکی بەزۆر موسوڵمان بکەین: ﴿لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِ﴾ البقرة: ٢٥٦، واتە: بە هیچ کلۆجێك هیچ جۆرە تین و فشارێك جائیز نییە بخرێتە سەر خەڵکی بۆ موسوڵمان بوونیان. ئەمە حوکمی هەموو مرۆڤایەتیە جگە لە عەرەب کە ناشێت لەسەر بتپەرستی بمێننەوە.

## خاڵی سێیەم: سەروەرێتیی شەرع لە سوودی کافرەکانیشە:

کێشەی مرۆڤی کافر ئەوەیە کە دەیەوێت وەکو بێگیان و ڕووەك و ئاژەڵ حیساب و ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت، واتە نایەوێ بەرپرسیارەتیی بکەوێتە سەرشان، نایەوێت ئەوەی بیربخرێتەوە کە سبەی خوای گەورە موحاسەبەی دەکات، نایەوێت دینی خوا قبوڵ بکات چونکە فەرزەکانی بە ئەرکێکی قورس دەزانێت، ئەوەشە وایلێکردووە بخوازێت کە لێیگەڕێین وەك ئاژەڵ و ڕووەك بژی و بمرێت، بەوەش دڵێ ئازادی، چونکە پێی وایە ئاژەڵەکان ئازادن، بۆیە دەبێت ئەمیش ئازاد بێت و ئەرکی دین و دینداریی نەکەوێتە سەرا! بەڵام خوای گەورە تەئکیدی لەوە کردۆتەوە کە مرۆڤ شتێکی ترە.. وە مەخلوقەکانی تری دەوروبەری بۆ ئەوە دەستەبەرکراون و بۆ ئەوە مەیسەرن: ﴿هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا﴾ البقرة: ٢٩، واتە: ئەوە خوای گەورەیە کە هەموو ئەوەی لەسەر زەویدا هەن بۆ ئێوەی خەلق کردوون.

- ﴿أَلَمۡ تَرَوۡاْ أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَأَسۡبَغَ عَلَيۡكُمۡ نِعَمَهُۥ ظَٰهِرَةٗ وَبَاطِنَةٗ﴾ لقمان: ٢٠، واتە: مەگەر نابینن کە خوای گەورە ئاوا هەموو ئەوانەی بۆ ئێوە دەستەبەر کردووە، کە لە ئاسمانەکان و زەویدان و نازونیعمەتی ئاشکرا و شاراوەی خۆی بەسەرتاندا ڕژاندووە؟!

کەوابوو خوای گەورە مرۆڤی خەلق نەکردووە و بەڕەڵای بکات، ئەو بەڕەڵاییەی کافر پێی دەڵێت ئازادی و سەربەستی.. بەڵکو لەبەر ئەو خەلقکردن و دەستەبەرکردنی گەردوون و ژیان بۆی و ئەو هەموو ناز و نیعمەتانەیدا داوای لێکردووە ئەرکی عەبدایەتی بۆ خوای گەورە جێبەجێ بکات، چونکە بۆ ئەوەی خەلقکردووە: ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ۝٥٦﴾ الذاريات: ٥٦، واتە: جنۆکە و مرۆڤم هەر بۆ پەرستنی خۆم خەلقکردووە.

جا لەبەر ئەوە کافر نایەوێت مل لێنێت و ناشیەوێت ئەم حەقیقەتەی بۆ باسکەن و بەردەوام بیری بخەنەوە، نایەوێت تەسلیم بە خوای گەورە بێت و ئەرکی عەبدایەتیەکەی بۆ جێبەجێ بکات، چونکە نایەوێت بەرپرسێتی هەڵگرێت و سوورە لەسەر یاخیبوون و بەڕەڵایی، خوای گەورە ئەوەی لەسەر موسوڵمانان فەرزکردووە کە ئەم کافرە سەرکەشە لەخۆ بگرن و بیهێننە ژێر سایەی حوکمی دینی خوای گەورە و نەهێڵن وەکو کۆیلەی لاسار لە سەییدەکەی هەڵێت.. بۆیە دەبێت موسوڵمان بەناوی خوای گەورە و لەبەر خاتری خوای گەورە کافرانیش بهێنێتە ژێر دەسەڵاتی خوای گەورە، واتە ژێر سایەی شەریعەتەکەی و ئاڕاستەی دینەکەی.. بەڵام لە هەمان کاتیشدا سەربەستیی ئەوەی لێناگیرێتەوە کە خۆی ئازادە ئیسلام قبوڵ دەکات و موسوڵمان دەبێت یان نا.. بۆی هەیە لەسەر دینەکەی خۆی بمێنێتەوە، بەڵام دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی حوکمی ئیسلام.. ئەگەر کەسانێك وتیان: خۆ خەڵکانێك هەن خودا دەناسن و دەیپەرستن ئیتر بۆچی دەهێنرێتە ژێر سایەی ئیسلام؟ دەڵێین هاتنە ژێر دەسەڵاتی ئیسلام تەنها یەك ڕێگا و شێوە و چۆنیەتییە کە بریتییە لە قبوڵکردنی دیدوڕێی پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) (ئەوە وەکو سیستمی حوکمی وڵاتەکەیە نەك دین پێگۆرینی)..

ئەگەر ئەم خاڵە وەکو حەقیقەتی خۆی ڕوون بۆوە، ئەوە دەسەلمێت کە هێنانە ژێر سایەی حوکمی ئیسلام قازانجی موسوڵمانانە و قازانجی کافرەکانیشە... چونکە کافر ئەگەر وەلکرا و کەس نەیهێنایە ژێر حوکمی شەرع؛ حەتمەن دەکەوێتە ژێر هەوا و هەوەسی خۆی و دەستدرێژی دەسەڵاتدارانی کافری ملهوڕ و دەکەونە دوژمنداریێتیی یەکتری، چونکە ماف و ئەرك و دەسەڵاتەکان بەپێی شەریعەتی خوایی دیاری ناکرێن و حەتمەن شەڕوشۆڕ و خراپەکاری بڵاودەبێتەوە -ئەمەش وەکو وتمان بە زیانی مرۆڤایەتی تەواو دەبێت-.

## خاڵی چوارەم: دادی بێ هێز زەلیلییە و هێزی بێ داد ملهوڕییە:

- هەر لەسەرنجێکی سەرپێییدا لە واقیعی جیهانی ئەمڕۆ بۆت دەردەکەوێت کە ئەوەی باڵادەستە و بڕیاری خۆی دەدات خاوەن هێزە.. هێز حوکمی (حەق) دەکات، هەر (حەق)ێکیش کە دەبینیت لە کات و شوێنێکدا زەلیل و پێشێلە ئەوە لەبەر ئەوەیە کە هێزێکی کاریگەری لە پشت نییە. ئازایەتی ئەمڕۆ ستەمکارێتییە، لە کۆن و نوێدا ئەوە ڕێسا بووە و ڕێسایە دادی بێ هێز زەلیلییە و هێزی بێ داد ملهوڕی و ستەمکارییە..

- هەر لەسەرنجێکی تری سەرپێییدا لە واقیعی دوێنی و ئەمڕۆی جیهاندا بۆت دەردەکەوێت کە بێنرخترین و هەرزانترین شت مرۆڤە! بنەماکانی (وجود) و مافەکانی هەمووی لە زۆرترین شوێنی سەر زەویدا خوراون.

- لە توێژینەوەیەکی مێژوویدا ئەوەت لا دەبێتە بەڵگە نەویست کە تەنها لە مێژووی ئەم ئوممەتە موسوڵمانەدا دادپەروەری باڵادەست بووە و هێز لە دوایەوە بووە. لەتاك و كۆی ئوممەتدا دەبینیت ئازایەتی هاوڕێی بەزەیی و سۆز و ڕەحمەت بووە. سەرخستنی حەق (کە لە شەریعەتی خوادایە) بەرزترین هیوا و مەبەستی موجاهیدان بووە.. لە ژێر سایەی کۆمەڵگە و دەوڵەتی ئیسلامییدا قازییەك حوکمی شەرعی لەبەرژەوەندی کافران دژ بە موجاهیدا دەرکردووە! وەکو کە قازیی (سەمەرقەند) بە پێی شەریعەتی ئیسلام حوکمی لە بەرژەوەندیی دانیشتوانە کافرەکەی سەمەرقەند دەرکرد بەرامبەر هەڵوێستی سوپای ئیسلامی، سوپاکەش تەسلیم بە بڕیارەکەبوو و سامانە زەوتکراوەکەی گێڕایەوە بۆ خاوەنەکانیان - ئەوە لە ئیسلامدایە کە قازیی موسوڵمان حوکم بەسەر خەلیفەشدا دەچەسپێنێت لەبەرژەوەندی جولەکەیەکدا[1]..

مێژووی فەتحی ئیسلامی و ڕەفتاری فەرماندە و سەربازەکانی لەگەڵ وڵات و گەلاندا بەراورد ماکرێت بە داگیرکردنی کۆن و نوێی ئەهلی کوفر (نە بە ئەسکەندەر و قەیسەر و کیسرا و نە بە هێزی خاچپەرستان و ئیستیعماری سەردەم). فەرماندە و سوپای ئیسلام لەگەڵ

---

(١) وەکو حوکمی شورەیحی قازی بەسەر سەیدنا عەلیی خەلیفەدا (خوا لێی ڕازی بێت) لەبەرژەوەندیی جولەکەکە، کە درۆشی کرد زرێکە موڵکی خەلیفەبوو، بەڵام بەڵگەی نەبوو!

ئازایەتی و دلێرییدا بەزەیی و سۆز و جوامێرییان نیشان دەدا چونکە سیما و سیفاتی دینداریێتییان بوو..

دەیان گەل و نەتەوە کەوتنە بەر دەستی سوپای فەتحی ئیسلامی، بەڵام تا ئێستاش لەسەر دینی خۆیان هەر ماون (وەکو سیخ و هیندۆس و بودایی.. چ جای دیان و جولەکە و مەجووسی).. داپەروەرترین هێز کە گەلانی گرتبێت و ڕەفتاری جوانی لەگەڵدا کردبن سوپای فەتحی ئیسلامی بووە.. چونکە لە دید و مومارەسەی موسوڵمانەوە سووکایەتی نە بە دین دەکرێت[1] نە بە هزروژیری و نە بە گیان و نە بە ماڵ و نە بە وەچە و زوڕڕییەت..

پێش ئەوەی بچینە سە خاڵەکانی تر حەزدەکەم ئەم چوار خاڵە بە کورتی نیشان بدەمەوە:

١- خوای گەورە هەموو شتێکی لەم سەرزەمینەدا لەبەرژەوەندیی مرۆڤ دروستکردووە.

٢- لەبەرامبەر ئەم فەزڵ و چاکە و نیعمەتانەی خوای گەورەدا مرۆڤ موکەللەفە (داوای لێکراوە) بە دینی خواوە پابەند بێت، چونکە لێیدەپرسێتەوە.

٣- خەڵکی لە بەرامبەر خواناسی و خواپەرستی و پابەندیی دیندارییدا بوون بە دوو کۆمەڵ: کافران و موسوڵمانان.

٤- خوای گەورە ئەوەی لەسەر موسوڵمانان فەرزکردووە کە دەبێت لەپێناوی ڕازیکردنی خوای گەورەدا جیهاد بکەن تا کافرەکان بخەنە ژێر دەسەڵاتی دینی خواوە.

٥- هاتنی کافران بۆ ژێر سایەی دەسەڵاتی دینی خوای گەورە لە هەموو لایەکەوە لە بەرژەوەندیی موسوڵمانانە و لە زۆرینەی لایەنەکانیشەوە لە بەرژەوەندیی خودی کافرەکانیشە.

---

(١) لە مانگی ٦ ی ٢٠١٤ دا لە شاری حەلەبی سووریا موجاهیدانی یەکێك لە گرووپە جیهادییەکان حوکمی قازیی شەرعییان لەسەر کابرایەك چەسپاند کە لێدانی (١٠) دە قامچیی تەمێکردن (تەعزیر) بوو، چونکە جنێوێکی ئاوای دابوو: (هەی وا لە دینی بەنزین...)!!، قازیش حوکمی تەمێکردنی دابوو چونکە دین هەر چۆنێك بێت ناشێت جنێوی پێ بدرێت..

### خاڵی پێنجەم: ئاشتیی جیهانی لە سایەی دادی ئیسلامدا دێتە دی:

کەوابوو ئاشتیی ڕاستەقینە و ئەمانی واقیعی تەنها ئیسلام بۆ دانیشتوانی سەرزەمینی مسۆگەر دەکات، موسولمانان تەنها لە ڕێی ئیسلامەوە ئاشتی و ئەمان بۆ خەڵکی دابین دەکەن و تەنها لەو کاتەشدا دەبێت کە سەرورەرێتیی وڵات بۆ ئیسلامە و موسوڵمانی سەرڕاست و شیاو دەسەڵاتداری باڵایە. هەر ئاشتی و ئەمانێك لەگەڵ غەیرە موسوڵماندا (لە دەرەوەی دارولئیسلام) بدرێت، حەتمەن ئەوە بە پێی ڕێکەوتنێکە کە سەرەتا و کۆتاییەکەی ڕۆشن دەبێت، وەکو ئەو حاڵەتەی کۆمەڵە کافرێکی خاوەن دەوڵەت یان هێز، لە پێناوی هێنانەدیی بەرژەوەندییەکی خۆیاندا داوا لە دەوڵەتی ئیسلامی دەکەن ڕێکەوتنێك لەسەر ئاشتی و ئەماندان بە یەکتری بۆ ئەوەندە ساڵە بکەن، یا تا هێنانەدیی بەرژەوەندییەکە..

لەم ڕوانگەوەیە کە دەبینیت زۆربەی ئاڕاستەکانی جیهادکردن و ڕێکەوتن و تەقەبەس (هدنة) پەیوەستن بەکات و مەرجی خۆیانەوە، چونکە ناشێت لەگەڵ هیچ هێزێکی کوفردا ڕێکەوتنی هەمیشەیی ئاشتی و ئەمان ئەنجام بدرێت. خوای گەورە لە زۆر شوێنی قورئاندا وشەی (السلام) کە ئاشتی و ئەمانە بەمانای چوونە ژێر ئیسلام ناودەبات. وەك دەفەرموێت: ﴿ٱدۡخُلُواْ فِي ٱلسِّلۡمِ كَآفَّةٗ﴾ البقرة: ٢٠٨ واتە: هەمووتان هەموو لایەنەکانی ئیسلام قبوڵ بکەن. هەروەها: ﴿وَلَا تَقُولُواْ لِمَنۡ أَلۡقَىٰٓ إِلَيۡكُمُ ٱلسَّلَٰمَ لَسۡتَ مُؤۡمِنٗا تَبۡتَغُونَ عَرَضَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا﴾ النساء: ٩٤، واتە: هەر کەسێك کە سەلامی لێکردن (کە نیشانەی موسوڵمانێتی و تەسلیم بوونە بە دینی خوا) مەڵێن: تۆ موسوڵمان نیت.. چما ئێوە مەبەستی دونیاییتان هەیە؟

مادام بستە خاکێك لەسەر زەمیندا بمێنێت کە سایەی حوکمی خوای گەورەی بەسەردا نەکشابێت و خەڵکەکەی نەهاتبنە ژێر ئاڕاستەوانی دینی خوا، ئەگەر توانای تەواو لەبەردەستدابوو، حەتمەن هەڵوێستی موسوڵمانان جیهاد ڕاگەیاندنە بەرامبەریان: ﴿قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ يَلُونَكُم مِّنَ ٱلۡكُفَّارِ وَلۡيَجِدُواْ فِيكُمۡ غِلۡظَةٗۚ﴾ التوبة: ١٢٣، واتە: بەرامبەر کافرانی نزیك خۆتان بجەنگن و با توندوتیژیتان تێدا بەدی بکەن. هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَقَٰتِلُوهُمۡ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِۚ﴾ الأنفال: ٣٩، واتە: جەنگ و جیهادیان بەرامبەر ڕابگەیەنن تا

ڕێ لە فیتنە بگرێت (کە ناچارکردنی موســـوڵمانانە لەســـەر پاشـــگەزبوونەوە لە دینەکەیان و هەڵگەڕانەوەیانە لێی)، تا ســـەروەرێتیی باڵا هەمووی لە دەســـت دینی خوادا دەبێت و بەس.. مادام کەسێك لەسەر کوفر مابێت و نەهاتبێتە ژێر سایەی حوکمی خوای گەورە کەوابوو (فتنة) بەردەوامە (چ جای هەبوونی موسوڵمانێکی چەوساوە!).

ئـەو ئـەرکـەی لەو ســـاتەوەختەدا فەرز دەبێت -ئەگەر توانا هەبوو- جیهاد کردنە تا قوتار دەکرێت و دەهێنرێتە ژێر سایەی حوکمی شەرعەوە، تا دینەکەی خوا باڵادەست دەبێت. (فتنە) مەرج نییە هەر ئەشـکەنجەدان و ناچارکردنی موسـوڵمانەکە بێت لەسـەر پاشگەزبوونەوەی لە دینەکەی، بەڵکو چەواشـــەکردن و فریودان و لە دین لادانیشـــی هەر (فتنة) یە. بزانە ســـاڵانە دەوڵەتانی سەردەم چەند ملیار بۆ چەواشەکردن و لەدین لادانی خەڵکی سەرف دەکەن و چەند نەخشـــەوان و پســـپۆر بۆ گومڕایی کردنی مرۆڤایەتی لێبڕاوە؟! ئەم حاڵەتەش هەروا بەردەوام دەبێت تا ئەوکاتەی ئیسلام دەسەڵاتی باڵا دەگرێتە دەست و ئاڕاستە دەکات.

## خاڵی شـــەشـــەم: پۆلێنکردنی خـەڵکی بـەپێی دیـد و هەڵوێســـتیانە لە ئیسلام و دەسەڵاتەکەی:

لەمەوە کە ڕابوورد دەردەکەوێت کە پۆلێنکردنی خەڵکی لە ئەسڵدا دوو پۆلن: موسوڵمانان و کافران.. کافرەکانیش بە پێی دید و هەڵوێستیان لە ئیسلام و دەسەڵاتەکەی سێ پۆلن:

١- ئەوانەی لەژێر دەســـەڵاتی حوکمی خوادان و لە ئەمانی موســـوڵماناندان (ئەماندراوانی دارولئسلام).

٢- ئەوانەی ڕێکەوتنیان لەگەڵماندا هەیە، کە ڕێکەوتنەکە بەرژەوەندی ئێمەش دەهێنێتە دیی.

٣- ئـەوانـەی هیچ پەیوەندیی ئەمان و ڕێکەوتنیان لەگەڵماندا نییە، کە بە شـــەڕانی هەژمار دەکرێن.

موســـوڵمانانیش یەك ئوممەتن، پێغەمبەری خوا (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دەفەرموێت: (الْمُسْـــلِمُونَ

عَدُولٌ، يَسْعَى بِذِمَّتِهِمْ أَدْنَاهُمْ، وَهُمْ يَدٌ عَلَى مَنْ سِوَاهُمْ)[١]، واته:موسوڵمانان یەکسان و هاوشانن، بچوکترین کەسیان بەرپرسێتی ئەوانی تر هەڵدەگرێت، موسوڵمانان بەرامبەر غەیرە یەك دەستن.

هەروەها دەفەرموێ: (مثلُ المؤمنين في تَوادِّهم، وتَراحُمِهم، وتعاطُفِهِمْ مثلُ الجسَدِ إذا اشتكَى منْهُ عضوٌ تدَاعَى لَهُ سائِرُ الجسَدِ بالسَّهَرِ والْحُمَّى)[٢]، واته: نمونەی موسوڵمانان لەیەکتر خۆشویستن و بەزەیی هاتنەوە بەیەکتری دا و سۆز دەربرین بۆ یەکتری هەموو وەکو یەك جەستەن، کە ئەندامێکی ئەو لەشە تووشی ئازارێك دێت، هەموو ئەندامەکانی تری لەش تا دایاندەگرێت بۆی و شەونخوونیی بۆ دەکێشن.

هەروەها دەفەرموێ: (إنَّ الْمُؤْمِنَ لِلْمُؤْمِنِ كَالْبُنْيَانِ يَشُدُّ بَعْضُهُ بَعْضًا، وشَبَّكَ أَصَابِعَهُ)[٣]، واته: موسوڵمان بۆ موسوڵمان وەکو خشتی دیوارە، هەر یەکێکیان ئەوی تر دەگرێت و بەهێزی دەکات، لەو کاتەدا کە وای فەرموو پەنجەکانی دەستی پاکیشی کرد بەناویەکدا.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا عِندَ ٱللَّهِ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴿٣٦﴾ وَٱلَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَٰٓئِرَ ٱلْإِثْمِ وَٱلْفَوَٰحِشَ وَإِذَا مَا غَضِبُوا۟ هُمْ يَغْفِرُونَ ﴿٣٧﴾ وَٱلَّذِينَ ٱسْتَجَابُوا۟ لِرَبِّهِمْ وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ ﴿٣٨﴾ وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَابَهُمُ ٱلْبَغْىُ هُمْ يَنتَصِرُونَ ﴿٣٩﴾﴾ الشورى: ٣٦ - ٣٩، واته: ئەوەی لای خوای پەروەردگارە لە پاداشت و نازونیعمەت چاکترە لەوەی لە دونیادا لەبەردەستانداية و دەمێنێت و وەکو شتی دونیایی لەدەست ناچێت. کەوابوو ئەوەی لای خوای گەورەیە چاکترە بۆ ئەو کەسانەی باوەڕیان هێناوە و پشتیوانی و ئومێدیان بە خوای گەورەیە و بەس.. ئەو پاداشت و نازونیعمەتە نایابانەی لای خوای گەورە بۆ ئەو کەسانەشە کە خۆیان لە گوناهە گەورەکان (الکبائر) بەدوور دەگرن و توخنی تاوان و گوناهی وا ناکەون، کە تووڕەش دەبن تووڕەبوونەکەی

(١) ئەم فەرموودەیە بەم لەفزە دەستنەکەوت، بە چەند لەفزێکی جیاواز هاتووە، لەوانە: (الْمُسلِمُونَ تَتَكَافَأُ دِمَاؤُهُم وهم يَد عَلَى من سواهُم يسْعَى بِذِمَّتِهِمْ أَدْنَاهُم ويرد عَلَى أَقْصَاهُم) و لەفزی تریش، ئەبو داوود (٤٥٣٠)، نەسائی (٤٧٣٤)، ئەحمەد (٩٩٣) ... ئیبنو حەجەر لە (تخريج مشكاة المصابيح) (٣٨١/٣) دەفەرموێت حەسەنە.

(٢) بوخاری (٦٠١١)، موسلیم (٢٥٨٦)، لەفزەکەش هی موسلیمە.

(٣) بوخاری (٦٠٦٢)، موسلیم (٢٥٨٥)، ترمزی (١٩٢٨)، لەفزەکەش هی بوخارییە.

خۆیـان قووت دەدەنـەوە و دەری نـابڕن و لـەنـاخیشـــیـانـدا نایکەنە بوغز، بەڵکو بە لێبوردن دەریدەبڕنەوە.. لێبوردن لەو کەسـانەی هۆکاری ڕق هەسـتان و تووڕەکردونیان بوون.. ئەمانەش شـایانی ئەو پاداشـت و نازونیعمەتەی لای خوای گەورەن، هەروەها ئەو کەسـانەش کە بەدەم بانگهێشـتی خواویسـتییەوە چوون و نوێژەکانیان دەکەن، کە هەموو کاروبارێکی ناوخۆیان بە پرس و ڕاوێژ و ڕا ئاڵوگۆڕکردنە... ئەوانەش کە لەو سامان وماڵەی پێمان بەخشیون دەبەخشن، چ زەکات و چ خێروخێراتی تر.. هەروەها ئەو کەسـانەش کە دەسـتدرێژیان دەکرێتە سـەر یان دەبوورن یان لە سـنووری شـەرعدا مافی خۆیان وەردەگرنەوە... ئەمانە بەتایبەتی خوای گەورە پشتیان دەگرێت چونکە توانای حەق سەندنەوەیان هەیە و نە ترسنۆك و زەلیلن و نە ستەمكار..

- هەروەها: ﴿وَلِلَّهِ ٱلۡعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِۦ وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ وَلَٰكِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ لَا يَعۡلَمُونَ ٨﴾ المنافقون: ٨، واتە: عیزەت و سەربەرزی و ورەبەرزی هی خواو پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) و موسوڵمانانە، بەڵام دووڕووەكان پەی بەوە نابەن.

- هـەروەهـا: ﴿أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾ المـائـدة: ٥٤، واتە: ئـەوە سـیـفـەتی ئـەو موسـوڵـمـانانەیە كە خوای گەورە دەیانكات بە دیلی ورە ڕووخاو و ئەعراب و ئەو بەزیوانەی جیهـاد وەلـدەكەن، ئەمانە لەبەرامبەرم وسـوڵمانانـدا زەلیل و گچكە و بێ دەسـەڵاتن، بەڵام لەبەرامبەر كافران ئازا و چاونەترس و جوامێرن.

ئەو پۆلە كافرەی كە لە ژێر سـایەی سـەروەرێتیی شـەرع و دەسـەڵاتدارێتیی موسـوڵماندا ئەمانی دراوەتێ و دەژی، ئەو كەسانەن كە ئەهلی ئیسلام داڵدەیان داون و ئاشتی و ئەمانیان بۆ ڕاگەیاندوون.

بەڵام ئایا هەموو جۆرە كافرێك ئەم ئاشتی و ئەمانەی دەدرێتێ؟

- هەندێك لە شـەرعناسان گشتییان كردووە و فەرموویانە بەڵێ دەدرێتە هەموویان، هەندێكی تر لە شەرعناسان تایبەتیان كردووە و دەفەرموون نادرێتە هەموویان:

حەنبلیەكان لەكتێبە فیقهیەكانیاندا لە (باب عقد الذمة) دا بەدەق دەفەرموون:

(ئاشـتی و ئەمان دەدرێتە کەسـانێك کە ئەهلی کیتاب (خاوەن دینی ئاسمانی) بن، هەروەها ئەوانەش کە گومان لە دینەکەیان دەکرێت کە ئایا ئاسمانییە یان نا وەکو مەجووس (زەردەشتی)، ئیمـام/ خـەلیفـە دەبێت گرێبـەسـتی ئـەمـانیان لەگەڵدا ببەسـتێت ئەگەر لە دوژمنکارێتی و خراپەکارییان دڵنیابوو، بەڵام دەبێت ئەم چوار مەرجە بهێننە دیی، یان پێوەی پابەندبن و بەڵێنی لەسەر بدەن:

١- (جزیە) دیاریکراوەکە بدەنە دەوڵەت و ملکەچیی بۆ دەربڕن.

٢- بە خراپی باسی دینی ئیسلام نەکەن.

٣- کارێك نەکەن کە زیانی موسوڵمانانی تێدابێت.

٤- ئەحکامی ئیسـلام (یاسـای شـەرع) یان بەسـەردا دەچەسـپێت لەهەموو لایەنەکانی کوشـتن و نامووس و دزی و سـزا حەددەکانی تر، لەوانەدا کە لە دینی خۆشـیاندا حەڕام بێت وەکو زینـاکردن نـەك لـەوانـەدا کـە لەلای ئێمە تاوانە و لای ئەوان شـیاوە، وەکو شـەراب خواردنەوە. (جزیە) لەسـەر ئافرەت و مناڵ و نێرەمووك و شـێت و نەخۆشی موزمین و کوێر و پیر و پەککەوتە و قەشە و ڕاهیب دانانرێت.

هەر کەسێك لەمانەی ئەهلی زیممە (کە ئاشتی و ئەمانیان لە دارولئیسلامدا دەدرێتێ) ئەگەر ڕازي نـەبوو جزیـە بـدات، یـان ملکـەچیی بۆ ئـەحکامی شــەرعی دەرنەبڕی، یان بە بڕیاری دەسـەڵاتدارانمانەوە پابەند نەبوو، یان زینای لەگەڵ ئافرەتێکی موسوڵمان کرد، یان مارەی کرد (کە بۆیان جائیز نییە)، یان جەردەیی و ڕێگریان کرد یان سـووکایەتیی بە خوای گەورە یان بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد، یان موسـوڵمانێکی کوشـت یان موسـوڵمانی لە دین هەڵگێڕایەوە، ئەوا گرێبەسـتی ئەمانە کە پێی هەڵدەوەشـێتەوە و حاڵی وەکو(دیل)ی لێدێت کە خەلیفە لەوەدا سـەرپشـکی دەکات (بە دیلی بمێنێتەوە یان لە وڵات بڕوات). سـامانەکەشـی بۆ بەیتولمال دەبێت، بەڵام پەیوەندیی هاوسەرگیری و باوك و ئەولادێتیی بەردەوام دەمێنێت)[1].

(١) ئەمە دەقی کتێبی (دلیل الطالب)ی حەنبەلییەکانە.

- بەپێی ئەم دید و تێڕوانین و پێناسـەیە ئەهلی کیتاب مافی وەرگرتنی وەزیفەی دەوڵەتیان نییە، مافی ئەوەیان نییە ببنە ئەندامی شـورا یان لە باڵاتر بۆ دەسـەڵاتە سەروەرییەکان، کەوابوو مافی ئەوەیان نییە خۆ بپاڵێون بۆ پۆسـتەکانی سـەرۆکایەتی. ئەما ئەگەر کۆمەڵگە و دەوڵەتی ئیسلامی پێویستییان پێبوو دەتوانن لە هەندێك پلەوپایەی ڕەسمیی حکومەتدا تەعینیان بکەن، بە مەرجێك وەزیفەکەیان وانەبێت ئاڕاستەکردنی موسوڵمانانی تێدابێت. چونکە یەکێك لە مەرجی مانەوە و ئەماندان بە ئەهلی زیممە ئەوەیە کە لەبەر دەست موسوڵماناندابن، نەك ببنە پێشەوا و سـەرکردە و ئاڕاسـتەوان. زانایانی ئەم مەزهەبە دەفەرموون: بۆیان نییە ببنە دەمڕاسـتی کۆڕ و کۆبوونەوە کە موسـوڵمانی تێدابێت، دەبێ ئەوان دەستپێشخەری سڵاوکردن بن لە موسوڵمانان، پێغەمبەری خوا (صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: (لا تَبْدَأُوا الْيَهُودَ والنَّصَارَى بالسَّلَامِ، وإِذَا لَقِيتُم أَحَدَهُم فِي الطَّرِيقِ فَاضْطَرُّوهُم إِلَى أَضْيَقِهِ)[1]، واتە: ئێوە پێشـتر سڵاو لە جولەکە و دیانەکان مەکەن، ئەگەر لە کۆڵانیشدا پێیان گەیشتن ڕێگایان لێ تەسك بکەنەوە.

ئیمامی ئەوزاعی دەفەرموێت: ئەمە لە لایەنی سیاسەتی گشتی و ڕەفتارە، دەنا سڵاولێکردونیان جائیزە.

ئەمەی لەسـەرەوە باسـکرا لە بۆچوونی شەرعناسانی ئەم مەزهەبە؛ هەندێك ئەحکامی تێدایە لە زۆر ڕوو ڕاستە و هەندێکی تریشیان لە لایەنی هەڵوێستی ڕۆژانە و کاتییەوەیە، لە تەفسیلاتی تری کتێبە شـەرعیەکاندا جۆرەها ئەحکامی حاڵەتی جیاوازیان تێدایە کە بواری دارشـتنی یاسا دەوڵـەمـەندتر دەکەن. گرنگە ئەوەمان لەبەر چاوبێت کە گرێبەسـتـ لەگەڵ ئەهلی زیممەدا لە مێژووی ئیسـلامدا بەیەك شـێوە و چۆنییەتی نەبووە و نییە، چونکە زۆر شت کاریگەری لەسەر دیاریکردنی هەڵوێسـتی ڕەسـمیان دەدات لەسـەریان، وەکو: هەبوونی ڕادەی هێز و بەهێزی و هێنانەدیی بەرژەوەندیمان..

ئـەوەی من پێم چـاکـە ئـەوەیـە کـە لـەم سـەردەمەی خۆماندا موسـوڵمانان نەرمونیانبن بەرامبەریان و ڕێکەوتن و یاسـا و ڕێسـا و هەڵوێسـتە ڕەسمییەکانیان بەرامبەر غەیرە موسوڵمان

---

(١) موسلیم (٢١٦٧)، ئەبو داوود (٥٢٠٥)، ئەحمەد (٧٦١٧)، ترمزی (١٦٠٢) و لەفزەکەش هی ئەمە.

سووك و ئاسانتر بێت و ئەو فەتوايانەيان بەسەردا بچەسپێنن كە سووك و ئاسانن.

لەبەرامبەردا ئەوانيش دەبێت پابەندبن بە ياسا و ڕێسا و ڕێكەوتنەكانەوە، كەسيش لە موسولْمانان بۆيان نييە ناچاريان بكات دينەكەيان وازلێبهێنن و ئيسلام قبوڵ بكەن: ﴿لَآ إِكْرَاهَ فِي ٱلدِّينِ﴾ البقرة: ٢٥٦، دەبێت موسولْمانان ڕەفتاريان بە جوانی و ئەدەبی باڵاوەبێت لەگەڵيان: ﴿وَلَا تُجَٰدِلُوٓاْ أَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ العنكبوت: ٤٦، واتە: بەغەيری ئەو شێوازەی كە جوانترينە ڕەفتار لەگەڵ ئەهلی كيتابدا مەكەن. بۆيە ناشێت دەستدرێژی بكرێتە سەر ماڵ و سامان و ئابڕوويان.. پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە هەڕەشەيەكی سەختيدا دەفەرموێت: (مَنْ آذَى ذِمِّيًا فَأَنَا خَصْمُهُ، وَمَنْ كُنْتُ خَصْمُهُ خَصَمْتُهُ يَوْمَ القِيَامَةِ)[1]، واتە: هەر كەسێك ئازار بەكەسێكی ئەهلی زيممە بگەيەنێت من لە بەرە ناكۆكەكەی بەرامبەری دەبم، هەر كەسێكيش من ببمە بەرەی ناكۆكی لە قيامەتدا بەرامبەری ناكۆكانە دەوەستمەوە (ديارە كە هەركەسێك كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ناكۆكايەتيی بكات حەتمەن لەسەر حەق نييە و باتڵە، حەتمەن يان كافرە يان فاسقە يا ستەمكار، يا هەرسێكيان!).

لە فەرموودەيەكی تريدا دەفەرموێت: (وإن الله لم يُحِلَّ لكمْ أنْ تَدْخُلُوا بُيُوتَ أهْلِ الكتابِ إلَّا بإذْنٍ وَلَا ضَرْبَ نِسَائِهِمْ وَلَا أكْلَ ثِمَارِهِمْ إذا أعْطُوكم الَّذي عَلَيْهِمْ)[2]، واتە: هەروەها خوای گەورە ئەوەی بۆ شياو نەكردوون بچنە ماڵەكانيانەوە (ماڵی ئەهلی كيتاب) بەبێ مۆڵەت و ڕێپێدانی خۆيان، ناشێت كەس لە ئافرەتەكانيان بدات، ناشێت كەس لەبەرهەم و ڕەنجيان بخوات مادام ئەوە (جزيە) دەدەن كە لەسەريانە.

شەرعناسانی ئيسلام دەفەرموون: (هەر موسولْمانێك بەرازێك بكوژێت كە موڵكی ئەهلی زيممە بێت، يان شەڕابەكەی بڕێژێت، دەبێ بۆی قەرەبوو بكاتەوە و غەرامە دەكرێت لەسەری، بەڵام ئەگەر موڵكی موسوڵمان بوون (بەراز و شەرابەكە) مافی هەدرە و نابژێررێتەوە بۆی).

جزيە: كە سامانێكە و ئەهلی زيممە دەبێت بيدەنە حكومەتی ئيسلامی ڕەمزی ملكەچيانە بۆ

(١) خەتيبی بەغددی لە (التاريخ)ەكەيدا هێناويتييەوە.

(٢) ئەبو داوود (٣٠٥٠)، شێخی ئەلبانی بە زەعيفی داناوە.

دەوڵەتی ئیسلامی و دەستوورەکەی، لە لایەکی تریشەوە دادپەروەریی ئیسلام نیشان دەدات، کە ئەمانە ئەو بڕە سامانە دەدەن و ناچنە سەربازیی دەوڵەت[1]، ئەگەر جەنگیش بەرپا ببێت ئەوان هەردووره پەرێز دەبن لێی. ئەمەش دادپەروەرییە، چونکە جەنگ و کوشتار لە ئیسلامدا کە جیهادە خواپەرستییەکە لەسەر موسوڵمانان فەرز دەبێت نەك لەسەر ئەوان. ئەگەر لەسەر ئەوانیش فەرزبوایە مانای ئەوەی دەبوو کە ناچارکراون لەسەر قبوڵکردن و مومارەسەکردنی فەرزێکی ئیسلامی کە مەترسی لەسەر دین و ژیانیان هەیە. ئەمما ئەگەر خۆیان بە ئازادیی خۆیان و سەرپشکانە هاتنە جەنگ و بەشداریانکرد، بێگومان جزیەیان لەسەر نامێنێت، هەروەکو لەچەندەها کات و شوێنی مێژووی موسوڵماناندا ڕوویداوە.

ئەوە حوکمی ئەو کافرانەیە کە لەگەڵماندا ڕێکەوتوون کە لەژێر سایەی حوکمماندابن و جزیەکەیان بدەن و ئێمەش قبوڵمان کردووە. ئەمما ئەو کافرانەی کە لەژێر سایەی حوکمماندا نین، بەڵام حەزدەکەن ڕێکەوتنمان لە نێواندا هەبێت لەگەڵیاندا و لە بەرژەوەندی ئێمەشە، دەشێت ڕێکەوتنیان بۆ ماوەیەی دیاریکراو لەگەڵدا بکەین، لەماوەی ڕێکەوتنەکەدا بۆمان نییە غەدریان لێبکەین و ناغافڵ یان بە ئاگایانە بیانخەینە مەترسییەوە، مادام ئەوان وایان کردووە و بەڕێکەوتنەکەوە پابەندبن: ﴿ إِلَّا ٱلَّذِينَ عَٰهَدتُّم مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ثُمَّ لَمۡ يَنقُصُوكُمۡ شَيۡـٔٗا وَلَمۡ يُظَٰهِرُواْ عَلَيۡكُمۡ أَحَدٗا فَأَتِمُّوٓاْ إِلَيۡهِمۡ عَهۡدَهُمۡ إِلَىٰ مُدَّتِهِمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُتَّقِينَ ٤ ﴾ التوبة: ٤، واتە: ئەوە ڕاگەیەنن کە کە پەیوەندیی دۆستایەتی و هاودەنگیتان لەگەڵ هیچ کافر و موشریکێکدا نامێنێت جگە لەو موشریکانەی خاوەن ڕێکەوتن و پەیمانن لەگەڵ موسوڵماناندا و مەرجەکانی ڕێکەوتنەکەیان نەشکاندووە و کەسیان بۆ دوژمنداریێتیی موسوڵمانان هان نەداوە و نەچوونەتە پاڵ دوژمنان و پەیمانی ئەمانە تا کۆتایی ماوەکە ببەنە سەر، خوای گەورەش تەقواکارانی خۆش دەوێت کە بە سنووری دینەکەیەوە پابەند دەبن و سەرڕاستانە دینداریێتی دەکەن.

لەو ڕێکەوتنە مێژووییانەی لە نێوان کاربەدەستانی دەوڵەتی ئیسلامی و غەیرەدا ڕوویداوە ئەوەیە کە ئەبو داوود و ترمزی گێڕاویانەتەوە کە لە نێوان معاویەی کوری ئەبو سوفیان (خوا

(١) ئەمەی لەم زەمانەدا پێی دەڵێن (بەدەل) کە لە هەموو وڵاتێکدا هەیە، پارەیە و دەدرێت، یان خزمەتکردنە لە دائیرەی دەوڵەتدا.

لێیان ڕازی بێت) و ڕۆمدا ڕێکەوتن هەبوو، لە ماوەی دیاریکراوی ڕێکەوتنەکەدا معاویە لەشکری لەسەر سنووریان کۆدەکردەوە، تا کە ماوەکە کۆتای هات هێرش بکاتە سەریان، لەو کاتەیدا کە لەسەر سنووربوو لەناو سوپاکەیدا کابرایەکی سوار دەرکەوت و هەر تکبیر (الله اکبر) ی دەکرد و هاواری دەکرد: **(اللـه اکبر وفاء لا غدر)**، واتە: بە پەیمانەکەوە پابەندبن و لە ناغافڵدا نەیشکێنن. کە هاتنە پێش بینییان عەمری کوری عەبسە بوو، معاویە ناردی کە چیتە؟ فەرمووی: (سَـمعتُ رسولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يقولُ: مَن كان بيْنَه وبيْنَ قَومٍ عَهدٌ، فلا يَشِـدَّ عُقدةً، ولا يَحُلَّها حتى يَمضـيَ أمَدُها، أو يَنبِذَ إليهم على سَـواءٍ)[١]، واتە: گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەیفەرموو: هەر کەسێك پەیمانی لەگەڵ خەڵکانێکی تردا هەبوو، نە پەیمانبەستێت و نە ئەویان هەڵدەوەشێنێتەوە تا ماوەکەی کۆتایی دێت، ئەوکاتە سەرپشکیان بکات لە هەڵوەشاندنەوە یان لەنوێکردنەوەیدا. ئیتر معاویە لەشکرەکەی کێشایەوە.

ئەمما پۆلی سێیەم[٢] کە بریتین لە کافرانی شەڕانی کە هیچ ڕێکەوتن و ئەمن و ئەمانێکیان لەگەڵماندا نییە، هەڵوێستمان لەوان جەنگ و جیهادە ئەگەر لەتواناماندا هەبوو، ئەگەر جیهادمان بەرامبەریان بەرپا کرد و سەرکەوتین بێ ئەوەی تەقەبەس و ڕێکەوتنیان لەگەڵدا ببەستین، ئەوە هەموو ماڵ و سامانیان دەبێتە دەستکەوت (غەنیمەت) وئافرەت و منداڵیشیان دەبنە کۆیلە، ئەمما پیاوەکانیان -بەپێی مەزهەبی حەنبەلی- خەلیفە سەرپشکە دەیانکوژێت یان دەیانکاتە کۆیلە یان بە (دیل)ی موسوڵمانانیان دەگۆڕێتەوە کە لە لایانن، یان بەرامبەر ماڵ و سامانێك کە لەبڕی ئازادکردنەوەیاندا دەبێت بدرێت. لەو حاڵەتانەشدا بێگومان دەبێت ئیمام/خەلیفە ئەو هەڵوێستەیان بگرێتە بەر کە بەرژەوەندیمانی زیاتر تێدایە.

ڕایەکی تریش لەلای حەنبلییەکان هەیە کە دەڵێ ئیمام/خەلیفە بۆی هەیە ئافرەتەکان و منداڵەکانیشیان بکاتە کۆیلە یان لەبەرامبەر ماڵ و سامانێکدا یان بەبێ بەرامبەر ئازادیان بکات.

هەڵوێستی چوارەم کە ئیمام/خەلیفە تێیدا سەرپشکە بگرێتە بەر دەربارەی پیاوەکانیان

---

(١) ئەبو داوود (٢٧٥٩)، ترمزی (١٥٨٠) و دەفەرموێت: (حسن صحيح)، ئەحمەد (19436)، شێخی ئەرنائوط لە (تخريج المسند)دا المسند)دا دەفەرموێت: (صحيح بشاهده)، ئەلبانیش لە (صحيح أبي داود)دا بە سەحیحی داناوە، لەفزەکەش هی ئیمامی ئەحمەدە.

(٢) یەکەم لەناوماندا دەژین، دووەم هاوپەیمانی دەرەوەمان.

(نێرینەی بالغ) کە کوشـــتنیانە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَإِذَا لَقِيتُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَضَرۡبَ ٱلرِّقَابِ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَثۡخَنتُمُوهُمۡ فَشُدُّواْ ٱلۡوَثَاقَ فَإِمَّا مَنَّۢا بَعۡدُ وَإِمَّا فِدَآءً حَتَّىٰ تَضَعَ ٱلۡحَرۡبُ أَوۡزَارَهَاۚ﴾ محمد: ٤، واتـە: ئـەگـەر ڕووبەڕووی کافرەکان بوونەوە لە گەردونیان بدەن، ئەگەر زۆربەی سەختتان لێدان و زۆرتان لێ کوشتبوون، دیلیـان بگرن و بیانهێڵنەوە، تا دواتر کە جەنگ تەواو دەبێت بەبێ بەرامبەر یان بەرامبەر ماڵ و سامانێکی دیاریکراو ئازادیان دەکەنەوە.

زانایان لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموون:

- شافیعیەکان و حەنبەلییەکان دەفەرموون: دەربارەی نێرینە باڵغەکان ئیمام/خەلیفە سەرپشکە لـە کوشـــتنیان یان کۆیلەکردونیان یان ئازاد کردونیان بەرامبەر ماڵ و ســـامانی بێ بەرامبەر.. گرنگ ئەوەیە کە بەرژەوەندیی موسوڵمانانیان پێ بهێنێتە دی.

- حەنەفیەکان دەفەرموون: ئیمام/ خەلیفە ســـەرپشـــکە لە کوشـــتنیان یان کۆیلەکردونیان.. ئایەتەکەش مەنســـوخە و حوکمەکەی لادراوە بۆیە ئازادکردونیان بەشـــێوەیەکی گشـــتی جائیز نییە و حەڕامە. ئەمە بۆچوونی حەنەفیەکانە، بەڵام پێم وایە: [نووســـەر دەفەرموێ کە خۆشـــی زانایەکی حەنەفیە] مادام جیهان وازی لە کۆیلایەتی هێناوە ڕەوشـــتی ئێمە کە دەبێ ڕاقیتربێت زیـاتر ئـەوە دەخوازێـت کۆیلایـەتی دانـەمـەزرێنـەوە و هـان نەدرێت، ئەگەرچی بە جائیزیش بمێنێتەوە.. ئەوەی ئەم ڕێسایە دەخاتەوە گەڕ بەرژەوەندیی موسوڵمانانە.. ئەم باسە تەفسیلاتێکی ئێجگار زۆر و لقداری لە کتێبە شەرعیەکاندا هەیە.

### دەتوانین ئەم خاڵی شەشەمە ئاوا بە کورت و پوختی نیشانبدەینەوە:

١- لەســـەر موســـوڵمانان فەرزە تا لەتوانایاندا هەبێت کافران بهێننە ژێر دەســـەڵاتی خوای گـەورە و بە (ئیمان) و (ئەمان) ســـایەی شـــەرعیان بەســـەردا ڕابهێڵن. ئەمما ئەگەر لاواز و بێهێزبوون، یان توانایان لە توانای دەســـەڵاتی دوژمنەکە کەمتربوو، یان بەرژەوەندیی چاکتریان بۆ دەهاتە دیی؛ بۆیان هەیە ڕێکەوتنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ هێزە کوفرەکاندا بۆ ماوەی دیاریکراو ئەنجامبدەن. ئەوەش تەفسیلاتی خۆی هەیە.

٢- نابێت ئەهلی ئیسـلام یەکسەر هێرش بکاتە سەرکافران تا لە هەڵوێست وەرگرتنیان لە سێ

ڕەفتاردا ئاگادار دەکرێنەوە: موسـوڵمانبوون، جزیەدان یان ئامادەبوون بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی جەنگ و جیهاد.

٣- ئەگەر موسوڵمانبوون، ئەوە وەکو ئێمەیان لێدێت، ئەوەی بۆ ئێمەیە بۆ ئەوانیشـە، ئەوەی لەسـەر ئێمە ئەرکە لەسـەر ئەوانیش ئەرك دەبێت. ئەگەر ڕازیبوون جزیە بدەن، ئەوە تەنها جزیەیان لەسەر دادەنرێت و خۆیان و گیان و ماڵ و سامانیان لە ئەماندا دەبێت. ئەگەر شەڕیان هەڵبژارد، ئـەوە جـەنـگ و جیهـادیـان بـەرامبـەر بـەرپـا دەکرێـت، ئەگەر بەزێنران ئافرەت و منـداڵـەکـانیـان دەکرێنە کۆیلە و پیاوەکانیان دەکوژرێن یان دەهێڵرێنەوە، وەکو کۆیلە یان دیل ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرێت کە لە بەرامبەر ماڵ و سـامانێکدا یان بەبێ بەرامبەر ئازاد دەکرێن.. ئەگەر حوکمی کۆیلە کەوتە سەریان بەسەر سەربازانی سوپاکەدا دابەش دەکرێن، ئەوانەی کە لەو شوێن و کاتە جەنگ و جیهادەکەیان کردووە و سەرکەوتوون... ئەمما (دیلـ)ـەکانیان ئەوە لە دەست ئیمام/خەلیفە و بڕیاری ئەودایە.

ئەمما خاك و زەوی و زاریان ئەویش وەکو شەرعناسان دەفەرموون ئیمام/خەلیفە سەرپشکە لەوەدا کە بەسـەر سـەربازە سـەرکەوتووەکانیدا دابەشی دەکات، یان لە دەست خاوەنەکانیاندا دەیهێڵێتەوە و (خەراج) لەبەرهەم و حاسـڵاتیان وەردەگرێت... ئەمڕۆ لق و چڵێکی ئەم جۆرە باسـانە لە تەفسـیر و کتێبە فقهیەکاندا (چونکە لەسـەردەمی تۆمارکردنی ئەو ئەحکامانەدا ئەو هەموو دەرچە جۆربەجۆرە لە جەنگ و جیهادا دەبۆوە). دەیان لقە باسی تر لەوێدا هەیە کە ئێرە جێباسیان نییە، بۆ نموونە ئەگەر کافرەکان هێرشیان کردە سەر ناوچەی موسوڵمانان و شکێنران، حوکمی دەسـتکەوتەکان (غەنیمەت)یان چۆنە؟ ئەو کەسانەی وادەزانن بە کۆیلەکردنی کافران لەم سـەردەمەدا شـتێکی زۆر سـەخت و زەحمەتە، بەهەڵەدا چوون، بۆچی ئەوە بەسـەخت و زەحمـەت و دژوار نابینن کە ئەوانە هەموو ژیان و مردنیان لە کوفر و شـیرکدا بێت.. کامیان دژوارترە؟ بۆچی ئـەو کـەسـەی نـایـەوێ عـەبدێکی ملکەچی خوای خاوەن و کردگاری بێت نـەکرێتـە کۆیلـەی مرۆڤێکی تری وەکو خۆی؟! ئـەوە دەڵێین و ئـەوەش بـەیـاد دێنینـەوە کـە کۆیلایەتی لای موسـوڵمانان کەمتر و بە بەزەییترین دیاردەی کۆیلایەتی مێژوو بووە. ڕەفتاری کۆیلە و دیل لە ئیسـلامدا بە جوانترین شـێوەی بەرپرسـێتی دینی و ئەخلاقی ئەنجامدراوە،

ئەمەش لەبەرچاوبگیرێت کە ئیسلام کۆیلایەتیی دانەهێناوە، پێش ئیسلام دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سروشتی بووە و ئیسلام چارەسەری بنبڕانەی لە (تەدریجی) بۆ داناوە... ئەمە لەکاتێکدا کە ئیمام/خەلیفە لهو سەردەمانەشدا سەرپشك بووە لە بە کۆیلەکردن یان ئازادکردنەوەیاندا.. بێگومان لەم سەردەمەشدا ئەوە زیاتر ڕەچاو دەکرێت...

بەڵام باسەرنجێکی ڕەفتاری بە بەزەییانەی ئیسلام بدەین دەربارەی کۆیلە و دیل کە هەمووی سەرەنجامی شەڕوشۆڕ و جەنگی کۆنەوە هاتبوو ... شەریعەتی ئیسلام دەفەرموێت:

١- هەر ئافرەتێکی دەستگیرکراو دووگیان بێت بۆ کەس حەڵاڵ نییە بچێتە لای تا کۆرپەلەکەی دادەنێت، ئەوکاتەش دوای پاك بوونەوەی لە زەیستانی خاوەنەکەی دەتوانێت بچێتە لای.

٢- هیچ ئافرەتێکی دەستگیرکراو نادرێتە کەس تا لە دووگیانی نەبوونی دڵنیا نەبن. هەر ئافرەتێکیش دەدرێتە یەك پیاو، نەك زیاتر.

٣- دوای دابەشکردنی دیلەکان -گەورە و بچوك- بەسەر سەربازانی لەشکرەکەدا، هەر کەسەیان دەبێتە خاوەنی ئەوەی بەری دەکەوێت، کە دەبێت ئیتر وەکو خۆی و ئەندامی خێزانی خۆی خۆراك و پۆشاك و پێداویستیی تری ژیانیان بۆ دابین بکات و ئەرکی قورسیان نەخاتە سەر، وە مەرجیشە بە ڕەفتاری جوان و شیاو لەگەڵیاندا هەڵسوکەوت بکات. پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: (إخْوَانُكُمْ خَوَلُكُمْ جَعَلَهُمُ اللَّهُ تَحْتَ أيْدِيكُمْ، فمَن كانَ أخُوهُ تَحْتَ يَدِه، فَلْيُطْعِمْهُ ممَّا يَأْكُلُ، ولْيُلْبِسْهُ ممَّا يَلْبَسُ، ولَا تُكَلِّفُوهُمْ ما يَغْلِبُهُمْ، فإنْ كَلَّفْتُمُوهُمْ ما يَغْلِبُهُمْ فأعِينُوهُمْ)[1]، واتە: ئەوانە براتانن و بوونەتە سەرپەرشتیاریان، براتانن و خوای گەورە خستونیەتە بەردەستان، هەر کەسێك براکەی لەژێر دەستیدابوو با لەو خۆراکەی بداتێ کە خۆی دەیخوات و لەو پۆشاکەی لەبەر بکات کە خۆی دەیپۆشێت، زیاد لە تاقەتی خۆیانیان ئەرك مەخەنە سەر، هەر کارێکتان پێ سپاردن یارمەتییان بدەن تێیدا.

(١) بوخاری (٢٥٤٥)، موسلیم (١٦٦١) بە کەمێك جیاوازی.

٤- ناشێت لێبدرێن مەگەر لەسەر حەق، ئەویش هەروەکو لێدانی منداڵێکی خۆی دەبێت کە مەبەست لێی ئەدەبدانێتی، کە لە سنووری شیاوی خۆیدا دەبێت، هەر کەسێك بە ستەم و دەستدرێژی لێیبدرێت، دەبێت قازیی شەرع لەبەردەست خاوەنەکەی دەریبهێنێت و ئازادی بکات. لەم فەرموودەیەدا هاتووە: (كُنَّا بَنِي مُقَرِّن علَى عَهْد رَسول الله (صَلَّاللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) ليسَ لَنَا إلَّا خَادِمٌ وَاحِدَةٌ، فَلَطَمَهَا أَحَدُنَا، فَبَلَغَ ذلكَ النبيَّ (صَلَّاللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ)، فَقالَ: أَعْتِقُوهَا، قالوا: ليسَ لهمْ خَادِمٌ غَيْرُها، قالَ: فَلْيَسْتَخْدِمُوهَا، فَإِذَا اسْتَغْنَوْا عَنْهَا، فَلْيُخَلُّوا سَبِيلَهَا)[١]، واتە: ئێمەی تیرەی بەنو موقەررین لەسەردەمی پێغەمبەر (صَلَّاللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) هەر یەك خزمەتکار/کارەکەرمان هەبوو، یەکێکمان زللەیەکی لێدا، کە هەواڵەکەی گەیشتە پێغەمبەری خوا (صَلَّاللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) فەرمووی ئازادی بکەن. عەرزیان کرد کەسی تریان نییە کارەکەیان بکات. فەرمووی با خزمەتەکەیان بکات کە تەواو بوو لێبگەڕێن و ئازادی بکەن.

لەمەوەیە کە شەرعناسانی حەنبەلی فەرموویانە لێدانی کۆیلە دەبێتە هۆکاری ئازادکردنی.

٥- دەبێت ڕەفتارکردن لەگەڵ کۆیلەدا بەو سیفەتەی بێت کە مرۆڤێکی بەڕێزە نەك زەلیل و ژێر دەستە. پێغەمبەری خوا (صَلَّاللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) دەفەرموێت: (لَا يَقُولَنَّ أَحَدُكُمْ: عَبْدِي وَأَمَتِي، وَلَا يَقُولَنَّ الْمَمْلُوكُ: رَبِّي وَرَبَّتِي، لِيَقُلِ الْمَالِكُ: فَتَايَ وَفَتَاتِي، وَلْيَقُلِ الْمَمْلُوكُ: سَيِّدِي وَسَيِّدَتِي، فَإِنَّهُمُ الْمَمْلُوكُونَ، وَالرَّبُّ: اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ)[٢]، واتە: کەستان بە کۆیلە و کەنیزەکەکەی نەڵێ عەبدەکەم، ئەوانیش بە خاوەنەکانیان نەڵێن خاوەنم، با خاوەنەکەی بڵێ: کوڕی خۆم، کچی خۆم، ئەوانیش بڵێن گەورەم، چونکە ئێوە هەمووتان موڵکی خوای گەورەن و خوای گەورە خاوەنی هەمووانە.

٦- ئەمما ئەگەر ئافرەت ئەهلی کیتاب بوو، یان ئیسلامی قبوڵ کرد و موسوڵمان بوو خاوەنەکەی بۆی هەیە بچێتە لای یان بەشووی بدات، لەگەڵ ئەوەشدا موڵکایەتیەکەی دەمێنێت (مەگەر بکڕێتەوە)، ئەگەر بە شویدا بێگومان خۆی بۆی نابێت بچێتە لای، لە حاڵەتی یەکەمدا واتە: ئەگەر بە شووی نەدا و لای خۆی هێشتیەوە، دەبێت وەك خێزانی خۆی ڕەفتاری لەگەڵدا

---

(١) موسلیم (١٦٥٨).

(٢) بوخاری (٢٥٥٢)، موسلیم (٢٢٤٩)، ئەبو داوود (٤٩٧٥)، ئەحمەد (٩٤٥١) و لەفزەکەش هی ئەوە.

بکـات، ئـەگەر منداڵی لێبوو بۆی نییە بیفرۆشـــێتەوە، فرۆشـــتنەوەی لێ حەڕام دەبێت، ئەگەر خـاوەنەکەی مرد ئەویش ئـازاد دەبێـت (هەنـدێـك دەفەرموون بە منـداڵبوونەکەی مـافی ئازادبوونەوەی دێتە دەست).

7- هەر کۆیلەیەك ویســتی خۆی ئـازاد بکـات خۆی لە خاوەنەکەی دەکڕێتەوە، بەوەی کە داوای لێدەکات نرخێکی لەسەر دیاری بکات، تا ئەمی کۆیلەش پەیدای بکات و بیداتێ (ئەمە پێی دەوترێـت موکـاتەبە). ئەگەر ڕێکەوتن ئیتر ئیش دەکـات و پـارەی خۆی پەیـدا دەکـات و دەیـداتە خـاوەنەکەی و ئـاوا ئازادیی خۆی دەکڕێتەوە. خاوەن کۆیلە بۆی نییە ڕێ لە موکاتەبە بگرێت، مادام خێر و چاکەی بۆ کۆیلەکە تێدابێت.. بوخاری دەگێڕێتەوە: (أَنَّ سِيرِينَ سَأَلَ أَنَسًا الْمُكَاتَبَةَ، وَكَانَ كَثِيرَ الْمَالِ، فَأَبَى، فَانْطَلَقَ إِلَى عُمَرَ رَضِـيَ اللَّهُ عَنْهُ فَقَالَ: كَاتِبْهُ. فَأَبَى، فَضَـرَبَهُ بِالدِّرَّةِ، وَيَتْلُو عُمَرُ: ﴿فَكَاتِبُوهُمْ إِنْ عَلِمْتُمْ فِيهِمْ خَيْرًا﴾، فَكَاتَبَهُ)[1]، واتە: سـیرین (باوکی محمدی کوڕی سـیرین کە لە جەنگی مەیسـاندا لە دژی فارس کەوتبووە دەسـت ئەنەسی کوڕی مالیك خوا لێی ڕازی بێـت) کە کـابرایەکی دەوڵەمەنـدبوو داوای موکـاتەبەی لە ئەنەس کرد، ئەنەس ڕازی نەبوو، سـیرین چووە خزمەت سەیدنا عومەر خوا لێی ڕازی بێت، سەیدنا عومەر ئەنەسی بـانگکرد و پێی فەرموو موکـاتەبەی لەگەڵـدا بکە، ئەنەس ڕازی نەبوو، ســەیـدنـا عومەر بە دووڕەکەی (قامچی بوو لە ڕەگ و ریشـاڵی درەخت دروسـتکرابوو) پێیدا کێشا و ئەو ئایەتەی بەســەردا خوێندەوە: ﴿فَكَاتِبُوهُمْ إِنْ عَلِمْتُمْ فِيهِمْ خَيْرًا﴾ النور: ٣٣، واتە: موکاتەبەیان لەگەڵدا بکەن ئـەگـەر دیتتـان خێر و بـەرژەوەندیی ئەوان (کۆیلەکان)ی تێدایە، ئیتر ئەنەســیش موکاتەبەی لەگەڵدا بەست.

٨- بۆ یـارمـەتیـدانی ئـازادکردنی ئـەو کۆیلانـە خوای گەورە بە تایبەتی پشـــکێکی زەکاتی موسوڵمانانی بۆ ئەوان دیاریکردووە، هەروەها چەند ڕێگایەکی تر وەکو ئازادکردنی کۆیلەیەك لە کـەفـارەتی قـەتڵێکـدا، یـان لە کەفارەتی زیهاردا دەبێت کابرا کۆیلەیەك ئازاد بکات، هەروەها کـەفـارەتی ســوێنـدێك و شــکاندنی ڕۆژووی ڕەمەزان بە ســەرجێیی (جیماع)کردنی لەگەڵ

---

(١) بوخاری (٢٥٥٩).

خێزانەکەیدا.. زۆر ڕێگا هەیە کە کۆیلەی پێ ئازاد دەکرێت، ئەمە جگە لە هاندان لەسەری بە ئومێدی دەسکەوتنی پاداشتی زۆری لە لای خوای گەورە: ﴿فَلَا ٱقْتَحَمَ ٱلْعَقَبَةَ ﴿١١﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا ٱلْعَقَبَةُ ﴿١٢﴾ فَكُّ رَقَبَةٍ ﴿١٣﴾﴾ البلد: ١١ - ١٣، واتە: ئەدی بۆچی ئەرکە قورسەکە ناخاتە سەر شانی و ڕێگا سەختەکە ناگرێتە بەر، ئەگەر ڕاست دەکات و موسوڵمانە، تۆ چووزانیت ئەو ڕێگا سەختە چیە؟ ئەوە ئازادکردنی کۆیلەیە و قوتارکردنێتی لە کۆتی گەردن!

کاتێك مرۆڤ مەسەلەی ئازادکردنی گیراوەکانی جەنگ -لە پیاوان و ئافرەتان و منداڵان- دەخوێنێت و بە هەموو دید و یاساکانی تری مرۆڤایەتی (کۆن و نوێ)ی بەراوورد دەکات، دەبینێت ئەم چۆنییەتیەی ئیسلام دادپەروەرترین و ئاسانترینە، چونکە هیچیان بێکەس ناکەون و هیچیشیان ماف و ڕێزی مرۆڤایەتیان لە دەستنادەن و ناشهێڵێت ناخی پڕ بێت لە بوغز و قین و گیانی تۆڵە، بەڵکوو دەروازەی ئیسلامەتیی لەبەردەمدا بۆ واڵا دەکات و بە سۆز و ڕێزەوە دەستی دەگرێت کە ژیانی نوێی دەستپێبکاتەوە، ئاوا دەیکاتە تاکێکی شیاوی کۆمەڵگە و دەوڵەت و بە ڕێگاکانی ئازاد بوونیدا دێتە ناو بەرپرسیارێتیی ئاڕاستەی کۆمەڵگە و ئیدارەی دەوڵەتەوە.

لەم سەردەمەدا دیلی جەنگ -پیاوان و ژنان و زارۆکان- دەبینیت بە جۆرەها شێواز زەلیل دەکرێن و سووکایەتیان پێدەکرێت (لە کاتێکدا هەموو وڵاتێك یاسای جوانی بۆ ڕەفتارکردن لەگەڵ دیلی جەنگدا دارشتووە!)، دەبینیت بە ڕەفتاری زۆر خراپ و جۆرەها چۆنیەتی سووکایەتی و چەوساندنەوەیان لەگەڵدا دەکرێت و هیچ وڵاتێك ڕێگایان نادات ببنە هاوڵاتی ئەو وڵاتەی دیلی کردوون. کەسیش لەم سەردەمەدا هۆشی بۆ لای ئەوە ناچێت کە چۆن ئیسلام هەزاران دیلی جەنگی کرد بە هاوڵاتیی خۆی و گەیشتە ئاستی ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگە (بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەکو شەرعناسی و مەلایەتی) یان ئیدارەی دەوڵەتی ئیسلام (بە گرتنە دەستی پلەی قازێتی و والی و بەرپرسانی دارایی بەیتولمال و...) دەیانیشیان گەیشتنە سەرۆکایەتی دەوڵەت (وەکو مەمالیکەکانی میسر کە تا دووسەد و بیست ساڵ لەمەوپێش بۆ ماوەی زیاتر لە حەوتسەد ساڵ حوکمی میسر و حیجازیان کرد!).

ئەم ڕێگایانەی ئازادکردنی کۆیلە هەر مابوون (تا زەمانی هاتنی ئیستیعماری ڕۆژئاوایی) و

ئێستاش ماون، كە لەبەرژەوەندیی موسوڵمانان و كافرانە هەر بمێنێت، تا هەر كاتێك كۆیلەكاری دروستبووهوە ئەم ئەحكامانەش بخرێنەوە كار. چونكە زۆر كاروبار و كێشەی ناو موسوڵمانان هەیە كە هەبوونی كۆیلە یارمەتیدەری چارەسەركردنیانن.. لەوانە:

أ- ئەوی نەیتوانی بە هۆی گرانی و بەرزی و زۆریی مارەییەوە هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتی سەربەستدا پێك بهێنێت، دەتوانێت لەگەڵ كەنیزەكێكدا ژیانی هاوسەرێتی خۆی دابمەزرێنێت كە خۆی گرتویێتی یان بەریكەوتووە یان كڕیویەتیەوە.

ب- ئافرەتی كەنیزەك فەرز نییە لەسەری وەكو ئافرەتی سەربەست خۆ داپۆشێت، بە گشتی ئەوەی لەسەرێتی دایپۆشێت لە سنگیەوەیە تا خوار ئەژنۆی، مەگەر مەترسی خراپەكاری لێكەوتنەوە زۆر بێت و پێی بوترێت زیاتر داپۆشێت. بێگومان لە كۆمەڵگە و ئیدارەی دەوڵەتیشدا زۆر بوار هەن كە تەعینكردنی ئەم ئافرەتانە بەو شێوەیانەوە دەخوازێت، وەك لە ئافرەتی باڵاپۆشی ئاودامان - خوای گەورە ئاماژە بە هاوسەرگیری لەگەڵ ئەمانەدا دەكات كە دەفەرموێ: ﴿وَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ مِنكُمْ طَوْلًا أَن يَنكِحَ الْمُحْصَنَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ فَمِن مَّا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُم مِّن فَتَيَاتِكُمُ الْمُؤْمِنَاتِ ۚ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَانِكُم ۚ بَعْضُكُم مِّن بَعْضٍ ۚ﴾ النساء: ٢٥ واتە: هەر كەسێكتان لە توانایدا نەبوو ئافرەتی سەربەستی موسوڵمان بخوازێت بۆی هەیە لەو كەنیزەكە ئیماندارانە بخوازێت كە لەبەر دەستتاندان، خوای گەورە ئاگای لە ئیمانداریێتی هەمووتان هەیە. ئێوەی ئیماندار هەمووتان هەر لە یەكن و هی یەكن. پاشان دەفەرموێ: ﴿يُرِيدُ اللَّهُ لِيُبَيِّنَ لَكُمْ وَيَهْدِيَكُمْ سُنَنَ الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ وَيَتُوبَ عَلَيْكُمْ ۗ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٢٦﴾ وَاللَّهُ يُرِيدُ أَن يَتُوبَ عَلَيْكُمْ وَيُرِيدُ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الشَّهَوَاتِ أَن تَمِيلُوا مَيْلًا عَظِيمًا ﴿٢٧﴾﴾ النساء: ٢٦ - ٢٧، واتە: خوای گەورە دەیەوێت بۆتان ڕوون بكاتەوە و ڕێباز و بەرنامەی ئەوانەتان نیشانداتەوە كە پێش ئێوە بوون و چوون، خوای گەورە دەیەوێت لە گوناحتان خۆشببێت بەوەی تۆبەكردنتان قبووڵ بكات. خوای گەورە زانا و دانایە، خوای گەورە دەیەوێت پەشیمانبوونەوەكانتان بگرێتە خۆی، بەڵام ئەو كەسانەی هەوا و هەوەس پەرست و ئەهلی فەسادكاریین دەیانەوێت زۆر دژوارانە لە ڕێ لاتاندەن و گومڕاتان بكەن.

ئەو کۆمەڵگەیەی کە هەموو تاکێکی ڕێگای زیناکردنی لەبەردەمدا والایە پێویستی بە هەبوونی کەنیزەك نییە، ئەوە کۆمەڵگەی پاك و داوێنپاکی ئیسلامییە کە پێویستی پێیەتی کە تاکەکانی نایانەوێت بە ڕێگای غەیری حەلاڵی خۆیان ئارەزووی جنسییان تێر بکەن.

لەم سەردەمەدا کە کۆیلە نەماوە و ناشێت کەسێکی ئازاد بکرێتە کۆیلە و کەنیزەك، ناشێت کەسێك لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا کەسانێکی تر بکات بە کۆیلە و کەنیزەك مەگەر وەکو جاران جەنگ و جیهاد بکەوێتەوە نێوان موسوڵمانان و کافرانەوە، کە ئەو کاتە بۆمان دەبێت لە جەنگیاندا پیاوەکانیان بکوژین (هەر وەکو کە ئەوان پیاوان و ژنان و زارۆکی ئێمە دەکوژن)، ئەوی ئەگەر ئافرەت و زارۆکیان کەوتنە بەر دەستمانەوە دەبێ چۆن ڕەفتاریان لەگەڵدا بکەین؟ کەسێك دەڵێ: جا با دەوڵەت بەخێویان بکات.[1] دەڵێین: لەبەرامبەر چییدا؟ هەر وا لە خۆڕا ژن و منداڵی کافران بەخێو بکەین (کە موسوڵمانانی هەزار لە برساندا دەمرن؟)! یان دەبێ بەخێویان بکەین بەڵام لەبەرامبەر کار و خزمەتێکدا کە دەیکەن؟ ئەگەر کار و کەسابەتیان بۆ مسۆگەر بکرێت ئەدی ژیانی هاوسەرگیری ئافرەتەکانیان و تێرکردنی حەزی جنسیان چۆن دەبێت؟ خۆ حەتمەن ڕێگای لەشفرۆشیی پێ نادرێت. حاشا وە لیللا ئەهلی ئیسلام ڕێگا بەو خراپەکارییە نادەن. بۆیە دەڵێین باشترین چارەسەرکردنی حاڵەتەکە ئەوەیە کە ئافرەت و منداڵەکان وەکو کۆیلە بدرێنە جەنگاوەرەکان کە گرتوویانن، کە دەبێ ڕەفتاری موسوڵمانانەیان لەگەڵدا بکەن و ڕێگای ئازادکردنیشیان لێ نەگرن. ئاوا کێشەکە سووك و لەبار چارەسەر دەکرێت و خراپەکاریی لێناکەوێتەوە. ئەمە لە کاتێکدا کە ئیسلام چەندین ڕێگای ئازادی و گەڕانەوەیانی بۆ وڵاتانی خۆیان خستوونەتە بەردەست، وەکو پارەدانی کەسوکاریان، یانە لێبوردنی گشتی و تایبەتیی ئیمام/خەلیفە یان خۆکڕینەوەیان بە موکاتەبە و هەروەها..

لە کۆتایی ئەم حاڵەتەدا پێویستە ئاماژە بە لایەنێکی گرنگ و کاریگەریی ئەم باسە بکەین:

---

(١) ئەمریکای تاغووت کە عێراقی داگیرکراوی (لە ٢٠٠٣-٢٠١١) بە جێ هێشت دوو ملیۆن بێوەژن و چوار ملیۆن هەتیوی تێدا بەجێ هێشت کە لە سەرەنجامی شەڕە کاولکارانەکەی و دە ساڵی پێشتری گەمارۆدانە ئابووریەکەی درووست بووبوون، چما ئەمریکاییەك وتی با نرخی تۆپ و ساڕووخ و گوللەکانیان لێنەسێنینەوە کە پیاوەکانیانمان پێ کۆشتووە؟!! چ جای قەرەبوو کردنەوەی وێرانکاری و یارمەتیدان... چ جای بەخێوکردن!!

له غەیری ئیسـلامدا سزای کەسانی پلە نزم گەورەتر و زۆر و سەختترە لە سزای باڵادەستان یان پلە باڵایان، بەڵام لە ئیسـلامدا سـزای پلە نزمانی وەکو کۆیلە و کەنیزەك کەمترە لە سـزای کەسـانی سـەربەست، سزای کۆیلە و کەنیزەك نیوەی سزای کەسانی سەربەستە، هەر وەکو کە ئەرکی سـەرشـانی کۆیلە و کەنیزەك –لە فەرز ە شـەرعییەکاندا– کەمترە لەوەی لەسـەر شـانی سـەربەسـتەکانە. بۆ نموونە نوێژی هەینی لەسـەر سـەربەستەکان (پیاوان) فەرزە، بەڵام لەسەر کۆیلە فەرز نییە، هەروەها حەجکردن.. یان ئافرەتی موسـوڵمان دەبێت باڵاپۆش بێت و هەندێك شـەرعناسـان دەفەرموون هەموو گیانی عەورەتە و دەبێت داپیۆشـێت، بەڵام داپۆشینی کەنیزەك وەکو وتمان لە سـنگیەوەیەتی تا خوار ئەژنۆی، دیسـان بۆ زیاتر جەخت کردنەوە دەڵێین: دیمان کە ئیمام/خەلیفەی موسـوڵمانان لە هەڵوێسـتیدا لە دیلەکان سـەرپشـکە لە: کوشـتنیان، لە بە کۆیلەکردنیـان، یـان ئـازادکردنیـان بـەرامبـەر برە سـامـانێـك یـان بێ بـەرامبەر. ئەمما ئەگەر ئیمام/خەلیفە لەم سـەردەمەدا کە دەبینێت جیهان کۆیلایەتیی حەڕام کردووە و ئیسـلامیش لە ئەسڵدا بۆ ئازادکردنی مرۆڤایەتی هاتووە و دەیەوێت خەڵکی سەربەست و ئازاد بن و تا کافران قسەیان بە سەرماندا زاڵ نەبێت، خەلیفە بۆی هەیە هەڵوێستێکی تری غەیری بە کۆیلەکردنیان هەڵبژێرێت، کە فەتوای شەرعناسانیشی لەسەرە[١].

زۆر کەس لە پاڵنەری رق و قین و بوغزاندنی ئیسلامەکە مەسەلەی شیاوێتی کۆیلەکردن یان بنبڕ نەکردنی لە لایەن ئیسـلامەوە دەکەنە گومانێك و ڕەواجی پێدەدەن، دەنا ئەگەر لە ڕاسـتیدا وردەکـار و بێ لایەنانە ئەحکامی ئیسـلام دەربارەی کۆیلە بە یاسـا و ڕێسـای کۆن و نوێی دەسەڵاتدارانی تر بەراورد بکەن دەبینن دید و هەڵوێستی ئیسلام زۆر پارسەنگ و دادپەروەر و ئاسـانکارترە وەك لە دید و هەڵوێسـتی غەیری ئیسـلام. هەروەها لە هەموو دید و هەڵوێسـت و ئەحکامێکی دیلدا..

هەر سەرپێیانە بڕوانە ڕووس چییان بە دیلە ئەڵمانیەکان کرد، یان ئەڵمانیەکان چییان بە سەر دیلی وڵاتـانـدا هێنا کە دەکەوتنە دەسـتیان؟! یان هەر یەکێك لەو وڵاتانەی تری بەشـدار لە

(١) هەموو وڵاتان یان گۆڕینەوەی دیل بە دیل دەکەن، یان دیل بەرامبەر ئاشتی و ئەمان یان دیل بەرامبەر بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووری دەگۆڕنەوە.

جـەنگی یـەکەم و جەنگی دووەمی جیهاندا -بزانە هەر یەکەیان چییان بە ســەر دیل دەهێنا-، ڕەفتاری (باشــترین) دەوڵەتیان نەگەیشــتووەتە سـێیەکی ڕەفتاری موســوڵمانان بەرامبەر دیلی فارس و ڕۆم لەسـەردەمی یاوەران و تابیعین و دواتردا، ئەمە لە کاتێکدا کە ئیســلام کۆیلایەتیی هـان نـەداوە، بـەڵکوو کـەمی دەکردەوە و ئازادکردنی بۆ بەرامبەریانی هان دەدا، کە ئازادیش دەبوون لە کۆمەڵگە موسوڵمانەکەدا دەمانەوە و ماف و ئەرکیان وەکو هاوڵاتیانی تری لێدەهات.

ئاوا دەبینین کە ئیسلام ئەحکامی ئاسان و سەڵاحیەتی زۆری خستۆتە بەردەستی بەرپرسانی دەوڵـەتـەکەی تا دەق و واقیع وردەکارانە ڕەچاو بکەن و ئەوەی لەبەرژەوەندیی موســوڵمانانە بیگرنە بەر، ئاوا دەوڵەتی ئیسـلامی دەتوانێت وەڵامدەرەوەی پێداویستیی کات و شوێنی هەموو نەوەیەکی مرۆڤایەتی بێت، بە شـێوەیەك کە نەشێت غەیری موسوڵمان لە ئێمە ڕەوشت بەرزتر و ڕاقیتر ڕەفتار بکات.

*****************

## بڕگەی دووەم:

## مرۆڤ نێرە یان مێ:

### خاڵی یەکەم: ئافرەت وەکو پیاوە و کەسایەتیی خۆی هەیە:

خەڵکی لە پێش ئیسلامدا (لە جاهیلیەتی فارس و ڕۆم و جاهیلیەتی عەرەبیدا) لە موناقەشەی ئەوەدا بوون کە:

- ئایا ئافرەت مرۆڤە یان غەیرە مرۆڤە؟

- ئەگەر مرۆڤە، ڕۆحی هەیە یان هەر زیندەوەرێکە وەکو زیندەوەرانی تری غەیری مرۆڤ؟

- ئەگەر ڕۆحی هەیە، ڕۆحی پاکە و چاکسازە یان پیسێکی شەیتانیی شەڕخوازە؟

- زۆر لە دیندارەکانیشیان (تا سەد ساڵ لەمەوبەریش) دەیانوت شیاوی ئەوە نییە بیبەیتە ریزی پیاوانی کڵێساوە، چونکە ئەرکی بانگەوازی دینداریتی لەسەر پیاوانە نەك لەسەر ئافرەتان.

- دیندارانی جوولەکە و دیانەکان دەیانوت هەموو مرۆڤێك بە گوناحباری لە دایکدەبێت (چونکە حەووا سێوەکەی خواردووە و هەموو وەچەکانی بەو گوناحەوە دێنە دونیا)، بۆیە دەبێت خۆی پاك بکاتەوە.

لە کاتێکدا کە ئیسلام لە یەکەمین ڕۆژی هاتنیەوە بە دید و هەڵوێست بە قییەم و ئەحکام ئەوەی کردە بڕیاری شەرعی کە:

١- ئافرەت لە سیفەتی مرۆڤایەتیانەیدا بە تەواوی وەکو پیاوە و جیاوازیان نییە. خوای گەورە فەرمووی: ﴿أَنِّي لَآ أُضِيعُ عَمَلَ عَٰمِلٖ مِّنكُم مِّن ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰۖ بَعۡضُكُم مِّنۢ بَعۡضٖۖ﴾ آل عمران: ١٩٥، واتە: من کار و ڕەنجی کەستان بە هەدەر نادەم و پاداشتتان لەسەری دەدەمەوە، هەموو لایەکتان: نێرینە و مێیینەکان کە هەمووتان لە یەکترین. هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ﴾ النساء: ١، واتە: خوای گەورە لە ئادەم و حەواوە پیاوان و ژنانی زۆری خستەوە.

پێغـەمبەری خواش (صَلَّى‌اللَّهُ‌عَلَيْهِ‌وَسَلَّمَ) دەیفەرموو: (إِنَّمَا النِّسَــاءُ شَــقَائِقُ الرِّجَالِ)[1]، واتە ئـافرەتـان نیوەکەی تری پیاوانن. واتە بە هەردوو لایان یەکە مرۆییەکە کە خێزانە پێکدەهێنن و هەردووکیان وەکو یەکن.

٢- ئافرەت لە دیدی ئیسلامدا وەکو پیاو ئەرکی لەسەر شانە و بەرپرسێتی لە ئەستۆدایە. بۆیە خوای گـەورە هـەر ئـەوەندەی نییە بفەرمویَ: موسـوڵمانان، کە بێگومان ئافرەت و پیاوانیش دەگرێتەوە؛ بەڵکوو لە ماف و ئەرك و بەرپرسێتیاندا وەکو یەك بە سیفەتی هاوبەشیان یەکسانیان دەکـات، وەك دەفـەرمویَ: ﴿ إِنَّ ٱلْمُسْلِمِينَ وَٱلْمُسْلِمَٰتِ وَٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ وَٱلْقَٰنِتِينَ وَٱلْقَٰنِتَٰتِ وَٱلصَّٰدِقِينَ وَٱلصَّٰدِقَٰتِ وَٱلصَّٰبِرِينَ وَٱلصَّٰبِرَٰتِ وَٱلْخَٰشِعِينَ وَٱلْخَٰشِعَٰتِ وَٱلْمُتَصَدِّقِينَ وَٱلْمُتَصَدِّقَٰتِ وَٱلصَّٰٓئِمِينَ وَٱلصَّٰٓئِمَٰتِ وَٱلْحَٰفِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَٱلْحَٰفِظَٰتِ وَٱلذَّٰكِرِينَ ٱللَّهَ كَثِيرًا وَٱلذَّٰكِرَٰتِ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا ﴿٣٥﴾ ﴾ الأحزاب: ٣٥، واتـە: موسـوڵمـانـە نێرینەکان و موسـوڵمانە مێینەکان، ئیمانداره نێرینەکان و ئیمانداره مێینەکان، ملکەچە نێرینەکان و ملکەچە مێینەکان، ڕاسـتگۆ نێرینـەکـان و ڕاسـتگۆ مێینـەکان، بە ئارام و خۆگرە نێرینەکان و بە ئارام و خۆگرە مێینەکان، گوێڕایەڵ و بۆ خوا سـوڵحاوە نێرینەکان و گوێڕایەڵ و بۆ خوا سـوڵحاوە مێینەکان، خێرۆمەندە نێرینەکان و خێرۆمەندە مێینەکان، ڕۆژووەوانە نێرینەکان و ڕۆژووەوانە مێینەکان، داوێنپـاکـە نێرینـەکـان و داوێنپـاکـە مێینەکان و زیکرەوانە نێرینەکان و زیکرەوانە مێینەکان، خوای گـەورە بۆ هـەر یـەکێکیـان لێخۆشـبوونی خۆی و پـاداشـتێکی زۆرتر و مـەزنی بۆ دیاریکردوون.

هەروەها دەفەرمویَ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا جَآءَكَ ٱلْمُؤْمِنَٰتُ يُبَايِعْنَكَ عَلَىٰٓ أَن لَّا يُشْرِكْنَ بِٱللَّهِ شَيْـًٔا وَلَا يَسْرِقْنَ وَلَا يَزْنِينَ وَلَا يَقْتُلْنَ أَوْلَٰدَهُنَّ وَلَا يَأْتِينَ بِبُهْتَٰنٍ يَفْتَرِينَهُۥ بَيْنَ أَيْدِيهِنَّ وَأَرْجُلِهِنَّ وَلَا يَعْصِينَكَ فِى مَعْرُوفٍ فَبَايِعْهُنَّ وَٱسْتَغْفِرْ لَهُنَّ ٱللَّهَ ﴾ الممتحنة: ١٢ واتـە: ئـەی پێغـەمبـەری خوا، ئـەگـەر ئـافرەتە ئیماندارەکان هاتنە خزمـەتـت تـا بەیعەتت بدەنێ کە بە هیچ شـێوەیەك هاو بەش بۆ خوای گەورە دانانێن و دزی

[1] (١) ئەبو داود (٢٣٦)، ترمزی (١١٣) و ئەحمەد (٢٥٦/٢) بە کەمێك جیاوازییەوە، شـێخی ئەرنائوط لە (تخریج سـنن أبي داود) دەفەرموێت: (حسن لغیره)، شێخی ئەلبانیش لە (صحیح الترمذي) بە سەحیحی داناوە.

نـاكەن و زینا ناكەن و كۆرپەلەكانیان لە بار نابەن و بوختان بۆ كەس ناكەن و پەیمانت دەدەنێ كە سـەرپێچی فەرمانەكانت كە هەموویان لە چاكە و چاكسـازیدان ناكەن، تۆش بەیعەتەكەیان لێ وەرگرە و داوای لێخۆشبوونیان لە خوای گەورە بۆ بكە.

٣ - لە ئیسلامدا دەشێت ئافرەت بە سەرڕاستی و دینداریتی و تەقواكاری لە پیاوان چاكتر و لە پێشـتر بێت و پلە و پایە و پاداشـتی لای خوای گەورە زیاتر بێت (چونكە بەڕێزترین كەس لای خوای گەورە ئەو كەسـەیە كە بە تەقواترینە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ﴾ الحجرات: ١٣.

٤- ئافرەت كەسایەتیی سەربەخۆی خۆی هەیە، كە دەبێتە خاوەن موڵك و ئازادە لە چۆنییەتی ڕەفتـاركردنی بـە موڵكـەكـەیـەوە. ئافرەت لەم سـەربەخۆییەی خۆیەوە بووە كە لە بازرگانی و مامەڵەدا كڕیوێتی و فرۆشـتوێتی و سەربەستبووە لە هەڵبژاردنی هاوسەرێتی و ڕەفزكردنەوەیدا، كەس لەسـەرپەرشـتیار و كەسـوكار و خزمانی بۆی نییە -بە بێ ڕەزامەندی خۆی- بە شـووی بدات مادام باڵغە و پێگەیشتووە و هاوسەرگیرێتی دەزانێت چییە. ئافرەت لە بواری تری ژیاندا وەكو پیـاو خـاوەن ڕا و بۆچوونە و ڕاوێژی پێدەكرێت، موناقەشـە دەكات و دید و ڕا ئاڵوگۆڕ دەكـات، میرات وەردەگرێت و میراتی دەكەوێت. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿لِّلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِّمَّا ٱكْتَسَبُوا۟ ۖ وَلِلنِّسَآءِ نَصِيبٌ مِّمَّا ٱكْتَسَبْنَ ۚ﴾ النسـاء: ٣٢ واتـە: پیـاوان خـاوەن بەرهەمی ڕەنج و هەوڵی خۆیـان و ئـافرەتـانیش خـاوەن بـەرهـەمی ڕەنج و هـەوڵی خۆیـانن. بۆ جودابوونـەوەی هاوسـەرگیریشی دەفەرموێ: ﴿فَإِنْ أَرَادَا فِصَالًا عَن تَرَاضٍ مِّنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا ۗ﴾ البقرة: ٢٣٣، واتە: ئەگەر هەردوو هاوسـەرەكە (ژن و مێرد) دوای ڕاوێژكاری و ڕازیبوونیان ویستیان مناڵەكەیان زووتر لە شیر بگرنەوە؛ بۆیان هەیە و بە هیچ شێوەیەك گوناحیان ناگاتێ.

٥- ئافرەت مافی خۆی هەیە لە فێرخوازی و فێركاریدا و ئەوانەی لەسەر پیاو فەرزی عەینن بیزانێت (دەربارەی دینەكە) لەسەر ئافرەتیش فەرزە و دەبێ فێری ببێت.

٦- ئافرەتیش مافی كاری هەیە، لە بواری كاسـبی و مامەڵەدا بێت یان بواری تری وەزیفە و نووسـین مادام لە چوارچێوەی شـیاوێتی شەرعی و توانا و بواری خۆیدا بێت، كە دواتر باسی

دێت ان شاء الله.

## خاڵی دووەم: ئافرەت تایبەتمەندیی خۆشی هەیە:

لە هەمان کاتدا کە ئەوە بەڵگەنەویستە کە ئافرەت و پیاو لە ماف و ئەرکی مرۆڤیدا یەکسانن، بەڵام بە تەئکید ئەوەش بەڵگەنەویستە کە پێکهاتەی هەر یەکێکیان لەوی تریان لە هەندێك لایەنەوە جیاوازە، خوای گەورەش دەفەرموێ: ﴿وَلَيْسَ ٱلذَّكَرُ كَٱلْأُنثَىٰ﴾ آل عمران: ٣٦، واتە: نێرینە وەکو مێیینە نییە. ئافرەت جیاوازە لە پیاو لە زۆر لە پێکهاتەکانی بەدەنییدا، لە پێست و سێڵیدا، لە دەنگ و کار و ئەرکی بەشەکانی مێشکیدا، لە هەندێك گلاند و هۆرمۆنییدا، لە سووڕی مانگانە و دووگیانییدا، کە کۆرپەلەیەك لە پزدانیدا بۆ ماوەی نۆ مانگ گەشە پێدەدات و کە دەشیبینێت هەر ئەو شیری دەداتێ و بە خەمیەوە دەبێت و ڕاستەوخۆ هەموو سەرپەرشتیارییەکی دەکات. بە تایبەتی کە بەچکەی مرۆڤ لە بەچکەی هەموو گیانلەبەرێکی تر زیاتر بەخێوکردنی دەوێت، چونکە زۆر درەنگتر لە بەچکەی گیانلەبەرانی تر دەگاتە ئەو تەمەنەی ئیعتیماد بکاتە سەر خۆی و سەربەخۆ بێت، زۆرینەی ئافرەتیش هێشتا منداڵەکەی نەکەوتۆتە سەر پێی خۆی کە دووگیان دەبێت و خەمی یەکێکیتریشی دێتە بەر.

ئەمە هەموو ئەرکی قورسی دایکەکەیە، ئەرکی مێردەکەی لە مەسەلەی منداڵ بوونەکەیاندا ناکاتە کاتێکی زیاتر لە چەند چرکەیەك کە تۆوەکەی تێدا بڵاودەکاتەوە و ئیتر لەوەودوا هەموو کارە قورسەکە دەکەوێتە کۆڵی دایکەکە.

## خاڵی سێیەم: هەبوونی حەزی جنسی زەرووڕەتی مانەوەی توخمی مرۆڤە:

ئەوەش بەڵگەنەویستە کە دابەشبوونی توخمی مرۆڤ بۆ نێر و مێ یاسا و ڕێسای سرووشتی گیانلەبەرانە کە لە هەموویاندا توخمی نێر و توخمی مێ هەیە، کە پاڵنەری حەزلێکردنیان دەبێتە هۆکاری سەرەکی زیادبوونی توخمیان، هەر ئەوەشە کە لە هەموو گیانلەبەرانی تردا دەبینرێت، ئاژەڵ بن یان ڕووەك، لە هەمووشیاندا نێر و مێ پێکدەگەن و جووتبوونیان دەبێتە هۆی هێلکەی

پیتێنراو و بـەچکـەی توخمیـان، ئـاوا نـەوە بەنەوە دەمێننەوە و زیاد دەکەن، ئەگەر ئەم حەز و جووتبوونـە نـەبوایـە هـەموو توخمـەکـان لـە نـەوەی یـەکـەمیـان تێنـەدەپـەڕین و وەچـەیـان لێنـەدەکـەوتـەوە، لـەم ڕوانگـەوەیـە کـە دەبینن لـە دینـدا پـەیوەنـدی خێزانی بریتییە لە ژیانی هاوسـەرێتیی پیاو و ئافرەت، نەك پیاو و پیاو یان ئافرەت و ئافرەت (وەکو لە ١٩٨٣وە ڕۆژئاوا دەیەوێت بە ناوی گۆڕینی یاسـای جێندەرەوە (خێزان)ی هاوتوخمیش بکات بە یاسـایی!). ئیسـلام بـە هیچ کلۆجێك ڕێگا بەوە نادات، نەك هەر لە ناو موسـوڵماناندا بەڵکوو لە هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، چونکە ئەوە قڕانی مرۆڤایەتی و لە بن هاتنی وەچەیەتی!

## خاڵی چوارەم: بەچکەی مرۆڤ پێویستیی زۆرتری بە دایك و باوکێتی:

لەو کـاتـەدا کـە مرۆڤیش وەکو ئاژەڵ و ڕووەك توخمی نێر و مێی خۆی هەیە، بەڵام توخمی مرۆڤ لە توخمی گیانلەبەرانی تر جیاوازە، خاڵی زۆریان لە نێواندایە، بەچکەی گیانلەبەرانی تر ماوەیەکی کەم لە ژێر سـەرپەرشـتیارێتی دایکیاندا دەبن و زوو دەکەونە سـەر پێ و ئیعتیماد دەکـەنـە سـەر خۆیـان، بەڵام بەچکەی مرۆڤ چەندەها سـاڵی تووڵانیی بە هەموو شـەو و ڕۆژەکانیەوە دەوێت و لەو ماوە زۆرەدا پێویسـتی بە دایك و باوکی دەبێت، ئەگەرچی بە دایکی زۆرتر، چونکە ژیانی مرۆڤ ئاڵۆزتر و چڕ و پڕترە و دەبێت بەچکەی مرۆڤ سەدان لایەنی ژیان فێر ببێت ئەوجا دەتوانێت سـەربەخۆ بێت، کە لەوانەیە ئەمە پازدە سـاڵی بوێت، بێگومان ئەمە تێکڕایەکە دەنا کەسـانی وا هەن لە سـێزدە سـاڵییەوە -لە هەردوو توخمەکە- دەتوانن سەربەخۆ ببن، هەر وەکو کە کەسـانی وا هەن لە هەژدە سـاڵیش پێویسـتیان بە دایکیانە! بەڵام بێگومان کوڕ و کچ هەردووکیان تا پازدە سـاڵانە پێویسـتی سـەرەکیان بە دایك و باوکیانە تا ئەزموونی ژیانیان فێرکەن و لە هەموو پێداویستیەکی ژیانیان حاڵی بکەن.

ئەو کەسایەتیەی لەسەرەتاوە تا پێگەیشتن دایك و باوك پەروەردەیان نەکردووە لای یەکێکیان گۆشـکراوە؛ بە شـێوەیەکی گشـتی پارسـەنگی تەواو نییە و زۆریشیان لاسەنگ دەردەچن، لەم ڕوانگەشـەوەیە کە ئیسـلام بایەخێکی ئێجگار زۆری بە مێردێتی و باوکێتیی پیاوان و ژنێتی و دایکێتیی ئافرەتان و پاراسـتنی پارسەنگی خێزان داوە و سەدان ئەحکامی بۆ خێزان پاراستن و

بەرژەوەندی منداڵەکان داڕشتووە.

## خاڵی پێنجەم: هاوسەرگیرێتی زەروورەتێکی ژیانە:

هـاوسـەرێتی لـە هـەموو لایەکەوە زەروورەتە و لە دیدی ئیسلامەوە تەنها پەیوەندییەکی ماقووڵی ئافرەت و پیاوی نامەحرمی یەکترن کە بە مارەکردن دەبنە حەلاڵی یەکتری و شیرازەی خێزانییـان پتـەو دەبەسـتن. خێزانیش بە هەردووکیان (ژن و مێرد) پارسـەنگ و بەختەوەر و بەسوود دادەمەزرێت.

ژن بە تەنها ناتوانێت -بە بێ مێردەکەی- لە هەموو لایەنێکەوە سـەرپەرشـتیاری منداڵەکانی بێت، چ لە بەخێوکردن و دابینکردنی خۆراك و پۆشـاك و سـوکنا و دەرمانیانەوە، چ لە لایەنی ئاڕاستە و پەروەردە و چاوێری ناو ماڵ و دەرەوەیانەوە، بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە بە کۆرپەلەی ترەوەیە و دووگیانە. هەر لەسەرەتای دووگیانییەوە خۆی پێویستی بە سەرپەرشتی و چاودێری و خزمەتکردنە، چ جای ئەوەی ڕۆڵی دایك و ڕۆڵی باوکیشـی پێ بسپێردرێت، تا منداڵەکانیشی گەورەتر ببن، کۆڵی خەم و ئەرکی ئەویش گەورەتر و قورسـتر دەبێت و زۆر زەحمەتە لە دوای باڵغبوونیان ئەم دەرەقتیان بێت و داخوازییان پارسـەنگانە بهێنێتە دی، لە ماوەی زەیسـتانی و نەخۆشـی خۆیدا لە تاو خۆی و ئازاری خۆی ئەگەر هۆشـی لە منداڵەکانی نەبڕێت زۆریش ناپەرژێتە سـەریان و ناتوانێت بە تایبەتی منداڵی بچووکی کە پێویسـتی سات بە ساتیان پێیەتی، هەر یەکێکیان سـەرپەرشـتیارێکی دەوێت! ئیتر چۆن ئافرەتێك بە تەنها -هەر چەندە بەتواناش بێـت- دەپـەرژێتـە سـەر دووەم و سـێیەم و چوارەمیان کە وەکو باخچەی سـاوایانیش نین هاوتەمەنی یەکتری بن و داخوازی و چۆنیەتی ئاڕاسـتەیان یەکسان بێت! لەم حاڵەتە سەختەدا ئافرەت چۆن دەتوانێت کار و کاسـبی دەرەوەش بکات؟! کار و کاسـبی دەرەوەش بۆ لێبڕانی دەوێت، شـەڕە پاڵ و ململانێیەکی ترە، ناشـکرێت دایکێك بۆ مووچە و کرێ خانوو لێبڕێت و منداڵەکانی ئیهمال بکات و یان بیانداتە دەست کەسانیتر، کەس وەکو خۆی دڵسۆزیان نابێت، دڵسـۆزیشـیان بن حەوسـەڵەی ئەوانیان نابێت و تەحەمولی کێشـەکانیان ناکەن، کێشـەی نەوەکانی مرۆڤیش نەوە بە نەوە دەگۆڕێن و کێشـە کۆنەکانیش دەمێنن و کێشـەی داهێنراوی

نوێشــیـان دێتـە پاڵ!! ناشــکرێت لەم حاڵەتانەدا دایکێکی وا وەل کرێت، چونکە ئەویش لە ڕەنجـدان دەکەوێت و دەســوێت، ناچار دەبێت هەندێك لە منداڵەکان -کە گەورە دەبن- بەرەڵا بکات!! ئەوەش سەرهەڵدانی زیاتری تاوانکاری لە ناو کۆمەڵگەدا لێدەکەوێتەوە، هەزار دایکی ڕەنجـدەری ئاوا وەل بکرێت، هەزاران تاوان ڕوو دەدات.. ناشــکرێت لەولاوە پیاوانێکی تری وەکو مـام و خـاڵ و دراوســێ و خزمە دوورەکانی منداڵەکان ئەو ئەرکەیان بخرێتە ئەســتۆ! ئەوانیش دەڵێن ناچار نین ئەو بەرپرسێتیە هەڵگرین، ئەوی خاوەن خێزانە دەڵێ خێزانی خۆمم لـە ئـەســتۆدایە، ئەوی ڕەبەنە دەڵێ من خێزانم بۆ خۆم پێکەوە نەناوە ئیتر بۆچی ناز و نووکی ژنێکی تر و هەرا و هۆریا و کێشەی منداڵانی کەسانی تر بخەمە ئەستۆم؟! خۆمیش کە بووم بە خاڵ، بە مام بە خزم، بە دراوسێ سەرپشك نەکراوم تێیدا و بە ڕەزامەندی خۆم نەبووە.

لە دانەمەزراندنی خێزان و هەبوونی ئاژاوە تێیدا و لە شــیـرازهپســـانی خێزاندا ســەدان و هەزاران کێشە دەخوڵقێت (کە دەوڵەتانی دامەزراوی سەردەم هاواریانە لێیاندا!).

کەوابوو ناکرێت خێزان پێکهێنان وەل بکرێت، ناشــبێت خەڵکی وابزانن کێشــەی خێزانیی خەڵکی پەیوەندیی بە کەسمانەوە نابێت.

بۆیـە حـەتمەن هەر دەبێت خێزان لە ژنێك و مێردێك پێك بێت(نەك لە دوو هاوتوخمی وەکو یەك). هەر دەشـێت کار و ماف و دەسەڵاتی خێزانیان دابەش بکەن و هەر یەکەیان بەرپرسێتی پشکە ئەرکی خۆی هەڵگرێت، ئاوا هەردووکیان دەبنە دوو باڵی لەنگەرگرتنی خێزانی بەختەوەر.

### خاڵی شەشەم: زیناکاری پەیوەندییەکی ڕاستی مرۆڤایەتی نییە:

ئـامـاری هـەموو وڵاتان ئەوە نیشـــان دەدات کە ئەو ئافرەتەی حەزی لە زیناکردنە -ئەگەر شـــیاویش کرابێت- حەزی لە دووگیانی و منداڵبوون و منداڵ گۆشـــکردن نییە. ئەگەر حەزی سروشتی مێیینەتی و دایکێتیشی بۆ هەبوونی منداڵ بجووڵێت ئامادە نابێت ئەو هەموو ئازار و کێشــە و بەرپرســێتییەی منداڵ تەحەممول بکات و لە زیناکردنی خۆی بکەوێت!! ئەمە ئەگەر پشوویەك بکات کە بە لای کۆمەڵگە و دەوڵەتەکەیەوە قبووڵە، ئەمما هیچ ژنێك نییە حەز بکات

منداڵی لە زینا ببێت و نەزانرێت باوکی منداڵەکە کێیە! ئەمما ئەو ئافرەتەی شـــووی ڕەســـمیی کردووە و خاوەن مێرد و ماڵی خۆیەتی کە حەزە جنسیەکەشی بە حەڵاڵی تێر دەکات، یەکەمین ئـاواتی دوای مـاڵ و ســـوکنا و جێگیر بوون، منداڵ بوونە. ئەوە ئەو ئافرەتەیە کە تەحەممولی ژان و ئازارەکانی دووگیانی و منداڵبوون و زەیســـتانی و شـــەونخوونی بەخێوکردن تەحەممول دەکـات لـە پێنـاوی منـداڵبوونیـدا، ئـەوە ئـەم ئافرەتەیە کە منداڵ و وەچە دەخوازێت نەك ئەو ئافرەتەی لە زیناکاریدایە.

ئێســـتا لەو وڵاتانەدا کە بواری زینا کراوەیە هەموو ئاڕاســـتەوانی کۆمەڵگە و بەرپرســـانی دەوڵـەت هـاواریانە بە دەســـت ئاســـەوارەکانی ئەو بەرەڵاییەوە. لەوە دەترســـن کە ئەنجامی ئامارەکانیان هەر ئەوە نیشـان دەدەن کە نەوەی نوێیان نایەوێت خێزان دروست بکات، بەمەش کـە هـەر کـەس لـە ڕێی زینـاوە خۆی تێر دەکـات وەچە نامێنێت و مەترســـی گەورە لەســـەر کۆمەڵگەکانیان دەبێت.

لەبەر ئەمەیە کە زیناکردن هۆکارێکی ناسروشتی پەیوەندیی جنسی نێوان پیاو و ئافرەتە، ئەو ئافرەتە خاوەن مێردەی زینا لەگەڵ پیاوێکی تردا دەکات و لەو دووگیان دەبێت، منداڵی پیاوێکی تر دەخـاتـە ســـەر شـــانی مێردەکـەی! ئـەمـەش زوڵمێکی شـــاراوەیـە.. ئـەو کچەش کە لە گـەنجییـەتیـەکـەیـدا لـە زیناکارییدا خۆی بە پیاوانی جیاواز تێر دەکات، وردە وردە وایلێدێت حەزی لە مارەکردن و خێزان و منداڵ نامێنێت، ئەگەرچی لە ناخیشیدا وەکو هەر ئافرەتێکی تر حـەزی لە منداڵە ببێت.. (پاڵنەری هەرە ســـەرەکیی زیناکردنی ئافرەتان لەو وڵاتانەی بواری زینـایان تێدا کراوەیە پارە پەیداکردنە، نەك تێرکردنی حەزی جنســـی، هەزاران بەڵکو ملیۆنەها ئافرەت هەیە ناچاری زیناکردن بووە لەبەر کەم دەرامەتی و بێکەسیی!).

## خاڵی حەوتەم: دینی خوای گەورە پڕاو پڕی سروشتی مرۆڤە:

ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە کە فەرمانەکانی خوای گەورە بە مرۆڤایەتی بگەیێنێت تا پەیوەندیەکانی ناو خۆیانی لەبەردا ڕێکبخەن:

١- هاوسەرگیری تاکە پەیوەندیی شیاو و حەڵاڵی نێوان پیاوان و ئافرەتانە کە دەبێت خێزانی لەسەر دابمەزرێت، هەروەها حاڵەتی گرتنی کەنیزەك و کۆیلە لەو کاتانەدا کە کۆیلایەتی لە ناوچەکەدا دەبێت.

٢- ئەرکی ئافرەت لە خێزانەکەیدا لە ئەرکی پیاو جیاوازە، مێردەکەی بەرپرسی تۆوی وەچەکانیانە و ژنەکە بەرپرسی گەشە پێدان و بایەخپێدانێتی بە دووگیانی و منداڵبوون و شیرپێدان و گەشە و پەروردەکردنی.. پەروەردە و ئاراستەکردنی منداڵەکە تەواو نابێت (کە عادەتەن تا تەمەنی پازدەساڵانێتی) کە بە کۆرپەی دووەم دوو گیان دەبێت، دووەمیشی دەبێت و هێشتا لە پەروەردەکردنیدا دەبێت کە بە کۆرپەی سێیەمینی دووگیان دەبێت.. هەموو منداڵەکانیش پێویستیان بە هەموو شتێکی دایکەکەیانە، یان لە هەموو شتێکیاندا پێویستیان بە دایکیانە. ئەگەر بۆ گۆشکردن و پەروەردەکردنیان لێببڕێت، حەتمەن پێویستیی بەوە دەبێت کەسێك بەخێوی بکات بەوەی مەسرووفی ژیانی پارسەنگی خۆی و منداڵەکانی بۆ دابین بکات تا ناچاری کار و کاسبیکردن نەبێت، کە لەسەر حسابی گۆشکردن و پەروەردەکردنی منداڵەکانی دەبێت، لەبەر ئەمەیە کە مەسرووفکێشانی خێزان لەسەر مێردەکەیە و ئەو دەبێت بۆ کار و کاسبی و مسۆگەرکردنی بژێوییان لێببڕێت و ژنەکەشی لە ماڵەوە بۆ گۆشکردن و پەروەردەکردنی منداڵەکانیان لێببڕێت.

٣- ئەرك و بەرپرسێتی مێردەکە کاسبیکردنی دەرەوەیە بۆ دابینکردنی پێداویستی خۆی و خێزان و منداڵەکان، ئەرك و بەرپرسێتی ژنەکەش لە ناو ماڵەکەدایە کە ئاراستەکردنی پارسەنگی منداڵەکانە بە هاوکاری مێردەکەی، ئەم بەرپرسێتییەی ئافرەت هەر لە دوای شووکردنیەوە نییە، بەڵکوو پێش شووکردنێتی کە دەبێت ماف و ئەرکی خێزانداریێتی فێر ببێت تا دوای شووکردنەکەی بزانێت چۆن ڕەفتاری ڕاست و دروست دەکات. بایەخدان بە خۆی و بە مێرد و بە منداڵەکان و ماڵەکەیان ئەرکی خۆیەتی و ماڵەکەش بواری خۆیەتی، هەر وەکو لە کاروباری دەرەوە و دابینکردنی پێداویستی خێزانەکە ئەرك و بەرپرسێتی مێردەکە دەبێت (کە ئەویش دەبێت پێش ژنهێنانی فێربووبێت و شیاوی ئەو بەرپرسێتییە بووبێت).

کەوابوو ئەو جیاوازییە سروشتیانەی لە هەر یەك لە توخمی پیاو و توخمی ئافرەتدا هەیە،

شیاویان دەکات بۆ ماف و ئەرك و دەسەڵات و ڕۆڵی خێزانیان، هەر یەکەیان کارێکی لەسەرە کە لەگەڵ سروشتی مرۆڤی خۆیدا دەگونجێت.

## خاڵی هەشتەم: بواری بەرفراوانی هاوسەرگیری:

- لەبەر ئەوەی زیناکردن ڕێگایەکی سروشتیانەی پەیوەندیی نێوان پیاو و ئافرەت نییە؛ خوای گەورە حەڕامی کردووە، هەموو پێشەکی ڕێڕەو و هۆکارێکی تریشی حەڕام کردووە کە سەردەکێشن بۆ زیناکردن، وەکو ڕووتی ئافرەت و خۆدەرخستن و ئیغراکردن و تێکەڵاوێتی ئافرەتان و پیاوانی نامەحرەم، مەگەر هەر یەکەیان لە چوارچێوەیەکی شیاوی شەرعیدا.. هەروەها پێکەوەبوونی تەنهایی پیاو و ئافرەتێك و سەفەرکردنی تەنهایی ئافرەتان، واتە بەبێ هەبوونی مەحرەمێکی لەگەڵیدا.

- لەبەر ئەوەی هەندێك لە دوو توخمەکە هەر دەبێت تێکەڵاویان لە نێواندا هەبێت چونکە لە کات و شوێنی هاوبەش و پەیوەندی نزیکی خزمایەتیدان، تێکەڵاوێتی نێوان مەحرەمەکان شیاوە، واتە تێکەڵاوێتی نێوان پیاوێك و ژنەکەی، کچەکەی، خۆشکەکەی، پوورەکەی (پلك و میمك)، بێگومان بۆ ئافرەتی موسوڵمانیش تێکەڵاوێتی برا و مام و خاڵ و باپیرانی، چونکە هاوسەرگیری نێوان ئەمانە جائیز نییە و عادەتەن لە نێوان خەڵکی هەموو کۆمەڵگەکاندا ئەمانە بە مەحرەم و پیرۆز دەزانرێن و کەسیان زینا لەگەڵ یەکتریدا ناکەن (مەگەر لە کۆمەڵگە مونحەریفە بێ دین و بێ قییەمەکانی سەردەمدا!)، ئافرەتان لە بواری هەموو جۆرە هەڵسوکەوتیاندا لەگەڵ ئەم کەسوکارە نزیکەیاندا دەکەونە فەزای سەربەستی تەواوی خۆیانەوە و ئێرە بۆیان دەبێتە فەزای بازنەیەکی بەرفراوانتری ئازادییان، چونکە هەموو ئافرەتێك لە تێکەڵاوێتی ئەم کەسوکارە نزیکەیدا هەست بە ئەمانی تەواو دەکات چونکە لە نییەت و دید و مومارەسەیان بێ خەمە.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿حُرِّمَتۡ عَلَيۡكُمۡ أُمَّهَٰتُكُمۡ وَبَنَاتُكُمۡ وَأَخَوَٰتُكُمۡ وَعَمَّٰتُكُمۡ وَخَٰلَٰتُكُمۡ وَبَنَاتُ ٱلۡأَخِ وَبَنَاتُ ٱلۡأُخۡتِ وَأُمَّهَٰتُكُمُ ٱلَّٰتِيٓ أَرۡضَعۡنَكُمۡ وَأَخَوَٰتُكُم مِّنَ ٱلرَّضَٰعَةِ وَأُمَّهَٰتُ نِسَآئِكُمۡ وَرَبَٰٓئِبُكُمُ ٱلَّٰتِي فِي حُجُورِكُم مِّن نِّسَآئِكُمُ ٱلَّٰتِي دَخَلۡتُم بِهِنَّ فَإِن لَّمۡ

تَكُونُواْ دَخَلْتُم بِهِنَّ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ وَحَلَٰٓئِلُ أَبْنَآئِكُمُ ٱلَّذِينَ مِنْ أَصْلَٰبِكُمْ وَأَن تَجْمَعُواْ بَيْنَ ٱلْأُخْتَيْنِ إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٢٣﴾ ۞ وَٱلْمُحْصَنَٰتُ مِنَ ٱلنِّسَآءِ إِلَّا مَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُمْۖ كِتَٰبَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْۚ وَأُحِلَّ لَكُم مَّا وَرَآءَ ذَٰلِكُمْ أَن تَبْتَغُواْ بِأَمْوَٰلِكُم مُّحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَٰفِحِينَۚ﴾ النساء: ٢٣ - ٢٤، واته: ئەوانەی لێتان حەڕام کراون و هاوسەرگیریتان لەگەڵیاندا ناشێت دایکان و کچان و خوشکانی باوك و خوشکانی دایك و کچی برایان و کچی خوشکان و دایکانی شیرپێدەرەتان کە شیریان پێداون و ئەو خوشکانەتان کە بە شیر خوشکتانن، هەروەها خەسوو و کچی ئەو هاوسەرانەتان کە لەگەڵ دایکیاندا لاتان دەژین (ئەگەر دایکیتان گواستبۆوە)، ئەگەر دایکیانتان نەگواستبۆوە (واتە ئەگەر دایکیتان گواستبۆوە ئیتر کچەکە بە کچی مێردی دایکەکەی حسێبە و ناشێت مارەی بکات، ئەمما ئەگەر کەسێك ئافرەتەکەی نەگواستبۆوە و تەڵاقیدا بۆی هەیە کچی ئەو ژنە یان دایکی ئەو ژنە مارە بکات). هەروەها لەوانەی لێتان حەڕامە و هاوسەرگیریان لەگەڵدا بکەن بووکەکانتانن: ژنی کوڕەکانتان کە کوڕی خۆتانن نەك زڕکوڕ، هەروەها ناشێت لە یەککاتدا دوو خوشك ژنتان بن مەگەر ئەو هاوسەرگیرێتییەیان کە لە زەمانی جاهیلیەتاندا کردووتانن: ئەوە خوای گەورە لێخۆشبوو و بەزەییە. هەروەها ئەوەی کە لێتان حەڕامە و ناشێت بیکەنە هاوسەر ئەو ژنانەن کە ئێستا خاوەن مێردی خۆیانن، لە غەیری ئەم ئاماژە بۆ کراوانەتان بۆ حەڵاڵە، ئەوە ئەحکامی خوای گەورەیە و بۆی نووسیون تا پێوەی پابەند بن کە دەبێت مارەییان لە سامانی خۆتان بدەنێ و مارەیان بکەن تا ببنە هاوسەرتان، نەك بێ مارەکردن بکەونە داوێن پیسی.. ئافرەتێك کە ژنی کەسێکە مارەکردنی جائیز نییە و لە هەموو کەسێك حەڕامە تەنانەت لەو کاتەشدا کە لە عیددەدایە، هەروەها دیارە کە ناشێت دوو خوشك لە یەك کاتدا هاوسەرانی مێردێکبن، هەروەها ئافرەتێك و پورێکی، چونکە بۆ یەکتر دەبنە هەوێ و غیرە و ڕکەبەرایەتی خۆشەویستی و پەیوەندی خزمایەتیەکەیان لاواز دەکات.

ئەمما هاوسەرگیری لە بازنە گەورەکەی مرۆڤایەتییدا ئەوە ڕێدراوە و زۆر جاریش پەسەندترە، ئەوەش حیکمەتی زۆری تێدایە، دەشێت هەموو حیکمەتەکانی نەزانین، بەڵام ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

١- هاوسەرگیری لە دەرەوەی خزم و کەسوکار پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەرفراوانتر دەکات لە نێوان خەڵکیدا چونکە هاوسەرگیری پەیوەستیەکی بەهێزی تێکەڵاوبوونی تیرە و هۆز و گەل و نەتەوەکانی مرۆڤایەتییە، مرۆڤیش ئازادە هاوسەرگیری لەگەڵ خزم و کەسی خۆیدا دەکات یان تیرە و هۆزی تر یان گەل و نەتەوەی دوور.

٢- لە هاوسەرگیری دووردا گەل و نەتەوەکان زیاتر تێکەڵ دەبن و دەمارگیریی تیرە و هۆز و نەتەوایەتی و ناوچەگەریی کەمدەبێتەوە (ئینیمای دین و دینداریێتی دەچێتە شوێنی ئینتیما گچکەکان)، بەمەش خوێنی کەسەکان تێکەڵ دەبێت و کۆمەڵە مرۆڤێك تیرە و بەرەباب بن یان هۆز و گەل ناتوانن لافی ئەوە لێبدەن کە (خوێنیان پاکە) چونکە تێکەڵاوێتی غەیری خۆیان نەکردووە.

٣- ئیسلام کە ڕێی هاوسەرگیریی لەگەڵ مەحرەماندا بەستووە، ڕەنگە لەبەر ئەوەبێت کە هەموو ئەندامانی مەحرەم کە لەم بازنە بچووکەی مەحرەمێتیدا پەیوەندی و تێکەڵاوێتیان لە نێواندا زۆر زۆر دەبێت، ئەگەر ئاوا لێك حەڕام نەبوونایە و حەڵاڵ بوونایە حەتمەن بە چاوی حەز و ئارەزووەوە دەیانڕوانییە یەکتر و بواری دەستدرێژی کردنە سەر یەکتر زۆر زۆر دەبوو، ئەوەش دەبووە مایەی کێشەی ناوخۆیی خێزان، بەم لێك حەڕام بوونە سنووری چاو و حەز و ئارەزوو دیاریکراوە کە نابێت لە چوارچێوەی ئەم بازنە بچووکەدا بن.

٤- ئەو ئافرەتەی کە پەیوەندیی بە پیاوانی نامەحرەمەوە نامێنێت و لە هەمان کاتیشدا هەندێك کاروباری خۆی و خێزانەکەی هەیە کە بە پیاوان جێبەجێ دەکرێت، کەوابوو زەروری بوو پەیوەندی لەگەڵ هەندێك لە پیاوانی خزم وکەسوکاری خۆیدا مەحرەمانە بمێنێت تا تێکەڵاویان بکات و کێشەکانی خۆییان لە لا باس بکات و داوای یارمەتیان لێ بکات، کەوابوو پەیوەندیی باوك و برا و مام و خاڵەکانی دیاریکردنی ئەو پیاوە مەحرەمانەیەتی کە دەتوانێت تێکەڵاویی سەربەستانەیان بکات و ئیعتیمادیان بکاتە سەر.

٥- لەوانەیە یەکێك لە حیکمەتەکانی مەحرەمانە بوونی هەندێك لە کەسوکاران گرتنەوەی حەز و ئارەزووی توخمی بەرامبەر بێت تا حەزی جنسی بەرەڵا و بێ سنوور نەبێت، تا هەر

توخمە لە ناخی خۆیدا بزانێت کە ئەم پۆلە ئافرەتە/پیاوەی کەسوکاری لە بازنەی حەزی جنسی خۆی دوورن.

٦- دەشێت یەکێك لە حیکمەتەکانی مەحرەمکردنی هەندێك ئافرەت و پیاو لە پیاو و ئافرەتان پاك ڕاگرتنی هەست و ڕوانگە و ڕەفتاری هەمووان بێت بەرامبەر مەحرەمان، دایك لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا لە پلەیەکی باڵای ڕێزدایە و بە (پاك و پیرۆز) بۆی دەڕوانرێت، نابەجێیە پەیوەندی جنسی لە نێوان دایك و کوڕەکانیدا هەبێت، یان لە نێوان باوەژن و کوڕەکاندا یان لە نێوان باوەپیارە (زڕباوك) و کچی ژنەکەیدا یان لە نێوان پوور و خوشکەزا و برازادا، یان لە نێوان خاڵ و مام و کچە خوشکەزا و برازادا، ئەمانە ڕێزی تایبەتیان لە دید و ڕەفتار و بەها و نەریتدا هەیە، ناشێت کەسێك دایکی خۆی یان پووری خۆی مارە بکات و ببێتە سەرووەری خێزانی بە سەریەوە! پاشان هەستی مرۆڤایەتی بەرپرس و سروشتی پاك ڕێگا نادات خوشك و برا ببنە هاوسەری یەکتری، ئەمە شتێکە هیچ کۆمەڵگەیەك پێی پەسەند نییە.

لەسەردەمانی کۆندا دەمانبیست کە گوایە کۆمەڵگە هەبوون کە ڕێگایان داوە خوشك و برا ببنە هاوسەری یەکتری بەڵام نازانین چۆن و کەی و لە کوێ بووە؟! هەروەها بیستمانە کە دادگای سویدی ڕێگایدابوو بە کەسێك پووری خۆی مارە بکات (یان خوشکی) بە بەهانەی ئەوەی کە کاریگەریی خراپی لەسەر منداڵەکانیان نابێت، ئەمە ئەگەر ڕوویدابێت لە هەر شوێنێك بووبێت نیشانەی لەدەستدانی هەستی مرۆڤایەتییە، دەنا چۆن دەشێت وا تەماشای ئەم مەسەلەیە بکرێت کە ئایا زیانی لەسەر پێکهاتەی منداڵەکانیان دەبێت یان نە؟ ئەمە مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی قووڵە لەوە گەورەترە ئاوا تێبڕوانرێت.

ئەمما بە نیسبەت موسوڵمانانەوە، ئەوە شتێکی ترە، موسوڵمان کە باوەڕی هێناوە بەوەی خوای گەورە کردگاری گەردوون و ژیان و مرۆڤە، هەر ئەویش مافی دیاریکردنی حەڕام و حەلاڵی بۆ مرۆڤایەتی هەیە و بەس، ئەرکی مرۆڤی موسوڵمان گوێڕایەڵی و ملکەچی دەربڕینێتی بۆ ئەو ئەحکامە خواییانە، مادام سەلمێنراون کە لە پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هاتوون، بۆیە لێرەشدا ئەوەی لا حەتمیە و جێ باس نەماوە کە ئەم پۆلە کەسوکارەی مەحرەمن و هاوسەرگیری لەگەڵیاندا حەڕامە، ئەوەش بەسە بۆ ڕوو نەدانی، جا کە هاوسەرگیریان پێکەوە

حەڕام بێت حەتمەن زیناکردن لەگەڵیاندا حەڕامترە، جا خزمانی نەسەبی بن یان خزمانی هاوسەرگیری یان خزمانی شیر..

ئادەی پێم بڵێ برایەك چۆن لەگەڵ خوشکەکەیدا دەژی و ڕەفتار دەنوێنێت کە دەزانێت لە داهاتوودا دەبێتە هاوسەری؟! بێگومان هەر لەسەرەتای باڵغبوونیەوە حەزی لێدەکات و بە چاوی خۆلێتێرکردنیەوە دەیڕوانێتێ، حەتمەن خوشکەکەشی وا دەبێت، ئەوە سەر دەکێشێت بۆ دروستبوونی پەیوەندیی سێکسیانە لە نێوانیاندا، باشە ئەگەر کوڕەکە زیاتر لە خوشکێکی هەبوو یان خوشکێك چەند برایەك تێیدا بەشدار بوون! چی ڕوودەدات؟! چۆن کوڕەکان ژنی تر دەهێنن و ماڵ دروست دەکەن؟ خوشکەکەش چ پێویستی بە خێزان و ماڵ پێکەوەنانەوە دەبێت؟! حەتمەن هەردوو لایان هاوسەرگیری لەگەڵ کەسانی تر غەیری خۆیان لە بیر و هۆشیاندا دەردەهێنن، چونکە پێویستیان پێی نامێنێت، مەگەر لە دەرەوە زینا بکەن دەنا پێویستیان بە هاوسەرگیری دەرەکی نییە! ئەوەی بۆ خوشك دەوترێت، بۆ دایك و پوورەکانیشی هەر وایە، بۆ کچەکانیشی هەروا دەبێت! خۆی مارەیان دەکات!! ئەمە دەگاتە ئەو بەرەڵایی و بێ متمانەییەی کە لە ناو خێزانەکاندا دێتە دی، کە کەس نازانێت و ناوێرێت ژنەکەی لای کوڕەکانی خۆی دابنێت یان کچەکانی لە ماڵی براکانی یان لە ماڵ خاڵەکانیان دابنێت!! لەم حاڵەتە بەرەڵایەدا کێ بەرپرسێتی منداڵە لە دایکبووەکان هەڵدەگرێت؟!

ئەگەر ئەو حاڵەتەی سوید ڕاست بێت و وابووبێت حەتمەن کەس لە هەستی مرۆڤایەتیان دڵنیا نابێت و ئاواش موومکین نییە بەرەو خێر و ڕاقیبوونی مرۆڤایەتی بچن. ئەوە جاهیلیەتێکی زۆر پیس و قیزەون و تێپەڕینە لە مەجوسێتیش!!

هەرچی شتێك پەیوەندیی بە ئافرەت و ژیانیەوە هەبێت ئیسلام هەمووی دیاریکردووە و ئەحکامی شەرعیانەی بۆ داڕشتووە، بەو شێوەیەش کە لەگەڵ سروشت و ڕێزی ئافرەتاندا بگونجێت، هەر وەکو ئەحکامەکانی تری ئەم ئیسلامەی پڕاوپڕ لەگەڵ سروشتی ڕاست و پارسەنگی مرۆڤدایە، بۆ نموونە:

١- ئافرەت تا کچە و لە ماڵی باوکیدایە مەسرووفی لەسەر باوکێتی، ئەگەر باوکی نەمابوو

مەسرووفی دەکەوێتە سەر سەرپەرشتیارانی تری.

٢- ئەگەر پیاوێك بخوازێت هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکدا دروست بکات و ئافرەتەکە ڕازیبوو، پیاوەکە ئەو مارەییەی دەداتێ کە لەسەری ڕێکدەکەون، لەبەرامبەر ڕازیبوونی ئافرەتەکە بە تەسلیمکردنی حەزی جەستەی بە پیاوەکە، ئینجا مەرجەکانی تریان و بە گرێبەستەکە ڕازیدەبن و دەیگوێزێتەوە.

٣- هەر ئافرەتێك کە شوو دەکات مەسرووفی دەکەوێتە سەر مێردەکەی.

٤- ئەگەر مێردی ژنێك مرد، مەسرووفی ژنەکە دەکەوێتە سەر ئەولادەکانی، ئەگەر ئەولادی نەبوو دەکەوێتە سەر سەرپەرشتیارەکانی پێشووی.

٥- لەبەرامبەر ئەم مەسرووف کێشانەی ژنی بە مێرددا، ژنەکەش بۆ ماڵ و مێرد و منداڵی خۆی لێدەبڕێت، سەرپەرشتیاری کاروباری ناو ماڵ و خێزان و ئیدارەدانی ئەرکی ژنەکەیە، کە ماڵەکەی بۆ دەبێتە بواری کار و پیشە و ئەرکی، ئەگەر پێویست بوو بە ڕێپێدانی مێردەکەی دەچێتە دەرەوە.

٦- لە نێوان ژن و مێرددا عەورەت نییە، هیچ ئەندامێکی لەشیان بەرامبەر یەکتری داناپۆشن، مافی هەر یەکەیانە هەموو لەشی هاوسەرەکەی ببینێت (هاوسەر مەبەست لە هەر یەك لە پیاوەکە و ژنەکەیەتی).

٧- پیاوان لای غەیری ژنەکانیان ناشێت نێوان سەرو ناوك و خوار ئەژنۆیان ببینرێت مەگەر لای پزیشك کە زەروورەت بێت.

٨- ژنی مێرداریش نابێت غەیری براکەی ئەندامانی لەشی لە خوار ئێسقانی سەر و سنگیەوە بۆ خوار ئەژنۆی ببینرێت، ئەمما پیاوانی تر بۆیان نییە هیچ شوێنێکی ببینن جگە لە دەست و دەم و چاو (ڕوو)ی، ئەگەر جوانیەکەشی کاریگەر بوو، دەبووە مایەی (فیتنە) دەبێت ڕووی داپۆشێت، ئەمە ئافرەتی ئاسایی و پیر ناگرێتەوە.

٩- کاتی چوونە دەرەوەی لە ماڵ مەرجە باڵاپۆش بێت و پۆشاکەکانی مەرجە شەرعیەکانیان

تێدابێت، وەكو ئەوەی تەسك و تروسك و تەنك نەبێت، پۆشاكی ئیسارهكردن و نەشیاوی ئاسایی نەبێت، چونكە نابێت لە هیچ لایەنێكەوە (بە بۆن و جلوبەرگ و لەنجە و لار و ناز و قسە) ببێتە مایەی خرۆشانی خۆی و خرۆشاندنی توخمی بەرامبەر، چونكە دەبێت ئەوە بزانێت كە سەدان و هەزاران گەنج دەبینن كە ژنیان نییە.

١٠- سەرپەرشتیاری و ئاراستەوانێتی خێزان مافی مێردەكەیە، چونكە خێزان كۆمەڵكاری و ئیدارە دەخوازێت، هەموو جۆرە كۆمەڵكاریەكیش (ئەگەر سەفەركردنی سێ كەسیش بێت) ئەمیرێك دەخوازێت كە رۆڵی بەڕێوەبەری گشتی ببینێت.

لە خێزانیشدا پیاو شیاوتری ئەو پلە ئیدارییەیە، ئەوەی شیاوی دەكات پێكهاتەی جەستە و هزر و ژیری و ئەزموونێتی، غەیری ئەم سیفەتانە (كە ئەوەش نین ئافرەتان هەڵنەكەون كە هەیانبێت) ژن و مێرد لە ماف و ئەركەكانیاندا یەكسانن، هەر یەكەیان كە ئەركێكی لەسەرە لەبەرامبەریشیدا مافێكی هەیە، ئاوا هەموو ئەرك و مافەكانیان دابەشبوون، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ﴾ البقرة: ٢٢٨، واتە: ئافرەتانیش وەكو ئەوەی مافیان هەیە ئەركیشیان لەسەرە كە دەبێت بە ڕەفتاری جوان لەگەڵیاندا هەڵسوكەوت بكرێت پیاوانیش پلەیەكیان لە پلەی ژنان بەرزترە. هەروەها دەفەرموێ: ﴿الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنْفَقُوا مِنْ أَمْوَالِهِمْ فَالصَّالِحَاتُ قَانِتَاتٌ حَافِظَاتٌ لِلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ اللَّهُ﴾ النساء: ٣٤، واتە: پیاوان سەرپەرشتیاری ئافرەتانن و پارێزەر و مشوورخۆریانن بەوەی كە ئەركی زیاتریان لەسەر شانە و فەزڵیان لەسەر ژنەكانیانە، هەروەها بەوەی كە پەیدای دەكەن و خەرجی دەكەنەوە لە خزمەتی ژن و منداڵی خۆیاندا و لە خزمەتی ئیسلامەكە و بۆ جیهادەكەی..[1] ئافرەتە چاك گوێڕایەڵەكانیش كە بۆ خوا ملكەچن لەبەر خاتری خوا خۆیان و ماڵ و منداڵەكانی دەپارێزن و كاتێك مێردیان لە ماڵ نییە ئەوان پاسەوانی ماڵ و خێزانەكەن.

١١- ئەگەر -بە هەر هۆیەك بوو- ژن و مێرد پێكەوە نەگونجان و نەیانتوانی پارسەنگانە هاوسەرگیرێتییەكە بپارێزن، باشتر وایە گرێبەستی هاوسەرگیریەكەیان هەڵوەشێننەوە... كە

---

(١) شەوكانی: فتح القدیر (٤٥٣/١).

ئیسلام چەندین شێوازی بۆ دەست لە یەك بەردانیان داناوە، لەوانە:

أ- ئەگەر ژنەکە ویســتی جودا ببێتەوە مارەییەکەی کە لە پێشــتر وەریگرتووە دەگەڕێنێتەوە بۆی، ئەگەر مێردەکە ڕازی بوو جودابوونەوەکەیان دێتە دی[1]. ئەمەیە کە پێی دەوترێت (خولع) کە مافی ژنە و بەرامبەر (تەڵاقی) دەستی پیاوە.

ب- ئەگەر مێردەکە ویستی جودا ببنەوە تەڵاقێکی دەدات کە تا سێ جار سووڕی مانگانەی ژنەکە یان ســێ جار پاکبوونەوەی مافی هێنانەوەی دەمێنێت، ئەگەر ئەو ماوەیە تەواو بوو مێردەکە نەیهێنایەوە ئیتر تەڵاقەکان دەکەون و ژیانی هاوســەرێتی کۆتایی پێدێت و ژنەکە مافی خۆیەتی هەموو مارەییەکەی (پێشەکی و دواخراو: موئەخخەرە) وەربگرێت.

جـــــ- ئەگەر لە کاتی تەڵاقدانەکەیدا -کە ژنەکە دەکەوێتە عیددەوە- مێردەکە هێنایەوە پێویســتیان بە گرێبەســتی مارەکردنەوەی نابێت، تەنانەت ڕەزامەندیشی مەرج نییە، بەڵام ئەگەر هەر سێ تەڵاقەکەی دا و عیددە تەواو بوو ئیتر بۆ یەکتر حەڵاڵ نابنەوە، مەگەر ژنەکە شوویەکی تر بکاتەوە و بێوەژن بکەوێتەوە، ئەو کاتە بۆیان دەبێت گرێبەستی مارەکردنی نوێ ببەستنەوە.

د- ئەمما منداڵەکانیان: ئەگەر گچکە بوون و دایکەکە ویستنی ئەوە دەکەونە لای ئەو، مادام شوو نەکاتەوە، ئەگەر شووی کردەوە هەموو لایەك ڕازی بن هەر لای دایکیان بمێننەوە دەبێت باوە پیارەکەیان بەخێویان بکات.

## خاڵی نۆیەم: پیاو مافی فرەژنیی هەیە:

لە جیاوازی پێکهاتەی ئافرەت و پیاوەوە لە ڕووی جەســتەییانەوە هەروەها لە ڕووی ڕۆڵ و ئەرکی ژیانەوە چەندین خاڵی تر ســەر هەڵدەدات کە ئیسلام بە هەند وەریگرتوون و ئەحکامی بۆ داڕشتوون، وەکو:

١ - پیـاو مـافی فرەژنێتیی هــەیـە، کـە دەتوانێت لە یەك کاتدا زیاتر لە ژنێکی هەبێت، بەڵام

(١) ئەمە بۆچوونی مەزهەبەکەیە دەنا بەڵگەی فەرموودەی لە سەرە کە ڕازیبوونی مێرد مەرج نییە.

ئافرەت ئەو مافەی نییە دوو مێردی لە یەك کاتدا (فرە مێردێتی) هەبێت، چونکە لە سروشتی ئافرەت ناوەشێتەوە. ناشتوانێت لە یەك کاتدا ئەرك و داخوازیی دوو مێرد یان زیاتر جێبەجێ بکات و ناشتوانێت لە ساڵێکدا بۆ دوو مێرد و سێ مێرد دوو گیان ببێت! هەر دەبێت لە یەك کەس دوو گیان ببێت. بەڵام پیاو لە یەك کاتدا دەتوانێت چوار ژنەکەی دووگیان بکات، دەشتوانێت زیاتر لە ژن و ماڵێك بەخێو بکات و سەرپەرشتیاریان بێت، کەوابوو شتێکی سروشتی و ڕەوا و هەقە کە پیاو مافی فرەژنێتی هەبێت و ئافرەت مافی (فرە مێردێتی) نەبێت، بەڵام فرەژنیەکەی پیاویش ئاسان نییە چونکە دەبێت:

أ- توانای بەخێوکردن و سەرپەرشتیاریکردنی دوو ژن و منداڵ و دوو ماڵی هەبێت، یان زیاتر لە دوو.

ب- دەبێت بە شێوەیەکی یەکسان سوکنا و خۆراك و پۆشاك و پێداویستی تری ژن بۆ ژنەکانی دابین بکات.

ج- دەبێت لە ڕووی جنسیەوە تێریان کات و چاو لە پیاوی تر نەمێنن، ئەمەش لەسەر پیاو فەرزە.

د- دەبێت منداڵی هەموو ژنەکانی بە یەك چاو سەیر بکات و جیاوازی نەخاتە نێوان منداڵی هیچ کام لە ژنەکانیەوە.

ئیسلام ڕێی بە چوار ژن داوە کابرا هەیبێت، بەڵام خۆ لەسەر هیچ پیاوێکی فەرز نەکردووە چوار ژنی هەبێت، ئیسلام حوکمی کوشتنی ئەو مێردە یان ئەو ژنەی داوە کە هاوسەری هەیە و کەوتۆتە زیناوە، کوشتنیشیان بە ڕەجمکردنیان دەبێت، چونکە هیچ بەهانەیەکیان بۆ زیناکردن نییە، کە هەر یەکەیان خۆی بە هاوسەرەکەی خۆی تێر دەکات، ئەم حوکمە بۆ ژنانی سەربەستە کە خاوەن مێردن، ئەمما کەنیزەك و کۆیلە حوکمیان سووکترە.

- دەشێت پیاوێك حەزی جنسی و توانای زۆر بێت و پێویستی بە زیاتر لە ژنێك بێت، بۆیە

بۆی هەیە دووەم ژن بهێنێت، هەروەها سێیەمین و چوارەمین[١].

- دەشێت پیاوێك ناودار و دەسەڵاتدارە و بە پاڵنەری خزمایەتی دەیكاتە دوو، یان لە ڕووی ئەخلاقیەوە دەیەوێت بێوەژنێك بگرێتە خۆی بە منداڵەكانیەوە تا سەرپەرشتی هەموویان بكات.

- ئافرەت لەو كاتانەدا كە دوو گیانە یان لە سووڕی مانگانەدایە یان زەیستانە یان شیردەرە دەشێت ئارەزووی جنسی كەم بێت و مێردەكەی كە حەساوە و تێر و تەسەلە و لە دەرەوەیە ئارەزووی زیاتر بێت و ناچار ببێت ژنی دووەم بهێنێت.

- دەشێت ژنەكە نەزۆك بێت و منداڵی نەبێت، مێردەكەش بخوازێت ئەولادی لێبكەوێتەوە و (وەجاخ كوێر) نەبێت! بۆیە ڕێ پێدراوە ژنێكی تر بهێنێت. (ئەگەر مێردەكە نەزۆك بوو ژنەكەش مافی جودابوونەوەی هەیە).

- دەشێت كابرا چووبێتە سەفەرێكی دوور ناچار بووبێت بمێنێتەوە (وەكو ئەوانەی هاتوونەتە ئەوروپا) و مانەوەشیان زۆری پێدەچێت، لە هەمان كاتدا توانای ژن هێنانی تری هەیە و ئافرەتی موسوڵمانی دەست دەكەوێت، حەتمەن ژن هێنانی چاكترە كە مافی خۆیەتی وەك لەوەی مەترسی كەوتنە زیناوەی هەبێت.

- لە كاتی جەنگدا هەر پیاو دەكوژرێن و ڕێژەی پیاوان زۆر كەم دەبێتەوە، ڕێژەی ئافرەتان كە زۆر دەبێت چارەسەر چییە؟ حەتمەن فرەژنی چارەسەرە.. (تایلەند ٦٧%ی دانیشتووانەكەی ئافرەتن!! بۆیە بۆتە مەركەزێكی زیناكاری جیهانی!).

بە شێوەیەكی گشتی كە پرسیار دەكرێت: ئەگەر ڕێژەی ئافرەتان لە كۆمەڵگەیەكی موسوڵماندا لە ڕێژەی پیاوان زۆرتر بوو، چی بكرێت باشە؟ دوو ژن بۆ پیاوێك بن و ماڵ و حاڵی خۆیان هەبێت و لە حەڵاڵدا خۆ تێر بكەن باشترە یان هەر ژنە و بۆ پیاوێك و ژنە زیادەكان لە زینا و داوێنپیسیدا بژین؟.

(١) لە رۆژئاواش نەمبیستووە ژنێك ئارەزووی جنسی بە قەدەر دوو پیاو هەبووبێت و بیەوێت لە یەك كاتدا بۆ تێركردنی جنسی لەگەڵ دوو پیاودا بێت، هەیە حەزی لە پیاوێكی تری غەیری مێردەكەیەتی بەڵام نایەوێت لە یەك كاتدا دوو پیاوی وەكوو یەكی هەبێت.

شـتێکی بڕیاری و سـروشـتیە کە بواری فرەژنێتی هەبێت، نە حەڕام بکرێت و نە فەرزیش بکرێت.

هـەر ژنێـك لە ژن بەسـەرداهێنانی ڕازی نەبوو بۆی هەیە (خولع) بکات و جودا ببێتەوە و بڕوات شـوویـەکی تر بـە پیـاوێکی تر بکـاتەوە، (خولع) بوارێکی کراوەی بەردەوامی بەردەم ئافرەتی خاوەن مێردە.

٢- هەر بە هۆی ئەو جیاوازییەی نێوان سروشت و پێکهاتەی پیاو و ئافرەتەوەیە کە ئیسلام ئـەوەی لەسـەر ئـافرەت فـەرز کردووە کە ئەگەر مێردەکەی مرد یان تەڵاقی کۆتایی دا دەبێت ماوەیەك لە (عیددە) دا بمێنێتەوە پێش ئەوەی شـوو بکاتەوە، لەو ماوەیەدا وا خۆی دەردەخات کە مێردی نییە و جاریٚ ناشـیەوێت شـوو بکاتەوە، ئەگەر لە مێردەکەی دووگیان بووبوو هەر دەبێت چاوەڕوان بکات تا کۆرپەکەی دەبێت، چونکە دووگیان شـوو ناکاتەوە تا بە تەواوی لە پـەیوەنـدی مێردایـەتیی پێشـووی تـەواو نـەبووبێت، ئەگەر دووگیانیش نەبوو (کە دەشـێت سـەرەنجـامی فـەحس دەر بکەوێت) بەڵام هەر دەبێت ماوەی عیددەکەی بەسـەر ببات، ئەم حوکمە بۆ پیاوان نییە کە ژنیان بمرێت یان تەڵاق بدرێت، دەسبەجیٚ بۆی هەیە ژن بهێنێتەوە.

٣- پێشـتر ئاماژەمان بەوە دا کە بە هۆی جیاوازی پێکهاتەی جەسـتەیی پیاو و ئافرەتەوە؛ ئافرەت دەبێت باڵاپۆش بێت بە تایبەتی کە دەچێتە دەرەوەی ماڵ، ئەم حوکمە پیاوان ناگرێتەوە، چونکە باڵاپۆش نابن، لەسـەر ناوکیانەوە تا خوار ئەژنۆیان فەرزە دایپۆشـن، ئەوەش لەگەڵ سـروشـت و ڕۆڵیدا دەگونجێت، چونکە بواری کاری پیاو دەرەوەیە و کاسـبی و کارکردنەکە زۆرینەی قورس و سەختە و لەبەر هەتاوە کە لە هاویندا زۆر سەخت و زەحمەتە هەموو گیانی وەکو ئافرەتان داپۆشێت و کار بکات.

٤- هـەر بـە هۆی ئـەو جیـاوازییـەی پێکهـاتـەی لەشـی ئافرەت و پیاوەوەیە کە ئیسـلام شـاهێدیدانی ئافرەتی -لە هەندێك حاڵەتدا- وا داناوە کە دەبێت شاهێدیدانی ئافرەتێکی تریشی -بۆ تەئکیدکردنەوە- لە گەڵدابێت، تا بە شاهێدیدانی هەردووکیان بەرامبەر شاهێدیدانی پیاوێك

بوەستنەوە[1]، ئەمە لە بوارەکانی سەودا و مامەڵە و بازاڕدایە کە زۆر جێ بایەخی ئافرەت نییە، هەر کەسێکیش شتێك جێ بایەخی نەبوو بیری دەچێتەوە، بۆیە لێرەشدا دوو ئافرەت دەبێت پێکەوە شاهێدیەك بدەن، لە لایەکی ترەوە سۆز و عاتیفەی ئافرەت لە سۆز و عاتیفەی پیاو زۆرترە و دەشێت لەم قەرەباڵغی و جەنجاڵێتیی بازاڕ و فڕ و فێڵانەدا زووتر ئافرەتەکە بکەوێتە ژێر هەستی سۆز و بەزەییەوە و چەواشەی بکەن و حەقی لا لێڵ بکەن، بەڵام ئەگەر دوو ئافرەت بوون، عادەتەن ئافرەتیش پشتی ئافرەت دەگرێت، بۆیە هاوکار دەبن و هەر کامێکیان حەقیقەتەکەی بیر چۆبووەوە -یان چەند لایەنێکی- ئەوی تریان بیری دەخاتەوە و ناهێڵن مافەکە بفەوتێت، لەبەر ئەمەیە کە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿أَن تَضِلَّ إِحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الْأُخْرَىٰ﴾ البقرة: ٢٨٢، واتە: ئەگەر یەکێکیان بیری چوو ئەوی تر بە یادی دەهێنێتەوە.

شاهێدیدانی دادگایی و یەکلاکردنەوەی کێشە باسێکی قووڵ و بەرفراوانە، لەسەرچاوەی کتێبە شەرعیەکاندا بە تەفسیل باس کراوە کە بواری وا هەیە شاهێدیدانی ئافرەتی تێدا قبووڵ ناکرێت، هەر وەکو کە بواری واش هەیە شاهێدیدانی پیاوی تێدا قبووڵ ناکرێت. بواری واش هەیە شاهێدیی چوار پیاوی دەوێت، بواری واش هەیە شاهێدیدانی چوار ئافرەتی دەوێت.. وەهەروەها، لە هەندێك حاڵەتدا ئیسلام داوای کردووە شاهێدیدانی پیاوێکیش لەگەڵ شاهێدیدانی ئافرەتدا هەبێت بۆزێدە تەئکیدکردن، بەڵام بە شێوەی گشتی ئەوەی بواری تایبەت بە ئافرەتانە هەر شاهێدیدانی ئافرەتانی بۆ دەشێت و بەس.

٥- هەر لەم جیاوازییەی پێکهاتەی ئافرەت و پیاوەوەیە کە ئیسلام لە وەرگرتنی میراتدا دوو پشکی بۆ نێرینە و یەك پشکی بۆ مێیینە داناوە، ئەمە بە شێوەیەکی گشتییە (وەکو ئەوەی هەردوو لایان کچ و کوڕی کۆچکردووەکە بن)، بەڵام لە هەندێك حاڵەتدا پشکی هەردوو لایان وەکو یەکە، واتە ئافرەت و پیاوەکە یەکسان میراتیان بەر دەکەوێت، حاڵەتی تری واش هەیە کە

---

(١) ئەمە بە پێی بواری کارکردن و تایبەتمەندێتییانە، دەنا ئەگەر سێ پیاوی ڕاستگۆ و دینداری سەر ڕاست شاهێدی بدەن کە ئافرەتێکیان لە کاتی زیناکردنیدا دیوە، بەڵام ئافرەتێکی پسپۆڕی دیندار (پزیشک، برین پێچ، ماماں.. هتد) شاهێدی بدات کە زینای لەگەڵدا نەکراوە (وەکوو ئەوەی بیسەلمێنێت کە پەردەی کچێنی ماوە)، شاهیدی ئافرەتە پسپۆڕەکە زیاترە لە شاهێدیدانی سێ پیاوەکە. (نوسەر).

ئافرەت زیاتری میرات بەر دەکەوێت وەك لە پیاو، بەڵام لە زۆرینەی حاڵەتەکاندا پشکی پیاوان زیاترە لە پشکی ئافرەتان، ئەوەش بێگومان دادپەروەریە چونکە بەرپرسێتی مەسرەف کێشان لەسەر پیاوانە نەك لەسەر ئافرەتان (ئەگەرچی کاسبیش بکەن یان خاوەن ماڵ و سامانیش بن)، پیاو لە کاتی هاوسەرگیریدا مەسروفاتی مارەیی و گواستنەوە و دەعوەت و شادییەکە دەکات، مەسروفی سوکنا و خۆراك و خواردنەوە و چارەسەری تەندروستی هەر لەسەر ئەوە، کە لەوانەیە هێشتا مەسرەفی دایك و باوك یان خۆشك و براشی لەسەر مابێت؛ بۆیە شتێکی ئاسایی و مافێکی ڕەوایە کە پشکی پیاو لە پشکی ئافرەت زیاتر بێت هەر وەکو کە ئیسلام دیاریی کردووە.

٦- هەر بە هۆی ئەم جیاوازییە جەستەییەی پیاو و ئافرەتەوەیە کە ئیسلام ئەرکی زیاتری لەسەر پیاوان داناوە وەك لە ئافرەتان:

- جیهاد لەسەر پیاوان فەرزە کە هەر هەموو قۆناغ و حاڵەتەکانی سەختی و ناڕەحەتییە، لە هەندێك حاڵەتی کەمدا جیهاد لەسەر ئافرەتانیش فەرز دەبێت.

- لە کاتی سووڕی مانگانە و زەیستانیدا ئیسلام فەرزەکانی نوێژ و ڕۆژووی لەسەر ئافرەتان هەڵگرتووە، نوێژەکە بە یەکجاری و بەڵام ڕۆژووەکانی -دوای پاکبوونەوەی- دەبێت بگرێتەوە.

- فەرزی فەرمان بە چاکە و بەرهەڵستی لە خراپەی لە ناو کۆمەڵگەدا لەسەر هەڵگرتووە، مەگەر لە بوارێکی کەمی ئافرەتان خۆیاندا، ئەم ئەرکە ئەوە دەخوازێت بکەرەکان زۆرتر لە دەرەوە بن، لە ناو بازاڕ و بۆنە و شوێنە گشتیەکاندا، ئەمەش بواری سەرەکیی کارکردنی ئافرەتان نییە و زۆر تێیدا سەرکەوتوو نابن وەکو لە بواری ماڵ و منداڵیاندا سەرکەوتوو دەبن، تایبەتمەندێتیی خۆی لە ماڵەوەیە و پیاوان بەرپرسی بەخێوکردن و پاراستن و ڕێزگرتنن.

٧- هەر لەم جیاوازییەی پێکهاتەی جەستەییەوە -کە جیاوازیی پێکهاتەی دەروونیشی لێدەکەوێتەوە- ئیسلام مافی ئەدەبدادانی ژنی داوەتە دەست مێرد، بەڵام بێگومان ئەدەبدادانی بەرپرسانە کە باوکانەیە، کە سەرەتا هەر بە ئامۆژگاری و ڕێنیشاندان و قسەی جوانە، دواتر بە پشت تێکردنی لەسەر پێخەفی خەوتنیان و دواتر جیاکردنەوەی شوێنی نووستنی مێردەکە و

دواتر بە لێدانێکی ئەدەبدادان کە ئازاری جەستەیی بە دوادا نەیە و شوێنەوار لە جەستەیدا جێ نەهێڵێت، لێدانیش ناشێت لە شوێنی دیاریدا بێت (وەکو ڕوو، دەست و مەچەك و پێ)، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەیفەرموو: (لا تضربوا إماءَ اللَّه)، واتە لە ژنانتان مەدەن کە ئەوانیش عەبدی خوان. پاش هاتنە خوارەوەی ئایەتەکە کە ڕێی بە لێدانی ئەدەبدادانیان دا، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (ليسَ أولئكَ بخيارِكُم)[1]، واتە: ئەوانەی کە لە ژنەکانیان دەدەن لە پیاو چاکترینتان نین.

## خاڵی دەیەم: پوختەی خاڵەکانی پێشوو:

دەتوانین ئەو خاڵانەی سەرەوە ئاوا بخەینەوە بەر چاو:

١ - ئافرەت لە هەموو سیفەتە مرۆڤییەکانیدا بە تەواوەتی وەکو پیاوە.

٢- پێکهاتەی جەستەیی ئافرەت جیاوازە لە پێکهاتەی جەستەیی پیاو.

٣- جیاوازیی پێکهاتەی جەستەیی هەردووکیان جیاوازێتی ئەرك و بواری کاری هەردوو لایان دەخوازێت.

٤- سروشت و بارودۆخی جەستەیی و دەروونیی ئافرەت لە ماڵی خۆیدا زیاتر دەسرەوێت وەك لە کارکردنی دەرەوە و شەڕە پاڵی ڕەنج و کەسابەت.

٥- کە ئافرەت لە ماڵەوە دەمێنێتەوە و بەرپرسێتیی ئەرکەکانی ماڵ دەگرێتە ئەستۆ دەبێت لەبەرامبەریدا مەسرەفی بکێشرێت، مەسرەفەکەش لەسەر پیاوانە: مێرد یان باوك و برا و....

---

(١) ئەبو داود (٢١٤٦) و لەفزەکەش هی ئەمە، ئیبنو ماجە (١٩٨٥)، شێخی ئەلبانی لە (صحيح أبي داود)دا بە (صحيح)ی داناوە، هەروەها ئیبنو حەجەریش دەفەرموێت سەنەدەکەی سەحیحە.

ئەمە هەموو فەرموودەکەیە: (قالَ النَّبيُّ صلَّى اللَّهُ عليهِ وسلَّمَ: لا تضربوا إماءَ اللَّه . فجاءَ عمرُ إلى رسولِ اللَّهِ صلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ فقالَ: ذئرَ النِّساءُ علَى أزواجِهنَّ . فرخَّصَ رسولُ اللَّهِ صلَّى اللَّهُ عليهِ وسلَّمَ في ضربِهنَّ، فأطافَ بآلِ رسولِ اللَّهِ صلَّى اللَّهُ عليهِ وسلَّمَ نساءٌ كثيرٌ يشكونَ أزواجَهُنَّ، فقالَ رسولُ اللَّهِ صلَّى اللَّهُ عليهِ وسلَّمَ: لقد أطافَ بآلِ محمَّدٍ نساءٌ كثيرٌ يشكونَ أزواجَهُنَّ، ليسَ أولئكَ بخيارِكُم).

پرسیارەکەی ئێستا ئەوەیە:

- ئایا چوونە دەرەوەی ئافرەتان بۆ کار و کاسبیکردن باشترە بۆ مرۆڤایەتی یان مانەوەی لە ماڵ و گرتنە ئەستۆی ئەرك و کار و بەرپرسیتیی ماڵ و مێرد و منداڵەکانی؟ ئایا چوونە دەرەوەکەی لە بەرژەوەندیی ئافرەتەکە خۆیەتی؟ ئایا چوونە دەرەوەی ئافرەت لە بەرژەوەندی پیاوەکانێتی (مێرد یان باوك و برا و.. هتد)؟ زۆر لە کافرەکان یەکسەر بە پەلە وەڵام دەدەنەوە کە: بەڵێ بەڵێ، چوونە دەرەوەی ئافرەت بۆ کار لە بەرژەوەندیی خۆی و مێرد و کۆمەڵگەکەیەتی چونکە مانەوەی لە ماڵەوە پەکخستنی نیوەی وزەی کۆمەڵگەیە!

با ئەم پرسیار و وەڵامانە هێدیانە بخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە:

١ - مەگەر ماڵ و منداڵی مرۆڤ پێویستیان بە کەسێك نییە کە سەرپەرشتیارییان بکات؟ باشە ئەگەر ئافرەتی ماڵەکە چووە دەرێ بۆ کار و کاسبیکردنی ماڵ و منداڵەکەی پێویستیان بە ئافرەتێکی تر نابێت ئاگای لێیان بێت و بە خەمیانەوە بێت؟ با بڵێین هەر ئافرەتەکە چووە بۆ ئیشی دەرەوە، ئافرەتێکی خزمەتکاری لە شوێنی خۆی بۆ دانراوە! یان خزمەتکاری نییە، بەڵام منداڵەکانیان لە باخچەی ساوایان (ڕەوزە) داناوە و پێداویستی بازاڕییان هەموو بۆ کڕیوە و لە ماڵەکەیدا دانراوە، ئێ ئەمە هەر ئەوە نییە کە ئافرەتی ترمان (خزمەتکارەکە یان سەرپەرشتیارەکانی باخچەی ساوایان) کردووە بە سەرپەرشتیاری بەدیل بۆ ماڵ و منداڵەکان؟ مەگەر ئەم ئافرەتە بەدیلانە لە خزمەتی ماڵ و منداڵەکاندا شل و کول نابن؟ ماندوو نابن؟ بەڵێ حەتمەن ماندوو دەبن و پارەی خۆیان وەردەگرن کە دەبێت دایکەکە بیدات!! ئێ باشە کامیان چاکترە: دایکەکە لە ماڵەوە بێت و سەرپەرشتی ماڵ و منداڵەکانی خۆی بکات یان خزمەتکارێك؟! دایکەکە لەگەڵ منداڵەکانی خۆیدایە و پارە و مەسرووفی هەیە، بەڵام خزمەتکارەکە هیچی منداڵەکان نییە و پارەش وەردەگرێت! ئایا ئەنجامی بەرهەمی ئاڕاستە و پەروەردەکردنی دایك و خزمەتکارەکە وەکو یەکە؟ ئایا ڕەنجی دایکەکە بە ئاڕاستەیەکی ڕاست و ڕەوادا ڕۆیشتووە؟[1]

---

(١) لە حەقیقەتدا کاری ئافرەتان کە لە ئەوڕووپاوە سەری هەڵدا لە چەند هۆیەکەوە بوو کە هیچیان لە وڵاتی موسوڵماناندا نەبوون:

٢- ئایا کۆرپە و ساواکان لە باوەشی پڕ سۆز و خۆشەویستی دایکیاندا باشتر پەروەردە دەبن یان لە باوەشی خزمەتکارێکدا؟ لای دایکیان پڕ میهر و بەختیاریی دەبن یان لە باخچەی ساوایان؟ هەموو ئەزموون و لێکۆڵینەوە و تیۆرییەکانی پەروەردەی منداڵ دەڵێن: کەس وەکو دایك نییە بۆ منداڵەکانی، منداڵیش لای دایکی پارسەنگانە پەروەردە دەبێت، ئێ باشە لە پێناوی چ شتێکدا ئەم پەروەردە پارسەنگ و ئەم هێلانەی ئەمانە تێکبدەین؟ ئایا بەرامبەرەکەی کە دەستمان دەکەوێت لەم هێلانە ئەمانە و لەم باوەشە سۆزە گرنگترە؟!

٣- مەگەر ئافرەت ئەوەی لا گرنگتر نییە کە خانومان و بەڕێز لەماڵەوە بێت و خزمەت بکرێت و پێداویستیەکانی بۆ جێبەجی بکرێت و داواکارییەکانی بهێنرێتە دی و مەسرەفی خۆی و منداڵەکانی و جوانی و ڕازاوەیی ماڵەکەی بۆ دابین بکرێت، وەك لەوەی ناچارانە بچێتە دەرەوە و بکەوێتە هەڵپەی بژێویی مسۆگەرکردن و شەڕەپاڵی ناو پاڵدەران کە هەموو ڕۆژێکی ناڕەحەتی و ماندوویی و پشێویی دەبێت، ئاهـ و خۆزگە بۆ کۆتایی هەفتە و پشوو هەڵدەکێشێت! کە دێشتەوە ماڵەکەی هێندە ماندووە ناتوانێت نیو سەعات گەمە لەگەڵ منداڵەکانیدا بکات و نازیان بداتێ! بێگومان لە پارسەنگ پەروەردە نەبوونی منداڵەکانیشیدا ڕەنگە نیو سەعات کاتی بێدەنگ دەس نەکەوێت تا سەرە خەوێکی تێدا بشکێنێت!!

٤- مەگەر ئەوە بۆ پیاو چاکتر و بەڕێزتر و خۆشتر نییە کە کاتێك لە ماندوویی کاسبیکردنی دەرەوەیە دێتەوە ماڵەکەی ببینێت وا ژنە خۆشەویستەکەی چاوەڕێیەتی و دێتە پێشوازیی و دەبینێت ماڵەکەی ڕازاندۆتەوە و منداڵەکانی لە بەختەوەرییدا گۆشکردووە و هەموو پاك و خاوێن و بۆنخۆشن، ئەمە ئەو ژن و ماڵ و منداڵەیە کە سوکنای دڵ و ئاسوودەیی دەروونە، ئەمە ئەو ژنەیە کە خوای گەورە لە وەسفیدا دەفەرموێ: ﴿لِّتَسۡكُنُوٓاْ إِلَيۡهَا﴾ الروم: ٢١، واتە: تا سوکنایی دڵتان لای دەس کەوێت. ئا ئەمە چاکتر نییە بۆ هەردووکیان -بە تایبەتی مێردەکە- وەك

---

١- ئافرەت لە دین و یاسا و دابونەریتی ئەورووپادا لە (١٨) ساڵانیەوە کەس بەرپرسی بەخێوکردنی نامێنێت.

٢- سەرمایەداری کە لە سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەوە هاتە جێی سیستمی دەرەبەگایەتی (فیوداڵیزم) دەیویست زۆرترین ژمارە کرێکاری هەرزانی دەستکەوێت بۆ کارگە و پیشەسازییەکانی، هەتا ئێستاش وایە.

٣- هەموو جەنگەکانی ئەورووپا کاولکارانەبوو، شار و لادێ و زەوی و زارەکانی یەکتریان دەسووتاند، چاکردنەوەی ئەوەش کرێکاری دەویست کە پیاوان بەس نەبوون.

لەوەی کە کاتێك دێتەوە دەبینێت ژنەکەی لە ئیشــە و هێشــتا نەهاتۆتەوە! یان دەبێت یەکێکیان ڕاکات و منداڵەکان لە باخچەی ســـاوایان بهێنێتەوە! یان بێتەوە و یەکســـەر چاوی بە ئافرەتە خزمەتکارەکەیان بکەوێت و ئارەزووی بۆ ئەو بجووڵێت!! کاتێك ژنەکەشـی دێتەوە دەپرسـێت: تۆ لە پێش مندا هاتوویتەوە و خواردنێکت حازر نەکردووە؟!

٥- کامیان خوشحاڵ و بەختیار ترە؟ ژنێك کە هەست دەکات مێردەکەی هی خۆیەتی و دڵیان پێکەوەیە و هۆگری یەکترن و دڵی پیاوەکەی بە غەیری ئەم شـــادمان نابێت و حەزی جنســـیی لای ئەم نەبێت تێر نابێت، چونکە چاوی لە ئافرەتی تر نییە.. ئەمە خۆشـــحاڵترە یان ئەو ژنەی هەست دەکات دڵی پیاوەکەی لای ژنێکی ترە و حەزی جنسیی لە ئافرەتێکی ترە؟! کام پیاویش خۆشـــحـاڵتر و کـامـەرانترە؟ ئـەو پیـاوەی هـەســـت دەکات ژنەکەی لە ماڵی خۆیدایە و هی خۆیەتی و کەس لە دیتنی جەستەیدا بەشداری ناکات.. یان ئەو مێردەی دڵی ژنەکەی هی ئەوە، بەڵام کەسـانی تریش لە چێژی دیتنی جەسـتەیدا بەشـدارن لەگەڵیدا؟ کامیان ئاسوودەترە: ئەو ئافرەتەی لە کار و کاســـبیکردندا تێکەڵ بە جۆرەها پیاوی چاو باشـــقاڵە و بە خیانەتەوە بۆی دەڕوانن، یـان ئـەو ئـافرەتـەی لـە ماڵەوەیە و تێکەڵاوێتی لەگەڵ مەحرەمانی خۆیدایە و چوونە دەرەوە و میواندارێتی و سەفەریشی بە هاوڕێیی ئەوانە؟ کامیان دەروونیان هێدی ترە و لە ئەمان دان؟

## ڕەواندنەوەی گومانێك:

یەکێك دەڵێ باشە گریمان ئافرەتێکی بێکەس هەبوو مێردی نییە و کەسیشی نییە بە خەمیەوە بێـت و بەخێوی بکات، ئێ ئەمە چۆن نابێت بچێتە دەرەوەی ماڵ و کار و کاســـبی بکات؟ یان چۆن نـاشــێت ئافرەتان بۆ خوێندن و فێربوون بچنە دەرێ؟! هەروەها کلکە پرســـیاری تر لەم بارەوە:

لـە وەڵامـدا دەڵێین: ئـەو خوایـەی ئەم ئەحکامانەی ئاوا بە گشـــتی داناوە کە بوار و ڕۆڵی ئافرەت لە ماڵەکەی خۆیدایە و فەرزە لەسەر پیاوانی مەسرەفی بکێشن و داواکارییەکانی بهێننە دی، ڕێی لێ نەگرتووە بۆ خوێندن و فێربوون یان بۆ کار و کاسـبیکردن یان بۆ خاوەنێتی یان بۆ

ڕادەربڕین و بەرپرســـێتی کاروباری بانگەواز و گۆڕان بچێتە دەرەوە، بە پێچەوانەوە بۆ هەموو ئەو بوارانەی هانداوە کە لەگەڵ سروشت و ڕۆڵی خۆیدا گونجاوە (گرنگ باڵاپۆشی و تێکەڵاو نەبوونێتی).

کـاتێك مێژووی کۆمەڵگەی موســـوڵمانان دەخوێنین (هەر لەســـەردەمی پێغەمبەری خواوە (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) تا ئێســـتا) ســـەردەمێك نابینن ڕێ لە چوونە دەرەوەی ئافرەتی تێدا گیرابێت، نابینن ڕێی خوێندن و فێرخوازی و کار و کاســـبی و خاوەنێتی و بانگەوازی لێگیرابێت، لە هەموو قۆناغەکانی مێژووی ئوممەتدا دەبینین ئافرەتان بە گوێرەی پێویســـتیی خۆیان چوونەتە دەرێ، بۆ کڕین و فرۆشتن، بۆ کاسبی و خاوەنێتی، بۆ خوێندن و فێربوون، بۆ کۆڕ و کۆبوونەوە، بۆ گۆڕین و ڕادەربڕین، لە مێژووی موسوڵماناندا سەدان ئافرەتمان هەیە کە زانا و شەرعناس و فەرموودەوان و تەفسیروان بوون، سەدانی تر زمانەوان و شاعیری بەناوبانگ بوون[(١)].

لە هەموو قۆناغەکانی ئوممەتی ئیســـلامیماندا هەزاران ئافرەت دەبینیرێت کە کەســـایەتیی ســـەربەخۆی خۆیان هەبووە و خاوەن پارە و سامان و بازرگانیی خۆیان بوون، لە بازاڕدابوون و مامەڵەیان کردووە، بازرگانیان لەگەڵ کاروانەواندا کردووە، کاریان کردووە و پاداشـــتی کاری خۆیان -بە قەدەر پیاوی هاوشانیان- وەرگرتووە، ئافرەتانی هەڵکەوتە و بوێر و بوێژ جێی ڕاوێژ و پرس و ڕا بوون ڕایان دەربڕیوە و بۆچوونیان قبووڵکراوە.

لە بواری غەزا و جیهاد و ڕووبەڕووبوونەوە سەختەکانی مەیداندا هەر لە زەمانی پێغەمبەری خواوە (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) تا ئەم ســـەردەمە هەزاران نموونەی جەنگاوەری و ئازایەتیی ئافرەتانی موســـوڵمان تۆمارە.. بەشـــداری جیهادیان دەکرد و کوشتاریان دەکرد، هەیانە لە غەزای دەریادا بەشـــداریی کردووە، چونکە شـــەرعناســـانی ئیســـلام دەفەرموون کە لە هەندێك حاڵەتدا جیهاد لەســـەر ئافرەتانی بە تواناش فەرز دەبێت وەکو ئەو حاڵەتەی دەکەوینە بەر هێرشـــی دوژمنان و دێنە ســـەرمان، ئەمەش فەرزێتی مەشـــقی ســـەربازیی لەســـەر پیاوان و ئافرەتان دەســـەلمێنێت و

---

(١) حەوت سەد ساڵ لەمەوبەر کە پاشاکانی ئەوروپا نەیاندەزانی (واژۆ: ئیمزا) بکەن و ئافرەتیان بە مرۆڤ دانەدەنا، لە ئەندەلوس (ئیسپانیای ئەمڕۆ) خاتوو لوبنە لە زانکۆی قورتوبە دەرسی کیمیاگەریی دەوتەوە!!

دەچەسپێنێت چونکە ئەگەر پێشتر هەردوو لایان مەشقی سەربازیان نەکردبێت چۆن دەتوانن بەشدار بن لەبەرەنگاری و ڕەتکردنەوەی دوژمناندا؟

ئەمە جگە لە سەدان هەڵکەوتەی ئافرەتان لە بوارەکانی تری زانستدا کە خۆیان یان کۆمەڵگەکە پێویستیان پێیان بووە:

- ئیسلام ڕێی لە ئافرەت نەگرتووە فێر ببێت، بەڵکوو فێربوونی هەندێك زانستی لەسەر ئەویش فەرزکردووە.

- ئیسلام ڕێی لە کارکردنی ئافرەت نەگرتووە، بەڵکوو هەندێك کار و بوار هەیە لەسەر ئەویش و کۆمەڵگە و دەوڵەتەکەی ئیسلام فەرزە کە شارەزایی تێدا پەیدا بکەن بە گوێرەی چەندێتی و چۆنێتی پێداویستی خۆیان و کۆمەڵگەکە.

- ئیسلام ڕێی لە ئافرەت نەگرتووە مەشقی سەربازی و ئەمنی بکات و بەشداری جیهاد بکات، بەڵکو هانیشی داوە لەسەریان و هەر وەکو پیاوان هەندێك جۆرە مەشق و جیهاد لەسەر ئەوانیش فەرز کردووە، بەڵام نەیفەرمووە -وەکو پیاوان- لە هەموو حاڵەتەکانی فەرزێتی جیهاددا بەشدار ببێت، ئەمما ئەو کاتانەی کە هێرشی کافرانمان هاتۆتە سەر یان حاکمی مورتەد و کافر بوونەتە دەسەڵاتداری وڵاتمان ئەو کاتانە جیهاد بۆ لادان و ڕادانی ئەو تاغووتانە لەسەر پیاوان و ئافرەتان -وەکو یەك فەرزە- مادام لە توانایاندابێت.

بەڵام هەموو ئەم کار و ڕۆڵ و بوارانە پێویستە لە چوارچێوەی شیاوێتیی شەرعیدابن بە پێی مەرجەکانی شەرع بن، وەکو سافیرە نەبوون و تێکەڵاو نەبوونی نامەحرەمان بەو شێوەیەی کە جائیز نەبێت، هەروەها دووچار نەبوونی فیتنە و ئاژاوەی دینی و ڕەوشتی، ئەگەر مەترسی زینا لەسەر کار و دەرەوەی دروست دەبوو کارەکەی جائیز نامێنێت.

وەرگرتنی زانست -هەر جۆرێك بێت- بۆ ئافرەتان جائیزە، کەس نییە بڵێ ناشێت ئافرەت زانستیەکانی فیزیا و کیمیا و ژمێریاری و... فێر ببێت، ئەمما ئەوە قەدەغەیە کە لەگەڵ وەرگرتنی ئەم زانستیانە وا فیکری گومڕایی و داب و نەریتی کوفر و قییەمی بەڕەڵایی وەربگرێت، ئەوەی لێ قەدەغەیە بکەوێتە بواری خراپە و لاسەنگی و فەوتانی دین و کەسایەتیی خۆیەوە، ئەمە هەر

لەو حەڕام نییە؛ بۆ پیاوانیش هەر وایە، کە فەرزە لەسـەر ئەویش مەشـقی سەربازی فێر ببێت، فەرزیشـــە لە بواری شـــیاو و تواناداببێت، نەك بە بەهانەی ئەوەی فێری مەشـــقی ســـەربازی دەکرێت بەڕەڵای بەر دەســـتی پیاوانی مونحەریف و خراپەکار بکرێت یان بە ســـەری ڕووت و پۆشاکی نەشیاوەوە مەشق بکات، ئەمە بە تەئکید جائیز نییە.

کەوابوو حاڵەتی سـروشـتی و ئاسایی ئافرەتی موسوڵمان و ئەرك و ڕۆڵی خۆی لەماڵەکەی خۆیدایە، ئەگەر ناچار بوو بۆ هەر پێداویســـتیەك بچێتە دەرەوە دەچێت و ڕەچاوی شـــەرع و دینـداریێتی دەکـات، لێرەدا ئـەوەمـان لـە یاد ناچێت کە کاتێك ئافرەت لە ماڵ دەچێتە دەرەوە و دەکەوێتە سەر کار و وەزیفە:

١ - ئەگەر بە مۆڵەتی مێردەکەی بوو، کارەکەش جائیز بوو، شـــەرعی تێدا ڕەچاوکرد، پارە و مووچەکەی بۆ خۆی دەبێت و مەسرەفی هەر لەسەر مێردەکەی دەبێت.

٢- ئەگەر بە بێ مۆڵەتی مێردەکەی تەعین بوو یان کار و کاسبییکرد و چووە دەرێ مەسرەفی لەســەر مێردەکەی نامێنێت، چونکە مەسرەفکێشانەکەی لەبەرامبەر لێبڕانێتی بۆ ماڵ و منداڵ و مێردەکەی، ئەو کاتە دەبێت هەردووکیان بە هاوبەشی مەسرەف بکەن.

## بڕگەی سێیەم:

## چەن دەقێکی فەرموودە:

١- بورەیدە (کە یاوەرە و پیاوە) (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: (كَانَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إذَا أَمَّرَ أَمِيرًا على جَيْشٍ، أَوْ سَرِيَّةٍ، أَوْصَاهُ في خَاصَّتِه بتَقْوَى اللهِ، وَمَن معهُ مِنَ المُسْلِمِينَ خَيْرًا، ثُمَّ قالَ: اغْزُوا باسْمِ اللهِ في سَبيلِ اللهِ، قَاتِلُوا مَن كَفَرَ باللَّهِ، اغْزُوا وَلَا تَغُلُّوا، وَلَا تَغْدِرُوا، وَلَا تَمْثُلُوا، وَلَا تَقْتُلُوا وَلِيدًا. وإذَا لَقِيتَ عَدُوَّكَ مِنَ المُشْرِكِينَ، فَادْعُهُمْ إلى ثَلَاثِ خِصَالٍ -أَوْ خِلَالٍ- فأيَّتُهُنَّ ما أَجَابُوكَ فَاقْبَلْ منهمْ، وَكُفَّ عنْهمْ، ثُمَّ ادْعُهُمْ إلى الإسْلَامِ، فإنْ أَجَابُوكَ، فَاقْبَلْ منهمْ، وَكُفَّ عنْهمْ، ثُمَّ ادْعُهُمْ إلى التَّحَوُّلِ مِن دَارِهِمْ إلى دَارِ المُهَاجِرِينَ، وَأَخْبِرْهُمْ أنَّهُمْ إنْ فَعَلُوا ذلكَ فَلَهُمْ ما لِلْمُهَاجِرِينَ، وَعليهم ما علَى المُهَاجِرِينَ، فإنْ أَبَوْا أَنْ يَتَحَوَّلُوا منها، فأخْبِرْهُمْ أنَّهُمْ يَكونُونَ كَأَعْرَابِ المُسْلِمِينَ، يَجْرِي عليهم حُكْمُ اللهِ الذي يَجْرِي علَى المُؤْمِنِينَ، وَلَا يَكونُ لهمْ في الغَنِيمَةِ وَالْفَيْءِ شيءٌ إلَّا أَنْ يُجَاهِدُوا مع المُسْلِمِينَ، فإنْ هُمْ أَبَوْا فَسَلْهُمُ الجِزْيَةَ، فإنْ هُمْ أَجَابُوكَ فَاقْبَلْ منهمْ، وَكُفَّ عنْهمْ، فإنْ هُمْ أَبَوْا فَاسْتَعِنْ باللَّهِ وَقَاتِلْهُمْ. وإذَا حَاصَرْتَ أَهْلَ حِصْنٍ فأرَادُوكَ أَنْ تَجْعَلَ لهمْ ذِمَّةَ اللهِ، وَذِمَّةَ نَبِيِّهِ، فلا تَجْعَلْ لهمْ ذِمَّةَ اللهِ، وَلَا ذِمَّةَ نَبِيِّهِ، وَلَكِنِ اجْعَلْ لهمْ ذِمَّتَكَ وَذِمَّةَ أَصْحَابِكَ؛ فإنَّكُمْ أَنْ تُخْفِرُوا ذِمَمَكُمْ وَذِمَمَ أَصْحَابِكُمْ أَهْوَنُ مِن أَنْ تُخْفِرُوا ذِمَّةَ اللهِ وَذِمَّةَ رَسولِهِ، وإذَا حَاصَرْتَ أَهْلَ حِصْنٍ فأرَادُوكَ أَنْ تُنْزِلَهُمْ علَى حُكْمِ اللهِ، فلا تُنْزِلْهُمْ علَى حُكْمِ اللهِ، وَلَكِنْ أَنْزِلْهُمْ علَى حُكْمِكَ؛ فإنَّكَ لا تَدْرِي أَتُصِيبُ حُكْمَ اللهِ فيهم أَمْ لَا) [1]، واتە: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە کەسێکی دەکردە ئەمیری سوپا یان ئامر مەفرەزە، بەوەی ڕادەسپارد کە ئاگای لە تەقوا و دینداریتیی سەرڕاستانەی خۆی و ئەو موسوڵمانانە بێت کە لەگەڵیدان و هۆشی لێیان بێت، پاشان پێی دەفەرموو: بڕۆ بە ناوی خوای گەورە و لە پێناوی خوای گەورەدا جیهادەکەت بکە، کوشتاری هەموو ئەوانە بکە کە باوەڕیان بە خوا نییە و دژی دینەکەین، بەڵام غەدر و دەستدرێژی مەکەن، لە سنوور دەرمەچن، لاشەی کوژراوان مەشێوێنن و منداڵان مەکوژن، ئەگەر گەیشتیتە موشریکان/ دوژمنان پێش هەموو

(١) ئەبو داود (٢٦١٢)، ئیبو ماجە (٢٨٥٨)، دارمی (٢٤٨٦)، موسلیم (١٧٣١) و لەفزەکەش هی ئەمە.

شتێك سێ ئیختیاریان بخەرە بەر دەست، هەر کامێکیان قبووڵ کرد ڕازیبە پێی و کۆڵیان لێدە (لێیان بگەڕێ)، پاشان بانگیان بکە بۆ هیجرەتکردن بۆ مەدینە، پێیان ڕابگەیێنە کە ئەگەر وایان کرد حاڵیان وەکو حاڵی موهاجیرانی پێش ئەوان دەبێت، هەموو ئەو مافانەیان دەبێت کە ئەوان هەیانە، ئەگەر ڕازی نەبوون ناوچەی خۆیان جێهێڵن و کۆچ بۆ مەدینە بکەن (کە دارولئیسلامە) هەواڵیان بدەرێ کە لە حوکمی ئەعرابە موسوڵمانەکاندا دەبن و حوکمی شەریعەتی خوا -وەکو باقی موسوڵمانانی تر- دەیانگرێتەوە و مافیان لە غەنیمەت و فەی (دەسکەوتی جیهاد و گرتنی سامانی کافرانی شەڕانی بە بێ جەنگ) دا نابێت، مەگەر ئەوانیش بەشداری جیهاد بکەن، ئەگەر ڕازی نەبوون داوای (جزیە) یان لێبکە، ئەگەر ڕازیبوون و دایان کۆڵیان لێدە و هەقت بە سەریانەوە نەبێت، ئەگەر ڕازی نەبوون پشت بە خوا ببەستە و بکەوەرە کوشتاریان.. ئەگەر قەڵا و قوللەی دوژمنانێکت گەمارۆدا و ویستیان ئەمانیان بدەیتێ و وتیان قبووڵمانە لە کەناری ئەمانی خوا و پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) دا بین؛ ئەمانی وایان مەدەرێ، ئەمانیان لەسەر ناوی خۆت بدەرێ، پەیمانی خۆت و هاوڕێیانتیان بدەرێ، چونکە پەیمانی خۆتانیان بەرامبەر بشکێنن ئاسانترە وەك لە پەیمانی ئەمانی خوا و پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) (کە زۆر قورس لەسەرتان دەکەوێت و زۆر گوناحبار دەبن پێی)، ئەگەر قەڵا و قوللەی دوژمنانێکت گەمارۆدا و ویستیان بە حوکمی خوایان لەگەڵدا بکەیت و ئەمانیان لەسەر ناوی خوا بدەیتێ، مەیکە، لەسەر خاڵی بڕیار و حوکمی خۆت لەگەڵیاندا ڕێکەوە، چونکە تۆ نازانیت ئاخۆ بە پێی حوکمی خوای گەورە لەگەڵیاندا ڕێکەوتوویت یان پێچەوانەی حوکمی خوای گەورە (ئەگەر بە پێی خاڵی ڕێکەوتنی خۆت بووبێت و لێی پەشیمان ببیتەوە، ئەوەندەت لەسەر ناکەوێت کە پەیمانی خوای گەورەت دانابێ و بیشکێنیت).

٢- یەحیای کوڕی سەعید دەفەرموێ: ئەبو بەکر (خوا لێی ڕازی بێت) سوپای بەرەو شام بەڕێ دەکرد، خۆشی تەشریفی لەگەڵیاندا -بۆ خواحافیزی لێ کردنیان- بردە دەرەوەی شار، جڵەوی ئەسپەکەی یەزیدی کوڕی ئەبو سوفیانی گرتبوو (خوا لێیان ڕازی بێت) کە فەرماندەی لەشکەرێکی سوپاکە بوو، ناوچەیەکی پێ سپێردرابوو، یەزید بە سەیدنا ئەبو بەکری فەرموو: یان جەنابیشت سواربە یان با من پیادە بم، فەرمووی: نا، نە تۆ دابەزە و نە منیش سوار دەبم، با

ئەم هەنگاوانەم لەبەر خاتری خوا هەڵهێنمەوە.. پاشـــان پێی فەرموو: دەگەیتە خەڵکانێك لاڧی ئەوە لێدەدەن کە گوایە بۆ خواپەرستی لێبڕاون، لێیان گەڕێ و هەقت بە سەریانەوە نەبێت، با بۆ کـاری خۆیـان لێبڕێن کـە خۆیان بۆ گۆشــەگیر کردووە، هەروەها دەگەیتە خەڵکانێك کە قژی ناوەڕاسـتی سـەریان تاشیوە، جا تۆش بە شمشێرەکەت لەو شوێنە بدە کە تراشیویانە[1]، من دە ڕەفتارت پێدەسـپێرم: نەکەی ئافرەت بکوژیت یان منداڵ و پیر و بەساڵداچوو، نەکەی درەختی بەردار ببڕیت و نەکەی ماڵ و ئاوەدانی بڕوخێنیت، نەکەی مەڕێك یان حوشـترێك سـەرببڕیت مەگەر بۆ خواردنی خۆتان، نەکەن دار خورمایەك نقوومی ئاو بکەیت یان بیسـووتێنیت، نەکەی لە سامانی غەنیمەت بماشیتەوە و لێی لادەیت کە غەدرە و ترسنۆکیش نەبیت)[2].

٣- نەجدەی کوڕی عامری حەروری دەگێڕێتەوە کە نامەی نارد بۆ ئیبنو عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێـت) کـە ئـایـا پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئافرەتانی دەبردە جیهاد؟ ئایا پشـــکی تـایبەتی لە غەنیمەت بۆ دادەنان؟ ئایا منداڵی دەکوشـــت؟ و ئایا قۆناغی هەتیوێتی منداڵ کەی کۆتـایی دێـت؟ ئایا (خومس) ماڧی کێیە وەری بگرێت؟ ئیبنو عەبباس فەرمووی: ئەگەر لەبەر ئەوە نەبێت کە ناشـێت زانست و زانین بشاردرێتەوە وەڵامم بۆ نەدەنووسیوە (چونکە نەجدە لە خەواریجەکان بوو کە دژی سەیدنا عەلی (خوای لێی ڕازی بێت) شۆڕشیان بەرپا کرد)، پاشان بۆی نووسی: دەپرسیت کە ئایا ئافرەتان لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) غەزایان دەکرد؟ بەڵێ، بەشداریی پێ دەکردن و بریندارەکانیان دەرمان دەکرد و دەسکەوتەکانی جەنگیان دەپـاراســت. ئـەممـا پشـــکی تـایبـەتیـان لە غەنیمەتدا هەبوویێت؟ نەیانبوو، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) منداڵی نەدەکوشت، تۆش وا دەکەیت، ئەگەر تۆش وەکو(خزر) (عليه السلام) دەربارەی ڕەفتاری داهاتووی منداڵان دەزانیت بیانکوژە! [3] (مەبەستی ئەوەیە کە کەس بۆی نییە منداڵان بکوژێت).

---

(١) مەبەست پێی لێدانە لە گەردنیان، واتە کوشتنیان، نەك لێدان لەو شوێنە بەتایبەتی.

(٢) ئیمامی مالیك لە (موطأ) بە ژمارە (١٢٩٢)، هەروەها بەیهەقیش لە (السنن الصغير)دا بە ژمارە (٣٨٧/٣) هێناویەتییەوە، شوعەیبی ئەرنائوط لە (تخريج شرح السنة) (٢٦٩٦) دا دەفەرموێ: (رجاله ثقات، لكنه منقطع).

(٣) موسلیم (١٨١٢)، ئەبو داود (٢٧٢٧، ٢٧٢٨)، ترمزی (١٥٥٦).

٤- رەبیعی کچی موعەوویز (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێ: (لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەچووینە غـەزا، ئاومان دەگەیاندە (موجاهیدەکان) و خزمەتمان دەکردن و کوژراو و بریندارەکانیانمان دەهێنایەوە بۆ مەدینە)[١].

٥- ئوممو عەتییە (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێ: (لە خزمەت پێغەمبەری خوادا لە حەوت غـەزادا بەشـدار بووم، پاسـەوانێتیی کەلوپەلەکانیان دەبووم و خواردنم بۆ سـاز دەکردن و بریندارەکانم دەرمان دەکرد و سەرپەرشتیاری نەخۆشان دەبووم)[٢].

٦- خاتوو عائیشـە (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێ: **(إِنْ كَانَتِ الْمَرْأَةُ لَتُجِيرُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ فَيَجُوزُ)**[٣]، واتە: ئەگەر ئـافرەتێکی موسـولْمـان عەهـد و ئەمانی دا بە کەسـانێکی کافر ئەوا قبولْکراوە و دەبێت موسولْمانان پێوەی پابەند بن[٤].

٧- ئیبنو عـەبـاس (خوا لێی ڕازی بێـت) دەگێڕێتـەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (الأَيِّمُ أَحَقُّ بِنَفْسِهَا مِن وَلِيِّهَا، وَالْبِكْرُ تُسْتَأْذَنُ في نَفْسِهَا، وإِذْنُهَا صُمَاتُهَا)، واتە: حەقی بێوەژن لەسـەرپەرشـتیارەکەی لە پێشـترە لە شووکردنەوەیدا (ڕای خۆی لە پێشترە)، کچ پرسی پێدەکرێت، بێدەنگبوونی نیشانەی ڕازیبوونێتی.

لە ڕیوایەتێکی تردا دەفەرموێت: (وَالْبِكْرُ يَسْتَأْذِنُهَا أَبُوهَا فِي نَفْسِهَا وَإِذْنُهَا صُمَاتُهَا)[٥]، هەر بە هەمان مانایە.

٨- ئیبنو عـەبـاس (خوا لێیـان ڕازی بێـت) دەگێڕێتـەوە: (أَنَّ جـارِيـةً بِكْرًا أتـتِ النَّبيَّ

(١) بوخاری (٥٦٧٩).

(٢) موسلیم (١٨١٢).

(٣) ئەبو داود (٢٧٦٤)، شێخی ئەلبانی لە (صحيح أبي داود)دا دەفەرموێت: (صحيح)ـە.

(٤) هەر وەکو چۆن (أم هـاني)ی کچی ئەبی تـالیب لە فەتحی مەککەدا ئەمـانی دا بە هەنـدێ لە خزمەکـانی و پێغەمبەریش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ڕێی پێدا و قەبولْی کرد.

(٥) هەر شەشیان جگەلە بوخاری: موسلیم (١٤٢١)، ئەبو داود (٢٠٩٨)، ترمزی (١١٠٨)، مالیك (١٤٩٣)، نەسائی (٣٢٦٠)، ئیبنو ماجە (١٨٧٠)، لەفزی فەرموودەکە هی موسلیمە.

(صَلَّى‌ٱللَّهُ‌عَلَيۡهِ‌وَسَلَّمَ)، فذَكرت أنَّ أباها زوَّجها وَهيَ كارِهَةٌ فخيَّرَها النَّبيُّ (صَلَّى‌ٱللَّهُ‌عَلَيۡهِ‌وَسَلَّمَ))[1]، واته: كچێك هاته خزمه‌تی پێغه‌مبه‌ری خوا (صَلَّى‌ٱللَّهُ‌عَلَيۡهِ‌وَسَلَّمَ) و عه‌رزی كرد كه‌ باوكی به‌ نا به‌ دڵی ئه‌م به‌ شـووی داوه‌، پێغه‌مبه‌ری خوا (صَلَّى‌ٱللَّهُ‌عَلَيۡهِ‌وَسَلَّمَ) سه‌ر پشكی كرد كه‌ شووی پێده‌كات یان نا، واته‌ ئازاده‌ له‌وه‌ی پێی ڕازی ده‌بێت یان ڕه‌فزی ده‌كات.

٩- ئـه‌بو هوره‌یره‌ (خوا لێی ڕازی بێـت) ده‌گێڕێتـه‌وه‌ كـه‌ پێغـه‌مبه‌ری خوا (صَلَّى‌ٱللَّهُ‌عَلَيۡهِ‌وَسَلَّمَ) فه‌رمووی: (وَالَّذي نَفْسـي بيَدِه، مَا مِنْ رَجُلٍ يَدْعُو امْرَأَتَهُ إِلَى فِراشِه، فَتَأْبَى عَلَيْه، إِلَّا كَانَ الَّذِي فِي السَّماءِ سَاخِطًا عَلَيْهَا حَتَّى يَرْضَى عَنْهَا)[2]، واته: سوێندم به‌و خوایه‌ی گیانمی به‌ ده‌سته‌ هه‌ر پیـاوێـك بـانگی ژنـه‌كه‌ی بكاته‌ سـه‌ر پێخه‌فی خۆی و گوێی نه‌داتێ و نه‌چێته‌ لای، ئه‌وی له‌ ئاسـمانه‌ لێی تووڕه‌ ده‌بێت تا ئه‌و سـاته‌ی مێرده‌كه‌ی لێی ڕازی ده‌بێت (واته‌ خوای گه‌وره‌ لێی تووڕه‌ ده‌بێت).

له‌ ڕیوایه‌تێكی تریدا هاتووه‌: (إذا باتَتِ المَرْأَةُ مُهاجِرَةً فِراشَ زَوْجِها، لَعَنَتْها المَلائِكَةُ حتَّى تَرْجِعَ)[3]، واته: ئه‌گه‌ر ژنێك پێخه‌فی سه‌رجێی مێرده‌كه‌ی جێ هێشتبێت، دوور له‌ مێرده‌كه‌ی (به‌ هۆی تووڕه‌ بوونیه‌وه‌ لێی) شـه‌وی ڕۆژ كردبێته‌وه‌، فریشـته‌كان نه‌فرینی لێده‌كه‌ن تا ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ لای.

١٠- تـه‌ڵـقی كـوڕی عـه‌لی (خوا لێی ڕازی بێـت) ده‌گێڕێتـه‌وه‌ كـه‌ پێغـه‌مبـه‌ری خوا (صَلَّى‌ٱللَّهُ‌عَلَيۡهِ‌وَسَلَّمَ) فـه‌رمووی: (إذا دَعـا الرَّجُلُ زَوْجَتَه فلْتَأْتِه وإن كانَت على التَّنُّور)[4]، واته: ئه‌گه‌ر پیاوێك ژنه‌كه‌ی خۆیی بۆ پێویستیه‌كه‌ی خۆی بانگ كرد با ژنه‌ به‌ ده‌میه‌وه‌ بچێت، ئه‌گه‌ر له‌سه‌ر ته‌نووریش بێت وا وه‌ڵی كات و بچێته‌ لای مێرده‌كه‌ی.

---

(١) ئه‌بو داود (٢٠٩٦) و ئه‌حمه‌د له‌ موسـنه‌ده‌كه‌ی خۆی (٢٤٦٩)، هه‌روه‌ها ئیبنو ماجه‌ (١٨٧٥) به‌ كه‌مێك جیاوازییه‌وه‌، له‌ (العون المعبود)دا ده‌فه‌رموێ: (قوي حسن)، شێخی ئه‌لبانیش له‌ (صحيح أبي داود)دا به‌ سه‌حیحی داناوه‌.

(٢) بوخاری (٣٢٣٧)، موسلیم (١٤٣٦) و له‌فزه‌كه‌ش هی ئه‌مه‌.

(٣) بوخاری (٥١٩٤).

(٤) ترمزی (١١٦٠) و ئه‌فه‌رموێـت (حسـن غریـب)، نه‌سـائی له‌ (السـنن الكبرى) (٨٩٧١)، هه‌روه‌ها ئیبنو حیببان (٤١٦٥) له‌ سه‌حیحه‌كه‌یدا هێناویه‌تییه‌وه‌، شێخی ئه‌لبانیش له‌ (صحيح الترغيب) دا به‌ ژماره‌ (١٩٤٦) به‌ سه‌حیحی داناوه‌.

١١- ئەبو هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: (قِيلَ لِرَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَيُّ النِّسَاءِ خَيْرٌ؟ قَالَ: الَّتِي تَسُرُّهُ إِذَا نَظَرَ، وَتُطِيعُهُ إِذَا أَمَرَ، وَلَا تُخَالِفُهُ فِي نَفْسِهَا وَمَالِهَا بِمَا يَكْرَهُ)[1]، واتـە: عـەرزی پێغـەمبەری خوایان (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کرد کە چ جۆرە ئافرەتێك (ژنی مێرددار) چاکترە؟ فەرمووی ئەو ژنەی کە مێردەکەی بە دیتنی شـادمان دەبێتو کە مێردەکەی فەرمانێکی پێدەدات گوێڕایەڵی دەکات و لە حەز و سامانییدا پێچەوانتکاریی مێردەکەی ناکات، ڕەفتارێکی وا نانوێنێت کە مێردەکەی پێی ناخۆش بێت.

١٢- ئـەسـمـائی کچی سـەیدنا ئەبوبەکر (خوا لێیان ڕازی بێت) دەفەرموێت: (کە زوبێر خواستمی لەم سـەر زەمینەدا (لەم ماڵی دونیایەدا) نە سـامان و ماڵی هەبوو نە خاوەنی شتێك بوو، غەیری حوشـترێك و ئەسـپێك هیچی تری نەبوو، من ئالیکی ئەسـپەکەیم دەدا (خۆراکم دەدایە) و خزمەتیم دەکرد، ناوکە خۆرماشـم دەهاڕی و دەمدایە حوشـترەکەی، ئاویشـم لە بیر دەردەهێنا بۆ هەردووکیان و ئەو سـەتڵەی ئاوم لە بیرەکە پێ هەڵدەکێشا پینەم دەکرد (چونکە لە پێسـت دروسـت دەکرا)، و خەپلە نانم بۆ دەبرژاند، نەشـمدەزانی نان بکەم، ئافرەتە ئەنسارییە دراوسـێکانم یارمەتیان دەدام و نانیان بۆ دەکردم، بە ڕاسـتی ئافرەتی هاوڕێی سەرڕاست بوون.. لـەو شـوێـنـەوە کە زوبێر ئیشـی لێدەکرد دەبوایە ناوکە خورما کۆبکەمەوە و بەسـەر سـەر بیهێنمەوە و شوێنەکەش دوو سێ فەرسەخێك دوور بوو، ڕۆژێکیان دەهاتمەوە ناوکە خورماکانم لەسەر سەر بوو، تووشی پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بووم، چەند یاوەرێکیشی لە خزمەتدا بوون، بانگهێشـتی کردم تا لە دوای خۆیەوە سـوار بم، حوشـترەکەی یەخدا (داینیشاند)، بەڵام من شەرمم کرد سوار بم و خەمی دڵی زوبێریشم بوو کە دەمزانی چۆن غیرە دەکات! پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەسـتی پێکرد کە من شەرم گرتوومی، ئیتر تەشریفی برد، کە هاتمەوە بۆ زوبێرم گێڕایەوە، وتم بە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) گەیشتم کە دیتمی وا ناوکە خورمام بە سەر سەرەوەیە، چەند یاوەرێکیشی لە خزمەتدا بوون، حوشترەکەی یەخدا تا سوار بم بەڵام من شـەرمم کرد و زانیشـم غیرەکردنی تۆ چۆنە سوار نەبووم. زوبێر فەرمووی: بە خوا قەسەم کۆڵە

---

(١) نەسائی (٣٢٣١)، ئەحمەد (٧٤٢١) بە کەمێك جیاوازییەوە، شێخی ئەلبانیش لە (صحيح النسائي) دا دەفەرموێت: (حسن صحيح).

ناوکە خورماکەی سەر سەرتم پێ قورستر بووە لە سواربوونت (واتە بۆچی سوار نەبوویت، خۆ ئەوە جێی بەزەییە کە تۆ ئەو کۆڵە قورسەت بەسەر سەرەوەیە و جەنابیشی پێغەمبەری خوایە (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ))، خاتوو ئەسما دەفەرموێ: دواتر ئەبوبەکر (باوکی بەڕێزی خوا لێیان ڕازی بێت) خزمەتکارێکی بۆ گرتم تا خزمەتکردنی ئەسپەکەی لە کۆڵ کردمەوە.. دەتوت کەنیزەك (کۆیلە) بووم و ئازادی کردووم)[1].

١٣- سەیدنا عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوف[2] (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: (قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) مُعَلِّقاً عَلَى إِمْرَأَةٍ مَعَهَا صَبِيَّانِ لَهَا، حَمَلَتْ أَحَدَهُمَا وَهِيَ تَقُودُ الْآخَرَ: حَامِلَاتٌ وَالِدَاتٌ رَحِيمَاتٌ، لَوْلَا مَا يَأْتِينَ إِلَى أَزْوَاجِهِنَّ دَخَلَ مُصَلِّيَاتُهُنَّ الْجَنَّةَ)[3]، واتە: پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) ئافرەتێکی بینی دوو منداڵی لەگەڵدا بوون، یەکیانی هەڵگرتبوو دەستی ئەوی تریشیانی گرتبوو، فەرمووی: دووگیانی و دایکایەتی و بە بەزەیی.. ئەگەر سەرپێچیی مێردیان نەبێت نوێژکەرەکانیان دەچنە بەهەشتەوە (واتە: خاوەن نوێژ و سوور بوون لەسەری بەهەشتی مسۆگەرە، ئەگەر پێچەوانەکاریی مێردەکەی نەکات).

١٤- حەکیمی کوڕی مەعاویە لە باوکیەوە (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: (قلتُ: يا رسولَ الله، ما حقُّ زَوجةِ أحدِنا عليه؟ قال: أنْ تُطعِمَها إذا طَعِمْتَ، وتَكْسُوَها إذا اكْتَسَيْتَ ولا تَضْرِبِ الوَجْهَ، ولا تُقَبِّحْ، ولا تَهجُرْ إلَّا في البيتِ)[4]، واتە: عەرزی پێغەمبەری خوام (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) کرد کە مافی ژنەکانمان لەسەرمان چییە؟ فەرمووی: کە خۆت خۆراکت خوارد، دەرخواردی ئەویشی بدەیت، کە خۆت پۆشیت پۆشاك بۆ ئەویش دابین بکەیت و بە

---

(١) بوخاری (٥٢٢٤)، موسلیم (٢١٨٢).

(٢) زۆر بۆی گەڕام، ئەوەی دۆزیمەوە ئەم فەرموودەیە تەنها ئەبو ئومامەی باهیلی ڕیوایەتی کردووە، والله أعلم. (زادی)

(٣) ئیبنو ماجە (٢٠١٣)، ئەحمەد (٢٢٢٢٧)، تەبەڕانی (٧٩٨٩)، (٣٠٣/٨)، هەروەها حاکم لە موستەدرەکەکەی خۆی بە ژمارە (٧٥٣٨) هێناویەتییەوە و بە سەحیحی داناوە، بەڵام شێخی ئەلبانی لە (ضعيف إبن ماجه)دا بە زەعیفی داناوە. ئەمەش دەقی فەرموودەکەیە لای ئیبنو ماجە و ئەوانی تریش: (عَنْ أَبِي أُمَامَةَ قَالَ: أَتَتِ النَّبِيَّ (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) امْرَأَةٌ مَعَهَا صَبِيَّانِ لَهَا، قَدْ حَمَلَتْ أَحَدَهُمَا وَهِيَ تَقُودُ الْآخَرَ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ): " حَامِلَاتٌ وَالِدَاتٌ رَحِيمَاتٌ، لَوْلَا مَا يَأْتِينَ إِلَى أَزْوَاجِهِنَّ دَخَلَ مُصَلِّيَاتُهُنَّ الْجَنَّةَ ").

(٤) ئەبو داود (٢١٤٢) لەفزەکەش هی ئەمە، نەسائی لە (السنن الكبرى) (١١٤٣١)، ئەحمەدیش (٢٠٠٢٢) بە درێژی هێناویەتییەوە، شێخی ئەلبانیش لە (صحيح الترغيب) دا بە ژمارە (١٩٢٩) بە سەحیحی داناوە.

دەموچاوی نەکێشیت و قسەی پێ نەڵێیت (نەڵێیت قبحك الله) و ئەگەر سەرجێییت جێهێشت هەر لە ماڵەکەدا بێت.

١٥- خاتوو عائیشە و ئیبنو عومەر (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (مَا رَأَيْتُ مِنْ نَاقِصَاتِ عَقْلٍ وَلَا دِينٍ أَغْلَبَ لِذِي لُبٍّ مِنْكُنَّ. قَالَتْ: وَمَا نُقْصَانُ الْعَقْلِ وَالدِّينِ؟ قَالَ: أَمَّا نُقْصَانُ الْعَقْلِ فَشَهَادَةُ امْرَأَتَيْنِ شَهَادَةُ رَجُلٍ، وَأَمَّا نُقْصَانُ الدِّينِ فَإِنَّ إِحْدَاكُنَّ تُفْطِرُ رَمَضَانَ، وَتُقِيمُ أَيَّامًا لَا تُصَلِّي)[١]، واتە: کەم هزر و دینم نەدیووە ئەوەندە بە سەر ژیریدا زاڵ بێت وەکو هەر یەکێك لە ئێوە (لە ئافرەتان)و خاتوو عائیشە پرسیی: کەم هزری و دینییەکەمان چییە؟ فەرمووی: کەمی هزرە کە شاهێدیدانی دوو ئافرەتەکە یەکسانە بە شاهێدیدانی پیاوێك، کەمی دینییەکەش ئەوەیە کە هەر یەکەتان لە ڕەمەزاندا چەندین ڕۆژ ڕۆژوو ناگرێت و نوێژەکانی ناکات کە بە هۆی سووڕی مانگانەیانەوەیە.

١٦- ئیبنو عەبباس (خوا لێی ڕازی بێت) گێڕایەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (لَا يَخْلُوَنَّ رَجُلٌ بِامْرَأَةٍ إِلَّا ومعها ذُو مَحْرَمٍ، فَقَامَ رَجُلٌ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ، إِنَّ امْرَأَتِي خَرَجَتْ حَاجَّةً، وإِنِّي اكْتُتِبْتُ فِي غَزْوَةِ كَذَا وَكَذَا، قَالَ: انْطَلِقْ فَحُجَّ مع امْرَأَتِكَ)[٢]، واتە: هیچ کەسێکتان بە تەنها لەگەڵ ئافرەتێکی نامەحرەمدا نەبێت، مەگەر کەسێکی مەحرەمیشتان لەگەڵدا بێت (پیاوی مەحرەمی ئافرەتەکە یان ئافرەتی مەحرەمی پیاوەکە)، کابرایەك عەرزی کرد: ئەی پێغەمبەری خوا ژنەکەی من چۆتە حەجکردن و منیش نیازم وایە بچمە لەشکەری فلانی بۆ غەزا، فەرمووی بگەڕێرەوە و حەجەکە لەگەڵ ژنەکەتدا بکە.

١٧- ئیبنو عەبباس (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێ: (لَعَنَ النبيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) الْمُخَنَّثِينَ مِنَ الرِّجَالِ، وَالْمُتَرَجِّلَاتِ مِنَ النِّسَاءِ)[٣]، واتە: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەعنەتی

---

(١) ئەبو داود (٤٦٧٩) و لەفزەکەش هی ئەوە، موسلیم (٧٩) بە کەمێك جیاوازی و بە درێژی هێناویەتییەوە، هەروەها ئیبنو ماجە (٣٢٥٠) بە کەمێك جیاوازی، شێخی ئەلبانیش لە (صحيح أبي داود) دا بە سەحیحی داناوە.

(٢) موسلیم (١٣٤١)، بوخاری (٣٠٠٦) بە کەمێك جیاوازییەوە، بەڵام لە فەرموودەکە بەشێکی لەگەڵە کە نووسەر نەیهێناوەتەوە، ئەمە تەواوی فەرموودەکەیە: (لَا يَخْلُوَنَّ رَجُلٌ بِامْرَأَةٍ إِلَّا ومعها ذُو مَحْرَمٍ، وَلَا تُسَافِرِ المَرْأَةُ إِلَّا مع ذِي مَحْرَمٍ، فَقَامَ رَجُلٌ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ، إِنَّ امْرَأَتِي خَرَجَتْ حَاجَّةً، وإِنِّي اكْتُتِبْتُ فِي غَزْوَةِ كَذَا وَكَذَا، قَالَ: انْطَلِقْ فَحُجَّ مع امْرَأَتِكَ).

(٣) بوخاری (٥٨٨٦)، ئەبو داود (٤٩٣٠)، ئەحمەد (٢١٢٣)، ترمزیش (٢٧٨٥) بە کورتی هێناویەتییەوە.

کردووە لەو پیاوانەی خۆیان وەکو ئافرەت دەنوێنن و ئەو ئافرەتانەی خۆیان وەکو پیاو دەنوێنن.

# باسی دووەم

## بنەمای ڕەفتار و ڕەوشتی تاکی موسوڵمان و کۆمەڵگەی موسوڵمان و دەوڵەتی موسوڵمان

### بڕگەی یەکەم:

### هەڵاوێردنی خەڵکی بە پێی ئیمانداریتییە:

**خاڵی یەکەم: ئینتیمای کوفر و ئینتیمای موسـوڵمانێتی ناشـێت لە یەك کەسدا هەبێت:**

ناشــێت یەك کەس لە یەك کاتدا موســـوڵمانیش بێت و ئەندامێکی کۆڕوپێڕی کافران بێت.. چونکە هەر لە سـەرەتاوە ئیسلام سیفەت و سیمای هەڵاوێردن و پۆلێنکردنی خەڵکی بۆ کافران و موســـوڵمانان و دووڕووان بەوە کردووە کە تا ڕادەی چەند و چۆن ئیســـلامیان وەرگرتووە و پێوەی پابەندن (تا چەند ئیســـلام بۆتە عەقیدە و عیبادەت و شــەریعەت لایان)، ئەمە ڕێســـای حاڵەتی ئاســایی تاك و کۆی مرۆڤە، ئەم پۆلێنکردنە بە لای ئیســـلامەوە سـەرەکی و کاریگەر و گرنگە و هەموو ئەحکامەکانی دونیا و قیامەت لەســەر باوەڕ و دید و مومارەسـەی ئەم کوفر و ئیمانە داڕێژراوە، ئیسـلام ئەحکامی خۆی لەسـەر جۆرە ئینتیماکانی تر داناڕێژێت و ئیعترافیش بە کاریگەرییان ناکات (تۆ عەرەب بیت یان قەومی تر، خەڵکی ئێرە بیت یان ئەوێ، ســپی بیت یان ڕەش پێست، پیاو بیت یان ئافرەت، پیر یان گەنج، خوێندەوار یان نەخوێندەوار؛ گرنگ نییە، هەڵوێســت و حوکم لەسـەر ئەمانە دانەڕێژراوە، بەڵام کافر بیت یان موسـوڵمان یان دووڕوو کە هەر کافربوونە؛ ئەمەیان خاڵی سەرەکی و تاکە خاڵی هەڵاوێردن و پۆلێنکردنتە).. ئیسلام دوای جوداکردنـەوەی پۆل و بـەرەی کـافران لە پۆل و بەرەی موســـوڵمانان ئیتر دید و هەڵوێســـتی دۆستایەتی و دوژمنایەتی، هاوکاری یان پێچەوانەکاری، برایەتی یان دوژمنداریتی، خۆشویستن یان بوغزاندن، ئاشتی و ئەمان یان جەنگ و جیهاد دیاری دەکات، کە دەبێت موماروسە بکرێن، ئـەمە ڕێســـای گشـــتییە، بەڵام لە هەندێك حاڵەتدا کە شــــەرع دیاریی کردووە مامەڵەکردن و

هەڵسوکەوت و هەبوونی پەیوەندی لە نێوان کافران و موسوڵماناندا ڕێپێدراون، چونکە بەرژەوەندیەکی دینی، دونیایی، زەروورەت، یاسایی، قۆناغی کار، گرێبەست و پێوە پابەندبوونی ئەوە دەخوازێت.. ئەنەس خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) فەرمووی: (ثَلاثٌ مَنْ كُنَّ فيه وجد بِهنَّ حَلاوَةَ الإيمانِ وطَعْمَهُ: أنْ يَكُونَ اللهُ عزَّ وجلَّ ورسولُهُ أحبَّ إليهِ مِمَّا سِوَاهُما، وأنْ يُحِبَّ في اللهِ ويُبْغِضَ في الله)[1]، واتە: سێ دید و ڕەفتار هەن هەر کەسێك بیێتە خاوەنیان شیرینی باوەر دەچێژێت: کە خوا و پێغەمبەری خوای (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) لە غەیری ئەوان زیاتر خۆشبوێت، کە لەبەر خاتری خوا خەڵکانێکی خۆشبوێت و لەبەر خاتری خوا خەڵکانێك ببوغزێنێت.

- ئەبو ئومامە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) فەرمووی: (مَنْ أَحَبَّ لِلَّهِ، وَأَبْغَضَ لِلَّهِ، وَأَعْطَى لِلَّهِ، وَمَنَعَ لِلَّهِ فَقَدِ اسْتَكْمَلَ الإيمَانَ)[2]، واتە: هەر کەسێك لەبەر خاتری خوای گەورە خەڵکی خۆش ویست و لەبەر خاتری ئەو خەڵکانێکی تری دەبوغزاند، لەبەر خاتری خوای گەورە دەیبەخشی و لەبەر خاتری خوای گەورە نەیدەبخشی؛ ئەوە باوەڕی کامڵ بووە.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ إِخۡوَةٞ﴾ الحجرات: ١٠ واتە: بە تەئکید موسوڵمانان هەر برای یەکن. کە وشەی ﴿إِنَّمَا﴾ی بە کارهێناوە مەبەستەکە ئەوەیە کە تەنها موسوڵمانان لە ناو خۆیاندا بران و برایەتیان لەگەڵ غەیرە موسوڵماندا نییە.

هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٍۚ إِلَّا تَفۡعَلُوهُ تَكُن فِتۡنَةٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَفَسَادٞ كَبِيرٞ ٧٣﴾ الأنفال: ٧٣، واتە: کافرەکان لە ناو خۆیاندا سەرخەر و خەمخۆری یەکترن و لەسەر یەکتری دەکەنەوە، موسوڵمان نابێت لەم بازنەی وەلائدابێت، دەنا خراپەکارییەکی زۆر لەسەر زەمیندا دێتە کایەوە، بەوەی هێزی کوفر بەهێز دەبن و موسوڵمانانیش کەم و بێهێز، ئەمەش

(١) بوخاری (١٦)، موسلیم (٤٣)، ترمزی (٢٦٢٤)، نەسائی (٤٩٨٧) و لەفزەکەش هی ئەوە، هەروەها ئیبنو ماجە (٤٠٣٣)، ئەحمەد (١٢٠٢١).

(٢) ئەبو داود (٤٦٨١)، تەبەرانی (١٥٩/٨)، (٧٦١٣)، شێخی ئەلبانیش لە (السلسلة الصحيحة) دا بە ژمارە (٣٨٠) بە سەحیحی داناوە.

دەبێتە کەمبوونەوەی هەستی دینداریتی، ئەمەش فیتنەیە، هەر جۆرە دۆستایەتی و لایەنگریتی و پشتگیری، هەر جۆرە دید و هەڵویستێکی ئاشتی و ئەمان یان جەنگ و ململانێ و دوژمنکاری لەسەر غەیری دین و دینداریتی دابڕێژرێت ئەوە لە ئیسلام لادان و ئینحرافە، لادانە لە حەقیقەتی دینەکە، کە نابێت موسوڵمان بە هیچ شێوەیەك لە ژیانیدا مومارەسەی بکات یان بەشدار بێت تێیدا یان بچێتە ریزی ئەو دەستە و کۆمەڵانەوە کە ئەوە دید و هەڵویستیانە، تەنانەت نابێت موسوڵمان پێشی ڕازی بێت چ جای بەشداری تێداکردن! مەگەر بۆ ڕاگرتنی ستەمێك یان سەلماندن و چەسپاندنی مافێکی زەوتکراو یان سەرخستنی حەقی تاك و کۆمەڵێك، لەم حاڵەتەشدا نابێت بگاتە ئاستی دۆستایەتی کردن (ولاء)ەوە یان گوێڕایەڵی و ملکەچییەوە، وەکو ئەوەی ڕازی بێت بە پۆلێنکردنی خەڵکی بۆ دەوڵەمەندان و هەژاران و چینی نێوانیان، یان بە دەردی زاراوە کۆمۆنیستیەکان (بۆرژوازی و پرۆلیتاریا و ئۆرستۆکراتی)، یان بۆ (پێشکەوتووخوازان و کۆنەپەرستان)، یان بۆ (سەرمایەداران و سوشیالیستان و دەرەبەگان)، یان بۆ ماسۆنی و غەیرە ماسۆنی، پاشان بخوازێت لایەنگیری چینێك یان پۆلێکیان بکات!! چونکە ئەمە (وەلاء) دانە بە کافران و دووڕووان، ئەوە کافربوون و دووڕوویتییە، ئەمە چوونە دەرەوەیە لە دین و ئوممەتەکەی، موسوڵمان مومکین نییە موسوڵمان بێت و سۆشیالیستی بێت، موسوڵمان بێت و سەرمایەداری -وەکو سیستم و دیدی دیموکراسیی قبووڵ بێت، موسوڵمان بێت و ماسۆنی بێت، ئەوە نامومکینە، هەر موسوڵمانێك وا بکات حەتمەن کافر دەبێت و لە ئەهلی ئیسلام نامێنێت، حاڵی وەکو حاڵی کافرانە و حوکمی شەرعیش بەرامبەری وەکو حوکمی شەرعە بەرامبەر ئەو کافرانەی چۆتە ریزیانەوە. خوای گەورەش ئەوەی بە سیمای بێدینی و دووڕوویی داناوە کە دەفەرموێ: ﴿بَشِّرِ ٱلْمُنَٰفِقِينَ بِأَنَّ لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿١٣٨﴾ ٱلَّذِينَ يَتَّخِذُونَ ٱلْكَٰفِرِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ النساء: ١٣٨ - ١٣٩، واتە: مژدە بدە بە دووڕووەکان کە سزایەکی زۆر بە ژانیان دەبێت، ئەوانەی کە کافرانیان بە دۆست و سەرپەرشتیاری خۆیان داناوە نەك موسوڵمانان. هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ﴾ الأنفال: ٧٣، واتە: ئەوانەی کافر بوون خەمخۆر و دۆستی یەکترن. بەڵێ موسوڵمانان دابەش دەکەین بۆ تەقواکاران و فاسیقان، کافرانیش بۆ ئەهلی زیممە و هاوپەیمانان و شەڕانیان، شەڕانیانیش پۆلێن دەکرێن بۆ شەڕانیانی

ئەهلی کیتاب و شـەڕانیانی تر، ئینتیما و دید و هەڵوێستمان بەرامبەر تاك و کۆی هەر پۆلێکیان جیاواز لە یەکتری دیاری دەکەین، بەڵام ئەم پۆلێنکردنە هەر هەمووی وا لە بازنەکانی (باوەڕ) و (کوفر) و (دووڕوویی) دا. هەموو جۆرێکی لایەنگیری و دۆستایەتی و سۆز و خۆشەویستی و برایەتی، یان هەموو هەڵوێستێکی هاوکاری و یارمەتیدان و سەرخستن هەر بە پێی دینداری یان بێدینی بەرامبەرانەوەیە (یان ڕوونتر بڵێین: بە گوێرەی دوور و نزیکیانە لە ئیسـلامەکەمانەوە)، هـەروەهـا هەڵوێسـتی بوغزاندن و خۆ دابڕین و ناکۆکی یان هەڵوێسـتی دژایەتی و ململانێ بەرامبەر خەڵکی. دەشێت تاك و کۆی پۆلەکانی کوفر لە هەندێك خاڵی لاوەکیدا هاوکارمان بن، بـەڵام حوکمی چـەنـدێتی و چۆنێتی ئـەو هـاوکـارییـە ئەحکامی دینەکە دەبێت دیاریی بکات، بەشـێوەیەك هیچ کاریگەریەکی زۆر و کەم، ڕاسـتەوخۆ یان لاوەکیی لەسـەر بنەمای دید و تێڕوانینـە عـەقـائیـدیەکانمان نابێت. خۆ موسـوڵمانانی سـەر دەمی پێغەمبەری خوا دڵیان بە سەرکەوتنی بەرەی ڕۆمەکانەوە بوو کە بە سەر بەرەی فارسەکاندا زاڵ ببن، واتە حەزیان دەکرد ڕۆمەکان سـەر بکەون، چونکە ئەهلی کیتاب (مەسـیحی) بوون و فارسـەکان ئەهلی کیتاب نەبوون، بەڵام ئەوە دید و هەڵوێسـتی کەسـیانی نەگۆڕی کە دەیانزانی هەردوو بەرەکە بەرەی کوفرن و هەردوو لاشیان دوژمنی دین و دیندارانی ئێمەن و ئێمە هەر دەبێت دژی هەردوو لایان بجەنگین.

ئەوەی لەم سـەردەمەدا هەندێك موسـوڵمان مومارەسـەی دەکەن کە لەگەڵ کافراندا دەبنە ئەندامی کۆمەڵیانەوە دژ بە موسـوڵمانان هاوسەنگەری بەرەی کوفر دەبن، کە گوایە هەموویان سـۆشـیـالیزم یـان دیموکراسـی دەخوازن، یـان بیروبـاوەڕی تری کوفرین، حـەتمـەن ئـەو (موسـوڵمانانە) بەو دید و هەڵوێسـتەیان لە ئیسـلام چوونەتە دەرەوە و کەوتوونەتە حاڵەتەکانی (مورتەد)ێتی و (دووڕوویی) و (فاسـقێتی: لادانە)وە، مەگەر بە پێی فەتوایەك یان بە فەرمان و ڕێپێدانی خەلیفەی موسـوڵمانان یان جێگر و نوێنەر و فەرماندەکانی (یان بەرپرسـی ئەمیری کۆمەڵە ئیسلامیەکان) چووبێتە ناویانەوە، ئەم موفتی و خەلیفە و ئەمیرانە جێگری پێغەمبەران و میراتگریانن (علیهم السلام).

سـەرەنجامی دید لێڵی و ڕۆشن نەبوونی ئەم خاڵە عەقائیدیە سەرەتایی و سەرەکییە لای زۆر

لـە موسـوڵمانان وایان لێهاتووە (حزب) دامەزرێنن یان ببنە ئەندامانی (حزب) و (بزاوت) و (کۆمەڵ)ی نادینی و تەنها ئەو کەسانەش بە (برای) خۆیان دەزانن کە ئەندامانی ئەو حزب و ڕێکخراوانەیانن!! لە کاتێکدا کە دامەزرێنەر و ڕابەر و ئاڕاستەوانانی ئەو حزب و ڕێکخراوانە کافرن و زۆرینەیان جوولەکەن یان بێدین و فەرماسۆنن و ئەمانیش بوونەتە شوێنکەوتوویان و ڕاپەڕێنەری دید و پلان و هەلوێستیان و گوێڕایەڵی و ملکەچێتی بۆ ئەوان و بەرنامەکانیان دەردەبڕن!! ئیتر چۆن موسـوڵمـان دەمێنن؟ چۆن خوای گەورە قبووڵیان دەکات لە کاتێکدا هەڕەشەی لە هەموو موسوڵمانێك کردووە کە ئەوە حەرامە و ناشێت بە هیچ کلۆجێك گوێڕایەڵی کافران بکەن، چونکە لە دینەکەتان پاشگەزتان دەکەنەوە، ئیتر ئێوە زەرەرمەند دەبن، دەفەرموێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تُطِيعُواْ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَرُدُّوكُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَـٰبِكُمْ فَتَنقَلِبُواْ خَـٰسِرِينَ ١٤٩﴾ آل عمران: ١٤٩. هەروەها گوێڕایەڵی و ملکەچێتی ئەهلی کیتابیش سەردەکێشێت بۆ کافربوونەکە: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تُطِيعُواْ فَرِيقًا مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَـٰبَ يَرُدُّوكُم بَعْدَ إِيمَـٰنِكُمْ كَـٰفِرِينَ ١٠٠﴾ آل عمران: ١٠. هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَلَا تُطِيعُوٓاْ أَمْرَ ٱلْمُسْرِفِينَ ١٥١ ٱلَّذِينَ يُفْسِدُونَ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا يُصْلِحُونَ ١٥٢﴾ الشعراء: ١٥١ - ١٥٢، واتە: ملکەچی فەرمانی ئەو کەسانە مەبن کە لە دونیا ویستی و هەوەس پەرەستیدا لە هەموو سنوورێك دەرچوون و کەوتوونەتە خراپەکاری لەسەر زەمیندا و چاکسازی ناکەن و دژیشین.

قورئانی پیرۆز زۆر ئاشـکرا و ڕاشـکاوانە حوکمی ئەوانەی داوە کە گوێڕایەڵی و ملکەچی کافران و دید و ڕێباز و بەرنامەیان دەبن کە کافرن و لە دین و ئوممەتی ئیسلام چوونە دەرەوە، وەك دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱرْتَدُّواْ عَلَىٰٓ أَدْبَـٰرِهِم مِّنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلْهُدَى ٱلشَّيْطَـٰنُ سَوَّلَ لَهُمْ وَأَمْلَىٰ لَهُمْ ٢٥ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُواْ لِلَّذِينَ كَرِهُواْ مَا نَزَّلَ ٱللَّهُ سَنُطِيعُكُمْ فِى بَعْضِ ٱلْأَمْرِ﴾ محمد: ٢٥ - ٢٦، واتە: ئەو کەسانەی دوای ئەوەی دید و ڕێبازی هیدایەتی خواییان بۆ ڕوونبۆوە، لە دین پاشگەزبوونەوە، ئەوە شەیتان ڕێی بۆ خۆشکردوون و بانگهێشتی کردوون و کوفری لا شیرین کردوون، شەیتان هیوا درۆزنەی پێداون و خستونیەتیە سەر ئومێدی تەمەن درێژی و سەلامەتی و دەوڵەمەندی و... هتد، چونکە بەو کافرانەیان دەوت کە پەیامی خواویستییان

دەبوغزاند و دژی دەوەستانەوە -کە جوولەکە/ موشریکەکان بوون- پێیان دەوتن لە هەندێك دید و هەڵوێستیاندا گوێڕایەڵیتان دەکەین و فەرمانتان قبوڵ دەکەین، وەکو نواندنی دوژمنداریێتی ئیسلام و دژایەتیکردنی موسوڵمانەکان.[1]

دید و تێڕوانین و پێناسەمان بۆ خەڵکی ئەوەیە کە کافرن یان دووڕوون یان موسوڵمانن، هەڵوێست و ڕەفتارمان بە پێی دید و هەڵوێستیانە لە (ئیمان) و (ئەمان)ی ئیسلام، چونکە ئێمە لە ڕوانگەی ئیمانەوە دەڕوانینە خەڵك و هەڵوێستیان.

## خاڵی دووەم: دید و تێڕوانین و پێناسە و ڕەفتار لە ڕوانگەی کوفر و ئیمانەوەیە:

ئەو پۆلێنکردنەی خاڵی ڕابردوو؛ ئەحکامی شەرعی پۆلێنکردنی ڕەفتاری لەسەر بونیاتنراوە، چونکە دید و ڕەفتار (کە گوفتار و کردارە) حوکمی کوفر یان حوکمی ئیمان یان حوکمی دووڕوویی دەیانگرێتەوە، دەوترێت ئەم ڕەفتارە کوفرینە و بکەرەکەی پێی کافر دەبێت، ئەم ڕەفتارە ڕەفتارێکی دووڕوانەیە و هۆشداری و حەزەر دەخوازێت لێی، ئەم ڕەفتارە موسوڵمانانەیە و لایەنگرێتی دەخوازێت.. وە هەروەها چونکە:

- باوەڕ: دید و تێڕوانین و پێناسەیەکی عەقائیدیە و ڕەفتاری لەسەر بیناکراوە، چونکە پاڵنەری ڕەفتارە.

- کوفر: دید و تێڕوانین و پێناسەیەکی عەقائیدیە و ڕەفتاری لەسەر بیناکراوە، چونکە پاڵنەری ڕەفتارە.

- دووڕوویی: دید و تێڕوانین و پێناسەیەکی عەقائیدیە و ڕەفتاری لەسەر بیناکراوە، چونکە پاڵنەری ڕەفتارە.

❖ دید و تێڕوانینی ئیمانی پێناسەی گەردوون و ژیان و مرۆڤ دەکات، پەیدابوون و دەسپێکی گەردوون و ژیان و مرۆڤ دیاری دەکات، هەر وەکو کە چارەنووسی هەرسێکیشیان

---

(١) تەفسیری شەوکانی: فتح القدير (٨٣٣/٢-٨٣٤).

ڕوون دەکاتەوە، ئەو دید و ڕێباز و بەرنامەیەی کە لەگەڵ ئەم پێناسانەدا دەگونجێت و ئاڕاستەی مرۆڤ وا دەکـات کـە ژیانی گونجاوانە لەگەڵ بزاوتی گەردوونی و ڕەوتی ژیاندا دابمەزرێنێت، ئەو مەنهەجە خواییەیە کە خوای گەورە بە وەحی بۆ پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ناردووە، کە سـەدان بەڵگە لەسـەرڕاسـت و دروسـتی وەحییانەی ئەو مەنهەج و پەیامە هەیە.. ئەو لق و چڵ و گوڵانەی لەم پێناســە ئیمانیەوە جوێ دەبنەوە هەموو یان لە ناخی موســوڵماناندا دەبنە عەقیدەیەکی سەلماو و چەسپاو بە جێگربوونییان، یەکسەر دەبێتە پاڵنەری ڕەفتارەکانی دەرەوەی موسـوڵمانەکە، لە گوفتار و کرداریدا ڕەنگ دەدەنەوە.. وا دڵ و دەروون دەسـرەوێت و هزر و ژیری جێگیرانـە ئـەو دیـد و پێنـاســانە لە خۆ دەگرێت و ڕەفتار و ڕەوشــتیش پارســەنگانە دەیاننوێنێت.

❖ دید و تێڕوانینە کوفرینەکەش هەر وایە، ئەمیش پێناسەی گەردوون و ژیان و مرۆڤ - بۆ شـوێنکەوتووانی- دەکات و ئەم دیدە ئایدیۆلۆژیایە بەرنامەیەکی ڕێکخستنی ژیانی تاکوکۆی مرۆڤـایـەتیان لا دیاری دەکات، کە لە حەز و بەرژەوەندییەکانیانەوە هەڵدەهێنجرێت، کە زۆرتر لـە ڕوانگەی گومان و شــیکاری و ئەگەری دانانەوەن، بۆیە بەربڵاون و لێکدوورن، کە تێکەڵ دەبن دید و پێناسـە و مومارەسـەیەکی ڕاسـت و ڕەوا نادەنە شوێنکەوتووەکانیان، دەیان لایەنی گەردوون و ژیان و مرۆڤ لایان بە ئاڵۆزی و پشێوی دەمێنێتەوە.

زۆر جار ئەم دید و تێڕوانین و پێناسانە کۆکراوەی بۆچوون و شیکاری سەردەمانی پێشووتر دەبن و تێکەڵ بە نوێ دەبنەوە، بۆیە لای پێشـــڕەوانی ئاڕاســـتەوانانیان تێکەڵ و پێکەڵ دەبن و جۆرەها (مەدرەسە)ی فەلسەفی و فیکری و بزاوتیان دژ بە یەك لێوە دەردەکەوێت.

جاری وا هەیە ئەم دید و تێڕوانینانە هەر پێناسە کورت و مونحەریفەکانی دینە کۆنەکانن یان دید و پێناسـەی پیاوانی دینییان تێکەڵ بووە، دەشێت لە کاتی خۆیاندا وەحی بووبن و (نەسخ) بووبێتنـەوە، یان پێناســـە و بۆچوونی بەشـــەرییانەیان تێکەڵ بووە و زۆر گۆڕاون، ناتوانن ببنە پێنـاســـەی پڕاوپڕی گـەردوون و ژیان و مرۆڤ، یان (خالق) و (مەخلووق)، یان دەســـپێك و پێکهـاتـە و چـارەنووســـی ژیـان و گـەردوون.. جـاری واش هـەیـە هەموو دید و تێڕوانین و

پێناسەیەکی گەردوون و ژیان و مرۆڤ و موفرەداتەکانیان بۆچوون و شیکار و تیۆرێکی فەلسەفیی کەسێکە، بۆیە کورت و لێڵ و نوقسانە و زۆر بڕ ناکات.

لەم تێکەڵاوێتی و پشێوی و ئاڵۆزییەوە، لەم سەرچاوە جیاوازانەی شیکار و پێناسە و ئاڕاستەوە، (تەسەورات)ێك لە هزری شوێنکەوتووانیاندا وەکو ئایدیۆلۆژیایەك دادەڕێژرێت و جێگا دەگرێت، هەر چەندە زۆر جێگیر و دابین نابێت، بەڵام دەبێتە پاڵنەری ڕەفتار و سەرچاوەی ئاڕاستەکردن، دەبێتە سەرچاوەی ئیلهامی داڕشتنی کەسایەتی تاکوکۆ و ئاڕاستەوانی هەڵوێست و بزاوت.

❖ دید و تێڕوانینی دووڕوویش هەر وایە، لە ناخیاندا هەمان دید و پێناسەی کافرانیان دەربارەی گەردوون و ژیان و مرۆڤ لا چەسپاوە، لە ناخیاندا قەناعەتیان بە جۆرەها شیکار و تیۆری ئەوان هەیە، بەڵام سەرزارەکی ڕەفتاری موسوڵمانانە دەنوێنن، کە حەتمەن دەکەونە تەنگژەوە، چونکە ناتوانن لەوەدا سەرکەوتووبن کە ڕەفتار و حەقیقیەکانیان کە بە پاڵنەری دید و تێڕوانینەکانی ناخیان دەبێت لەگەڵ ڕەفتارە ئیسلامیە سەرزارەکانیاندا بگونجێنن، بۆیە حەتمەن دەکەونە پێچەوانەکارییەوە و لە زۆر حاڵەتیاندا کەشف دەبن، کەسایەتیشیان دووڕووانەیە، واتە لە یەك کەسدا دوو ڕەفتاری کوفرین و موسوڵمانێتی دەردەکەوێت.

بڕوانە ئەم نموونانە و سەرنجبدە کە قەناعەتی ناخ (ئیمان یان کوفر) چەند کاریگەرێتیی لەسەر ڕەفتار و ڕەوشت و ڕەوتی خاوەنەکانیان هەیە:

أ- موسوڵمانی ئیماندار باوەڕ و قەناعەتی ناخی وایە کە تاکە سەرچاوەی وەرگرتنی فەرمان و بەرهەڵستی و وەسفی حەڵاڵ و حەڕامێتی خوای گەورەیە و بەس، ئەمانەش لە دینەکەیدان، کە خوای گەورە بە وەحی بۆ ئەو نێردراوە بەڕێزەی خۆی (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) ناردووە، ئەرکی زانایانی ئیسلامیش ڕوونکردنەوەی ئەم دینەیە بۆ خەڵکی و ئیجتیهادکردنیانە لە حوکمی ئەو کێشانەی دەقێکی ئاشکرا و ڕاشکاوی قورئان و فەرموودە نایانگرێتەوە، لەم ڕوانگەوەیە کە شتێك کە حوکمی ڕوون و ئاشکرای دەقێکی لەسەر بێت کە حەڵاڵە، هەتا هەتایە هەر بە حەڵاڵێتی دەمێنێتەوە، هەروەها شتێك کە حوکمی ئاشکرای دەقێکی لەسەربێت کە حەڕامە، ئیتر هەتا

هەتایە هەر بە حەڕامێتی دەمێنێتەوە. ئەمما کۆمەڵگەی کافر ئەوە ئەو مافەی بە خۆی داوە کە لە ڕێگای نوێنەرانیەوە ئەنجوومەنێك پێك بهێنێت کە حەڵاڵ و حەڕامی بە یاسا بۆ دیاری بکات.. لەم زەمینەوەیە کە دەبینرێت حوکمی یاسایی شتێك لای کافران نەشیاوێتی و قەدەغەکردنێتی، کەچی دوای ماوەیەك یان گۆڕانی بارودۆخێك حوکمەکەی دەبێتە شیاوێتی و ڕێپێدرانی، لەوانەشە هەر ئەو حوکمە بێ – بێ ئەوەی ماهییەتی شتەکەش گۆڕا بێت-، جارێکی تر بە هۆی بارودۆخی ترەوە دیسان قەدەغە دەبێتەوە! پاڵنەری ئەو هەموو گۆڕانکاری و جێگیرنەبوونەش حەز و دید و بەرژەوەندیی جیاوازی دەسەڵاتدارانە.. بۆ نموونە لە ئەمریکا شەرابنۆشی یاسایی بوو، پاشان قەدەغەکرا، پاشان ڕێی پێدرایەوە بە پێی دیدی دەسەڵاتدارە جیاوازەکانیان[(١)].. ئەمە لە کاتێکدا کە توێژینەوە زانستیەکانی خۆیان بۆی سەلماندن کە شەراب خواردنەوە لە هەموو کاتێکدا و بۆ هەموو کەسێك زیان بەخشە.

ب- نموونەیەکی تر:

موسوڵمان باوەڕی وایە کە تەنها پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت) مەعسوومن، واتە نە گوناح دەکەن و نە هەڵە، ئەمما کەسانی غەیری ئەو بەڕێزانە ئاستیان هەر چەند بەرز بێت و زیرەك و لێهاتووبن هەڵە دەکەن، لەم ڕوانگەوەیە کە موسوڵمان دەڵێ هەموو مرۆڤێك دەکەوێتە هەڵە و گوناحەوە جگە لە پێغەمبەران، بۆیە بە تەواوی و بێ چەند و چوون بە سوننەتەوە پابەند دەبێت کە بریتییە لە گوفتار و کردار و بڕیاری پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، ئەمە لای موسوڵمان ڕێسایەکی بەڵگەنەویستە و پێوەرە، کاتێك دەیەوێت بزانێت حوکمی گوفتار یان کردار یان بڕیاری کەسێکی تر بدات دەڕوانێت داخۆ چەند لە سیرە و سوننەتی پێغەمبەری خواوە (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دوور یان نزیکە؟ ئاوا پێناسەی دەکات کە چەند هەقە یان چەند ناهەقە؟

بەڵام شوێنکەوتووی زۆرینەی دینەکانی تر وا دەبینن کە غەیری پێغەمبەرانیش (سەلامی خوایان لێ بێت) دەشێت مەعسووم بن، بۆیە ئەم کەسانە کە فەرمانێك دەدەن بێ چەند و چوون

---

(١) کە (کۆماریـ)ـیەکان لە ئەمریکا هاتنە سەر دەسەڵات لەباربردنی دووگیانی (حەمل)یان قەدەغەکرد، چونکە ژمارەی دیندارانی حزب (٢٨ ملیۆن) کەس بوون. (ئەمە لە سەردەمی جۆرج بۆشی باوکدا، دوای ئەوان حزبی دیموکراتیەکان هاتنە سەر حوکم و (بیل کلینتۆن) بوو بە سەرۆکی وڵات؛ ڕێگا بە لەباربردن و نێربازیش درا کە پێشتر قەدەغە بوو.

فەرمانەکەیان جێبەجێ دەکرێت، قسـەیان لە ئاسـتی وەحیدایە و هەر بە وەحیشـی دەزانن[١]، ئەوەی ئەوان بە شـیاوی بزانن لای شـوێنکەوتووانیان حەڵاڵە و ئەوەی کە ئەوان قەدەغەی دەکەن لای شوێنکەوتووانیان حەڕامە، بۆیە دەبینیت لای ئەمانەش وەکو لای دەسەڵاتدارەکانی حوکمڕانیە.. کەسێك لەمانە -کە بە مەعسـوومیان داناوە- شتێك حەڕام دەکات، شوێنکەوتووان هەمان شـت بە حەڕام دادەنێن، کەچی دوای ئەو کەسـێکی تر -لەوانەی کە بە مەعسـوومیان دانـاون- دێتە شـوێنی هەمان شـت حەڵاڵ دەکات، شـوێنکەوتووەکان بە حەڵاڵی دەبینن و وەریدەگرن (چونکە پێیان وایە هەر کەسێك چووە ئەو پلە و مەنزیلەیە ئیتر مەعسوومە)، ئەمە لە کاتێکدا کە ئەو شـتەی پێشـتر بە حەڕام ناسـێنرا و دواتر بە حەڵاڵ لە هەردوو کاتەکەدا هەر هەمان شـتە، هەمان سـیفەت و مەرج و ماهیەتی هەبووە. بۆ نموونە پێشـتر پیاوانی کڵێسـا پیشـەکەی قەومی لوط (نێر بازی)یان بە حەڕام دادەنا، چونکە (تێرکردنێکی حەزی جنسـی بە ڕێگای سروشتی خۆی) نییە، کەچی ئێستا بە لایانەوە حەڵاڵە.[٢]

جـ- نموونەیەکی تر:

موسـوڵمـان باوەڕی وایە کە خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا زیندووی دەکاتەوە و لەسـەر هـەموو نیـاز و مـەبـەسـت (نییـەت) و ڕەفتـار و گوفتار و کردار و بڕیارێك (ڕازی بوون یان چاوپۆشـی لێکردن و بێدەنگبوون لەسـەری) موحاسـەبەی دەکات، تەنها خوای گەورەش ئەم مافە و مافی پاداشت دانەوە و سزادانی مرۆڤی هەیە، بۆیە لەم ڕوانگەوە موسوڵمان وا دەبینێت کە هەر کەسـەو بەرپرسیارێتیی نییەت و ڕەفتار و بڕیاری خۆی وا لە گەردندا، کە گوناحی کرد دەبێت خۆی بۆ سزاکەشی ئامادە بکات، کە چاکەشی کرد ئومێدی بە پاداشتەکەی دەبێت، ئەم هەسـتە ئیمانیە وای لێدەکات خۆ لە گوناح بپارێزێت، ئەگەر کەوتە گوناحێکیشـەوە پێویسـتە خێرا تۆبـەی لێ بکـات، تۆبەکردنەکەشـی کە پەشـیمان بوونەوە و بڕیاردانێتی کەچیدی ئەو گونـاحـە نـاکـاتـەوە، هـەر لای خوای گـەورە دەبێـت و ڕوو لەو دەکات و بەس.. لەگەڵ ئەو تۆبەکردنـەشـیدا لـە خەمی ئەوەدا دەمێنێت کە ئایا تۆبەکەی وەرگیراوە یان نا؟ ئەم هەسـتە

(١) وەکو قسەی (پاپا)ی ڤاتیکان کە بە قسەی خوای گەورەی دادەنێن.

(٢) ئێستا قەشە قەشە مارە دەکات لە کڵێسا!!

زیادەشی وای لێدەکات کردەوەی چاکە زیاتر بکات تا پارسەنگی گوناحەکە ڕابگرێت.

لە کاتێکدا دەبینین نەسـڕانی (مەسـیحی)ی ئەم زەمانە هەر گوناح دەکات و دەڵێ: قەیدی چییە خۆ سـەیدنا مەسیح -علیە السلام- بۆ ئەوە هاتۆتە سەر زەمین تا گوناحەکانی خەڵکی لە خۆ بگرێت! هەروەها باوەڕی وایە کە پاپا و جێگر و نوێنەرەکانی ماف و توانای لێخۆشـبوونی ئەمیان هەیە، بۆیە ئەگەر بچێتە لایان و ئیعتراف بە گوناحەکانی بکات ئەوان لێی خۆش دەبن و لـە گونـاح پـاکی دەکـەنـەوە! ئـا ئەم هەسـتە ئیمانیە حەتمەن دەبێتە پاڵنەرێکی ناخی کابرای مەسـیحی و بواری گوناحکردنەکانی هەر لەبەردەمدا واڵا دەبێت، چونکە ئاسـان چاوپۆشـی لێدەکرێت، هەر گوناح دەکات و ئیعترافێك دەکات و وا دەزانێت گوناحەکانی سـڕراونەتەوە، بۆیـە دیسـان تێهـەڵـدەچێتـەوە! ئەم گوناحکارە وا نازانێت کە گوناح و تۆبەکەی وا لە نێوان خۆی و خوای گـەورەدا! ئەمە خوای گەورەی هەر لە یاد نییە، هەر وەکو ئەوەی خوای گەورە هەقی بە سـەریەوە نەمابێت! چونکە بۆ تۆبە و پاکبوونەوەی لە تاوان و گوناح ئیعتماد دەکاتە سەر مرۆڤێکی وەکو خۆی.

لەم نموونە کەمانەوە ئەوەمان لا ڕوون دەبێتەوە کە دید و تێڕوانین و پێناسەکانی گەردوون و ژیـان و مرۆڤ کـاریگـەرییـان لەسـەر داڕشـتنی (عەقیدەی) مرۆڤ هەیە و عەقیدەکەشـی کاریگەریی لەسەر ڕەفتار و ڕەوشتی هەیە، کەوابوو هەموو ڕەفتار و ڕەوشتێك لە عەقیدەوە دێن یان لە پاڵپێوەنانی حەز و ئارەزووەکان.

کوفریش هـەمەجۆرە، هـەر جۆرە دیـد و ڕوانگـەیـەکی عـەقـائیـدی خۆیی هـەیە، ڕەفتار و ڕەوشـتیش کە جیاوازن لەو عەقیدە جیاوازانەوە دێن، دەشـێت ڕەفتارێك یان چەند ڕەوشـتێك وەکو یـەك بن و عـەقیـدەی خـاوەنـەکانیشـیان جیاواز بێت، با هەمووشـیان هەر عەقیدەی کوفرینیش بن.

باوەڕیش عەقیدەیە و ڕەفتار و ڕەوشتی لێدەکەوێتەوە، دووڕوویش هەر وایە.

## خاڵی سـێیەم: ڕەفتار و ڕەوشـتی دەسـتەجەمعیی کۆمەڵگە قییەمە و

**دیدی عەقائیدی کۆمەڵگە نیشان دەدات:**

دەشێت موسوڵمان ببینێت کە زۆرینەی ڕەفتار و ڕەوشتی کافرانی لێدەوەشێتەوە هەر وەکو کە دەشێت کەسانی کافر و دووڕوو ببینیت کە زۆرینەی ڕەفتار و ڕەوشتی موسوڵمانیان لێوە دەربکەوێت. بۆ نموونە سیفەتی سەخاوەت و بەخشین سیما و سیفەتێکی ناسراوی موسوڵمانە، پێغەمبەری خوا (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) لە خوای پەروەردگاری خۆیەوە دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (وعِزَّتي وجلالي لا يُجَاوِرُني فيكِ بخيلٌ)[1]، واتە: بە گەورەیی و مەزنی و دەسەڵاتداریتی خۆم پیسکە و ڕەزیلێك لە خۆم نزیك ناکەمەوە. چونکە موسوڵمان کە باوەڕی وایە کە خۆی و هەر چی هەیەتی موڵکی خوای گەورەن، ئەوەی کە هەیەتی خوای گەورە پێی بەخشیوە و دەشێت مایەی تاقیکردنەوەی ئەو بێت، بۆیە دەبەخشێت و هیوای بە پاداشتی خوای گەورەیە، بەڵام کافر خۆ لەبەر خاتری خوای گەورە نییە کە دەبەخشێت! کاتێك دەبەخشێت کە بزانێت بەرژەوەندیەکی دێتە دی، یان حەزێکی تێر دەکات، موسوڵمان سەخییە، خزمەتێکی زۆری میوان -ناسراوی بێت یان نەناس- دەکات، چونکە پاداشتی ڕێزگرتنی میوانی لە لای خوای گەورە چاو لێیە و بە ئومێدی پاداشتی خوایی خزمەتی دەکات، هەروەها بوارەکانی تری بەخشین بە هەژاران و نەداران.

ڕاستگۆیی سیما و سیفەتی ناسراوی موسوڵمانانە، چونکە دەبێت لەبەر خاتری خوای گەورە ڕاستگۆ بن و لە سزای درۆکردن بترسن، بەڵام کافر درۆی بەرژەوەندی بە حەڵاڵ و ئازایەتی دەزانێت (و ناوی دەنێت درۆی سپی)، چونکە حەزێك تێر دەکات پێی یان سوودێك دەست دەخات یان زیانێکی پێ دوور دەخاتەوە، بەڵام موسوڵمان لەم حاڵەتانە و لە غەیری ئەم حاڵەتانەشدا درۆ ناکات، چونکە دەزانێت خوای گەورە لێی قبووڵ ناکات و پێی ڕازی نییە.

هەموو ڕەفتار و ڕەوشتە پەسەندەکانی تریش هەر وان..

---

(١) تەبەرانی (١٤٧/١٢) (١٢٧٢٣) بە دوو سەنەد ڕیوایەتی کردووە، یەکێکیان لە ئیبنو عەبباسەوە، ئەوەی تریان لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە. ئیمامی مونذری لە (الترغيب والترهيب)دا هێناویەتییەوە و ئەفەرموێت سەنەدی یەکێکیان (جيد)ە. شێخی ئەلبانیش لە (ضعيف الترغيب)دا بە ژمارە (٢١٩١) لە ڕیوایەتەکەی ئیبنو عەبباس ئەفەرموێت (ضعيف)ە، لە ڕیوایەتەکەی ئەنەسیشەوە (٢١٩٢) ئەفەرموێت (ضعيف جدا).

بەڵام زۆر جار دەبینین کافرەکەش ڕاستگۆیە، موسوڵمانی زۆریش دەبینین درۆ دەکەن، کافر دەبینیت سەخی بێت، موسوڵمانیش دەبینیت پیسکە و بەخیل بێت، هۆکاری ئەمە ئەوەیە کە عەقیدە ئیسلامیەکە هیشتا بە تەواوی لە دڵ و هزری موسوڵمانەکەدا جێگیر نەبووە و هێشتا ئاسەواری ڕەوشتی جاهیلییەتی تێدا ماوە، هێشتا لەسەر پەروەردەیەکی ئیسلامیانە گۆش نەکراوە یان لە ناو موسوڵمانانی ڕاستگۆ و تەقواکاردا نەژیاوە و خووی بە ڕەوشتە ئیسلامیەکانەوە نەگرتووە (کە بەشێکن لە باوەڕی موسوڵمان).

ئەمما کافرە ڕاستگۆکە یان سەخیەکە کە بەو ڕەوشتە بەرزانەوە پابەندە، لەوانەیە ئاسەواری ڕەوشتی دینی ڕاست و دروستی تێدا مابێت، یان پێی گەیشتبێت (لە خێزانەکەیەوە یان لە کەسوکار و هاوڕێ و مامۆستایەکیەوە)، دەشێت ئەو سیفەتە جوانانەی لە کەسانێکەوە وەرگرتبێت کە لەسەر دینێك بوون و وازیان لە مومارەسەی دینەکە هێناوە بەڵام ئەو ڕەوشتانەیان لا پەسەند بووە کە لە ئەسڵدا دینەکە داوای لە شوێنکەوتووانی کردووە، یان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ڕەوشتی ئەو موسوڵمانانەی لەگەڵیاندا ژیاون (وەکو ئەو خەڵکانەی تێکەڵاوییان لەگەڵ کۆمەڵگەی موسوڵماندا هەیە و لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای باشوور)، یان دەشێت کابرای کافر لە ئەزموونی ژیانی خۆی و کەسانی ترەوە فێر بووبێت کە پابەندبوونی بەو ڕەوشتە بەرزانەوە یارمەتیدەری دەبێت لە جێمتمانەبوونی خەڵکی و پەسەندبوونی لە ناویاندا، یان لەوانەیە بارودۆخی خێزانی یان دابونەریتی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەکەی ناچاری کردبێت وابێت.

بە هەر حاڵ، هەردوو حاڵەتەکە نامۆ و ریزپەڕن، چونکە موسوڵمان ناشێت ڕەوشتی کافرانی تێدا مابێت و کافرانیش بە گشتی سیفەتی کافرانەیان تێدایە نەك سیفەتی موسوڵمانانە.

ئەگەر سەرنج بدەیتە دوو کۆمەڵگەی جیاوازی کافر و موسوڵمان، بۆ نموونە کۆمەڵگەیەکی کافر کە دین و دینداریتیی تێدا نەبێت و کۆمەڵگەیەکی موسوڵمان هێشتا دین و دینداری کاریگەرییان لەسەر خەڵکی بە گشتی مابێت، دەبینیت خەڵکی لە بەخشین و دڵنەواییکردنی نەداراندا زۆر جیاوازن، هەست دەکەیت کە ڕەوشتی ئیمانداری چەند کاریگەرە و پاڵنەرێکی زاتیی هاوکارە، لەبەرامبەریشدا دەبینیت دەوڵەمەندانی کافری کۆمەڵگەی کافر چەند جیاوازن

لە بەخشـیندا، بۆ نموونە تۆ لە کۆمەڵگەی ئەڵمانیادا هەست بە شتێك ناکەیت پێی بوترێ ڕێزی میوان و بـەخشــین، دەبینیـت لـەوێ زۆر زۆر ئاســاییە برادەرێك جگەرەیەك لە برادەرەکەی وەربگرێت و هەقەکەی بداتێ، دەبینیت خوشــکێك دەچێتە ماڵی براکەی کەچی مەســرووفی ڕۆژانەی هەر لەسەر خۆیەتی و براکەی ئامادە نییە ژەمە خواردنی ڕۆژێك یان دوو ڕۆژی بۆ لە خۆ بگرێت![1] شــتی وا لە هیچ کۆمەڵگەیەکی موســوڵماندا نابینیت (نە لە ســەنغال و نە لە بەنگلادیش کە لە هەژارترین وڵاتی موسوڵمانانن).

حەتمەن دید و تێڕوانین و پێناسـەی کوفر کە بۆتە عەقیدەی کۆمەڵگەیەك؛ ڕەفتار و ڕەوشتی کـافرانـەش بـەرهەم دەهێنێت، عەقیدەی ئیســلامیش هەروەها، لە مەدای دووری پەروەردە و ئاڕاسـتەکردنی موسـوڵماناندا کۆمەڵێك ڕێسـا و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی دەهێنێتە بەرهەم کە (قییەم)ی ئیســلامین و موســوڵمانان دەیکەنە داب و دەســتووری کۆمەڵگەکەیان، تا بواری بانگەواز و ڕوونکردنەوەی دینەکە لە کۆمەڵگەکەدا کراوە بێت کاریگەریی پەروەردە و ئاڕاسـتە ئیســلامیـەکـە زۆرتر دەبێـت و خـەڵکـەکە بە گشــتی زۆرتر و چاکتر بە قییەمە کۆمەڵایەتییە ئیســلامیـەکەوە پابەند دەبن و ڕەوشــتی ڕاقی نیشــان دەدەن کە ڕەوشــتی ئیماندارانەیە، بە پێچـەوانـەشــەوە هـەر ڕاســتـە، کـاتێك بواری بانگەوازی خواویســتی و هەلی پەروەردە و ئاڕاسـتەکردنی ئیسـلامیانە ناڕەخسـێت و لەمبەر لە ڕێی ئاڕاسـتەوانانی موسوڵماندا دامەزرێت،

(١) بڕوانە ئەم واقیعە ســەیرە: ڕۆژنامەی (دەیلی میرەر)ی بەریتانی بڵاوی کردۆتەوە کە ئەندامێکی پەرلەمانی بەریتانیا کە ملیۆنێرە و لەسەر لیستی (حزبی موحافزین) بووە بە نوێنەری گەل و زۆر نزیکە لە (دێڤید کامیرۆن)ی سەرۆك حکومەتی ئێستا (٢٠١٤). داوای لە حکومەت کردووە (١، ٥١ پـاوەن)ی بۆ بگێڕنەوە چونکە لە پـارەی خۆی قەڵەم جـافێکی بە (٦٣ پێنس) و دەرزی مەکینەی بەندکردنی نامەی ڕەسمی بە (٨٩ پێنس) و تەوقەی نامە پێکەوەبەستنی بە (٣١ پێنس) کڕیوە. ئەم داوایەی وایکرد حکومەت بە دوای سـەروەت و سـامانیدا بچێتەوە، بۆیان دەرکەوت کە حکومەت مانگی (٦٠٠٠ شەش هەزار) پاوەنی هەقی کارەبا و غازی بۆ دەدات، کەچی کارەبای خان (ئیسـتەبڵ)ی ئەسـپەکانی بە کارەبای ماڵەکەیەوە پەیوەسـت کردووە! مانگی (١٨١٩ پاوەن)یشـی ئەدرێتێ وکو (موخەسسەسات)ی پەرلەمانی و لە کۆمپانیای (S3)یش لە بەرامبەر (٧ سەعات) ئیشکردن و ئامۆژگاری بڕی (٣، ٠٠٠ سێ هەزار) پـاوەنی تری هەیە، هەموو ئەمـانە جگە لە مووچەکەی خۆی!! لەمـانەش ســەیرتر ئەوەیە کە کـابرا کوردی عێراقە و نـاوی (نەدیم زەهاوییە)!! ئاوا لە خۆی گۆڕاوە، چونکە پێش ئەمیش وەزیری بەرگریی پێشوو کە ناوی (ولیەم فۆکس)ە داوای (٣ پێنس)ی کرد لە حکومەت چونکە مەسـافەی (١٠٠م)ی بە سـەیارەکەی خۆی لە خزمەتی حکومەتدا بڕیبوو.. تەنها سـەد مەتر جادە!! (ڕۆژنامەی القدس العربي/لندن ٢٠١٣/١١/١٢ ژمارە ٧٥٨٨).

حەتمەن ئەنجامەکە بڵاوبوونەوەی ڕەوشتی کوفر و جاهیلیەت دەبێت.

ئەوروپای نەسرانی (مەسیحی) لە ئەسڵیدا هەر کافر بوو، چونکە نەسرانیەتی (مەسیحێتی)یەکەی لە دین لادان بوو، بەڵام تا ماوەیەکی زۆر لەسەر ئەو قییەم و داب و ڕەوشتە مایەوە کە لە دینی سەیدنا عیسادا (علیه السلام) هەبوو، بەڵام دواتر نە قییەمی دینداری ما و نە داب و ڕەوشتی، تا گەیشتە ئەم زەمانەی کە ئاسەواری دین و دینداریێتیی مەسیحێتی بە کەسەوە نابینرێت، چونکە تۆی کوفر و خراپەکاری کە تۆوێکی شەیتانیە زەفەری بە هەموو قییەم و دابونەریتە دینداریێتیەکەیان برد و کەوتنە سەر دید و تێڕوانین و پێناسەی فەلسەفەی بێدینی و لەمەوە عەقیدەی بێدینی بوو بە ئاڕاستەوانی تاکوکۆی کۆمەڵگە و دەوڵەت، بۆیە ئیتر قییەم و دابونەریتی بێدینی تەشەنەی کرد.

ئەو موسوڵمانانەی کە گەشە و نەشونما بە دینەکەی دەکات و دینداریێتییەکی سەرڕاستانە دەگرێتە بەر، دەگاتە ئەو ئاستەی کە ڕەوشتە ئیمانداریەکانی لێوە دەرکەون، چونکە ڕەوشتی ڕاقی بەرهەمی تۆوی خواناسی و خواپەرستین، کە حەتمەن جوان و پاك و سوودبەخش دەبن، هەر وەکو کە خوای گەورە بە درەختێکی پان و پۆڕ و سایە خۆش و بە بەرهەمی چواندووە کە دەفەرموێ: ﴿أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِي السَّمَاءِ ﴿٢٤﴾ تُؤْتِي أُكُلَهَا كُلَّ حِينٍ بِإِذْنِ رَبِّهَا ۗ وَيَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٢٥﴾ وَمَثَلُ كَلِمَةٍ خَبِيثَةٍ كَشَجَرَةٍ خَبِيثَةٍ اجْتُثَّتْ مِن فَوْقِ الْأَرْضِ مَا لَهَا مِن قَرَارٍ ﴿٢٦﴾﴾ إبراهيم: ٢٤ - ٢٦، واتە: مەگەر نابینیت چۆن خوای گەورە قسەی جوانی وەکو درەختی جوان پێناسە کردووە و حوکمی قسەکەی وەکو حوکمی درەختەکە داوە، کە ڕەگ و ریشاڵی بە زەویدا ڕۆچووە و دابینە و لق و پۆپیشی بە هەوادا پەرش و بڵاوبۆتەوە و هەڵچووە.. کە لە هەموو کاتێکدا بەرهەمی خۆی هەیە و بە ئیزنی خوای گەورە هەمیشە دەبەخشێت (ئەهلی تەفسیر دەفەرموون مەبەست لێی داری خورمایە کە بە وشکبوویش هەر سوودبەخشە).. خوای گەورە ئەم نموونانە بۆ خەڵکی دەهێنێتەوە تا بیربکەنەوە و هۆشیان بێتە سەر یا دوو زیکری خوای گەورە، تا بیر لە دەسپێکی ژیان و کۆتایی تەمەن بکەنەوە و لەو ماوەیاندا سەرنج بدەنە مەخلووقاتەکانی خوای گەورە و دڵنیایانە دینداریی بکەن کە خوای گەورە تاك و پاکە.. هەروەها نموونەی قسەی ناشیرین و ناڕەواش

وەکو درەختێکی پیس و زڕوبەدە کە دڕکاوی و بۆگەن و بێ بەرە، کە لە ڕەگ و ریشاڵەوە هەڵکێشرا بێت و ئیتر لە شوێنێکی تری ئەم سەرزەمینەدا خۆ نەگرێت و نەگیرسێتەوە، قسەی ناشیرین و خراپی کافرەکانیش هەر وایە، قسەی بێ خێر و بێ جێ و بێ سوودە.[١]

## خاڵی چوارەم: بەرپرسێتیی قیامەت لە ڕەفتار و ڕەوشتی چاك و خراپە:

ئایا کافرێکی ڕەوشت پەسەن خاوەن پاداشتی لای خوای گەورە دەبێت؟ ڕەفتارێکی جوانی کردووە ئایا پاداشتی لەسەر وەردەگرێتەوە؟ بەتایبەتی کە ڕەفتار و ڕەوشتەکەی ئیسلامیانە بێت، ئایا موسوڵمانێك کە هەندێك ڕەفتار و ڕەوشتی کافرانی تێدایە سزای دەدرێت لەسەری؟

ئەمما بە نیسبەت موسوڵمانەکەوە کە لەسەر ڕەفتار و ڕەوشتی کافرانە، بەڵێ بە تەئکید زیانی بۆ دین و ئیمانی هەیە و سزا دەدرێت لەسەریان، کە لەوانەیە هەندێکیان لە بازنەی دین و ئوممەتی ببەنە دەرەوە و بیخەنە بازنەی کوفرەوە، ئەو کاتە سزاکەی وەکو سزای کافرێکی وەکو خۆی دەبێت، ئەگەر ڕەفتارەکەشی کوفرین نەبوو هەر بە موسوڵمان دەمێنێتەوە، بەڵام سزای ڕەفتارەکەی کە گوناح و تاوان و سەرپێچی بووە وەردەگرێتەوە کە لەوانەیە خوای گەورە لە دونیادا سزاکەی بدات، لە هەمان کاتیشدا خوای گەورە دەروازەی تۆبەکردنی بۆ خستۆتە سەر پشت و بواری بۆ کردۆتەوە تا کۆتایی بە تاوان و گوناح بهێنێت و تۆبەیان لێبکات و بۆ خوای گەورە بسوڵحێت و ویست و هێزی بە تین بکات کە جارێکی تر ناگەڕێتەوە سەریان، ئەمە مادام پەشیمانە و داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە دەکات ئومێد زۆرە کە تۆبەکەی قبووڵ دەبێت و گوناحەکانی لەسەر لا دەچێت، بە مەرجێك گوناحەکان مافی خەڵکیان پێوە نەبێت (وەکو دزی و بوختان و...)، ئەمە مادام تۆبەی کردووە و مافی خەڵکی لەسەر نییە دەکەوێتە بەر ڕەحمەتی خوای گەورە و خوای گەورە موحاسەبەی لەسەر ئەو گوناحانە ناکات.

ئەمما کابرای کافر کە کردەوە و ڕەفتاری ئیسلامیانەی نواندووە تەنها لە ژیانی دونیادا سوودی بۆی دەبێت، چونکە یەکەمین داواکراوی قیامەت باوەڕهێنانە کە ئەم نەیبووە، بۆیە

---

(١) الشوكاني: فتح القدير (١/١١٥٤-١١٥٥).

پاداشتی قیامەتی نییە، چونکە ئەو ڕەفتار و ڕەوشتە جوانانەی کە نواندوونی لە پاڵنەری عەقیدە و قەناعەت و باوەڕ بە ئیسلامەوە نەهاتوون و بەرهەمی دینداریێتی نین، لەوەوە نەهاتوون کە فەرمانی خوا و پێغەمبەری خوان (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و ئەو پێیانەوە پابەند بووە، ئەمە مەرجی یەکەمی کار و کردەوەیە لە ئیسلامدا کە دەبێت لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە ئەنجام درابن، چونکە ئیمانداریێتی و موسوڵمانێتی لە ناخدان و ڕەفتاری دەرەکی دەیانسەلمێنێت کە هەن و کاریگەرن، ئەمما کار و ڕەفتارە جوانەکانی ئەم کافرە لەوەوە نەهاتوون کە سەلماندن و چەسپاندنی باوەڕ و دینداریێتییە، بۆیە لای خوای گەورە نرخیان نییە، هەر وەکو کە خوای گەورە دەربارەی دەفەرموێ: ﴿وَقَدِمْنَآ إِلَىٰ مَا عَمِلُوا۟ مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَـٰهُ هَبَآءً مَّنثُورًا ﴿٢٣﴾﴾ الفرقان: ٢٣، واتە: لەبەر چاوی خۆیان هەموو کار و کردەوەکانیان کردە تۆز و خۆڵی پەرش و بڵاوە..

- هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَعْمَـٰلُهُمْ كَسَرَابٍۭ بِقِيعَةٍ يَحْسَبُهُ ٱلظَّمْـَٔانُ مَآءً حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَهُۥ لَمْ يَجِدْهُ شَيْـًٔا وَوَجَدَ ٱللَّهَ عِندَهُۥ فَوَفَّىٰهُ حِسَابَهُۥ ۗ﴾ النور: ٣٩، واتە: کار و ڕەفتاری ئەو کەسانەی کە دید و ڕێبازی کوفریان گرتەبەر لای خوای گەورە بێ ئەرزشە و نرخی نییە، هەر وەکو سەراوێکە (سەراب)ـە کە لە دەشتاییەکی پڕ گڕە و گەرمادا لە دوورەوە وەکو ئاو دێتە بەر چاو، کە کەسی زۆر تینوو یەکسەر وا دەزانێت ئاوە و پیی دڵخۆش دەبێت (هەر وەکو کە کافر بە کار و ڕەفتاری خۆی دڵخۆش دەبێت) ئینجا کەسە تینووەکە خۆی بۆ سەراوێلکەکە دەکوتێت تا بیگاتێ، کەچی کە دەگاتە شوێنەکە تەڕاییەکی دەس ناکەوێت و هیوا بڕاو دەبێت.. ئەو لەو حاڵەتە دەروونیە و ڕەشبینیەیدایە و دەبینێت وا خوای گەورە لەوێ لە بەرامبەریدا ئامادەیە و لێپرسینەوەی وەل دەکات! (تەسەوری حاڵەتەکەی بکە و سەرنج بدەرە چارە نووسەکەی!).

کەوابوو کار و ڕەفتاری چاکی کافر لای خوای گەورە بێ نرخە و کار و کردەوەی بەدی موسوڵمان مایەی سزایە.

## خاڵی پێنجەم: دید و ڕێبازی موسوڵمان لە هەموو موفرەداتێکیدا جیاوازە:

دوای ڕوونبوونەوەی ئەو خاڵە سەرەکیانەی پێشوو ئەوە دەسەلمێت کە ئەو دید و ڕێبازەی

موسـولْمان دەیگرێتە بەر سەربەخۆیە و جودایە و لە دید و ڕێبازی هیچ لایەنێکەوە نەهاتووە و تێکەڵیش نابن، بەڵێ لەوانەیە لە هەندێك بۆچوون و هەڵوێستدا موسولْمان و غەیرە موسولْمان یەك بگرنەوە، بەڵام ئەوە شـتێکی لاوەکییە و چڵێکە، خوای گەورە لە سـوورەتی فاتیحەدا ئەم حەقیقەتەی زۆر بە ڕاشـکاوی ڕوونکردۆتەوە کە ڕێبازی موسـولْمان ڕێبازی ئەهلی ئیمانە و لەبەرامبەرییدا دید و ڕێبازی ئەهلی کوفر هەیە؛ جا ئەهلی کیتاب بن یان موشـریکی گومڕا، لەبەر گرنگی ئەم دید و ڕێ جیاوازییەیە کە دەبێت موسولْمان هەموو ڕۆژێك چەندین جار ئەوە ڕابگەیێنێتەوە کە دید و ڕێبازی ئەو سەربەخۆ و جیاوازە، هەموو ڕۆژێك لە نوێژ و غەیری نوێژدا دەڵێ: ﴿ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ٦ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ٧﴾ الفاتحة: ٦ - ٧، واتە: خوایە گیان هیدایەتمان بدە و بمانخەرە سـەر ڕێبازە ڕاسـتەکە، ڕێبازی ئەو کـەسـانەی کە نیعمەتی خۆتت پێبەخشـین (کە پێغەمبەران و ڕاسـتگۆیان و شـەهیدان و پیاوچاکانن)، بە دووریشـمان بگرە لە دید و ڕێبازی ئەوانەی کە غەزەبیان لێگیراوە و تەریکەن و کەس نایەوێن (کە جوولەکەکانن)، هەروەها ئەوانەی گومڕان و ڕێی ڕاستیان بزر کردووە (لە دیانەکان و موشـریکانی تر). دید و ڕێبازی موسـولْمان سـەربەخۆ و جودایە، دید و ڕێبازی موسـولْمان دید و ڕێبازی ئەو پیاوە خواویسـتانەن، پێغەمبەران و ڕاسـتگۆیان و شـەهیدان و پیاوچاکان کە خوای گەوە ڕێزی لێناون، هیدایەتی داون، جۆرەها نیعمەتی خۆیی پێبەخشـیون، وەك دەربـارەیـان دەفـەرموێ: ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَۚ وَحَسُنَ أُوْلَٰٓئِكَ رَفِيقٗا ٦٩﴾ النساء: ٦٩، واتە: هەر کەسێك ملکەچی و گوێڕایەڵێتی خوای گەورە و پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) بکات و بە ڕێبازەکەیانەوە پابەند بێت ئەوە دەچێتە ریزی ئەو کەسـانەوە کە خوای گەورە نیعمەتی خۆیی بە سـەردا ڕشتوون، لە پێغەمبەران و ڕاسـتگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان، بەڕاستی هاودەنگی و هاوڕێیەتی ئەوانەش پلە و پاداشـتێکی چاکە. حەتمەن موسولْمان دید و ڕێبازی ئەم پێشەوا عەزیزانە دەگرێتە بەر و توخنی دید و ڕێبازی کافران ناکەوێت، جا جوولەکە و دیان بن یان کافر و موشـریکانی تر، چ جای بێدین!

دیـد و ڕێبـازی موسـولْمـان پـابـەندبوونە بهو دین و بەرنامە خواییەوە کە خوای گەورە بە

پێغەمبەرانی بەڕێزی خۆیدا (علیهم السلام) بۆ هەموو کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی ناردووە، هەر پێغەمبەرە و کۆمەڵگەکەی خۆیی ئاگادار کردۆتەوە و ئەوانەی خەمخوازبوون شوێنی کەوتوون و دین و دینداریتیەکەیان قبووڵ کردووە.. پاشان پێشەوایان و زانایانی دینەکە -دوای کۆچی دوایی پێغەمبەران- لەسەر ئەو دید و ڕێ و بانگەواز و هەڵوێستانە ماونەتەوە، بۆ پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەر وابوو، مەنهەجە خواییەکە دید و ڕێبازی جەنابی (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و شوێنکەوتووانی بوو، هەر وەکو کە خوای گەورە فەرمانی پێدابوو وا بە خەڵکی بفەرموێ: ﴿قُلْ هَٰذِهِۦ سَبِيلِىٓ أَدْعُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ ۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِى ۖ وَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٠٨﴾﴾ یوسف: ١٠٨، واتە: بڵێ ئا ئەمە دید و ڕێباز و بەرنامەکەی منە، خۆشم و ئەو کەسانەی شوێنم کەوتوون خەڵکی بۆ ئا ئەمە بانگهێشت دەکەین و دەمانەوێت خەڵکی بەرچاو ڕۆشنانە ئەم دینە وەربگرن، سوپاس و ستایش و بێ خەوشی بۆ خوای گەورە کە شایانێتی، کە ئێمەی بۆ دینی خۆی هیدایەت داوە، ئێمە ئەمە ڕادەگەیێنین کە ئێمە بە هیچ کلۆجێك لە موشریکان نین ئەوانەی هاوبەش بۆ خوای گەورە دادەنێن.

- هەروەها دەفەرموێ: ﴿قُلْ إِنَّنِى هَدَىٰنِى رَبِّىٓ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ دِينًا قِيَمًا مِّلَّةَ إِبْرَٰهِيمَ حَنِيفًا ۚ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٦١﴾﴾ الأنعام: ١٦١، واتە: بڵێ من خوای پەروەردگارم هیدایەتی داوم بۆ ڕێگای ڕاست بۆ ئەو دینە پاك و ڕاست و دروستەی کە چەوتی تێدا نییە، کە میللەتی ئیبراهیمە (میللەت بریتییە لە پەیامی خواویستی و شوێنکەوتووە ئیماندارەکانی)، ئیبراهیم (علیه السلام) خواناس و حەقویست بوو، لە ریزی موشریکان نەبوو.

کابرایەك لە عەبدوڵای کوڕی مەسعوودی (خوا لێی ڕازی بێت) پرسی: **(مَا الصِّرَاط الْمُسْتَقِيم؟ قَالَ: تَرَكَنَا مُحَمَّد** (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **فِي أَدْنَاهُ وَطَرَفه فِي الْجَنَّة، وَعَنْ يَمِينه جَوَاد وَعَنْ يَسَاره جَوَاد، ثُمَّ رِجَال يَدْعُونَ مَنْ مَرَّ بِهِمْ فَمَنْ أَخَذَ فِي تِلْكَ الْجَوَاد اِنْتَهَتْ بِهِ إِلَى النَّار، وَمَنْ أَخَذَ عَلَى الصِّرَاط اِنْتَهَى بِهِ إِلَى الْجَنَّة. ثُمَّ قَرَأَ:** ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِى مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعُوا۟ ٱلسُّبُلَ

﴿فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٥٣﴾﴾ الأنعام: ١٥٣ )[١]، واته: ڕێبازه ڕاسته‌كه چییه؟ ئیبنو مه‌سعوود فه‌رمووی: محمد (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) له‌سه‌ر ڕێبازێك جێی هێشتین كه جه‌مسه‌ری ئه‌ملای لای خۆی بوو، جه‌مسه‌ری ئه‌و سه‌ریشی له به‌هه‌شته، له لای ڕاست و چه‌پی ئه‌م ڕێبازه‌وه ڕێچكه هه‌ن كه له‌سه‌ر هه‌ر ڕێچكه‌یه‌كیان پیاوانێك ڕاوه‌ستاون و هه‌ر كه‌سێك به ڕێبازه ڕاسته‌كه‌دا بڕوات ئه‌وانی بانگهێشتی لای ڕێچكه‌كانی خۆیانیان ده‌كه‌ن، جا هه‌ر كه‌سێك له ڕێبازه ڕاسته‌كه لاداته سه‌ر ڕێچكه‌كانی ئه‌وان، كۆتاییه‌كه‌ی ئه‌وه‌یه كه ده‌كه‌وێته دۆزه‌خه‌وه، هه‌ر كه‌سێكیش له‌سه‌ر ڕێبازه ڕاسته‌كه به‌رده‌وام بێت كۆتاییه‌كه‌ی ئه‌وه‌یه كه ده‌چێته به‌هه‌شته‌وه، پاشان ئه‌و ئایه‌ته‌ی خوێنده‌وه كه ماناكه‌ی ئاوایه: ئا ئه‌مه ڕێگای ڕاستی منه بیگرنه به‌ر، شوێن ڕێچكه‌كان مه‌كه‌ون، چونكه له ڕێبازه‌كه‌تان دوور ده‌خاته‌وه و په‌رته‌وازه‌تان ده‌كات، ئه‌مه ڕاسپارده‌ی خوای گه‌وره‌یه بۆتان تا دینداری سه‌ر ڕاست و ته‌قواكاربن.

- نه‌وواسی كوڕی سه‌معان (خوا لێی ڕازی بێت) ده‌گێڕێته‌وه كه پێغه‌مبه‌ری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) فه‌رمووی: (إِنَّ اللَّهَ ضَرَبَ مَثَلاً صِرَاطًا مُسْتَقِيمًا، عَلَى كَنَفَي الصِّرَاطِ دَارَانِ (وفي رواية: سُورَانِ)، لَهُمَا أَبْوَابٌ مُفَتَّحَةٌ، عَلَى الأَبْوَابِ سُتُورٌ وَدَاعٍ يَدْعُو عَلَى رَأْسِ الصِّرَاطِ وَدَاعٍ يَدْعُو فَوْقَهُ:{وَاللَّهُ يَدْعُو إِلَى دَارِ السَّلاَمِ وَيَهْدِي مَنْ يَشَاءُ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ}، وَالأَبْوَابُ الَّتِي عَلَى كَنَفَي الصِّرَاطِ حُدُودُ اللهِ فَلاَ يَقَعُ أَحَدٌ فِي حُدُودِ اللهِ حَتَّى يُكْشَفَ السِّتْرُ، وَالَّذِي يَدْعُو مِنْ فَوْقِهِ وَاعِظُ رَبِّهِ)[٢]، واته: خوای گه‌وره نموونه‌ی (دینه‌كه خۆیی) كه ڕێبازه ڕاسته‌كه‌یه‌تی وا نیشان داوه كه ڕاسته ڕێگایه‌كه و له لاشانی ڕێگاكه‌وه دوو خانوو (له ڕیوایه‌تێكی تردا: دوو شورا، دوو دیواری به‌رز) هه‌یه كه ده‌روازه‌یان هه‌یه و كراوه‌ن، به‌سه‌ر هه‌ر ده‌رگایه‌كه‌وه په‌رده‌یه‌ك هه‌یه، له‌سه‌ر ڕێبازه ڕاسته‌كه بانگهێشتێك هه‌یه و خه‌ڵكی بۆ سه‌ر ڕێبازه ڕاسته‌كه بانگ ده‌كات، بانگهێشتێكی تریش له‌سه‌ره‌وه‌ی ڕێبازه‌كه‌یه و بانگهێشت ده‌كات، خوای گه‌وره‌ش خه‌ڵكی بۆ به‌هه‌شت بانگهێشت ده‌كات و هه‌ر كه‌سێكی بوێت ڕێنمایی

---

(١) ئیمامی (المنذريّ) له كتێبی (الترغيب والترهيب) دا ده‌رباره‌ی ئه‌مه ده‌فه‌رمووێ: (ره‌زین هێناویه‌تییه‌وه، به‌ڵام من له (أصول)ه‌كه‌یدا نه‌مدۆزییه‌وه، به‌ڵام ئه‌حمه‌د و به‌ززار به سه‌نه‌دی (حه‌سه‌ن) به غه‌یری ئه‌م وشانه گێڕاویانه‌ته‌وه).

(٢) ترمزی (٢٨٥٩) گێڕاویێتیه‌وه و ده‌رباره‌ی ده‌فه‌رمووێ: (حسن غريب)، شێخی ئه‌لبانیش له (صحيح الترمذي) دا ئه‌فه‌رموێت: (صحيح)ه.

بۆ ڕاستە ڕێبازەکە دەکات، ئەو دەروازەی (دەرگا) یانەی لەسەر ڕێبازەکەن ئەو سنوورانەن کە خوای گەورە بۆ حەڕام و حەڵاڵی دیاری کردوون کە هەر کەسێك پێیانەوە پابەند بێت پاداشت وەردەگرێت و هەر کەسێکیش بیانبەزێنێت سزا دەدرێت، کەس ناکەوێتە سنوور بەزاندنەکە هەتا پەردەکان لانەدات، ئەو بانگهێشتەی کە لەسەرەوەی ڕێباز و ڕاستەکەیە ئامۆژگارێکە و خوای گەورە دایناوە.

لە لێکدانەوەکەی ئیمامی ڕەزنیدا کە ریوایەتەکەی ئیبنو مەسعوودی راڤە کردووە هاتووە کە:

- ڕێبازە ڕاستەکە ئیسلامە.

- دەروازەکان مەحاریمەکانن، ئەوانەی کە خوای گەورە فەرموویەتی حەڕامن و توخنیان مەکەون.

- پەردەکان ئەو گوناح و تاوانانەن کە سزایان لەسەرە.

- ئەو بانگهێشتەی لە سەرەوەی ڕێبازەکەیە ئامۆژگاری خوای گەورەیە کە لە دڵی هەموو موسوڵمانێکدا هەیە.

ئاوا موسوڵمان هەست دەکات کە دید و ڕێبازی خۆی هەیە، کە سەربەخۆ و جودایە، خواویستیەکی ڕاست و دروستە و لە هیچ دید و ڕێبازێکی تر ناچێت، یان هیچ دید و ڕێبازێکی تر لەو ناچێت.

## خاڵی شەشەم: کەوابوو هەموو شتێکی موسوڵمان سەربەخۆ و جودایە:

کەوابوو موسوڵمانی ڕاستەقینە مرۆڤێکی زۆر جیاوازە لە کەسانی تر، لە دید و ڕەفتاریدا، لە سیما و جەوهەریدا، لە بزاوت و هەڵوێستیدا، لە عەقیدە و خواپەرستییدا، لە دید و ڕێبازیدا، لە مەبەست و نیازیدا، لە ئامانجی دوور و نزیکیدا، لە هەموو شتێکیدا جیاوازە.

هەموو ئامانجی غەیرە موسوڵمان ژیانی دونیایەتی، چێژ و حەزی دونیایی، جوانی و

ڕازاوەیی دونیایی، شانازی و خۆبادانی دونیایی، بەرژەوەندیەکانی ژیانی، ئاوات و مەبەستی... هەمووی دونیایین، دەخوازێت هەر هەموویان لەو ژیانە کورتەی دونیای خۆیدا بهێنێتە دی! کە مومکینیش نییە.. بەڵام موسـولْمان: مەبەسـت و هیوا و ئاوات و ئامانجی سـەرەکی ژیانی دونیـاکـەی وا لـە ڕۆژی قیـامـەتدا، وا لە ڕەزامەندیی خوای گەورەدا، بۆیە لە دونیادا دەژی و چاوی لە ئاسۆی قیامەتی بڕیوە، لێرە ڕەنج دەدات و بە ئومێدی ئەولایەتی.

ئـەگـەر مـەبـەسـتی کـافر هـەر ئەوەندەیە کە لە دونیادا خەریکی چالاکییە کۆمەلایەتی و سیاسی و ئیسلاحیەکانێتی -بە دیدی خۆی- بەو هیوایەی پێشبردی ماددی بهێنێتە دی و حەز و ئارەزووی خۆی و تاکەکانی کۆمەڵگە تێرکات و پێداویستیان نەهێڵێت، ئەوە ئامانجی موسوڵمان زۆر لەوە گشتگیرترە، کابرای موسـوڵمانیش هەر خەریکی چالاکییە کۆمەڵایەتی و سـیاسی و ئیسـلاحییەکانی خۆیەتی و لە ڕەنج دایە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی خواویسـتی لەسـەر زەمیندا، بەو ئومێدەی ئوممەتە موسـوڵمانەکەی یەك بخاتەوە و سـایەی دادی شەریعەتی خوایی بەسەر هەمواندا بکشـێتەوە و سـەر لە نوێ ئەحکامەکانی قورئان و سـوننەت بینەوە بە مەرجەعیەتی یاسـایی کۆمەڵگە و دەوڵەت و هێزی بە هێزی جیهادەکە دەسـت بخرێتەوە و موسـتەزعەفان ڕزگار بکرێن (و نان و ئەمان بۆ هەموان مسـۆگەر بکرێتەوە)، موسوڵمانیش لە ژیانی دونیاییدا لـە هـەوڵی هـەموو ئـەمـانـەدا هـەیە، بەڵام چاوی بڕیوەتە ئامانجی هەرە گەورەی (وجود) کە ڕەزامـەنـدیی خوای گـەورەیـەتی، هـەموو ڕەنجە دونیاییەکانی بۆ ئەو ئامانجە هەرە گەورەیەی دەدات.

کـافر لە ڕەنجێکی بەردەوامدایە تا ئاواتە شـەخسـیەکانی بهێنێتە دی، کە لە چوارچێوەی حەز و چێژەکان تێناپەڕن، بەڵام ڕەنجی موسـوڵمان بۆ ئەوەیە کە خوای گەورە لێی ڕازی بێت، خوای گەورە قبووڵی بێت و خۆشـی بوێت، بۆیە لە ژیانیدا سـوورە لەسـەر پابەندبوونی بە قورئـان و سـیرە و سـوننـەتی پێغـەمبـەری خواوە (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).. لە ڕەنج و جیهادی بێ ووچاندایە و ئاواتەخوازە کۆتایی ژیانی بە شەهید بوون بێت، دوای ئەوەی ژیانێکی موجاهیدانە دەباتە سـەر.. موسـوڵمان خۆشـی و کامەرانی و ئاسوودەیی ئا لەمەدا دەبینێت نەك وەکو کافر هەموو هۆش و ڕەنجێکی لای چۆنیەتی تێرکردنی هەوا و هەوەسەکانی بێت.

کافر کە پارەیەك دەبەخشێت -با بە باوکیشی ببەخشێت- هەر وا هەست دەکات لە دەستی بۆوە و زیانی لێکەوت! لێی پەشیمان دەبێتەوە، یان خەفەتی بۆ دەخوات! لە کاتێکدا موسوڵمانی دیندار و سەرڕاست ئەوکاتە خۆشحاڵە کە پارەی بەخشیوە، ئەو کاتە ئاسوودەیە کە ڕەنج و سامانی خۆی لە پێناوی خەڵکانی تردا سەرف کردووە، ئەمەش دووڕێیانی سەرەکیی بەختیاری و ئاسوودەیی کافر و موسوڵمانە، خۆشحاڵی موسوڵمان لەوەدایە کە فەرمانەکانی خوای گەورە بە گیان و دڵ جێبەجێ دەکات و هەست دەکات شیاوانە ڕاپەڕاندوون، موسوڵمانی دیندار و سەرڕاست ئەو کاتە دەکەوێتە ژێر ژانی ویژدانەوە کە گوناح و تاوان و سەرپێچی لە فەرمانەکانی خوای گەورەدا دەکات، بەڵام کافر ئەو کاتە خۆشحاڵە کە بەرەڵا دەبێت! کە لە حەز و چێژ و قەدەغەکراوەکاندا نقووم دەبێت، چونکە وا دەزانێت بە ئازایەتی گەیشتۆتە (لوتکە)ی خۆشبەختی و کامەڕانی.

گەورەترین و کاریگەرترین سیما و سیفەتی جودایی موسوڵمانی سەرڕاست لە ئامانجە سەرەکیەکەیدایە، کە ئامانجی سەرەتا و کۆتایەتی، کە بە دەستهێنانی ڕەزامەندیی خوای خاوەنێتی، ئەمەشە کە لە بڕگەی داهاتوودا بە دوور و درێژی ئینشائەڵا باسی لێوە دەکەین.

## بڕگەی دووەم:

## موسوڵمان بە ئامانجە سەرەکیەکەیدا دەناسرێتەوە:

ئامانجی کافر هەر دونیایە، ئومێدێکی بە پاداشتی ڕۆژی دوایی نییە، هەر باوەڕیشی پێی نییە، ئەگەر باوەڕیشی پێی هەبێت لە یادیدا نییە و خۆی بۆ ئامادە ناکات، لێی غافڵە و مەشغووڵی جوانی و ڕازاوەییەکانی دونیایە کە خوای گەورە وەکو حەقیقەتێکی ڕەها ناساندوونی، کە دەفەرموێ: ﴿زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ ٱلشَّهَوَٰتِ مِنَ ٱلنِّسَآءِ وَٱلۡبَنِينَ وَٱلۡقَنَٰطِيرِ ٱلۡمُقَنطَرَةِ مِنَ ٱلذَّهَبِ وَٱلۡفِضَّةِ وَٱلۡخَيۡلِ ٱلۡمُسَوَّمَةِ وَٱلۡأَنۡعَٰمِ وَٱلۡحَرۡثِۗ ذَٰلِكَ مَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسۡنُ ٱلۡمَـَٔابِ ۝١٤﴾ آل عمران: ١٤، واتە: خۆشی و چێژی حەزە دونیایەکان لای خەڵکی جوان و ڕازاوە بوون و هەموو حەزێکیان چۆتێ لە چێژی جنسی و هەبوونی منداڵ و وەچە و خاوەنێتیی سەروەت و سامانی زۆر و بێ حسابی زێڕ و زیو و ئەسپەشێ و مەڕ و ماڵات و ئاژەڵ و زەوی و زار و حاسڵات، ئەمانە مایەکانی چێژ و تێرکردنی حەزەکانی ژیانی دونیان، بەڵام خوای گەورە لەوانە چاکتر و نایابتری لەلایە، لەوانە: مەزنیی پێشوازی گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە و ئاسوودەیی دیداری ئەو..

- هەروەها دەفەرموێ: ﴿ٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا لَعِبٞ وَلَهۡوٞ وَزِينَةٞ وَتَفَاخُرُۢ بَيۡنَكُمۡ وَتَكَاثُرٞ فِي ٱلۡأَمۡوَٰلِ وَٱلۡأَوۡلَٰدِۖ كَمَثَلِ غَيۡثٍ أَعۡجَبَ ٱلۡكُفَّارَ نَبَاتُهُۥ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَىٰهُ مُصۡفَرّٗا ثُمَّ يَكُونُ حُطَٰمٗاۖ وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٞ شَدِيدٞ وَمَغۡفِرَةٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضۡوَٰنٞۚ وَمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَآ إِلَّا مَتَٰعُ ٱلۡغُرُورِ ۝٢٠﴾ الحديد: ٢٠، واتە: ئەوە بزانن کە هەر هەموو ژیانی دونیا بریتییە لە وازی و گەمە و خۆ خلافاندن و کات بەسەربردن لە ڕەفتاری بێ جێدا، ژیانی دونیا شانۆی خۆ نواندن و شانازیکردنی نێو خۆتانە بە زۆریی سەروەت و سامان و منداڵ و وەچەتان، ئەمانە و ژیانی دونیا هەمووی وەکو تاوە بارانێکە کە جوتیارەکان پێی شادمان و سەرسام دەبن (دونیاکەش بۆ کافرەکان هەر ئاوایە، بەو سامان و وەچە و موڵکانەیان سەرسام و شادمانن و خۆی پێوە با دەدەن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە وەکو تاوە بارانەکەیە کە خێرا دەبارێت و کۆتا دێت)، تاوە بارانەکە دەبێتە مایەی تێرراو پاراوکردنی ڕووەك و گژوگیا و درەختی پێ دەبوژێتەوە، بەڵام دواتر زوو دەبینیت زەرد هەڵدەگەڕێن و پاشان وشك

دەبن و دەپوێن و دەبنە کا و پووش و چارەنووسی کافران و نادینییەکانیش هەروا دەبێت، سزای بە ژانیان لە ڕۆژی دواییدا دێتە ڕێ، ئەمما ئەو ئیماندارانەی زانیویانە ژیانی دونیایان کێڵگەی ڕۆژی دواییانە و دیندارانە ڕەفتاریان کردووە و خواناسانە ژیانی دونیایان بەسەر بردووە، ئەوانە لێخۆشبوونی خوای گەورەیان بە نسیب دەبێت، خوای گەورە لێیان ڕازی دەبێت، دەی سا ژیانی کورت و بڕاوەی دونیا چییە ئاوا خۆتانی بۆ بدەنە بەر سزا و ئازاری خوایی، ژیانی دونیا مایەی فریودان و هەڵخەڵەتاندنە بۆ کەسێك دینداریتیی تێدا ڕەچاو نەکات و بە گوێرەی شەریعەتەکەی خوای گەورە تێیدا ڕەفتار نەکات.

هەر هەموو هەوڵ و هۆشێکی کافر بۆ ژیانی دونیایەتی، هەروەها ئەوانەی باوەڕێکی سادە و ساویلکەی بێ کردەوەیان بە ڕۆژی دوایی هەیە: ﴿فَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِي ٱلدُّنۡيَا وَمَا لَهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنۡ خَلَٰقٖ ٢٠٠﴾ البقرة: ٢٠٠، واتە: لە ناو خەڵکیدا کەسانی وا هەن کە لە خوا دەپاڕێنەوە و دوعا دەکەن هەر دوعا بۆ سامان و ماڵی دونیایان دەکەن، هەر دەڵێن خوایە منداڵ و ماڵمان پێ ببەخشە، خوایە بارانی بەسوودمان بۆ ببارێنە، خوایە بازرگانییەکەمان ڕەواج پێبدە، ئەمانە لا ناکەنەوە بە لای قیامەتیاندا و پشکێکیان لە نیعمەتی ئەوێ لا جێ بایەخ نییە و هۆشیان لێی نییە، دەی سا حەتمەن لە ڕۆژی قیامەتدا هیچ پشکێکیان لە هیچ نیعمەتێکی خوایی وەبەر ناکەوێت.

کافر هۆشی هەر لە دونیایە، هەر لە هەوڵی ئەوە دایە پیشەکی و ئەنجامەکانی سەرکەوتنی دونیایی بە دەست بخات، ئافرەتی بۆ جنس دەوێت، یان بۆ خزمەتکردنی یان بۆ هاوکاریکردنی لە هێنانەدیی بەرژەوەندییەکانیدا، دەخوازێت هەر ئافرەتێکی لا جوان بوو حەزی لێکرد بچێتە لای و پاشان وەلی کات، کافر حەزی لە منداڵ نییە، گەر بشیەوێت، یەکێك یان دوو، زیاتر نا، سەروەت و سامانی دەوێت، حەز دەکات پارە سەر یەك نێت، پارەکانی بکات بە قاڵبە زێڕ و هەڵیگرێت، حەزی لە ڕابواردنە، لە سواری و سەیارەی جوان و نایاب و تایبەتە، حەزی لە پۆشاکی کەشخە و ماڵی ڕازاوە و کاڵای گرانبەهای دەگمەنە، حەزی لە زەوی و زار و بەرهەمە،

هەموو ئومێدێکی دونیایە، تا هەیبێت برسیترە بۆ هیتر[١].

ئەمما موسـولْمان هەر وایە کە خوای گەورە وەسـفی کردووە: ﴿وَمِنْهُم مَّن يَقُولُ رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِى ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ٢٠١﴾ البقرة: ٢٠١، واتە: ئەمما موسـولْمانان کـە دەپـاڕێنـەوە دەڵێن خوايەگيـان لـەو شــتـە چـاکانەی دونيا مەحرووممان مەکە و چاکەی قيامەتيشــمان بە نســيب بکە و لە ئاگری دۆزەخ لامانده (شــتی چاکی دونيا زۆرە لە ئيمان و زانست و هاوسەری چاك و سامانی حەڵاڵ و زارۆکی پياوچاك و ئامۆژگار و... ئەمما چاکەی قيامەت يەکەمينيان کە کۆڕای زانايانی لەسەرە: ڕەزامەنديی خوای گەورەيە، پاشان بەهەشت و نيعمەتەکانی)[٢].

موسـولْمان داخوازيەکانی دونيای دەوێت، بەڵام لەســەر حســابی داخوازيەکانی قيامەتی نابێت، هەر وەکو کە پياوچاکانی قەومەکەی سەيدنا مووسا (عليه السلام) ئامۆژگاری قاڕوونيان کرد و پێيـان فەرموو: ﴿وَٱبْتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلْءَاخِرَةَ ۖ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنْيَا ۖ﴾ القصـص: ٧٧، واتە: با مەبەستت لە بەکارهێنانی ئەو سەروەت و سامانەتدا -کە خوای گەورە پێی بەخشيويت- ڕۆژی قيامەت بێت و پشکی دونيايی خۆشت فەرامۆش مەکە.

موسـولْمانی ديندار و سـەرڕاسـت حەزدەکات بۆ ڕۆژی دوايی لێببڕێت، بۆيە هۆشـی لەوە نابڕێت کە نەکات خۆشـويسـتنی دونيا و حەز و چێژەکانی ئەوەندە بە لای خۆياندا رايکێشـن ڕووگـە سـەرەکيـەکـەی قيامەتی لا بکەنە ئامانجی دووەم و لاوەکی. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿تُرِيدُونَ عَرَضَ ٱلدُّنْيَا وَٱللَّهُ يُرِيدُ ٱلْءَاخِرَةَ ۗ﴾ الأنفال: ٦٧، واتە: حەزە ڕووکەشيەکانی دونيا دەخوازن! بەڵام خوای گەورە دەيەوێت ڕۆژی دواييتان بخاتەوە ياد تا ئەوێتان لا مەبەست بێت.

---

(١) بڕوانە ئەم نموونەيە: (وارن بوفت) ئەمريکاييە و تەمەنی (٧٨) سـاڵانە، دووەمين دەوڵەمەندی جيهانە، سـەرمايەکەی (٦٧، ٧) مليار دۆلارە، (١٥) کۆمپانيای هەيە، يەکێکيان کۆمپانيای دروسـتکردنی فڕۆکەيە و خۆشـی فڕۆکەی تايبەتی نييە، سێ کۆمپانيای هی دروستکردنی سەيارەن و خۆشی سەيارەيەکی کۆنی کۆمپانيای تری هەيە، لاپتۆپ و مۆبايلی نييە، هێشتا لەو خانووەدايە کە سی ساڵ لەمەوبەر تێيدا بووە، تەنها دەژی، دەڵێ شـەوانە گەنمەشامی دەبرژێنم و دادەنيشم بە ديار (ئەفلام کارتۆنە)وە تا خەوم لێدەکەوێت!! پارەی ئەوە زەکات نەيخوات چۆن هەر کەڵەکە نابێت؟

(٢) شوکاني: فتح القدير (١/٢٠١و٢٠٢).

- هەروەها دەفەرموێ: ﴿مَّن كَانَ يُرِيدُ ٱلْعَاجِلَةَ عَجَّلْنَا لَهُۥ فِيهَا مَا نَشَآءُ لِمَن نُّرِيدُ ثُمَّ جَعَلْنَا لَهُۥ جَهَنَّمَ يَصْلَىٰهَا مَذْمُومًا مَّدْحُورًا ﴿١٨﴾ وَمَنْ أَرَادَ ٱلْـَٔاخِرَةَ وَسَعَىٰ لَهَا سَعْيَهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ كَانَ سَعْيُهُم مَّشْكُورًا ﴿١٩﴾﴾ الإسراء: ١٨ - ١٩، واتە: هەر کەسێك دونیای مەبەست بێت و بەس مەبەستی لە کار و خێر و ڕەفتار نواندن و ســامان پێکەوەنان و خەرجکردنەوەی هێنانەدیی ئاواتە دونیایەکانی بێت، ڕێ بەوانەیان دەدەین کە خۆمان دەمانەوێت تا پێی بگەن و حەزەکانیان بهێننە دی، بەڵام بە تەئکید لە قیامەتدا بێبەش دەبن و هەر یەکەیان بە زەلیل و زەبوونی فڕێ دەدرێتە ناو دۆزەخەوە و لە هەموو لایەکەوە مەنبوز و کەناردراو و دەرکراو دەبێت، چونکە جارێك هۆشــی بە خۆدا نەهاتەوە و کار بۆ قیامەتی بکات، ئەمما ئەو کەســەی کە ئەهلی قیامەتە و مەبەســتی لە چالاکیەکانی ژیانی پاداشــتی لای خوای گەورەیە و ئیماندارانە بە ئومێدی بەدەســتهێنانی ڕەزامەندیی خوای گەورە لە دونیادا هەوڵ دەدات؛ هەوڵی ئەوانە سوپاسکراوە و خوای گەورە لێیان ڕازی دەبێت.

- هەروەها: ﴿مَّن كَانَ يُرِيدُ ثَوَابَ ٱلدُّنْيَا فَعِندَ ٱللَّهِ ثَوَابُ ٱلدُّنْيَا وَٱلْـَٔاخِرَةِ﴾ النساء: ١٣٤، واتە: هەر کەسێك مەبەستی بانگەواز و جیهادەکەی شتێکی دونیایی بێت دەستی بکەوێت کورتبینە، بۆچی چاو لە پاداشتی خوای گەورە نابڕێت و نییەتی بۆ خوا پاك ناکاتەوە، خۆ خوای گەورە پاداشتی دونیا و قیامەتی لایە و دەتوانێت پشکە دونیاییەکەشی بە نسیب بکات و -بێ ئەوەی خۆی لە نییەتیدا بووبێت- پاداشتە قیامەتیەکەشی بۆ دابین بکات.

- هەروەها: ﴿مَن كَانَ يُرِيدُ حَرْثَ ٱلْـَٔاخِرَةِ نَزِدْ لَهُۥ فِى حَرْثِهِۦ ۖ وَمَن كَانَ يُرِيدُ حَرْثَ ٱلدُّنْيَا نُؤْتِهِۦ مِنْهَا وَمَا لَهُۥ فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ مِن نَّصِيبٍ ﴿٢٠﴾﴾ الشورى: ٢٠، واتە: هەر کەســێك مەبەســتی لە چالاکیەکانی دونیای ڕۆژی دوایی بێت، واتە نییەتی پاك بێت و مەبەستی ڕازیکردنی خوای گەورە بێت، خوای گەورە هەم بەرەکەت دەخاتە چالاکیەکانیەوە و هەم پاداشــتی چەندین بەرابەرانەی دەداتەوە، لە کارەکانی دونیاشــیدا سەرکەوتووی دەکات و کارئاسانیی بۆ دەکات، ئەمما ئەو کەسەی نییەت پیسە و چالاکیەکانی بە هیوای هێنانەدیی مەبەســتی دونیایەتی و بۆ ئەوان لێبڕاوە، کە زاهیرەن

ديندارە و لەبەرچاوی خەڵکی قیامەتیانە کاردەکات، دەستی لە هەندێك بەرهەمی ڕەنجی خۆی لە دونیادا گیردەکەین و بۆی دەهێنینەدی، بەڵام بە تەئکید لە قیامەتدا بێبەش دەبێت.

پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە چەندەها فەرموودەی ئاڕاستەوانێتیدا باسی دونیا و پووچەڵێتیی کردووە، وەك: (ازْهَدْ فِي الدُّنْيَا يُحِبَّكَ اللَّهُ، وَازْهَدْ فِيمَا فِي أَيْدِي النَّاسِ يُحِبَّكَ النَّاسُ)[1]، واتە: لە دونیادا زاهیدانە بژی خوای گەورە خۆشی دەوێت، تەماعت لەوەدا نەبێت کە لە دەست خەڵکیدایە، خەڵکەکە خۆشی دەوێت (ڕازیبە بە بەشی خوای گەورە).

- (أَلَا إنَّ الدُّنيا ملعونةٌ، ملعونٌ ما فيها، إلَّا ذِكرَ اللهِ تعالى، وما والاهُ، وعالِمًا ومُتعلِّمًا)[2]، واتە: دونیا نەفرین لێکراوە، هەر چی تێشیدایە هەر نەفرین لێکراوە، جگە لە یادی خوای گەورە و دینداریێتی و جگە لە فێرکار یو فێرخوازیش.

- (لَوْ كَانَتِ الدنيا تَعْدِلُ عندَ اللهِ جَناحَ بَعُوضَةٍ، ما سَقَى كافرًا مِنْها شَرْبَةَ ماءٍ)[3]، واتە: هەموو دونیا لای خوای گەورە نرخی بە قەدەر باڵە مێشوولەیەك ببوایە، قومێك ئاوی لێ نەدەدا بە کافر (واتە دونیا ئەوەندە بێ قیمەت و بێ ئەرزشە).

- (مَا لِي وَلِلدُّنْيَا، مَا أَنَا فِي الدُّنْيَا إِلَّا كَرَاكِبٍ اسْتَظَلَّ تَحْتَ شَجَرَةٍ ثُمَّ رَاحَ وَتَرَكَهَا)[4]، واتە: من چیم لە دونیا داوە؟! من لە دونیادا وەکو سوار (گەشتیار)ێکم چووبێتە بەر سێبەری درەختێك کە پاش ماوەیەك دەڕوات و جێی دەهێڵێت.

- ئەبو سەعید (خوا لێی ڕازی بێت) گێڕایەوە: (أنَّ النبيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) جَلَسَ ذَاتَ يَومٍ علَى المِنْبَرِ وجَلَسْنَا حَوْلَهُ، فَقَالَ: إنِّي ممَّا أخَافُ علَيْكُم مِن بَعْدِي، ما يُفْتَحُ علَيْكُم مِن زَهْرَةِ

---

(١) ئیبنو ماجە (٤١٠٢)، تەبەرانی (١٩٣/٦) (١٩٣/٦)، ئیمامی نەوەویش بە حەسەنی داناوە.

(٢) ئیبنو ماجە (٤١١٢)، ترمزی (٢٣٢٢) و ئەفەرمویێت (حسن غريب)، شێخی ئەلبانیش لە (صحيح الترمذي)دا بە (حسن)ی داناوە.

(٣) ترمزی (٢٣٢٠) ئەفەرمویێت (صحيح غريب من هذا لاوجه)، ئیبنو ماجە (٤١١٠) بە کەمێك جیاوازی، شێخی ئەلبانیش لە (صحيح الترمذي)دا بە (صحيح)ی داناوە.

(٤) ترمزی (٢٣٧٧) و ئەفەرمویێت (حسن صحيح)، هەروەها ئیبنو ماجە (٤١٠٩) و ئەحمەد (٣٧٠٩) بە کەمێك جیاوازی هێناویانەتەوە، شێخی ئەلبانیش بە (صحيح)ی داناوە.

الدُّنيَا وزِينَتِهَا فقَالَ رَجُلٌ: يا رَسولَ اللَّهِ، أوَيَأْتي الخَيْرُ بالشَّرِّ؟ فَسَكَتَ النبيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، فقِيلَ له: ما شَأْنُكَ؟ تُكَلِّمُ النبيَّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ ولَا يُكَلِّمُكَ؟ فَرَأَيْنَا أنَّه يُنْزَلُ عليه؟ قَالَ: فَمَسَحَ عنْه الرُّحَضَاءَ، فَقَالَ: أيْنَ السَّائِلُ؟ وكَأنَّهُ حَمِدَهُ، فَقَالَ: إنَّه لا يَأْتي الخَيْرُ بالشَّرِّ، وإنَّ ممَّا يُنْبِتُ الرَّبِيعُ يَقْتُلُ أوْ يُلِمُّ، إلَّا آكِلَةَ الخَضْرَاءِ، أكَلَتْ حتَّى إذَا امْتَدَّتْ خَاصِرَتَاهَا اسْتَقْبَلَتْ عَيْنَ الشَّمْسِ، فَثَلَطَتْ وبَالَتْ، ورَتَعَتْ، وإنَّ هذا المَالَ خَضِرَةٌ حُلْوَةٌ، فَنِعْمَ صَاحِبُ المُسْلِمِ ما أعْطَى منه المِسْكِينَ واليَتِيمَ وابْنَ السَّبِيلِ، أوْ كما قَالَ النبيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وإنَّه مَن يَأْخُذُهُ بغيرِ حَقِّهِ، كَالَّذِي يَأْكُلُ ولَا يَشْبَعُ، ويَكونُ شَهِيدًا عليه يَومَ القِيَامَةِ)[1]، واتە: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەسەر مینبەرەکە دانیشت و ئێمەش لە خزمەتیدا بە دەوریەوە بووین، فەرمووی: ئەوەی کە لێتان دەترسم تێی بکەون ئەوەیە کە ڕازاوەیی دونیاتان بەڕوودا بکرێتەوە، کابرایەك بە پرسیار عەرزی کرد: چما خێر (ئەو حاڵەتە ئیمانداریەی کە تێیداین) خراپە لەگەڵ خۆی دەهێنێت؟ پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بێدەنگ بوو، بینیمان وەحی بۆ دێت، کە هۆشهاتەوە چین چین ئارەقی پێدا دەهات و دەیسڕی، فەرمووی: خاوەن پرسیارەکە کوا؟ هەر وەکو ئەوەی پرسیار کردنەکەی پێ پەسەند بووبێت و کابراش جێی ڕێزی بێت، ئینجا فەرمووی: خێر خراپە لەگەڵ خۆیدا ناهێنێت، بەڵام هەر گیای بەهارەکە (ماڵات) هەڵدەئاوسێنێت و دەیکوژێت، نابینیت (مانگایەك) لەو گیایە دەخوات تا پەراسووەکانی بەرفراوان دەبن (تا خەریکە شەق ببات)، ئینجا لەبەر تینی گەرما دەمێنێت، پاشان دەچێتە بەر سێبەر و کاوێژ دەکات، پاشان میز دەکات و پاڵدەکەوێت (تێرە و لەسەر خۆ کاوێژ دەکات تا دەتەقێت)، ئەم سامانەی دونیاش وایە، سەوز و جوانە، ئافەرین بۆ ئەو خاوەنە موسوڵمانەی کە دەستی دەکەوێت و بەشی هەژار و هەتیو و ڕێبواری لێدەدات، ئەمما ئەو کەسەی هەر کۆی دەکاتەوە و بەشی نەدارانی لێنادات وەکو کەسێکە کە هەر بخوات تێر نەبێت، دواییش لە ڕۆژی قیامەتدا سەروەت و سامانەکە دەبنە شاهێد بەسەریەوە.

ئەم هوشداری لا سووککردنی دونیایە لەبەر چاومان ئەوەیە کە چاومان لە قیامەتمان بێت و دونیاش فەرامۆش نەکەین، ژیانی دونیا بە قەدەر قەبارە و نرخی خۆی بێت لامان نەك لە

---

(١) بوخاری (١٤٦٥)، موسلیم (١٠٥٢) و لەفزەکەش هی ئەوە.

پێنـاویـدا بمرین، بۆیـه لـه فەرموودەی تر دا باســی (زاهدبوون)ەکە وا دەفەرموێ کە هەموو شــتێکمـان بـه ڕاده و بڕی خۆی لەبـەر چـاوبێـت، نەك حەزێکی دونیاییمان لا مەزنتر بێت لە ئاواتێکی قیامەتی. وەك دەفەرموێ:

- (إِنَّ الدُّنْيَا حُلْوَةٌ خَضِرَةٌ، وإِنَّ اللَّهَ مُسْتَخْلِفُكُمْ فِيهَا، فَيَنْظُرُ كيفَ تَعْمَلُونَ، فَاتَّقُوا الدُّنْيَا وَاتَّقُوا النِّسَـاءَ؛ فإِنَّ أَوَّلَ فِتْنَةِ بَنِي إِسْـرَائِيلَ كَانَتْ فِي النِّسَـاءِ)[١]، واته: ژیانی دونیا جوان و ڕازاوەیە، خوای گەورەش ئێوەی بە بریکار لە دونیادا خەلق کردووە، تەماشاتان دەکات داخۆ چی دەکەن و چۆن ڕەفتـار دەنوێنن، دەی سـاخۆ لـە حەز و هەڵپەی دونیاویسـتی و پەیوەندیی حەرامی ئافرەت بپارێزن و نەکەونە داویانەوە، چونکە یەکەمین کێشـەی سـەخت (کە دین و دینداریی لاواز کرد) لای بەنو ئیسرائیلییەکان ئافرەت بوو.

- (الزَّهَادَةُ فِي الدُّنْيَا لَيْسَتْ بِتَحْرِيمِ الْحَلاَلِ وَلاَ إِضَاعَةِ الْمَالِ، وَلَكِنَّ الزَّهَادَةَ فِي الدُّنْيَا أَنْ لاَ تَكُونَ بِمَا فِي يَدَيْكَ أَوْثَقَ مِمَّا فِي يَدَيِ اللَّهِ، وَأَنْ تَكُونَ فِي ثَوَابِ الْمُصِـيبَةِ إِذَا أَنْتَ أُصِـبْتَ بِهَا أَرْغَـبَ فِيهَـا لَوْ أَنَّهَـا أُبْقِيَتْ لَكَ)[٢]، واتە: زاهدێتی لە دونیادا ئەوە نییە حەڵاڵ حەرام بکرێت و پارە و سـامان بە فیڕۆ بدرێت، زاهدێتی ئەوەیە کە دڵت زیاتر بەوەوە بێت کە لە دەسـت خوای گەورە دایە (کە نەیداوێتی) زیاتر لەوەی لە دەسـت خۆتدایە، هەروەها پاداشـتی ئەو بەڵا و موسیبەتەت زیاتر چاو لێبێت کە دێتە ڕێت وەك لەوەی تووشت نەبوایە (واتە ئەوەندە تەسلیم بە قەدەر خوای گەورە بووبێت کە بوون و نەبوونی کێشـە و بەڵا و موسـیبەتی ڕێگات لا یەکسان بووبێت).

- خاتوو عائیشـه (خوا لێی ڕازی بێت) وەسـفی زاهدێتی سـەیدنا عومەری (خوا لێی ڕازی بێت) دەکرد کە چەند پارسەنگانە بوو دەفەرموێ: **(كَانَ عُمَرُ زَاهِداً، وَكَانَ إِذَا مَشَى أَسْرَعَ، وإِذَا تَكَلَّمَ أَسْـمَعَ، وَإِذَا ضَـرَبَ فِي ذَاتِ اللَّهِ أَوْجَعَ)**[٣]، واتە: عومەر پیاوێکی زاهید بوو، کە بەڕێدا

---

(١) موسلیم (٢٧٤٢).

(٢) ترمزی (٢٣٤٠) و ئەفەرموێت (غريب)ـە، ئیبنو ماجەش (٤١٠٠) بە کەمێك جیاوازاییەوە هێناویەتییەوە، شێخی ئەلبانیش لە (ضعیف الترمذي)دا ئەفەرموێت (ضعيف جدا).

(٣) ئیبنو تەیفور (٢٨٠هـ) لە کتێبی (بلاغات النساء)دا هێناویەتییەوە.

دەڕۆیشــت خێرا دەڕۆیشــت، کە دەدوا وا دەنگی بەرز دەکردەوە کە بەرامبەرانی ببیســتن، کە لەبەر خاتری خوای گەورەش تەمێی بکردایە یان سزای بدایە سزای بە ژانی دەدا.

کەوابوو ئـەوەی داوا کراوە ڕوو لـە قیـامەت بوونە، لەگەڵ ڕەنجی دونیایی و هەبوون، بەڵام هەر شتە و لە جێی خۆیدا.

- سـەروەت و سامانی دونیا کە بە دەست پیاوی قیامەتیەوە بێت چاکترە، چونکە ئەو هەموو خەرجکردنێکی لە سنووری شەرعدا دەبێت، پێداویستیەکانی خۆی و خەڵکی پێ پڕ دەکاتەوە، مافی خوای گەورە و مافی خەڵکی تێدا ڕەچاو دەکات.

- ئـافرەت لـە دونیـادا کە چیژێکی تری دونیـایـە و زۆری هـەوڵ بۆ دەدەیـت هـەر لە لای موسـوڵمانی سەرڕاست و قیامەتی بێت چاکترە، چونکە مافی خۆی و ئەو کەسوکارانەی لەبەر چاودەبێت و ســنووری شــەرع لە ڕەفتار لەگەڵداکردنیدا ڕەچاو دەکات و دەزانێت ســنووری ماف و ئەرکەکان چین و سنوور نابەزێنێت.

- منـداڵ و زارۆك لای پیـاوی موســوڵمـانی قیامەتی بن چاکترە، چونکە بەرژەوەندی هەر یـەکێکیان ڕەچاو دەکات و ســوور دەبێت لەســەرڕاســت پەروەردەکردن و خوێندن و بایەخ پێدانیان، چونکە کەسـی قیامەتی بە سۆز و بە بەزەییە و لە سنووری شەرعدا دەبزوێت، حەزی بە ئەمان و کامەرانی کەســانی تر هەیە و بۆ خزم و کەســوکاری دڵســۆزە، منداڵەکانی خۆش دەوێت و لە ڕاست ئاڕاستەکردنیاندا جیددی دەبێت.

- ئاژەڵ و مەڕ و ماڵات کە چێژی دونیایین لای موســوڵمانی دینداری قیامەتی بن چاکترە، چاکترە بۆ خۆی و ئەوان و بەرهەمهێنان و ماف و ئەرکی خەڵکانی تر تێیاندا، کەســی قیامەتی دەزانێت چۆن لە سـنووری شەرعدا ڕەفتاریان پێوە بکات و مافی خوای گەورە و مافی خەڵکی نەدار و مافی ئاژەڵەکانیش ڕەچاو بکات.

- زەوی و زاریش هەروەها.. بە دەست موسوڵمانی قیامەتیەوە بن چاکترە چونکە بە ناشەرعی نابێتە خاوەنیان، زەوت ناکات، ســەرڕاســت دەبێت لە خزمەت و بەرهەمهێنانیدا، مافی خوای گەورە و مافی هەژاران و نەدارانی تێدا ڕەچاو دەکات، ســنووری شــەرعیان تێدا نابەزێنێت..

حەتمەن لە بەرژەوەندی هەمووانە کەسانی قیامەتی هەبووبن.

یاری و گەمە و سەیران و ئاهەنگ و خۆشی، جوانی و ڕازانەوە و هەستی هەبوونی هەمووی لە موسوڵمانی قیامەتی جوانە و ئەو لە هەموو کەسێکی تر زیاتر سەرکەوتوو دەبێت لە سازدان و سەرپەرشتیکردن و هەڵاوێردنی شیاو و نەشیاو تێیاندا، ئەو زیاتر سنووری شەرع و مافی خوای گەورە و بازنەکانی حەز و چێژی شیاو و پارسەنگی پێ دیاری دەکرێت وەك لە کەسانی تر، ئەو کە قیامەتیە و ترسی خوای گەورەی لە دڵدایە و دڵسۆز و سینەفراوان و بەبەزەییە؛ دەتوانێت ماف و حەز و ئەرك و دەسەڵاتەکان دیاری بکات و سەرڕاستانە مامەڵە لەگەڵ هەموو کەس و شت و حاڵەتەکاندا بکات، تەنانەت ئەو سەرکەوتووترە لە دیاریکردنی سنووری شانازیکردن بە سامان و منداڵ و هەستی خۆشحاڵیی پێیان.. ڕوونکردنەوەی ئەمانە دەشێت بەم خاڵانەی کە دێن زیاتر بخەینە بەر چاو:

## خاڵی یەکەم: موسوڵمان و سامان:

موسوڵمان دەبێتە خاوەن شت، هەر وەکو کافر دەبێتەخاوەن شت، بەڵام جیاوازی نێوان ئەم دوو بەخاوەنبوونەیان لەوەدایە کە کابرای کافر پارە و سامان کۆکردنەوە و دەوڵەمەندبوونی لا دەبێتە ئامانجی ژیان، تا دەگاتە ئەوەی ئەوەندەی موڵك و سەروەت و سامانەکەی خۆشدەوێت دەیخاتە ڕێز و پلەی مەزنێتی خوای گەورە و وەکو کە دینداری موسوڵمان سوورە لەسەر بەڕێزی و بەرگری لە خوای گەورە، کافری خاوەن سامانیش ئاوا دەبێتە عەبدی سوور و گیانفیدا و پارێزەری ماڵ و سامانەکەی و هەموو ڕەفتارێك وا دەکات کە زیادکردن یان مانەوەی سامانەکەی دەیخوازێت، لەم ڕێگایەشدا ڕەنجی نەپساو دەدات و خۆ دەخاتە بەر چەندین بەربەستی دژوار، بەلاشیەوە گرنگ و پیرۆز نییە کە بە چ ڕێگایەك دەبێتە خاوەن سامان، سەد ڕێگای یاسایی بۆ دەوڵەمەندبوون لەبەردەستدا هەبێت کە هەلێکی نهێنی نایاسایی بۆ بڕەخسێت پارەیەکی زیاتری دەست بکەوێت لە ماشینەوە و دزینەوە سڵ ناکاتەوە! وا دەبێتە عەبدی پارە کە دڵی نایەت هیچیان لێ خەرج بکات، چ جای ئەوەی ببەخشێت.. ئاماژە بەم حاڵەتەی دەروون و هزر و ڕەفتارە کە پیغەمبەری خوا (صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دوعا لە عەبدی پارە دەکات و

دەفەرموێ: (تَعِسَ عَبْدُ الدِّرْهَمِ)[١]، واتە: دەك یاخوا پارەپەرست ئۆخەی نەكات و نەسرەوێت.

ئەمما موسـولْمانی چاك و دینداری سـەرڕاسـت كە هەمیشـە هۆشـی لای بەدەسـتهێنانی ڕەزامەندیی خوای تاك و پاكە و ئومێدی وایە ڕوو سـوور و سـەرفرازی دونیا و قیامەت بێت؛ ماڵ و سـامانی لا (وەسیلەیە) نەك ئامانج، باوەڕی وایە ماڵ و سامان دەبێت بخرێنە خزمەت و ڕێزی مرۆڤـانەوە، دەبێت ببێتە مایەیەی قورسـكردنی تایی تەرازووی چاكەكانی، دەبێت ببێتە ئامێری چاكە و چاكەكاری و خێرخوازی و بەختیاریكردنی خەڵكی تا ببێتە مایەی سـڕینەوەی گوناح. موسوڵمانی دیندار وتەقوا كار بەڕێگای حەڵاڵ نەبێت نابێتە خاوەن یەك درهەم، كە بوو بەخاوەن پارە و سـامان یەكسـەر هۆشی بۆ زەكاتدان و خێر و خێرات لێكردن دەچێت، چونكە لەناخیدا ئەوە چەسپیوە كە جیاكردنەوەی پشكی هەژاران لەماڵ و سامانەكەی پیاوەتی و ڕێزو فەزڵ نییە، بەڵكو مافێكی نەدارانە و ئەركێكی فەرزكراوی سـەر شـانی ئەمە، وە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَٱلَّذِينَ فِىٓ أَمۡوَٰلِهِمۡ حَقّٞ مَّعۡلُومٞ ﴿٢٤﴾ لِّلسَّآئِلِ وَٱلۡمَحۡرُومِ ﴿٢٥﴾﴾ المعارج: ٢٤ - ٢٥، واتە: مافێكی دیاریكراو لەماڵ و سامانیاندا هەیە كە مافی نەدار و هەژار و بێ بەشەكانە.

موسـولْمان و دیندار كاتێك زەكات و خێر و خێرات دەكات و زیادە دەبەخشـێت ویژدانی ئاسـوودەو دڵی شادومان دەبێتو پێی خۆشە لەبەر خاتری خوا یارمەتی خەڵكی دەدات.. لەسەر ئەمە ڕادێت تاوایی لێدێت حەزدەكات هەرچی كە دەستی دەكەوێت خێرا ڕێژەیەكی بۆ خێركردن لێ دابنێت..

موسـولْمانی ڕاست و دینداری قیامەتی ماڵ و سامانەكەی لە دەستی دایە نەك لەدڵیدا، بۆیە حەزی لە یـارمەتیـدان و بەخشـنـدەییە، ئەوەنـدەی مومارەسـە دەكات تا لێی دەبێتە مۆركی ڕەوشـتیانە، دڵخۆشـە بە بەخشـین، نیشـانەی ئیمانداری و خواویسـتیە و خوای گەورەش

---

(١) بوخاری (٢٨٨٧) و ئیبنو مـاجە (٤١٣٦) بە لەفزی جیـاواز هێناویانەتەوە، ئەمەش لەفزەكەی ئیبنو ماجەیە: (تعسَ عبدُ الدِّینارِ، وعبدُ الـدِّرْهَمِ، وعبدُ الخمیصَـةِ، تعسَ وانتَكسَ وإذا شـیكَ فلا انتَقَشَ)، بوخاریش بە درێژی هێناویەتییەوە، بەڵام فەرموودەكە بەو لەفزەی كە نووسـەر هێناویەتیەوە كە وشـەی (تعس) لەگەڵ هەموویان دووبارە ببێتەوە لای بوخاری و موسـلیم نییە، بەڵكو تەنها لە (مجموع الفتاوی)ی ئیبنو تەیمییە دەسـتم كەوت بەم لەفزە: (تِعس عبدُ الدینارِ، تِعس عبدُ الدرهمِ، تعس عبدُ الخمیصـةِ، تعس عبدُ الخمیلةِ، تِعس وانتكَس وإذا شیكَ فلا انتقشَ).

خێرومەندانی خۆش دەوێت..

## خاڵی دووەم: موسوڵمان و ئافرەت:

موسوڵمان حەزی سروشتی خۆی بەرامبەر ئافرەت هەیە و خۆی ناخەسێنێت یان خۆی لێ دوورەپەرێز بگرێت. پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (حُبِّبَ إلَيَّ مِن دُنْياكم النِّساءُ والطِّيبُ...)[1]، واتە: لە دونیای ئێوەدا منیش حەزم لە ئافرەت و بۆنی خۆشە. بەڵام موسوڵمان دەزانێت هەبوونی ئەم حەزو تێرکردنی لە سنووری شەرعدا دەبێت، ناشێت ئەم سنوورە خواییە ببەزێنێت، ئەوەش لە یاد ناکات کە تەنانەت لەم تێرکردنەی ئارەزووی خۆشیدا هەر مەبەستی ڕەزامەندی خوا بێت و لەوەشدا ئومێدی بە پاداشتی خوای گەورە دەبێت..

موسوڵمانی دیندار و تەقواکار چاو لە نەزەری حەرامدا دەگرێتەوە و ناڕوانێتە ئافرەتانی نامەحرەم و خۆی بە دیتنیان ئاڵۆش ناکات، حەزی جنسیی خۆی لە ڕێگای شەرعیی هاوسەرگیری و کەنیزەکەوە تێردەکات و هەنگاو بەرەو حەرام لەم ڕووەوە نانێت، کە هاوسەریشی بوو هەر بە پێی شەرع مومارەسەی چێژی جنس دەکات، لەکاتی سوڕی مانگانە و خوێنی نیفاسدا جیماع لەگەڵ خێزانی یان کەنیزەکەکەیدا ناکات، وە لە دواوە ناچێتە لایان، بە جگە لەمانە چێژیان لێ دەبینێت هەرچۆنێك بیەوێت، هاوسەرگیریش لەگەڵ کەسدا ناکات مەگەر ئەوەی کە خوا بۆی حەڵاڵ کردووە، بەمە حیکمەت لە پەیوەندیی جنسی دێنێتەجێ لەژێر سایەی حدودەکانی خوای گەورە، لە هەموو ئەمانەشدا ئامانجی ڕەزای خوا و سەرافرازیی ئاخیرەتە، خوای گەورەش لەسەر هەموو ئەمانە پاداشتی ئەداتەوە.

لای پیاو و ئافرەتی موسوڵمان، هاوسەرگیری و چێژبینین لە یەك هۆکارێکە بۆ بەجێهێنانی حیکمەتی هێشتنەوەی مرۆڤایەتی و زۆربوونی ژمارەی موسوڵمانان و ڕازیکردنی خوای گەورە

---

(١) نەسائی (٣٩٣٩)، ئەحمەد (١٤٠٦٩) بە کەمێك جیاوازییەوە، هەروەها بەیهەقی (١٣٨٣٦) و لەفزەکەش هی ئەوە، شێخی ئەلبانیش لە (صحيح الجامع)دا بە ژمارە (٣١٢٤) بە سەحیحی داناوە.

به بەجێهێنانی ئەمانە.[(١)]

بەڵام لای بێباوەڕ چێژی جنسی ئامانجە بەهەر هۆکارێک بێت دەیەوێت دەستی بخات، بۆیە بەلایەوە گرنگ نییە حەزەکەی لای هاوسەرێکی (حەڵاڵی) دادەمرکێنێتەوە یان لای ئافرەتێکی سەرجادە، کافر لەلای گرنگ نییە خۆتێرکردنەکەی حەڵاڵە یان حەرام؟ سەرجێیی شەرعیە یان زینایە؟ بە چاوی جنسەوە دەڕوانێتە ئافرەتان، نایەوێت سنوورێك بۆ تێرکردنی حەز و جنسێکەی دابنرێت، پێی گرنگ نییە لە چ کاتێك و لە کوێ و لە کوێوە خۆی بە ئافرەتێك تێر دەکات؟ کە زۆر جنسی دەبێت ئافرەتی لا دەبێتە (خوا) و شوێنکەوتوویی بۆ دەردەبڕێت، دڵی ناڕەنجێنێت و ڕازیی دەکات..ئافرەتی کافریش هەروەها.. ئەمیش کە عەوداڵی تێرکردنی جنسی دەبێت گوێ بە سنوور و یاسا و شەرع نادات.. هەموو (وەسیلە)یەکیان پێ حەڵاڵ دەبێت کە خرۆشی جنسیان دامرکێتەوە، ئاواتیانە زۆرترین ڕێژە خۆتێرکەن، خۆ بە زەرەرمەند دەزانن ئەگەر هەلێکی لە دەست بچێت.

موسوڵمانی خاوەن تەقوا ئەگەر جنس تینیشی بۆ بێنێت توخنی زینا ناکەوێتەوە، چونکە ترسی خوای گەورەی لە دڵدایە و بە ئومێدی ئەو پاداشتەی ئەوە کە بۆ ئەم کەسانەی داناوە کە خۆ لە حەزی مونحەریفیان دەگرنەوە، وەك دەفەرموێ: ﴿وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى ٱلنَّفْسَ عَنِ ٱلْهَوَىٰ ۝٤٠ فَإِنَّ ٱلْجَنَّةَ هِىَ ٱلْمَأْوَىٰ ۝٤١﴾ النازعات: ٤٠ - ٤١، واتە ئەما ئەو کەسەی لە دەسەڵاتی خوای پەروەردگاری خۆی ترساوە جڵەوی هەواوهەوەسی خۆی گرت و خۆی (کۆنترۆڵ)کرد، ئەوە بەتەئکید بەهەشت مەئوای دەبێت، واتە شوێنی ژیان و ئەمان و حەزەکانی لەبەهەشتدا بۆ دابیندەبێت.

---

(١) پیاو و ژنی موسوڵمان کە بەڕاستی دەبنە هاوسەر و هاوڕاز و هاونیازی یەکتری، یەکتریان هەر وەکو (ژن و مێرد)ی تر خۆشی دەوێت، بەڵام ئەمان زیاتر لەوەش: لەبەر خاتری خوای گەورە یەکتریان زیاتر خۆشدەوێت، مێردەکە لە هەموو لایەکەوە هەستی بەرپرسێتیی ژن و زارۆك و پارسەنگی بژێوی خێزانەکە هەڵدەگرێت، وە دڵنیایە کە ئەوەیشی بەبێ هاوکاری ژنەکەی بۆ ناچێتە سەر.. ژنە موسوڵمانە دیندارەکەیشی لە مێردی خۆی ڕازییە و زیاتر لەبەر خاتری خوا خۆشیدەوێت، شان لەگەڵیدا دەداتە بەر بەرپرسێتیی دین و ژین، گوێڕایەڵی مێردی خۆیەتی و ڕێزی دەگرێت، چاوی لە پیاوی تر نییە، حەزی بۆ ئێرینەی تر ناچێت.. مێردی موسوڵمان بەختیارترین مێردە هەست دەکات ژنێکی موسوڵمان و دیندار و هەست ناسکی هەیە، ژنی موسوڵمان خۆی بە بەختەوەرترین ژن دەزانێت کە هەست دەکات مێردێکی موسوڵمان و سەخی و جوامێر و دڵسۆزی دینداری هەیە کە چاو نابڕێتە ئافرەتی تر و سوکنای لای غەیری ئەم نییە (هەزار سوپاس بۆ خوا من و خێزانم ئەمەمان لە ژیاندا چێشت).

## خاڵی سێیەم: موسوڵمان و زارۆك:

موسوڵمان زارۆكەكانی خۆی خۆش دەوێت، بەڵام بێگومان خوای گەورەی خۆشتر دەوێت، خۆشویستنی مناڵەكانی وای لێناكەن لە خۆشەویستی خوای گەورە كەم بكەنەوە، یا لێیێ ببنە بەربەست و لەبەر خاتری ئەوان فەرمانێكی خوای ڕانەپەڕێنێت، ناهێڵێت منداڵەكانی ڕێی جێبەجێكردنی فەرزی بەخشین و فەرمانكردن بەچاكە و بەرهەڵستیكردن لەخراپە و جیهادكردنی لێ بگرن.. ناهێڵێت وا مەشغوڵی بكەن و خەریك بێت پێیانەوە یان بە بژێویانەوە كە خواپەرستنییەكانی فەرامۆش بكات یان شلگیر بێت تییاندا.. خۆشویستنی زۆری منداڵەكانی وایان لێ ناكات لە ئەدەبدادان و پەروەردەكردنیاندا شلگیر بێت و چاوپۆشی لەهەندێك لادانی ڕەفتار و ڕەوشتیان بكات، خۆشی دەوێن بەڵام سووریشە لەسەر ئەوەی خواناس و دیندار و ڕاست پەروەردەبن، خۆشی دەوێن بەڵام فەزڵی ئەوان نادات بەسەر دایك و باوكیدا یان بەسەر كەسانی تردا كە مافیان لەسەری زۆرترە، خۆشی دەوێن بەڵام مافی منداڵی تریان بۆ زەوت ناكات، ناشهێڵێت لە ئەرك و بەرپرسیارێتی خۆ بدزنەوە، ئەمیش ئاسانكارییان بۆ ناكات لە خوێندن و كاركردن و ڕەفتاریاندا كەمتەرخەم بن، خۆشی دەوێن و جیاوازی ناخاتە نێوانیانەوە، خۆشی دەوێن بەڵام ئەمە وای لێ ناكات ئەگەر یەكێكیان حوكمێكی شەرعیی كەوتە سەر سزانەدرێت، یان خۆی سزای نەدات.. دەنا لێی دەبنە (فتنة)، واتە مایەی دین لاوازكردن و وەلكردن و ئیهمالكردنی دینەكە. خوای گەورەش دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَآ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَأَوۡلَٰدُكُمۡ فِتۡنَةٞۚ﴾ التغابن: ١٥، واتە: سەروەت و سامان و منداڵەكانتان مایەی لاوازكردنی دینەكەتان دەبن، وریابن و هۆشتان لێ بێت. هەروەها دەفەرموێ: ﴿قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا﴾ التحریم: ٦، واتە: هۆ موسوڵمانینە خۆتان و ماڵ و منداڵتان لە ئاگری دۆزەخ بپارێزن.. هەروەها هۆشداری سەختر دەدات و بە هەڕەشەوە دەفەرموێ: ﴿قُلۡ إِن كَانَ ءَابَآؤُكُمۡ وَأَبۡنَآؤُكُمۡ وَإِخۡوَٰنُكُمۡ وَأَزۡوَٰجُكُمۡ وَعَشِيرَتُكُمۡ وَأَمۡوَٰلٌ ٱقۡتَرَفۡتُمُوهَا وَتِجَٰرَةٞ تَخۡشَوۡنَ كَسَادَهَا وَمَسَٰكِنُ تَرۡضَوۡنَهَآ أَحَبَّ إِلَيۡكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَجِهَادٖ فِي سَبِيلِهِۦ فَتَرَبَّصُواْ حَتَّىٰ يَأۡتِيَ ٱللَّهُ بِأَمۡرِهِۦۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ ٢٤﴾ التوبة: ٢٤، واتە: ئەگەر باوك و باپیران و ئەولاد و خوشك و برا و هاوسەر و كەسوكار و هۆز و عەشیرەت و سەروەت و سامانی كۆكراوە و ئەو بازرگانییەی دەترسن ڕەواجی بشكێت و بكەوێت، یان ئەو

کۆشـــك و تەلارانەی دڵتان پێیان دەکرێتەوە خۆشـــەویســـتربن لاتان وەك لە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و لەجیهادکردن لەپێناوی خوادا، دەی سا لەبەرامبەردا بوەستن و چاوەڕوانی هەڕەشـەی خوای گەورە بن کە فەرمانیتان بۆ دێت وغەزەبتان لێ دەگرێت لەسەر ئەو دید و هەڵویستە ناڕەواییەتان.. خوای گەورە ڕێنمایی خەڵکانی لادەر و پەریدە ناکات..

ئەولاد بۆ باوکی موســـوڵمان هۆکارێکی ترە بۆ بەدەســـتهێنانی ڕەزامەندیی خوای گەورە و گەیشتنە نیعمەتەکانی بەهەشتەکەی، چونکە لە لایەکەوە بۆ خۆی دەبنە خێری بەردەوام (صدقة جارية) و لەلایەکی تریشـــەوە ڕێژەی موســـوڵمانیان پێ زیاد دەکات، ئەمە کە بەدرێژایی مێژوو خاڵێکی بەهێزی ئوممەتی موســـوڵمان بووە. زۆربوون و چاك دەرچوونی زارۆکی موســـوڵمان ئالییەتێکی ســـەرکەوتنی ئیســـلام و موســـوڵمانانە، بەتایبەتی زانا و موجاهید و داعی و پیاوچاك دەردەچن، ئەمە جگە لەوەی ئەم ئەولادانە و نەوەکـانیـان بەردەوام دوعا بۆ ئەم دایك و باوکە دەکەن و داوای لێخۆشـــبوونی خوای گەورەیـان بۆ دەکەن، ئەممـا بە نیســـبەت ژن و مێردی کافرەوە لە لایەکەوە لەبەر (ئەنانییەتـ)ـی خۆیانە و لەبەر مانەوەی جوانی و چێژ و بەژەوەندیی خۆیانە نایەنەوێت منداڵیان ببێت، ئەگەر بوشیان یەك دەبێت یان دوو، هەر زوو هەوڵی ئەوەش دەدەن بیدەنە دایەن و باخچەی ساوایان، ئەمە جگە لەوەی کە پێیان ئاساییە کە بە حەرام تێری دەکەن یان بە حەلاڵ، پارەی بۆ دەدزن یان لێی دەدزن! زۆری ناز دەدەنێ یان کەم، ئەگەر زۆر دڵســـۆزی بن هەر ئەوەنـدە هەوڵی بۆ دەدەن ڕازی و خۆشـــحـاڵی بکەن، ئەمما موســـوڵمان ئەولادەکانی خۆشحاڵ دەکات، پەروەردەیان دەکات و مەبەستی لەم هەموو ڕەنج و شەونخوونی و پاراســتنە ڕەزامەندیی خوای گەورەیە، چونکە ڕاست پەروەردەکردنیان بەرپرسێتیی دونیایی و قیامەتیی دایك و باوکەکانیانە.

دەشێت کافر زۆرتری چێژ لە بەردەستدابێت، نان و ئەمانی بۆ خۆی و زارۆکەکانی زۆر زیاتر دابین بێـت وەك لە نـان و ئەمـان بۆ موســـوڵمانان و زارۆکەکانی، بەڵام هەر دەبینیت خێزانی موســـوڵمان پارســـەنگتر و دایك و باوکی موســـوڵمان خۆشـــحاڵتر و زارۆکی موســـوڵمانان شـادومانترن، هەر وەکو پیاو و ژنی موسـولمان بەهاوسـەرێتی و سامان و ئەمانیان کامەڕانترن. شـتێکی سـەلمێنراوە کە لە هەموو قۆناغەکانی مێژوودا خێزانی موسـوڵمان بەختەوەرتر بووە لە

خێزانی غەیرە موسـوڵمان، کێشـەی کەمتر بووە لە کێشـەی خێزانی کافران (ڕێژەی تەڵاق و جوودابوونەوە لەناو خێزانە موسوڵمانەکان بەراورد ناکرێت بە ڕێژەی تەڵاق و جوودابوونەوەی هاوسەرانی کافر لە یەکتری)، هەروەها پەیوەندیی دایکان و کچەکان و باوکان و کوڕەکانیان لە خێزانی موسـوڵمـاندا پتەوتر و جێی ڕێزترە وەك لە پەیوەندیی نێوان خێزانە کافرەکان، چونکە باوکی موسـوڵمان و دیندار پەیوەندیی بەرپرسـێتیی باوکایەتی و متمانە و خوشـەویسـتیی بە ئەولادەکانیانەوە هەیە و ئەولادەکانیش خۆشحاڵن بە هەبوون لەگەڵدا بوون و سەرپەرشتیارێتی باوکە دیندارە پارسـەنگەکەیان. دایکانی موسـوڵمان پەیوەندیی بەرپرسـێتی و متمانە و سـۆزی حەقیقیان لەگەڵ کچەکانیاندا هەیە و کچەکانیشیان کە موسوڵمانی چاك بن پەیوەندیی گیانی بە گیانیی پڕ خۆشـەویسـتی و پەیوەسـتبوونیان بەدایکیانەوە هەیە. ئەولادی موسـوڵمان تا دایك و بـاوکی لەژیـانـدا بن هەمیشـە لەخزمەتیـانـدا دەبێـت و نـایـانڕەنجێنێت، کە مردیش دەچێتە سـەرگۆڕیان و دوعایان بۆ دەکات، حەجیان بۆ دەکات، خێر و خێراتیان بۆ دەکات.. چونکە دەزانێت خزمەتکردنی دایك و باوکی و ڕازیکردنیان، ڕازیکردنی خوای گەورەی بەدوادا دێت، بۆیە سوورە لەسەر دڵنەوایی و دڵنەشکاندنیان.

ئەمما ئەولادی کـافری دایك و باوکی کافر، شـیرازەی خێزانیان زۆر بەهێز نییە، زۆرجار هەسـت دەکرێـت کە یـاسـا و دابونەریتی وڵات و کومەڵگەکەیان ناچاری پەیوەندییەکانیان دەکات، بۆیە پەیوەندییەکان ئالیین، گیانی سۆز و خۆشەویستی و متمانەیان تێدا کەمە. منداڵی کـافری دایـك و بـاوکی کـافر، هەر کە گەورە دەبن یـاخی دەبن و دایك و باوکیان زۆر جێی بایەخیان نامێنن!!

## خاڵی چوارەم: موسوڵمان و خاوەنێتیی سامانی ئاژەڵ:

پارە و سـامان و سـواری، ئاژەڵ و مەڕومالاّت، زەوی و زار و بەرهەم، خانوو و سـەیارە و مووچە.. هەر یەکەیـان لە دیدی کافردا ئامانجن و وزەی خۆی لە پێناو دەسـتکەوتەکانیاندا بەگەڕ دەخـات، چونکە قەنـاعەتی وایە بەختیـاری لەهەبوونی ئەوانەدایە و ئەوانە ئەو پلە و ئاستەی پێدەدەن کەشانازییان پێوە بکات و لەناو خەڵکیدا دەرکەوێت کە هەبووە! ئەمە ئاواتی

کافره، تا زیاتری هەبێت هەڕاڵتر و لوتبەرزتر دەبێت، خۆێ بەسەر خەڵکیدا بادەدات و دەیەوێت قەناعەتیان پێبکات کە ئەم مادام لەوان جیاوازترە، کەوابوو چاکتریشـە! ئامانجێکی تری دوای ئەم ئـاوات و مەبەســتە نییە، هەموو هۆشـــی لای زیـادکردنی موڵـك و ماڵەکەیەتی، هەروەها پاراستنی ئەوەی بەردەستی تا زۆرترین چێژیان لە ژیانیدا لێ وەرگرێت.

ئەمما موسـوڵمانی دیندار و ڕاست حەزی لە هەموو ئەو (مەتاعـــ)ـــانە هەیە و هەوڵیشی دەدات دەستیان بخات، هیچ لە شەرعدا ڕێ لە دەوڵەمەندبوونی ناگرێت، مادام بە ڕێگا و هۆکار و چۆنییەتی شـەرعی بێت، بەڵام ناشـێت بەهیوای ئەوە خۆ دەوڵەمەند بکات تا شـانازییان پێوە بکات و ئەو هەڕالانە خۆی بەسـەر خەڵکیدا بابدات و قاڕوونانە بڵێ: هەموویم بەڕەنجی شانی خۆم پەیدا کردووە! موسـوڵمان وای لێنایات، چونکە ئەمە لەیادکردنی خوای خاوەن و خاوەن فەزڵێتی، موســوڵمان هەوڵ نادات پارە و ســامان و توانای لە شــەڕخوازی و خراپەکاری و وێرانکـاریـدا خەرج بکـات، چونکە موســوڵمـانی دینـدار چاکســازی دونیایی و پیاوچاکی قیامەتییە..

موسـوڵمانی تەقواکار دەوڵەمەند بێ یان هەژار، بۆ قیامەتی دەژی و هەرچی لەبەر دەسـتیدا بێت لەبەر خاتری خوای گەورە بەپێی شەریعەتەکەی ئەو بەکاری دەهێنێت، نەك بەپێی حەز و ئارەوزووی ســەرکەشــی خۆی، بۆیە موســوڵمانی ســەرڕاســت ئەوەندەی بەلایەوە گرنگ و کاریگەرە کە چۆن پارە و سامان پەیدا دەکات و چۆن سەرفی دەکاتەوە، ئەوەندەی هەبوونەکەی بەلاوە گرنگ و کاریگەر نییە، موسوڵمان لەهەر ئاستێکدا بژی سەردەمانێکی بەسەردا دێت کە (هەبوو) دەبێت، بەڵام ئایا چۆن ڕەفتار بە هەبوونەکەیەوە دەکات؟ ئەمە پرسـیارە سەرەکییەکەی هەبوونە. ئـایـا بەپێی فەرمانی خوای گەورە ڕەفتار بە هەبوونەوە دەکات یان بە کەیفی خۆی؟ سوپاسگوزاری خوای میهرەبان دەبێت یان یاخی و هەڕاڵ و ئیهمال؟ خێرومەندانە دەبەخشێت یان پیسکە و چاوچنۆکانە بەخیل دەردەچێت؟ هەست دەکات کە هەژاران و نەداران مافیان لەو ماڵ و ســامانەدا هەیە کە ئەم هەیەتی؟ یان دەڵی پارە و ســامانی خۆمە، بۆچی لە خۆڕا بیدەمە خەڵکێکی تر کە وەکو من ڕەنجیان نەداوە دەوڵەمەند ببن؟ موسوڵمانی دیندار و پاك واناڵێت و هەموو ئەوەی کە هەیەتی بە فەزڵی خوای گەورەی دەزانێـت و دەزانێـت کە ئەم بریکـارە لە ڕەفتارپێوەکردنیدا بەگوێرەی شەریعەتی خاوەن فەزڵەکە.

## خاڵی پێنجەم: موسوڵمان و سنووری چێژ و حەز:

هەموو ئەمانەی باسکران (کە دەیان بواری تریان لێ دەبێتەوە) و چەندین نیعمەت و چێژی تر هەن، هەمووی چێژی ژیانی دونیان و کافر و موسوڵمان حەزی لێیانە و هەوڵ دەدات هەیبن، چونکە ژیان بە بێ ئەمانە قورسە..

ئەم چێژانە مایەی خوشحاڵین، چونکە زۆرینەیان تێرکردنی پێداویستییەکانی کات و شوێنی مرۆڤن، هەبوونی هاوسەر و چێژوەرگرتنی مایەی پارسەنگیی ژیانی تاك و کۆیە، هەموو پارە و سەروەت و سامان و زەوی و زاری بەرهەم مایەی پارسەنگی و گەشە و پێشبردی ژیانە، هەبوونی هەر یەکێك لەو چێژ و نیعمەتانە زەروورەتێکی ژیانی تاك و کۆی مرۆڤن، بۆیە ئیسلام هەبوونیان لە موسوڵمان حەرام نەکردووە، هانی دەستکەوتنی هەمووشیانی داوە، بەڵام هۆشداری ئەوەی داوەتە موسوڵمانان کە نەکات ئەم چێژە دونیاییانە ڕۆژی دواییتان لەبیر بباتەوە، نەکات زیاتر بەمانەوە مەژغوڵ بن وەك لە قیامەتتان، دەنا لەتاقیکردنەوە دونیاییەکانتاندا دەکەون.. ئەم چێژانە نیعمەتی خواییین، بەڵام ماددەی تاقیکردنەوەکانتانن کە ئایە لە سنووری دیاریکراوی شەرعدا بەکاریان دەهێنن یا سنووریان بۆ دەبەزێنن؟ ئەگەر لە چوارچێوەی ڕێسا شەرعییەکاندا بە دەستیان دەهێنن و چێژیان لێ وەردەگرن و ڕەفتاریان پێوە دەکەن، فەرموون بوارتان بۆ ڕەخساوە و ڕێگاتان بۆ کراوەیە. ئەوانەی کە زەرووراتی ژیانن ئەرکە لەسەر تاك و کۆتان دەستەبەریان بکەن و هەتانبێت، چونکە پارسەنگی ژیانتانی پێوە بەندە، ئەمما ئەوانەی جوانی و ڕازاوەی ژیانن کە (کەمالیات)ن، ئەوانەش پێناسە و مەرج و سنووری خۆیان هەیە، دەبێت بزانن کامەیانە شیاوە و چۆن و چەند و کەی؟ ئەمانەیان زەروورەتی ژیان نین، بەڵام خۆشتری دەکەن، بەڵام ناشێت موسوڵمانی دیندار و قیامەتی نوقمی ئەم جوانیانە بێت، چونکە لە خوای گەورەی بێ ئاگا دەکەن و هۆشی قیامەتی لا دەکەنە لاوەکی، بەڵێ ئەمانە چێژی دونیایین و حەڵاڵن، بەڵام پێناسە و مەرج و سنووریان تایبەتترە وەك لە زەرووراتەکانی ژیان.

پێم وایە پێویستە پێناسە و باسێکی کورتی ئەم نیعمەتانەی جوانی و ڕازانەوانە لێرەدا بکەین:

## أ- یاریی كات بەسەربردن:

خوای گەورە زۆر جار باسی دونیای وا كردووە كەیاریی خۆ خافڵاندن (لعب ولهو)ە، وەكو: ﴿وَمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَآ إِلَّا لَعِبٞ وَلَهۡوٞۖ﴾ الأنعام: ٣٢ ﴿إِنَّمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا لَعِبٞ وَلَهۡوٞۚ﴾ محمد: ٣٦... لەبەرئەوەی دونیاویستی ناپەسەندە، یاری و مەزاق و ڕابواردن و خۆ خافڵاندن و بێئاگایانە كات بەسەربردنیشی بۆتە سیما و هێمای ئەو دونیاویستییە، ئەوەی زۆر خەریكی ئەمانەیە یەكسەر وەسفی دونیاویستی ڕووی تێ دەكات، بەو سیفەتەی زۆر بێئاگابووە لە قیامەتی.. لە بەر ئەم غافڵبوونەیە كە خوای گەورەش هۆشداری دەداتە موسوڵمانان كە نەكەن ئەوەندە بە دونیاوە خەریك ببن قیامەتتان لەبیر بچێتەوە یان لاتان شتێكی لاوەكی بێت، هەروەها شەرعیش زۆر جۆر یاریی حەرام كردووە تا موسوڵمان بزانێت كە هەموو یاریەك هەر شیاو نییە.. بۆ نموونە: یاریكردن بە زار كە كارت (وەرەقەی قوماریش) وەكو ئەوە، كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) یاریكردنی بە زار بە شتێكی قێزەون چواندووە كە پیسە، دەفەرموێت: (مَن لَعِبَ بالنَّرْدَشِير، فَكَأنَّما صَبَغَ يَدَهُ في لَحْمِ خِنْزِيرٍ ودَمِه)[1]، واتە: هەر كەسێك یاری بە زار بكات وەك ئەوە وایە كە دەستی بە گۆشت و خوێنی بەراز ڕەنگ كردبێت. شەرعناسانی حەنەفی بەلایانەوە وایە كە شەترەنجیش لەم خانە یارییەدایە كە ڕێلێگیراوە، ئەمما شەرعناسانی شافعی شەترەنجیان بە حەرام دانەناوە، بەڵام فەرموویانە كارێكی پەسەند نییە موسوڵمان بیكات و زۆر خۆی پێوە مەژغوڵ بكات، نەبادا ئەركێكی دوابخات یان وا مەژغوڵی بكات یادی خوای گەورەی بیربباتەوە، پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: (لستُ مِنْ دَدٍ، ولا الدَّدُ مِنِّي)[2]، واتە: نە من خۆ بە یارییەوە خەریك دەكەم و نە یاریش خۆیم پێوە خەریك دەكات.

ئەم جۆرە یاریانە لە ڕاستیدا هیچ سوودێكیان نییە، بە پێچەوانەوە ئەگەری زیانیان زۆرترە، چونكە جگە لەوەی كاتێكی زۆر بەفیرۆ دەدات، دەشبێتە مایەی مێشك ماندووكردن و تووڕەكردنیش، چونكە هەردوو كەسە بەرامبەرەكە دەكەونە ڕكابەرایەتیی یەكتر و شانازیكردن بە

---

(١) موسلیم (٢٢٦٠).

(٢) ئیبنو عەساكر هێناویەتییەوە، بەڵام سیوطی ڕەمزی (زەعیف)ی بۆ داناوە، هەروەها ئەلبانی لە (ضعیف الجامع)دا بە ژمارە (٤٦٧٣) ئەفەرموێت (ضعیف)ە.

بردنەوەوە کە شتێکی هیچ و پوچە، ئەمە جگە لەوەی لەوانەیە سەربکێشێت بۆ قومارکردن پێی.

ئەمما ئەو جۆرە یاریانەی کە بەژەوەندییەك دەهێنێتەدی؛ ئەوانە شیاون، بەڵام ئایا کێ بەژەوەندییەکە دیاری دەکات؟ حەتمەن شەرع، چونکە شەرع فەرمانەکانی خوای گەورە و پێغەمبەری خوا (صَلَّىٰ‌ٱللَّهُ‌عَلَيۡهِ‌وَسَلَّمَ) و کۆڕا و بۆچوونی شەرعناسانی ئیسلامە کە ئیجتیهادیان لە ئەحکامەکاندا کردووە.

- پێغەمبەری خوا (صَلَّىٰ‌ٱللَّهُ‌عَلَيۡهِ‌وَسَلَّمَ) یاوەرانی لەسەر تیرئەندازەیی هانددا، دەیفەرموو: (فارموا وارْكَبوا، وأن تَرموا أحبُّ إليَّ من أن ترْكَبوا، كلُّ لهو باطلٌ ليسَ من اللَّهوِ محمودًا إلَّا ثلاثةٌ: تأديبُ الرَّجلِ فرسَهُ، وملاعبتُهُ أَهلَهُ، ورميُهُ بقوسِهِ فإنَّهنَّ من الحقِّ، ومن تركَ الرميَ بعد ما علِمَهُ رغبةً عنهُ، فإنَّها نعمةٌ تركَها، أو كفرَها)[1]، واتە: تیرئەندازەیی و سوارچاکی (غارغارێن) بکەن و تیرئەندازەییەکەشم پێ خۆشترە وەك لە سوارچاکییەکە، هەموو یارییەکی خۆ خافڵاندن باتڵە.. یاری پەسەند سێ جۆرن: کەسێك کە ئەسپەکەی ڕادەهێنێت، کەسێك دەستبازی لەگەڵ ژنەکەیدا دەکات، کەسێك ڕاهێنان لەگەڵ تیروکەوانەکەی دەکات، ئەمانە ڕەوان. هەر کەسێکیش مەشقی تیرئەندازەیی وا وەلکرد تا بیری دەچێتەوە، ئەگەر بەئەنقەست وایکرد، ئەوا نیعمەتێکی خوای وەلکردوە، یان کەنارخستووە و داپۆشیوە.

- هەروەها دەیفەرموو: (لا سَبَقَ إلَّا في خُفٍّ، أو في حافرٍ، أو نَصْلٍ)[2]، واتە: کێبڕکێ لە سێ شتدا جائیزە: لە سوارچاکیی حوشتر یان لە سوارچاکیی وڵاغ، یان لە تیرئەندازەییدا.

- هەروەها: (مَن أدخَلَ فرسًا بينَ فرسَين وهو لا يأمَنُ أنْ يَسبقَ فليسَ قمارًا، ومَن أدخَلَ فرسًا بين فرسَين وقد آمَنَ أنْ يَسبقَ فهو قمارٌ)[3]، واتە: واتە: ئەگەر سوارچاکێك هاتە ڕیزی دوو سوارچاکی تر بۆ کێبڕکێ و دڵنیایی نەبوو کە ئەم سوارچاکی سێیەمە ئەیباتەوە، ئەوا ئەم کێبڕکێیە

---

(١) ئەبو داود (٢٥١٣)، نەسائی (٣٥٧٨)، حاكم (٩٥/٢)، ئەحمەد (١٤٦/٤، ١٤٨)، ئەلبانی لە تەخریجی ئەم فەرموودەیە لە كتێبی (فقه السيرة)ی محمد الغزالي ل (٢٢٠) ئەفەرموێت: (في سنده اضطراب).

(٢) ئەبو داود (٢٥٧٤)، ترمزی (١٧٠٠) و بە حەسەنی داناوە، ئەلبانیش بە سەحیحی داناوە.

(٣) ئەبو داود (٢٥٧٩)، ئیبنو ماجە (٢٨٧٦)، هەروەها ئەحمەد (١٠٥٥٧) بە کەمێك جیاوازییەوە، شێخی ئەلبانی لە (إرواء الغليل (١٥٠٩) بە زەعیفی داناوە.

حەڵاڵە و نـابێتە قومـار، بەڵام ئەگەر دڵنیایی هەبوو کە ســـوارچاکی ســـێیەم دەتوانێت لە دوو سوارچاکەکەی تر بباتەوە، ئەوا لەم کاتەدا کێبڕکێکە ئەبێتە قومار و حەرام ئەبێت.

- موسـلیم لە سـەلەمەی کوری ئەکوەعەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە فەرمووی: (بيْنما نَحْنُ نَسِيرُ، قالَ: وَكانَ رَجُلٌ منَ الأنْصارِ لا يُسْبَقُ شَدًّا، قالَ: فَجعَلَ يقولُ: أَلَا مُسَابِقٌ إلى المَدِينَةِ؟ هلْ من مُسَابِقٍ؟ فَجَعَلَ يُعِيدُ ذلكَ، قالَ: فَلَمَّا سَمِعْتُ كَلَامَهُ، قُلتُ: أَمَا تُكْرِمُ كَرِيمًا، وَلَا تَهَابُ شَرِيفًا؟! قالَ: لَا، إلَّا أَنْ يَكونَ رَسولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، قالَ: قُلتُ: يا رَسولَ اللهِ، بأَبِي وَأُمِّي، ذَرْنِي فَلأُسَابِقَ الرَّجُلَ، قالَ: إنْ شِئْتَ، قالَ: قُلتُ: اذْهَبْ إلَيْكَ، وَثَنَيْتُ رِجْلَيَّ، فَطَفَرْتُ فَعَدَوْتُ، قالَ: فَرَبَطْتُ عليه شَرَفًا أَوْ شَرَفَيْنِ، أَسْتَبْقِي نَفَسِي، ثُمَّ عَدَوْتُ في إثْرِهِ، فَرَبَطْتُ عليه شَرَفًا أَوْ شَرَفَيْنِ، ثُمَّ إنِّي رَفَعْتُ حتَّى أَلْحَقَهُ، قالَ: فأَصُكُّهُ بيْنَ كَتِفَيْهِ، قالَ: قُلتُ: قدْ سُبِقْتَ وَاللَّهِ، قالَ: أَنَا أَظُنُّ، قالَ: فَسَبَقْتُهُ إلى المَدِينَةِ...)[1]، واتە: لە کاتێکدا کە ئێمە لە ڕۆیشـتندا بووین، پیاوێك لە پشـتیوانان هەبوو کەس لە ڕۆیشتندا پێشی نەدەکەوت، هەر دەیوت: ئایا کەسێ هەیە پێشـبڕکێم لەگەڵدا بکات بۆ مەدینە؟ ئایا کەسـێ هەیە پێشـبڕکێ بکات؟ هەر ئەوەی دووبارە دەکردەوە، هەر کە گوێم لە قسەکانی بوو وتم: ئەی تۆ ڕێز لە بەڕێزێك ناگری و سڵ ناکەیت لە پیاوماقوڵێ؟ وتی: نەخێر، مەگەر ئەو کەسـە پێغەمبەری خوا بێت (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) باوك و دایکم فیدات بن، لێم گەڕێ با پێشـبڕکێ بکەم لەگەڵ ئـەو پیـاوەدا، فـەرمووی: ئـەگـەر ئـەتەوێ، وتم: وا هاتم بۆ لات. هەردوو قاچم جووت کرد و کەوتمە بازدان و بە شوێنیەوە بووم، یەك یا دوو تەپۆڵکە خۆم دواخست، تا هەناسەم سوار نەبێ، پاشـان کەوتمە شـوێنی، تەپۆڵکەیەك یان دوو تەپۆڵکەی تر خۆمم لێ هێواش کرد، پاشـان پێم هەڵگرت و هەتا پێی گەیشـتمەوە، ئینجا دەسـتم ماڵی بەناو شـانیدا، وتم: بەخوا پێشـتم دایەوە وتی: وادەبینم. وتی: لە پێشیەوە گەیشتمە مەدینە.

- بوخاری و موسـلیم و نەسـائی لە ئیبنو جوبەیرەوە دەگێڕنەوە کە فەرمووی: (مَرَّ ابنُ عُمَرَ بفِتْيَانٍ مِن قُرَيْشٍ قدْ نَصَبُوا طَيْرًا (أو دُجاجَة)[2]، وَهُمْ يَرْمُونَهُ، وَقَدْ جَعَلُوا لِصَاحِبِ الطَّيْرِ كُلَّ

---

(١) موسلیم (١٨٠٧).

(٢) (أو دجاجة) لە ریوایەتەکەی بوخاریدا هاتووە.

خَـاطِئَـةٍ مِن نَبْلِهِمْ، فَلَمَّـا رَأَوْا ابْنَ عُمَرَ تَفَرَّقُوا، فَقـالَ ابنُ عُمَرَ: مَن فَعَلَ هذا؟ لَعَنَ اللَّهُ مَن فَعَلَ هذا؟ إنَّ رَسـولَ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لَعَنَ مَن اتَّخَذَ شيئًا فيه الرُّوحُ غَرَضًا (يُرمَى)[1])[2]، واته: ئیبنو عومەر (خوا لێیان ڕازی بێت) بە لای چەند گەنجێکی هۆزی قورەیشـدا تێپەڕی، بینیی وا باڵندە یا مریشکێکیان بەستۆتەوە و تیری تێدەگرن، تیری هەر کەسێکی بەرنەکەوت شتێك (وەکو پـارە) دەدەنە خـاوەن مریشـــکەکە، کە ئیبنو عومەریـان بینی بڵاوەیـان لێ کرد. ئیبنو عومەر فەرمووی: کێ ئەمەی کردووە (یان دایهێناوە)، لەعنەتی خوا لەو کەســەی کە ئاوای کردووە. پـێغـەمـبەری خـوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەعـنەتـی لەو کەســـە کـردووە کە گـیـانلەبەر بکـاتە نیشانە و تیری تێبگرێت..

لەمەوە دەزانین کە یـاریی شــیـاو و ڕێپێـدراو مەرجە کە حەرامی تێ نەکەوتبێت، هەر لەم دەقەوە دەزانین کە زۆرانیی گا (مصـــارعة الثيران) و هاوشـــێوەی کە ئەوروپاییەکان دەیکەن حەرامە.[3]

- هەر بوخاری و موسلیم و نەسائی لە خاتوو عائیشەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە فەرمووی: (وَكانَ يَومَ عِيدٍ يَلْعَبُ السُّودَانُ بالدَّرَقِ وَالْحِرَابِ)[4]، واتە: جەژن بوو، کۆیلە ڕەشەکان ڕمبازییان بە ڕم و شمشێر دەکرد.

- بوخاری و موسلیم و ئەبو داود هەر لە خاتوو عائیشەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە فەرمووی: (كُنْـتُ أَلْعَـبُ بـالبَنَاتِ عِنْدَ رَسـولِ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، قالَتْ: وَكَانَتْ تَأْتِينِي صَـوَاحِبِي فَكُنَّ يَنْقَمِعْنَ مِن رَسـولِ اللـهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، قـالَـتْ: فَكـانَ رَسـولُ اللـهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُسَـرِّبُـهُـنَّ إلَـيَّ فَـيَـلْـعَـبْـنَ مَـعِـي)[5]، واتە خـێزانی پێغەمبەر خوا بووم (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) یـاریم بە بووکە پەڕۆینە دەکرد، دەســـتە کچـانی هـاوڕێم دەهـاتنە لام، کە

---

(١) وشەی (یرمی) لە هیچ لە ڕیوایەتەکان نەمدۆزییەوە.

(٢) بوخاری (٥٥١٥)، موسلیم (١٩٥٨) لەفزەکەش هی ئەوە، هەروەها نەسائی (٤٤٤١، ٤٤٤٢، ٤٤٤٣) بەکورتی هێناویەتییەوە.

(٣) شەرعناسانی حیجاز فەتوایان لەسەر حەرامێتیی بۆکسێن (مولاکەمە) و هاوشێوەی دەرکردووە.

(٤) بوخاری (٩٥٠)، موسلیم (٨٩٢)، هەروەها نەسائی (١٥٩٤) بە کەمێك جیاوازییەوە.

(٥) بوخاری (٦١٣٠)، موسلیم (٢٤٤٠)، هەروەها ئەبو داود (٤٩٣١) بە کەمێك جیاوازییەوە.

پـێغـەمبەری خـوایـان (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەبـینی شــەرمیـان دەکرد، بەڵام پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێی خۆش بوو کە دێن و گەمەم لەگەڵدا ئەکەن.

- لە ڕیوایەتێکی تردا دەفەرموێت: (قدِم رسولُ الله (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، من غزوةِ تبوكَ أو خيبرَ وفي سـهوتِها سِترٌ، فهبَّتْ ريحٌ فكشـفتْ ناحيةَ السِّـترِ، عن بنات لعائشةَ لعبٍ، فقال: ما هذا يا عائشةُ؟ قالت: بناتي! ورأى بينهن فرسًا له جناحان من رِقاعٍ، فقال: ما هذا الذي أرى وسطهنَّ؟ قـالـت: فرسٌ، قـال: ومـا هـذا الـذي عليه؟ قالت: جناحانِ، قال: فرسٌ له جَناحانِ؟ قالت: أما سـمعتَ: أنَّ لسليمانَ خيلًا لها أجنحةٌ؟ قالت: فضحك حتى رأيتُ نواجذَه)[١]، واتە: پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە غەزای تەبووك بوو یان لە غەزای خەیبەر کە تەشـریفی هێنایەوە هاتە ماڵی خاتوو عائیشــە (خوای لێ ڕازی بێت) کە پارچە قوماشـێکی دابوو بەسـەر یارییەکاندا، بایەك هاتە ژوورەوە و قوماشەکەی لادا، یارییەکانی خاتوو عائیشە دەرکەوتن، پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: ئەمە چییە عائیشە؟ عەرزم کرد: کچەکانمن، لە نێوانیاندا ئەسپێکی بینی کە دوو باڵی هەبوو کە لە چەرم دروســـت کرابوون، فەرمووی: ئەدی ئەوەیان چییە کە لە نێوانیاندایە؟ عەرزم کرد: ئەسپە، فەرمووی: ئەدی ئەوانەی بەسەر پشتیەوەن چین؟ عەرزم کرد: دوو بـاڵەکـانیانن، فەرمووی: ئەســپە و باڵی هەیە؟ عەرزم کرد: ئەدی مەگەر نەتبیســـتووە کە سولەیمان (علیه السلام) ئەسپی هەبوو باڵیان هەبوو، ئیتر وا پێکەنی کە خرێکانی دەرکەوتن.

- لە وەسـفی سـوعبەتکردنی یاوەرانیشـدا هاتووە کە: (كانَ أَصْحَابُ النَّبِيِّ (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَتَبَـادَحُونَ بـالبِّطِيخِ، حتى إِذَا كَـانَ الجـدّ كَانُوا هُمُ الرِّجَالُ)[٢]، واتە: یاوەرانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) شــەڕیان بە توێکڵە شــووتی (لە ناو خۆیاندا) دەکرد، کە دەشــکەوتنە ســەر جددێتی پیاوی مەیدان بوون.

### ب- گۆرانی و مۆسیقا:

ڕێگا زیاتر بە گۆرانی دراوە وەك لە مۆسـیقا، ڕێگا بە هیچ ئامێرێکی مۆسیقا نەدراوە جگە لە

(١) ئەبو داود (٤٩٣٢).

(٢) صَحِيح الأَدَبِ المُفْرَد (٢٠١).

تەپڵی جەنگ و شـمشاڵی شوان، ئەمیش لای هەندێك لە شەرعناسانە، ئەمما دەف بۆ جەژن و بۆنە و ئاهەنگ ڕێدراوە، بەڵام گۆرانی بەبێ مۆسیقا زۆرتر ڕێگای پێدراوە.[١]

گومانی تێدا نییە کە ئوممەتی ئیسلامی خەڵکێکی جددی و خاوەن بەرپرسێتیی بانگەواز و بنیاتسازین، ئەمەش لەگەڵ کۆڕی گۆرانی و مۆسیقا و ئاهەنگدا زۆر یەك ناگرێتەوە، ئا ئەمەی لەم سەردەمەدا دەبینن کە گۆرانی و مۆسیقا لە هەموو کات و شوێنێکدایە و بووەتە پیشە و کاسبیی هەزاران کەس، ئەمە لایەقی ئوممەتێك نییە خۆی بۆ جددیات ساز بکات، ئەمە لایەقی کافران و کۆمەڵگە مائیعەکانیانە..

ئەمەش کۆمەڵێك دەق لەم بارەیەوە:

- ئەحمەد بە سەنەدی (سەحیح)ەوە لە سائیبی کوڕی یەزیدەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە فەرمووی: (أنَّ امرأةً جاءتْ إلى رسولِ الله (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، فقال: يا عائشةُ، أتَعرفينَ هذه؟ قالتْ: لا يا نبيَّ الله، فقال: هذه قَيْنَةُ بَني فُلان، تُحِبِّينَ أنْ تُغَنِّيَكِ؟ قالتْ: نعَمْ، قال: فأعْطاها طَبَقًا، فغَنَّتْها، فقال النَّبيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): قد نفَخَ الشَّيطانُ في مَنخِرَيْها)[٢]، واتە: ئافرەتێك هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە خاتوو عائیشەی فەرموو: ئەم ئافرەتە دەناسیت؟ عەرزی کرد: نەخێر، فەرمووی: ئەمە گۆرانیبێژی تیرەی فلانە، حەز دەکەیت گۆرانیت بۆ بڵێت؟ خاتوو عائیشە (خوای لێ ڕازیٚ بێت) فەرمووی: بەڵێ، ئیتر پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تەبەقێك خورمای دایە ئافرەتە و گۆرانی بۆ خاتوو عئیشە وت، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: شەیتان فووی بە کونە لووتیدا کردووە.

---

(١) نووسەر (رحمه الله) لە پەراوێزدا لێرەدا نووسیویێتی: ئیبنو حەزم بەکارهێنانی مۆسیقای زۆر بەرفراوان و گشتگیر کردووە، بەڵگەش دژی بۆچوونەکەیەتی، هەندێك لە شوێنکەوتووانی ئیبنو حەزم دەڵێن گۆرانی و مۆسیقا وەکو یەکن، دەبێ سەیری کاریگەرێتیە سلبییەکەیان لەسەر تاك بکرێت تا بزانرێت ئاسەواری خراپی دەبێت یان نا؟ هەروەها ئەو کەش و دەوخەی دروستی دەکەن دەبێتە مایەی حوکمدانەکە نەك خودی ئامێرەکان، بەڵام ئەمە پێچەوانەی بۆچوونی جمهووری شەرعناسانە لە هەموو سەردەمەکانیاندا.

(٢) ئەحمەد (١٥٧٢٠)، هەروەها نەسائی لە (السنن الكبرى) (٨٩٦٠) بە کورتی هێناویەتییەوە، ئەلبانی لە (السلسلة الصحيحة (٣٢٨١) ئەفەرموێت: (إسناده صحيح على شرط الشيخين).

- بـوخـاری و ئەبو داود و ترمزی لە ڕەبیعی کچی موعەوویزەوە (خوا لێی ڕازی بێـت) دەگێرنەوە کە فەرمووی (جـاء النَّبِيُّ (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) حيث بُنِيَ عَلَيَّ، فدخل بيتي فَجَلَسَ على فِراشِــي، فَجَعَـلَ جُوَيْرِيـات لَنَا يَضْــرِبْنَ الدُّفَّ، ويَنْدُبْنَ مَن قُتِلَ من آبائهنَّ يومَ بَدْرٍ، إِذْ قَالَتْ إِحْـدَاهُنَّ: فِينَـا نَبِيٌّ يَعْلَمُ مَـا فِي غَـدٍ. قـالَ لَهَـا (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ): دَعِي هَذِه وَقُولِي بِالَّتِي كُنْتِ تَقُولِين)[١]، واتە: ئەوکاتەی کە بەبووکی گوازرامەوە، پێغەمبەری خوا (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) تەشریفی هێنایە ماڵمان لەســەر پێخەفەکەم دانیشــت، چەند کیژۆڵەیەکمان لە ماڵ بوو دەفیان لێ دەدا و شـعر (سـروود)یان دەخوێند، بەسـەر باوك و کەسـوکارەکانی خۆیاندا هەڵدەدا کە لە غەزای بەدردا شــەهیـدبوون، یەکێکیـان (بە دەم ســروودەکەیەوە) وتی: پێغەمبەرێکمان لەناودایە کە دەزانێـت ســبەینێ چی ڕوودەدات، پێغەمبەری خوا (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) پێی فەرموو: ئەمەیـان مەڵێ و بچۆرەوە سەر ئەوانەی پێشتر کە دەتوتن.

- بوخاری و موسـلیم و نەسـائی لە خاتوو عائیشــەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە فەرمووی: (دَخَلَ رَسـولُ الله (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) وَعِندِي جَارِيَتَان، تُغَنِّيَان بِغِنَاءِ بُعَاث، فَاضْـطَجَعَ عَلَى الفِرَاشِ، وَحَوَّلَ وَجْهَهُ، فَدَخَلَ أَبُو بَكْرٍ فَانْتَهَرَنِي، وَقالَ: مِزْمَارُ الشَّـيْطَانِ عِنْدَ رَسـول الله (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ)؟ فأَقْبَلَ عليه رَسـولُ الله (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ)، فقالَ: دَعْهُمَا، فَلَمَّا غَفَلَ غَمَزْتُهُمَا فَخَرَجَتَـا، وَكَـانَ يومَ عِيـدٍ يَلْعَبُ السُّــودَانُ بِـالـدَّرَقِ وَالْحِرَاب)[٢]، واتە: پێغەمبەری خوا (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) تەشــریفی هێنـایە مـاڵەوە، لەو کاتەدا دوو کەنیزەکم لابوو گۆرانیان دەوت، باسـی شــەڕی (بوعاث)یان دەهۆنیەوە، پێغەمبەری خوا (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) لەسـەر پێخەفەکەم ڕاکشـا و ڕووی پاکی لەوان وەرگێڕا، ئەبوبەکر (باوکی بەڕێزی خوا لێی ڕازی بێت) تەشـریفی هێنـا، ســەرزەنشــتی کردم، فەرمووی: چۆن شــمشــاڵی شــەیتـان لای پێغەمبەری خوایە (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ)؟ پـێغەمبەری خوا (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) ڕووی پـاکی وەرگێڕا و بە ئەبوبەکری فەرموو: لێیان گەڕێ، خاتوو عائیشە ئەفەرموێت: کە (پێغەمبەری خوا (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) یان ئەبو

---

(١) ئەم لەفزەی نووسەری ڕەحمەتی هێناویەتییەوە کەمێك جیاوازە لەو فەرموودانەی ڕیوایەت کراون: بوخاری (٤٠٠١) و (٥١٤٧)، ترمزی (١٠٩٠)، ئەبو داود (٤٩٢٢).

(٢) بوخاری (٢٩٠٦)، موسلیم (٨٩٢)، هەروەها نەسائی (١٥٩٣) بە کەمێك جیاوازییەوە.

بەكر خوای لێ ڕازی بێت) لێیان بێئاگابوو بە چاو ئاماژەم بۆ کردن کە بەسە، ئیتر هەردووکیان (کەنیزەکەکان) لەماڵمان چوونە دەرەوە.. ڕۆژی جەژن بوو.. لە مزگەوتیش قولە ڕەشەکان گەمەیان بە ڕم و شمشێر ئەکرد.

- نەسائی لە عامری کوڕی سەعدەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە فەرمووی: (دخَلتُ على قَرَظةَ بنِ كعب، وأبي مَسعودِ الأنصاريِّ في عُرسٍ، وإذا جَوارٍ يُغنِّينَ! فقُلتُ: أنتُما صاحِبا رسولِ الله (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، ومن أهلِ بدرٍ، يفعَلُ هذا عندَكُم. فقالَ: اجلِس إنْ شئتَ، فاسمَع معَنا، وإنْ شِئتَ اذهبْ، قَد رخَّصَ لنا في اللَّهوِ عندَ العُرسِ)[1]، واتە: چوومە لای قەرەزەی کوڕی کەعب و ئەبو مەسعودی ئەنساری لە زەماوەندێکدا بوون، دەبینم کەنیزەك گۆرانی دەچڕن، عەرزم کردن: خۆ ئێوە دوو یاوەری پێغەمبەری خوان (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و ئەهلی بەدرن و ئەمەشتان لا دەکرێت؟ فەرموویان: دانیشە حەزدەکەیت لەگەڵماندا گوێ بگرە، ئەگەر حەزیش ناکەیت بڕۆ، ئێمە مۆڵەتی ئەممان لە ئاهەنگدا پێ دراوە.

- ترمزی لە خاتوو عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (أَعْلِنُوا هَذَا النِّكَاحَ وَاجْعَلُوهُ فِي الْمَسَاجِدِ وَاضْرِبُوا عَلَيْهِ بِالدُّفُوفِ)[2]، واتە: مارەکردن (هاوسەرگیری) ڕاگەیەنن و ئاهەنگی لە مزگەوت بۆ بگێڕن و دەفیشی تێدا لێدەن بۆی.

-بوخاری لە خاتوو عائیشەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە دەفەرموێت: (أنَّها زَفَّتِ امْرَأَةً إلى رَجُلٍ مِنَ الأنْصارِ، فقالَ نَبِيُّ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): يا عائِشَةُ، ما كانَ معكُمْ لَهْوٌ؟ فإنَّ الأنْصارَ يُعْجِبُهُمُ اللَّهْوُ)[3]، واتە: ئافرەتێك بە بووکی بۆ پیاوێکی ئەنصاری گواسترایەوە، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: ئەرێ عائیشە هیچتان لە (لەهوو تەپڵ و دەف و گۆرانی) لەگەڵدا نەبرد؟ خۆ خەڵکانی ئەنصاری حەزیان لە لەهووە.

---

(١) نەسائی (٣٣٨٣)، شێخی ئەلبانی بە حەسەنی داناوە.

(٢) ترمزی (١٠٨٩)، بەیهەقی (١٥٠٩٥)، شێخی ئەلبانی لە (السلسلة الضعيفة) (٩٧٨) بە زەعیفی داناوە.

(٣) بوخاری (٥١٦٢).

- محمـدی کوڕی حاتەبی جومەحی (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (فصـلُ ما بينَ الحلالِ والحرامِ الدُّفُّ والصَّـوتُ)[1]، واتە: ئەوەی حەڵاڵ لە حەرام جیادەکاتەوە دەق و دەنگە [واتە: دەف و گۆرانی حەڵاڵن، باقیەکەی تریان نا، (والله أعلم)].

هەمان ڕیوایەت لای نەسـائی ئەم زیادەشــی لە دواوە هەیە: (في النكاح)[2]، واتە: لە کاتی زەماوەندا.

- ڕیوایەتەکانی شـیعر و حەداء وتنی یاوەران لە گەشــت و ڕێکردنیاندا بەناوبانگ و زۆرن.. وەکو ئەوەی کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە ئەنجەشە (یاوەرە و پیاوە خوای لێ ڕازی بێـت) لەو کـاتەی کە (حەداء)ی دەفەرموو، پێی فەرموو: (رُوَيْدَكَ سَــوْقًا بالقَوَارِيرِ)[3]، واتە: حەدائەکەت لەســەر خۆ بڵێ، لەبەر ئەو ئـافرەتـانەی لە گەڵمـاندان. (حەداء: گۆرانی بوو بۆ حوشـــترەکـانیان دەوت لە کاتی گەشــتکردنیاندا، وایان ڕاهێنابوون کە ئەگەر حەدائیان خێرا بووتایە حوشـترەکانیش خێرا دەڕۆیشـتن، لێرەشـدا مەبەستی پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەوەبوو کە حەدائەکەت هێدی تر بڵێ تا حوشترەکانیش بەکاوخۆ بڕۆن نەك خێرا).

بوخـاری لە (موعەللەقـاتـــــــ)ـــــەکـانی کاتی خۆیدا ئەو ڕیوایەتەی لە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هێنـاوە کە دەفەرموێـت: (لَيَكونَنَّ من أُمَّتي أقْوامٌ يَسْــتَحِلُّونَ الحِرَ والحَرِيرَ والخَمْرَ والمَعازِفَ)[4]، واتە: زەمانێك بەسەر ئومەتەکەمدا دێت کە کەسانی وایان تێدابێت زینا و ئاوریشم و شەراب و موسیقا حەڵاڵ بکەن.. دیارە کە مۆسیقا (کە بەکارهێنانی ئامێرەکانێتی) حەرام بووە، بۆیە دەفەرموێت: ئەوانە حەڵاڵی دەکەن، ئەمە بۆچوونی جمهووری شـەرعناسانی ئومەتە کە مۆسـیقا حەرامە.. ئەمما گۆرانی بێ موسیقا لە سنووری خۆیدا و لەکاتی خۆیدا کە بۆنە و زەماوند و هاوشـێوەیەتی شیاوە -هەر وەکو لە سەرەوە بینیت-، هەندێك لایەن و کۆمەڵی

(١) ترمزی (١٠٨٨) لەفزەکەش هی ئەوە و ئەفەرموێت حەسەنە، شێخی ئەلبانیش بە حەسەنی داناوە.

(٢) ئەم زیادەیە لای هەر یەك لە نەسائی (٣٣٦٩) و ئیبنو ماجە (١٨٩٦) و ئەحمەد (١٥٤٥١) هاتووە.

(٣) بوخاری (٦١٤٩)، موسلیم (٢٣٢٣).

(٤) بوخاری (٥٥٩٠).

ئیسلامیی سەردەم سروودیشیان خستوەتە ڕیزی شیاوەکانەوە، پێم وایە دەشێت وەکو خوێی چێشت بەکاربێت.

## جـ - جوانی و والاپۆشی:

جوانی و خۆڕازاندنەوەش وەکو هەموو پێداویستیەکانی تری ژیان پێناسە و پۆڵێنکردن و سنووری شیاوێتیی خۆی هەیە؛ هەموویان ڕێپێدراون بەو مەرجەی موسوڵمان ئەوەندە هۆگریان نەبێت پێیانەوە ئاڵوودە بێت یان بیانکاتە پیشە یان ئەوەندە سەرقاڵیان بێت خواپەرستنەکانی و هۆشی قیامەتیان لاواز بێت.. ناشێت پیاوەتی و جوامێریی پیاوان و ژنێتی و پارسەنگێتیی ئافرەتانی موسوڵمانی پێ بشێوێنێت، ناشێت بگاتە ڕادە و چۆنیەتییەك کە لە چۆنییەتی کافران بچێت، یان پۆشاك و جوانییەك بێت کە سیما و سیفاتی کافرانی پێوە دیاربێت، جوانی و والاپۆشی و خۆڕازاندنەوەی ژن و پیاوی موسوڵمان دەبێت لە هی کافران جیاواز بێت، سنووری ئەمەش بەم شێوازانەیە:

١- پیاوی موسوڵمان شیاو نییە زێڕ و ئاوریشم بپۆشێت، هەردووکیان لە پیاوی موسوڵمان حەرامن، ناشێت مستیلەیەکی زێری لە پەنجە دابنێت، بەڵام مستیلەی زیو دەشێت، بەڵام ئەم دوو جۆرە (زێڕ و ئاوریشم) هەردووکیان بۆ ئافرەتی موسوڵمان جائیزن بیانپۆشێت، چونکە مایەی زێدە جوانی و ڕازاوەیین کە لایەق بە ئافرەتە.. ئافرەت و پیاوی موسوڵمان ناشێت پۆشاکی ئەهلی کوفر بپۆشن یان پۆشاکێك کە دروشمی کوفر و کافرانی پێوەبێت یان پۆشاکێك کە سیمای شانازی و خۆ پێوەدانە.. (کە دەوترێت پوشاك بێگومان پێلاویش دەگرێتەوە).

- ئەبو داود و نەسائی لە سەیدنا عەلییەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە فەرمووی: (رأيتُ رسولَ اللهِ (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أخَذَ حريرًا فجعَلَهُ في يَمينِه، وذَهبًا فجعَلَهُ في شِمالِه، ثم قال: إنَّ هذينِ حرامٌ على ذُكورِ أُمَّتي)[1]، واتە: پێغەمبەری خوام (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بینی پارچەیەك ئاوریشمی هەڵگرت و خستیە دەستی ڕاستی، پارچە زێڕێکیشی هەڵگرت و خستییە دەستی چەپی، پاشان فەرمووی: ئەم دووانە بۆ هەموو ئەندامە نێرینەکانی ئوممەتەکەی من

(١) ئەبو داود (٤٠٥٧)، نەسائی (٥١٤٤)، هەروەها ئەحمەد (٨٠٧) و لەفزەکەش هی ئەوە، شێخی ئەلبانیش بە سەحیحی داناوە.

حەرامن.

- هەر شــەشــیان جگە لە مالیك گێڕاویانەتەوە كە ســەیدنا عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) نامەیەكی بۆ فەرماندەی سوپای موسوڵمانان نارد، كە تێیدا نووسیبووی: (وإيَّاكُمْ وَالتَّنعُّمَ، وَزِيَّ أَهْلِ الشِّرْكِ، وَلَبُوسَ الحَرِيرَ، فإنَّ رَسولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نَهَى عن لَبُوسِ الحَرِير، قالَ: إلَّا هَكَذَا، وَرَفَعَ لَنَا رَسـولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إصْـبَعَيْهِ الوُسْـطَى وَالسَّـبَّابَةَ وَضَـمَّهُمَا)[١]، واتە: هۆشــداربن لەوەی نەكەونە ناز و نیعمەتەوە، پۆشــاكی ئەهلی شــیرك لەبەر نەكەن، هەروەها ئاوریشـم نەپوشن، چونكە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەرهەڵستی لە پۆشاكی ئاوریشم كرد، دوو پەنجەی پیرۆزی شــایەتومان و ناوەندی جووت كرد و بەرزی كردنەوە و فەرمووی: مەگەر بەقەدەر ئەوەندە بن.

- بوخاری و موســلیم و ئەبو داود و نەســائی لە ئیبنو عومەرەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕنەوە كە فەرمووی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (مَن جَرَّ ثَوْبَـهُ خُيَلَاءَ لَمْ يَنْظُرِ اللَّهُ إِلَيْهِ يومَ القِيَامَة، قالَ أَبُو بَكْرٍ: يا رَسُولَ اللَّه، إنَّ إزَارِي[٢] يَسْتَرْخِي، إلَّا أَنْ أَتَعَاهَدَ ذلك منه؟ فَقالَ النبيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): لَسْتَ مِمَّنْ يَصْنَعُهُ خُيَلَاءَ)[٣]، واتە: هەر كەسێك پۆشاكەكەی ئەوەندە درێژ بكات كە لە ئەرز بخشێت و وەكو نیشانەی شانازی و لووتبەرزی بەدوای خۆیدا بكێشێت؛ خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا لاناكات بەلایەوە و نایڕوانێتی، ئەبوبەكر فەرمووی، ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) من عەباكەم وایە كە ئەگەر هۆشـم لێی نەبێت و نەیگرم شۆڕ دەبێتەوە، فەرمووی: تۆ لەوانە نیت كە بۆ شانازی و لووتبەرزی پۆشاكت درێژ بكەیت.

- ئەبو داود لە خاتوو عائیشەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە كەپرسیاریان لێكرد: (هَلْ تَلْبَسُ المَرْأَةُ النَّعْلَ؟ فَقالَتْ: قَدْ لَعَنَ رَسُـولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) الرَّجُلَةَ من النِّسَـاءِ)[٤]، واتە:

---

(١) موسـلیم (٢٠٦٩) و لەفزەكەش هی ئەوە، هەروەها بوخـاری (٥٨٢٩) و ئەبو داود (٤٠٤٢) و ئیبنو ماجە (٢٨٢٠) و ئەحمەد (٩٢) بە كەمێك جیاوازییەوە.

(٢) لە هەموو ریوایەتەكان بەم لەفزە هاتووە: (إنَّ أَحَدَ شِقَّيْ إِزَارِي).

(٣) بوخـاری (٥٧٨٤) و لەفزەكەش هی ئەوە، هەروەهـا موسـلیم (٢٠٨٥) و ئەبو داود (٤٠٨٥) و نەسـائی (٥٣٣٥) بە كەمێك جیاوازی هێناویانەتەوە.

(٤) ئەبو داود (٤٠٩٩)، ئەلبانی بە سەحیحی داناوە.

ئـایە ئـافرەت دەشـــێـت چەكمە (پێڵاوی پیـاوانە) لە پێ بكـات؟ فەرمووی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەعنەتی كردووە لەو ئافرەتانەی خۆ بە پیاوان دەچوێنن.

- ئەبو داود لە ئەبو هورەیرەوە (خوای لێ ڕازی بێت، ) دەگێڕێتەوە كە فەرمووی: (لعن رسولُ اللهِ (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) الرَّجل يَلبَسُ لُبسةَ المرأةِ، والمرأةُ تلبَسُ لُبسةَ الرَّجلِ)[1]، واتە:پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەعنەتی لەو پیاوانە كردووە كە پۆشاكی ئافرەتانە دەپۆشن، هەروەها لەو ئافرەتانەی كە پۆشاكی پیاوانە دەپۆشن.

- موســـلیم و نەســـائی و ئەبو داود لە عەبـدوڵای كوڕی عەمرەوە (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕنەوە كە فەرمووی: (رَأَى النَّبيُّ (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَلَيَّ ثَوْبَيْنِ مُعَصْفَرَيْنِ، فقالَ: أَأُمُّكَ أَمَرَتْكَ بهذا؟ قُلتُ: أَغسِلُهُمَا؟ قالَ: بَلْ أَحرِقْهُمَا)[2]، واتە: پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دوو پارچە پۆشـــاكی ڕەنـگ كراوی زەردی تۆخی لەبەرمـدا بینی فەرمووی: ئەوە دایكـت پێی وتوویـت بیانپۆشیت؟ عەرزم كرد: ئەی پێغەمبەری خودا بیان شۆمەوە (تا ڕەنگەكەیان بڕوات)؟ فەرمووی: بیبانســـوتێنە. لە ریوایەتێكی تردا زیادەیەكی بە دوادا هاتووە دەفەرموێ: (هَذِهِ ثِيَابُ الكُفَّارِ فَلاَ تَلْبِسْهُمَا)، واتە: ئەمە پۆشاكی كافرانە مەیانپۆشە.

- هەر شەشیان جگە لە مالیك، گێڕاویانەتەوە: (خَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَقد اتَّخَذَ حَلْقَةً مِنْ فِضَّـــةٍ، فَقَالَ: مَنْ أَرَادَ أَنْ يَصُـــوغَ عَلَيْهِ فَلْيَفْعَلْ، وَلاَ تَنْقُشُـــوا عَلَى نَقْشِـــهِ)[3]، واتە: پـێـغـەمـبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هـاتە دەرەوە مســـتیلەیەكی لە پەنجە دابوو كە لە زیو دروستكرابوو، فەرمووی: هەر كەسێك دەیەوێت وەكو ئەم مستیلەیە دروست بكات با دروستی بكات، بەڵام با نەخشـەكەی وەكو نەخشـی مستیلەكەی من نەبێت (كە تێیدا نووسرابوو محمد رسول الله).

(١) ئەبو داود (٤٠٩٨) و نەســـائی لە (الســـنن الكبرى) (٩٢٥٣)، هەروەهـا ئیبنو ماجە (١٩٠٣) و (ئەحمەد (٨٣٠٩) بە كەمێك جیاوازییەوە، ئەلبانیش بە سەحیحی داناوە.

(٢) موسلیم (٢٠٧٧)، هەروەها نەسائی (٥٣١٦) و ئەبو داود (٤٠٦٨) بە كەمێك جیاوازییەوە.

(٣) نەســـائی (٥٢٠٧) و لەفزەكەش هی ئەوە، هەروەهـا بوخـاری (٥٨٧٤) و موســـلیم (٢٠٩٢) و ترمزی (١٧٤٥) و ئیبنو ماجە (٣٦٤٠) و ئەحمەد (١١٩٨، ١٢٦٤٧، ١٤٠٩١) بە لەفزی جیاواز ریوایەتیان كردووە.

ئیسلام نەشیفەرمووە ئەگەر دەوڵەمەند بوون پۆشاكی داماوانەتان لەبەردا بێت یان سوود لە دارایی و ماڵ و سامانەكانتان نەكەن.

- نەسائی لە ئەبولئەحوەصەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: (أتيت النبيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَعَلَيَّ ثَوْبُ دُون، فَقَالَ لِي: أَلَكَ مَالٌ؟ قُلْتُ: نَعَمْ، قَالَ: مِنْ أَيِّ الْمَال، قُلْتُ: مِنْ كُلِّ المَالِ قَدْ أَعْطَانِيَ اللَّهُ تَعَالَى مِنَ الإِبِلِ وَالْبَقَرِ وَالْغَنَمِ وَالرَّقِيق، قَالَ: فَإِذَا أَتَاكَ اللَّهُ مَالاً فَلْيُرَ عَلَيكَ أَثَرُ نِعْمَةَ اللَّهِ وَكَرَامَتِهِ)[1]، واتە: هاتمە خزمەتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و پۆشاكێكی باشم لەبەردا نەبوو، فەرمووی: ماڵ و سامانت هەیە؟ عەرزم كرد: بەڵێ، فەرمووی: لە چ جۆرە سامانێكە؟ عەرزم كرد: لە هەموو جۆرە سامانێك خوای گەورە پێی بەخشیوم لە حوشتر و مانگا و مەڕوماڵات و كۆیلە، فەرمووی: ئەگەر خوای گەورە ماڵ و سامانی پێبەخشیت با ئاسەواری نیعمەت و ڕێزەكەشیت پێوە ببینێت.

- تەبەرانی لە (المعجم الكبير)دا لە ئیبنو سیرینەوە دەگێڕێتەوە كە تەمیمی داری (خوای لێ ڕازی بێت) عەبایەكی بە هەزار كڕی و نوێژیشی پێوە دەكرد.

- ئەبو داود دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (إِنَّكُم قَادِمُونَ عَلَى إِخْوَانِكُم، فَأَصْلِحُوا رِحَالَكُم، وَأَحْسِنُوا لِبَاسَكُم، حَتَّى تَكُونُوا كَأَنَّكُم شَامَةٌ فِي النَّاسِ، فَإِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْفُحْشَ وَلَا التَّفَحُّشَ)[2]، واتە: ئێوە بەرەو براكانی خۆتان ئەچن، كاروباری خۆتان ڕێكبخەن و پۆشاكی جوان لەبەر بكەن، تاكو لەناو خەڵكی –بە جوانترین شێوە- دەركەون، چونكە خوای گەورە بە پیسی و پۆخڵی و نارێكی ڕازی نییە و خۆشی ناوێت.

- سەعیدی كوڕی موسەییب دەگێڕێتەوە پێغەمبەر خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (إِنَّ اللَّهَ تَعَالَى طَيِّبٌ يُحِبُّ الطَّيِّبَ، نَظِيفٌ يُحِبُّ النَّظَافَةَ، كَرِيمٌ يُحِبُّ الكَرَمَ، جَوَادٌ يُحِبُّ الْجُود، فَنَظِّفُوا أَفْنِيَتَكُم، وَلَا تَشَبَّهُوا بِالْيَهُود)[3]، واتە: خوای گەورە جوانە و جوانی خۆشدەوێت، پاكە و

---

(١) نەسائی (٥٢٢٤)، هەروەها ئەبو داود (٤٠٦٣) بە كەمێك جیاوازییەوە، شێخی ئەلبانیش بە سەحیحی داناوە.

(٢) ئەبو داود (٤٠٨٩)، ئەلبانی لە (ضعيف الجامع) (٢٠٣٩) بە زەعیفی داناوە، بەڵام ئیبنو حەجەری عەسقەلانی لە (الأمالي المطلقة) (٣٥) ئەفەرموێت (حسن)ە.

(٣) ترمزی (٢٧٩٩) و ئەفەرموێت (غريب)ە، ئەلبانیش لە (ضعيف الجامع) (١٦١٦) بە زەعیفی داناوە.

خاوێنیی حەز لێیە، ڕێزدارە و ڕێزداری خۆشدەوێت، سەخییە و سەخاوەتی خۆشدەوێت، دەی سا پێش ماڵتان خاوێن ڕاگرن و خۆ بە جوولەکە مەچوێنن.

ئافرەتی موسوڵمان بۆی نییە لە کاتی چوونەدەرەوەیدا لە ماڵ بۆنی خۆش بەکاربهێنێت:

- خاوەنی (السنن)ەکان لە ئەبو موسای ئەشعەرییەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە پێغەمبەر خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (كُلُّ عَيْنٍ زَانِيَـةٌ، وَالْمَرْأَةُ إِذَا اسْـتَعْطَرَتْ فَمَرَّتْ بِـالْمَجْلِسِ فَهِيَ كَـذَا وَكَـذَا، يَعْنِي: زَانِيَةً)[١]، واتە: هەموو چاوێك زیناكارە، هەر ئافرەتێك بۆنی خۆشی لەخۆیدا و بەلای کۆڕێکی پیاواندا تێپەڕی، ئەوە ئاوایە و ئاوایە، واتە: زیناکارە.

٢- سیفەتی پۆشاکیش بۆ ئافرەت و پیاو دەبێت وابێت کە (عەورەت) داپۆشێت، بۆیە ناشێت مرۆڤی موسوڵمان پۆشاکێکی تەسك و تەنگ یان تەنك یان کورت بپۆشێت، کە بەشێك لە عەورەتی لێوە دەربکەوێت.. عەورەتی پیاو: مەسافەی نێوان ناوك و کەڵکەی ئەژنوکانێتی، هەندێك لە شەرعناسان دەفەرموون: ئەژنوش عەورەتە دەبێت داپۆشرێت. جەستەی ئافرەت هەمووی عەورەتە و ناشێت لای غەیری مەحرەمەکانی دەرکەوێت.[٢]

مەسافەی عەورەتی ئافرەتی سەربەست جیاوازە لە مەسافەی عەورەتی کەنیزەك، چونکە هەریەکەیان ئەرکێکی جیاواز لە ئەرکی ئەوی تری هەیە، هەندێك لە شەرعناسان ڕێیان بە دەرستختنی دوو دەستی ئافرەت داوە، مادام مەترسی (فیتنە)ی لێوە نایەت، هەروەها حاڵەتی تری تایبەتیش هەیە کە عەورەتی تیادا نیشان دەدرێت.. تەفسیلی ئەمانە وا لە کتێبە فقهییەکاندا.

---

(١) ئەبو داود (٤١٧٣) و نەسائی (٥١٢٦)، هەروەها ترمزی (٢٧٨٦) و لەفزەکەش هی ئەوە و ئەفەرموێت (حسن صحيح).

(٢) کەمینەیەك لە شەرعناسانی مەزهەبی حەنەفی و حەنبەلییەکان دەفەرموون هەموو بەدەنی ئافرەت عەورەتە، بەڵام بەڵگەیان نییە و ئەوی کردوویانە بە بەڵگە زەعیفن، چونکە داپۆشینی ڕوو و دەستەکان لە حەجکردنیشدا نابێت داپۆشرێت.. شێخی ئەلبانی (رحمه الله) هەموو بەڵگەی ئەو شەرعناسانەی هێناوەتەوە و سەلماندوێتی کە زەعیفن و توندیش بەرپەرچی شەرعناسانی حیجازی دایەوە کە ڕەخنەیان لە فەتواکەی گرت کە فەرمووی داپۆشینی ڕووی ئافرەت فەرز نییە.. پاشان کتێبێکی لەسەر نووسی بە ناوی (الرد المفحم) کە زیاتر بۆچوونی جمهووری شەرعناسان سەردەخات کە داپۆشینی دەست و دەموچاو فەرز نییە.

- پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دەفەرموێت: (الفَخذُ عَورةٌ)[1]، واتە: ڕان لە عەورەتە.

- بوخاری و ئەبو داود لە خاتوو عائیشەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە فەرمووی: (يَرحَمُ اللَّهُ نِساءَ المُهاجِراتِ الأُوَلَ؛ لَمَّا أنزَلَ اللَّهُ: ﴿وَلۡيَضۡرِبۡنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّۖ﴾ النور: ٣١، شَقَّقْنَ أَكْنَفَ مُرُوطِهُنَّ فَاخْتَمَرْنَ بِها)[2]، واتە: ڕەحمەتی خوا لە ئافرەتانی کۆچبەری سەرەتا بێت، کاتێ ئەم ئـایەتە دابەزی ﴿وَلۡيَضۡرِبۡنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّۖ﴾ النور: ٣١، لە دامێنی جلەکـانیـان پـارچەیـان لێکردەوە و ڕوخساریان پێ داپۆشی.

ئیبنو حەجەری ئەسقەلانی دەفەرموێت: (فاختمرن به: أي غطين وجوهن)، واتە: (فاختمرن به، واتە: ڕوخساریان پێی داپۆشی).

- ئەبو داود لە خاتوو ئوم ســەلەمەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە فەرمووی: (لمَّا نزلت: ﴿يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ﴾ الأحزاب: ٥٩، خرجَ نساءُ الأنصارِ كأنَّ علَى رؤوسِهنَّ الغربانَ منَ الأَكْسِيَةِ)[3]، واتە: کە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە: {با بە ســەرپۆشەکانیان سنگیان داپۆشن و لکی ســەرپۆشــەکانیان بەســەر ســنگیاندا بێتە خوارەوە، نەك بەســەر پشــتیاندا وەکو ئافرەتانی جـاهلییەت}، ئـافرەتـانی ئەنســـار کە لە مـاڵ هاتنە دەرێ دەتوت قەلەڕەشکەیان بەســـەرەوە نیشتووەتەوە لەبەر سەرپۆشەکانیان.

- موســلیم و ترمزی لە ئەبو سەعیدەوە (خوای لێ ڕازی بێت) گێڕاویانەتەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) فەرمووی: (لا يَنْظُرُ الرَّجُلُ إلى عَوْرَةِ الرَّجُلِ، ولا المَرْأَةُ إلى عَوْرَةِ المَرْأَةِ، ولا يُفْضِي الرَّجُلُ إلى الرَّجُلِ في ثَوْبٍ واحِدٍ، ولا تُفْضِي المَرْأَةُ إلى المَرْأَةِ في الثَّوْبِ الواحِدِ)[4]، واتە: نەکا پیاو تەماشـــای عەورەتی پیاو بکات، هەروەها ئافرەت تەماشـــای عەورەتی ئافرەت

---

(١) بوخاری لە (التاريخ الكبير) (٢١٦/٦) بە مورســەلی گێراویەتییەوە، هەروەها ترمزی (٢٧٩٦) و ئەفەرموێت: (حســن غريب من هذا الوجه)، بەیهەقیش لە (السنن الكبرى) (٢٢٨/٢) هێناویەتییەوە و ئەفەرموێت: (صـحيح يحتج به)، شێخی ئەلبانیش لە (صحيح الجامع) (٤٢٨٠) بە سەحیحی داناوە.

(٢) بوخاری (٤٧٥٨)، ئەبو داود (٤١٠٢).

(٣) ئەبو داود (٤١٠١)، شێخی ئەلبانیش بە سەحیحی داناوە.

(٤) موسلیم (٣٣٨)، ترمزی (٢٧٩٣).

بکات، ناشێت پیاوێك لەگەڵ پیاوێکی تر دا بچێتە ژێر یەك داپۆشەوە، هەروەها ناشێت ئافرەتێك بچێتە ژێر داپۆشـێکی ئافرەتانی ترەوە. (ناشـێت دوو پیاو لەژێر لیفەیەکدا بن یان دوو ئافرەت لەژێر لیفە یان بەتانییەکدابن).

- ئەبو داود و نەسائی لە بوهزی کوڕی حەکیمەوە لە باوکییەوە لە باپیرییەوە (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە فەرمووی: (قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، عَوْرَاتُنَا، مَا نَأْتِي مِنْهَا وَمَا نَذَرُ؟ قَالَ: احْفَظْ عَوْرَتَكَ إِلَّا مِنْ زَوْجَتِكَ، أَوْ مِمَّا مَلَكَتْ يَمِينُكَ. فَقَالَ: الرَّجُلُ يَكُونُ مَعَ الرَّجُلِ؟ قَالَ: إِنِ اسْتَطَعْتَ أَنْ لَا يَرَاهَا أَحَدٌ فَافْعَلْ. قُلْتُ: وَالرَّجُلُ يَكُونُ خَالِيًا؟ قَالَ: فَاللَّهُ أَحَقُّ أَنْ يُسْتَحْيَا مِنْهُ)[(١)]، واتە: عەرزی پێغەمبەری خوام کرد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە کوێمان عەورەتە تا دایپۆشین و کوێمان لێی گەڕێین و لە کێ؟ فەرمووی: عەورەتـت لای هەموو کەسـێك داپۆشـە جگە لە ژنەکەت و کەنیزەکەکەت، عەرزم کرد ئەدی ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کـاتێك پیـاو لەگەڵ پیاودا دەبێت چی؟ فەرمووی: ئەگەر توانیت دایپۆشـێت تا کەس نەیبینێت بیکە، عەرزم کرد: ئەدی پیاو ئەگەر بە تەنها هەر خۆی بێت؟ فەرمووی: خوای گەورە شایانترە شەرمی لێ بکرێت وەك لە خەڵکی.

٣- لەو جوانیانەی ڕێیان پێ نەدراوە بەکاربهێنرێن ئەمانەن کە دەقێك دەیانگرێتەوە:

- هەر شەشیان لەخاتوو عائیشەوە (خوای لێ ڕازی بێت) گێڕاویانەتەوە: (أَنَّهَا اشْتَرَتْ نُمْرُقَةً فِيهَا تَصَاوِيرُ، فَلَمَّا رَآهَا رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَامَ عَلَى الْبَابِ، فَلَمْ يَدْخُلْهُ، فَعَرَفْتُ فِي وَجْهِهِ الْكَرَاهِيَةَ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَتُوبُ إِلَى اللَّهِ وَإِلَى رَسُولِهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، مَاذَا أَذْنَبْتُ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): مَا بَالُ هَذِهِ النُّمْرُقَةِ؟ قُلْتُ: اشْتَرَيْتُهَا لَكَ لِتَقْعُدَ عَلَيْهَا وَتَوَسَّدَهَا، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): إِنَّ أَصْحَابَ هَذِهِ الصُّوَرِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يُعَذَّبُونَ، فَيُقَالُ لَهُمْ: أَحْيُوا مَا خَلَقْتُمْ، وَقَالَ: إِنَّ الْبَيْتَ الَّذِي فِيهِ الصُّوَرُ لَا تَدْخُلُهُ الْمَلَائِكَةُ)[(٢)]، واتە: فەرشێکی دیواری کڕیبوو کە وێنەی تێدا کێشـرابوو، کاتێك پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تەشـریفی

---

(١) ئەبو داود (٤٠١٧)، ترمزی (٢٧٦٩)، نەسائی لە (لسنن الكبرى) (٨٩٧٢)، ئیبنو ماجە (١٩٢٠).

(٢) بوخاری (٢١٠٥)، موسـلیم (٢١٠٧)، مالیك (٢٧٧٣)، هەروەها ئەبو داود (٤١٥٣) و نەسـائی (٥٣٦٢) و ئیبنو ماجە (٢١٥١) بە کورتی هێناویانەتەوە.

هێنـایەوە و دیتی، هەر لە دەرگاکەوە وەســتا و تەشـــریفی نەهێنایە ژووریّ، خاتوو عائیشــە دەفەرمووێ: بە ڕووی پاکیدا زانیم کە شـــتێکی پی ناخۆش بووە، عەرزم کرد: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پەشـــیمـانم لە هەر گونـاحێـك کە کردبێتم، دەگەڕێمەوە لای خوا و پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لێی، فەرمووی: ئەو فەرشـــە چیە؟ (و بۆچی لێرەیە؟) عەرزم کرد: بۆ جەنابتم کڕیوە تا لەسـەری دابنیشیت و بیخەیتە ژێر ئانیشکت، فەرمووی: ئەوانەی ئەم وێنەیان کێشاوە لە ڕۆژی دوایدا سزا دەدرێن، پێیان دەوترێت: دەی سا ئەوەی خەلقتان کردووە ڕۆحی بکەن بە بەردا، هەروەها فەرمووی: ئەو ماڵەی وێنەی تێدایە فریشتەی ناچێتە ناو.

- لە ڕیوایەتێکی تریدا: (حَشَــوْتُ للنبيِّ (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وِسَــادَةً فِيهَا تَمَاثِيلُ كَأنَّهَا نُمْرُقَةٌ، فَجَاءَ فَقَامَ بيْنَ البَابَيْنِ وجعَلَ يَتَغيَّرُ وجْهُهُ، فَقُلتُ: ما لَنَا يا رَسولَ اللَّهِ؟ قَالَ: ما بَالُ هذه الوِسَادَةِ؟ قُلـتُ: وِسَــادَةٌ جَعَلْتُهـا لَـكَ لِتَضْــطَجِعَ عَلَيْهَـا، قَـالَ: أما عَلِمْتِ أنَّ المَلَائِكَةَ لا تَدْخُلُ بَيْتًا فيه صُـورَةٌ)[1]، واتە: دۆشــکەڵەیەکم بۆ پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ســازکرد کە وێنەی تێدا کێشـرابوو (وەکو فەرشــی دیوار بوو)، تەشـریفی هێنایەوە، بەڵام لە نێوان هەردوو دەرگاکاندا وەســتـاو و ڕەنگی ڕووی گۆڕا، عەرزم کرد: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) چی بووە؟ چیمـان کردووە؟ فەرمووی: ئەو دۆشـــەکەڵەیە چییە؟ عەرزم کرد دۆشــەکەڵەیەکە بۆ جەنـابتم درووســت کردووە تا لەسەری ڕاکشێیت، فەرمووی مەگەر نازانیت کە فریشتە ناچێتە ماڵێکەوە وێنەی تێدابێت؟

- لە ڕیوایەتێکی تردا زیادەیەکی بەدوادا هاتووە کە خاتوو عائیشــە (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: (فَـأَخَذْتُهُ فَجعَلْتُهُ مِرْفَقَتَيْنِ فَكَانَ يَرْتَفِقُ بِهِمَا فِي الْبَيْتِ)[2]، واتە: دوایی کردم بە دوو بالیف کە ئانیشکی دەختە سەر هەر لە ماڵەکەدا.

- لە ڕیوایەتی تریشدا زیاتر ڕوون دەبێتەوە کە فەرشی دیوار بووە و هەڵواسینی خائیز نەبووە، بەڵام کە کردویّتی بە بالیف (ســەرین، پشــتی) بەکاریان هێناوە، دەفەرمویّ: (قَدِمَ رَسُـولُ الله

---

(١) بوخاری (٣٢٢٤)، موسلیم (٢١٠٧).

(٢) موسلیم (٢١٠٧).

(صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) من سَـفرٍ، وَقَدْ سَـتَّرْتُ علَى بَابِي دُرْنُوكًا فيه الخَيْلُ ذَوَاتُ الأَجْنِحَة، فأمَرَنِي فَنَزَعْتُه)[١]، واته: پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) تەشـــریفی لە ســـەفەرێك هێنایەوە، منیش پەردەیەكی ئەستوورم بە دەرگای ژوورەكەمدا هەڵواسی بوو كە وێنەی ئەسپی باڵداری تێدا بوو، فەرمانی پێدام كە لێی بكەمەوە و لایدەم.

- لە ڕیوایەتێكی تریشــدا: (فَأَخَذْتُ نَمطًا فَسَـتَرْتُهُ عَلَى الْبَاب، فَلَمَّا قدِمَ، فَرَأَى النَّمطَ عَرَفْتُ الْكَرَاهِيَةَ فِي وَجْهِـه، فَجَذَبَهُ حَتَّى هَتَكَهُ، أَوْ قَطعَهُ، وَقَالَ: إِنَّ اللَّهَ لَمْ يَأْمُرْنَا أَنْ نَكْسُـوَ الْحِجَارَةَ وَالطِّينَ. قَالَتْ: فَقَطَعْنَا مِنْهُ وِسَـادَتَيْنِ، وَحَشَوْتُهُمَا لِيفًا، فَلَمْ يَعِبْ ذَلِكَ عَلَيَّ)[٢]، واتە: پەردەیەكم بە دەرگای ژوورەكەدا هەڵواسـی بوو (كە وێنەی تێدا بوو)، كە تەشـریفی هێنایەوە، لە ڕەنگ و ڕووی پاكیدا زانیم پێی ناخۆشە، ئیتر خۆی ڕایكێشا و لێی كردەوە یان دوولەتی كرد، فەرمووی: خوای گەورە فەرمانی پێنەداوین بەرد و قوڕ داپۆشـین، خاتوو عائیشـە دەفەرموێت: ئیتر پارچە پارچەمان كرد و دوو بەرگە پشتیمان لێ درووست كرد و بە پوش پڕمان كردن.. ئیتر ڕەخنەی لێ نەگرتین (و قبوڵی بوو).

- لە ڕیوایەتێكی تردا دەفەرموێ: (قَـالَ انزعيـهِ فَـإِنَّـهُ يَـذْكُرُنِي بِالدُّنْيَا)، واتە: فەرمووی: لێی بكەرەوە، ئەمە دونیام دەخاتە یاد (یان هۆشم دەخاتە سەر دونیا).

- بوخاری و موسـلیم و نەسـائی لە خاتوو عایشـــەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە كە فەرمووی: (لَمَّا اشْـتَكَى النبيُّ (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) ذَكَرَتْ بَعْضُ نِسَائِه كَنِيسَةً رَأَيْنَهَا بأَرْضِ الحَبَشَةِ يُقَالُ لَهَا: مَارِيَةُ، وكَانَتْ أُمُّ سَـلَمَةَ، وأُمّ حَبِيبَةَ رَضِـيَ اللَّهُ عنهما أتَتَا أرْضَ الحَبَشَـةِ، فَذَكَرَتَا مِن حُسْـنِهَا وتَصَـاوِيرَ فِيهَا[٣]، فَرَفَعَ رَأْسَهُ، فَقَالَ: أُولَئِكِ إذَا مَاتَ منهمُ الرَّجُلُ الصَّالِحُ بَنَوْا علَى قَبْرِهِ مَسْـجِدًا، ثُمَّ صَـوَّرُوا فيه تِلكَ الصُّـورَةَ أُولَئِكِ شِرَارُ الخَلْقِ عِنْدَ اللَّهِ)[٤]، واتە: كاتێك پێغەمبەری

---

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٣) ئێسـتـا كڵێسـای جیهـان هەیە كە بووە بە مۆزەخـانە و گەشــتیـاران بۆ دیتنی دەچنە ناوی، بەمەش لەوە دەرچوون كە بۆیان دروسـتكراون، پێغەمبەری خواش (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) بەرهەڵسـتیی لەوە كردووە كە مزگەوتەكانی ئێمەش وای لێ بەسـەربێت، تا لەوە دەرنەچێت كە بۆی دروستكراوە، ئیتر پیاوچاك و لادەر و موسوڵمان و كافر بچێتە ناوی. (نووسەر)

(٤) بوخاری (١٣٤١)، هەروەها موسلیم (٥٢٨) و نەسائی (٧٠٤) بە كەمێك جیاوازییەوە.

خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نەخۆش بوو، یەکێك لە خێزانەکانی باسی کڵێسایەکی کرد کە لە حەبەشە بینیبوویان پێی دەوترا کڵێسـای مارییە -خاتوو ئوم سـەلەمە و خاتوو ئوم حەبیبە هەردووکیان چووبوونە وڵاتی حەبەشە-، هەردووکیان باسی جوانی و وێنە و پەیکەرەکانی ناو کڵێسایان کرد، پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سەری بەرزی بڵند کردوو و فەرمووی: ئەوانە عادەتیانبوو کە پیـاوچـاکێکیان لێ دەمرد سـەر گۆڕەکەیان دەکردە پەرسـتگا، ئینجا ئەو وێنە و پەیکەرانەیان لەناودا دروست دەکرد، ئەوانە خراپترین کەسن کە خوا خەلقی کردبن.

- بوخاری و ئەبو داود لە ئیبنو عومەرەوە (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە فەرمووی: (أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَتَى بَيْتَ فَاطِمَةَ فَوَجَدَ عَلَى بَابِهَا سِـتْرًا مُوشَـيًا فَلَمْ يَدْخُلْ، فَجَاءَ عَلِيٌّ فَرَآهَا مُهْتَمَّةً فَأَخْبَرَتْهُ، فَأَتَاهُ عَلِيٌّ فَذَكَرَ لَهُ ذَلِكَ وَقَالَ: قَدِ اشْـتَدَّ عَلَيْهَا فَقَالَ (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): مَا لَنَـا وَلِلدُّنْيَا وَمَا أَنَا وَالرَّقْمُ؟ فَذَهَبَ إِلَى فَاطِمَةَ فَأَخْبَرَهَا، فَرَدَّتْهُ إِلَيْهِ تَقُولُ: فَمَا تَأْمُرُهَا بِهِ فِيهِ؟ قَالَ: تُرْسِلِينَ بِهِ إِلَى أَهْلِ حَاجَةٍ)[1]، واتە: پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تەشـریفی هێنا بۆ ماڵی خـاتوو فـاتیمە (خوای لێ ڕازی بێت) بەڵام بینیی پەردەیەکی وێنەداریان کردووە بە پەردە و بە دەرگاکەیانەوە هەڵواسـراوە، جەنابی (علیە السـلام) تەشـریفی نەبردە ژوورەوە، پاشـان سەیدنا عەلی (خوای لێ ڕازی بێـت) هاتەوە ماڵ، بینیی خاتوو فاتیمە خەمبارە، کە بە سـەیدنا عەلیی فەرموو بۆچی خەمبـارە و هەواڵی تەشـریف هێنـانی پێغەمبەری خوای (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بۆ گێڕایەوە، سـەیدنـا علی چووە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و عەرزی کرد: کە تەشـریـف نەبـردنە ژوورەکە فـاتیمە خـانی زۆر خەمبـار کردووە، ئینجـا پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: ئەی ئاخر من و دونیا؟ من و فەرشـی وێنە نەخشـاوی دیوار؟ ئیتر سـەیـدنـا عەلی گەڕایەوە ماڵەوە و خاتوو فاتیمەی ئاگادارکردەوە کە بۆچی وا ڕوویدا، خاتوو فاتیمسـەیدنا عەلیی ناردەوە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە فەرمانت بە چییە؟ چی لێ بکەین؟ پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: بینێرە بۆ کەسێك کە پێویستی پێی بێت.

---

(١) ئەم فەرموودەیەم بەم لەفزە لە هیچ شـوێنێـك نەدۆزییەوە، ئەوەی هەیە لای بوخـاری (٢٦١٣) و ئەبو داود (٤١٤٩) بە کەمێك جیاوازییەوە هاتووە.

❖ هەروەها بۆ ئێمەی موسوڵمان جائیز نییە لە دەفری زێڕ و زیودا بخۆین و بخۆینەوە..

- مالیك و بوخاری و موسلیم لە خاتوو ئوم سەلەمەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) فەرمووی: (إِنَّ الَّذِي يَأْكُلُ وَيَشْرَبُ فِي إِنَاءِ الْفِضَّةِ إِنَّمَا يُجَرْجِرُ فِي بَطْنِهِ نَارَ جَهَنَّمَ)[1]، واتە: ئەو کەسەی لە دەفر (قاپ)ی زیودا دەخوات و دەخواتەوە، حەتمەن ئاگری دوزەخی بە سکدا دەڕواتە خوارەوە.

- هەر شەشیان جگە لە مالیك لە حوزەیفەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە فەرمووی: (سَمِعْتُ النَّبِيَّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم يقولُ: لا تَلْبَسُوا الحَرِيرَ ولَا الدِّيبَاجَ، ولَا تَشْرَبُوا في آنِيَةِ الذَّهَبِ والفِضَّةِ، ولَا تَأْكُلُوا في صِحَافِهَا؛ فإنَّها لهمْ في الدُّنْيَا، ولَنَا في الآخِرَةِ)[2]، واتە: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) فەرمووی: ئاوریشم و دیباج -کە باشترین و جوانترین جۆری ئاوریشمە- مەپۆشن، لە پەرداخی زێڕ و زیودا مەخۆنەوە لە قاپی زێڕ و زیودا مەخۆن، ئەمانە لە دونیادا بۆ ئەوان (کافران)ە و لەو دونیاش بۆ ئێمە دەبن.

*************

دوای ئەمە دەبێ ئەوە بیربهێنینەوە کە دونیا بە نیسبەت موسوڵمانانەوە زیندانە:

- موسلیم و ترمزی دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) فەرمووی: (الدُّنْيا سِجْنُ المُؤْمِنِ، وجَنَّةُ الكافِرِ)[3]، واتە: دونیا زیندانی موسوڵمانە و بەهەشتی کافرە.

هیچ شتێك نییە لە دونیادا ئەوەندە جیایەخ بێت موسوڵمانان بکاتە کۆیلەی شوێنکەوتووی خۆی، نە پارە و سامان نە هیچی تر:

- بوخاری و ئیبنو ماجە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) فەرمووی: (تَعِسَ عبدُ الدِّرْهَمِ، تَعِسَ عبدُ القطيفَةِ..)[4]، واتە: دەك یاخوا پارە پەرست ئۆخەی نەکات و نەسرەوێت.

---

(١) بوخاری (٥٦٣٤)، موسلیم (٢٠٦٥)، مالیك (٢٦٧٦).

(٢) بوخاری (٥٤٢٦)، موسلیم (٢٠٦٧).

(٣) موسلیم (٢٩٥٦)، ترمزی (٢٣٢٤).

(٤) بوخاری (٢٨٨٦)، ئیبنو ماجە (٣٣٥٢).

حیکمەت لەوەی کە خوای گەورە ئاوا سنوورێکی تری بۆ ئەم جوانی و ڕازاندنەوە و یاری و مەزاق و ڕابواردنانە دیاریکردووە، تا موسـوڵمانی دیندار و سـەرڕاست هۆشـی لە قیامەت نەبڕێت و کاتەکانی تەمەنی لە شتانێکدا بە فیڕۆ نەدات کە دەیتوانی لە جیاتی ئەوە چالاکتر لە خواپەرسـتی و بـانگەواز و فێرخوازیـدا بکـات و زیاتر سـوودمەند بێت بۆ خۆی و دین و ئوممەتەکەی. خوای گەورە کە ئەو بەرپرسیارییەتە گەورەیەی (خیلافەتـ)ـی خستووەتە ئەستۆی موسـڵمانان؛ نایەوێت ژیانی دونیا ئامانجی سـەرەکییان بێت و کات و پارە زیادەکانیان بەخێر بدەن بە ئیسلام و بانگەوازەکەی.. ئیسلام دەیەوێت موسوڵمانان بەردەوام هۆشیان لەوە بێت کە کـات و شـوێن و حـاڵەتەکانی خۆیان و دەوروبەریان هەموویان ماددەی تاقیکردنەوەیانن تا خواویسـتانە و سـەرڕاسـتانە بۆ خوا لێبڕێن.. ئەو کەسـەی تەمەنی لە جوانکاری و یاری و مەزاقدا بەسـەر دەبات، نامومکینە کۆڵی بەرپرسـێتیی دین و دینداری و کۆمەڵکاریی ئیسلامیی پێ هەڵگیرێت.

***********

لەمەی ڕابورد، ڕوونبووەوە کە ئـامـانجی بـاڵای موسـوڵمانان ڕەزامەندیی خوای گەورەیە، ئەمەش خاڵ و سـیفەتێکی سـەرەکیی سیما و جەوهەری سەربەخۆیی و جودایی موسوڵمانە لە کـافر کە هەموو ئـامـانجی بـاڵا و نزم و دوور و نزیکی هەر چێژی دونیـایە و بەس، ئەم خاڵە سـەرەکییەش بووەتە هۆکاری سـەربەخۆیی و جودایی موسـڵمان لە کافر، لە دید و بۆچوون و ڕەفتار و ڕەوشت و هەڵوێست و بزاوتی تاك و کۆمەڵکارییەوە.. سیمای جیاوازێتیی تاك و کۆی کۆمەڵگە و دەوڵەتی موسـوڵمـانە لە کـافر.. ئەمما ئەوەی کە هەندێك کافر خۆی بە ئیماندار دەناسـێنێت و پێی وایە لەسـەر دینی خواویسـتییە و بە ئومێدی پاداشـتی خوای گەورەیە؛ لەڕاسـتیدا ئەمە خۆ فریودان و چەواشـەکاریی خەڵکییە، چونکە زۆر ناخایەنێت کە کوفر و شـیرکی ئەمانە دەردەکەوێت، هەر وەکو دید و هەڵوێسـتی حیبر و ڕاهیب و مالم و قەشـەکانی جوولەکە و دیانان کە لەسەر کوفری زەقن و لاف و گەزافی ئەوە لێ دەدەن کە خوا کوڕی هەیە (جوولەکەکان دەڵێن: عوزێرە و دیانەکان دەڵێن عیسـایە، سـەلامی خوا لە هەردووکیان)، ئەوە دین و دینـداریی خواویسـتی نییە، ئەمە پـاشـماوەی دین و خواویسـتیی یەکەمجاریانە کە

پێغەمبەرە پێشەواکانیان (علیهم السلام) هێنایان و بڵاویانکردەوە، بەڵام دوای ئەوان ئەم هەموو ئاڵوگۆڕە کوفر و شیرکەی بەسەردا هات.

حەز دەکەین لێرەدا سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین کە زۆرینەی ئەو دەزگا و دائیرانەی بەشێکە لە ژیانی تاك و کۆی کافران، لەگەڵ تاك و کۆی کۆمەڵگەی موسڵماناندا نەشیاو و نامۆیە (هەرچەندە بە کاریگەری هێزی ئیستعماری) زۆر لەو دەزگا و دائیرانە لە کۆمەڵگەی موسوڵماندا چێنراوە و کاریگەریی خراپی لێ کەوتووەتەوە و بەردەوامیشە.. لە کۆمەڵگەی (موسوڵمانان)دا بواری حەرامخۆری و چەواشەکاری بۆ کەس ناکرێتەوە.. نە دەزگا و یانەکانی قومار و شەرابخواردنەوە، نە مەلهە و تیاترۆ و نە شوێنی سەما و لەشفرۆشی.. ڕێگە بە هەڵپەڕکێی پیاوان و هەڵپەڕکێی ئافرەتان -لەناو خۆیاندا- دەدرێت، بەڵام ڕەشبەڵەك و تێکەڵبوون و سەما و مۆسیقا بواریان نییە، مەگەر ئەو ئامێرانەی ئاهەنگ کە ئاماژەمان پێکردن لە کات و شوێن و بۆنەی دیاریکراودا دەبێ بەکاربێن و بەس.. هەروەها لە کۆمەڵگەی موسوڵماناندا بواری پەیکەرتاشیی مرۆڤ و گیانلەبەران نییە، یان کۆمپانیا و شانۆکانی خۆنیشاندان و مۆدێلی پۆشاکی سفووری، یان بڵاوکراوەی مۆسیقا و فلیمی جینسی و هاوشێوەیان کە کۆمەڵگەی کافران بەرهەمی دەهێنن و بەزۆروزێڕ و فریودانیش لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا بڵاویدەکەنەوە، ئیسلام ڕێ بەمانە نادات، چونکە موسوڵمانان کە ئەهلی قیامەتن ناکەونە ئەم فەساد و شەرخوازییانەوە.

## خاڵی شەشەم: ئامانجەکانی موسڵمانان لە دونیادا:

هەر وەکو موسڵمان لە ئامانجی باڵای ژیانیدا -کە ڕەزامەندیی خوای گەورەیە- لە ئامانجی باڵای کافر – کە تەنیا ژیانی دونیایەتی- جودایە، موسڵمان چەندین ئامانجی تری دونیاشی هەیە کە لەگەڵ موسوڵمانانی تردا لە هەوڵی هێنانەدییاندا دەبێت و ورە و وزەی هەموویانیان بۆ سەلماندن و چەسپاندن و بەدیهێنانی ئەو مەبەستە دونیایانە دەخەنە گەڕ. غەیری موسوڵمان زۆرینەیان ئاوات و ئامانجەکانیان شەخسین و هەر هی خۆیانە و بۆ خۆیانن، ئەوانەشیان کە لەگەڵ کەسانی تردا هاوئامانجی گشتی دەبن، ئامانجەکان هەر حەزی دونیایین لە

دەسـەڵاتگرتنەدەسـت و داگیرکردنی گەل و وڵاتان و ڕووتاندنەوەی ئابووری و ناودەرکردن و هاوشێوەیان (کە هەموویان ئامانجی فیرعەونی و هامانی و قاڕوونین).

موسـوڵمان جیاوازە.. یەکەم: ناشـێت موسـوڵمانێك بێ ئامانجی دونیایی ژیان بباتە سـەر، چونکە مرۆڤی موسوڵمان بۆ ئامانج خەلق کراوە، ئەو ئامانجەش دوو لقە: ئامانجێکی قیامەتییە کە دەبێت هەموو کات و شوێن و هەست و هۆش و ڕەفتارێکی بۆ ئەویان بێت کە بەدەستهێنانی ڕەزامەنـدیی خوای گەورەیە، ئەمەش بەوە دێتەدی کە ئـامـانجە دونیـاییەکـانی موسـوڵمـانان بهێنێتەدی.. گرنگ مەبەسـت و هەوڵدانێتی نەك حەتمێتیی هێنانەدیی.. موسـوڵمان کە لەگەڵ ئوممەتەکەیـدا هەوڵی هێنـانەدیی ئامانجە دونیاییەکان دەدات، دونیاشـی دێتە بەردەسـت بێ ئەوەی مەبەستی بووبێت.

کە وردەکارانە لە ئیسلام و ئامانجی خواویستی دەکۆڵیتەوە بۆت دەردەکەوێت کە موسوڵمانان ماف و ئەرك و ئامانجیانە پێنج مەبەست بهێننەدی:

١- دامەزراندنی دەوڵەتێکی خواویسـتی و پاشـان پشـتگیریکردن و پاراسـتن و ڕاگرتن و چاککردن و برەوپێدانی (ئەمە ئەگەر دەوڵەتی خوایی نەبوو).

٢- سـەلماندن و چەسـپاندنی سـەروەرێتیی شـەرع (واتە باڵادەسـتیی یاسایی بۆ شەریعەتی ئیسلام بێت).

٣- زیندووکردنەوە و بڵاوکردنەوەی سوننەتی پاکی پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ).

٤- یەکخستنی ئوممەتە خواویستەکە ئەگەر یەکگرتوو نەبووبوون.

٥- جیهاد کردن لە پێناوی خوادا تا هەموو جیهان بێتە ژێر سـایەی دەسـەڵاتی حاکمێتیی خوای گەورە، ئەو موسـوڵمانەی لەژێر ڕکێفی دەوڵەتێکدا دەژی کە سـەروەرێتیی یاسـا بۆ شـەریعەتەکەی خوا نییە و یاسا پێچەوانەی شەرع دادەڕێژێت، حەتمەن بەردەوام لە تەنگەژەدا دەبێت و ناتوانێت ژیانی موسـوڵمانان ڕێکبخات، بۆیە موسـوڵمانی دیندار و ڕاسـت نایەوێت لەژێر سـایەی دەوڵەتی کافردا بژی، ئەمەش وادەکات کە حەتمەن دەبێت موسوڵمانان دەوڵەتی

ئیسـلامیی خۆیان هەبێت کە ئەحکامەکانی شـەریعەتی خوا دەبێتە یاسـای ژیانی تاك و کۆی کومەڵگە و دەوڵەت و یەك ئەمیریان بەسەرەوە دەبێت کە ئەو ئەحکامانە شەرعیانە ڕادەپەڕێنێت. ئەم دید و تێڕوانینە کە -عەقائیدییە- ئەوە لەسـەر هەموو موسـوڵمانێ فەرز دەکات کە -ئەگەر دەوڵەتی ئیسـلامی نەبوو -هەوڵبدات بۆ دامەزراندنی. ئەگەر دەوڵەتی ئیسـلامی هەبوو -کە دەوڵەتێکی خواویسـتییە و شـەریعەتی خوا حاکمێتی، فەرزە لەسـەر یەك یەکی موسـوڵمانان پشـتیوانیی لێ بکەن و بیپارێزن و خزمەتی بکەن، کەلێنەکانی پربکەنەوە و چاکسـازی زیاتری تێدا بکەن، هەر موسوڵمانێك لەم دوو حاڵەتەدا بەشداری ئەم دامەزراندن و پاراستنەی دەوڵەتی خواویسـتی نەکات گوناحبار دەبێت، مادام دەوڵەت پێویسـتی بە وزەی ئەو بێت و ئەویش لە توانایدا بێت وزەی خۆی بخاتە خزمەتی.

موسـوڵمانان بۆیە سـوورن لەسـەر دامەزراندنی دەوڵەتی خواویسـتی -جگە لەوەی فەرزە لەسـەریـان- زەروورەتی ژیـانیشـیـانە، چونکە دەبێ بەپێی دینەکەیـان و لەژێر سـایەی شـەریعەتەکەیاندا بژین و ژیانیان بەپێی ئەحکامی ئیسـلام ڕێکبخەن.. دەوڵەتی ئیسلامی یەعنی سـەلماندن و چەسـپاندنی سەروەرێتیی شەرع و ڕاپەڕاندنی ئەحکامەکانی، دەنا ئەوە هەر لاف لێـدان و گەزافی فریودانە کەسـانێـك ڕابگەیێنن کە دەوڵەتیـان بنیـاتناوە و دەوڵەتەکەشـیـان (ئیسـلامی)یە، بەڵام هەموو ئەحکامەکانی شەرع ڕاناپەڕێنن و یاسای دەسەڵاتدارانی خۆیان و کوفریشـیـان هەیە و ڕایدەپەڕێنن! لەبەر ئەمەیە موسـوڵمانی دیندار و قیامەتی هۆشـدار و هەسـتیـارە، هەر جۆرە لادانێـك لە شـەرع لەلایەن دەوڵەتەوە یان هەر جۆرە ئینحیرافێك لە کۆمەڵگەکەیدا ڕووبدات یەکسەر تەبەڕای خۆیی بەرامبەر ڕادەگەیەنێت (و شاهێدی دەدات کە فلان بڕگە یاسـا یان فلان دیاردەی فیکری یان ئەخلاقی ئیسـلامی نییە و کوفرینە)، موسـوڵمان زۆر زوو دەبێت بە هەموو شێوەیەك ئەو پێچەوانەکاری و ئینحیرافە ڕاستکاتەوە پێیان، دەنا بۆی هەیە شۆڕش بەرپا بکات بۆ ڕاسـتکردنەوەی.. ئەمەی کە شـەرعناسان پێیدەڵێن (الخروج علی الحاکم).

موسـوڵمان کاتێك دڵنیا دەبێت کە دەوڵەتەکەی ئیسـلامییە، کە ببینێت سـوننەتی پێغەمبەری خوای (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) تێدا زیندووکراوەتەوە و پیادەکراوە و کۆمەڵگەکە هۆگری پابەندبوونی

بوون.

دەشێت ئوممەتی ئیسلام سەرەنجامی هۆکاری دەرەکی یان ناوەکی تەفرەقەی تێبکەوێت و بکەوێتە دووبەرەکییەوە، ئەمەش ئەرکێکی تر لەسەر موسوڵمان فەرز دەکات، چونکە موسوڵمان هەر ئەوەندەی لەسەر فەرز نییە دەوڵەتی خواویستی دابمەزرێنێت، بەڵکو دەبێت بەسەر ئوممەتەکەشیدا ڕابگات.. ناکرێت لە وڵاتێکدا حوکمی ئیسلام بەرپا بکات و باقی ئوممەتەکەی وەلبکات، دەبێت لەگەڵ هەموو موسوڵمانانی تردا لەهەر جێیەك بن هاوکاریی بکات تا ئەوکاتەی هەموو ئوممەتەکە دەبێتەوە بە یەك و یەك خەلیفە و یەك دەوڵەت و وڵاتی دەبێت.. ئەمە ئامانجێك نییە موسوڵمان بۆی هەبێت کارکەناری بخات، بۆی نییە ئیهمالی بکات، چ جای ئەوەی وازی لێ بهێنێت.. موسوڵمان ئەوەی لەبەرچاوە کە سەیدنا عەلی (خوا لێی ڕازی بێت) (خەلیفەی بەحەقی موسوڵمانان و یەکێك لە دە مژدەپێدراوەکەی بەهەشت) بە لەشکری موسوڵمانان چووە بە گژ موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیاندا (خوا لێیان ڕازی بێت) تا یەکێتیی خاك و خەڵك و دەسەڵاتە سیاسییەکە بپارێزێت، لەجەنگی نێوانیاندا هەزاران موسوڵمان شەهید بوون.

دیسان موسوڵمان فەرمانپێکراوە کە بە نییەتی جیهادەوە بژی و لە هەر کات و شوێنێکدا هەلی هەر جۆرە جیهادێکی بۆ ڕەخسا پێویستە خێرا خۆی بگەیێنێتێ، ئەگەرنا با جیهادەکانی تر بکات وەکو بانگەواز و فێرخوازی و جیهادی دارایی و.. هتد. دەبێ موسوڵمانان لەم ڕەنجە بەردەوامەدابن تا بستە خاکێك نامێنێت کە خواویستیی پێنەگەیشتبێت و نەخرابێتە ژێر سایەی حاکمیێتیی خوای گەورەوە بەوەی کە دەسەڵاتداریێتیی موسوڵمانە سەرڕاستەکانیان قبوڵ کردبێت کە وەکو نوێنەر و کاربەدەستی خەلیفە حوکمڕانیی وڵاتەکانیان دەکەن. ئاوا دینی خوا لەسەر زەمیندا دەچەسپێت و ئاوا خەڵکی سەر زەمین دەکەونە ژێر سایەی حوکمی شەریعەتەکەی خوا، هەر وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقَٰتِلُوهُمۡ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِۚ﴾ الأنفال: ٣٩، واتە: کوشتاریان بکەن تا ڕێ لە (فتنة) بگیرێت کە پاشگەزکردنەوەی موسوڵمانانە لە دینەکە و لاوازکردنی گیانی دینداریێتی و پابەندییە تێیاندا، کوشتاریان بکەن تا ئەوکاتەی سەروەریێتیی باڵا بۆ دینەکەی خوا دەبێت.

بێگومان هەتا ئەوکاتەی دەسەڵات و هێزی تەواو نەکەوێتە دەست موسوڵمانانی دیندار و چاك؛ (فتنة) هەر بەردەوام دەبێت، چونکە دوژمنانی ئیسلام لەوە کۆڵنادەن کە موسوڵمانان لە دینەکەیان پاشگەزبکەنەوە و ڕێی بانگەوازی خواویستیان بگرن. هەر نەبێ نەبێ نایانهێڵن دینداریێتی تەواو بکەن و بەپێی ئەحکامەکانی شەریعەتی خوا ژیانی تاك و کۆی خۆیان ڕێکبخەن.. ئەوە خۆی لەخۆیدا پاڵنەری بەردەوامی موسوڵمانە بۆ کارکردن و هێنانەوەی حوکمی خیلافەت و بەرفراوانکردنی. بۆیە موسوڵمانی دیندار و هۆشیار دەزانیت کە ئەوە ئامانجێتی و دەبێ بەردەوام هەوڵی بۆ بدات.

ئەم ئامانجانەی باسمانکردن لەو فەرزانەن کە بەشێوەکی گشتی هەموو موسوڵمانان دەگرنەوە، کە دەبێ هەر هەموویان هەوڵ بۆ هێنانەدییان بدەن، گرنگ نییەت و کارکردنێتی بۆ ئەم ئامانجانە، ئەمما ئەنجامەکە ئەوە لای خوای گەورەیە.

## خاڵی حەوتەوم: موسوڵمان و خۆشیاوکردنی:

بۆ ئەوەی موسوڵمان شیاوی هەڵگرتنی ئەم ئامانجە بەرز و دونیایانەی بێت و توانای هێنانەدییانی هەبێت، بەتەئکید دەبێت چەندین سیفاتی سەرەتایی و سەرەکی لەخۆیدا بچەسپێنێت تا خۆ شیاو بکات، ئەو سیفەتانەش:

١- دەبێت نیاز و مەبەستی پاك بکاتەوە کە مەبەستی لە ڕەنج و کارکردن و ئامانجەکەی بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوای گەورەیە و بەس.. (ئەمە مەرجێکە کە دەبێت لە سەرەتاوە تا مردنی پێوەی پابەندبێت).

٢- دەبێت نموونەی پێشەوایەتی و ڕێبەرێتیی هەر پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) بێت و بەس.

٣- دەبێت دید و ڕێباز و بەرنامە و پەروەردەی خۆی و کۆمەڵکارانی قورئان و سوننەت بن و بەس.

٤- دەبێت هەمیشە بە نییەتی جیهادکردن هەستیت و دانیشێت و لەلایەنەکانی ئیمانی و

جەستەیی و دەروونی و مەشقەوە ئامادەی جیهادکردن بێت، هەر کاتێك هەلی مەشق و جیهادی بۆ ڕەخسا خێرا خۆی بگەیێنێتێ و بەردەوامیش جۆرەکانی تری جیهاد: بانگەواز و فێرخوازی و کۆمەڵکاری و دارایی و هتد... مومارەسە بکات.

٥- هیوا و ئاواتی شەهیدبوونی بێت لەم پێناوەدا، مردنی لەپێناوی خوای گەورەدا لا خۆشتر بێت لە ژیانی، ئەگەر موسـولْمان وا نەبێت، هەتا هەتایە ناتوانێت ئەو ئامانجە گەورە و گران و کـاریگەریـانە بهێنێتەدی.. دەبینیـت کە یـاوەرانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئـا ئەمـانە مەرج و سـیفاتیان بوو، بۆیە ئاوا خوای گەورە سـەریخسـتن و ئەو موعجیزە مێژووییەی پێ هێنانەدی.. یاوەرانیش ئەو نموونە بەشـەریانەن کە لەبەرچاوی نەوە بە نەوەی موسـولْمانانن، ئێمەش دەبێت چاو لەوان بکەین..

ئەوان بەشـێوەیەك بۆ خوا سـاغبوونەوە کە خوای گەورە بە پێغەمبەرە بەڕێزەکەی خۆیی (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموو: وەلیاندابە و سەبریش لەسەر وەلدابوونیان بگرە، چونکە ئەوانە بۆ خـوا سـاغبوونەتەوە! دەفەرموێ: ﴿وَٱصْبِرْ نَفْسَكَ مَعَ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُۥ﴾ الكهف: ٢٨، واتە: وەل ئەو کەسـانەدابە کە بەیـانیـان و ئێواران (واتە شـەو و ڕۆژ) خواپەرستی دەکەن و مەبەستیان ڕەزامەندیی خوای گەورەیە، وەلیاندابە و سەبریشیان لەسەر بگرە.

- یاوەران بە تەواوی پابەند بوون بە سوننەتی پێغەمبەری خواوە (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و لە هەر هەموو حاڵەت و ڕەفتاریاندا چاویان لە جەنابی دەکرد و وەکو ئەویان دەکردەوە، چونکە خوای گەورە فەرمـانی بەوان و بە هەموو موسـولْمـانان داوە کە جەنابی (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نموونەی پێشەوایەتیمانە و دەبێت ئیقتیدا بە جەنابی بکەین: ﴿لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ﴾ الأحزاب: ٢١، واتە: لە پێغەمبەری خوادا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) باشترین نموونەی پێشەوایەتیتان هەیە.

- یاوەران لە ئاڕاستەکانی قورئان و سوننەت لایان نەدەدا، لە وەرگرتنی هیچ ئاڕاستەیەکدا نەدەچوونە سـەر سـەرچاوەیەکی تر و هیچ ڕاوبۆچوونێکیشـیان تێکەڵ بەو دوو سـەرچاوەیە نەدەکرد، چ جای ئەو وەرگرن و ئەمان لادەن! کە ڕاوبۆچوونی یاوەرێکی هەڵکەوتەشیان قەبوڵ

بکردایە لەبەر ئەوەیانبوو کە دڵنیابوون هەر لە قورئان و سوننەتەوە هاتووە (وەکو ئیجتیهادەکانی چوار خولەفای بەڕێز و چوار عبداللەکە[1] و ئەبو هورەیرە و خێزانە پاکەکانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

- یاوەران لە جیهادێکی بەردەوامدا بوون، نەدەسرەوتن، جیهاد پیشەیان بوو، ئەرکی سەرەکیان بوو چونکە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەڕەشەی لێ کردبوون وەلکردنی جیهاد زەلیلیی بەدوادا دێت.. ناشێت لەبەر خاتری ژیان و ماڵی دونیا جیهادەکە پەکبخرێت، دەیفەرموو: (إِذَا تَبَايَعْتُمْ بِالْعِينَةِ، وَأَخَذْتُمْ أَذْنَابَ الْبَقَرِ، وَرَضِيتُمْ بِالزَّرْعِ، وَتَرَكْتُمْ الْجِهَادَ، سَلَّطَ اللَّهُ عَلَيْكُمْ ذُلًّا لَا يَنْزِعُهُ حَتَّى تَرْجِعُوا إِلَى دِينِكُمْ)[2]، واتە: ئەگەر کەوتنە ئاڵوگۆڕیی کاڵا (بازرگانی) و دەستتان بە کلکی مانگاوە گرت (شوانی) و ڕازیبوون بە حاسڵاتتان (چاندن و کشتوکاڵ) و جیهادەکەتان وازلێهێنا، حەتمەن خوای گەورە زەلیلییەکتان بەسەردا دەهێنێت کە بکەونە ژێر دەستی، لە سەریشتانی لانادات تا ئەوساتەی دەگەڕێنەوە بۆ دینەکەتان (واتە دەگەڕێنەوە سەر جیهادەکە کە وازیان لەم هێناوە نەك لە دینەکە).

خوای گەورەش لە هەڕەشەی سەختتردا لەو کەسانەی جیهاد لەبەر خاتری دایك و باوك و کەسوکار و بازرگانی و سەروەت و سامان وەلدەکەن دەفەرموێ: ﴿قُلْ إِن كَانَ ءَابَآؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَٰنُكُمْ وَأَزْوَٰجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَٰلٌ ٱقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَٰرَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَٰكِنُ تَرْضَوْنَهَآ أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَجِهَادٍ فِى سَبِيلِهِۦ فَتَرَبَّصُوا۟ حَتَّىٰ يَأْتِىَ ٱللَّهُ بِأَمْرِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٢٤﴾﴾ التوبة: ٢٤، واتە: ئەگەر باوك و باپیران و ئەولاد و خوشك و برا و هاوسەر و کەسوکار و هۆز و عەشیرەت و سەروەت و سامانی کۆکراوە و ئەو بازرگانییەی دەترسن ڕەواجی بشکێت و بکەوێت، یان ئەو کۆشك و تەلارانەی دڵتان پێیان دەکرێتەوە خۆشەویستربن لاتان وەك لە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و لە جیهادکردن لەپێناوی خوادا، دەی سا لەبەرامبەردا بوەستن و چاوەڕوانی هەڕەشەی خوای گەورە بن کە فەرمانیتان بۆ دێت وغەزەبتان لێ دەگرێت لەسەر ئەو دید و هەڵویستە ناڕەواییەتان.. خوای

(١) عبداللەی کوڕی عەبباس، عبداللەی کوڕی عومەر، عبداللەی کوڕی زوبێر، عبداللەی کوڕی موسعود (خوا لێیان ڕازی بێت).

(٢) ئەبو داود (٣٤٦٢)، ئەحمەد (٤٩٨٧)، شێخی ئەلبانی لە (صحيح أبي داود)دا بە سەحیحی داناوە.

گەورە ڕێنمایی خەڵکانی لادەر و پەریدە ناکات..

مەبەســتمان لە جیهاد کردن هەموو جۆرەکانێتی کە بە تەفســیل لە کتێبەکانماندا (جند الله ثقافة وأخلاقاً)دا باسمان لێوە کردوون.

- یاوەران شــەیدای شــەهیدی بوون، ئاواتیان دەخواســت لە پێناوی خوادا بکوژرێن، بمرن، بڕۆن، ئەو مردنەیان لا خۆشــەویستتر بوو لە ژیانی شاهانە، کە لە غەزایەك دەگەڕانەوە خەمبار دەبوون کە ئەوانیش شـــەهید نەبوون.. وتەکەی خالیدی کوڕی وەلید (خوای لێی ڕازی بێت) بەناوبانگە کە فەرمووی: **(جِئْتُكُمْ بِقَوْمٍ يُحِبُّونَ المَوْتَ كَمَا تُحِبُّونَ الْحَيَاةَ)**[1]، واتە: کەســانێکم هێناوەتە جەنگتان کە مردنیان وا خۆشدەوێت وەکو کە ئێوە ژیانتان خۆشدەوێت.

لە ڕیوایەتێکی تردا هــاتووە: **(كَمَا تُحِبُّونَ الْخَمْرَ)**، واتە: بەقەدەر ئەوەندەی ئێوە حەزتان لە شەرابە.

❖ ئەو ئامانجە گرنگ و گەورە و کاریگەرانە بەتەئکید موسوڵمانی پەروەردەکراوی ئاوای دەوێــت، کە ســەرڕاســتــانە بۆ خوا ســاغبووبێتەوە و ئیقتیــدای تەواوی بە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کردبێــت و قورئــان و ســوننەت دیــد و ڕێبازی بێت و بۆ جیهاد لێبڕابێت و هۆگری شــەهیدبوون بێت لە پێناوی خوادا.. ئەمە ئەو ســیفەتانەیە کە هەندێك لە موســوڵمانان (ئیخوانولموسـلیمین) کردوویانە بە دروشــمی ژیانیان و دەڵێن: **(الله غايتنا، والرسول زعيمنا، والقرآن دستورنا، والجهاد سبيلنا، والموت في سبيل الله أسمى أمانينا)**.

بەم ســیفەتانە موســـوڵمان لە غەیرە موســـوڵمان جیادەکرێتەوە، لە هیچ کات و شـــوێن و نەوەیەکی مرۆڤایەتیدا نەبووە ئوممەتێك، گەلێك، کومەڵێك، تاکێك دروشـــم و ســـیفاتی ئاوای هەبووبێت و بە کردەوە سەلماندبێتی.

ئەم ئـامـانجـانە لە ئـامـانجی هیچ تاکوکۆیەکی مرۆڤایەتیی غەیرە موســـوڵمان ناچن.. بۆیە بەڕاستی لاڕێکردنی موسوڵمان لەم ئامانجانە و لە کۆمەڵکاری و قۆناغبڕینی؛ پەکخستنی ورە و

(١) تاريخ الأمم والملوك، الطبري (٣٠٩/٢).

وزەی موسوڵمانانە و سڕینەوەی کاریگەریی کەسایەتییەتی، جگە لەوەی پوکانەوەی دڵ و هزر و ویژدانێتی؛ تێکشـــکاندنی دەروونێتی.. هەر موســـوڵمانێکیش بۆ غەیری ئەم ئامانجانە بژی و خۆی بە قوربانی دید و ڕێباز و ئامانج و دروشـــمی غەیری ئەمانە بکات دۆڕاوە و زەرەرمەندە (هەڵەیەکی زۆر گەورەیە موسوڵمان وابزانێت ئەمانە دروشمی ئەو نین و ئەمانە ئامانجی کومەڵە کەسـانێکی سـیاسین!)، چونکە بەوەی لە لاپەرەکانی پێشوودا ڕوونمان کردەوە دەسەلمێت کە موســـوڵمان بۆ هێنانەدیی ئەم ئامانجانە خەلق بووە، بۆ ئەوە خوای گەورە هیدایەتی داوە تا لە ژیانی مرۆڤایەتیدا دەوڵەت و کۆمەڵگەیەکی خواویســـت بهێنێتەدی، کە حوکم بە شـــەریعەتی خوای گەورە بکەن و بانگەوازی خواویستی بگەیێننە جیهانیان.

## خاڵی هەشتەم: سەربەخۆیی و جودایی تاك تاکی موسوڵمان:

هەر وەکو کە موســـوڵـمـان لە ئـامـانجە دوور و نزیکەکـانیـدا لە مرۆڤی کافر جیاوازە، لە سـیفات و بزاوت و هەڵوێستیشیدا هەر لە کافر جیاوازە و کەسایەتیی سەربەخۆی خۆی هەیە، چونکە نموونەی پێشـــەوایەتییەکەی یەکە و ســـەرچـاوەی وەرگرتنی ئاڕاســـتە و پەروەردە و فەرمانەکانی هەر یەکە و وەحی خواییە، بۆیە موسوڵمان وا نابینێت کە حەق زۆر بێت وەکو کە باتڵ زۆرە، یان هیدایەتی خوایی و ڕێبازی خواویســـتی زۆر بێت وەکو دید و ڕێبازی کوفر و شـیرك و گومڕایی زۆرە، یا ڕێسـا ڕەوشتی و بنەمای قییەمی بگۆڕبن هەر وەکو کە بەژەوەندی و ڕەفتار و ڕەوشـــتی ئەهلی کوفر و شـــیرك زۆر و جۆراوجۆرن.. موســـوڵمان وا دەبینێت کە دونیا هەیە و قیـامەتیش هەیە، ڕێنمـایی خوایی هەیە کە وەرگرتنی ئیســـلامەکەیە، کە بە وەحی بۆ پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) هـاتووە و ســـەدان دید و بۆچوون و ڕێباز و بەرنامەی تری (دینی) و نـادینی هەیە.. موســـوڵـمـان دڵنیـایە کە دینداری و خواویســـتی بریتییە لە پابەندیی سەرڕاستانە بە وەحی خواییەوە، بۆیە هەموو نییەت و ڕەفتار (گوفتار وکردار) و بڕیار و هەموو ئینفیعالاتێکی، هەموو دابونەریت و ئادابێکی، هەموو هەڵسوکەوتێکی بەپێی ئاڕاستەی دینەکەی پارسەنگ دەکات، قەناعەتی تەواویشی بەوە هەیە کە مادام موسوڵمانە دەبێت وابێت.

ئەمەش وای لێ دەکات سەربەخۆ و جودابێت لە سیما و سیفاتیدا، لە ئادابەکانی ڕۆیشتن و

دواندن و خواردن و لە پۆشـاك و ڕەوت و ئادابیدا.. هەستی بەرپرسێتیی بەرزە، چونكە باوەڕی وایە كە خوای گەورە لە هەموو ڕەفتارێكی دەكۆڵێتەوە و هەرچییەكیان بەپێی شـەرع نەبوو سزا دەدرێـت لەسـەری.. بۆیە موسـوڵمـان بەردەوام لە تۆبەكردنـدایە (تۆبەكردن لە ڕاسـتیـدا بەخۆداچوونەوە و هەڵسـەنگاندنەوە و موحاسـەبەكردنە). ئەو موسـوڵمانەی ئاوا لە سـیما و سیفات و ڕەفتاریدا سەربەخۆ و جیاواز نییە و یەكێكیانی وەكو هی كافرانە، ئەوە موسوڵمانێكی سـەرڕاست نییە، جددی نییە، دینداریتییەكەی ماوییەتی كاملّ ببێت، چونكە ناشێت موسوڵمان باوەڕی بەم پشـتگیرییەی ئیسـلامەكە هەبێت بەڵام ڕواڵەتی دەرێیی لە موسـوڵمانان نەچێت و خۆی بە كافران چوواندبێت.. كەسـایەتیی سەربەخۆ و جیاوازی موسوڵمان لە زۆر ڕوواڵەت و ڕەفتـاردا دەردەكەوێـت، هەر وەكو لە خواپەرەسـتی و حەڵاڵخۆری و ئـادابی پـارسـەنگیدا دەردەكەوێت، ئەمە جگە لە ڕەوشتی ڕەسەن و ڕەفتاری پارسەنگ و پەسەنی..

ئەمـانە بواری زۆر و خـاڵی زۆر لەخۆ دەگرن، كە كتێبە عەقـائیـدییەكـان و فقهییەكـان و ئادابەكان ڕاڤەی ئەم سـیما و سـیفات و ڕەفتارانەی موسـوڵمانن، بەڵام ئێمە لێرە دوو سـیمای دەرەكی دەخەینە پێش چاو:

یەكەمیان: جیاوازی موسوڵمان و كەسایەتیی خۆی لە دوواندندا.

دووەمیان: لەخواردن و خواردنەوەیدا.

### ١- كەسایەتیی سەربەخۆ و جیاوازی موسوڵمان لە دوواندنیدا:

غەیری موسـوڵمان سـنوورێكی زۆر و نزیك بۆ قسـەكردنی دیاری ناكات، دەشـێت زۆربڵێ بێـت و هەر قسـەیەكی بۆ هـات نەیگێڕێتەوە، بزانێت یان نەزانێت ڕاسـت بێت یان چەوت، پەیوەندیی بە خۆیەوە بێت یان بە كەسـانی ترەوە هەر دەیڵێت، جوان بێت یان ناشرین خێر بێت یان شـەڕ هەر دەریدەبڕێت، لەگەڵ ئەهلی باتڵ و سـتەم و ناڕەواییدایە و شـادە بەشـانیان دەهێنێت و ئەشـهەدو بیللایان بۆ دەكێشـێت، بۆ خۆبادان و فشـە و فیشـاڵ بەرهەڵسـتی حەق دەكات و بەرگری لە باتڵ دەكات، جا بۆ وەدەسـتهێنانی سـوودبێت یان دوورخستنەوەی زیان، یان هەر بۆ خۆدەرخستن كە گوایە ئەمیش هەیە و پێیەتی! بەڵگەی هەبێت یان نەبێت دەكەوێتە

موناقەشە و سەرگەرمی شەڕەقسە دەبێت، زۆر جاریش دەشێت ئەوەی زۆر بەلاوە گرنگ نەبێت کە مەبەست لە موناقەشەکە چییە، چونکە تەنها ئەوەی مەبەستە دەرکەوێت.

غەیرە موسوڵمان زۆر ئادابی دوواندن ڕەچاو ناکات: سوکایەتی بە بەرانبەرەکەی دەکات، بێ ئەدەبانە دەدوێت و جنێو دەدات، تووڕە دەبێت، تانە و تەشەر دەدات و حەق پێشێل دەکات، زەق دەزانێت ڕاست نییە و هەر دەیڵێت، دەزانێت درۆیە و شەرم لە دەربڕینی ناکات، گوێ ناگرێت و قسە بە بەرانبەرەکەی دەبڕێت، کە بەزی ئامادەی شەڕە دەست دەبێ، تووڕەبوونەکەی دەبێتە ڕق و قین و گیانی تۆڵەی تێدا دەکاتە گڕکان، نهێنی دەردەبڕێت و بەڵێن دەدات و نایباتە سەر، غەیبەت و دووزمانی و فیتنەسازی دەکات و نە پێی گوناحە و نە پێی شەرمە، کە حەقیقەتیش دەرکەوت تەریق نابێتەوە، داوای پۆزش ناکات، هەڕاڵ و لوتبەرز لەسەر هەڵوێستی باتڵی خۆی مکوڕ دەبێت! کە مەدحی دۆستان و ئەربابانی خۆی دەکات دەیانگەیەنێتە ئاستی فریشتە، وەك مەعسوم و بێ هەڵە و پەڵە دەیانناسێنێت. مەرج نییە ئەم سیفەتانە لە هەموو کافرێکدا هەبن، بەڵام هیچ کافرێك (قەناعەت)ـی لەوە نییە ئەم سیفەتانە مومارەسە بکات ئەگەر لە سزایەکی دونیایی نەترسێت و دڵنیا بێت کە کەس موحاسەبەی ناکات و زیانی پێناگات.

بەڵام موسوڵمانی دیندار بەپێچەوانەی هەموو ئەوانەوەیە.. تا دڵنیا نەبێت کە قسەکەی خێر و چاکەیە (واتە بەپێی شەرع قبووڵە) نایکات، چونکە دەزانێت بەرپرسە لێی و خوای تاك و پاك، خوای زانا بەخورەتی دڵ و دانا بە بەکارهێنانی زانایی و توانایی و دادپەروەریی بێ سنوور ئاگای لێیەتی.. خوای گەورە ئەوەی بۆ موسوڵمان دیاریکردووە کە قسەی خێر بکات: ﴿لَّا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِّن نَّجْوَاهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَاحٍ بَيْنَ النَّاسِ﴾ النساء: ١١٤، واتە: خێر لە زۆر قسە و چرپەکانیاندا نییە، مەگەر قسەی کەسێکیان کە فەرماندان بێت بە زەکات و خێر و خێرات یان بە ئەنجامدانی کاری چاك و ئامۆژگاریکردن بێت، یان ناوبژیکردنی خەڵکی بێت و قسەی خێری چاکسازیی نێوان ناکۆکەکان بێت. ئەمانە قسەی خێرن و دەبێت موسوڵمان بیانکات.

- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: (مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَلْيَقُلْ

خَيْرًا أَوْ لِيَصْمُتْ)[1]، واته: هەر کەسێك باوەڕی بە خوای گەورە و بە ڕۆژی دوایی هەیە با قسەی خێر بڵێت یان بێدەنگ بێت.

- موسوڵمان دەبێت قسەیەك بکات کە پەیوەندیی بە خۆیەوە هەبێت یان لەلایەکەوە بێتەوە سەر خۆی، نەك خۆی لە قسەی خەڵکی تر هەڵقورتێنێت. بۆیە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: (مِنْ حُسنِ إسْلَامِ المَرْءِ تَرْكُهُ مَا لَا يَعْنِيهِ)[2]، واتە: لە موسوڵمانێتی کەسێکە ئەوەی پەیوەندیی بەوەوە نییە وەلیکات و لێیگەڕێ.

- موسوڵمان پێش ئەوەی بدوێت دەڕوانێتە پەسەندی و شەرعێتی قسەکەی، نەبادە بکەوێتە بەر ئەو هەڕەشەیەی کە پێغەمبەری خوا دەفەرموێت: (إنَّ الرَّجُلَ لَيَتَكَلَّمُ بالْكَلِمَةِ مِنْ سَخَطِ اللهِ، لَا يُلْقِي لَهَا بَالاً، يَهْوِي بِهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ سَبْعِينَ خَرِيفًا)[3]، واتە: لەوانەیە کابرا قسەیەك بکات کە گوێی پێ نادات، بەڵام لەو قسانە دەبێت کە خوای گەورە تووڕە دەکات و دەبێتە مایەی غەزەب لێ گرتنی و چارەنووسیشی کەوتنە ناو ئاگری دۆزەخ دەبێت.

- موسوڵمان خۆ ناخاتە شەڕە قسەی ئەهلی باتڵ و موناقەشەی ناڕەوایانەوە، چونکە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَإِذَا رَأَيْتَ ٱلَّذِينَ يَخُوضُونَ فِيٓ ءَايَٰتِنَا فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُواْ فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِۦۚ وَإِمَّا يُنسِيَنَّكَ ٱلشَّيْطَٰنُ فَلَا تَقْعُدْ بَعْدَ ٱلذِّكْرَىٰ مَعَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٦٨﴾﴾ الأنعام: ٦٨، واتە: ئەگەر ئەو کەسانەت دی کە شەڕە دەمی لە نیشانە و بەڵگەکانی ئێمەدا دەکەن (سوکایەتیی پێ دەکەن و بە درۆی دەخەنەوە) پشتیان تێکە و کۆڕیان چۆڵکە، تا ئەوکاتەی دەچنە سەر باسێکی تر، مەگەر ئەم ئامۆژگارییەت بیرچووبێتەوە، بەڵام هەر کە بەبیرت هاتەوە یەکسەر هەستە و چیدی دوای ئەم بیرخستنەوەیە لەگەڵ ستەمکاراندا دامەنیشە.

- خوای گەورە ئەو کەسانەی بە (عباد الرحمن) ناساندووە کە یەکێك لەسیفەتەکانیان

---

(١) بوخاری (٦٤٧٥)، موسلیم (٤٧).

(٢) ترمزی (٢٣١٧) و ئەفەرموێت: (حسن غریب)، ئیبنو ماجە (٣٩٧٦)، شێخی ئەلبانیش لە (صحیح الترمذي)دا بە سەحیحی داناوە.

(٣) ئیبنو ماجە (٣٩٧٠)، بوخاری (٦٤٧٨)، ئەحمەد (٧٢١٥) بە کەمێك جیاوازییەوە.

ئەوەیە کە نەك هەر بەشـداری کۆڕی قسەی قۆڕ و لەغو ناکەن، بەڵکو لەگەڵیشیاندا نابن، وەك دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا مَرُّواْ بِٱللَّغۡوِ مَرُّواْ كِرَامٗا ٧٢﴾ الفرقان: ٧٢، واتە: کە دەکەونە کۆڕێکی قســەی بەتاڵ و گوناح و بێهودەوە، بۆ ڕێز لەخۆگرتن لایان نامێننەوە و دەڕۆن.

- موسـوڵمانی دیندار و قیامەتی حەزی لە دەرخسـتنی حەقە، لاریی لەوە نییە حەق لەسـەر زمانی بەرانبەرەکەی دەربکەوێت، بۆیە موناقەشـە بۆ سـەرخسـتنی ڕاوبۆچوونی خۆی کوێرانە نـاکات و هەڕاڵ و لووتبەرزانە ڕەفتار لەگەڵ دەرکەوتنی حەقدا ناکات، چونکە پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) شەڕە قسە و موجادەلەی سەرخستنی ڕاوبۆچوونی نارەوای بە مایەی گومڕایی نـاسـاندووە، وەك دەفەرموێ: (ما ضَـلَّ قومٌ بعدَ هُدًى كانوا عليهِ إلَّا أوتوا الجدَلَ)[١]، واتە: قەومێك گومڕا نابن دوای ئەوەی کەوتوونەتە سەر ڕێباز و بەرنامەی خوایی و هیدایەت دراون، مەگەر بەهۆی شەڕە قسەی ناهەقیانەوە گومڕا ببن.

- هەروەها بۆ ڕێگرتن لە شـەڕە قسـە و سـوعبەتی نابەجێ و فیشقیات دەفەرموێت: (لا تُمَارِ أخاكَ، ولا تُمَازِحْهُ، ولا تَعِدْهُ مَوْعِدًا فتُخْلِفَهُ)[٢]، واتە: مەکەوەرە شـەڕە قسە لەگەڵ براکەتدا بەو ئومێدەی بیبەزێنیت، سوعبەتی ناهەقیشی لەگەڵدا مەکە، بەڵێنێکیشی مەدەرێ نەیبەیتە سەر.

- موسوڵمان گفتوگۆی ناساندن و دەرخستنی هەق دەکات، بە ئەدەبانە بەڵگەی خۆی دەخاتە ڕوو، بەڵام حەزی لە ناکۆکی و ململانێ و شـــەڕە دەنووکی ئەم و ئەو نییە، ناشـــیەوێت دوای باس و گفتوگۆکە ڕق هەڵگرێت و بۆ ساتەوەختی تۆڵە بگەڕێت، چونکە خوای گەورە ئەو جۆرە کەســانە دەبوغزێنێت، وەکو پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (إنَّ أَبْغَضَ الرِّجَالِ إلى اللَّهِ الألَدُّ الخَصِـمُ)[٣]، واتە: ئەو کەســانەی کە خوای گەورە زۆری ڕق لێیانە و دەیان

---

(١) ترمزی (٣٢٥٣) و ئەفەرموێت: (حديث حسـن صـحيح)، هەروەها ئیبنو ماجە (٤٨)، ئەحمەد (٢٢١٦٤)، شـێخی ئەلبانیش بە سەحیحی داناوە.

(٢) ترمزی (١٩٩٥) و ئەفەرموێت: (حسـن غريب)، هەروەها بوخاری لە (الأدب المفرد) (٣٩٤)، ئیبنو ئەبی دونیا لە (الصـمت) (١٢٣)، بەڵام ئەلبـانی لە (ضــعيف الترمذي)دا بە زەعیفی داناوە، هەروەها ئیبنو حەجەری عەســقەلانیش لە (بلوغ المرام) (٤٤٣) ئەفەرموێت: (إسناده ضعيف).

(٣) بوخاری (٢٤٥٧)، موسلیم (٢٦٦٨).

بوغزێنێـت، ئەوانەن کە لە مونـاقەشــەدا کەللەڕەقـانە نـاکۆکی دەنوێنن و دەکەونە ململانێی سەختەوە.

- موســولْمان لەکاتی قســەکردنیدا زۆر لەخۆی ناکات، خۆ وا نیشــان نادات کە زۆرزان و ڕۆشــنبیر و گرنگە و واش نەبێت، زۆربڵێ نییە، فشــەکەر نییە، خۆهەڵکێش نییە، چونکە ئەو کەسـانەی ئەمە سیفەتیانە لە کۆڕی پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دوورن، وەك دەفەرموێ: (إِنَّ أَبْغَضَــكُمْ إِلَى اللَّهِ وَأَبْعَدَكُمْ مِنِّي مَجْلِســاً الثَّرْثَارُونَ الْمُتَفَيْهِقُونَ الْمُتَشَــدِّقُونَ)[1]، واتە: ئەو کەســـانەتـان لای من زۆر بوغزێنراون و حەزم لە چارەیان نییە و لە کۆڕ و کۆبوونەوەی مندا دوورن کە زۆربڵێن و خۆ بە زانا دەردەخەن و قسەی ئەملاولا دێنن، تا لاف و گەزافی زۆرزانی لێبدەن و وا خۆ دەربخەن.

- موســولْـمـانی دینـدار و قیـامەتی دەم پـاکە، جنێودەر نییە، چونکە پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (ليسَ المؤمنُ بـالطَّعّـانِ ولا اللَّعّـانِ ولا الفاحشِ ولا البَذيءِ)[2]، واتە: موسوڵمان نە تانەوتەشەردەر و نە لەعنەتکارە و نەجنێودەر و نە دەمپیسە.

موســولْمان بە کەســێك نالێت لەعنەتی لێ بێت، مەگەر وەکو شــەرع ڕێگای داوە (کە بە دەســتەجەمعی بڵێ لەعنەت لەســتەمکاران یان لەعنەت کە فڵان کەس کە مردووە و دەزانێت کافرێکی شەڕانی بوو و تا مردنیش هەر وابوو).

موسوڵمان وتوویژ و گفتوگۆ و موناقەشەی ڕەوا دەکات، سوعبەت لە بازنەی شیاودا دەکات، قسە و بەسەرهاتی خۆش دەگێڕێتەوە، بەڵام درۆ ناکات و قسەی ناهەق ناکات، بەڵام بۆ ئەوەی نییە خەڵکی بخـاتە پێکەنین، چونکە لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) بـاســی کابرایەکیان کرد کە نوکتە دەگێڕێتەوە تا خەڵکی بخاتە پێکەنین، فەرمووی: (وَيْلٌ لَهُ، وَيْلٌ لَهُ)[3]،

---

(١) ترمزی (٢٠١٨) و ئەفەرموێت: (حسن غريب)، بەڵام دەقی فەرموودەکە لای ترمزی کەمێك جیاوازە: (وَإِنَّ أَبْغَضَكُمْ إِلَيَّ، وَأَبْعَدَكُمْ مِنِّي مَجْلِسًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ: الثَّرْثَارُونَ، وَالْمُتَشَدِّقُونَ، وَالْمُتَفَيْهِقُونَ)، شێخی ئەلبانیش لە (صحيح الترمذي)دا بە سەحیحی داناوە.

(٢) ترمزی (١٩٧٧)، ئەحمەد (٣٨٣٩)، ئەلبانیش بە سەحیحی داناوە.

(٣) ترمزی (٢٣١٥) و ئەفەرموێت حەسـەنە، ئەبو داود (٤٩٩٠)، شـێخی ئەلبانیش لە بە حەسـەنی داناوە، ئەمە دەقی فەرمووکەیە لای ترمزی: (ويلٌ للَّذِي يُحَدِّثُ بالحديثِ ليُضْحِكَ بِهِ القومَ فيَكذِبُ، ويلٌ لَهُ، ويلٌ لَهُ).

واتە: سزای وەیل (کە لە دۆزەخدایە) بۆ ئەو، سزای وەیلی لێ بێت.

- موســـوڵمان خۆ دوورەپەرێز دەگرێت لە گاڵتە و ســـوکایەتیکردن بە خەڵکی، غەیبەتیان نـاکات و ناو و ناتۆرەیان لێ نانێت، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا يَسۡخَرۡ قَوۡمٞ مِّن قَوۡمٍ عَسَىٰٓ أَن يَكُونُواْ خَيۡرٗا مِّنۡهُمۡ وَلَا نِسَآءٞ مِّن نِّسَآءٍ عَسَىٰٓ أَن يَكُنَّ خَيۡرٗا مِّنۡهُنَّۖ وَلَا تَلۡمِزُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَلَا تَنَابَزُواْ بِٱلۡأَلۡقَٰبِۖ بِئۡسَ ٱلِٱسۡمُ ٱلۡفُسُوقُ بَعۡدَ ٱلۡإِيمَٰنِۚ﴾ الحجرات: ١١، واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە کەسانێکتان گاڵتە بە کەســـانێکی تر نەکەن، چونکە دەشـــێت گاڵتە پێکراوەکان لای خوای گەورە چاکتر بێت لە گاڵتە کارەکان. هەروەها ئافرەتان گاڵتە بە ئافرەتانی تر نەکەن، چونکە دەشێت گاڵتە پێکراوەکان لای خوای گەورە چاکتر بن لە گاڵتە کارەکان. عەیب و عار لە یەکتری مەگرن و ناو و ناتۆرەی خراپ لە یەکتری مەنێن، خراپترین زەمکردنیش ئەوەیە کە دوای موســـوڵمانێتی و ئیمانداریێتی کەسێك پێی بوترێت فاسق، گوناحکار، زیناکار... هتد.

- هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَلَا يَغۡتَب بَّعۡضُكُم بَعۡضًاۚ أَيُحِبُّ أَحَدُكُمۡ أَن يَأۡكُلَ لَحۡمَ أَخِيهِ مَيۡتٗا فَكَرِهۡتُمُوهُۚ﴾ الحجرات: ١٢، واتە: کەستان غەیبەتی کەسێکی ترتان نەکات، چما کەستان هەیە حەز بکات گۆشتی براکەی بە مردوویی بخوات؟ کە هەمووتان بێزی لێ دەکەنەوە.

- موســـوڵمان ڕازگرە، ئەگەر کەســـێك قســـەیەکی بە ئەمانەت لای یەکێکی تری موســـوڵمان درکاند و وتی ئەمانەت بێت بە کەســـی مەڵێ، دەبێت نهێنی ڕابگرێت و لای کەس نەیدرکێنێت، چونکە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (إذا حَدَّثَ الرجلُ الحديثَ ثم التَفَتَ فهي أمانةٌ)[(١)]، واتە: ئەگەر کابرا قسەی بۆ یەکێك دەکرد و لەو کاتەدا سەیری ئەملاولای خۆی کرد (تا بزانێت داخۆ کەســی تری لێیە و بیبیستێت) ئەوە مانای وایە قسەیەکە بۆ ئەمی دەکات و بە ئەمانەت لای دادەنێت، نابێت بیدرکێنێت و بڵاوی بکاتەوە.

- هەروەها دەفەرموێ: (المَجالسُ بالأمانةِ، إلَّا ثلاثةَ مجالسَ: سَفكُ دمٍ حرامٍ، أو فَرجٌ حرامٌ، أو اقتطاعُ مالٍ بغيرِ حقٍّ)[(٢)]، واتە: قسەی هەموو کۆڕ و کۆبونەوەیەك ڕاسپاردەیە و بە ئەمانەت

---

(١) ئەبو داود (٤٨٦٨)، ترمزی (١٩٥٩) و ئەفەرموێت: (حديث حسن)، ئەحمەد (١٤٥١٤)، شێخی ئەلبانیش بە حەسەنی داناوە.

(٢) ئەبو داود (٤٨٦٩)، ئەلبانی لە (ضعيف أبي داود)دا ئەفەرموێت: (ضعيف)ـە.

لای ئامادەبووان دەکرێت، بەڵام قسـەی سێ کۆڕ ئەمانەت نییە دەبێت بدرکێنرێت: ئەو کۆڕەی باسی کوشتنی کەسێکی بە ناحەق تێدا دەکرێت، ئەو کۆڕەی باسی زیناکردنی لەگەڵ کەسێکدا تێدا دەکرێت، ئەو کۆڕەی باسـی دزین و بردن و ماشـینەوەی سـامانی کەسێکی تێدا دەکرێت. یان پلان بۆ ئەنجامدانی دەکرێت یان کراون، موسـوڵمان نابێت بیانشـارێتەوە و لێیان بێ دەنگ بێت، چونکە مافی خوای گەورە و مافی خەڵکیی تێدا دەفەوتێت.

- موسوڵمان بەرپرسە لەوەی کە ئەگەر بەڵێنێکی دا بیباتە سەر، حەرامە بەڵێن بدات و نیازی وانەبێت بیباتە سـەر، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَوۡفُواْ بِٱلۡعُقُودِۚ﴾ المائدة: ١ ، واتە: ئەی ئەو کەسـانەی باوەڕتان هێناوە بەرانبەر گرێبەست و بەڵێن وەفاداربن و بیهێننەجێ. هەروەها: ﴿إِنَّهُۥ كَانَ صَادِقَ ٱلۡوَعۡدِ﴾ مريم: ٥٤، خوای گەورە لە باسی سەیدنا ئیسماعیلدا (عليه السلام) دەفەرمویت: ئەو بەڕاسـتی خاوەن بەڵێن بوو، ڕاسـتگۆیانە دەیبردە سـەر. بەڵێن نەبردنە سـەر نیشـانەی ئیمان لاوازی و دووڕوویيە. وەك پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (إذَا وعَدَ أخْلَفَ)[1]، واتە: دووڕوو کە بەڵێن دەدات نایباتەسەر.

- موسـوڵمان فەرمان پێکراوە کە ئەگەر دوا ڕاستگۆ بێت، ئەگەر پەیمانیدا ڕاستگۆیانە پێوەی پابەند بێت، ئەگەر سـوێندی خوارد ڕاسـتگۆیانە سـوێند بخوات و نەهێڵێت سـوێندەکەی لێ بکەوێت، موسـوڵمان سـەرڕاسـترین کەسـە کە خاوەن قسـەی خۆیەتی و خەڵکیش متمانەیان پێیەتی کە بەڕاسـتی ڕاسـتگۆیە و خاوەن بەڵێنە. پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (وما يَزالُ الرَّجُلُ يَصْـدُقُ ويَتَحَرَّى الصِّـدْقَ حتَّى يُكْتَبَ عِنْدَ اللهِ صِـدِّيقًا)[2]، واتە: کابرا هەروا بەردەوام ڕاستگۆیانە ڕەفتار دەکات و ڕاستگۆیی منە دەکات (بەدوایدا دەگەڕێت و پێوەی پابەند دەبێت) تا لای خوای گەورە بە زۆر ڕاستگۆ دەنووسرێت.

لە سـێ حـاڵەتـدا جائیزە موسـوڵمان درۆ بکات، کە لەم حاڵەتانەشـدا چاکترە (تەوریە) بەکاربهێنێت، واتە ئەو وشە و ڕستانەی دوو مانایان هەیە، ئەو سێ حاڵەتەیش پێغەمبەری خوا

---

(١) بوخاری (٣٣)، موسلیم (٥٩).

(٢) بوخاری (٦٠٩٤)، مولیم (٢٦٠٧).

(صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دیارییکردوون.. خاتوو ئوم كەلثوم[1] (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: (مَا سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُرَخِّصُ فِي شَيْءٍ مِنَ الْكَذِبِ إِلَّا فِي ثَلَاثٍ؛ الرَّجُلُ يَقُولُ الْقَوْلَ يُرِيدُ بِهِ الْإِصْلَاحَ، وَالرَّجُلُ يَقُولُ الْقَوْلَ فِي الْحَرْبِ، وَالرَّجُلُ يُحَدِّثُ امْرَأَتَهُ وَالْمَرْأَةُ تُحَدِّثُ زَوْجَهَا)[2]، واتە: گوێم لێ بوو كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە سێ حاڵەتدا ڕێی بە درۆكردن دا:

**یەكەمیان:** كاتێك كەسێكی ناوبژیوان دەیەوێت ناكۆكی و دووبەرەكی نێوان دوو لایەن لابدات و نێوانیان ڕێكبخاتەوە، (دەچێتە لای ئەملا و دەڵێت لایەنی بەرانبەر حەز دەكات ئاشت ببنەوە، دێتە تەرەفی ئەملاش وا دەڵێت). **دووەمیان:** لە حاڵەتی جەنگدایە (كە فەرماندەیەك بۆ نموونە ڕادەگەیەنێت كە سبەینێ هێرش دەست پێ دەكەین و ناشیكەن، بەڵام مەبەستی ماندووكردن و ترساندنی دووژمنەكەیانە). **سێیەمیان:** پیاو كە قسەیەك بۆ ژنەكەی دەكات، یان ژنەكە قسەیەك بۆ مێردەكەی دەكات (مەبەستیانە زێدە متمانەی یان هاندان لەسەر كارێكی خێری هاوبەش دەبێت نەك یەكتری فریودان).

- موسوڵمان فەرمانپێكراوە كە غەیبەتی كەس نەكات، ناشێت بە قسە و باسێك ناوی خەڵكی بهێنێت كە پێیان ناخۆش بێت، تەنانەت ئەگەر كافریش بن، مەگەر لە باسنەكردنیدا زیان بە كەسانی تر بگات یان زەروورەتێك بخوازێت ناوی بهێنێت و باسی بكات (وەكو شاهیدییەك لە دادگا یان ناساندنی).

- مسوڵمان فەرمان پێكراوە كە دووزمان نەبێت، قسەی ئەم و ئەو نەهێنێت و نەبادا ببێتە هۆی ناكۆكی و شەڕ و ئاژاوەی نێوان خەڵكی یان زیادبوونی دووبەرەكی و تەفرەقە و لێكدابڕان، پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەڕەشەی سەختی لە دووزمان كردووە كە بۆ فیتنەسازی

(١) ئەمە خاتوو (أم كلثوم بنت عقبة)یە نەوەك كچەكەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، لە دایكەوە ئەبێتە خوشكی عوسمانی كوڕی عەففان (خوا لێیان ڕازی بێت)، هەر زوو موسوڵمان بوو، وە چەند فەرموودەیەكی لە پێغەمبەرەوە (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ریوایەتكردووە، هەروەها یەكەمین ئافرەت بوو هیجرەتی كرد بۆ مەدینە دوای هیجرەتی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

(٢) ئەبو داود (٤٩٢١)، ئەحمەد (٢٧٢٧٥) و لەفزەكەش هی ئەوە، ئەلبانی لە (صحيح أبي داود)دا ئەفەرموێت سەحیحە.

قسـەی ئەم بۆ ئەو دەبات و قسەی ئەو بۆ ئەم دەهێنێت. دەفەرموێ: (لا يَدْخُلُ الجَنَّةَ قَتّاتٌ)[١]، واتە: دووزمان ناچێتە بەهەشتەوە ..

- موسـولْمان بۆی نییە بە دووڕوو خۆی دەرخات، ناشـێت (ئیزدیواجی) بێت: سـەر زارەکی خۆی پیاوچاکانە نیشاندات و کە چاوی خەڵکی لێ دیار نەما پیاوخراپانە ڕەفتار بکات، ناشێت لە حوکمی شـتێکدا ڕۆشـن و ڕاشـکاو و ئاشـکرابێت کە بۆ کەسێکی نزیك خۆیەتی کە چی بە منجەمنج و ئاڵۆز و دوو دیوانە حوکمەکە بۆ کەسێکی تر بدات، تەنانەت لە ڕەفتاری ئاساییشیدا هەر دەبێت جوامێر و سـەرڕاسـت و ڕاسـتگۆ بێت، چونکە حوکمی دووزمان و دووڕوو زۆر دژوار و سەختە و سزای قیامەتی بە ژان دەبێت. پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (مَنْ كَانَ لَهُ وَجْهَانِ فِي الدُّنْيَا، كَانَ لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ لِسَـانَانِ من نارٍ)[٢]، واتە: هەر کەسـێك لە دونیـادا دووڕوو بێت (ئەمە مونافیق نییە و موسـوڵمانە و خۆی بە دوو کەسـی جیاواز یان ڕەفتاری پێچەوانە نیشـان دەدات) خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا دوو دانە زمانی ئاگرینی لە دەمدا بۆ دروست دەکات. هەروەها دەفەرموێت: (تَجِدُ من شَرِّ النَّاسِ يَومَ القيامةِ ذا الوَجهَيْنِ: الذي يَأتي هؤلاء بِحَديثٍ، وهؤلاء بِحَديثٍ)[٣]، واتە: دەبینیت لە ڕۆژی دواییدا خراپترین کەس دووڕوو دەبێت، کە دێتە ئەملا قسەیەك دەکات و دەچێتە ئەولا قسەیەکی تر دەکات.

- موسـوڵمان حەقبێژە و لە وتنی حەقدا نەترسـی هەیە نە تەماع، چونکە دەزانێت قسـەی حەقکردن جیهادە، باشترین جیهادیش وتنی قسەی حەقە لای دەستەڵاتداری ستەمکار، وەکو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ڕوونی کردووەتەوە کە فەرموویەتی: (أَفْضَلُ الْجِهَادِ كَلِمَةُ حَقٍّ عِنْدَ سُـلْطَانٍ جَائِرٍ)[٤].. ئەمما ئەگەر موسـوڵمان ناچار بوو نەرموونیانی بنوێنێت و مودارات

---

(١) بوخاری (٦٠٥٦)، موسلیم (١٠٥)، ئەبو داود (٤٨٧١)، ترمزی (٢٠٢٦).

(٢) ئەبو داود (٤٨٧٣)، دارمی (٢٧٦٤)، ئیبنو حیببان (٥٧٥٦)، ئەبو یەعلا (١٦٢٠)، شـێخی ئەلبانی لە (صحيح الجامع) (٦٤٩٦) بە سەحیحی داناوە.

(٣) نووسـەری ڕەحمەتی نووسیویەتی بوخاری و موسلیم، بەڵام لای بوخاری (٧١٧٩) و موسلیم (٢٥٢٦) کەمێك جیاوازە: (إنَّ شَرَّ النَّاسِ ذُو الوَجْهَيْنِ، الذي يَأْتي هَؤُلَاءِ بوَجْهٍ، وهَؤُلَاءِ بوَجْهٍ).

(٤) ئەبو داود (٤٣٤٤)، ترمزی (٢١٧٤)، هەروەهـا ئیبنو مـاجە (٤٠١١) و لەفزەکەش هی ئەوە، شـێخی ئەلبـانیش لە (صـحيح الجامع)دا بە سەحیحی داناوە.

بكات بۆی هەیە، بەڵام نابێت لە حەق لادات، نابێت باتڵ سەرخات و درۆ بكات.

- موســوڵمان حەز ناكات مەدحی خەڵكی شــیاو لە پێش چاوی خۆیاندا بكات، نەبادا بە ڕیاباز وەسف بكرێت یان گومانی خراپی پێ ببەن كە گوایە مەرامی شتێكی بە مەدحكراوەكەیە بۆیە وا دەڵێت! هەروەها نەبادا ئەو مەدحە مەدحكراوەكە تووشــی هەڕاڵی و لەخۆبایی بوون بكات، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (إِنْ كانَ أَحَدُكُمْ لَا بُدَّ مَادِحًا أَخَاهُ لَا مَحَالَةَ فَلْيَقُلْ: أَحْسِبُ فُلَانًا، وَلَا أُزَكِّي عَلَى اللَّهِ أَحَدًا، وَحَسِيبُهُ اللَّهُ إِنْ كَانَ يَرَى أَنَّهُ كَذَلِكَ)[1]، واتە: ئەگەر هەر دەبوو كەســێكتان مەدحی براكەی بكات با بڵێت: وا دەزانم وایە و من تەزكیەی كەس بەسەر خوای گەورەدا ناكەم، خوا چاودێریتی.

شــەرعناســان و زانایان دەفەرموون ئەگەر ئەو دوو مەترسییە لە مەدحكردنەكەدا نەدەبوو (مەترسی ڕیابازی خۆی یان لەخۆباییبوونی مەدحكراوەكە) بۆی هەیە لەڕووی خۆشیدا مەدحی بكات مادام حەقە و وایە.

- موسـوڵمانان فەرمان پێكراوە كە ئەگەر دووا قسـەی جوان و ڕاسـت و دروسـت بكات و هەڵە و چەوتی تێدا نەبێت، دڵنیا بێت لەوەی هەواڵەكە وایە كە ئەم دەیەوێت بیگەیەنێت، حوكمە شـەرعییەكە وایە وەكو كە ئەم دەیەوێت باسـی بكات، واتە لە ڕووی زانستییەوە ڕاستی نەقڵ و دروســتی ئەقـڵ و واقیعی بێـت، نەك لەبەر خـاتری بەرانبەر یـان گوێگران وا بڵێ، چونكە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (أَجْرَؤُكُمْ عَلَى الْفُتْيَا أَجْرَؤُكُمْ عَلَى النَّارِ)[2]، واتە: ئازاترینتان لە فەتوادادا ئازاترینتانە كە ڕوو لە ئاگری دوزەخ بكات!

- موسـوڵمان قسـە دەكات سوود و قازانجی گوێگرانی ڕەچاو دەكات، قسە و باسێك ناكات ئاژاوە بنێتەوە، یان زیانی بۆ عەقیدە و خواپەڕاستی و دینداریی گوێگرەكانی هەبێت. عەبدوڵای كوڕی مەسعود (خو لێی ڕازی بێت) دەفەرموێ: **(ما أَنْتَ بِمُحَدِّثٍ قَوْمًا حَدِيثًا لا تَبْلُغُهُ عُقُولُهُمْ،**

---

(١) بوخاری (٦٠٦١)، موسـلیم (٣٠٠٠)، ئەبو داود (٤٨٠٥)، هەروەها تەبەری لە (تهذیب الآثار) (١٣٩) هێاویەتی و لەفزەكەش هی ئەوە.

(٢) دارمی (١٥٧) بە مورسەلی ڕیوایەتی كردووە، واتە یاوەر لە سەنەدەكەیدا نییە، هەروەها ئیمامی (السیوطي) لە (الجامع الصغیر) (١٨٢) هەر بە مورسەلی هێناویتی، شێخی ئەلبانیش لە (السلسلة الضعیفة) (١٨١٤) بە زەعیفی داناوە.

**إِلَّا كَانَ لِبَعْضِهِمْ فِتْنَةً**[١]، واتە: تۆ قسە و باسێکی تایبەت بۆ خەڵکانێك بکەیت کە ئەقڵیان پەی پێ نابات و ژیرییان وەرینەگرێت، حەتمەن بۆ هەندێکیان دەبێتە مایەی گومان و دوودڵی و لاوازیی دینداریێتی.

- موسوڵمان خۆی خاوەنی دەسەڵاتی قسە کردنە، ئاڕاستەش کراوە کە چی جائیزە و چی جائیز نییە، بۆیە دەبێت هەمیشە خۆی پابەند بکات بە سنووری شەرعەوە تاجێمتمانە دەرچێت، تا ڕاستگۆ بناسرێت و باوەڕیان پێی بێت..

لەکۆتایی ئەم خاڵەدا ئەو ئایەتە وەبیردەهێنینەوە کە چرپە و دواندنی ئەسپایی نێوان دوو کەسیش هەر دەبێت لە چاك و چاکسازیدا بێت، چونکە فەرمانی خوای گەورەیە کە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا تَنَٰجَيۡتُمۡ فَلَا تَتَنَٰجَوۡاْ بِٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِ وَمَعۡصِيَتِ ٱلرَّسُولِ وَتَنَٰجَوۡاْ بِٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ﴾ المجادلة: ٩، واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، ئەگەر لەناو خۆتاندا بە چرپە دووان، با چرپەکردنەکەتان گوناح و سنووربەزاندن و سەرپێچیی فەرمانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) نەبێت، با چرپەتان خێرخوازی و دینداری و تەقواکاری بێت.

## ٢- کەسایەتیی سەربەخۆ و جیاوازی موسوڵمان لە خۆراك و خواردنەوەیدا:

غەیرە موسوڵمان زۆر خۆی بە سنووری خۆراك وخواردنەوەوە خەریك ناکات، چونکە حەرام و حەڵاڵی بەلاوە گرنگ نییە، کافر گۆشتی بەراز بخوات یان سەربڕاوی حەرام (کە حوکمی مردارەوەبووی هەیە) بەلایەوە وەکو یەکە مەگەر تەبیعەتی نەیبات.. کافر پێی هیچ گرنگ نییە کە ئەو مەڕە حەڵاڵ سەربڕاوە یان حەرام (ئەو پێی وایە لە هەردوو حاڵەتەکەدا هەر گۆشتی مەڕ دەخوات و جیاوازیی حەرام و حەڵاڵەکە لە تام و سوودیدا نییە).. موسوڵمان کە خوێن بە پیس دەزانێت کافر دەیخوات، شەراب کە لای موسوڵمان حەرامە کافر پێی حەڵاڵە و دەیخواتەوە، موسوڵمان بەدەستی ڕاستی دەخوات کافر بەدەستی چەپ و بەلایەوە گرنگ نییە ئەگەر بەدەستی ڕاستیش بخوات.

موسوڵمان هەر لە سەرەتاوە باوەڕی وایە کە خوای گەورە ئەم گەردوون و ژیان و مرۆڤەی

---

(١) موسلیم (٥) لە پێشەکیی سەحیحەکەیدا هێناویەتی.

خەڵقکردووە بۆ ژیـانی مرۆڤی چاك كردووە، خوای گەورە کە خاوەنی مرۆڤ و ژیانێتی؛ مافی خۆیەتی یاسـا و ڕێسـا و ئەحكام بۆ ئەم مرۆڤە داڕێژێت و ڕێی هەندێك خۆراك و خواردنەوەی لێ بگرێت، جا بۆ تاقیکردنەوەی گوێڕایەڵی و عەبدێتییەکەی بێت یان بۆ سەلماندنی سەبرگرتنی یان لەبەرئەوەی بێت کە زیانی بۆ تەندروسـتی مرۆڤ هەیە، لەم ڕوانگەیەوە کە موسـوڵمان ئەو خۆراك و خواردنەوانە ناخوات و ناخواتەوە کە لە دینەکەیدا حەرامن: نە گۆشتی بەراز دەخوات نە گۆشـــتی دڕندە کەڵبەدارەکانی وەکو شـێر یان باڵندە چڕنوکدارەکانی وەکو هەڵۆ، خوێن و شەراب و ئەو شلەمەنی و کەرەستانە ناخوات و ناخواتەوە و هەڵنامژێت کە حەرامن، تەنانەت لە خواردنی گۆشـتی ئەو گیانلەبەرانەشـدا کە لە ئەسـڵدا خواردنیان حەڵاڵە وەکو گا و مەڕ و مریشك خۆ دەگرێتەوە، ئەگەر بە شێوازێکی شەرعییانە سەرنەبڕابن، کە دەبێت کاتی سەربڕین ناوی خوایان لەســـەر هێنرابن، وەك و ڕەمزێك بۆ ئەوەی کە ئەو خوایەی کە ئەم گیانلەبەرەی خەڵقکردووە و زینـدوو ڕایگرتووە، هەر ئەویشـــە کە مۆڵەتی ســـەربڕینی داوە و بە فەرمان و ڕێپێـدانی ئەو ژیـان لەم گیانلەبەرە دەسـێنرێتەوە، تەنانەت خودی ســـەربڕینەکەش دەبێ بەو چۆنیەتییە بێت کە شـەرع دیارییکردووە، کە بڕینی شـا دەمارەکانی مل و گەروو تا خوێنەکەی دەرچێت (ئەمە لە غەیری ڕاوکرندا)[1].

بێگومـان حیکمەت لە هەر یەك لەم ئەحکـامە خواییـانەدا هەیە، چونکە یەکێـك لەنـاو و سـیفەتەکانی خوای گەورە (حکیم)ە، واتا: دانا. شـەراب حەرامە چونکە زیانبەخشـە، گۆشتی بەراز حەرامە چونکە زیانبەخشـــە، گۆشـــتی گیانلەبەرە حەرامەکانی تر حەرامکراون چونکە زیانیان بۆ مرۆڤ هەیە، دەشـێت زیانی تەندروسـتی بێت هەروەکو دەشـێت زیانێکی ئەخلاقی بێت.

---

(١) ڕاوکردنیش ئەحکامی تایبەت بە خۆی هەیە کە لە کتێبە شـەرعییەکاندا بە تەفسـیل باسـکراون، ئەوانیش ئەگەر بەپێی مەرجە شـەرعییەکان نەبێت خواردنیان جائیز نابێت، ڕاوبۆچوونی جیاوازی مەزهەبەکان و شـەرعناسانیش لەو تەفسیلاتانەدا هەیە دەربارەی چۆنییەتی سـەربڕین و ناوی خوا هێنان و نەهێنانی بە ئەنقەسـت یان بیرچوونەوە، هەروەها سـەربڕراوی دەسـتی ئەهلی کیتاب و ....، دەشێت لەوێ بخوێنرێن. (نووسەر)
منیش بە فەزڵی خوای گەورە بە تەفســیل ئەو ئەحکامانەم نووســیون، خوا قبوڵی بکات و بیخاتە بەردەســت موســوڵمانانی کورد. (وەرگێر)

خۆراك كاریگەریی لەسەر جەستە و دەروونی مرۆڤ هەیە، ئەو كەسەی كە ڕووەكییە و بە هیچ شێوەیەك گۆشت ناخوات لە ڕووی دەروونیەوە جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەو كەسانەی گۆشت دەخۆن. دیسان خواردنی جۆرە گۆشتێكیش كاریگەریی تایبەتی لەسەر كەسەكان هەیە، لەوانەیە خواردنی گۆشتی بەراز لە ڕۆژئاوا كاریگەریی لەسەر غیرەت و بەرگریكردنیان لە ناموس و ئابڕوو هەبێت.[1] بەهەرحاڵ موسوڵمان پابەندە بە دینەكەیەوە و ئەوەی حەرامە نایخوات و نایخواتەوە، جا بزانێت زیانبەخشە یان نەزانێت، چونكە ئەو كەسەی گۆشتی بەراز ناخوات لەبەر فەرمانەكەی خوای گەورەیە كە خوای كردگار خاوەنە و بەرهەڵستیی لە خواردنی كردووە.. مەسەلەكە لە سەرەتایەوە مەسەلەی تەسلیمبوونە بە فەرمانی خوا.. ئەمە كێشەیەكی عەقائیدییە، ئەمە لە سەرەتاوە قبوڵكردنی مافی خوای گەورە و ئیعترافپێكردنێتی كە تەنها ئەو مافی ڕێسادانان و شەرع دیاریكردنی هەیە و بەس، ئێمەی موسوڵمان بە عەبدێتیمان بۆ خوای گەورە ڕازیبووین و فەرمانەكانیمان بێ چەند و چوون وەرگرتووە، كافر وانییە، كافر ئیعتراف بە دەسەڵاتی خوای گەورە ناكات بەسەریەوە، ئەگەر خۆراكێكی نەخوارد پاڵنەری ترە و خۆی سەرپشكە، ئەمما موسوڵمان سەرپشك نییە، چونكە لە سەرەتاوە ئیعتیرافی بە دەسەڵات و مافی خوایەتیی خوای گەورە كردووە كە یەكێك لە سیفەتەكانی خوایەتی یاسا و ڕێسا و ئەحكام داڕشتنە. موسوڵمان لە سەرەتاوە ئیعترافیشی بەوە كردووە كە (محمد المصطفى) (ﷺ) نێردراوی خوای گەورەیە و وەحیی بۆ هاتووە و ڕاستگۆیانە گەیاندوێتی، لەو ئەحكامانەش كە لە وەحییەكەدا ڕاستەوخۆ هاتووە یان بە شەرحی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتووە ئەم حەرام و حەڵاڵێتییەی خۆراك و خواردنەوەیە.

- موسوڵمان لە كاتی خواردن و خواردنەوەی (بسم الله) دەكات، كە تەواو بوو (الحمدالله) دەكات، دوعای خێر و بەرەكەت و ڕۆزی تری حەڵاڵ دەكات، ئەوەیش وەكو ڕەمزێكە، ئیعتیرافكردنێتی بەوەی كە دەیخوات بە ڕێپێدانی خوای گەورەیە، دەنا نەیدەخوارد، بەدەستی ڕاستی دەخوات تا لە هەموو غەیرە موسوڵمانێك جیابێتەوە و هۆشی لەوە بێت كە ڕاست چاكترە

(١) ئەمە شتێكی زانستیی سەلمێندراوە و دكتۆرانامەی لەسەرە، هەر لە ڕۆژئاواش وا نییە، لە هەموو ئەو كۆمەڵگانەی بەراز دەخۆن هەر وایە، وەكو باشووری ئاسیا و زۆر وڵاتی ئەفریقیا و ئەمریكای لاتینی و باشووریش..

لە چەپ.

خواردن و خواردنەوە چەندین ئادابی تریشـی هەیە کە هەر هەمووی لە ڕوانگەی عەقیدەوە هـاتوون و لەگەڵ (عەقیـدە و عیبـادەت و شـەریعەت)دا دەگونجێن، بە هەموو ئەمـانەیش موسـوڵمان لە کافر جوێ دەبێتەوە و دەیسـەلمێنێت کە کەسـایەتیی موسـوڵمان سـەربەخۆ و جیاوازە.

لەوانەیە ئێمە بە هێنـانەوەی ئەم دوو نمونەیەی سـەربەخۆیی و جیـاوازیی کەسـایەتی موسوڵمان (بە ئادابی دوواندن و ئادابی خواردن و خواردنەوە) ئەوەمان کەمێك ڕوون کردبێتەوە کە موسوڵمان هەر وەکو لە دید و تێڕوانین و پێناسەی عەقائیدییەکان و دروشمەکانی پەرستن و ئەحکامەکانی شەریعەتکەیدا جیاوازە؛ لە ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریتی قیبەمی کۆمەڵایەتیشیدا جیـاوازە، نەك هەر جیـاوازە؛ بەڵکو ئەوەی کە لە سـەرێتی لە دیـد و ڕێ، چاکتر و جوانتر و بەسوودترە، جوانتر و کامڵترە لەو دید و ڕێیانەی ئەهلی کوفر گرتوویانەتەبەر.

هەر کەسـێك بە ئینسـافەوە بڕوانێتە داڕشـتنی کەسـایەتیی موسـوڵمان و ورد سـەرنجبداتە ئاڕاسـتەکانی ئیسـلام لە پەروەردەکردنی کەسـایەتیی تاك و کۆی ئوممەتەکەیدا؛ هەسـت بەوە دەکـات کە هەرچی جوانی و چاکی و بەرژەوەندییە لەم دبونەریتانەدا کۆبوونەتەوە، ڕەفتارێکی چاك لە شـوێنێك نییە کە ئەم دینە ئیهمالی کردبێت، زیانێکیش لە جێیەك نییە ئیللا ئەم ئیسلامە لە تاك و کۆی ئوممەتەکەی خۆیی دوورخستووەتەوە.[١]

### خاڵی نۆیەم: سەربەخۆیی و جودایی کۆمەڵگەی موسوڵمان:

شـتێکی سروشتییە کە تاکی موسوڵمان ئاوا جیاواز بێت و کەسایەتیی ئیسلامیانەی خۆی لە هەموو کەسـێکی تر جیاواز بێت، حەتمەن ئەو کۆمەڵگە موسـوڵمانەش کە ئەم تاکانە لەناو خۆیاندا پێکدەهێنن لە کۆمەڵگەی غەیرە موسـوڵمان جیاواز دەبێت و کەسـایەتیی ئیعتیباری

---

(١) سـەیری خوێن خواردنی ئەوڕوپا و مەیموون خواردنی ئەفریقا و خواردنی باشووری ئاسیا (چین و ڤێتنام و کۆریا و کەمبۆدیا و ...هتد) بکە! سەیری شەرابنۆشی و جگەرەکێشان و مادەهۆشبەرەکان بکە!!

خۆی لە کەسایەتیی کۆمەڵگەی غەیرە موسوڵمانەکان جیاواز دەبێت.. پێشتر ئاماژەمان بەوە دا کە زۆر لەو دەزگا و دائیرانەی کوفر بۆ کۆمەڵگەی خۆی دروستـت کردووە؛ بۆ کۆمەڵگەی موسـوڵمان ناشـێن و زۆر لەو کەسـانەی دەکرێنە سـتارەی بەناوبانگی وەکو گۆرانیبێژ و مۆسیقاژەن و سـەماکەر و داوێنپیسـانی فلیمەکانیان و لەشـفرۆشـەکانیان[1]، بە هیچ کلۆجێك لەگەڵ کۆمەڵگەی موسـوڵمان و قییەمی ئیسـلامیدا ناسـازێن، لە بەرامبەریشـدا ئەوەی لای موسـوڵمانان خاوەن پلەی ڕێزە و لەپێش کەسایەتییەکانی کۆمەڵگە و ئوممەتەوە لای کافران و کۆمەڵگەکەیان هیچ جێی بایەخی تایبەتی نابن (وەکو مەلا و قورئانخوێن و بانگدەر و هتد...).

لێرەدا چوار بواری چالاکیی کۆمەلایەتیی مەدەنی نیشان دەدەین کە کۆمەڵگەی موسوڵمان دید و مومارەسـەی بەرامبەریان جیاوازە لە دید و مومارەسـەی کۆمەڵگەی غەیرە موسـوڵمان دەربارەیان.. ئەم بوارانەش لەم سەردەمەدا جێی ڕێزن:

١- هونەر و جوانی.

٢- نەتەوایەتی و نیشتمانێتی و دەمارگیری و نەژادپەرستی و عەشیرەتگەرێتی.

٣- ئازادی و سەربەستی.

٤- یەکسانی و برایەتی.

### ١- هونەر و جوانی:

جوانی لە کۆمەڵگەی کافراندا پێش ڕەوشتە، لە دابونەریتی تاك و کۆی ئەواندا جوانی خۆی ڕەوشتە و دەبێت ئاشکرا بکرێت، هونەر ڕەوشتە، ئەگەر هونەرێك لەگەڵ ڕەوشتدا دژ وەستانەوە، ڕەوشتی بۆ کەنار دەخرێت، بۆ نموونە:

(١) ئـافرەتێکی پۆڵۆنی لە (٢٠٠٣)دا ڕایگەیـانـد کە بۆ ئەوەی ببێتە یەکەمین ئـافرەتی جیهـان لە زیناکردندا بڕیاریداوە زینا لەگەڵ هەزار پیاودا بکات لە جیهاندا، لە پۆڵەنداوە بۆ ڕۆژهەڵات تا ڕووسـیا ئینجا ئەوروپا و لە ئیسـپانیاوە بۆ مەغریب و تا لوبنان (٥٨٠) زینای کردبوو تا مانگی (١٠/٢٠١٣)!

ئەگەر ئـافرەت جوانیی خۆی نیشـــانی هەموو کەســـێك بدات ئەمە کارێکی پەســـەندە، تا زیـاتریش بتوانێـت خۆی جوان بکـات و خۆی بڕازێنێتەوە و خۆ بۆنخۆش بکـات چـاکترە، تا هۆکاری خرۆشـان و سـەرنجڕاکێشـان بەلای خۆیدا بگرێتەبەر کەمە، با هۆکاری تر دابهێنێت، چۆن دەتوانێت خەڵکی تووشـــی (فتنة) بکات با بیکات، بۆ ئەو ڕەفتارێکی پەســـەند و چاکە، ئەگەر ئەمە ئارەزووی خەڵکی دەجوڵێنێت و حەزیان دەخروشـــێنێت و بە ئاڵۆشـــی جنســـیان دەهێنێت کەیفی خۆیانە، ئافرەتەکە بەرپرس نییە لێی، خەڵکی کە هۆشیان لەوە دەبێت و هۆشیان لە خۆیان و کار و لێخوڕین و ڕەفتاریان نامێنێت بەرپرسێتی خۆیانە!

ئەگەر ئەمە ئابڕووە و دەتکێ، خزمەکانی ئافرەتەکە پێیان ناخۆشـە ئەوە غیرەی کەسایەتی و دابونەریتی کۆنی خۆیانە! ئەگەر ئەم سـفووری و ئیسـارەکردن و سـەرنجڕاکێشـانەی ئافرەت دەبێتە مایەی تەشەنەکردنی زینا و داوێنپیسی و شەڕ و شۆڕ و کار لەدەستدان و هتد ... ئەمانە هیچیان ئەوەندە بەنرخ نین تا ببنە بەربەستی ڕێی جوانی دەرخستن و چێژ و حەز خرۆشاندن!

پەیکەرتاشی بەشێکی گرنگ و سیمایەکی جوانی و شارستانێتییە و کۆمەڵگەی کافر شانازیی پێوەدەکات، چونکە بەلایانەوە نیشـانەی زەوق و شەوق و چێژی جوانخوازییە، هیمای زیندوو ڕاگرتنی ناودارانە، وێنەکێش و پەیکەرتاشـی لە هەستی بەرز و ناسکیانەوە ئەو ناودارانەیان بە بەرهەمەکـانیـان نەمرانە لەنـاو گەلدا هێشـــتووەتەوە، بۆیە ئەوانیش هەڵکەوتەن و جێی ڕێزن، بەرهەمەکانیشیان هونەرە و لە لوتکەی ڕێز و پێزانیندان.. ئا ئەم دید و تێڕوانینە لاسەنگەیە وای کردووە پەیکەرێك یان تابلۆیەك بە ملیۆنەها دۆلار بفرۆشرێت.. ئەمەش لە کۆمەڵگەی کافراندا پەسـەندە و نیشـانەی هەسـتی ناسـك و دیدی شـارستانیانەیە! ئەمە لای ئەوان ئاوایە، با لای موســوڵمان جۆرێك بێت لە گەلۆریی ئیســتیکبارانە و بە پیرۆزدانانی تاشــەبەردێك یان کۆمەڵە ڕەنگێکی ڕێکخراو! با لای موسـوڵمان پارە بە هەدەردان و کات بەفیڕۆدان و هەسـت مردوویی چینایەتی بێت.. با لای موسوڵمانیش سەیر بێت کە چۆن ئەو هونەرمەندە ئەو هەزاران هەزارەی کاتی خۆیان بە ڕوانین و تێرامانی ئەو پەیکەر و تابلۆیانەوە بەسـەر دەبەن و سـەفەر بۆ بینینیان دەکەن.. با لەلای موسوڵمان زۆر ناپەسەند و ناڕەواش بن بەتایبەتی ئەو پەیکەرانەی وەکو بت دەپەرسـترێن و ڕوویان بۆ پاڕانەوە تێدەکرێت، وەکو پەیکەر و تابلۆکانی سەیدنا عیسا و دایکی

(علیهما السلام) کە وێنەیەکی خەیاڵیی بەرجەستەکراون (یان پەیکەری بودا و خواکانی سیخ و هیندۆس)، هەروەها پەیکەری پاپا و قدیســەکان، یان پەیکەری (نعوذ بالله) خواکانی جوانیی ڤینۆس و ...هتد،[1] هەروەها پەیکەری ڕووت و وێنەی جنسی و تەنانەت وێنەی کاتی سەرجێیی (جیماع) و جۆرەهای تری وەك کچی گەنج بە ڕووتی عەورەتی، گوایە وێنەی پاکیزە (طهارة)یە! ئیتر سەدان بواری ڕاستەوخۆ و لاوەکی، دیمەنی خرۆشێن و بەرەڵا و پیس و بەد کە زۆریان لەوەتای ئیبلیس هەیە وێنەی حاڵەتی وای بەبیردا نەهاتووە! وەکو شێوە نامۆکانی سەرجێیی و (جنسی وەکو یەك (مثلی) و جنسکردن لەگەڵ ئاژەڵ و بە ئەدەوات و ئامێر و ...هتد) هەمووشی هەر بەڕێزەوە سەیر دەکەن گوایە هونەر و دەست ڕەنگینییەیان مایەی چێژی چاو و ئارەزووی جەستەن!

هەروەهــا شــیعر و ئەدەب لە دید و مومارەســەی کافراندا گوزارشــتە لە خودی مرۆڤ، نیشـاندانەوەی هەسـت و هۆش و حاڵەتەکانی دەروون و ڕەفتارەکانی جەستەیە، ئاسایی بن یا نـامۆ، جوان بن یـان ســەخیف، بەڕێز بن یـان قێزەون هەر لایـان قبووڵە (چونکە دەڵێن: پەسـەندی و ناپەسەندی ڕێژەیین، ئەوەی لای یەکێك پەسەندە لای یەکێکی تر ناپەسەندە، ئەو لای تۆ نامۆیە لای ئەو سروشتییە... وەهەروەها).

ئەدەب لای کافران بەڵگەی بەردەسـتە بۆ بەهانەی هەر شـتێکی نامۆ و پەڕیدە و سـەیر کە مرۆڤ دروسـتی دەکات و لای خەڵکی تر شـرینی دەکات. چیرۆکێکە و دایڕشـتووە بە دەیان بەهانە دەروازەی خۆشـویسـتنی پیاوانی نامەحرەم لە ئافرەتان دەکاتەوە، دەیان (تەبریر) دەداتە پیـاو بۆ بەرەڵابوون و لە ســنوور دەرچوون. ئەدەب هەموو هەلێـك بۆ حەزی مونحەریف دەڕەخسێنێت و سەدان شێوازی فریودان و فێڵ و درۆ دەخاتە بەردەستی هەمووان، ڕۆمانێکە و لە دەیان لاوە خوێنەران فێری کێبڕکێ و بردنەوەی هەلی شەڕخوازی دەکات. یەکێکی تر دەیان بەهـانە و بیـانوو بۆ تاوانبار دەهێنێتەوە، لەســەر حســابی کومەڵگە و قییەمی یان دەوڵەت و یاسای..

(١) یان وێنەکانی (ئیمام عەلی) و (ئیمامی حوسەین) و کارەسەتی (کەربەلا) ی شیعەکان کە هەر وەکو شیرکی جولەکە و دیانەکانە.

شـــيعرێـك دەبينيـت (هەجوو)ە بە كەيفی خۆی هەرچی كەلێن و كوونی هەجووكراوەكەی ئاشـكراكردووە و لە كۆمەڵگەدا لای نەوەكانی داهاتووشـی فەزح كردووە، شـيعرێكی تر وەكو ديمەنی جنسـی دەخرۆشـێنێت، باسـی ديدار و باوەش و ماچ و زيناكردن بە ناوی دڵداری و خۆشـەويسـتييەوە ڕەواج پێ دەدات، يەكێكی تريش ئاوازی بۆ دادەنێت و دەيكاتە گۆرانی و لەگەڵ جۆرەهـا ئـامێر و نۆتەی مۆسـيقايی دەيكاتە مايەی جۆش و خرۆش[1].. ئينجا يانە و سـاڵۆنی ڕەسـمی و ئەهلی دەيكـاتە مـايەی ئـاهەنگ و بۆنەی شـەراب و سـەما و ماددە هۆشبەرەكان و تياترۆ، ئاهەنگی گۆرانی و موسيقا و ڕەشبەڵەك و تێكەڵاوی لە هەموو لايەكەوە بواری داڕمانی قييەمی كۆمەڵايەتی و ڕێسـا و بنەمای ڕەوشتی بەناوی ئازادييەوە دەكرێتەوە، تا سيمای كۆمەڵگەكە دەبێتە سيمايەكی ئارەزوومەندی جنس و موخەدديرات و سەما و گۆرانی...، ئەمـانە بێ نەخشـە نەهـاتوونەتەدی، بەبێ پلان نييە كە ڕێ لە ژيری و هزری پيـاوماقوڵانی كۆمەڵگاكان گيرا تا ئەم بوارە بەڕەڵاييە بۆ هەمووان بكرێتەوە و كۆمەڵگە وای لێ بێت ئاسـان كۆنترۆڵ بكرێت، ئاوا لە ڕوانگەی ئەم ديد و مومارەسـەوە پێناسـەی ڕەوشت بووە بە هێنانەديی بەژەوەندی و تێركردنی حەز و هەواوهەوەس بەو ڕادە و بڕەی لە تواناندا دەبێت و دەڕەخسێت.

ئاخر بۆيە خوای گەورە پێشـەكی و ئەنجامی ئەو شـەيتانخوازييەی بۆ موسـوڵمانان ڕوون كردۆتەوە كە فەسـاد هەر سـەرزەمين ناگرێتەوە، سـەرئەنجامی ئەو خراپكاری و لاسـەنگييەی ئاسمانەكان و زەويش تێكدەچن: ﴿وَلَوِ ٱتَّبَعَ ٱلْحَقُّ أَهْوَآءَهُمْ لَفَسَدَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ وَمَن فِيهِنَّ﴾ المؤمنون: ٧١، واتە: ئەگەر حەق شـوێن هەواوهەوەسـی ئەوان بكەوتايە ئاسـمانەكان و زەوی و هەرچی تێياندايە خراپ دەبوون.

هەروەها: ﴿وَيُرِيدُ ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلشَّهَوَٰتِ أَن تَمِيلُوا۟ مَيْلًا عَظِيمًا ﴿٢٧﴾﴾ النساء: ٢٧، واتە: ئەوانەی كە شـوێنكەوتەی هەواوهەوەسن، دەخوازن ئێوەش بەشێوەيەكی زۆر دژوار تووشی ئينحيراف بكەن و لەدين و ديد و ڕێی خۆتان لادەن.

---

(١) يەكێكی تريش لەگەڵ جەستەی ڕووت و هانكەهانك و لەنجە و سەمادا دەيكتە (كليپ)! و كۆمپانيايەكيش بۆ سەرمايەی خۆی بڵاوی دەكاتەوە.

ئەمما کۆمەڵگەی موسـوڵمان بە کۆڕا (ئیجماع)ی زانایان و شـەرعناسـانی هەموو جۆرە پەیکەرێکی مرۆڤ یان ئاژەڵ یان گیانلەبەرانی تری پێ شـیاو نییە و حەرامە و نەهێشـتن و لادان و ڕادانی پێویستە، چونکە ڕێڕەوێکە بەرەو شیرك و دەروازەیەکە بۆ بتپەرستی و بوارێکە بۆ بە فیرۆدانی پارە و کات و پسـپۆڕی لە شـتێکدا کە هیچ جۆرە سوودێکی بۆ کەس نابێت، ئەمە جگە لەوەی سـەلماندن و چەسـپاندنی قییەمی کۆمەڵگەی کافرانە و ئێمەی موسـوڵمان بۆمان نییە لاسـاییان بکەینەوە و شـوێن پێی ئەوان هەڵگرینەوە. پەیکەرتاشـی و دانانی دیمەنێکی فەسـاد و خەڵەفاوێتی فیکری مرۆڤاییەتییە، گومڕاییەکی ئاشـکرایە کە خەڵکی وایان لێ بێت تاوێرێکیان لا بەنرخ بێت!

لەوانەیە یەکێك بڵێ: زەمانی ئەوە نەماوە مەترسی پەرستنی پەیکەرێك لە ئارادا بێت. دەڵێین: باشـە بچۆرە کڵێسـایەکی دیانەکان و ببینە، پەیکەرە و دەپەرسـترێت، هانای بۆ دەبرێت و لێی دەپاڕێنەوە (بچۆرە تیمپڵێکی بوداییەکان و ببینە چۆن خەڵکی بەپێی پەتی و سـەری ڕووت، بە زەلیلییەوە لەبەردەسـت پەیکەری بودادا بە ملکەچییەوە وەسـتاون و دەپاڕێنەوە و دەیپەرەستن، هەروەها سیخ و هیندۆس و خوا چوار دەستەکانیان)!

بڕوانە ئەو پیرۆزییەی بەبەر پەیکەری پیاوچاکانی دینی و پێشـەوایانی سیاسـی و سـەرۆکە جاهیلییەکان کە کوژراون یان هەر بە مردنی ئاسایی ڕۆیشتوون و پەریستیارانیان پەیکەریان بۆ دانـاون و (بە شـێوازێکی تـایبەت و بە سـام و هەیبەتەوە دەچنە بەرپێی پەیکەرەکـانیـان و چەپکەگوڵ دادەنێن و سڵاویان لێ دەکەن و مۆسیقای تایبەتیان بۆ لێ دەدرێت)! مەگەر نابینیت ڕێز لە پەیکەرەکانیان وا دەگرن وەکو ئەوەی خۆیان بن و زیندووبن، ئەگەر ئەمانە بتپەرسـتی نین، ئەدی بتپەرسـتی چییە؟ وادیـارە خاوەن پرسـیارەکە یان خاوەن بۆچوونەکەی کە گوایە مەترسیی بتپەرستی لەم سـەردەمەدا نەماوە، لەوە بێ ئاگایە کە ملێونەها مرۆڤ لە دەیان گەلی سەردەمدا هەن کە هێشتا بتپەرستن.

خوای پەروەردگـار قەبوڵی نییە موسـوڵمـان بکەوێتە ئەم گۆلاوەی گەرای شـیرکی تێـدا حەشاردراوە، خوای گەورە ڕێ نادات پارە و سامانی بەیتولمالی ئوممەت لە بواری وا تورۆهاتدا سـەرف بکرێت، ئیسـلام ڕێ نادات هەزاران مامۆسـتا و قوتابی بۆ فێربوونی پەیکەرتاشـی لێ

ببڕێن و قوتـابخـانه و كۆلێژیـان بۆ بكرێتەوە و پـارەیـان بۆ دابین بكرێت (چییە؟ وەڵا پەیكەر دادەتاشـن و لە فولكەی شـاردا دایدەنێن!!)، بۆچی ئەم پارە و كات و وزەیە لە بواری شیاودا بەگەڕ ناخرێت؟ بواری وێنەی دیمەنە سـروشـتییەكان و شـێوازە ئەندازەییەكان و دەسـتوخەت جوانی.

- لە كۆمەڵگەی ئیسـلامیدا ڕێ بە حەرام نادرێت: ناشـێت كەس ڕێی پێ بدرێت -چ جای ئەوەی هانبدرێت- پەیكەرتاش و وێنەكێشـی مرۆڤ و ئاژەڵ و گیانلەبەرانی تربێت یان وێنەی حەرامی فۆتۆگرافی[١]، ئەمما لە كۆمەڵگەی كافراندا ئەو پەیكەرتاش و وێنەكێشـانە بەچاوی ڕێزەوە تەماشـا دەكرێن و پلە و مەنزڵی باڵایان هەیە، بەڵام بێگومان لە كۆمەڵگەی ئیسـلامیدا وانین و نە لە دائیرەی دەوڵەت و نە لەناو كۆمەڵگەكەشیدا (هونەر)ەكەیان ڕەواجی دەبێت و نە ئەو جۆرە (كار)ەشیان دەست دەكەوێت.

كـابرایەك هـاتە خزمەت ئیبنو عەباس (خوا لێیان ڕازی بێت) و عەرزی كرد: من ئەم وێنانە دەكێشـم، فەتوایەكم دەربارەیان بۆ بدە كە حوكمیان چییە؟ ئیبنو عەباس فەرمووی: لێم نزیك بەرەوە، لێی نزیك بووەوە فەرمووی: نزیكتر ببەرەوە، نزیكتر بووەوە ئینجا دەسـتی خسـتە سەر سـەری كابرا و فەرمووی: ئەوەت پێ دەڵێم كە خۆم گوێم لە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) بووە فەرموویەتی، فەرمووی: (كُلُّ مُصَوِّرٍ في النَّارِ، يَجْعَلُ له بكُلِّ صُورَةٍ صَوَّرَهَا نَفْسًا فَتُعَذِّبُهُ في جَهَنَّمَ)[٢]، واتە: هەموو وێنەكێشـێـك لە دۆزەخ دایە بەرامبەر وێنەی هەر گیـانلەبەرێـك كە كێشـاویەتی كەسـێكی بۆ دیتە پێش تا لە دۆزەخدا ئەشـكەنجەی بدات. پاشـان ئیبنو عەباس بە كابرای فەرموو: كە هەر وێنە دەكێشێت وێنەی درەخت و ئەوانە بكێشە كە گیانلەبەر نین.

- لە كۆمەڵگـای موسـوڵمـاندا جوانی ئافرەت و لەشـولاری و هەموو ئاڵ و واڵایەكی بۆ

(١) شـەرعناسـان بەرامبەر وێنەی فۆتۆگرافی ڕاجوێن، هەیانە بەتەواوی ڕێیپێداوە و هەشیانە بۆ زەروورەت ڕێیپێداوە، ئەمما كێشانی وێنەی مرۆڤ و گیانلەبەرانی تر بە دەسـت زۆرینەی شـەرعناسـان بە حەرامیان داناوە و هەندێكیش لەمەشـدا هەر ئاسـانكارییان نیشـانداوە وەكو شـەرعناسانی مالیكی. ئەمما پەیكەرتاشیی جەستەی تەواوی مرۆڤ و ئاژەڵ هەموو لەسەر حەرامبوونی یەكدەنگن. (نووسەر).

(٢) موسلیم (٢١١٠)، ئەحمەد (٢٨١٠).

مێردەکەیەتی و بەس، مێردەکەی تەنها پیاوێکە کە مافی چێژلێوەرگرتنی جنسی هەیە، خەڵکانی تر بە هیچ کلۆجێك ئەم مافەیان تێدا نییە، تەنانەت مەحرەم و کەسوکارە نزیکەکانیشی، ئەمان بۆیان هەیە تەماشای هەندێك ئەندامی لەشی بکەن و مەرجیشە کە بە پاڵنەری جنسی نەبێت، ئەمیش بۆی نییە غەیری ئەو ئەندامانەی لەشی لای مەحرەمەکانیشی دەربخات کە شەرع دیاریکردوون.

- لە کۆمەڵگەی موسوڵماندا هیچ بوارێك نییە بۆ خرۆشانی حەز و چێژی جنسی، مەگەر بە تاکە ڕێگە و شێوەکەی خۆی کە هاوسەرگیرییە، بۆیە ئافرەت بۆی نییە بە سفوری لە ماڵ بچێتە دەرەوە، بۆی نییە پۆشاکی تەنك یان تەسك یان سەرنجڕاکێش بپۆشێت بە شێوەیەك کە حەز بخرۆشێنێت.. کۆمەڵگەی ئێمەی موسوڵمان ئەوەی دەوێت کە خوای گەورە ویستوێتی، ئەوەی حەز لێیە کە خوای گەورە پێی پەسەند بووە. ئەوی حەزی لە جوانی و خۆشییە ملکەچی و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوای گەورەی لەسەرە کە وەریانگرێت و خۆشحاڵانە جێبەجێیان بکات. ئەو ئافرەتەی موسوڵمانە و دیندارە حەزی خۆی بە سنووری شەرعەوە دەبەستێتەوە نەك بە حەز و چێژ و خرۆشی لادەر و کافرانەوە، بۆیە ئافرەتی باڵاپۆش و داوێنپاك خاوەن شەرم و حیشمەتە، دەنا ئیمان دەرنابات، چۆن بە ئیماندار هەژمار دەکرێت کە بڵێ موسوڵمانم بەڵام ملکەچ و گوێڕایەڵی فەرمانی خوا و پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نابێت؟ چۆن ئارەزووەکانی شوێنکەوتەی دینەکە نابێت؟ پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (لَا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يَكُونَ هَوَاهُ تَبَعًا لِمَا جِئْتُ بِهِ)[1]، واتە: کەستان ئیماندار نابن هەتا حەز و ئارەزووتان شوێنکەوتەی ئەو دینە نەبێت کە هێناومە.. حەز و ئارەزووی موسوڵمان لە چوارچێوەی شەرعدا دێتەدی.

- ئەدەب لەکۆمەڵگەی موسوڵماناندا بۆ چاکسازیی مرۆڤەکانە نەك ڕێکردن لەگەڵ هەوا و

(١) ئیبنو ئەبی عاصم لە (السنة) (١٥) و خەتیب لە (تاريخ بغداد) (٣٦٨/٤) بەم لەفزە هێناویانەتەوە، هەروەها بەیهەقی لە (المدخل إلى السنن الكبرى) (٢٠٩) بە کەمێك جیاوازییەوە، ئیمامی نەوەوی لە (الأربعون النووية) هێناویەتییەوە و ئەفەرموێت: (حسن صحيح)، ئیمامی زەهەبیش لە (الكبائر) (٤٦٨) ئەفەرموێت: (إسناده صحيح)، ئیبنو حەجەری عەسقەلانیش لە (فتح الباري) (٣٠٢/١٣) ئەفەرموێت: (رجاله ثقات)، بەڵام هەر یەك لە شێخی ئەلبانی لە (هداية الرواة) (١٦٦) و شوعەیبی ئەرنائوتیش لە (تخريج شرح السنة) (١٠٤) ئەفەرموون: (إسناده ضعيف).

هەوەسی ئەدیب یان خەڵکیدا، پاشان ئەدەب بە هەموو جۆرەکانیەوە بۆ سرەوت و ئارامی دڵ و دەروون و هزر و هۆشـە بەو مەرجەی لە چوارچێوەی شیاوێتیدا بێت، جا چیرۆك و شیعر بێت یان بابەتی مەقالە و سمینار یان سروود و مەقام یان شتی تر.

- گۆرانیش لە سـنووری دیاریکراوی خۆیدا جائیزە.. پیاوێك سـروود یان حەداء (شـیعر و ئاوازی کاروانەڕێ) دەچڕێت و پیاوان و ژنان گوێی لێ دەگرن، ئەمە هیچ ئیشکالێکی تیدا نییە، مادام لە بازنەی سۆز و جوامێری و مانا باڵەکاندان، هەروەها ئافرەتیش گۆرانیی شیاو بۆ کۆڕ و ئـاهەنگی ئـافرەتـانەی خۆیـان دەڵێـت، گۆرانیی ئەویش هەر لە چوارچێوەی سـۆز و ناز و خۆشەویستی شیاو و مانا جوامێری و دلێرییەکاندا دەبێت..

ئەممـا مۆسـیقا: تەپڵ و دەف بۆ بۆنەی جیهاد و حەج و ئاهەنگ و شـایی جائیزە، مادام بەدەسـت کافر و فاسـقانەوە نەبێت، ئەو ئامێرەی بەرەو فسـق نابات و دونیاویسـتی گەشـە پێ نادات، وەکو شـمشـاڵ و بلوێری شوان جائیزن، هەر ئامێرێك تایبەت بە کافران و بۆنەیان بێت جـائیز نییە، هەر ئـامێرێـك ژێ (وەتەر)ی هەبێت وەك و عود و کەمانچە جائیز نییە، کەس لە شەرعناسان غەیری ئیبنو حەزم نەیانفەرمووە ئەم ئامێرە ژێدارانە جائیزن.

ئیبنو حەزم و هـاوڕایـانی دەفەرموون: ئەمـانە خۆیـان لە خۆیـانـدا ئـامێرن و حەرامێتی نـایـانگرێتەوە، مەگەر بۆ حەرام بەکـاربهێنرێن، ئەوکـاتە دەبنە (وەسـیلەی حەرام). بەڵام شــەرعنـاســان بە بەڵگەوە بەرپەرچی بۆچوونەکەی ئەویـان داوەتەوە و دەقەکـانیش لەگەڵ جمهوردان.

- لە کۆمەڵگەی ئیسـلامیدا قوتابخانەی مۆسـیقا ناکرێتەوە (مەگەر فێرگەی تەپڵ و دەف و ئاواز و شـیعر ڕێکخسـتن) چ جای کۆلێژی زانکۆ، وانەی موسـیقاش لە بەرنامە و پرۆگرامی فێرخوازیدا نابێت هەبێت، پارە بۆ شتی وا بەفیرۆ نادرێت، ئەوانەی خەریکی مۆسیقاژەنین دەبن هیچ پلە و پایەیەکیان بە مۆسیقا ژەنینێتی دەست ناکەوێت.

- لە کومەڵگەی موسـوڵمـاندا نە قوتابخانەی گۆرانی و مۆسـیقا دەبێت، نە یانەی تایبەت پێیان و لە ئیزگەکانی ڕادێو و تەلەفزیۆنیشــەوە گۆرانی و مۆسـیقای حەرام لێنادرێت، تەنها

ئەوانەی کە جـائیزن ئەمیش بە بڕ و ڕادەی خۆی وەکو خوێی چێشـــت لە ڕۆژانی جەژن و خۆشی و بۆنەکاندا نەك ئیزگەیەك هەر بۆ ئەوە تەرخان بکرێت، ڕێ لەوە نەگیراوە دەف لەگەڵ گۆرانیدا بەکاربێت یان شـمشـاڵی شـوان و بلوێر.. ئەمە سـنووری دینداری و تەقواکارییە، لەم سـنووره دوورتر هەر کەسێك ڕای لەسەردابێت، دەبێت تەماشای شارەزایی شەرعناسی و پلە و ئاستی موفتێتیی بکرێت، ئەوکاتە موناقەشەی بۆچوونەکەی دەکرێت، ئەمما بێ بەڵگە ڕا لەسەر زۆریی بەکارهێنانی گۆرانی و مۆسیقا بدرێت، حەتمەن کۆمەڵگەکە دەخاتە دژوارییەوە.

**********

سـەرنجێکی خێرا لە هەڵوێسـتی موسـوڵمـان لە هونەر و جوانی و کێشـە و بوارەکانی بەشـێوەیەکی گشـتی، ئەوە نیشـان دەدات کە ئەوە هەڵوێسـتی مەعقول و پارسەنگە لێیان چ لە ڕووی ئابووری و سـیاسـییەوە بێت، چ لە ڕووی فێرخوازی و پەروەردەییەوە بێت، چ لە ڕووی دەروونی و جەنگی لایەنەکانی ترەوە بێت، چەند پارە و کات و وزە و زیرەکی لەم بوارەدا بەفیڕۆ دەڕوات؟ ئەگەر ئەم پارە و کات و وزەیە لەبواری تردا خرایە گەڕ حەتمەن بەرهەمێکی زۆرتر و بەسوود دەخاتە بەردەستت.. لە هەمان کاتدا ئوممەتەکەمان -بەتایبەتی گەنجەکانی- هۆشدارانە ڕادەگرین هۆشـیارانە مامەڵە لەگەڵ کێشـە سـەرەکیەکانی ئوممەتەکەدا دەکەن و دەبنە وزەی جیددیی کاریگەرێتیی بیناسـازی نەك گەنجی نەرمەلیقە و خلیجکی بێ غیرەت و بێ هەسـت.. ئەگەر بواری ئـازایەتی و جوامێری و هەسـتی بەرپرسـیـارێتیی جیهاد و گیانی فیداکاریمان نیشـانـدانەوە دەبینین چەنـد قـازانج دەکەین.. ئەو کۆمەڵگەیەی لە مەیخـانە و تیاترۆدا ڕۆژ دەکاتەوە، ئەو پیاوەی (ڕاسـتر ئەو نێرینەی) لە دووی هەواوهەوەسـی وێڵە و لەسەر گۆرانی و موسیقا و سەما و چێژ و شەراب و موخەدیرات ڕاهاتووە، چۆن ئامادەی قوربانیدان دەبێت؟ ئەو کۆمەڵگەی شـیرازەی خێزانی دەپسێت و ئەندامانی بەرەڵای شەراب و ئاهەنگ دەبن حەتمەن لائوبـالی دەردەچن و گوێ بە بەهـا بەنرخەکان نادەن، چونکە هەسـت و هۆش و ئینتیما بزر دەکەن و دەخوازن بۆ دونیای خۆیان بژین و بەس.

## ٢- نەتەوایەتی و نیشتمانێتی و نەژادپەرستی و عەشیرەتگەری و دەمارگیری:

غەیرە موسوڵمان نشتیمان پێکیانەوە دەبەستێتەوە و دەبنە هاوڵاتی یەکتری، ئەو کەسانەی خەڵکی یەك وڵاتن و یەك گەلن هەر ئەو پەیوەندییەی هاونشتمانییەتەیە کۆیاندەکاتەوە، با دین و تیرە و هۆز و دیدیشیان لێك جیاواز بێت.

غەیرە موسوڵمان پەیوەندیی نیشتیمانێتی پێکیانەوە دەبەستێت ئەگەر هەستی نشتیمانیان بەهێز بوو. هەیانە پەیوەندی گەل و هۆز و عەشیرەت کۆیاندەکاتەوە و ئەویان پێ گرنگترە لە گەل و نیشتیمان، هەیانە ئینتیمای بۆ سپی پێستی هەیە یان بۆ پێست ڕەشێتی، هەیانە پەیوەندیی (توخم و ڕەگەز)ی ژنێتی یەکی خستووە لەگەڵ هاوتوخمانی، هەریەك لەمانە دۆستایەتی و پشتیوانی خۆی و یارمەتیدانی بۆ هاوئینتیماکانی دەردەبڕێت و بەس، ئەوانی لا لەپێشترە وەك لە غەیری ئەوان. بەژەوەندیی ئەوان دەخاتە پێش بەژەوەندیی خەڵکی تر، بۆ نموونە کابرای عەشیرەتی، ڕۆڵەی عەشیرەتەکەی خۆی پێ لە پێشترە ئەگەرچی لە وڵاتێکی تریش دەژی وەك لە هاوڵاتییەکی خۆی. کابرای سپی پێست وەلائی بۆ سپی پێستێکی ترە نەك بۆ ئەسمەر و ڕەش و زەردێکی تر با جنسییەی وڵاتەکەشیان یەك بێت، ئافرەتە (فێمینیزم)ەکەش هەر وایە، لەسەر ئافرەتێکی ئاسیایی و ئەوروپایی دەکاتەوە زیاتر لە پیاوی دراوسێی، کەس لەم خاوەن ئینتیمایانە ناخوازێت و ناشتوانێت وابێت کە هەموو خەڵکی یەکسان ببینێت و وابزانێت دەبێت یارمەتی هەموویان وەکو یەکتر بدات. هەر یەك لەم خاوەن ئینتیمایانە کە تووشی دەمارگیری (تەعەسوب)ی کۆمەڵەکەی دەبێت ئیتر چارەی کەسانی تری ناوێت، زۆریشیان ئامادەن (غەیرە)کان دەرکەن و سزا بدەن.. بەشێوەیەکی گشتی کەسیان ئامادە نین لەڕوانگەی یەکسانی و زەمینەی ڕەحمەت و بەزەیی و سۆزەوە حەقی کەسانی تری غەیری خۆیان و ئینتیماکانیان سەربخەن.

ئەمما کۆمەڵگەی موسوڵمان کە پەیوەندیی بە خاك و گەلەوە هەیە، ئەوەندە ئینتیمای بۆیان هەیە کە ئەوان پەیوەندییان بە ئیسلامەوە هەیە.. موسوڵمان لێیان نزیکە و بە هی خۆیان دەزانێت کاتێك ئەوان لە ئیسلام نزیك دەبن و خۆ بە موڵکی ئیسلام دەزانن.. بە پێچەوانەشەوە کە ئەوان لە ئیسلام دووربن و خۆ بە (غیرە) بزانن ئەمیش گەل و خاکەکە بە دوور دەگرێت و خۆی بە

خاوەن ئینتیمایان نازانێت.. موسـولْمان وەلائی خۆی بە غەیری ئیسـلام و موسوڵمانان نادات.. لایەنگری و پشتیوانی غەیری ئیسلام ناکات.. بەڵام بە تەئکید بە گرێبەست و ڕەفتار و سەودا و مـامەڵەکـانی خۆیەوە لەگەڵ کـافرانـدا دادپەروەرانە و سـەرڕاسـتـانە پێوە پـابەند دەبێت.. موسـولْمانان باوەڕی وایە کە گەلی ئەو موسوڵمانەکانن لە هەر جێگەیەك بن، وڵاتی ئەم وڵاتی موسوڵمانانە، ئەگەر موسوڵمانێك هیجرەتی کرد بۆ وڵاتەکەی ئەم لە هەر خاك و وڵات و گەل و زمان و ڕەنگ و پێستێکەوە هاتبێت ئەم ئاسانکاریی بۆ دەکات و قبوڵی دەبێت.. ئەم موسوڵمانە کە هاتە کۆمەڵگە موسـولْمانەکە پەنابەر نابێت، بەڵکو خاوەنی هەموو ئەو مافانەیە کە خەڵکە ئەسڵەکە هەیانە، ڕەفتاری وا لەگەڵدا دەکرێت کە یەکێکە لەوان و وەکو ئەوان، موسوڵمانان ئاوا ڕەفتار لەگەڵ یەکتریدا دەکەن، ڕەگەز پەرستی و نەژاد پەرستی و دەمارگیری لەناو موسوڵماناندا نابێت هەبێت، موسوڵمانان هەموویان وەکو یەکن.

لە تەرازووی ڕێزی مرۆڤایەتیدا ڕەش پێست و سپی پێست یەکن، لە مێژووی ئیسلامدا دەیان فەرماندە و پێشـەوا و ناودار کەوتە پێش هەزاران سـپی پێسـتەوە، تا ئێستاش بیلالی حەبەشی لای موسـولْمان خۆشـەویسترە وەك لە نزیکترین برای موسوڵمانی سپی پێستی، چونکە بیلالی حەبەشی (خوا لێی ڕازی بێت) لە تەرازووی ئیسلام و پێوەریدا سەنگینتر و باڵاترە.

ئەمما دەمارگیریی عەشـیرەت و تیرە و هۆز و خانەوادە و خێزان، ئەوە ئیسلام هەر هەمووی ڕماند و ڕایدا، لە جێی هەموویان هەسـتی زەروورەتی هەق سەرخستنی ڕواند.. پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەیفەرموو: (انْصُـرْ أخاكَ ظالمًا أوْ مَظْلُومًا. فقالَ رَجُلٌ: يا رَسولَ اللَّه، أنْصُرُهُ إذا كـانَ مَظْلُومًا، أفَرَأَيْتَ إذا كانَ ظالِمًا، كيفَ أنْصُـرُهُ؟ قالَ: تَحْجُزُهُ -أوْ تَمْنَعُهُ- مِنَ الظُّلْمِ؛ فإنَّ ذلكَ نَصْـرُهُ)(١)، واتە: براکەت سـتەمکار بێت یان سـتەملێکراو پشـتگیریی بکە و سـەریخە، کابرایەك عەرزی کرد: ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە دیارە کە ستەملێکراو بێت پشتگیری بکرێت، ئەدی کە سـتەمکار بێت چۆن؟ فەرمووی: دەسـتی دەگریت، یان ڕێی لێ دەگریت و ناهێڵێت دەستدرێژی بکات، ئەوە پشتگیری و سەرخستنێتی.

---

(١) بوخاری (٦٩٥٢).

ئەمەش چەن دەقێك کە بەڵگەی ئەو بۆچوونەن کە لە سەرەوە باسمان کرد:

- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَوۡ أَنَّا كَتَبۡنَا عَلَيۡهِمۡ أَنِ ٱقۡتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ أَوِ ٱخۡرُجُواْ مِن دِيَٰرِكُم مَّا فَعَلُوهُ إِلَّا قَلِيلٞ مِّنۡهُمۡۖ وَلَوۡ أَنَّهُمۡ فَعَلُواْ مَا يُوعَظُونَ بِهِۦ لَكَانَ خَيۡرٗا لَّهُمۡ وَأَشَدَّ تَثۡبِيتٗا ٦٦﴾ النساء: ٦٦، واتە: ئەگەر جەنگ و جیهادمان لەسەر فەرز بکردنایە کەمێکیان نەبێت نەیاندەکرد، ئەگەر ئەو ئامۆژگاریانەیان بگرتایە گوێ و ڕەفتاریان پێ بکردنایە بەتەئکید بۆیان چاکتر بوو، لە قازانجی خۆیان دەبوو، هەم خێر و بەرەکەتی تێدابوو بۆیان هەم زیاتر لەسەر دینەکە جێگیر دەبوون و نەدەکەوتنە دوودڵی و گومانەوە (باسی جولەکەکانە).

- فەرمانی خوای پەروەردگار و ڕاپەراندنی لای موسوڵمانان لەپێشترە وەك هەموو بەهایەکی تر، چونکە فەرمانی خوای گەورە گرنگتر و گەورەتر و لە پێشترە وەك لە نیشتیمان، وەك لە خۆی و کەسوکاریشی. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿لَّا تَجِدُ قَوۡمٗا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ يُوَآدُّونَ مَنۡ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَوۡ كَانُوٓاْ ءَابَآءَهُمۡ أَوۡ أَبۡنَآءَهُمۡ أَوۡ إِخۡوَٰنَهُمۡ أَوۡ عَشِيرَتَهُمۡۚ أُوْلَٰٓئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ ٱلۡإِيمَٰنَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٖ مِّنۡهُۖ وَيُدۡخِلُهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُۚ أُوْلَٰٓئِكَ حِزۡبُ ٱللَّهِۚ أَلَآ إِنَّ حِزۡبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ٢٢﴾ المجادلة: ٢٢، واتە: هەرگیز خەڵکانێك نابینیت باوەڕیان بە خوای گەورە و بە ڕۆژی دوایی هەبێت و لەهەمان کاتیشدا دۆستایەتی و لایەنگریی ئەو کەسانە بکەن کە دوژمندارێتیی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) دەکەن، با باوك و باپیریشیان بن یان ئەولاد یان برایانیان یان تیرە و هۆزی خۆشیان بن، ئەوانە (ی موسوڵمانی سەرڕاستن و بۆ خوا ساغبوونەتەوە و دۆستایەتی و لایەنگرییان بۆ خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) و موسوڵمانانە) ئەو کەسانەن کە خوای گەورە (ئیمان و یەقین)ی لە دڵدا جێگیرکردوون و لایەنگیریی کردوون و بە نوور و هێزی خۆی بەهێزی کردوون، دەشیانباتە بەهەشتانێکەوە کە ڕووبار و جۆباریان پێدا دێت و دەچێت و بە نەمری تێیدا دەمێننەوە، خوای گەورە لێیان ڕازی بووە و ئەوانیش لە خوای گەورە ڕازی بوون، ئەوانە حزبی خوای گەورەن، حەتمەن حزبی خوای گەورەش سەرفراز و سەرکەوتوو و زاڵە..

- پێغەمبەری خواش (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (مَن قَاتَلَ لِتَكُونَ كَلِمَةُ اللَّهِ هي العُلْيَا، فَهو

في سَـبيلِ اللَّهِ عزَّ وجلَّ)[١]، واته:هەر کەسێك بۆ ئەوە کوشتاری دەکرد تا سەروەرێتیی شەرع بێتەدی و دینی خوا باڵادەست بێت، ئەوە لە پێناوی خوادا جیهاد دەکات.

- خـوای گەورە دەفەرمـوێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡۚ﴾ الحجرات: ١٣، واتە: هۆ خەڵکینە، ئێمە ئێوەمـان لە نێر و مێیەك دروسـت کردووە و کردووومـانن بە گەل و تیرە و هۆزی زۆر تـا یەکتری بنـاسـن و پەیوەنـدیتـان پێکەوەبێت و لەسـەر خێر و چاکە هاوکاری یەکتر بن، بشـزانن کە بەڕێزترینتان لای خوای گەورە ئەو کەسـەتانە کە لە هەمووان بە تەقواتر و دیندارتر و سەرڕاسترە.. کەوابوو لای خوای گەورە نە توخمی نێر و مێ کاریگەرە و نە ڕەنگی پێسـت گرنگە و نە ئینتیمای خاك و خەڵك.. ئەوەی لای خوای گەورە گرنگە و دینداریتییە و ئەوەی لای خوای گەورە مایەی پلە و ئاستی ڕێزە تەقواکارییە، هەر کەسێك ئیمانی بەهێز و ئیسـلامەتییەکی چاکی گرتبێت و سـەرڕاسـتانە دینـداریتی بکـات، ئەوە لە خوای گەورە نزیکە، جـا کۆیلەیەکی ڕەش و بێ کەسـە یـان سەربەستێکی خاوەن کەس و دەسەڵات.

- ئەبـو هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێـت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) دەیفەرموو: (لينتهيَنَّ أقوامٌ يفتخرونَ بـآبـائهِمُ الـذينَ ماتُوا إنَّما هُمْ فَحْمُ جهنمَ أوْ ليكونُنَّ أهْوَنَ على اللـه مِنَ الجُعَـلِ الذي يُدَهْدِهُ الخِرَاءَ بأنْفِهِ إنَّ اللهَ قد أَذْهَبَ عَنْكُمْ عُبِّيَّةَ الجاهلية وفَخْرَها بالآباءِ إنَّما هو مُؤْمِنٌ تَقِيٌّ أوْ فَاجِرٌ شَـقِيٌّ الناسُ كلُّهُمْ بَنُو آدمَ وآدَمُ خُلِقَ من تُرَابٍ)[٢]، واتە: با ئەو کەسـانەی کە شـانازی بە باوباپیرانیانەوە دەکەن کە مردوون و ئێستـا خەڵوزی دۆزەخن با کۆتـایی بەوە بهێنن، دەنا لای خوای گەورە لە (گووخلێنکە)[٣] سـوك و هیچوپوچتر دەبن کە پیسایی بە لوتی پاڵ پێوەدەنێت! خوای گەورە دەمارگیریی جاهیلییەت و شانازیکردنی بە باب و

---

(١) بوخاری (١٢٣)، موسلیم (١٩٠٤).

(٢) ترمزی (٣٩٥٥) و ئەفەرموێت: (حسن غريب)، شێخی ئەلبانیش لە (صحيح الترمذي)دا بە حەسەنی داناوە.

(٣) (گووخلێنکە) قاڵۆنچەیەکی خڕە و دەچێتە سەر پیسایی و تۆپەڵێکی لە قەبارەی خۆی گەورەتر لێدەکاتەوە و دەیخولێنێتەوە تا خڕ دەبێت وەك گۆ (هەڵمات/کەلاشـووشە)، ئینجا لەبەرئەوەی ناتوانێت هەڵیگرێت بە لووتی پاڵی پێوە دەنێت تا دەیگەیەنێتە جێی خۆی، هەرچەند ناوەکە دوور لە ڕووتان پیسە بەڵام ئەوە ناوێتی.

باپیرانتانەوە لەناودا هەڵگرتوون.. خەڵکی دوو پۆلن: یان موسوڵمانێکی دیندار و تەقوادار دەبن یان لادەر و لاڕێەکی کلۆڵ و بەدبەخت.. خەڵکی هەموو ئەولادی ئادەمن و ئادەمیش لە خۆڵە.

- جوندوب (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) فەرمووی: (مَن قُتِلَ تَحْتَ رايَةٍ عِمِّيَّةٍ، يَدْعُو عَصَبِيَّةً، أَوْ يَنْصُرُ عَصَبِيَّةً، فقِتْلَةٌ جاهِلِيَّةٌ)[١]، واتە: هەر کەسێك لەژێر ئالایەکی کوێرانەدا جەنگا (کە ئامانج و ڕێباز و بەرنامەی دیار نەبێت) بۆ دەمارگیری خەڵکی بانگ بکات و دەمارگیرانە قەوم و تیرە و هۆزی خۆی سەرخات و بەس، ئەوە کوشتن و کوشتارەکەی جاهیلیانەیە.

### ٣- ئازادی و سەربەستی:

لە کۆمەڵگەی کافراندا دروشم ئەوەیە کە ئازادیی زیاتر بگرەبەر، ئازادیی زیاتری دەوڵەت و دیکتاتۆرییەکەی وەکو لە سیستەمی کۆمۆنیزمدا هەیە، یان ئازادیی زیاتری تاك و کۆمپانیا و دەستەڵاتداران وەکو لە سیستەمی دیموکراسیدا هەیە، کە خەڵکی ئازادیی زیاتری ئابوورییان دەوێت، ئازادیی زیاتری سیاسی، ئازادیی زیاتری ڕەفتاری تاك، ئازادیی تەواو.. تا گەیشتوونەتە ئەوەی ئیتر وەکو ئاژەڵ دەژین، وەکو ئاژەڵ ڕووت و قووت دەبن و وەکو ئاژەڵیش تێکەڵاو دەبن و جنس دەکەن و هیوا و ئاواتیشیان هەر ئاژەڵی دەبێت[٢]..

بەڵام کۆمەڵگەی موسوڵمان بەتەواوی پێچەوانەی ئەوەیە دروشمی تاك و کۆی کومەڵگەی موسوڵمان (خواپەرستی زیاتر)ە کە دینداریێتیی زیاتر و تەقواکاری و ساڵحبوونە، ئەمە مەبەستی تاك و کۆی کاربەدەستانی دەوڵەتیشە، چونکە تەقواکاری مایەی هیدایەت و سەرفرازی و ڕێزی خوای گەورەیە لە دونیا و قیامەتدا.. کاتێك کومەڵگەیەك لە موسوڵمانانی دیندار و تەقواکار پێکدێت بە دڵنیاییەوە ئاسودەیی و بەختیاری و کامەڕانیی زیاتر تاکەکان دەگرێتەوە و ئەمان و ئاشتی و هێمنیی زیاتر کۆمەڵگە و دەوڵەوت دەگرێتەوە، چونکە هەموویان بە ئومێدی قبوڵبوونی لای خوای گەورە ڕێز و پاداشتی هەوڵی زیاتر بۆ چاکسازی و خێری گشتی دەدەن. پیاوچاکانی

---

(١) موسلیم (١٨٥٠).

(٢) جگە لە ئازادی و بەرەڵایی جێندەری واتە دروستکردنی (خێزان) لە نێر و نێر یان لە مێ و مێ؛ ئازادیی ڕووت و قووتیش هەیە، لەم ئۆسلۆیەی پایتەختی نەرویج دوورگەیەك هەیە کە هەرکەسێکی لێدەژی یان دەچێتە ئەوێ ڕووت و قووت و بێ پۆشاکن!!

کۆمەڵگە کە زۆر دەبن بەختەوەریی زیاتر ڕوو لە کۆمەڵگەکە دەکات، چونکە ناسین و پەرستنی خوای گەورە زیاتر دەبێت، پابەندبوون بە تەقواکارییەوە دەبێتە سیما و سیفاتی کاربەدەستانی دەوڵەوت و ئاڕاستەوانانی کۆمەڵگەکە کە لە بوارەکانی سیاسەت و ئابووری و داوەری و فێرخوازی و بوارەکانی رەفتار و ڕەوشت و قییەمی کومەڵایەتیدا ڕەنگ دەداتەوە.

کومەڵگەی موسوڵمان شیرازەی پەیوەندی خۆی بە ڕیسای خواویستی و دینداررییەوە دەبەستێتەوە، بۆیە موسوڵمان تەسلیم بە ڕێساکانی (عەقیدە و عیبادەت و شەریعەت) دەبن و بەختیاریش لە پابەندبوونی زیاتریان پێوەیان دەبینن، ئەمەیش پاڵنەرێکی زاتی ناخی تاکەکانە بۆیە زۆر کاریگەرە، چونکە هەر تاکە و هەست دەکات کە خۆساڵحکردنی فەرزە لەسەریی، پابەندبوونی بە ڕێساکانی دینداررییەوە فەرزی سەرشانیەتی و بەرپرسە لەسەرڕاستی و پابەندبوونی..

نواندنی عەبدایەتیی موسوڵمان بۆ خوای گەورە ڕواڵەتی دەرەکی سوپاسگوزارییەتی، بە زیاتر دینداریێتی زیاتر ئەم عەبدایەتییە بۆ خوای کردگاری دەسەلمێنێت و دەچەسپێنێت، چونکە ئیعترافکردنی بە عەبدێتیی خۆی و خواییەتی خوای گەورە و ناسین و پەرستی خوای گەورە و هەستکردن بەو هەموو ناز و نیعمەتانەی بەسەریدا ڕشتووە، چ وەکو توخمی مرۆڤ چ وەکو کەسایەتی خۆی؛ پارسەنگتری دەکات و زیاتر لە کافری جیا دەکاتەوە.. ئەمانە سیما و سیفاتی جیاکەرەوەن، کافر زۆر لە گەردوون و ژیان و مرۆڤ ناڕوانێت، لە ماهەییەت و دەستپێك و چارەنووس ناکۆڵێتەوە، باوەڕی بە خوا نییە و خۆی بە عەبدی ئەو نازانیت، بۆیە بە هیچ یەکێك لە هەستەوەرەکانی سوپاسی خوای گەورە ناکات. وەکو موسوڵمان نییە کە لە هەموو حاڵەتەکانی غەیری خەوتنیدا لە سوپاس و ستایشی خوای گەورەدایە و زیکری خوای گەورەی لەسەر دەمە، کە دەخوات (بسم الله) دەکات و کە تێر بوو (الحمد لله)، کە دەپۆشێت دوعا دەکات و کە پۆشاکێکی نوێی دەست دەکەوێت دوعایەکی تر، کە نەخۆش دەکەوێت دوعا دەکات و کە چاکبووەوە شوکرانەبژێریی دەکات.

ئازادی لای تاك و کۆی ئوممەت و دەوڵەتی موسوڵمان بریتییە لە ئازادبوونی موسوڵمانان لە دینداریێتی، لەسەلماندن و چەسپاندنی ئەحکامی دینەکەیان و ئازادیی بڵاوکردنەوەی بانگەوازی

خواویستی و لابردنی بەربەست و لەمپەر و کۆسپی ڕێ، ئازادیی موسوڵمانان لە حاکمێتی شەرعدایە، کە هەست دەکەن کۆمەڵگە و دەوڵەت تەسلیم بە دینی خوا بوون و دەستەڵاتی شەرع باڵادەستە.

لە ئەرك و داخوازییەکانی ئازادیی موسوڵمانان ئەوەیە نەهێڵن لە کۆمەڵگەی موسوڵماندا شیرك و کوفر باڵادەست بێت و ئیدارەی دەوڵەت و ئاڕاستەی کۆمەڵگەی بەدەستەوە بێت، چونکە کۆمەڵگە و دەوڵەتی موسوڵمان بۆ خواناسی و خواپەرستی دامەزراون. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَأَنِ ٱعۡبُدُونِيۚ هَٰذَا صِرَٰطٞ مُّسۡتَقِيمٞ ٦١﴾ يس: ٦١، واتە: کە تەنها من بپەرستن، ئەمەش ڕێبازی ڕاستە.

*************

مادام مرۆڤ لەژێر دروشمی عەبدایەتیدایە بۆ خوای کردگار و خاوەنی، کەوابوو ئازادیی تەواوی هەیە.. بەردەوام لەم عەبدایەتیەدایە:

- کە دەچێتەوە ماڵ بە ڕێپێدانی خوای گەورە دەچێتە ژوورەوە: ﴿لَا تَدۡخُلُواْ بُيُوتًا غَيۡرَ بُيُوتِكُمۡ حَتَّىٰ تَسۡتَأۡنِسُواْ وَتُسَلِّمُواْ عَلَىٰٓ أَهۡلِهَاۚ﴾ النور: ٢٧، واتە: مەچنە هیچ ماڵێکی غەیری ماڵەکانی خۆتان تا داوای ڕێپێدان نەکەن و سڵاو لە خاوەن ماڵەکە و نیشتەجێیانی نەکەن.

- موسوڵمان لە ئەماندایە، کەس بۆی نییە دەستدرێژی بکاتە سەر گیان و ماڵ و نامووس و مافی کەسایەتیی، ئازادە لە دەربڕین، لە ڕەخنە، ئەگەر هەڵەیەکی لە کەسێك دی و دڵنیابوو ناشەرعەییە دەیڵێت، بێ ئەوەی گوێ بداتە پلە و پایەی هەڵەکارەکە با کاربەدەستی دەوڵەت و خودی خەلیفەش بێت.

- موسوڵمان ئازادە کێ دەکاتە ئەمیری موسوڵمانان، بەڵام ئەگەر کەسێك بەڕای ئەوانیتر بوو بە خەلیفە یان والی و کاربەدەستی دەوڵەت، بۆی نییە یاخی ببێت و بڵێ من هەڵمنەبژاردووە و گوێڕایەڵیی ناکەم، چونکە نامومکینە کەسێك نەبێتە خەلیفە تا یەك بەیەکی موسوڵمانان لێی ڕازی دەبن و بەیعەتی دەدەنێ! ئازادیی سیاسی و ئازادیی کارکردن و ئیجتیهادکردنی شەرعی و

سیاسی و ئابوری و... پارێزراوە، بێگومان لە چوارچێوەی شەرعدا کە دەستوور و یاسای وڵاتە.. مادام لە عەبدایەتیی خوادا بمێنێت و ملکەچ و گوێڕایەڵی شەرع بێت سەربەستی و ئازادیشی پارێزراو دەبێت.

ئەمە بەنیسبەت موسوڵمانانەوە لە کۆمەڵگەی موسوڵماناندا، ئەمما بەنیسبەت غەیرە موسوڵمانەوە لەناو دارولئیسلامدا ئەویش مەرجە کە مادام بە (ئیمان) نەبووە بە ئەندامی کۆمەڵگەکە بە (ئەمان) ببێت بە ئەندام، ئەمیش بەپێی گرێبەستێکی ئەمان لەناو موسوڵماناندا هێمن دەژی و ماف و ئەرکی دیاریکراوی دەکەوێتە سەر، ئەگەر لە گرێبەستەکە لایدا حوکمی دەکەوێتە سەر.

ئای کە چەمکی ئازادی و پێناسە و مانا و بوارەکانی ئازادی لای موسوڵمانان و غەیرە موسوڵمانان جیاوازە، لای موسوڵمانان ئازادی ڕۆشن و ئاشکرا و دیاریکراوە، بەڵام لای غەیرە موسوڵمان چەمکێکی ئاڵۆزە و فەوزەوی و بەرەڵایی ڕمێنەرە و ئاسانیش سنوورەکانی -بەپێی بەرژەوەندیی دەسەڵاتداران- زیاتر و کەمتر دەبن!!

## ٤- یەکسانی و برایەتی:

لە کۆمەڵگەی کافراندا دەشێت هەموو وەکو یەك خاوەن ماف و ئەرك بن (هەرچەندە ئەمە ڕێژەییە و بۆ هەموو هاوڵاتیانی هیچ دەوڵەتێکی دیموکراسیی سەردەمیش وانییە)، دەشێت هەستی یەکبوونی کۆمەڵگەکەیان لە ناخدا بێت و هەموو هەستێکی توند بە یەك ئینتیمایی بکەن، بەڵام هەرگیز وەکو موسوڵمانان لێ نایات کە (برایەتی دینی) بەهێزترین هەستی ئینتیمایانە.

لە کۆمەڵگەی موسوڵماناندا تەنیا موسوڵمانەکان برای یەکن، ئەوی غەیرە موسوڵمانە ئەو ئاستە برایەتییەی نابێت، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ إِخۡوَةٞ﴾ الحجرات: ١٠، واتە: موسولْمانان بەدڵنیاییەوە برای یەکترین. ئەمما ئەهلی باتڵ و دید و ڕێی جیاواز -با بە ئەمانیش لەگەڵ موسوڵماندا بژی- بەڵام ئەو گرێبەستی ئەمانە نایگەیەنێتە ئاستی برایەتی (ئیمان).

هەموو موسوڵمانان لە ماف و ئەرکدا یەکسانن، ئەوەی لەسەر یەکێکیان -وەکو ڕۆژووی ڕەمەزان- فەرزە، بەبێ عوزر فەرزێتییەکەی -ئەرکی گرتنی- لەسەر کەس لاناچێت، کابرا بووە

بە خەلیفە یان قازی یان والی ڕۆژووەکەی هەر لەسەر فەرزە.

تەنیا موســـولْمانان لە ماف و ئەرکدا وەکو یەکن، چونکە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (الْمُسْــلِمُونَ عَدُولٌ، يَسْــعَى بِذِمَّتِهِمْ أَدْنَاهُمْ، وَهُمْ يَدٌ عَلَى مَنْ سِــوَاهُمْ)[1]، واتە: موســـولْمانان لەناو خۆیاندا یەکســـانن، کەمترین کەســـیان خاوەن مافە وەکو ئەوانی تریان، هەمووشــیان یەکدەســتن بەرانبەر غەیری خۆیان. لە تەرازووی ئیســلامدا مومکین نییە کافر و موســـولْمانان وەکو یەك بن، بە برایەتیی دینی بووبنە خاوەن هەمان ماف و ئەرك.. ئەمە مانای وانییە غەیرە موسولْمانەکە بکەوێتە ژێر زولْم و ستەمەوە، نا، ئەو خاوەن ماف و ئەرکە، بەڵام لە هەندێك ماف و ئەرکدا جیاواز دەبێت.

ئەو پـالانـتەیەی بڵاودەکرێتەوە کە گوایە کـافر و موســـولْمـان (مـادام لە یەك حزبی نەتەوایەتیدان) برای یەکن؛ فریودانە و نەخشەیەکی گڵاوە. هەر موسولْمانێك باوەڕی وابێت کە کافر و موسولْمان برای یەکترن کافر دەبێت پێی، مەگەر مەبەستەکە دیاریکرابێت، وەکو ئەوەی بڵێ کافر و موسولْمان خاوەن هەمان مافن لە فلان بواردا، ئاوا نەك بە کراوەیی.. دەق زۆرن کە ڕێ لەوە دەگرن کە موسولْمان بە برای کافر دابنرێت و هەردووکیشیان یەکسانبن، لەوانە:

- خودای گەورە دەفەرموێ: ﴿حَتَّىٰ يُعْطُوا۟ ٱلْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَٰغِرُونَ ٢٩﴾ التوبة: ٢٩، واتە: هەڵوێســـت لە کـافران قبوڵ نـاکرێـت مەگەر یەکێك لەم ســـێیە: یان موســـولْمان بوون، یان (جزیە)دان و ڕاگەیاندنی ملکەچێتی بۆ سەروەرێتی شەرع و دەسەڵاتی باڵای حوکمی ئیسلامی، یان ڕووبەڕووبونەوەی کوشتار و جەنگ.

- هەروەها: ﴿أَفَنَجْعَلُ ٱلْمُسْلِمِينَ كَٱلْمُجْرِمِينَ ٣٥ مَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ ٣٦﴾ القلم: ٣٥ - ٣٦، واتە: چما دەبێت موســـولْمانان هەر وەکو تاوانبارەکان دابنێن و بڵێن یەکســـانن؟ ئەوە چیتانە؟ چۆن بڕیاری وا دەخوازن؟!

---

(١) بە لەفزی (الْمُسْـلِمُونَ عدول) نەمدۆزییەوە، ئەوەی هەیە بە لەفزی (الْمُسْلِمُونَ تَتَكَافَأُ دِمَاؤُهُمْ) لای ئیبنو ئەبی شەیبە (٢٧٩٦٩) هـاتووە، هەروەها ئەبو داود (٢٧٥١) بە کەمێك جیاواز و درێژی هێناویەتییەوە، هەروەها ئیبنو ماجە (٢٦٨٣) و ئەحمەد (٦٧٩٧) بە کورتی هێنایانەتەوە.

- یـان: ﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الْأَعْمَىٰ وَالْبَصِيرُ أَمْ هَلْ تَسْتَوِي الظُّلُمَاتُ وَالنُّورُ﴾ الرعـد: ١٦، واته: ئەرێ ئـایه کوێر و چاوساغ یەکسانن؟ یان تاریکییەکان و ڕووناکی وەکو یەکن؟. مەبەست لە کوێر و تاریك کافر و کوفره.

- یان: ﴿قُل لَّا يَسْتَوِي الْخَبِيثُ وَالطَّيِّبُ وَلَوْ أَعْجَبَكَ كَثْرَةُ الْخَبِيثِ﴾ المائدة: ١٠٠، واته: بڵێ پیس و پاك یەکسان نین، با پیسەکە بە زۆریی خۆشی سەرسامت بکات.

- هەروەها: ﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾ الزمر: ٩، واته: ئایا ئەو کەســـانەی پەی بە خواناســـی و خواپەرســـتی دەبەن و دید و ڕێی دینداریێتیی تەوحیدیان گرتۆتەبەر و دەیزانن، وەکو ئەو کەسانەن کە نازانن؟

- هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَٰكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ ۝٨﴾ المنافقون: ٨، واته: ڕێز و کەرامەت و قەدر بۆ خوا و پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و موســـوڵمانانە، بەڵام دووڕووەکان ئەمە نازانن و پەی پێ نابەن.

زۆر لەو یەکســـانێتییەی خەڵکانێکی زۆر هەوڵی بۆ دەدەن لەناو گەلی خۆیان و هاوڵاتیانی خۆیاندا بیســـەلمێنن و بیچەســـپێنن، دەبینیت بە دەقی پیرۆز لە ئیســـلامدا هێنراون و لە ژیانی واقیعی موسـولمانانیشدا چەسپێنراون، چ ئەوەی لە نێوان موسوڵمانان خۆیاندا هەبووە، چ ئەو دادپەروەرییەی ماف و دەســـەڵاتی هاوبەش کە لە نێوان موســـوڵمانان و غەیرە موســـوڵماندا هەبووه.

لە کۆتـاییـدا دەڵێین کۆمەڵگەی موســـوڵمـان بە دیـد و تێڕوانین و ڕەفتـار و ڕەوشـــت و دابونەریت و بنەما و ڕێسـا و ئەحکامی شـەریعەتەکەی سـەربەخۆیە و لەکۆمەڵگەکانی کوفر جیـاوازه، کۆمەڵگەی موســـوڵمـان زۆر بێ وێنەیە، کۆمەڵگەیەکی کراوەیە لەســـەر هەموو مرۆڤایەتی، چونکە کۆمەڵگەیەکی حەقە کە حەق لەلای غەیری ئەو نییە. ئەم ســـەربەخۆیی و جیاوازییەمان عەیبە نییە.. شـتێك نییە شـوورەیی بێت و شـەرمی لێ بکەین و بترسین و کەشف ببێت.. عەیب و عار بە ناوچەوانی ئەو کەســـانەوەیە کە حەقیان پێ قبوڵ نییە و نایانەوێت ئەو

دینە وەرگرن کە ئێمە وەرمانگرتووە، تا ببنە ئیمە و ئێمەش ببینە ئەوان.. لە ڕاستیدا ڕەخنە و عەیب و عار لە ئەهلی باتڵ دەگیرێت کە هیدایەتی خواییان قبوڵ نییە، ئەمما ئێمە شانازی بەوەوە دەکەین کە خوای گەورە هیدایەتی داوین و ئەو حەقەی پڕ بە گەردوون و ژیانە بۆ ژیانی ئێمەی ناردووە.. غەیری ئەم دینە حەقەش هەر گومڕایی و وێڵی و سەرگەردانییە: ﴿فَمَاذَا بَعْدَ ٱلْحَقِّ إِلَّا ٱلضَّلَٰلُ﴾ یونس: ٣٢.

## خاڵی دەیەم: سەربەخۆیی و جودایی دەوڵەتی موسوڵمان:

هەر وەکو کە تاکی موسوڵمان و کۆمەڵگەی موسوڵمان جیاوازە؛ دەوڵەتی موسوڵمانیش جیاوازە:

دەوڵەتی کافر یان ئەوەیە کە بە پێی دید و تێڕوانین و ویست و بەرژەوەندیی خۆی حوکمڕانی گەلەکە دەکات یان حوکمێکە بەپێی دید و تێڕوانین و ویستی گەلەکە حوکم دەکات.. ئەمما دەوڵەتە موسوڵمانەکە شەرعێتیی خۆی لە دوای دوو ڕوکن وەرگرتووە:

١- لە هەموو دەزگاکانی دەوڵەتدا حوکم بە یاسا و تەعلیماتێك دەکرێت کە لە شەریعەتی خوای گەورەوە وەرگیراون، لەم دەوڵەتەدا سەروەریی یاسا (باڵاترین دەسەڵاتی وڵات) بۆ شەریعەتی ئیسلامە و بەس.

٢- خەلیفە و شورا و ڕاوێژکارانی بە ڕای ئوممەت بوونەتە کاربەدەست و موسوڵمانان لێیان ڕازین.

حکومەتی کافران کە بە دەنگی گەلی کافران پێکهاتبێت زۆرجار دەکەوێتە هەڵویستی دژ بەو مەبەستەوە کە بۆی هەڵبژێردراوە، چونکە خەڵکی (بۆ نموونە هەڵیان بژاردووە کوتایی بە جەنگ بهێنێت) ڕادەگۆڕن و دەیانەوێت داوای پێشوویان وەلکات و ڕای نوێیان پەسەند بکات یان بە پێچەوانەوە، دەوڵەت و حکومەتیش دەبێت ڕایان وەرگرن و جێبەجێیبکەن. ئەمما دەوڵەتی موسوڵمان کە هەر وەکو (کرێکار)ی ئوممەتەکەیەتی بەیعەت بە ئوممەتەکە دەدات کە (قورئان و سوننەت) ڕاپەڕێنێت، ئیتر بۆی نییە یاسا و ڕێسا و تەعلیمات و ئەحکامی پێچەوانە

به قورئان و سوننەت داڕێژێت یان بچەسپێنێت، ئوممەتەکەیشی بۆی نییە داواکات یاسا و ڕێسایەکی پێچەوانەی قورئان و سوننەت دابڕێژرێت، هەردوولا دەبێت پەیمان لەسەر جێبەجێکردنی (قورئان و سوننەت) بدەن.. لە هەمان کاتیشدا ئوممەت داوا دەکات ڕاوێژکاران و شورای دەوری خەلیفە لە پیاوچاکانی جیهانی ئوممەتەکە بن.. ئەمە سێ خاڵی سەرەکی دەخوازێت:

١- موسوڵمانان بە ڕەزامەندی و سەربەستیی خۆیان ئەمیر (خەلیفە/سەرۆك)ی ئوممەتەکە هەڵدەبژێرن، کەس بۆی نییە ئوممەتەکە ناچار بکات بە حوکمی زەوتکراوی ڕازی ببێت و لێی بێ دەنگ بێت.. ئەمما ئەگەر خاوەن هێزێکی موسوڵمان دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتی زەوتکرد و هەموو شتێکی خستە ژێر ڕکێفی خۆی (واتە ڕوکنی دووەم کە ڕەزامەندیی ئوممەتەکەیە نەما) بەڵام ئەمیری زەوتکار موسوڵمانە و سوورە لەسەر چەسپاندنی قورئان و سوننەت و سەروەریی شەرع، لێرەدا شەرعناسان دوو بۆچوونن لە لایەنگری و بەرهەڵستیکردنیدا، بەڵام ئەم حاڵەتە ڕێسا سەرەکییەکەی (ئیمارەت) ناگۆڕێت کە دەبێ خەلیفە بە ڕەزامەندی ئوممەتەکە دەسەڵات بگرێتەدەست.

- پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (مَنْ أَمَّ قَوْمًا، وَهُمْ لَهُ كَارِهُونَ لَمْ تُجَاوِزْ صَلَاتُهُ تَرْقُوَتَهُ)[1]، واتە: هەر کەسێك پێشەواییەتی کۆمەڵێکی کرد کە بە پێشەوایەتییەکەی ڕازینەبوون و دەیانبوغزاند، نوێژەکەی لە ئێسقانی سەرشانی تێناپەڕێت.

- ئیبنو عەباس (خوا لێیان ڕازی بێت) لە سەیدنا عبدالرحمانی کوڕی عەوفەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە سەیدنا عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: (...إِنِّي -إِنْ شَاءَ اللَّهُ- لَقَائِمٌ العَشِيَّةَ فِي النَّاسِ، فَمُحَذِّرُهُمْ هَؤُلَاءِ الَّذِينَ يُرِيدُونَ أَنْ يَغْصِبُوهُمْ أُمُورَهُمْ)[2]، واتە: ئێوارە (إن شاء الله تعالى) لە ناو خەڵکەکەدا هۆشداری ئەوە ڕادەگەیەنم کە خەڵکی دەبێت لەو کەسانە وریابن کە دەیانەوێت دەسەڵاتداریتیی کاروباریان زەوت بکەن بەوەی بیخەنە دەست

---

(١) عبدالرزاق (٣٨٩٣، ٣٨٩٥)، ئیبنو ئەبی شەیبە (٤٠٧/١)، ئەلبانی لە (صحيح الجامع) (٦١٠٢) دەفەرموێت حەسەنە.

(٢) بوخاری (٦٨٣٠).

خۆیان. دەبینیت سەیدنا عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) وای داناوە کە هەر کەسێك کاروبار و دەسەڵاتی خەڵکی بگرێتە دەست خۆی بێ ئەوەی پرس و ڕای بە خەڵکەکە کردبێت و لێی ڕازی بووبن ئەمە زەوتکردنی مافیانە. کەوابوو حەتمەن دەبێت موسوڵمانان بە ئازادی و ڕەزامەندیی خۆیان ئەمیری خۆیان هەڵبژێرن، غەیرە موسوڵمان لەم مافانەدا بە شداری ناکات.

٢- موسوڵمانان کە ئەمیری خۆیان هەڵدەبژێرن و بەیعەتی دەدەنێ، لە بەرامبەردا مەرجیان لەسەری ئەوەیە کە قورئان و سوننەت لەناو (ڕەعیەت)ەکەدا بچەسپێنێت، بۆیە ملکەچیی بۆ دەردەبڕن و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی دەبن، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (اسْمَعُوا وأَطِيعُوا، وإنِ اسْتُعْمِلَ عليْكُم عَبْدٌ حَبَشِيٌّ، كَأَنَّ رَأْسَهُ زَبِيبَةٌ، ما أقامَ فيكُم كتابَ اللهِ)[1]، واتە: گوێڕایەڵ و ملکەچی ئەو کەسە بن کە دەبێتە بەرپرستان با کۆیلەیەکی حەبەشیش بێت سەری وەکو مێوژە ڕەشکە وابێت، مادام کتێبەکەی خوای گەورەتان لەناودا دەچەسپێنێت.

٣- ئەمیر مولزەمە ڕاوێژی موسوڵمانان بکات، واتە ئەرکە لەسەری دەبێت لەو کێشانەی دێنە پێشی پرس و ڕا بە شورایەك بکات کە بەدەوریەوەن. ڕاوێژکاری لە مەسەلەیەکدا ناکرێت کە دەقی قورئان و سوننەتی لەسەربێت، چونکە لەکاتی هەبوونی (دەق)دا بۆچوونی کەس نامێنێت، کە دەقێك هەبوو، دەسەڵاتدار و ڕەعیەتەکە فەرزە پێوەی پابەندبن، بەڵام لەبڕیارەکانی جەنگ و ئاشتی و بەرژەوەندی و سوودهێنان و زیاندوورخستنەوە و پابەندبوون و پابەندکردندا ڕاوێژکاری دەکرێت. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ﴾ آل عمران: ١٥٩، واتە: ڕاوێژ بە موسوڵمانان بکە لە کاروبارەکاندا، کە ڕات لەسەر بۆچوونێك جێگیربوو پشت بە خوا ببەستە و بڕیاری لەسەر بدە. هەروەها دەربارەی ڕاوێژکاری و پرس و ڕای موسوڵمانان لەناو خۆیاندا دەفەرموێ: ﴿وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ﴾ الشورى: ٣٨، واتە: کاروباری ناو موسوڵمانان بە شورا و ڕاوێژ و پرس و ڕای ناو خۆیان دەبێت.

کەوابوو خاڵی سەرەکیی سەربەخۆیی و جیاوازیی دەوڵەتی موسوڵمان ئەوەیە کە

(١) ئەم فەرموودەیە بەم لەفزە لای بوخاری (٧١٤٢) بەم شێوەیە هاتووە: (اسْمَعُوا وأَطِيعُوا، وإنِ اسْتُعْمِلَ عليْكُم عَبْدٌ حَبَشِيٌّ، كَأَنَّ رَأْسَهُ زَبِيبَةٌ)، وە بەشی کۆتایی فەرموودەکەش کە نووسەر هێناویەتیەوە لە فەرموودەیەکی تر لای ئیمامی ئەحمەد (٢٧٢٦٦) هاتووە: (اسمَعوا وأَطيعوا وإنْ أُمِّرَ عليْكُم عبدٌ حبَشِيٌّ ما أقامَ فيكُم كتابَ اللهِ).

ڕاوبۆچوونی تـاکە کەس کە لە دید و حەز و هەواوهەوەســەوە هاتبێت یان لە ویســتی تاکە کەسێکەوە هاتبێت و دژایەتیی لەگەڵ فەرمانی قورئان و سوننەتدا هەبێت نرخی نییە و کەس لە موسـوڵمانان پابەند ناکات بەخۆیەوە، هەروەها ئەو خاڵەش سـەرەکییە کە غەیرە موسـوڵمانانی ناو کۆمەڵگەی موسـوڵمان لە هەڵبژاردنی خەلیفە و ئەمیری موسـوڵماناندا ڕایان وەرناگیرێت. ئەوەی وەکو ئەم حوکمەشـە ئەوەیە کە ئەو کەسـانەی موسـوڵمانی فاسـق و دوور لە پابەندیی دینەکەشــن ڕایان لە هەڵبژاردنی خەلیفە و ئەمیردا نابێت، چونکە هەڵبژاردنی کەسـێك بۆ ئەو ئاسـت و پلە و بەرپرسێتییە دینداری و تەقواکاری و شارەزایی و هەستی بەرپرسیارێتی دونیا و قیامەت دەخوازێت.

************

ئەوەی پێشـکەشـمانکرد بۆ سـەلماندنی سـەربەخۆیی و جیاوازیی کەسـایەتی تاك و کۆی کومەڵگە و دەوڵەتی موسـوڵمانان. ئەم سـەربەخۆیی و جیاوازیەش لە عەقیدە ئیسـلامییەکەوە هاتووە کە ئەویش لە هەموو عەقیدەیەکی دینی تر جیاوازە..

بەم دید و ڕێ سـەربەخۆ و جیاوازە ڕیزی موسوڵمانان لە ڕیزی ئەهلی باتڵ جودا دەبێتەوە، لە گومڕاییەکـان دەربـاز دەبێـت و دەکەوێتە سـەر دید و ڕێی هیدایەتی خوایی و دوورەپەرێز دەوەستێت لە دید و تێڕوانین و پێناسەی کوفر و شیرك بۆ گەردوون و ژیان و مرۆڤ، بۆ سیفاتی (خالق) و (مەخلوق)، دوورەپەرێز لە ڕەفتار و ڕەوشـتی کوفر و شیرك، لە دابونەریت و ڕێباز و بەرنامە و ئیدارە و سیسـتمی کوفر و شـیرك و دووڕوویی.. هەروەها لە شـلگیری و سـستی و هەسـتی نامەسـئولێتی یان لاوازی و قبوڵکردنی زەلیلی و ژێردەستەیی.. ئەمە بەرنامەی ئیسلامە کە دینی خوای گەورەیە و پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) هەموو مرۆڤایەتیی بۆ بانگهێشـت کـردووە، وەك دەفەرموێ: ﴿وَإِنَّكَ لَتَهۡدِيٓ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ۝٥٢ صِرَٰطِ ٱللَّهِ ٱلَّذِي لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ أَلَآ إِلَى ٱللَّهِ تَصِيرُ ٱلۡأُمُورُ ۝٥٣﴾ الشورى: ٥٢ - ٥٣، واتە: بەدڵنیاییەوە تۆ ڕێنمایی خەڵکی دەکەیت بۆ ڕێبازی ڕاسـت، ڕێبازەکەی خوای گەورە کە هەرچی لە ئاسـمانەکان و لە زەویدایە هی ئەوە و هەموو کاروبارێك و هەموو ئەنجامێك بۆ خوای گەورە دێتەوە.

## باسی سێیەم

## ڕەفتار و ڕەوشتی ئیسلامی هۆکاری ڕاقیبوونی مرۆڤە

لە هۆی جیاوازیی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ ئەوەیە کە مرۆڤ وزەیەکی تایبەتی هزر و هۆشی دراوەتێ کە لەلایەنی ژیریشیەوە شیاوی ئەوە بووە داواکاری (تەکلیف)ە شەرعییەکانی بخرێتەسەر، بەڵام ئاژەڵ ئەو ئاستە ژیرێتییەی نەدراوەتێ، بۆیە شەرع داوای هیچی لێ نەکردووە، بۆیە ئەو مرۆڤەی تەکلیفە شەرعییەکان ڕەتدەکاتەوە و خۆی لێ ڕادەپسکێنێت و ناخوازێت ئەنجامیان بدات خۆ دەخاتە ڕیزی ئاژەڵەوە، لە پلە و ئاستی مرۆڤێتی دەکەوێت، خوای گەورە لە چەندین ئایەتدا باسی ئەوەی فەرمووە کە کافرەکان لایەقی سیفەتی مرۆڤایەتی نەماون، بەڵکو ئاژەڵن و لە ئاژەڵیش نزمتر، چونکە حیکمەتی هەبوونی خۆیان و ژیانیان نازانن! خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿أَمۡ تَحۡسَبُ أَنَّ أَكۡثَرَهُمۡ يَسۡمَعُونَ أَوۡ يَعۡقِلُونَۚ إِنۡ هُمۡ إِلَّا كَٱلۡأَنۡعَٰمِ بَلۡ هُمۡ أَضَلُّ سَبِيلًا ﴿٤٤﴾﴾ الفرقان: ٤٤، واتە: چما تۆ وا دەزانیت ئەوانە دەبیستن و پەی پێدەبەن؟ ئەوانە وەکو ئاژەڵن، ئەم قورئانەیان گوێ لێیە و تێدەگەن لێی بەڵام ئامێری زانین و وەرگرتن و پێوەپابەندبوونیان پەك خستووە، ئەمانە وەکو ئاژەڵن، بەڵکو گومڕاتریشن، چونکە ئاژەڵ کە تەکلیفی لەسەر نییە و تێناگات بەرهەڵستیش ناکات! کەچی ئەمانە کە ورد گوێ لە دینەکە ناگرن و وەدەنگییەوە نایەن؛ دژایەتیشی دەکەن، بۆیە ئەمانە لە ئاژەڵ خراپتر و گومڕاترن.

- هەروەها: ﴿إِنَّ شَرَّ ٱلدَّوَآبِّ عِندَ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾ الأنفال: ٥٥، واتە: خراپترین گیاندار لای خوای گەورە ئەو کەسانەن کە کافر بوون، کە وەدەنگ بانگهێشتی خواویستیەوە نەهاتوون.

هەندێك کەس لەم قسەیە تورە دەبن، بەڵام لەڕاستیدا ئەگەر وردەکارانە لەماڵی کافران بکۆڵیتەوە بۆت دەردەکەوێت کە خۆیان باڵاترین نموونەی بەرچاویان کە دەخوازن لە ژیاندا بیگەنێ و وەکو ئەو بکەنەوە ئاژەڵەکانن.. ئەوانەی کە دەبنە ئەندامی یانەی (ڕووت)ەکان، بۆچی بوونەتە ئەندام و دیدارەکانیان بۆچی بە ڕووت و قووتییە؟ مەگەر لەبەر ئەوەیان نییە کە وەکو ئاژەڵ بکەنەوە؟ ئەو کەسانەی کە زیناکردن لەگەڵ هەر ئافرەتێکدا بێت بە شیاو دەزانن و

پێیان وایە ئەوە خۆتێرکردنی سروشتییە! مەگەر ئەوەیان مەبەست نییە وەکو ئاژەڵ ڕەفتار بکەن؟ ئەمانە کە سنوور و پێوەندێك نییە لە چوارچێوەیەکدا ڕایانگرێت جیاوازیان لەگەڵ ئاژەڵدا چییە کە مرۆڤ سنوور و کۆت و بەندی بۆ دادەنێت؟ ڕاستیی ئاشکرا و ڕاشکاو پێمان دەڵێت کە بەڵێ دید و ڕێی شـیاو و پەسـەند لای کافر ئەوەیە کە وەکو ئاژەڵ بژی، ئامانجی باڵاشـی ئەوەیە بەتەواوی بۆ چێژەکـانی وەکو ئـاژەڵ بێ سـنوور و ڕادە لێببڕێـت، ئەمەش ئەو حەقیقەتە دەسەلمێنێت کە کافر زۆر لایەنی ژیان و مرۆڤینی خۆی پەکدەخات.

حەقیقەتی ڕۆشـن ئەوەیە کە هەرچی خوای گەورە لەسەرمانی فەرز کردووە بۆ سەلماندن و چەسـپاندنی مرۆڤێتی خۆمانە، بۆ بەرزکردنەوەی ئاسـتی مرۆڤایەتیمانە، بۆ ئەوەیە کە لە دید و مومارەسەماندا لە ئاژەڵان جیاوازبین، مەبەستمان لێرەدا بێگومان ئەوە نییە کە مرۆڤ نەخوات و نەخواتەوە و هـاوسـەرگیری نەکـات، نا، ئەمانە ڕەفتارێکن زەروورەتی ژیانن، ژیانی مرۆڤ و ئـاژەڵ و ڕووەکیش بەم ڕەفتـارانە بەردەوام دەمێنێـت، مەبەسـتمان جیاوازیی مرۆڤە لە ڕووی ڕەفتـار و ڕەوشـت و دیـدی کومەڵایەتییەوە کە وادەکات ژیانی دونیای مرۆڤ مانایەکی تری زیادەی هەبێت وەك لە ژیانی ئاژەڵ، کە سیفەتە مرۆییەکانی تێدا دەرکەوێت.

## بڕگەی یەکەم:

## شیاو کردنی مرۆڤ بۆ ئەرکەکانی خواویستی لەسەر زەوی:

### خاڵی یەکەم: ڕەسەنکردنی شیاوێتیی مرۆڤ:

خوای پەروەردگار زانایە، مرۆڤیشـــی وا خەلق کردووە ئامادەیی فێربوون و زانینی تێدابێت. خوای گەورە خاوەن ویست و ئیرادەیە، واش مرۆڤی خەلقکردووە کە ویست و ئیرادەی ڕێژەیی خۆی هەبێت. خوای گەورە بە توانایە، مرۆڤیشـــی وا خەلقکردووە کە توانای هەبێت. خوای گەورە زیندووە، زیندوویەکی کاتیشـی بە مرۆڤ بەخشـیوە. خوای گەورە بیسەرە، مرۆڤیشی وا خەلقکردووە ببیسـێت. خوای گەورە بینەرە مرۆڤیشی وا خەلقکردووە کە ببینێت. خوای گەورە دانایە و مرۆڤیشـــی وا خەلقکردووە پشـــکێکی ســـنوورداری دانایی تێدابێت. خوای گەورە بەخشـندە و سـەخییە، مرۆڤیشـی وا خەلقکردووە کە ئامادەی بەخشین و سەخاوەتی تێدابێت. خوای گەورە بەبەزەییە مرۆڤیشی وا خەلقکردووە کە ئامادەیی بەخشین و سەخاوەتی تێدا بێت خوای گەورە بە بەزەییە و مرۆڤیشـــی وا خەلقکردووە بە ڕەحم و بەزەیی بێـت. خوای گەورە ڕێنیشـــاندەرە و مرۆڤیشـــی هیدایەتداوە توانای ڕێنیشـــاندانی هەبێت. خوای گەورە حەلیمە و بەسـەبرە، مرۆڤیشی وا خەلقکردووە سینەفراوان و خۆڕاگر و ئارام بێت. خوای گەورە لە دادی بێ سـنووری خۆیەوەتی کە کەسـانێك گومڕا دەکات، مرۆڤیشـــی وا خەلقکردووە سـەرئەنجام دەسـتدرێژی و سـتەمکاریەکەی خەڵکی گومڕا بکات. خوای گەورە تۆڵەسـێنە، مرۆڤیشـــی وا خەلقکردووە گیـانی تۆڵەســـەنـدنی تێـدابێت. خوای گەورە میهرەبان و بەخشـــەری نیعمەتە، مرۆڤیشی وا خەلقکردووە چاکەی لە دەست بێت و بە خەڵکی ببەخشێت. خوای گەورە باڵایە و دەسەڵاتدارە، مرۆڤیشی وا خەلقکردووە کە ئامادەیی خۆ بەباڵازانین و دەسەڵاتداری بێ هاوتا دابنێت. هەر ســـیفەتێکی خوای گەورە و هەر ناوێکی کە هەیەتی -جگە لە تاك و تەنهایی و یەکەمین و مانەوەی- مرۆڤیشی وا خەلقکردووە ئامادەیی و توانای ئەوەی تێدابێت لەو سیفەتانە بگرێتەخۆ، لەگەڵ ئەو دڵنیایەشـماندا کە سیفەتەکانی خوای گەورە بێ وێنەن و هیچ سیفەتێکی هیچ مەخلوقێك بە هیچ کلۆجێك لە سیفەتێکی خوای گەورە ناچێت، بەڵام لەڕووی زمانەوانی و

بۆحاڵیکردنە کە دەوتریت خوای گەورە زانایە و مرۆڤیش دەزانیت (یان هەر سیفەتیکی تری وەکو حلیم و رؤوف و رحیم... کە خوای گەورە هەندیك لە پیغەمبەرانی خۆی (علیهم السلام) پیٚ وەسف کردوون، بیگومان سیفەتی مەخلوق لایەقی مەخلوقیتیی خۆیەتی و سنووردارە، سیفەتی خوای تاك و پاکیش لایەقی خۆیەتی و رەها و بیٚ سنوور و بیٚ چەند و چۆنیەتییە..).

## خاڵی دووەم: داڕشتنی ڕەوشتی پەسەندی مرۆڤ:

خوای گەورە کە ئەم ئامادەییە ڕەوشتییەی لە مرۆڤدا خەلقکرد بەردەوام پەیام و پیغەمبەرانی خۆیی (علیهم السلام) بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی نارد.. پیغەمبەرە بەڕیزەکان نموونەی سەلمیٚنراو و چەسپیٚنراوی ڕەفتار و ڕەوشتە باڵاکانی ڕاقیبوون بوون، نموونەی بەرچاوی مرۆڤایەتی بوون کە ئەوانیش هەولبدەن بە پەیامی خوای گەورە خۆ پەروەردەکەن و بەرەو ئاستەکانی ڕەوشتی پیغەمبەران (علیهم السلام) بەرز بنەوە.. ڕۆڵی پیغەمبەرانیش دوای ناساندنی خوای گەورە و ئەرکەکانی پەرستن، داوای پابەندیی شەرعی و ڕەوشتیان لە شوینکەوتووانایان دەکرد و سەرپەرشتیار و ئاودیٚر و چاودیٚری پارسەنگی ڕەفتار و ڕەوشتی خەڵکەکە بوون، سەرپەرشتیاری گەشە و نەشونمای ڕەفتار و ڕەوشتی پارسەنگیان بوون و وەکو باخەوان و شوان بەخەمیانەوە بوون تا بە ڕیگای ڕاستی خواویستیدا ڕیٚ بکەن..

- پیغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمویٚ: (إِنَّمَا بُعِثْتُ لِأُتَمِّمَ مَكَارِمَ الْأَخْلَاقِ)[1]، واتە: بۆ ئەوە پەیامی پیغەمبەریتیم پیدراوە تا ڕەوشتە بەرزەکان کامڵ بکەم.

- خوای گەورە دەربارەی ئەرکی پیغەمبەرە بەڕیزەکانی (علیهم السلام) دەفەرمویٚ: ﴿كَمَآ أَرۡسَلۡنَا فِيكُمۡ رَسُولٗا مِّنكُمۡ يَتۡلُواْ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِنَا وَيُزَكِّيكُمۡ وَيُعَلِّمُكُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ﴾ البقرة: ١٥١، واتە: نیٚررراومان بۆ خۆمان هەر لە خۆتاندا هەڵبژارد و پەیامان پیدان تا ئایەتەکانی ئیمەتان بەسەردا بخوینیتەوە و پەروەردەتان بکات پیی و دڵ و دەروونتان پاڵفتە و ڕەفتار و ڕەوشتتان بەرز پەروەردە بکات و قورئانتان فیٚر بکات تا تیبگەن و واقیعەکەی پیٚ بگۆڕن، لە دید و ڕوانگەی

---

(١) بەیهەقی (٢٠٥٧١)، حاکم (٤٢٢١) و ئەفەرمویٚت: (صحیح علی شرط مسلم)، شیٚخی ئەلبانیش لە (السلسة الصحیحة) (٤٥) بە سەحیحی داناوە.

قورئانەکەوە واقیعەکە ببینن و چارەسەری لە ئاڕاستەی ئەووە بۆ بدۆزنەوە.

- سەرفرازی و سەر شۆڕیی مرۆڤ لای خوای گەورە ئەنجامی ڕادەی دوور و نزیکیی پابەندبوونێتی بە فەرمانی خوای گەورەوە، وەك دەفەرموێ: ﴿وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا ۞ فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا ۞ قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا ۞ وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّاهَا﴾ الشمس: ٧ - ١٠، واتە: سوێند بە نەفس و خەلقکردن و سازدانی کە خوای گەورە خۆی و دینەکەیی پێ ناساندووە و تێیگەیاندووە و چاك و خراپی نیشانداوە، ڕێگای خێرخوازی و ڕێگاکانی شەڕخوازیی بۆ ڕوونکردۆتەوە، سەرپشکی کردووە کە خۆی کامیان دەگرێتەبەر سەربەستە، بەڵام بە تەئکید ئەو کەسە سەرفراز و ڕووسوورە کە نەفسی خۆی باڵفتەکردووە و خۆی پارسەنگ ڕاگرتووە و بەرەو ئاستی باڵا گەشەی پێکردووە، ئەمما ئەو کەسەی خۆی گومڕاکردووە و دڵ و دەروونی بە کوفر و شیرك و تاوان تاریکداهێناوە، ئەو کەسەی دڵ و ڕەفتاری لە خراپەکاریدا نقومکردووە بە تەئکید سەرشۆڕ و ڕووڕەشە.

- پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (إِنَّ أَقْرَبَكُمْ مِنِّي مَجْلِساً أَحَاسِنُكُم أَخْلَاقًا المُوطَئُونَ أَكْنَافاً الَّذِينَ يَأْلَفُونَ وَيُؤْلَفُون)[1]، واتە: نزیکترین کەستان لە کۆڕی من لە ڕۆژی قیامەتدا ئەو کەسانەن کە ڕەوشتی پەسەندترە، ئەو کەسە بێ هەوا و فیزانەی ئاسان دەبنە دۆست و دەگیرێن و ئاسانیش بە دەست خەڵکییەوە دێن و دۆستایەتییان قبوڵ دەکەن.

یەکەمین هەنگاوی پاڵفتەی دەروون و پارسەنگکردنی ڕەفتار و ڕەوشتی مرۆڤ؛ سازکردنی ئامادەییەکەیەتی بۆ عەبدایەتیکردنی بۆ خوای گەورە و دەربڕینی ملکەچێتی بۆی و خۆبەدەستەوەدان و گوێڕایەڵێتیی فەرمانەکانێتی، بەوەی کە هەر هەموو ڕەفتارێکی، هەر هەموو سیفەتێکی ڕەوشتی لەو بازنە (ئەخلاقی)یەدا دابڕێژرێت کە خوای گەورە بۆ مرۆڤی دیاریکردووە، لەسەر ئەو بنەما و لەناو ئەو قاڵبەڕ یسایانەدا خۆ دارێژێتەوە کە پێغەمبەرانی خوا (علیهم السلام) دیاریانکردووە. ئەم خۆئامادەکردن و ئیستعدادە یەکەمین هەنگاوی دەسپێکە،

---

(١) ئەم فەرموودەیە بە لەفزی جیاواز هاتووە، تەبەرانی لە (الأوسط) (٧٦٩٧)، خەتیب لە (تاریخ بغداد) (٢٦٣/٥)، (ابن عدي) لە (الكامل) (٦٣/٤)، بەیهەقی لە (الشعب) (٧٩٨٣).

که زۆر گرنگ و کاریگەرە.

گەورەیی و مەزنی کە مادام سیفەتی خوای گەورەن و مرۆڤیش ئامادەیی ئەوەی تێدایە بە ناحەق لووتبەرز و هەڕاڵ و لەخۆبایییبووانە خۆ بەگەورە و مەزن بنوێنێت، دەبێت هەر لە سەرەتاوە مرۆڤ ئەم سیفەتە ناقۆلایە لەخۆی دارنێت و نەهێڵێ تووشی ببێت یان تێیدا بمێنێتەوە، چونکە (الكبرياء والعظمة) سیفەتی ڕەها و بێ وێنەی خوای تاك و پاكن و بەهیچ شێوەیەك و هیچ بڕ و ڕادە و چۆنیەتییەك مرۆڤ نییەتی و ناشبێت لاف و گەزافی هەبوونی لێبدات یان خۆ وانیشاندان کە هەیەتی.. لە دینداریێتی و کامڵێتی و ژیرێتیی مرۆڤ ئەوەیە کە بە تەواوی دژی ئەم سیفەتەی مرۆڤ (لووتبەرز و هەڕاڵ) بێتەوە.

- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە خوای پەروەردگاریەوە دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (الْعَظَمَةُ إِزَارِي، وَالكِبْرِيَاءُ رِدَائِي، فَمَنْ نَازَعَنِي وَاحِدًا مِنْهُمَا قَذَفْتُهُ فِي النَّارِ)[1]، واتە: مەزنی سەرپۆشاکمە و گەورەیی و باڵایی کەوامە، هەر کەسێك لە یەکێکیاندا کێبڕکێم لەگەڵدا بکات و بیەوێت بۆ خۆیان زەوت بکات فڕێیدەدەمە ئاگری دۆزەخەوە.

- خوای گەورە بەبەزەییە و (رحيم)ە و مرۆڤیشی وا خەلقکردووە کە بەبەزەیی بێت، بەڵام بەزەیی خوای گەورە سنووری ڕادە و بڕی نییە، وەکو کە بەزەیی مرۆڤ سنووردارە و دەکەوێتە ژێر ئینفیعال و کاردانەوەوە، بەڵام ئەم سیفەتە بەزەییەی مرۆڤ قابیلی نەشونما و گەشەکردنە، بەڵام لەژێر ئاڕاستەی دینی خوای پەروەردگاردا کە بە بەزەییتر دەبێت بەرانبەر ئەو مرۆڤانەی بە بەزەیی دەبن بەرامبەر بە خەڵکی.. خوای گەورە بەزەییەکی تایبەتی خۆی بەکافر نابەخشێت، کافر وەکو هەر مەخلوقێکی تری گەردوون و ژیان وا لەژێر ڕەحمەتی گشتیی خوای گەورەدایە. موسوڵمانیش بە بەزەیی دەبێت بەرامبەر مرۆڤ بەگشتی، بەڵام بەزەیی تایبەتی موسوڵمان بۆ موسوڵمانە نەك بۆ کافران. موسوڵمان بە بەزەییە بەڵام حوشتر و گا و مانگا و ماڵاتیش یان باڵندەش بۆ خواردن سەردەبڕێت، چونکە خوای گەورە فەرمانی پێداوە، ناشێت موسوڵمان وا بە بەزەیی بێت کە بڵێت ئەو ئاژەڵە حەڵاڵانە سەنابڕم چونکە دڵم نابات یان بەزەییم پێیاندا

---

(١) ئەبو داود (٤٠٩٠)، هەروەها موسلیم (٢٦٢٠) بە کەمێك جیاوازییەوە.

دێتەوە!

- خوای گەورە بەسەبرە و مرۆڤیشی وا خەلقکردووە ئارام لەسەر زۆر شت (لە سنووری توانای بەشەریانەی خۆیدا) بگرێت، ئەم سەبرگرتنەی مرۆڤ دەبێت لەو چوارچێوەیەدابێت کە خوای گەورە بۆ سەبر و سینەفراوانی دیارییکردووە، ناشێت لەو کاتانەدا کە حوروماتی خوای گەورە و (موقەدەسات)ی موسوڵمانان دەکەوێتە بەردەستی کەسانی ناکەس بەچە و سوکایەتیان پێدەکەن، ناشێت موسوڵمان بێ غیرەتانە سەرشۆڕکات و کاردانەوەی نەبێت، بەو بەهانەی گوایە سینەفراوانە و بەسەبرە! موسوڵمان کە دەبینێت طاغوتان و سەربازانیان و سەرسەریەکان سوکایەتی بە دینەکەی دەکەن لە دژیان ڕادەپەڕێت و بەرەنگاریان دەبێتەوە، چونکە بۆی جائیز نییە سەرشۆڕکات و هەر لەوێ بمێنێتەوە، بەبیانووی ئەوەی کە گوایە وەکو پێغەمبەران بە ئارام دەبێت!! موسوڵمان لەسەر دینەکەی بەدەنگ دێت، بەڵام دەشێت لە سەندنی مافەکانی خۆیدا شلگیربێت یان لێی بێدەنگ بێت.

- خوای گەورە تۆڵەسێنە و هەق لە هەموو تاوانکارێك دەسێنێت، مرۆڤیشی وا خەلقکردووە کە گیانی تۆڵەی تێدابێت و نەهێڵێت مافی بفەوتێت، بەڵام هەبوونی گیانی تۆڵە و تۆڵەسەندنەوە نابێت لەو سنوورە شەرعییە تێپەڕێت کە خوای گەورە لەدینەکەیدا بۆ مرۆڤی دیاریکردووە. ئەو کەسەی کە باوکم دەکوژێت بۆم هەیە لەتۆڵەیدا بیکوژمەوە، هەر وەکو بۆشم هەیە خوێنی وەربگرم یان لە قاتڵەکە ببورم، ئەگەر هەقی خوێنەکەیم وەرگرت ئیتر بۆم نابێت بیکوژمەوە، هەر کەسێك دەستدرێژی کرایە سەر، بۆی هەیە بەو ڕادە و بڕە تۆڵە بکاتەوە نەك زیاتر.

- خوای گەورە لێبوردووە و مرۆڤیشی وا خەلقکردووە توانای لێبوردنی هەبێت، بەڵام دەبێت ئەم لێبوردنەی مرۆڤ لەو چوارچێوەدابێت کە خوای گەورە بۆ مرۆڤی -وەکو مافی لێبوردن- دیاریکردووە. دەشێت لەو کەسە ببورم کە زوڵمی لێ کردووم، بەڵام ناشێت قازی بم و لە کەسێك ببورم کە سزایەکی شەرعی (حەدد)ی کەوتۆتە سەر، وەکو حەددی زیناکردن، یان بۆم نییە لایەنێکی ناکۆکییەکە عەفوو بکەم لەکاتێکدا کە مافی بەرامبەرەکەی کەوتۆتە سەر، چونکە من نەخاوەن مافەکەم لەو کێشەدا و نە خاوەن مافی لێبوردنم هەیە، با قازیش بم.

- خوای گەورە خاوەن ویست و ئیرادەی ڕەها و بێ سنوور و بێ وێنەیە و مرۆڤیشی وا خەلقکردووە کە خاوەن ویست و ئیرادە بێت.

- خوای گەورە بکەری هەر شتێکە کە بیەوێت: ﴿فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ ۝١٦﴾ البروج: ١٦ و کەسیش بۆی نییە لە خوای گەورە بپرسێت چۆن و بۆچی؟ ﴿لَا يُسْأَلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْأَلُونَ ۝٢٣﴾ الأنبياء: ٢٣، واتە: خوای گەورە هەر شتێك بکات کەس بۆی نییە لێی بپرسێت و بپرسێتەوە، بەڵام مرۆڤەکان خوای گەورە لێیان دەپرسێت و دەپرسێتەوە... ئەمما مرۆڤ بەدڵنیاییەوە نە سەربەستە هەر شتێکی ویست بیکات، نە بەتواناشە، هەموو زانین و توانین و ویستی مرۆڤ سنووردارە و ناتوانێت بەهیچ شێوەیەك لەو سنوورە دیاریکراوەی دەرچێت. لەوانەشدا کە دەتوانێت بیکات وەکو گوناح و ستەم بۆی نییە بیکات، چونکە ویستی مرۆڤ دەبێت لە چوارچێوەی فەرمانەکانی خوای گەورەدابێت و ناشێت لە سنووری شەرع دەرچێت، هەر دەرچوونێکی لادانە لە ڕێبازی ڕاستی خوای گەورە.

- خوای گەورە گومڕا دەکات و ڕێنماییش دەکات، هەر کەسێکی گومڕاکردبێت حەقە و دادپەروەرییە چونکە خوای گەورە ستەمی لێناوەشێتەوە و نایکات، هەر کەسێکیشی هیدایەت دابێت حەقە و لە فەزڵ و ڕێزی خۆیەتی و داد و ڕەوایە، بەڵام مرۆڤ (کە سەرپشك کراوە ڕێی خێر یان ڕێی شەڕ بگرێتەبەر) داوای لێکراوە ڕێبازی ڕاستی خوایی بگرێتەبەر.

- خوای گە ورە بیسەرە و هەموو شتێك دەبیستێت، مرۆڤیش بیسەرە، بەڵام داوای لێکراوە تەنها شتی خێر و چاکە ببیستێت، بۆی نییە شتی حەرام ببیستێت، غەیبەت و دووزمانی و کوفر و شیرك و گوناح بێت یان مۆسیقا...

هەموو ناوە پیرۆزەکانی تری خوای گەورە هەروان، خوای گەورە مرۆڤی وا خەلقکردووە ئامادەباشی ئەوەی تێدابێت لەو سیفەتە خواییانەوە سیفەتی مرۆڤیانە فێربێت و پێوەی پابەندبێت، هەرچەندە بەبێ هیچ گومانێك سیفەتی خوای گەورە لایەق خۆیەتی و بەهیچ کلۆجێك لەسیفەتی مەخلوق ناچێت، هیچ مەخلوقێکیش لە هیچ سیفەتێکدا بەهیچ ڕادە و بڕ و چۆنییەتیەك لە سیفەتی خوای گەورە ناچێت.

## خاڵی سێیەم:دیاریکردنی سنووری حەڵاڵ و حەرام بۆ مرۆڤ:

خوای گەورە سنوورەکانی حەڵاڵ و حەرامی لە هەموو شتێکدا بۆ مرۆڤ دیاری کردووە، سنووری هیدایەتی خوایی و ڕێبازی شەیتانی لەهەموو شتێکدا، دینداری و تەقواکاری و کامڵبوونی موسوڵمانێتیی موسوڵمان لەسەر پاراستنی ئەم سنوورانە وەستاوە، بەقەدەر ئەوەی سنووری حەڵاڵ دەپارێزێت و نایبەزێنێت و ناچێتە سنووری حەرامەوە، پلە و پاداشتی لای خوای گەورە دیاری دەکرێت.

- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡۚ﴾ الحجرات:١٣، واتە: بەڕێزترینتان لای خوای گەورە دیندارترینتانە کە بە تەقواترە..

- هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَلِبَاسُ ٱلتَّقۡوَىٰ ذَٰلِكَ خَيۡرٞۚ﴾ الأعراف: ٢٦، واتە: پۆشاکی تەقواکاری پەسەندە.. ئەویش چاکترە.

- هەروەها: ﴿تِلۡكَ حُدُودُ ٱللَّهِ فَلَا تَعۡتَدُوهَاۚ﴾ البقرة: ٢٢٩، واتە: ئەوە سنوورەکانی دینی خوای گەورەیە نەیانبەزێنن.

- هەروەها: ﴿تِلۡكَ حُدُودُ ٱللَّهِۚ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ يُدۡخِلۡهُ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ وَذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ١٣ وَمَن يَعۡصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُۥ يُدۡخِلۡهُ نَارًا خَٰلِدٗا فِيهَا وَلَهُۥ عَذَابٞ مُّهِينٞ ١٤﴾ النساء: ١٣ - ١٤، واتە: ئەوانە سنوورەکانی خوای گەورەن کە بەشەریعەتەکەی دیاریی کردووە، هەر کەسێك ملکەچی فەرمانی خوای گەورە و پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) بکات دەیخاتە بەهەشتانێکەوە کە ڕووبار و جۆباریان بەژێردا دەڕوات و بەنەمری تێیاندا دەمێنێتەوە، ئا ئەوەشە سەرفرازی و سەرکەوتنی گشتی، هەر کەسێکیش سەرپێچی فەرمانەکانی خوای گەورە و پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) بکات و سنوورەکانی ببەزێنێت، دەیخاتە ئاگری دۆزەخەوە و بەنەمریش تێیدا دەمێنێتەوە و سزا و ئازارێکی زۆر بەژانی بەنسیب دەبێت.

- هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَتِلۡكَ حُدُودُ ٱللَّهِۚ وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ ٱللَّهِ فَقَدۡ ظَلَمَ نَفۡسَهُۥۚ﴾ الطلاق: ١، واتە: ئەوانە

سنوورەکانی خوای گەورەن، هەر کەسێك لە سنووری خۆی دەرچێت و سنوورەکانی خوای گەورە ببەزێنێت، ئەوە ستەمی لە نەفسی خۆی کردووە.

ئەم ئایەتانەی دواییەی جەخت لەوە دەکاتەوە کە سنووربەزاندن و گوێنەدان بەو سنوورانەی خوای گەورە لە دینەکەیدا بۆ مرۆڤی دیاری کردووە کە نابێت لێیان دەرچێت، ستەمکردنە لە خۆ، چونکە هەر سنوورێك کە خوای گەورە بۆ شتێك و بۆ ڕەفتارێکی دیاری کردووە لە سوودی یەك یەکی مرۆڤەکان و لە بەرژەوەندیی سەرجەمی مرۆڤدایە، بۆیە لە سنوور دەرچوون ستەمکارییە.

خوای گەورە کە خواردنی گۆشتی بەرازی لەمرۆڤ حەرامکردووە لە قازانجی مرۆڤ خۆیەتی، هەروەها حەرامکردنی گۆشتی دڕندە و خواردنەوەی شەڕاب و حەرامکراوەکانی تر، یان کە زیناکردنی لەمرۆڤ حەرامکردووە لە بەرژەوەندی تاکەکانی ئەو خەڵکە و سوودی گشتیی هەموویانە، کەسێك بوار بۆ زیناکردن بۆ خۆی بکاتەوە حەتمەن لە دەرگای دەدەنەوە، زینا لەگەڵ مەحرەمانیدا دەکەنەوە، سەرەنجامی ئەمەش فەوزا و لاسەنگیی ڕەفتار و ڕەوشت و ئاژاوە و ناکۆکییە، تا وای لێدێت پیاو ڕەنج دەدات و منداڵەکە بەخێودەکات و پەروەردە و ئاراستەی دەکات و تا دەکەوێتە سەرپێی خۆی بەخەمیەوە دەبێت، چونکە بەمنداڵی خۆی دەزانێت، کەچی (لە فەحسێکی سادەی DNA دا) دەردەکەوێت کە منداڵی ئەو نییە و کەس نازانێت لە کێیە؟!

بەزاندنی سنوورەکانی سەودا و مامەڵە ئابوورییەکانیش هەر وان، پابەندبوون بەو سنوورانەوە لە بەرژەوەندی گشتی خەڵکی و سوودی تاك بەتاکیانن.. هەروەها سنووری ڕەفتارەکانی تر...

تا دینداری موسوڵمان لە زیادبووندابێت و بگاتە ئاستە باڵاکانی تەقواکاری بەتەئکید سوورتر دەبێت لەسەر نەبەزاندنی سنوورەکانی شەرع، زیاتر لە چوارچێوەی حەلاڵدا ڕەفتار دەکات و تەنانەت لە سنووری حەرام نزیکیش ناکەوێتەوە چ جای ئەوەی بکەوێتە حەرامەوە. موسوڵمانی تەقواکار کە دەبینێت زینا حەرامە و تێکەڵاوی ئافرەتان بە پیاوان و قسە و

سەفەریان پێکەوە پیشەکی و ڕێڕەو و پاڵنەری زیناکردنن، بەوە توخنی زیناکە ناکەوێت کە تێکەڵاوی و سەفەر و دەمەتەقێ و سوعبەت لەگەڵ توخمی بەرامبەریدا ناکات کە زەروورەت نەبووە. ئاوا موسوڵمان داوێن پاکانە و پارسەنگ سنوورەکان دەپارێزێت.

- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (إنَّ الحلالَ بيِّنٌ، وإنَّ الحرامَ بيِّنٌ، وبيْنَهُما مُشْتَبِهاتٌ لا يَعْلَمُهُنَّ كثيرٌ منَ النَّاسِ، فَمَنِ اتَّقى الشُّبُهاتِ اسْتَبْرَأَ لدينِه، وعِرْضِه، ومَن وقَعَ في الشُّبُهاتِ وقعَ في الحَرامِ، كالرَّاعي يَرْعَى حَوْلَ الحِمَى، يُوشِكُ أنْ يَرْتَعَ فيه، ألا وإنَّ لكُلِّ مَلكٍ حِمًى، ألا وإنَّ حِمَى اللهِ مَحارِمُهُ، ألا وإنَّ في الجَسَدِ مُضْغَةً، إذا صَلَحَتْ، صَلَحَ الجَسَدُ كُلُّه، وإذا فَسَدَتْ، فَسَدَ الجَسَدُ كُلُّه، ألا وهي القَلْبُ)[١]، واتە: پێناسە و سنووری حەڵاڵ ڕۆشنە و پێناسە و سنووری حەرام ڕۆشنە، لەنێوانیشیاندا ئەوانە هەن کە جێ گومانن کە کامیانن، زۆر کەس نایانزانێت و پێی لێك جودا ناکرێنەوە، هەر کەسێك خۆی لەو جێ گومانانەش پاراست و نەکەوتە ناویانەوە، ئەوە بەدڵنیاییەوە دین و ئابڕووی خۆی بە پاکی پاراستووە و نەیهێشتووە پەڵەیان پێوە دەرکەوێت. هەر کەسێك بکەوێتە ئەو جێ گومانانەوە حەتمەن دەشکەوێتە حەرامەکانەوە، وەکو شوانێکی لێدێت کە مەڕ و ماڵاتەکەی لە دەووروبەری (نەخوراو)ێکی قەدەغەکراو دەلەوەڕێنێت، حەتمەن مەڕەکانی دەچنە نەخوراوەکەوە، دەی سا بزانن کە هەموو موڵکێك (یان پاشا و دەسەڵاتدارێك) سنووری موڵکی خۆی دیاری کردووە و ناهێڵێت کەس سنوورەکانی ببەزێنێت و بچێتە موڵکەکانییەوە... خوای گەورەش ئاوا سنووری موڵکی خۆی بەدەوری حەرامکراوەکانیدا دیاری کردووە.. ئەوەش بزانن کە پارچە گۆشتێك -کە بەقەدەر قەبارەی ناودەم- لەبەدەندا هەیە، ئەگەر ئەو پاك و چاکساز بوو هەموو بەدەنیش (ڕەفتار و ڕەوشت) پاکو چاکسازانە دەبێت، ئەگەر ئەویش پیس و خراپەکار بوو هەموو بەدەنیش (ڕەفتار و ڕەوشت) پیس و خراپەکار دەبێت.. ئەو پارچە گۆشتەش دڵە.

- هەروەها دەفەرموێ: (لا يَبلُغُ العبدُ أن يكونَ منَ المُتَّقينَ حتى يدَعَ ما لا بأسَ به

(١) بوخاری (٥٢)، موسلیم (١٥٩٩).

حـذَرًا لمـا بـه بـأسٌ)[1]، واته: موسـوڵمان ناگـاته ئاسـتی تەقواكـاران هەر ئەوانە وازلـێ نەهێنێت كە جێ گومان نین نەبادا بكەوێتە ئەوانەوە كە حەرامن.

## خاڵی چوارەم: ڕاهێـنـانـی مـرۆڤ لەسـەر عەبـدایەتـیكردنی بۆ خوای گەورە و بەس:

خـوای پەروەردگـار نـاوی جـوانی هەن كە وەســفی خۆی پێكردوون، كە خوایەتی و پەروەردگارێتی ئەو دەسەلمێنن، مرۆڤیشی خەلقكردووە و وای سازاندووە كە قابیلیەتی ئەوەی تێدابێت لەو ناو و سیفەتانە -بەپێی سرووشتی مەخلوقێتی خۆی- لە خۆیدا نیشان بداتەوە، تا عەبدایەتیەكی ســەرڕاســتانە بۆ خوای گەورە نیشــان بدات، بەقەدەر ئەوەندەی عەبدێك لە خوانـاســی و خواپەرســتیـدا (لە عەبدایەتییدا بۆ خوای گەورە) قاڵ و قوڵ دەبێتەوە جێ ڕێز دەبێت، بەو ڕادە و بڕەی عەبدایەتی بۆ خوای گەورە دەكات پاداشت دەدرێتەوە و پلەو ئاستی لای خوای گەورە بەرز دەبێتەوە.

- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كە فەرموویەتی: (إِنَّ لِلَّهِ تِسْـعَةً وتِسْـعِينَ اسْـمًا، مَن أَحْصـاها دَخَلَ الجَنَّةَ)[2]، واتە: خوای گەورە نەوەد و نۆ ناوی هەیە، هەر كەسـێك بیانژمێرێت دەچێتە بەهەشـتەوە. خۆ دیارە مەبەست لێی هەژماركردن و تەنها ناوهێنانیان نییە، بەڵكو -وەكو زانایانی ڕاڤەوانی فەرموودەكە دەفەرموون- مەبەســت لێی پەیپێبردن و زانینیانە، درك پێكردن و پێوە پابەندبوونیانە، خۆسـازاندن و ڕاهێنانە لەسەر مانا و واتەكانیان، كامڵبونی مرۆڤێتی مرۆڤ بەوە دێتەدی كە مرۆڤ هەموو ئەو ئامادەباشـییەی خوای گەورە تێیدا سازاندووە لەم ڕێگایەی خواناسـی و خواپەرستییەدا بەكاریبهێنێت تا بگاتە ئاستە باڵاكانی عەبدایەتی بۆ خوای گەورە، خوای كردگار و پەروەردگار و خاوەنی هەموو ئاسمانەكان و زەوی و هەرچی تێیاندایە.

---

(١) ترمزی (٢٤٥١) و ئەفەرموێت (حسن غريب)، هەروەها ئیبنو ماجە (٤٩٧٧)، شێخی ئەلبانیش لە (ضعيف الترمذي)دا بە زەعیفی داناوە.

(٢) بوخاری (٢٧٣٦)، موسـلیم (٢٦٧٧)، بەڵام لە فەرموودەكەدا ئەمەشـی تێدایە (مِائَةً إلَّا واحِدًا) كە نووسـەر نەیهێناوەتەوە، ئەمە هەموو فەرموودەكەیە: (إنَّ لِلَّهِ تِسْعَةً وتِسْعِينَ اسْمًا، مِائَةً إلَّا واحِدًا، مَن أحْصاها دَخَلَ الجَنَّةَ).

خوای پەروەردگار کە ئەم کامڵبوونەی لە دروستکردن و هزر و ژیری و توانایی و ویست و ئیرادە و دەربڕین و سیما و سیفەتانەدا بە مرۆڤ بەخشیوە، فەرزە لەسەر مرۆڤیش سوپاسگوزارانە ستایشی خوای گەورە بکات لەسەریان و عەبدایەتیەکی ڕاست و سەرڕاستانە بۆ خوای گەورە بنوێنێت، پێویستە مرۆڤ سوپاسی خوای گەورە بکات لەسەر ئەو هەموو ناز و نیعمەتانەی پێی بەخشیوە لە ئیمان و دین و هیدایەت، لەدەستەبەرکردنی گەردوون و ژیان، لە نیعمەتەکانی خۆراك و خواردنەوە و جنس، لە هەموو ئەو نیعمەتانەی بە هەستەوەرەکانی چێژیان لێ دەکات، پێویستە ملکەچێتی بۆ دەربڕێت.

مرۆڤێك هەست ئا بەم هەموو ناز و نیعمەتانە بکات کە خوای خاوەن و کردگار و پەروەردگاری پێی بەخشیوە، بەڵام هیچ سوپاسگوزارییەکی نەکات، ستایشی نەکات، گوێڕایەڵی نەکات، بەدینەکەیەوە پابەند نەبێت و عەبدایەتی بۆ خوای خاوەنی دەرنەبڕێت و ملکەچی نەبێت و هەر لانەکاتەوە بەلای ئەو خوایەی ئەمانە و نیعمەتی تری بێ شوماری پێبەخشیوە، ژیرێتییەکەی کامەیە؟ موسوڵمانێتییەکەی چییە؟ ئەمە لە نزمترین ئاستی گەلۆری و نەفامیدایە.. کەللە پووتە..

لە وجوددا هیچ شتێك وەکو خوای گەورە نییە.. هەموو شتێك کەموکورت و نوقسانە و خوای گەورە کامڵە و تەواوە و هەموو سیفەتەکانی بێ ڕادە و بڕ و بێ سنوورن.. کەوابوو عەبدایەتی بۆکردن و مل بۆ کەچکردن و پەرستنی، بەرزبونەوەی عەبدە بۆ ئاستەکانی کامڵێتی بەشەریی.. ئەو کەسەی عەبدایەتی بۆ خوای گەورە ناکات و ملکەچی نابێت، بەدڵنیاییەوە عەبدی ملکەچی خوای قەستینە دەبێت، دەبێتە عەبدی دەوڵەت و حکومەت و کۆیلەی ئاڵقە لەگوێیان، دەبێتە گوێ لەمستی حزب، یان جڵەوی دەداتە دەست هەوا و هەوەسی و دەبێتە شوێنکەوتەی بێ چەند و چۆنی.. هەر وەکو ئەو نەفامانەی بە هەموو ئەقڵیانەوە دار و بەردیان دەکردە خوا و دەیانپەرست و بەقسە و ئاڕاستەی زێوانەکانیان دەکرد کە لە پشت بتەکانەوە بوون و پەرستنەکانیان لێکدەدایەوە! یان ئەو قەشە و ماڵم و پیاوە دینییانەی بەناوی پیرۆزی خواوە بڕیاری حەرام و حەڵاڵیان دەردەکرد و خەڵکە ساویلکە و نەفامە عەقڵ چەقبەستووەکەش ملکەچیان بۆ دەردەبڕین، ئەوەش جۆرێکی تری عەبدایەتیە کە خوای گەورە دەرهەقی

دەفەرموێ: ﴿ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ﴾ التوبة: ٣١، واتە: حیبر و ماڵم و قەشــە و پیـاوە دینییەکـانی خۆیـانیان لەجیاتی خوای گەورە کردبوو بە خوا و پەروەردگاری خۆیـان، بەوەی کە یـاسـا و ڕێسـای حەرام و حەڵاڵیـان بۆ دیاری دەکردن.. ئەو کەسـەی خواپەرستی بۆ خوای تاك و پاك ناکات چەندین خوای تری هەیە و پەرستنیان بۆ دەردەبڕێت..

ئەمما عەبدی خوای تاك و پاك، ســەربەســت و ئازادە، گوێڕایەڵی هەر کەسـێك بکات لە پێغەمبەران (علیهم الســلام) و لە ئەمیر و کاربەدەســتانی دەوڵەت و ئاڕاســتەوانانی کۆمەڵگە لەکاتێکدا دەبێت کە فەرمانی خوای گەورەی بەسـەردا بدەن و بە بەڵگە بۆی بسەلمێنن کەئەمە فەرمانی خوای گەورە و کردگار و خاوەنییەتی.. ئاوا گوێڕایەڵی ئەمیر و حزب و دەسەڵاتدارانی موسـوڵمانان دەکات.. یاوەرانی عەزیزیش لەبەر ئەمەیە کە ملکەچیان بۆ پێغەمبەری پێشـەوا و بەڕێـزی خـوای گەورە دەربڕی، چونکە ملکەچێتی گوێڕایەڵێتییە بۆ خوای تـاك و پـاك کە دەفەرموێ: ﴿مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدۡ أَطَاعَ ٱللَّهَ﴾ النساء: ٨٠، واتە: هەر کەسێك ملکەچێتی بۆ پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) دەربڕێت، ئەوە ملکەچێتیی بۆ خوای گەورە دەربڕییوە و قبووڵە.

## خـاڵـی پـێـنـجـەم: هەمـوو فەرمـانێکی خوای گەورە بۆ چـاکســازی و شیاوکردنی مرۆڤە:

ئەگەر کەسـێك وردەکارانە لە فەرمانەکانی خوای گەورە بکۆڵێتەوە و سەرنجی ئەو ئاداب و ڕەفتارانە بدات کە خوای گەورە فەرمانی پێکردوون، هەر زۆر زوو هەســت دەکات هەموو ئەو فەرمان و بەرهەڵســتیانە، خێر و چاکە و بواری ســاڵحبوون و گۆڕینی چاکســازیانەن.. هەر هەموویان بۆ ساڵحکردنی تاك و کۆی کۆمەڵگە و دەوڵەتی مرۆڤ هاتوون.. کە مرۆڤ دەگەیێننە لوتکەی ڕاقیبوونی شارستانێتی.. با چەند نموونەیەك بخەینە بەرچاو:

١- موســوڵمانی دیندار کە باوێشــك دەدات دەســت بە دەمیەوە دەگرێت.. ئەمە ڕەفتارێکی جوانتر و چاکترە یان دەستی پێوە نەگرێت و دەم داچڕێت و دەم و مەڵاشوو و گەرووی نیشانی بەرامبەرانی بدات؟

٢- موســولْمان كە دەپژمێت ڕوو وەردەگێڕێت یان دەســت بە دەمیەوە دەگرێت و دەنگی نزم دەکاتەوە، ئەمە چاکترە یان وا نەکات؟

٣- موســولْمان کە بەڕێدا دەڕوات بە هەڵەداوان و هەڵەشــە ناڕوات هەر ســەیری ئەولاولا بکات و ئاوڕبداتەوە، بەڵکو پارســەنگ و بە ویقار دەڕوات.. ئەمە باشــترە یان حاڵەتی یەکەمی یان لوتبەرز و فیزاوی و هەڕاڵانە بڕوات کە خۆی بە زلتر بزانێت لە خەڵکی؟

٤- موسولْمان دەست و دەمی دەپارێزێت و ژیان و نامووس و سامانی خەڵکی لە ئەماندان لێی، هەر کەسێك ئەو موسوڵمانە دیندارە بناسێت لێی ناترسێت و متمانەی پێدەکات، ئەم کەسە باشــترە یان ئەو ســەرســەرییەی قســە بە ســێبەری ســەگیش دەڵێت و کەس لەوانەی بەلایدا تێدەپەڕن لە ئەمانی ژیان و ئابڕوو و سامانیاندا نابن لێی.. کامیان چاکترە؟

ئاوا بەراوردی ڕەفتار و ڕەوشتی موسوڵمانی سەرڕاست و دیندار لەگەڵ بێ دیندا بکە، بزانە کــامیــان چــاکترە؟ ئەو موســـولْمــانەی لە عەبــدایەتیکردنیدا بۆ خوای گەورە و لە دینداریێتییدا گۆشــکراوە و ڕەفتار و ڕەوشــتی دینەکەی پێوەیە پارسەنگە، چونکە لە ئەدەبی خواو پێغەمبەری خواوە (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) وەریگرتووە.. کە خوای گەورە کامڵبونی تەواو و ڕەها و بێ ســنوور و بێ وێنەی وجودە و پێغەمبەری خواش (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) نموونەی کامڵبونی بەشەرییە.

خوای گەورە کە ئەم مرۆڤەی لەســەر زەمینــدا خەلقکردووە پەیــامی خۆی بۆ نــاردووە کە ئاڕاستەی هەموو ڕەوشتێکی تاك و کۆی مرۆڤایەتی تێدایە، تا لەسەری پەروەردە ببێت: ﴿وَنَزَّلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ تِبۡيَٰنٗا لِّكُلِّ شَيۡءٖ﴾ النحل: ٨٩، واتە: ئەم کتێبەمــان بۆ نــاردوویتە خوارەوە تا هەموو شتێك ڕوون بکاتەوە، پێناسە و حوکمی هەموو شتێکی تێدایە.

ئەم دیــد و ڕوانگە گشـــتگیرە کە هەر ڕەهەنــد و لایەنێکی دەبینێت لە کۆتــا قۆناغ و پلەی کامڵێتیدایە، کە موسـولْمانی دیندار و سـەرڕاسـت لێی شارەزا دەبێت و خۆی لەسەر پەروەردە دەکات، حەتمەن دەبێتە کامڵترین کەس لە پەروەردە و پارســەنگی کەســایەتییدا.. بنەما و ڕێسا ڕەوشـــتییەکان کە لە ئیســـلامدا نموونەیین، لەهەمان کاتیشــدا واقیعین، شــتێك نین لە جیهانی خۆزگە و هیوادابن، خۆ خوای گەورە داوای شـــتێکی لێنەکردووین کە لەتوانــامــانــدا نەبێــت

جێبەجێی بکەین، حەتمەن هەر لە تواناماندان، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ﴾ الحج: ٧٨، واتە: خوای گەورە هیچ گرێ وگۆڵ و ســەختگیرییەکی لەم دینەدا بۆ دانەناون.. هەرچی تێدا هاتووە لە توانای خۆتاندایە..

هەروەهــا دەفەرموێ: ﴿لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾ البقرة: ٢٨٦، واتە: خوای گەورە ئەرکی نەخستۆتە سەر کەس کە لەتوانایدا نەبووبێت. هەروەها: ﴿يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ﴾ البقرة: ١٨٥، واتە: خوای گەورە ئاســانکاری بۆتان دەوێ نەك ســەختگیریی و قورس و گرانی..

فەرمانەکانی ئیسلام یەك لە دوای یەك دیراسە بکە، لە هەر یەکێکیاندا دەگەیتە ئەو دڵنیاییەی کە ئەمــانە هەمووی لەبەرژەوەنــدی تــاك و کۆی مرۆڤــایەتییە: نوێژ، ڕۆژوو، زەکــات، حەج، ئەحکامەکانی کڕین و فرۆشــتن و مامەڵە ئابورییەکان، دابونەریت و ئادابەکان.. هەر یەکێکیان ئاسانێتیی ئیسلام و گرنگ و کاریگەرێتییەکەی دەسەلمێنێت.

ڕۆژووگرتن بۆ ماوەی مانگێك لە ســاڵێکدا لەســەر موســوڵمانان فەرزە، کە لە ســەرەتای دەســپێکی گزنگی سپێدەوە دەست پێدەکات تا خۆرئاوابوون، هەموو موسوڵمانێکی باڵغ دەبێت بیگرێت مەگەر خاوەن عوزربێت وەکو ئافرەتی زەیستان و ئەوی لەسوڕی مانگانە (حەیز) دایە، هەروەهــا نەخوش و نەتوانــا بەهەر هۆکــارێــك بێــت، مــادام لەوە دەترســێت ڕۆژووگرتنەکەی کاریگەری خراپی لەســەر نەخۆشــیەکەی هەبێت یان درەنگ چاك ببێتەوە، هەروەها یان ئەو کەســەی کاری قورس دەکات یان ئەوی لە ســەفەردایە.. دەبینیت ئیســلام لە بەجێهێنانی ئەم فەرزە گەورەیەدا کە یەکێکە لە پێنج ڕوکنەکەی ئیسـلام ئاوا ئاســانکاریی بۆ موسوڵمان کردووە تێیـدا.. ئەمە ئـاڕاســتەیەکی نموونەیی بەڵام واقیعیـانەی پەروەردەبوون و ســـاڵحکردن و بەرزکردنەوەیە بۆ ئاستە باڵاکانی خواناسی و ڕاقیبوون..

## بڕگەی دووەم:

## مرۆڤی موسوڵمان شایستەی ئەداکردنی ئەرکەکانێتی:

ڕواڵەتی کـامڵبوون و ڕاقیبون لەم عەبـدایەتیکردنەی مرۆڤـدا بۆ خوای تـاك و پـاك لەوەدا دەردەکەوێت کە هەر هەموو ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ بکات، کە هەریەکەیان مافی غەیری خۆیەتی لەسەری..

١- خوای پەروەردگار مافی لەسـەر مرۆڤە، کە ئەرکی سـەرشـانی مرۆڤە و دەبێت جێبەجێی بکات..

٢- دایك و باوك مافیان لەسەر مرۆڤە و دەبێت بۆیان بهێنێتەدی..

٣- هـاوســەران (ژنەکە و مێردەکە) مـافیان لەســەر یەکتری هەیە و هەر یەکەیان دەبێت مافەکانی ئەویتریان بدات.

٤- خزمان و کەسوکار خاوەن مافی خۆیانن لەسـەر موسـوڵمان و دەبێت مافەکانیان ڕەچاو بکات.

٥- دراوسێ خاوەن مافە و موسوڵمان دەبێت مافی دراوسێکانی بدات.

٦- کار و پیشـە و کەسـابەتەکەی مافیان لەسـەر مرۆڤ هەیە کە نابێت پێشـێلیان بکات و کەمتەرخەمبێت تێیاندا.

٧- موسوڵمانان بەگشتی مافیان لەسەر موسوڵمانە و دەبێت مافەکانیان بداتێ.

٨- هاوڵاتیانی غەیرە موسـوڵمان مافیان لەسـەر موسـوڵمانانە و موسـوڵمان دەبێت مافیان بپارێزێت.

٩- دەوڵەت مافی لەسەر موسوڵمانە و دەبێت موسوڵمان مافی دەڵەتیش بدات.

١٠- کومەڵگەی مرۆڤایەتیش خاوەن مافی خۆیەتی و موســوڵمان دەبێت مافیان بپارێزێت،

تەنانەت زۆر شتی تریش با بێ گیانیش بن (وەکو پاراستنی کەلەپوور و سیمای جوانی شوێن... هتد).

موسوڵمانی ڕاست و سەرڕاست ئەو مرۆڤە کامڵەیە کە مافی غەیری خۆی لەبەرچاوە و وەکو ئەرکی سەرشانی خۆی جێبەجێیان دەکات، یەکێك لە لایەنەکان و ڕەهەندەکانی عەبدایەتیکردن بۆ خوای گەورە و پەرستنی؛ ڕەچاوکردنی ئەم مافانە و جێبەجێکردنیانە.. ئەو موسوڵمانەی چاك و چاکساز دەرچووە و ئەرکەکانی سەرشانی بەرامبەر غەیری خۆی دەهێنێتەدی، کەس ناتوانێت کێبڕکێی ڕەوشتبەرزیی لەگەڵدا بکات مەگەر موسوڵمانێکی تر.

## خاڵی یەکەم: مافی خوای گەورە:

خوای پەروەردگار خاوەن مافە لەسەر مرۆڤ، خەڵکیش خاوەن مافی ترن لەسەر مرۆڤ، خوای گەورە لێپرسینەوە لەگەڵ مرۆڤدا -لەسەر مافی مرۆڤی تر- دەکات زیاتر لە مافەکانی خۆی، چونکە لێخۆشبوون زیاتر چاوەڕوان دەکرێت لە خوای تاك و پاك.. مرۆڤ دەبێت مافەکانی خوای خاوەن و کردگاری خۆیی لەبەر چاوبێت و وەکو عەبدی سەرڕاست جێبەجێیان بکات.. مافی خوای گەورە زۆرن لەوانە:

- لە مافی خوای گەورەیە کە باوەڕ بە بوون و سیفەت و کردارەکانی بهێنیت، هەروەها بەو فەرمانانەی کە بەسەر مرۆڤیدا داوە کە دەبێت باوەڕ بە فریشتە و نێرراوان و پەیامەکانی و ڕۆژی دوایی و قەدەر بهێنن، هەروەها ئەو لقە باسانەی لە هەر یەکێکیان بۆتەوە مادام بەڵگەی ڕاستی لەسەربێت.

- مافی خوای گەورەیە بە تاك و تەنها دابنرێت و بە هیچ کلۆجێك و بەهیچ ڕادە و بڕێك لە هیچ بوار و سیفەتێکدا هاوبەشی بۆ دانەنرێت.

- مافی خوای تاك و پاکە کە تەنها ملکەچی بۆ ئەو دەرببڕرێت و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بکرێت و فەرمان و بڕیاری کەس نەکرێتە هاوشانی حوکمی خوای گەورە مەگەر خۆی ڕێی پێدابێت، هەروەها دەربڕینی خۆشەویستی تاك و تەواو بۆ خوای گەورە و بە مەزن دانانی و

لێپاڕانەوە و داواکردن تەنها لەو و پشـــت بەســـتن و ئومێد بوون تەنها بە خوای تاك و پاك و ئیعتیمادکردنە سەر ئەو و ئەنجامدانی هەموو جۆرە پەرستنەکان (کە بە دڵ و زمان و کردەوەن) بۆ خوای پەروەردگـار بێ ئەوەی هـاوبەشـــی لە هیچیاندا بە هیچ ڕادە و بڕ و چۆنییەتییەك بۆ دابنرێت..

- مافی خوای گەورەیە کە شـەریعەتەکەی ڕاپەڕێنرێت و سـەروەری یاسایی تەنها بۆ شەرع بێـت، ئەمەش ئەوە دەخوازێـت کە هـاوکاری موســـوڵمانانی تر بیت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی و ڕاپەڕاندنی شەریعەتەکەی.. پشتیوانیکردنی ئەو دەوڵەتە، ئەگەر هەبوو.

- مافی خوای گەورەیە لەپێناوی بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی ئەودا جیهاد بکەیت تا دینی خوا هەموو جیهان دەگرێتەوە و مرۆڤایەتی دێتە ژێر سایەی حوکمی شەریعەتی ئەو.

- مافی خوای گەورەیە کە لە هەموو شـکڵ و شـێواز و ڕەفتارێکدا ئیقتیدا بە پێغەمبەرەکەی (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بکەیت تا خۆشـویسـتنی خوای گەورە –لە دونیا و قیامەتدا- مسـۆگەرکەیت. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ﴾ آل عمران: ٣١، واتە: بڵێ ئەگەر دەتانەوێت خوای گەورە خۆشی بوێن شوێن من بکەون تا خوای گەورە خۆشتانی بوێت.

- مـافـی خـوای گەورەیە فەرزەکـانـی جێبەجێ بکرێـت، بە نوێژکردن و ڕۆژووگرتن و حەجکردن و دوعا و پاڕانەوە و تەسبیحات و خوێندنی زیکرەکان.

- مـافی خوای گەورەیە حوکمەکەی وەرگریـت و ڕاپیەڕێنیـت مـادام بۆت ســەلمێنراوە کە حوکمی ئەوە، بەمەش ئەوە بە حەڵاڵ دەزانیـت کە خوای گەورە بە حەڵاڵی داناوە، ئەوەش بە حەرام دەزانیت کە ئەو بە حەرامی داناوە، بەم سنوورەوە پابەند دەبیت، چ لە پەیداکردندا چ لە خۆراك و پۆشاك و جنس و چێژ و موڵکایەتی و ڕەفتارتدا.

- مافی خوای گەورەیە کە مافی خەڵکیش بدەیت.. ڕاستە ئەوانە مافی خەڵکن، بەڵام لەکاتی جێبەجێکردنی مـافیـانـدا تۆ شـــایانی پاداشـــتی خوای گەورە دەبیت، چونکە فەرمانی ئەوت ڕاپەڕانـدووە کە فەرمـانی بەو مـافـانە داوە.. تۆ ئەم کـارە چـاکـانە لەبەر خاتری خوای گەورە

دەكەیت و نییەتت بۆ ئەو ساغكردۆتەوە و بە ئومێدی ڕەزامەندی و بەهەشتی ئەویت.. ئاوا تۆ بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورە ئەو ڕێگا چاكانە دەگریتەبەر كە خزمەت بە خەڵكی دەكات.. ئاواش پیاوچاك دەردەچیت. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿مَّن كَانَ يُرِيدُ ٱلۡعَاجِلَةَ عَجَّلۡنَا لَهُۥ فِيهَا مَا نَشَآءُ لِمَن نُّرِيدُ ثُمَّ جَعَلۡنَا لَهُۥ جَهَنَّمَ يَصۡلَىٰهَا مَذۡمُومًا مَّدۡحُورًا ﴿١٨﴾ وَمَنۡ أَرَادَ ٱلۡأٓخِرَةَ وَسَعَىٰ لَهَا سَعۡيَهَا وَهُوَ مُؤۡمِنٌ فَأُوْلَٰٓئِكَ كَانَ سَعۡيُهُم مَّشۡكُورًا ﴿١٩﴾﴾ الإسراء: ١٨ - ١٩، واتە: ئەو كەسەی كە مەبەستی لە ئەنجامدانی كارە خێرەكانیدا دەسكەوتی دونیایە (لە كافر و موسوڵمان) بە نسیبی دەكەین و خێر دێنینەوە ڕێی، بۆ هەر كەسێك بمانەوێت ئاسانكاری تری بۆ دەكەین، بەڵام چونكە بە ئومێدی ڕەزامەندی خوای گەورە نەیكردووە و بەدینی خواوە پابەند نەبووە، بەزەلیلی و سەرشۆڕی و دەركراوی لە ڕەحمەتی خوای گەورە دەیخەینە دۆزەخەوە.. ئەمما ئەو كەسەی كە بە ئومێدی ڕەزامەندی خوای گەورەیە و هیوای بە پاداشتی ئەوە و دونیا دەكاتە كێڵگەی قیامەتی و باوەڕی پتەوە و دینداریتییەكەی سەرڕاستانەیە، بەدڵنیاییەوە ڕەنجی ئەوانە جێی ڕێز و سوپاسە و پاداشتیان مسۆگەرە.

- مافی خوای گەورەیە بانگەوازی خواویستیەكەی بڵاوبكرێتەوە و شەریعەتەكەی بخرێتەگەڕ و دەوڵەتی ئیسلامی دابمەزرێت و تۆش ڕەنجدەرێكی ئەم ئامانجە دونیاییەبیت و بەشێك بیت لە كار و كۆمەڵكاری و یەكخستنی ڕەنجی ئوممەتەكە بۆی.. مافی خوای پەروەردگارە و فەرزە لەسەر مرۆڤ شوێنكەوتەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) بێت و جیهاد لەپێناوی دینەكەی و سەروەریی شەریعەتەكەی خودا بكات تا دینی خودا باڵادەست بێت.. مەرجە مەبەستت سەرخستنی دینەكەبێت نەك دەسكەوتی دونیایی، نییەتت خوای تاك و پاك بێت نەك ناودەركردن و سەركەوتنی خۆت، ئومێدت پاداشتی خوای گەورە بێت و بەس، هەر وەكو خوای گەورە لەسەر زمانی پێغەمبەرە بەڕێزەكانی (علیهم السلام) دەفەرموێ: ﴿قُل لَّآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ أَجۡرًا﴾ الشورى: ٢٣، واتە: بڵێ خۆ من لەم بانگەواز و ڕەنجەمدا كە بۆ هیدایەتی ئێوەیە، داوای پاداشت لە ئێوە ناكەم.. هەروەها دەفەرموێ: ﴿تِلۡكَ ٱلدَّارُ ٱلۡأٓخِرَةُ نَجۡعَلُهَا لِلَّذِينَ لَا يُرِيدُونَ عُلُوًّا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فَسَادًاۚ وَٱلۡعَٰقِبَةُ لِلۡمُتَّقِينَ ﴿٨٣﴾﴾ القصص: ٨٣، واتە: ئەو بەهەشتە لە ڕۆژی دواییدا بۆ ئەو كەسانە تەرخان دەكەین، كە لە دونیادا لووتبەرزی و ستەمكاری و دەستدرێژیی

(فیرعەونیانە)یان نەویستووە و مومارەسەیان نەکردووە، ڕۆشنی چارەنوس و ئەمان و هێمنیی داهاتوو بۆ ئەهلی تەقوا و دیندارانی سەرڕاستە.

## خاڵی دووەم: مافی دایك و باوك:

گوێڕایەڵیان بیت و بەقسەیان بکەیت وەکو ئەوان بەقسەی تۆیان دەکرد و منداڵیش بوویت. بەخێویان بکەیت و بژێوییان بۆ دابین بکەیت، هەر وەکو کە ئەوان بە منداڵی تۆیان بەخێوکرد و بژێوییان بەردەوام بۆ دابین دەکردیت.. بە گەورەیی خزمەتیان بکەیت بەتایبەتی کاتی پیربوونیان، هەر وەکو کە ئەوان لە منداڵیتیدا خزمەتیان دەکردیت، خۆشت بوێن هەر وەکو کە ئەوان لەو ڕۆژەوە خوا تۆی پێبەخشیون خۆشیان دەوییت.. بە ڕەفتاری جوان هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەیت هەر وەکو کە ئەوان بەڕەفتاری جوان و پەروەردەی بەرپرسانە گۆشیان کردیت.. مافی دایکت گەورەترە لە مافی باوکت، بۆیە دەبێت زیاتر ڕەچاوی ئەو بکەیت، ئەو زیاتر لەگەڵتدا ماندوو بووە، لە سکی ئەودا بوویت و ئەو شەونخونیی بۆت کێشاوە و بەردەوام شیری خۆیی داویتێ، فەزڵی کەس نەدەیت بەسەر ئەودا، نە باوك و نە هاوسەر، نە ئەولاد و نە خوشك و برا و نە خزم و دۆست، ڕێزنەگرتنی دایك و باوك -بەتایبەتی دایك- لە نیشانەی ئینحیراف و سپڵەیی و لاوازیی دینداریتی و لاسەنگیی ڕەوشتە، کە دەشبنە نیشانەی ئاخر زەمان! لەو نیشانە زەقانەی هاتنی ڕۆژی دوایی کە دەبنە دیاردەی ناو کۆمەڵگەی مرۆڤ ئەوانەن کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئاماژەی پێداون، کە دەفەرموێ: (وَأَطَاعَ الرَّجُلُ امْرَأَتَهُ وَعَقَّ أُمَّهُ وَأَدْنَى صَدِيقَهُ وَأَقْصَى أَبَاهُ)[1]، واتە: کاتێك کە پیاوان ملکەچی ژنیان دەبن و بەرامبەر دایکیان سپڵە و بێ ئەدەب دەبن، دۆست و هاوڕێیان نزیك دەکەنەوە و باوکیان دوور دەخەنەوە!

- بوخاری و موسلیم ئەم فەرموودەیان هێناوەتەوە: (جَاءَ رَجُلٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ

(١) ترمزی (٢٢١١) و ئەفەرموێت (غريب)ـــە، شێخی ئەلبانیش لە (السلسلة الضعيفة) بە ژمارە (١٧٢٧) بە زەعیفی داناوە. ئەمەش تەواوی فەرموودەکەیە: (إذا اتُّخِذَ الفَيْءُ دُوَلًا والأمانةُ مغنمًا والزكاةُ مغرمًا وتُعُلِّمَ لغيرِ الدِّينِ وأطاع الرجلُ امرأتَهُ وعقَّ أُمَّهُ وأدنى صديقَهُ وأقصى أباهُ وظهرتِ الأصواتُ في المساجدِ وسادَ القبيلةَ فاسقهم وكان زعيمُ القومِ أرذلهم وأُكْرِمَ الرجلُ مخافةَ شرِّهِ وظهرتِ القَيْنَاتُ والمعازفُ وشُربَتِ الخمورُ ولَعَنَ آخرُ هذهِ الأُمَّةِ أوَّلها فليَرتقبوا عند ذلكَ ريحًا حمراءَ وزلزلةً وخسفًا ومسخًا وقذفًا وآياتٍ تتابَعُ كنظامٍ بالَ قُطِعَ سلكُهُ فتتابعَ).

(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فقالَ: يا رَسولَ اللَّهِ، مَن أحَقُّ النَّاسِ بحُسْنِ صَحَابَتِي؟ قالَ: أُمُّكَ، قالَ: ثُمَّ مَنْ؟ قالَ: ثُمَّ أُمُّكَ، قالَ: ثُمَّ مَنْ؟ قالَ: ثُمَّ أُمُّكَ، قالَ: ثُمَّ مَنْ؟ قالَ: ثُمَّ أبُوكَ)[١]، واته: كابرايەك هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و لێی پرسی: كێ لە خەڵكی شایانترە جوان هاوڕێیەتیی بكەم؟ فەرمووی: دایكت، عەرزی كرد: پاشان كێ؟ فەرمووی: دایكت، عەرزی كرد: پاشان كێ؟ فەرمووی: دایكت، عەرزی كرد: پاشان كێ؟ فەرمووی: باوكت.

- ئەم مافانەی دایك و باوك دەبێت بپارێزرێت و ئەدا بكرێت، تەنانەت ئەگەر كافریش بن، مەگەر لە كاتێكدا بەقسەیان نەكرێت كە پێچەوانەی فەرمانی خوای گەورە و پێغەمبەرەكەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بێت، لەو حاڵەتەدا بە قسەی دایك و باوك ناكرێت ئەگەرچی موسوڵمانی چاكیش بن، چونكە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (لَا طَاعَةَ لِمَخْلُوقٍ فِي مَعْصِيَةِ الْخَالِقِ)[٢]، واتە: ملكەچی و گوێڕایەڵی مەخلوقێك ناكرێت لە شتێكدا كە پێچەوانەی فەرمانی خوای گەورە بێت.

- خاتو ئەسمائی كچی سەیدنا ئەبو بەكری سدیق خوا لێیان ڕازی بێت دەگێڕێتەوە: (قَدِمَتْ عَلَيَّ أُمِّي وهي مُشْرِكَةٌ في عَهْدِ رَسولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، فَاسْتَفْتَيْتُ رَسولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، قُلتُ: وهي رَاغِبَةٌ، أفَأَصِلُ أُمِّي؟ قالَ: نَعَمْ صِلِي أُمَّكِ)[٣]، واتە: دایكم كە هێشتا هەر كافربوو هاتە دیدەنیم، پرسیارم عەرزی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كرد كەوا دایكم بۆ دیدەنیم هاتووە و هێشتا ناخوازێت موسوڵمان بێت (پێشوازی لێبكەم و میوانداریێتی قبووڵ بكەم؟)، فەرمووی: بەڵێ، پەیوەندی (دایكێتی)ی لەگەڵدا بەردەوام كە.

- مافی دایك و باوك ئەوەیە چاك و دادپەروەربیت لەگەڵیاندا، چاكی ئەوەیە كە هیچ كاتێك قسەیەك یان نیو قسە نەكەیت كە بیانڕەنجێنیت، ناشێت قسەیان پێ بڵێیت، ناشێت وا بەلایاندا

---

(١) بوخاری (٥٩٧١)، موسلیم (٢٥٤٨).

(٢) ئەم فەرموودەیە بە لەفزی جیاواز هاتووە، لەوانە: (لا طَاعَةَ في مَعْصِيَةِ اللهِ، إنَّما الطَّاعَةُ في المَعروفِ)، (لا طاعةَ لمخلوقٍ في معصيةِ اللهِ عزَّ وجلَّ)، بوخاری (٧٢٥٧)، موسلم (١٨٤٠)، ئەبو داود (٢٦٢٥)، نەسائی (٤٢٠٥)، ئەحمەد (٧٢٤).

(٣) بوخاری (٢٦٢٠)، موسلم (١٠٠٣).

برۆیت کە تۆز و خۆڵی ڕێکردنی تۆیان بۆ بچێت! ناشێت لەشوێنێکی بەرزتر لەوان دانیشیت (ناشێت لە سەرڕوویانەوە دانیشیت)، نابێت لەسەر ڕاخەر (دۆشەك، کورسی، ...هتد)ێك دایانبنێیت کە ڕاخەرەکەی خۆت لەوەی ئەوان چاکتر بێت، ناشێت هیچ ڕەفتارێکیان لەگەڵدا بنوێنیت کە عاجزیان بکات، تەنانەت ناشێت دۆست و هاوڕێکانیشیان وا عاجز بکەیت کە ئەمان پێی نارەحەت بین.

- سەرچاوەی هەموو ڕەفتارێکی جوان لەگەڵ دایك و باوك و پاڵنەری سەرەکیی چاکبوونت لەگەڵیاندا ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە تێیدا دەفەرموێ: ﴿۞ وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَـٰنًا ۚ إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ ٱلْكِبَرَ أَحَدُهُمَآ أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا ﴿٢٣﴾ وَٱخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ ٱلذُّلِّ مِنَ ٱلرَّحْمَةِ وَقُل رَّبِّ ٱرْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِى صَغِيرًا ﴿٢٤﴾﴾ الإسراء: ٢٣ - ٢٤، واتە: خوای گەورە حوکمی دەرکردووە کە نابێت بەهیچ شێوە و چۆنییەتی و بڕ و ڕادەیەك غەیری خوای گەورە بپەرسترێت، هەر ئەو و بەس، هەروەها حوکمی دەرکردووە کە دەبێت لەگەڵ دایك و باوك (نەنك و باپیریش دەگرێتەوە) هەڵسوکەوتی جوان بنوێنرێت و پیاوچاکانە ڕەفتاریان لەگەڵدا بکرێت، کاتێك هەردووکیان، یان یەکێکیان بە پیری دەکەونە لات نابێت (ئۆف)ێکیش لەدەستیان بکەیت، ناشێت نیو وشەیان لەوە پێ بڵێیت کە پێیان ناخۆشە، ناشێت بێ ئەدەبانە لە قسە بیانوەستێنیت و بەدەستیش ئاماژەیەکیان بۆ بکەیت کە بەسە قسە مەکە! بە نەرمونیانی و قسەی جوان بیاندوێنە و باڵی زەلیلیتیان بۆ ڕاخە با بەسەریدا بڕۆن! ئاوا بەڕەحم و بەزەییبە بەرامبەریان و هەر بڵێ خوایەگیان ڕەحمیان پێ بکە، بەزەییت پێیاندا بێتەوە و پاداشتی ئەوەیان بدەرەوە کە کاتێك من منداڵ بووم بەخەممەوە بوون و پەروەردەیان کردووم (چونکە من هەرچیەکیان بۆ بکەم، بەرامبەر چاکەکانی ئەوان نابێت، بەڵام تۆ خاوەنی ئاسمانەکان و زەوی و بەزەیی بێ سنوور و بەخشندەی ڕەهایت، دەتوانیت پڕاوپڕ پاداشتیان بدەیتەوە)[1].

- عەمری کوڕی سائیب خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە: (أَنَّ رَسُـولَ اللَّهِ (صَلَّى ٱللَّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)

(١) ئەهلی تەفسیر دەفەرموون: ﴿وَلَا تَنْهَرْهُمَا﴾ ئەوەیە کە میز و پیسایی بکەنە ژێر خۆیان و تۆ پاکیان بکەیتەوە نەڵێیت (یاع) یان (کە ناخۆشە)! شەوکانی: فتح القدير (١/١٢٦٦).

كَانَ جَالِســاً يَوْمًا فَأَقْبَلَ أَبُوهُ مِنَ الرَّضَــاعَةِ فَوَضَــعَ لَهُ بَعْضَ ثَوْبِهِ فَقَعَدَ عَلَيْهِ ثُمَّ أَقْبَلَتْ أُمُّهُ مِنَ الرَّضَاعَةِ فَوَضَعَ لَهَا شِقَّ ثَوْبِهِ مِنْ جَانِبِهِ الآخَرِ فَجَلَسَتْ عَلَيْهِ ثُمَّ أَقْبَلَ أَخُوهُ مِنَ الرَّضَاعَةِ فَقَامَ لَهُ رَسُــولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَأَجْلَسَــهُ بَيْنَ يَدَيْهِ)[١]، واته: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دانیشــتبوو باوكی شــیرە خۆریی (مێردی ئەو ژنەی شــیری دابوو بە پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هــاتە كۆڕەكەوە، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پــارچە پۆشــاكێكی خۆی بۆ ڕاخســت تا لەســەری دانیشــێت، ئەو دانیشت و دایكی شیریشی (ئەو دایەنەی شیری دابوو بە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كە ژنی پیاوەكەبوو) هاتە  كۆڕەكەوە و پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لایەكی ئەو عەبایەی بۆ ئەویش ڕاخست كە لەسەر شانی خۆیەوەبوو، ئەویش (ژنەكە) لەسەری دانیشــت، پاشــان برا شــیریەكەی هات (كە كوڕی ئەو پیاو و ژنە دایەنە بوو لەگەڵ پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) شــیری ئەو دایكەیان خواردبوو)و پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەســتا و هێنایە لای خۆیەوە و داینیشاند..

- ئەبو داود هێناوێتیەوە: (بينا نحن عند رســول الله (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إذ جاءه رجلٌ من بني سَــلمةَ، فقال: يا رسولَ الله، هل بَقِيَ مِن برِّ أَبَوَيَّ شيءٌ أَبَرُّهما به بعد موتِهما؟ قال: نعم، الصَّلاةُ عليهما، والاســتغفارُ لهما، وإنفاذُ عَهدِهما من بعدِهما، وصِلــةُ الرَّحِمِ التي لا تُوصَــلُ إلَّا بهما، وإكرامُ صديقِهما)[٢]، واتە: كاتێك ئێــە لای پێغەمبەری خوا دانیشتبووین كابرایەك لە (بەنی ســەلەمە) هــات و عەرزی پێغەمبەری خوای (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كرد: ئــایا هیچ چاكەیەك هەیە لەدەســتم بێت بۆ دایك و باوكمی بكەم دوای مردنیان؟ فەرمووی: بەڵێ، نوێژیان لەســەر بكە (دوعایان بۆ بكە) و داوای لێخۆشبوونیان لە خوای گەورە بۆ بكە، ئەو بەڵێنانەی داویانە بۆیان ببەرەسەر، ئەو پەیوەندی خزمایەتییەی هەیانبووە مادام بەوان بەردەوام دەبوو، مەیپسێنە و تۆش بەردەوامی بكەو ڕێز لە دۆست و ئەحبابیان بگرە.

- مــافی دایــك و بــاوك -كورت و پوخــت- ئەوەیە ڕازیبن لێــت، جــا بگەڕێ بەدوای هەر ڕەفتــارێكــدا كە خۆشــحــاڵیــان دەكــات و ڕەزامەنــدی دەردەبڕن بۆت پێی.. ڕەزامەندی خوای

---

(١) ئەبو داود (٥١٤٥)، شێخی ئەلبانی لە (ضعيف أبي داود)دا ئەفەرموێت: (إسناده ضعيف).

(٢) ئەبو داود (٥١٤٢)، شێخی ئەلبانی لە (ضعيف أبي داود)دا ئەفەرموێت: (ضعيف)ـە.

گەورەش لەم ڕەزامەندیەوە دێت، وەکو کە پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (رِضَا الرَّبِّ فِي رِضَا الْوَالِدِ، وَسَخَطُ الرَّبِّ فِي سَخَطِ الْوَالِدِ)[1]، واتە: ڕەزامەندیی خوای گەورە لە ڕەزامەندیی باوکەوەیە (واتە دایك و باوك، چونکە دایك لەپێشترە)، هەروەها زویربوونی خوای گەورە لە زویربوونی باوکەوەیە.

## خاڵی سێیەم: مافی هاوسەر و منداڵەکانیان:

(هاوسەر هەردوو توخمەکەیە: مێردەکەش هاوسەری ژنەکەیەتی و ژنەکەش هاوسەری مێردەکەیەتی).

ئاماژەمان بە هەندێك مافی مێرددا لەسەر ژنەکەی و هەروەها مافی ژنەکەش لەسەر مێردەکەی، لێرەدا هەندێك مافی ئەولادەکان لەسەر دایك و باوکیان باس دەکەین: (کە دەڵێین ئەولاد: کچەکان و کوڕەکان و نەوەکانیشن).

- مافی ئەولادە لەسەر دایك و باوك کە ناوی پەسەندی لێ بنێن، کە لە کۆمەڵگەکەیاندا جێی ڕێز و جوانی و سەرسامی بێت و ئاسایی بێت لەناو خەڵکیدا بەتایبەتی لە نەوەی خۆیاندا.

- مافی ئەولادەکانە کە بەخێوبکرێن و دایك و باوکیان بەخێویان بکەن و خۆراك و پۆشاك و سوکنا و ئەمانیان بۆ دابین بکەن.

- مافی ئەولادەکانە کە دایك و باوکیان ڕەفتاری نەرمونیانیان بەرامبەر بکەن و باش پەروەردەیان بکەن و دروست ئاڕاستەیان بکەن تا سەرڕاست و دیندار و چاك گۆش ببن.

- ئەولادەکان -هەردوو توخمەکە- فەرزی شەرعیان ناکەوێتە سەر تا باڵغ دەبن، باڵغبوونی کوڕ بەوەیە کە تەمەنی بگاتە پازدە ساڵان، یان (ئیحتیلام: شەیتانی) ببێت (یان مووی بەری هاتبێت)، کچیش بە کەوتنە حەیزەوەیە (کە سووڕی مانگانەی بۆ بێت) بێگومان دووگیانبوونیش.. پێش باڵغبوونیان مافی خۆیانە دایك و باوك ئەرکەکانیان بۆ ڕوون بکەنەوە، چ

(١) ترمزی (١٨٩٩)، حاکم (٧٢٤٩)، هەروەها ئیبنو حیببان (٤٢٩) بە کەمێك جیاوازیەوە، سەرەتا شێخی ئەلبانی بە سەحیحی داناوە، دواتر پەشیمان بۆتەوە و بە حەسەنی داناوە. (السلسلة الصحيحة) ژمارە (٥١٦).

ئەوانەی (عەقیدە و عیبادەتن) وەکو نوێژ و ڕۆژوو...هتد، چ ئەوانەی کە ئاداب و داب و نەریتن، هەروەها ڕاهێنانی کوڕەکانیان لەسەر بەهێزبوون بە مەلەوانی و تیربازی و وەرزشی حەڵاڵ، هەروەها مەشق و بەکارهێنانی هەندێك چەك.

- مافی ئەولادە کە زمان پاراو و بوێر و بوێژ پەروەردە ببێت و پیشەیەك بۆ بژێوی دابینکردنی فێر ببێت.

- فێربوون و زانین و خوێندن هەموویان مافی ئەولادەکانن -کوڕ و کچ- بەتایبەتی ئەوانەی کە زانستی فەرزە شەرعییەکانن و ناشێت موسوڵمان نەیان زانێت، هەروەها خوێندەواری و ڕۆشنبیری و چاوکرانەوەیان.

- مافی ئەولادە کە لەسەر جورئەت و وێران و ئازایەتی ڕابێن تا کاریگەربن لە فەرمان بەچاکە و بەرهەڵستی لە خراپەدا.. لەگەڵ پارسەنگی ئەدەب و ڕەفتار و ڕوشت و گیانی خزمەتگوزاری و لێبوردن.

- مافی هەر یەکێك لە ئەولادەکانە کە بەیەکسانی ڕەفتاریان لە نێواندا بکرێت و (جیاوازی نەخرێتە نێوان کوڕ و کچەوە یان کوڕێکیان و کوڕێکی تریان، یان کچێك و کچێکی تریان) و دەبێ هەموویان دادپەروەرانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێت.

- پێویستە هەموویان -بەتایبەتی دایکان و باوکان- سەرنجی ورد بدەنە ئەم دەقانە:

- سەیدنا ئیبراهیم (علیه السلام) کە خوای گەورە خەڵاتی پێغەمبەرێتیی پێبەخشی یەکسەر فەرمووی خوایەگیان بۆ ئەولادەکانیشم: ﴿ ۞ وَإِذِ ٱبۡتَلَىٰٓ إِبۡرَٰهِـۧمَ رَبُّهُۥ بِكَلِمَٰتٖ فَأَتَمَّهُنَّۖ قَالَ إِنِّي جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامٗاۖ قَالَ وَمِن ذُرِّيَّتِيۖ قَالَ لَا يَنَالُ عَهۡدِي ٱلظَّٰلِمِينَ ١٢٤ ﴾ البقرة: ١٢٤، واتە: خوای پەروەردگار ئیبراهیمی -علیه السلام- بە چەندین فەرمان تاقیکردەوە کە شیاوانە دەرچوو تێیاندا، پاشان خوای گەورە پێی فەرموو بۆ خەڵکیت دەکەمە پێشەوا، یەکسەر فەر مووی: ئەدی نەوەکانم؟ واتە ئەوانیش دەکەیتە پێشەوا؟ فەرمووی: ئەوانەی کە ستەمکاربن پەیمانی من نایانگرێتەوە، شایانی پەیامبەرێتی لای من نابن..

- هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَوَصَّىٰ بِهَآ إِبْرَٰهِـۧمُ بَنِيهِ وَيَعْقُوبُ يَـٰبَنِىَّ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰ لَكُمُ ٱلدِّينَ فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿١٣٢﴾﴾ البقرة: ١٣٢، واتە: ئیبراهیم و یەعقوبی کوڕیشـــی -علیهما الســلام- وەســێتیان بۆ ئەولادەکانیان کرد کە پێیان فەرموون: ڕۆڵەکانم خوای پەروەردگار دینی خۆی بۆ ئێوە کردۆتە بەرنامە و دید و ڕێباز، ئێوەش ســووربن لەســەری و لەســەری بمرن. واتە تا مردن پێوەی پابەند بن.

- هەروەهــا: ﴿رَبِّ ٱجْعَلْنِى مُقِيمَ ٱلصَّلَوٰةِ وَمِن ذُرِّيَّتِى ۚ رَبَّنَا وَتَقَبَّلْ دُعَآءِ ﴿٤٠﴾﴾ إبراهيم: ٤٠، واتە: خوایەگیــان یــارمەتیــدەرمبە تــا نوێژەکــانم بکەم، هەروەها ئەو نەوە و وەچانەم کە نوێژ دەکەن، خوایە دوعا و پاڕانەوەکانمان لێ قبووڵ کە..

- یان ڕاســپاردەکەی ســەیدنا لوقمان (خوا لێی ڕازیبێت) کە بە کوڕەکەی فەرموو: ﴿وَإِذْ قَالَ لُقْمَـٰنُ لِٱبْنِهِۦ وَهُوَ يَعِظُهُۥ يَـٰبُنَىَّ لَا تُشْرِكْ بِٱللَّهِ ۖ إِنَّ ٱلشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴿١٣﴾ وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَـٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ حَمَلَتْهُ أُمُّهُۥ وَهْنًا عَلَىٰ وَهْنٍ وَفِصَـٰلُهُۥ فِى عَامَيْنِ أَنِ ٱشْكُرْ لِى وَلِوَٰلِدَيْكَ إِلَىَّ ٱلْمَصِيرُ ﴿١٤﴾ وَإِن جَـٰهَدَاكَ عَلَىٰٓ أَن تُشْرِكَ بِى مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا ۖ وَصَاحِبْهُمَا فِى ٱلدُّنْيَا مَعْرُوفًا ۖ وَٱتَّبِعْ سَبِيلَ مَنْ أَنَابَ إِلَىَّ ۚ ثُمَّ إِلَىَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿١٥﴾ يَـٰبُنَىَّ إِنَّهَآ إِن تَكُ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ فَتَكُن فِى صَخْرَةٍ أَوْ فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ أَوْ فِى ٱلْأَرْضِ يَأْتِ بِهَا ٱللَّهُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ ﴿١٦﴾ يَـٰبُنَىَّ أَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ وَأْمُرْ بِٱلْمَعْرُوفِ وَٱنْهَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَٱصْبِرْ عَلَىٰ مَآ أَصَابَكَ ۖ إِنَّ ذَٰلِكَ مِنْ عَزْمِ ٱلْأُمُورِ ﴿١٧﴾ وَلَا تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَلَا تَمْشِ فِى ٱلْأَرْضِ مَرَحًا ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ ﴿١٨﴾ وَٱقْصِدْ فِى مَشْيِكَ وَٱغْضُضْ مِن صَوْتِكَ ۚ إِنَّ أَنكَرَ ٱلْأَصْوَٰتِ لَصَوْتُ ٱلْحَمِيرِ ﴿١٩﴾﴾ لقمان: ١٣ - ١٩، واتە: ڕۆڵەی شـــیرینم هەرگیز هاوبەش بۆ خوای گەورە دانەنێیت، هاوبەش دانان بۆ خوای گەورە ســتەمێکی زۆر گەورە و دژوارە. مرۆڤ کە کۆرپەلە بوو، دایکی بەلاوازی دوای لاوازی لەسکیدا هەڵیگرتبوو، پاشان دوای دوو ساڵ دەکەوێتە سەر خۆ و لە شیرەخۆری تەواو دەبێت، ڕامانســـپاردبوو کە بەشـــێوەیەکی جوان ڕەفتار لەگەڵ دایك و باوکیدا بکات، دەبێت سوپاسی من بکات و هەروەها سوپاسی دایك و باوکی، بە دڵنیاییەوە چارەنووسیشی بەرە و من دێتەوە و هەموو دەگەڕێنەوە لای خوای گەورە.. مرۆڤی موســوڵمانمان ڕاســپارد کە ئاوا لەگەڵ دایك و باوکیدا میهرەبان و چاك بێت و وتمان: ئەگەر دایك و باوکت هەوڵیان لەگەڵتدا کە بەرەو

کوفر بتگێڕنەوە، ئەگەر هەوڵیاندا ناچارت بکەن کە هاوبەش بۆ خوای تاك و پاك دابنێیت بە قسەیان مەکە، بەڵام هەر بەڕەفتاری جوان هەڵسوکەوتیان لە دونیادا لەگەڵدا بکە و ڕێبازی ئەو پیاوچاکانە بگرەبەر کە بەرەو خوای گەورە گەڕاونەتەوە و دینی ئەویان کردۆتە ڕێباز، چارەنوستان لای من دەبێت، بەرەو من دەگەڕێنەوە، جا ئەو کاتە یەك یەکتان ئاگادار دەکەمەوە لەو نییەت و گوفتار و کردارانەی ئەنجامتانداوە. ڕۆڵە گیان سەرپێچی فەرمانی خوای گەورە و تاوان و گوناح ئەگەر بەقەدەر گەردی تۆزیش گچکەش بێت لەناو تاشە بەردێکدابێت، لە ئاسمانەکان و لەسەر زەمیندا، لە هەر کون و کونجێکدا بێت خوای گەورە ئاگاداریێتی و تۆمار دەکرێت و خوای گەورە لەکاتی لێپرسینەوەیدا لەڕۆژی دواییدا دەیهێنێتەوە پێش بکەرەکەی و موحاسەبەی دەکات لەسەری، خوای گەورە زانا و شارەزا و بەلوتف و بەسۆزە.. ڕۆڵەگیان، نوێژەکانت بکە و فەرمان بەچاکە بکە و بەرهەڵستی لە خراپە بکە و ئارامگربە لەسەر ئەو ناڕەحەتیانەی لەو ڕێگایەدا دێتە ڕێت، خۆ لەبەر لەمپەڕ و بەربەستەکاندا بگرە، ئەم خۆڕاگریە سیفەتی ڕەسەنی هیممەت بەرزان و جوامێرانە و لەکارە چارەنوسازەکانە. ڕۆڵەگیان، بەلوتبەرزی و هەڕاڵی ڕوو لە خەڵکی وەرمەگێڕە و بەفیز و تەکەبورەوە ڕێ مەکە، خوای گەورە هیچ کەسێکی خۆشناوێت کە لوتبەرزبێت و شانازی بەسەر خەڵکیدا بکات و هەڕاڵانە خۆ بادات بەسەریاندا.. ڕۆڵە گیان، لە ڕێکردندا بە ویقار و پارسەنگبە و لە دواندنتدا هێدی و بە ئەدەب بە، دەنگت بەسەر خەڵکیدا بەرز مەکەرەوە، چونکە ئەوە ڕەفتارێکی ناپەسەندە، ناخۆشترین دەنگیش دەنگی گوێدرێژە.

- ئامۆژگاری پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بۆ دایکان و باوکان زۆرە کە دەبێت چۆن ڕەفتار لەگەڵ ئەولادیاندا بکەن:

- دەفەرموێ: (ما نَحَلَ والدٌ ولدًا مِن نَحْلٍ أفضلَ من أدبٍ حَسَنٍ)[1]، واتە: هیچ شتێك بەقەدەر دادانی ئەدەبی جوان نییە کە باوك بیداتە ئەولادی خۆی.

(١) ترمزی (١٩٥٢) و ئەفەرموێت (مرسل غريب)، هەروەهائەحمەد (١٥٤٠٣) (١٦٧١٠) (١٦٧١٧) بە کەمێك جیاوازییەوە، شێخی ئەلبانیش لە (ضعيف الترمذي) دا ئەفەرموێت: (ضعيف)ـە.

- هەروەهـا: (لَأَنْ يُؤدِّبَ الرَّجُلُ ولَدَه خيرٌ من أن يتصـدَّقَ بصـاعٍ)[1]، واتە: کابرایەك ئامۆژگارییەکی ئەدەبدادانی منداڵەکەی بکات باشترە بۆی وەك لەوەی سەبەتەیەك خورما بکات بە خێر و بیبەخشێتەوە.

- هەروەها: (مَنْ عَالَ ثَلَاثُ أَخَوَاتٍ، أَوْ ثَلَاثُ بَنَاتٍ، أَوْ ابْنَتَانِ، أَوْ أُخْتَانِ، فَأَدَّبهُنَّ، وَزَوَّجَهُنَّ، وَأَحْسَـنَ إِلَيْهِنَّ، فَلَهُ الْجَنَّةُ)[2]، واتە:هەر کەسێك سـێ خوشك یان سێ کچ بەخێو بکات و یان دوو کچ یان دوو خوشك باش پەروەردەیان بکات و بە ئەدەبی جوان ڕەفتاریان لەگەڵدا بکات و پاشان بەشصویان بدات (بیانخاتە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان) ئەوە پاداشتەکەی بەهەشتە.

- هەروەها: (أنَّ النَّبيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أمرَ بتَسـميةِ المولودِ يومَ سـابعِه، ووضـعِ الأذَى عنهُ، والعقِّ)[3]، واتە: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمـانی دا کە لە حەوتەم ڕۆژی تەمەنی کۆرپەدا ناوی بنرێت و قژی بتاشرێت و عەقیقەی بۆ بکرێت (دوو مەڕ بۆ کوڕ و مەڕێك بۆ کچ سـەردەبڕرێت و گۆشـتەکەیان دەبەخشـرێتەوە یان دەکرێتە دەعوەت و خزمان و دراوسـێ و دۆستانی بۆ بانگهێشت دەکرێت).

- لە ئامۆژگاری و تەعلیماتی خەلیفەکانیشدا هاتووە کە بە (ڕەعیەتـــ)ــەکەیان دەفەرموو: **(عَلِّمُوا أَوْلَادَكُمُ السِّـبَاحَةَ وَالرِّمَايَةَ وَرُكُوبَ الْخَيْلِ)**، واتە:منداڵەکانتان فێری مەلەوانی و تیرە ئەندازەیی و سواری ئەسپ بکەن.

- هەر پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئـاڕاسـتەی یـاوەرانی دەکرد کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و ئالوبەیتەکەییان خۆشـبوێت، دەفەرموێ: (أَدِّبُوا أَوْلَادَكُمْ عَلَى خِصَالٍ ثَلَاثٍ: عَلَى حُـبِّ نَبِيِّكُمْ، وَحُـبِّ أَهْـلِ بَيْتِـهِ، وَعَلَى قِرَاءَةِ الْقُرْآنِ)[4]، واتە: منـداڵەکـانتـان لەسـەر

---

(١) ترمزی (١٩٥١) و بە (غریـب)ی دانـاوە، هەروەها ئەحمەد (٢٠٩٧٠) بە کەمێك جیاوازییەوە، شـێخی ئەلبانیش لە (ضـعيف الترمذي)دا ئەفەرموێت: (ضعيف)ـە.

(٢) ئەبو داود (٥١٤٨)، شێخی ئەلبانی لە (ضعيف أبي داود)دا بە زەعیفی داناوە، بەڵام شێخی ئەرنائوط ئەفەرموێت: (صحيح لغيره).

(٣) ترمزی (٢٨٣٢) و ئەفەرموێت: (حسن غريب)، شێخی ئەلبانیش بە (حسن)ی داناوە.

(٤) دەیلەمی لە کتێبی (مسـند الفردوس) دا هێناویەتەوە، ئیمامی سیوتیش لە (الجامع الصغير) (٣١١) دا هێناویەتییەوە و بە زەعیفی دانـاوە. ئەمە تەواوی فەرموودەکەیە: (أَدِّبُوا أَوْلَادَكُمْ عَلَى خِصَـالٍ ثَلَاثٍ: عَلَى حُـبِّ نَبِيِّكُمْ، وَحُـبِّ أَهْلِ بَيْتِهِ، وَعَلَى قِرَاءَةِ الْقُرْآنِ، فَإِنَّ حَمَلَةَ الْقُرْآنِ فِي ظِلِّ اللَّهِ يَوْمَ لَا ظِلَّ إِلَّا ظِلُّهُ مَعَ أَنْبِيَائِهِ وَأَصْفِيَائِه).

خۆشـــەویســـتی پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) و ئەولاد و خێزانەکـانی پەروەردە بکەن، هەروەها لەسەر قورئان خوێندن.

- لە ئامۆژگاریەکانیشـی بۆ ئیبنو عەباس (خوا لێیان ڕازی بێت) کە هێشـتا منداڵ بوو ئەوە بوو پێی فەرموو: (يا غُلَامُ، سَـمِّ اللَّهَ، وكُلْ بيَمِينِكَ، وكُلْ ممَّا يَلِيكَ)[١]، واتە: ڕۆڵە گیان بسم الله بکە و بەدەسـتی ڕاست بخۆ و لەولایەوەی قاپەکە بخۆ کە بەرامبەر خۆتە (واتە دەست مەبە بۆ بەردەمی بخۆرانی تر).

- هەروەهـا فەرمووی: (يا غلامُ، إني أعلِّمُك كلماتٍ: احفَظِ اللهَ يحفَظْك، احفَظِ اللهَ تجِدْه تُجاهَك، إذا سألْتَ فاسألِ اللهَ، وإذا استعنْتَ فاستعِنْ باللهِ، واعلمْ أنَّ الأمةَ لو اجتمعتْ على أن ينفعوك بشـيءٍ لم ينفعوك إلا بشـيءٍ قد كتبه اللهُ لك، وإن اجتمعوا على أن يضُـرُّوك بشـيءٍ لم يضُروك إلا بشيءٍ قد كتبه اللهُ عليك، رُفِعَتِ الأقلامُ وجَفَّتِ الصُّحُفَ)[٢]، واتە: ڕۆڵە گیان، خوای گەورە بپارێزە خوای گەورەش تۆ دەپارێزێت، تۆ خوای گەورە بپارێزە دەبینیت لە هەموو کات و شـوێنێکدا بەرەو ڕووتە (وەلتایە) و کە موحتاجی شـتێك بوویت داوا لە خوای گەورە بکە، کە یارمەتی و هاوکاریت ویسـت داوای یارمەتی و هاوکاری لە خوای گەورە بکە، لەوەش دڵنیابە کە ئەگەر هەموو ئوممەتەکە لەسەر سوودێك کۆببنەوە کە پێتی بگەیەنن ناتوانن پێتی بگەیەنن، مەگەر ئەو سـوودانەی خوای گەورە لە چارەتی نووسـیوە، ئەگەر هەر هەموویشیان لەسەر ئەوە کۆببنەوە زیانێکت پێ بگەیێنن ناتوانن، مەگەر ئەو زیانەی خوای گەورە لە چارەتی نووسـیوە، ئەمەش حوکمی کۆتایە و تەواو، پێنووس هەڵگیراوەنو نووسینی پەڕاوەکە وشك بۆتەوە.

- کابرایەك هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) تا بۆی ببێتە شـاهێد کە ئەو شـتە دەداتە کوڕەکەی، پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) پێی فەرموو: (فَكُلَّهُمْ أَعْطَيْـتَ مِثْـلَ هـذا؟ قالَ: لَا، قالَ: فلا أَشْهَدُ علَى جَوْرٍ)[٣]، واتە: لەم خەڵاتەت داوە بە هەموو ئەولادەکانت؟ عەرزی

---

(١) بوخاری (٥٣٧٦)، موسلیم (٢٠٢٢).

(٢) ترمزی (٢٥١٦) و بە سەحیحی داناوە.

(٣) موسلیم (١٦٢٣).

کرد: نەخێر، فەرمووی: دەی سا من شاهێدی لەسەر ستەم نادەم.

ئەو چوارچێوە ئەســڵەی هەموو ئـامۆژگـاری و مـاف و ئەرکێکی دایـك و باوك بەرامبەر ئەولادەکانیان لەخۆدەگرێت، ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ عَلَيۡهَا مَلَٰٓئِكَةٌ غِلَاظٞ شِدَادٞ لَّا يَعۡصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمۡ وَيَفۡعَلُونَ مَا يُؤۡمَرُونَ ٦﴾ التحريم: ٦، واتە: ئەی ئەو کەســانەی بـاوەڕتـان هێناوە خۆتان و کەســوکارتان لە ئاگری دۆزەخ بپارێزن، ئەو ئاگرەی کە سوتەمەنییەکەی جەستەی خەڵك و تاوێرە بەردە و فریشتەی تونددوتیژ و دڵڕەقی لەســەرە کە بێ فەرمـانی خوای گەورە نـاکەن و هەموو ئەو فەرمانانە ڕادەپەڕێنن کە بەسەریاندا دەدرێت.

## خاڵی چوارەم: مافی خزمان:

ئیسلام چوارچێوەیەکی زۆر گرنگی بۆ خزمایەتی دیاری کردووە و پەیوەستی خزمایەتییەکەی زۆر بەهەنـد گرتووە و زۆریش گرنگ و کاریگەریانە -تا ئێســتاش- ڕێســا کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر دامەزراوە، ئیسلام بۆ ئوممەتەکەی داڕشتووە کە هەندێك کەسوکار مەسروفیان دەکەوێتە سەر کەسوکاری تریان، هەموو خزمان بەشداری خوێندانی قەتڵ و ڕێکەوتن -لە دوای ناکۆکی- دەکەن. کەسێکیان لێ دەمرێت، سامانەکەی بەسەر کەسوکارە نزیکەکانیدا -هەر یەکەیان بەپێی شــەرع ڕێژەی دیاریکراوی هەیە- دابەش دەکرێت.. ئەمە لەناو ئوممەتانی تردا کەمە و بازنەی خزمایەتییەکە تەسـکترە و مافی سـەروەت و سـامان و نەفەقەکێشـان (مەسروفات) و بەخشین لەناو ئەواندا کەمترە..

ئیسلام پەیوەندیی موسوڵمان بە خزم و کەسوکارەکانییەوە زۆر بەهێز دەکات و زۆر تەئکید لە (سـیلەی ڕەحم) واتە شـیرازەی خزمایەتی دەکاتەوە. هەڕەشـەی سـەخت -زۆر سـەخت- لەو کەسانە دەکات کە لە خزمانی دادەبڕێت و بەئەنقەست شیرازەکە دەپسێنێت. لە یاوەرانەوە (خوا لێیان ڕازی بێت) تا ئێســتا پەیوەندیی خزمایەتی لای موسوڵمان بەگەورە و گرنگ گیراوە، ئەمە جگە لە پەیوەندییە شــەرعیەکەی تیرە و هۆز و عەشــیرەتگەری، کە هەموویان وان لە بازنەی شەرعێتی و جائیزێتیدا. ئەوەی بوغزێنراوە سەرخستنی خزمانە بە هەق و بە باتڵ.

- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەیفەرموو: (تَعَلَّمُوا مِنْ أَنْسَابِكُمْ مَا تَصِلُونَ بِهِ أَرْحَامَكُمْ، فَإِنَّ صِلَةَ الرَّحِمِ مَحَبَّةٌ فِي الْأَهْلِ مَثْرَاةٌ فِي الْمَالِ، مَنْسَأَةٌ فِي الْأَثَرِ)[1]، واتە: ئەوەندە لە نەسەبی خزمایەتییەکانتان فێربن کە سیلەی ڕەحمی پێ بهێننەجێ و هاتووچۆی یەکتری پێ بکەن، پەیوەندیی خزمایەتی مایەی خۆشەویستی نێوان کەسوکارە و مایەی ماڵ و سامان زۆربوونە و کاریگەرە لە مانەوەی ناو و ناونیشاندا.

- لە مافی خزمایەتییە لە سەرت ئەوەندەی بۆت دەکرێت پەیوەندییان لەگەڵدا ببەستیت و هاتووچۆیان بکەیت، ئەمە فەرزی موسوڵمانێتییە، بچۆرە دیدەنیان، خەڵاتیان بۆ بنێرە نامە (و تەلەفۆن)یان لێ مەبڕە، لانی کەم بەردەوام بەسەریان بکەرەوە و سڵاویان لێ بکە، هەواڵیان بپرسە.. خوای گەورە پاداشتی ئەو کەسانەی چەندین بەرابەر کردووە کە سیلەی ڕەحمیان بەهێزە و خزمایەتییان توندوتۆڵ گرتووە.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (الصَّدَقَةُ عَلَى المِسْكِينِ صَدَقَةٌ، وَعَلَى ذِي الرَّحِمِ ثِنْتَانِ)[2]، واتە: خێرکردن بە هەژار یەك خێرە، بەڵام خێرکردن بە خزمان دوو بەرابەرە.

- خوای گەورە شیرازە پسانی خزمایەتیی خستۆتە ڕیزی خراپەکارینانەوە لەسەر زەمین (الفسادُ في الأرض) دا! بە هەڕەشەی سەخت دەفەرموێ: ﴿فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِن تَوَلَّيْتُمْ أَن تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ وَتُقَطِّعُوا أَرْحَامَكُمْ ﴿٢٢﴾ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ لَعَنَهُمُ اللَّهُ﴾ محمد: ٢٢ - ٢٣، واتە: چما نیازتان وایە کە دەسەڵاتێکتان کەوتە دەست بکەونە بڵاوکردنەوەی فەساد و خراپەکاری و ئاژاوە لەسەر زەمیندا و نیازتان وایە پەیوەندیی خزمایەتیتان بپسێنن؟! ئەوانەی ئەوە نیاز و ڕەفتاریانە خوای

(١) ترمزی (١٩٧٩) و ئەفەرموێت (غریب)ـە، ئەحمەد (٨٨٥٥)، حاکم لە (المسترك)ـەکەی خۆی بە ژمارە (٧٤٩٠) هێناویەتی و دەفەرموێ سەحیحە، شێخی ئەلبانیش لە (صحیح الترمذي)دا بە سەحیحی ناساندووە، هەروەها شێخی ئەرنائوتیش لە موسنەدی ئیمام ئەحمەد بە حەسەنی ناساندووە.

(٢) ترمزی (٦٥٨)، و لەفزەکەش هی ئەوە، نەسائی و ئیبنو ماجە (٢٥٨٢) بە کورتی هێناویەتییان، ئەحمەدیش (١٦٢٣٢) بە درێژی هێناویێتی. ئەمە تەواوی فەرموودەکەیە لای ترمزی: (إذا أفطَرَ أحَدُكُم، فلْيُفطِرْ على تَمْرٍ؛ فإنَّه بَرَكَةٌ، فإنْ لم يَجِدْ تمْرًا، فالماءُ؛ فإنَّه طَهورٌ" وقال" :الصَّدَقةُ على المِسْكينِ صَدَقةٌ، وعلى ذي الرَّحِمِ ثِنْتانِ :صَدَقةٌ، وصِلَةٌ).

گەورە لەعنەتیان لێ دەکات و لە بەزەیی خۆی دووریان دەخاتەوە.

ئەم هەڕەشە سەختە لە پسێنەری شیرازەی خزمایەتی بۆ ڕێگەنەدانە بە گەشەی گیانی (ئەنانێتی) و خۆپەسەندی و گۆشەگیری.. ئەو کەسەی خۆ لە کەسوکاری دادەبڕێت و دوورەپەرێز لێیان دەژی؛ خۆی لە زۆر خێر و چاکە و چاکسازی مەحرووم دەکات، لە سۆز و بەزەیی و خۆشەویستی دوور دەکەوێتەوە، ئەو کەسەی مافی کەسوکار و خزمەکانی خۆی لەبەرچاو نەبێت و ڕەچاوی نەکات بەدڵنیاییەوە مافی کەسانی دوور و غەیرە خزم هەر ڕەچاو ناکات.. ئەمە کە مافی خزم و غەیرە خزمی لا نییە، حەتمەن گوێ بە مافی خوای گەورە و مافی پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) نادات.. لەبەر ئەمەیە کە پسێنەری شیرازەی خزمایەتی پسێنەری پەیوەندییە بە خوای خاوەن و کردگار و پەروەردگارەوە.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (الرَّحِمُ مُعَلَّقَةٌ بالعَرْشِ تَقُولُ مَن وصَلَنِي وصَلَهُ اللَّهُ، ومَن قَطَعَنِي قَطَعَهُ اللَّهُ)[1]، واتە: سیلەی ڕەحم / ڕوحم واتە شیرازەی خزمایەتی و پەیوەندیی کەسوکارێتی بە عەرشی خوای گەورەوە هەڵواسراوە، بەوێوە بەندە و دەڵێ: هەر کەسێك ئەم پەیوەندێتییە بەردەوام کات، خوای گەورە پەیوەندیی خۆی بەو کەسەوە توندوتۆڵ دەکات، هەر کەسێکیش ئەم پەیوەندێتییە بپسێنێت، خوای گەورەش پەیوەندیی خۆی بەو کەسەوە دەپسێنێت!

## خاڵی پێنجەم: مافی دراوسێ:

- کەمترین مافی دراوسێکەت ئەوەیە کە گیان و منداڵ و سامان و ناموسی لێت پارێزراوبن و لە تۆ و تەرەفی تۆوە هیچ مەترسیەکیان نەبێت. دراوسێی خراپ وادەکات دراوسێکانی تری هەمیشە بەحەزەربن لێی و لێی بترسن، حەزیان بە هاتووچۆی نابێت، هیچی نادەنێ و نایانەوێت هیچیشی لێوەرگرن..

- موسوڵمانی دیندارو سەرڕاست دەزانێت ئەجری دراوسێ چەن گەورەیە و ئازاردان و تین

---

(١) موسلیم (٢٥٥٥).

بۆهێنانی چەند گوناحێكی سەختە.. هەڕەشەی مەحرووم بوون لە بەهەشت لەو كەسە كراوە كە دراوسێكانی لێی ئەمین نابن! پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (لا يَدْخُلُ الجَنَّةَ مَن لا يَأْمَنُ جارُهُ بَوائِقَهُ)[1]، واتە: ئەو كەسەی دراوسێكان لە خراپەكارییەكانی ئەمین نەبن، ناچێتە بەهەشتەوە..

- باسی ئافرەتێكیان لە حزووری پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كرد كە زۆر خاوەن خواپەرستییە، شەونوێژ دەكات و خێرومەندە بەڵام ئازار بەدراوسێكانی دەگەیەنێت، فەرمووی: (هيَ في النَّارِ)[2]، واتە: ئەهلی دۆزەخە..

- لە مافی دراوسێیە لەسەر دراوسێ كە ئاگایان لە حاڵی بێت، لە نان و ئەمانی، لە پۆشاك و سوكنای.. دراوسێیەك بێ شێو سەربنێتەوە (بێ خۆراكی ئێوارەی) گوناحێكی گەورە لەسەر دراوسێیەكانی دەنوسرێت.. بڕوانە ئەم هەڕەشە سەختەی كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەو كەسەی دەكات خۆی تێر و تەسەلە و دراوسێكەشی برسی: (وَاللَّهِ لَا يُؤْمِنُ[3]... مَنْ بَاتَ شَبْعَانَ وَجَارُهُ جَائِعٌ إِلَى جَنْبِهِ وَهُوَ يَعْلَمُ بِهِ)[4]، واتە: بەخوا قەسەم بە ئیماندار هەژمار ناكرێت.. بەخوا قەسەم ئەو كەسە موسوڵمان نییە كە خۆی بە تێریی شەو بەسەردەبات و دراوسێكەی تەنیشتیشی برسیە.. ئەگەر بەحاڵی بزانێت.

- دوای ئاستی یەكەمی مافی دراوسێیەتی كە ئەمن و ئەمانێتی لێت، مافی ئاگا لەحاڵێبوون و بە خەمەوە بوونێتی لە سەرت، دواتر مافی پلە سێیەمین دێت كە هاتووچۆ و چاكەكاریی زیادە

---

(١) موسلیم (٤٦).

(٢) ئەحمەد (٩٦٧٥)، بەززار (٩٧١٣)، ئیبنو حیببان (٥٧٦٤) بە كەمێك جیاوازییەوە، حاكم لە موستەدرەكەكەی خۆی (٧٥١١) دەفەرموێ پیاوانی سەنەدەكەی جێ متمانەن، شێخی ئەلبانیش لە (صحيح الترغيب)دا بەژمارە (٢٥٦٠) بە سەحیحی ناساندووە. ئەمەش تەواوی فەرموودەكەیە: (قالوا: يا رَسولَ الله، فُلانةُ تَصومُ النَّهارَ وتَقومُ اللَّيلَ، وتُؤذي جيرانَها؟ قال: هيَ في النَّارِ، قالوا: يا رَسولَ اللهِ، فُلانةُ تُصلِّي المَكتوباتِ، وتَصَّدَّقُ بالأثوارِ مِنَ الأَقِطِ، وَلا تُؤذي جيرانَها؟ قال: هيَ في الجنَّةِ).

(٣) (لا يؤمن)... (ليس منا).. هاوشێوەیان نەفی ئیمانداریتییەكە ناكات كە كافر بوو بێت.. ئەم وشانە نیشانەی ئەوەیە كە گوناحە باسكراوەكە (كەبائیرە) واتە لە گوناحە گەورەكانە.

(٤) ئەم فەرموودەیەم تەنها بە لەفزی تر دەستكەوت بە كەمێك جیاوازیەوە: (مَا آمَنَ بِي مَنْ بَاتَ شَبْعَانَ وَجَارُهُ جَائِعٌ إِلَى جَنْبِهِ وَهُوَ يَعْلَمُ بِهِ). تەبەڕانی (١/ ٢٥٩) (٧٥٤)، هەروەها بەززار، سەیری (كشف الأستار) (١/ ٧٦) (١١٩)، هەیثەمی لە (مجمع الزوائد) (٨/ ١٧٠) ئەفەرموێت: ئیسنادەكەی حەسەنە، ئەلبانیش لە (صحيح الجامع) (٥٥٠٥) بە سەحیحی داناوە.

دێت کە زۆر زۆر ڕەفتار دەگرێتەوە:

- ماڵی ئیبنو عومەر (خوا لێیان ڕازی بێت) بەرخێکیان سەربڕی، بە ماڵ ومنداڵەکەی فەرموو: ئەرێ پشـکێکتان بۆ دراوسێ جولەکەکەمان دانا؟ عەرزیان کرد نەخێر، فەرمووی: بۆیان بنێرن، گوێم لە پێغەمبەری خوابوو (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دەیفەرموو: (ما زالَ جِبْرِيلُ يُوصِينِي بالجارِ، حتَّى ظَنَنْتُ أنَّه سَيُوَرِّثُهُ)[١]، واتە: جوبرەئیل (علیه السلام) ئەوەندەی ئامۆژگاری دەربارەی دراوسێ کردم تا وامزانی میراتیش لێك دەگرن.. واتە بەقەدەر خزم و کەسوکاری نزیکیان لێدێت.

- هەروەهـا دەفەرموێ: (لَا يَمْنَعْ أَحَدُكُمْ جَارَهُ أَنْ يَغْرِزَ خَشَـبَةً في جِدَارِهِ)[٢]، واتە: هیچ کامێکتان لە دراوسێکەی قەدەغە نەکات گەر بیەوێت دارێك لە دیواری ماڵەکەت بچەقێنێت.[٣]

- هەروەها دەفەرموێ: (لا تَحْقِرَنَّ جارَةٌ لِجارَتِها، ولو فِرْسِنَ شاةٍ)[٤]، واتە: هیچ ئافرەتێکتان مافی ئافرەتە دراوسێکەی بەسووك تەماشا نەکات با سم (نینۆکی پێی مەڕوو بزن)ێکیش بێت.

- پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) پێزانین و ڕێزگرتنی لە مافی دراوسێ بە بەرهەمی ئیمان و ئیمانداریێتیی دادەنا، دەیفەرموو: (مَنْ كَانَ يُؤمِنُ بِاللَّهِ والْيَوْمِ الآخِرِ فَلْيُحْسِنْ إلى جارِهِ)[٥]، واتە: ئەو کەسـەی بـاوەڕی بە خوای گەورە و ڕۆژی دوایی هەیە بـا بە ڕەفتـاری جوان لەگەڵ دراوسێکەیدا هەڵسوکەوت بکات.

## خاڵی شەشەم: مافی کار:

مافی کار ئەوەیە کە بەتەواوەتی و بە چاکی ئەنجامی بدەیت، بەپێی گرێبەست و شـیاوێتی خۆی بێ خۆ لێدزینەوە و خراپ ئەنجامدانی، یان ناتەواوی و کەلێن تێخستنی.

---

(١) بوخاری (٦٠١٥)، موسلیم (٢٦٢٤).

(٢) بوخاری (٢٤٢٦)، موسلیم (١٦٠٩) و لەفزەکەش هی ئەوە.

(٣) لە کۆندا سـەقفی خانوو لە دار دروسـت ئەکران، بۆیە هەندێ جار بۆ دروسـتکردنی سـەقفی خانووەکە لەوانەیە پێویسـتیی بە دیواری ماڵە دراوسێیەکەی بووایە بۆ ئەوەی داری سەقفەکانی لەسەر ڕاگیرکردبایە گەر زیانی بۆ دیوارەکە نەبووایە.

(٤) بوخاری (٢٥٦٦)، موسلیم (١٠٣٠).

(٥) موسلیم (٤٨)، بوخاری (٦٠١٩) بە کەمێك جیاوازی.

-پێغەمبەر خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (إنَّ اللـهَ تعـالَى يحـبُّ إذا عمِـل أحـدُكم عملًا أن يُتقِنَـه)[1]، واتە: خوای گەورە پێی خۆشـــە کە ئەگەر یەکێکتان دەســـتی دایە کارێك بیکات؛ بەچاکی و ڕێکوپێکی بیکات.

- هەروەها دەفەرموێ: (مَنْ غَشَّ فَلَيْسَ مِنَّا)[2]، واتە: هەر کەسێك غەش لە کاروباریدا بکات لە ئێمە نییە.

- هەر کەســێك کارێکی گرتەدەســت و مەرجێکی ئەوەبوو لە کاتێکی دیاریکراویدا تەواوی بکـات، نـابێـت بهێڵێـت کاتەکە بەســـەربچێت و هێشـــتا تەواوی نەکردبێت. پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەڵـێـن نەبردنەســـەری بە نیشـــانەی دووڕوویی دانـاوە کە دەفەرموێ: (وإذَا وَعَدَ أَخْلَفَ)[3]، واتە: کە بەڵێنێك دەدات (دووڕوو) نایباتە سەر.

- مافی کار سەرڕاستی ڕەفتارکردنە تێیدا، وەکو ئەوەی بازرگانە، فرۆشیارە، خاوەن مامەڵەیە، نـابێـت چەواشـــەکـاری و فرتوفێـڵ و درۆ و ســـوێندی ناڕەوا بۆ ڕەواجپێدانی کاڵاکەی یان لەســـەرڕاســـتـگۆیی خۆی بخوات کە درۆش دەکـات! پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (التَّاجِرُ الصَّـــدُوقُ الأَمينُ مع النَّبِيِّنَ والصِّـدِّيقِينَ والشُّـــهداءِ)[4]، واتە: بازرگان (کاســـبکار)ی دەســـتپاك و ڕاســـتگۆ حەشـــری لەگەڵ پێغەمبەران و صـــدیقان و شـــەهیدان دەبێت..(سوبحانەالله لەو پلە و پاداشتە!).

---

(١) بەیهەقی لە (شعب الإيمان) (١٨٦٧/٤)، هەروەها سیوتی لە (الجامع الصغير) (١٨٥٥) هێناویەتییەوە و ئەفەرموێت (حسن)ــە، شێخی ئەلبانیش لە (صحيح الجامع) (١٨٨٠) بە حەسەنی داناوە.

(٢) نووســەری ڕەحمەتی فەرموویەتی موسـلیم ڕیوایەتی کردووە، بەڵام ڕیوایەتەکەی ئیمامی موسـلیم (١٠٢) کەمێك جیاوازە و بەم لەفزەیە: (مَن غَشَّ فليسَ مِنِّي)، لە ڕیوایەتێکی تردا بە ژمارە (١٠١) ئەفەرموێت: (ومَن غَشَّـنا فليسَ مِنَّا)، ئەو ڕیوایەتەی نووسەریش لە فەرموودەیەکی درێژدا هاتووە کە ترمزی بە ژمارە (١٣١٥) ڕیوایەتی کردووە.

(٣) بوخاری (٣٣)، موسلیم (٥٩)، ئەمەش تەواوی فەرموودەکەیە: (آيَةُ المُنَافِقِ ثَلاثٌ: إذَا حَدَّثَ كَذَبَ، وإذَا وَعَدَ أَخْلَفَ، وإذَا اؤْتُمِنَ خَانَ).

(٤) ترمزی (١٢٠٩) و ئەفەرمویت حەســەنە، دارمی (٢٥٨١)، حاکم لە موســتەدرەکەکەی (٢١٤٣)، داروقوتنی لە ســونەنەکەی (٢٨١٣)، شێخی ئەلبانی لە (ضعيف الترمذي)دا بە زەعیفی داناوە.

- هەروەها دەفەرموێ: (اليَمِينُ الكَاذِبَةُ مَنْفَقَةٌ لِلسِّلْعَةِ، مَمْحَقَةٌ لِلْكَسْبِ)[1]، واتە: سوێندی درۆ ڕەواج بەکاڵاکە دەدات بەڵام بەرەکەتی کاسبییەکە مەفح دەکاتەوە و نایهێڵێت.

- لە گرنگترین مافی کار ئەوەیە کە حەڵاڵ و پاك و دروست بێت، گومانی حەرامێتی تێنەکەوێت و ناشەرعی نەبێت، لەو کار و کاسبیانە نەبێت کە ئەگەری شیاو و نەشیاوێتی تێدایە، بۆیە مەرجێکی کار و کاسبکاری دیندار ئەوەیە شارەزایی شەرعی ئەوەندە هەبێت کە چۆن کار و کەسابەتەکە دەکات و حەڵاڵانە پارە پەیدا دەکات، (واتە فقهی سەودا و مامەڵە بزانێت، نەبادا بکەوێتە حەرامەوە).

- سەیدنا عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) دەیفەرموو: (لَا يَبِعْ فِي سُوقِنَا إِلَّا مَنْ تَفَقَّهَ فِي الدِّينِ)[2]، واتە: کەسێك لەبازاڕەکاندا جێی نابێتەوە تا شارەزای دینەکە نەبوبێت، واتە ئەحکامی مامەڵە..

- ئەگەر کابرا فەرمانبەری دەوڵەت بوو، یان کرێکاری کارگەیەکی گشتی بوو، یان کرێکاری تایبەتی ئەرکێك بوو، یان کارێکە و بەو سپێرراوە، جگە لە مەرجی دەستپاکی و سەرڕاستی، دەبێت شیاو و شارەزای کارەکەبێت و شارەزای چۆنییەتی کار و وردەکارییەکانی بێت، بەڕاستی خاوەن پسپۆڕی بێت (نەك بە بڕوانامەی ساختە یان بە گرێبەستێکی چەواشەکاری چووبێتە سەر کارەکە، یان بە بەرتیل و واسیطە دەستی کەوتبێت کە شیاویشی نییە).

ئەمانە و چەندین سیفەتی تایبەتمەندی تری کار لەو ئایەتەدایە کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ خَيۡرَ مَنِ ٱسۡتَـٔۡجَرۡتَ ٱلۡقَوِيُّ ٱلۡأَمِينُ ٢٦﴾ القصص: ٢٦، واتە: باشترین کەسێك بەکرێ بیگریت بەهێز (شارەزا) و دەستپاك (جێمتمانە)یە..

- سەیدنا یوسف (عليه السلام) کە نموونەی شارەزایی و جێمتمانەیی بوو لەخۆی ڕادەبینی ببێتە سەرپەرشتیاری گەنجینەی خۆراکی دەوڵەتی فیرعەونی میسر بۆیە فەرمووی: ﴿ٱجۡعَلۡنِي عَلَىٰ خَزَآئِنِ ٱلۡأَرۡضِۖ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٞ ٥٥﴾ يوسف: ٥٥.

---

(١) بوخاری (٢٠٨٧)، موسلیم (١٦٠٦)، ئەبو داود (٣٣٣٥)، نەسائی (٤٤٦١)، ئەحمەد (٧٢٠٧) و لەفزەکەش هی ئەوە.

(٢) ترمزی (٤٨٧) و ئەفەرموێت (حسن غريب)، شێخی ئەلبانیش بە حەسەنی داناوە.

- ئەبو زەڕی غیففاری (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: (قُلتُ: يا رَسولَ الله، أَلَا تَسْتَعْمِلُني؟ قالَ: فَضَـــرَبَ بيَدِه علَى مَنْكِبي، ثُمَّ قالَ: يا أَبَا ذَرٍّ، إنَّكَ ضَـــعِيفٌ، وإنَّهَا أَمَانَةُ، وإنَّهَا يومَ القِيَامَةِ خِزْيٌ وَنَـدَامَةٌ، إلَّا مَن أَخَذَهَا بحَقِّهَا، وَأَدَّى الذي عليه فِيهَا)[١]، واتە: عەرزی پێغەمبەری خوام (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کرد: ئەی پێغەمبەری خوا نامکەیت بە والی (بەرپرسێکی زەکات یان داوەری ناوچەیەك)؟ دەستی دا بەهەردوو شانمدا و فەرمووی: ئەی ئەبو زەڕ جەنابت کەسێکی (بۆ ئەو کارە ناشـێیت) لاوازیت، ئەوەش ڕاسـپاردەیەکە لەگەردندا دەبێت، لەڕۆژی دواییشـدا دەبێتە مـایەی شـــەرمەزاری و پەشـــیمانی، مەگەر کەســێك مافی تەواوی کارەکەی دابێت و ئەوی لەسەریتی ئەدای کردبێت.

## خاڵی حەوتەم: مافی موسوڵمانان:

پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (حَقُّ المسـلم على المسلِم خمسٌ: ردُّ السَّلامِ، وعِيادَةُ المريضِ، واتِّباعُ الجنائزِ، وإجابَةُ الدَّعوة، وتَشميتُ العاطسِ)[٢]، واتە: مافی موسوڵمان لەســەر موســوڵمان پێنجە: وەڵامدانەوەی ســڵاو، ســەردانی نەخۆش، لەگەڵ جەنازەدا چوون، بەدەم دەعوەتکردنەوە چوون، کە پژمی پێی بڵێ (يَرْحَمُكَ اللَّهُ).

- لە ڕیوایەتێکی تری لای موسـلیمدا مافێکی تریش هەیە کە دەفەرموێ: (وإذا اسْـتَنْصَـحَكَ فانْصَـحْ له)، واتە: ئەگەر داوای ئامۆژگاری و ڕاوبۆچوونی تۆی کرد سـەرڕاستانە ئامۆژگاریی بکە.

- ئامۆژگاریکردن ڕێنیشـــاندانە، هاوکارییە، گوێڕایەڵی و بەدەنگەوە چوونە. بۆیە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێناســـەیەکی گشـــتگیرتر دەداتە وشـــەی (ئامۆژگاری) کە دەفەرموێ: (الدِّينُ النَّصِيحَةُ. قُلْنا: لِمَنْ؟ قالَ: لِلَّهِ ولِكِتابِهِ ولِرَسولِهِ ولأَئِمَّةِ المُسْلِمِينَ وعامَّتِهِمْ)[٣]، واتە: دین بریتییە لە ئـامۆژگـاری، عەرزیانکرد: ئەی پێغەمبەری خوا ئامۆژگاری کێ و چۆن؟، فەرمووی:

---

(١) موسلیم (١٨٢٥).

(٢) بوخاری (١٢٤٠)، هەروەها موسلیم (٢١٦٢) بە کەمێك جیاوازیەوە.

(٣) موسلیم (٥٥).

ئـامۆژگـاری خوای گەورە و پەیـامەکەی و نێرراوەکەی (واتە گوێڕایەڵی فەرمـان و جێبەجێ کردن)، هەروەها ئامۆژگاری پێشـەوایان و ئەمیر و کاربەدەسـتانی موسـوڵمانان(بەگوێڕایەڵی و ڕێنیشـاندان و لەسـەر حەق ڕاگرتنیان)، هەروەها ئامۆژگاری موسـوڵمانان، بە ڕێنیشـاندان و دیاریکردنی ڕاست و چەوت بۆیان.

- هەروەها دەفەرموێ: (وَالمُسْلِمُ أَخُو المُسْلِمِ، لَا يَخْذُلُهُ، وَلَا يَكْذِبهُ، وَلَا يَظْلِمُهُ، وَإِنَّ أَحَدَكُمْ مِرْآةُ أَخِيهِ، فَإِنْ رَأَى بِهِ أَذىً فَلْيُمِطْهُ عَنْهُ)[1]، واتە: موسـوڵمان برای موسوڵمانە، پشتی بەرنادات و بەدرۆی نـاخاتەوە و دەسـتدرێژیی ناکاتەسـەر و سـتەمی لێناکات، هەریەکەتان ئاوێنەی براکەیەتی، کە ئەگەر پەڵەیەکی پێوە بینی یەکسەر بۆی لادەبات.

١- لە مـافی موسـوڵمانە سـڵاوی لێبکەیـت و ئـادابی سـڵاوکردنیش ڕەچـاو بکەیـت، پێغەمـبەری خـوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دەفەرمـوێ: (والَّـذِي نَفْسِـي بِيَـدِه، لَا تَـدْخُلُوا الْجَنَّـةَ حَتَّـى تُؤْمِنُـوا، وَلَا تُؤْمِنُـوا حتَّـى تَحَـابُّوا، أَوَلَا أَدُلُّكُـم عَلَـى شَـيْءٍ إِذَا فَعَلْتُمُـوهُ تَحَـابَبْتُمْ؟ أَفْشُـوا السَّـلَامَ بيـنَكُمْ)[2]، واتە: بەوەی گیـانی منـی بەدەسـتە -کە خـوای پەروەردگـارە- نـاچنە بەهەشـتەوە تـا بـاوەڕ نەهێنن، بـاوەڕیش نـاهێنن تـا یەکتریتـان خـۆش نەوێـت (واتە ئیمانـداری یەکتـر خۆشویسـتنە)، گەرەکتـانە شـتێکتان پـێ بڵـێم ئەگەر کردتـان یەکترتـان خۆش بوێت؟ سڵاوکردن لە ناوخۆتاندا بڵاوبکەنەوە..

- ئینجا ئادابی سڵاوکردنمان فێردەکات و دەفەرموێ: (يُسَلِّمُ الرَّاكِبُ علَى الماشِي، والماشِي علَى القاعِدِ، والقَلِيلُ علَى الكَثِيرِ)[3]، واتە: سـواری سـڵاو لە پیادە دەکات، پیادە سـڵاو لە دانیشتوو دەکات، کەم سڵاو لە زۆر دەکەن.

- لە ئادابی سڵاوکردنیش: تەوقە کردنە پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (مَا مِنْ

---

(١) ئەم ڕیوایەتە ترمزی لە دوو شـوێن بە جیا هێنـاویەتی، بەشـی یەکەمی فەرموودەکە بە کەمێك جیـاوازییەوە هـاتووە: (المسلمُ أخو المسلم لا يخونُهُ ولا يَكذِبُهُ، ولا يخذلُهُ) (١٩٢٧) و شـێخی ئەلبانی بە سەحیحی داناوە، بەشی دووەمی فەرموودەکە: (وَإِنَّ أَحَدَكُمْ مِرْآةُ أَخِيهِ، فَإِنْ رَأَى بِهِ أَذىً فَلْيُمِطْهُ عَنْهُ) (١٩٢٩)، شێخی ئەلبانی ئەفەرموێت: (ضعيف جدا).

(٢) موسلیم (٥٤)، ئەبو داود (٥١٩٣)، ترمزی (٢٦٨٨)، ئیبنو ماجە (٦٨) و لەفزەکەش هی ئەوە، هەروەها ئەحمەد (٩٧٠٩).

(٣) بوخاری (٦٢٣٣)، ، موسلیم (٢١٦٠).

مُسْــلِمَيْنِ يَلْتَقِيَانِ فَيَتَصَــافَحَانِ إِلَّا غُفِرَ لَهُمَا قبْلَ أَنْ يَفْتَرِقَا)[١]، واته: هەردوو موســوڵمان كە بەيەكتری دەگەن و پێكەوە تەوقە دەكەن، پێش ئەوەی لێكـدابڕێن و جیـاببنەوە خوای گەورە لێیان خۆشدەبێت.

- هەروەها دەفەرموێ: (تَصَــافَحُوا، يَذْهَبِ الْغِلُّ، وَتَهَادَوْا تَحَابُّوا وَتَذْهَبِ الشَّـحْنَاءُ)[٢]، واتە: تەوقە لەگەڵ یەكتریـدا بكەن، بوغز و كینەتان دەڕوات، دیاری بدەنە یەكتری كە دەبێتە مایەی خۆشەویستی نێوانتان و قین و بوغزتان لەنێواندا نامێنێت.

٢- لە مافی موسوڵمانە: كە نەخۆشكەوت سەردانی بكرێت. پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (مَن عادَ مَرِيضًا لَمْ يَزَلْ في خُرْفَةِ الجَنَّةِ حتَّى يَرْجِعَ)[٣]، واتە: هەر كەسێك سەردانی نەخۆشێك بكات ئەوا لە بەربوومی بەهەشت ئەخوات تا ئەگەڕێتەوەماڵەوە.

- هەروەها دەفەرموێ: (مَن عادَ مريضًـــا، أو زارَ أخًا لَهُ في اللَّهِ ناداهُ مُنادٍ: أن طِبتَ وطابَ مَمشـاكَ وتبوَّأتَ مِنَ الجنَّةِ منزلًا)[٤]، واتە: هەر كەسـێك سەردانی نەخۆشێك بكات، یان بچێتە دیدەنی برایەكی دینیی خۆی كە لەبەر خاتری خوای گەورە ناســیوێتی و ســەردانی دەكات، هاوارێك بانگی دەكات: سەلامەت بیت و ڕەنجەكەت بە بەرهەم بێت و جێگایەكی بەهەشتت بە نسیب بێت.

- هەروەها دەفەرموێ: (مَنْ توضَّـأَ فأحسَـنَ الوُضـوءَ، وعادَ أخاهُ المُسلِمَ مُحتَسِبًا؛ بُوعِدَ من جَهنَّمَ مَسـيرةَ سـبعينَ خريفًا)[٥]، واتە: هەر كەسـێك دەستنوێژێكی ڕاست و دروست بگرێت و لەبەر خاتری خوای گەورە ســەردانی برا نەخۆشــەكەی بكات، مەســافەی حەفتا پاییزە ڕێ لە

---

(١) ئەبو داود (٥٢١٢)، ترمزی (٢٧٢٧)، ئیبنو ماجە (٣٧٠٣)، ئەحمەد (١٨٥٤٧)، ترمزی بە حەسەنی داناوە و شێخی ئەلبانیش لە (صحيح الترمذي)دا ئەفەرموێت: (صحيح)ـە.

(٢) مـالیـك لە (الموطـأ) (٩٠٨/٢)، هەروەهـا ئیبنو وەهەب لە (الجامع) (٢٤٧)، ئیبنو حەجەر لە (الدراية تخريج أحاديث الهداية) (١٨٣/٢) ئەفەرموێت: (مرسل)ـە، ئەلبانیش لە (ضعيف الترغيب) دا بە (ضعيف)ـی داناوە.

(٣) موسلیم (٢٥٦٨).

(٤) ترمزی (٢٠٠٨) و ئەفەرموێت: (حسن غريب)، هەروەها ئیبنو ماجە (١٤٤٣) و ئەحمەد (٨٣٢٥) بە كەمێك جیاوازییەوە، شێخی ئەلبانیش لە (صحيح الترمذي)دا ئەفەرموێت: (حسن)ـە.

(٥) ئەبو داود (٣٠٩٧)، هەروەها تەبەڕانی لە (المجمع الأوسط) (٩٤٤١)، ئەلبانی لە (ضعيف أبي داود)دا ئەفەرموێت: (ضعيف)ـە.

ئاگری دۆرەخ دووردەخرێتەوە.

٣- لە مافی موسـولْمانە: شـوێن جەنازەکەی بکەوێت و لەگەڵیدا بێت کە دەبرێتە گۆڕسـتان، پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (مَنْ تبِعَ جَنازَةً وَحَمَلَهَا ثَلَاثَ مَرَّاتٍ فَقَدْ قَضَى ما عَلَيْهِ مِنْ حَقِّهَا)[١]، واتە: هەر کەسـێك لەگەڵ جەنازەیەکدا بچێتە گۆڕسـتان و بوار بکاتەوە کە سـێ جاری هەڵگرێت و شـانی بداتەبەر، بەو سـێ جارە مافی جەنازەکەی کە بەسەریەوەیەتی لەسەر نامێنێت.

٤- لە مافی موسوڵمانە: کە پژمی و (الحمد لله)ی کرد ئامادەبووان دووعای (يرحُمكَ الله)ی بۆ بکەن، وەکو کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فێری کردووین کە دەفەرموێ: (إذا عَطَسَ أحَدُكُمْ فَلْيَقُلِ: الحَمْدُ لِلَّهِ، ولْيَقُلْ له أخُوهُ -أوْ صـاحِبُهُ-: يَرْحَمُكَ اللَّهُ، فإذا قالَ له: يَرْحَمُكَ اللَّهُ، فَلْيَقُلْ: يَهْدِيكُمُ اللَّهُ ويُصْـلِحُ بالَكُمْ)[٢]، واتە: ئەگەر یەکێکتان پژمی با بڵێت (الحَمْدُ لِلَّهِ)، واتە: سـوپـاس بۆ خوا، با براکەی یان هاوڕێکەی (کە پێکەوە دەڕۆن) پێی بڵێ (يَرْحَمُكَ اللَّهُ) واتە: خوا ڕوحمت پێ بکات، کە وای پێوت، با ئەم پێی بڵێتەوە (يَهْدِيكُمُ اللَّهُ ويُصْـلِحُ بالَكُمْ) واتە: خوای گەورە ڕێنمایت بکات و وریا و هۆشدارت کات (وەك کە هۆشت لای من بوو دوعات بۆ کردم).

٥- لە مافی موسوڵمانە: ئەگەر دەعوەتی کردیت بەدەم بەدەم بانگهێشتەکەیەوە بچیت و نانی بخۆیـت، پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (أَجِيبُوا هذه الدَّعْوَةَ إذا دُعِيتُمْ لها)[٣]، واتە: بەدەم ئەم بانگێشـتـەوە بچن ئەگەر بانگکران بۆی (بۆ دەعوەت)، بۆیە ئیبنو عومەر (خوا لێیان ڕازی بێت) کە بانگ دەکرا بۆ شایی و دەعوەت بەڕۆژووش بووایە (لە غەیری ڕەمەزاندا) هەر دەچوو و نانی لەگەڵدا دەخواردن.

- پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (مَنْ دُعِيَ فَلَمْ يُجِبْ فَقَدْ عَصَى اللَّهَ وَرَسُولَهُ

---

(١) ترمزی (١٠٤١)، ئەلبانی ئەفەرموێت: (ضعيف)ـە.

(٢) بوخاری (٦٢٢٤).

(٣) بوخاری (٥١٧٩)، موسلیم (١٤٢٩).

وَمَنْ دَخَلَ عَلَى غَيْرِ دَعْوَةٍ دَخَلَ سَارِقًا وَخَرَجَ مُغِيرًا)[1]، واته: هەر کەسێك بانگهێشتی دەعوەت کرا و (بێ عوزر) بەدەنگیانەوە نەچوو، ئەوە سەرپێچیی فەرمانی خوای گەورە و پێغەمبەری خوای (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کردووە، هەر کەسێکیش بانگ نەکرابێت و بچێتە دەعوەتەکە ئەوە وەکو دزێك چۆتە ماڵەکە و وەکو جەردەیەك هاتۆتە دەرەوە!

- هەروەها دەفەرموێ: (إِذَا اجْتَمَعَ الدَّاعِيَانِ فَأَجِبْ أَقْرَبَهُمَا بَابًا فَإِنَّ أَقْرَبَهُمَا بَابًا أَقْرَبُهُمَا جِوَارًا وَإِنْ سَبَقَ أَحَدُهُمَا فَأَجِبِ الَّذِي سَبَقَ)[2]، واتە: ئەگەر لەیەك کاتدا دوو کەس بانگهێشتی دەعوەتی کردیت، بچۆرە دەعوەتی ئەو کەسەیان کە دەرگای لێتەوە نزیکە و دراوسێتە، ئەگەر یەکێکیان پێشتر بانگهێشتی کردبوویت بچۆرە دەعوەتی ئەوەیان.

٦- لە مافی موسوڵمانە: کە گومانی باشی پێ ببەیت و جاسوسیی لەسەر نەکەیت و بەغیلی پێ نەبەیت و نەیبوغزێنیت، مافی خۆیەتی بەخۆشترین ناو کە لە خۆی ناوە بانگی بکەیت.. مافی خۆیەتی برایەتیی ڕاستی لەگەڵدا ببەستیت و ستەمی لێنەکەیت، سووکایەتی پێنەکەیت و نەهێڵیت سووکایەتی بە گیان و ئابڕوو و ماڵ و سامانی بکرێت، نەهێڵیت کەس دەستدرێژیی بکاتە سەر و بەرگریی لێبکەیت.. بەڵگەی ئەم کۆمەڵە مافەی موسوڵمان ئەو فەرموودە گشتگیرەیە (کە بەتەنها خۆی بەرنامایەکی پەروەردەیی ڕەوشتسازیی تەواوە) کە دەفەرموێ: (إِيَّاكُمْ والظَّنَّ، فإنَّ الظَّنَّ أكْذَبُ الحَديث، ولا تَحَسَّسُوا، ولا تَجَسَّسُوا، ولا تَنافَسُوا، ولا تَحاسَدُوا، ولا تَباغَضُوا، ولا تدابَرُوا، وكُونُوا عِبادَ اللهِ إخْوانًا كَمَا أَمَرَكُمُ اللَّهُ تَعَالَى، المُسْلِمُ أخُو المُسْلِمِ، لا يَظْلِمُهُ، ولا يَخْذُلُهُ، ولا يَحْقِرُهُ، بِحَسْبِ امْرِئٍ مِنَ الشَّرِّ أنْ يَحْقِرَ أخاهُ المُسْلِمَ، كُلُّ المُسْلِمِ علَى المُسْلِمِ حَرامٌ؛ دَمُهُ، ومالُهُ، وعِرْضُهُ، إِنَّ اللهَ تعالى لَا ينظرُ إلى صُوَرِكُمْ وَأجسادكم، ولكنْ ينظرُ إلى قلوبكم وأعمالكم، التَّقْوَى هاهُنا، التَّقْوَى هاهُنا، التَّقْوَى هاهُنا، ويُشِيرُ إلى صَدْرِهِ، ولا يَبِعْ بَعْضُكُمْ عَلَى بَيْعِ بَعْضٍ، وكُونُوا عِبادَ اللهِ إخْوانًا، ولا يَحِلُّ لِمُسْلِمٍ أنْ يَهْجُرَ أخاهُ

---

(١) ئەبو داود (٣٧٤١)، ئەلبانی لە (ضعيف أبي داود)دا ئەفەرموێت: (ضعيف)ـه.

(٢) ئەبو داود (٣٥٧٦)، ئەلبانی لە (ضعيف أبي داود)دا ئەفەرموێت: (ضعيف)ـه.

فَوْقَ ثَلاثٍ)[١]، واته: له گومانی خراپه بەحەزەربن، نەکەن بکەونە ناوی، چونکە گومانی خراپە درۆزنترین قسەیە، جاسووسی لەسەر یەکتری مەکەن، خۆشتان بەدوایی یەکتریدا بۆ جاسووسی کردن مەچن (جاسـووسـی: خەڵك ناردنە، حاسـووسـی ئەوەیە خۆت بچیت)، کێبڕکێ دژی یەکتری لە کـاری خراپدا مەکەن و حەسـادەت (بەغیلی) بە یەکتری مەبەن، دەنگ لەیەکتری دامەبڕن و یەکتری زویر مەکەن، ڕق لەیەکتری هەڵمەگرن و یەکتری مەبوغزێنن، هەموو لەبەر خـاتری خوای گەورە ببنە برای دینی یەکتری، هەر وەکو کە فەرمـانی پێـداون کە برابن، موسـوڵمان برای موسـوڵمانە زوڵمی لێناکات و مافی ناخوات، پشـتی بەرنادات و لەسـەری دەکاتەوە، موسـوڵمان سـوکایەتی بە برا موسـوڵمانەکەی ناکات، ئەوەندە گوناحە بەسە کەسێك بیگرێتە کۆڵ کە سـوکایەتی بە برا موسوڵمانەکەی بکات (واتە گوناحی سووکایەتی کردن بە برا موسـوڵمانەکەی ئەوەندە زۆرە بەسـە بۆ چوونە دۆزەخەوە). موسـوڵمان هەموو شـتێکی لە موسـوڵمانی تر حەرامە: سـامان و گیان و ئابڕووی. خوای گەورە تەماشـای دیمەن و لەش و لارتـان ناکات، بەڵام دەڕوانێتە دڵ و دەروون و ڕەفتار (گوفتار و کردار)ەکانتان. تەقواکاری ئا لێرەدایە، تەقواکاری ئا لێرەدایە، تەقواکاری ئا لێرەدایە، هەرجارەش بەدەستی پاکی ئاماژەی بۆ سینەی پاکی دەکرد (کە تەقواکاری وا لە دڵ و دەرووندا).. کەستان مامەڵە بەسەر کەسابەتی یەکێکی ترتانەوە نەکات (کە ئەو هێشتا کاڵاکەی بە کڕیارەکە نەفرۆشتووە تۆ بچیت کڕیارەکەی بۆلای خۆت ڕاکێشـیت بەبەهـانەی ئەوەی کە هەرزانتر دەیدەیتێ یان کاڵاکەی تۆ چاکترە)، هەمووتان کە عەبدی خوای گەورەن و ملکەچێتی ئەو دەکەن دەی سـا لەبەر خاتری ئەویش ببنە برای دینیی یەکتری.. بۆ موسـوڵمان جائیز نییە لە سـێ ڕۆژ زیاتر لە براکەی زویر ببێت و دەنگی لێ دابڕێت.

٧- لە مافی موسوڵمانە: ئەگەر دیل کەوت هەوڵی ئازادکردنی بدرێت ([بێگومان زیندانیش)، ئەگەر برسـی بوو دەبێت تێر بکرێت، ئەگەر موحتاج بوو ئەبێت پێداویسـتیەکانی بهێنرێتە جێ، پـێغەمـبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (أَطْعِمُوا الجَـائِعَ، وعُودُوا المَرِيضَ، وفُكُّوا

---

(١) ئەم فەرموودەیەی نووسەری ڕەحمەتی هێناویەتیەوە فەرموویەتی موسلیم ریوایەتی کردووە، بەڵام خۆی تێکەڵی چەند ریوایەت و فەرموودەیەکی جیایە بە کەمێك جیاوازییەوە، سەیری: موسلیم (٢٥٦٣)، (٢٥٦٤)، بوخاری (٦٢٣٧).

العَانِيَ)[١]، واته: خۆراك بدەنە برسی و سەردانی نەخۆش بکەن و دیل ئازاد بکەن..

٨- لە مافی موسوڵمانە: ئەگەر نهێنییەکی لا باسکردیت بیپارێزیت و نەیدرکێنیت، پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (المَجالسُ بالأمانةِ، إلَّا ثلاثةَ مجالسَ: سَفكُ دمٍ حرامٍ، أو فَرجٌ حرامٌ، أو اقتطاعُ مالٍ بغيرِ حقٍّ)[٢]، واته: قسەی کۆڕ و کۆبوونەوە ئەمانەتە و پێویستە بپارێزرێت، جگە لە قسەی سێ کۆڕ و کۆبوونەوە: کۆڕێك کە باسی قەتڵە و نەخشەی کوشتنێکی تێدا دەکێشرێت، یان قەتڵەکە بەناحەق کراوە و لەوێدا باس دەکرێتەوە، هەروەها کۆڕ و کۆبونەوەیەك کە باسی زیناکردنی بە کەسێك تێدا بکرێت، یان کۆڕ و و کۆبونەوەیەك کە نەخشەی ماڵ و سامان دزینی تێدا بکێشرێت یان باسبکرێت.

٩- لە مافی موسوڵمانە: یارمەتی بدرێت، پشتیوانی لێبکرێت، عەیب وعاری داپۆشرێت، ئەگەر لە تەنگانەدابوو ڕزگار بکرێت، ئەگەر پێویستیی بە شتێك بوو بۆی دەستەبەر بکرێت، مافی خۆیەتی ڕێزی لێ بگیرێت، ئەگەر گەورەبوو ڕێزی زیاتری لێبگیرێت ئەگەر بچووك بوو جێگای سۆز و ڕەحمەت بێت، مافی موسوڵمانە لەکاتی لەوێ نەبوونیدا غەیبەت نەکرێت و قسەی پێنەوترێت.. یەك کۆمەڵ فەرموودە لەو بارەوە هەن کە پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) جەختیان لێدەکاتەوە، وەکو:

- (ليْسَ مِنَّا مَنْ لمْ يرحمْ صغيرَنا، ويُوقِّرْ كبيرَنا، ويأمرْ بالمعروفِ، وينْهَ عنِ المنْكرِ)[٣]، واته: ئەو کەسە لە ئێمە نییە کە بەزەیی بە گچکەدا نایەتەوە و ڕێزی گەورە ناگرێت و فەرمان بە چاکە ناکات و بەرهەڵستی لە خراپە ناکات.

- (كانَ رَسُولُ الله (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ)، إذَا أَتَاهُ طَالِبُ حَاجَةٍ، أقْبَلَ علَى جُلَسَائِهِ فَقالَ: اشْفَعُوا فَلْتُؤْجَرُوا، وَلْيَقْضِ اللَّهُ علَى لِسَانِ نَبِيِّهِ ما أَحَبَّ)[٤]، واته: کاتێك کەسێکی موحتاج دەهاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) جەنابی ڕووی دەکردە دانیشتووەکانی کۆڕەکەی و

---

(١) بوخاری (٥٦٤٩).

(٢) ئەبو داود (٤٨٦٩) و لەفزەکەش هی ئەوە، ئەحمەد (١٤٧٣٤)، ئەلبانی لە (ضعيف الجامع) بە ژمارە (٥٩١٤) بە زەعیفی داناوە.

(٣) ترمزی (١٣٩٣)، ئەلبانی لە (ضعيف الترمذي)دا ئەفەرموێت: (ضعيف)ـە.

(٤) موسلیم (٢٦٢٧)، هەروەها بوخاری (١٤٣٢) بە کەمێك جیاوازییەوە.

دەیفەرموو: هەوڵی بۆ بدەن پاداشــتان دەســتدەکەوێت، ئیتر ئاوا خوای گەورە لەســەر زمانی پێغەمبەرەکەی (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) چەند حەزی بکردایە پێویستی خەڵکی دەبر دەکرد..

- (مَنْ رَدَّ عَنْ عِرْضِ أَخِيهِ رَدَّ اللَّهُ عَنْ وَجْهِهِ النَّارَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)[1]، واتە: هەر کەسێك بەرگری لە ئـابڕوو و کەرامەتی براکەی بکـات خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا ئاگری دۆزەخ لە ڕوویدا وەردەگێڕێت.

- (ومَنْ مَشــى مَعَ مَظْلومٍ حتى يُثْبِتَ لـه حقَّـه؛ ثَبَّـتَ اللهُ قدمَيْه على الصِّـراطِ يومَ تزولُ الأقْدامُ)[2]، واتە: هەر کەســێك لەگەڵ ســتەملێکراوێکدا بکەوێتە ڕێ تا لەســەری بکاتەوە و هەقەکەی بۆ بسـەنێتەوە، لە ڕۆژی دواییدا کە پێ لەسەر پردی سیرات هەڵدەخلیسکێت خوای گەورە ئەو پێگیردەکات و ناکەوێتە خوارێ.

- (مَن نَفَّسَ عن مُؤمِنٍ كُرْبَةً من كُرَبِ الدُّنْيا، نَفَّسَ اللَّهُ عنْه كُرْبَةً من كُرَبِ يومِ القِيامَةِ، وَمَن يَسَّـرَ علَى مُعْسِـرٍ، يَسَّـرَ اللَّهُ عليه في الدُّنْيا وَالآخِرَةِ، وَمَن سَـتَرَ مُسْـلِمًا، سَـتَرَهُ اللَّهُ في الدُّنْيا وَالآخِرَةِ، وَاللَّهُ في عَوْنِ العَبْدِ ما كانَ العَبْدُ في عَوْنِ أَخِيهِ، وَمَن سَـلَكَ طَرِيقًا يَلْتَمِسُ فيه عِلْمًا، سَـهَّلَ اللَّهُ له به طَرِيقًا إلى الجَنَّةِ)[3]، واتە: هەر کەسـێك ناڕەحەتیەك لە ناڕەحەتییەکانی دونیا لەسەر موسوڵمانێك لادات و کێشەیەکی دونیایی بۆ چارەسەربکات خوای گەورە ناڕەحەتیەك لە ناڕەحەتییەکانی ڕۆژیی دوایی لەســەر ئەو کەســە لادەدات. هەر کەسـێك هەژاری و نەداریی موسـوڵمانێك نەهێڵێت، خوای گەورە کاری دونیا و قیامەتی بۆ ئاسـان دەکاتەوە. هەر کەسـێك عەیب و عاری موســوڵمانێك داپۆشـێت، خوای گەورە لە دونیا و قیامەتدا عەیب و عاری ئەو دادەپۆشــێتەوە. خوای گەورە بەردەوام لە یـارمەتیدانی ئەو عەبدەی خۆیدا دەبێت کە یارمەتی عەبدەکانی خوا دەدات. هەر کەســێك ڕێگایەکی فێرخوازی و زانســت بگرێتەبەر، خوای گەورە ئاسانکاریی گرتنەبەری بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات.

(١) ترمزی (١٩٣٢) و بەحەسەنی داناوە، ئەحمەد (٢٧٥٤٣)، ئەلبانیش لە (صحيح الترمذي)دا ئەفەرموێت: (صحيح)ـە.
(٢) ئەبو نەعیم لە (الحلية) (٣٤٨/٦) و ئەفەرموێت: (غريب)ـە، هەروەها (الديلمي) (٥٤٦/٣)، ژمارە ٥٧٠٥.
(٣) موسلیم (٢٦٩٩).

- لە مافی موسـولْمانانە: کە هەموو موسولْمانێکی خۆیان هەست بەژان و ناسۆریان بکات و بایەخ بە حاڵیان بدات و لەخەمیاندا بێت. لە ئیبنو مەسعودەوە (خوا لێی ڕازی بێت): پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (مَنْ أَصْبَحَ وَهَمُّهُ غَيْرُ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ، فَلَيْسَ مِنَ اللَّهِ فِي شَيْءٍ، وَمَنْ لَمْ يَهْتَمَّ لِلْمُسْلِمِينَ فَلَيْسَ مِنْهُمْ)[1]، واتە: هەر کەسێك هەر غەیری خوای گەورە جێبایەخی بێت و هەسـت و هۆشی لای خوای گەورە نەبێت، ئەوە پەیوەندیی بەخواوە نەماوە و لەو نییە.. هەر کەسێك بایەخ بە موسولْمانان نەدات و هەست و هۆشی لایان نەبێت، ئەوە لەوان نەماوە.

- هەروەهـا دەفەرموێ: (مَثَلُ الْمُؤْمِنِينَ فِي تَوادِّهِمْ، وتَراحُمِهِمْ، وتَعاطُفِهِمْ مَثَلُ الجَسَـدِ إذا اشْتَكَى منه عُضْوٌ تَداعَى له سائِرُ الجَسَدِ بالسَّهَرِ والْحُمَّى)[2]، واتە: نموونەی موسولْمانان لەناو خۆیاندا لە خۆشـویستن و بەزەیی و سۆزیاندا بەرامبەر یەکتری وەکو یەك جەستەن، کە کاتێك ئەندامێکی هەست بەئازار دەکات، هەموو ئەندامانی جەستە تا دایاندەگرێت و شەونخوونیی بۆ دەکێشن.

## خاڵی هەشتەم: مافی غەیرە موسوڵمان:

ئەو غەیرە موسوڵمانانەی لە دەوڵەتی ئیسلامدا دەژین و ئەمانی ڕەسمی دەوڵەتە دینییەکەیان وەرگرتووە، کە گرێبەسـتێکی کاریگەرە، لەوەوە دێت کە ئەوان بە حوکمی دەوڵەت و یاساکانی ئیسـلام ڕازیبوون کە وەکو سیسـتمی سیاسی وڵات بە سەریانەوە بێت، لەبەرامبەردا لە ئەماندا دەبن و باجی (جزیە) دەدەن و مومارەسـەی دین و دینداریتیی خۆشـیان دەکەن و لەدادگای خۆیاندا کێشـەکانی نێوانیان یەکلا دەکەنەوە و لە بەرامبەریشـیاندا دەوڵەت بەرپرسـیارە لە پاراسـتن و ڕێز و مافیان و کەس بۆی نییە باجێکی تری غەیری ئەوەی لە گرێبەسـتیاندا هەیە وەرگرێت لێیان.

- پـێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (لَعَلَّكُمْ تُقَـاتِلُونَ قَوْمًـا فَتَظْهَرُونَ عَلَيْهِم

(١) حاکم (٧٩٠٢) (٨١١٥)، ئەلبانی لە (السلسلة الضعيفة)دا ئەفەرموێت: (موضوع)ــە، هەروەها بەیهەقی لە (شعب الإيمان) (٣٤١٨/٧) (١٠٥٨٦) هێناویەتییەوە و ئەفەرموێت: (إسناده ضعيف)، هەروەها ئەبو نەعیم لە (حلية الأولياء) (48/3).

(٢) موسلیم (٢٥٨٦)، بوخاری (٦٠١١) بە کەمێك جیاوازییەوە.

فَيَتَّقُونَكُمْ بِأَمْوَالِهِمْ دُونَ أَنْفُسِهِمِ وَأَبْنَائِهِمْ، فَيُصَالِحُونَكُمْ عَلَى صُلْحٍ، فَلَا تُصِيبُوا مِنْهُم شَيْئًا فَوْقَ ذَلِكَ؛ فَإِنَّهُ لَا يَصْلُحُ لَكُمْ)[١]، واتە: کە دەچنە جەنگی قەومێك و بەسەریاندا زاڵ دەبن، ئەوان دەخوازن بە بڕێك ماڵ کە دەتاندەنێ خۆیان و ماڵ و منداڵیان لە دەستدرێژی بپارێزن، بۆیە لەگەڵتاندا ڕێك دەکەون، زیاتر لەوە وەرمەگرن کە لەسەری ڕێکەوتوون لەگەڵیاندا، چونکە بۆتان شیاو نییە.

- هەروەها دەفەرموێ: (وَإِنَّ اللَّهَ تَعَالَى لَمْ يُحِلَّ لَكُمْ أَنْ تَدْخُلُوا بُيُوتَ أَهْلِ الكِتَابِ إِلَّا بِإِذْنٍ، وَلَا ضَرْبَ نِسَائِهِمْ، وَلَا أَكْلَ ثِمَارِهِمْ؛ إِذَا أَعْطَوْكُمُ الَّذِي عَلَيْهِم)[٢]، واتە: خوای گەورە ڕێی نەداوە پێتان خۆ بکەن بەماڵی خەڵکی ئەهلی کیتابدا مەگەر بە ئیزن و ڕەزای خۆیان، ڕێی نەداوە پێتان لە ئافرەتیان بدرێت، بەرهەموو حاسڵاتیان لێ بسەندرێت مادام ئەو پشکەی لە سەریانە بیدەن؛ دەیدەن.

- هەروەها دەفەرموێ: (مَنْ قَتَلَ مُعَاهَدًا فِي غَيْرِ كُنْهِهِ، حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الجَنَّةَ)[٣]، واتە: هەر کەسێك بە ئەنقەست و بەناهەق کەسێکی ئەهلی کیتاب کە ئەمانی دراوەتێ بکوژێت، خوای گەورە بەهەشتی لێ حەرام دەکات.

- پێشتریش باسمان کرد کە کەسیش بۆی نییە ناچاریان بکات لەسەر قبوڵکردنی ئیسلام و موسوڵمانبوون، دەبێ ڕەفتاری جوانیان لەگەڵدا بکرێت، هەر یەکێکیشیان کە موسوڵمان دەبێت هیچی لەسەر نامێنێت و وەکو هەر موسوڵمانێکی تر دەبێت.

## خاڵی نۆیەم: مافی دەوڵەت:

دەوڵەت یان کافرە یان موسوڵمانی مونحەریف (فاسق)ـە، یان موسوڵمانی چاکە.

- موسوڵمان ئەگەر هێزی کوفر هاتە سەر وڵاتەکەی دەوڵەتی کوفری بەسەردا سەپاند، فەرزە

---

(١) ئەبو داود (٣٠٥١) و لەفزەکەش هی ئەوە، عبدالرزاق لە (المصنف) (١٠١٠٥)، هەروەها بەیهەقی (١٩١٩٩) بە کەمێك جیاوازییەوە، شێخی ئەلبانیش لە (ضعيف أبي داود)دا ئەفەرموێت: (ضعيف)ـە.

(٢) ئەبو داود (٣٠٥٠)، بەیهەقی (١٩١٩٨)، ئەلبانی لە (ضعيف أبي داود)دا ئەفەرموێت: (ضعيف)ـە.

(٣) ئەبو داود (٢٧٦٠)، نەسائی (٤٧٤٧)، شێخی ئەلبانیش بە سەحیحی داناوە.

لەسەری جیهادی بەرامبەر بەرپا بکات مادام لە توانایدا هەبێت.

- ئەگەر ئەو دەوڵەتەی بەسەریەوەیەتی موسوڵمانی مونحەریف (فاسق و فاجر) دەیان برد بەڕێوە (بەڵام ئەحکامەکانی شەرع ڕادەپەڕێنرا) کەمترین ئەرکی موسوڵمان ئەوەیە کە یارمەتیان لەسەر (فسق و فجور)یان نەدات.

- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە یەکێك لە یاوەرانی خۆی کە کەعبی کوڕی عەجەرە بوو (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: (أُعِيذُكَ بِاللَّهِ يَا كَعْبَ بْنَ عُجْرَةَ مِنْ أُمَرَاءَ يَكُونُونَ مِنْ بَعْدِي، فَمَنْ غَشِيَ أَبْوَابَهُمْ، فَصَدَّقَهُمْ فِي كَذِبِهِمْ وَأَعَانَهُمْ عَلَى ظُلْمِهِمْ؛ فَلَيْسَ مِنِّي وَلَسْتُ مِنْهُ، وَلَا يَرِدُ عَلَيَّ الْحَوْضَ، وَمَنْ غَشِيَ أَبْوَابَهُمْ أَوْ لَمْ يَغْشَ، وَلَمْ يُصَدِّقْهُمْ فِي كَذِبِهِمْ، وَلَمْ يُعِنْهُمْ عَلَى ظُلْمِهِمْ؛ فَهُوَ مِنِّي وَأَنَا مِنْهُ، وَسَيَرِدُ عَلَيَّ الْحَوْضَ)(١)، واتە:ئەرێ کەعبی کوڕی عەجرە، پەنات پێدەگرمە بەر خوای گەورە لە کاربەدەستانێك کە لە دوای من دەردەکەون، هەر کەسێك بچێتە بەر دەرگایان و درۆکانیان بەڕاست بزانێت و لەسەر ستەمکاریەکانیان یارمەتیدەریان بێت، ئەوە لە من نییە و منیش لەو نیم و لە قیامەتدا نایەتە لای من بۆسەر حەوزی کەوسەر. هەر کەسێکیش نەچووە بەر دەرگایان و درۆکانیانی بەڕاست دانەنا و یارمەتیدەریان نەبوو لەسەر ستەم و دەستدرێژیکردنەکانیانك ئەوە لەمنە و منیش لەوم، لەقیامەتدا دێتە لای من بۆ سەر حەوزی کەوسەر..

- ئەمما دەوڵەتی موسوڵمانی چاك: مافی ئەمیرەکەیەتی (کە خەلیفە یان کاربەدەستی هەرە باڵایە) کە لە ڕەفتار و بڕیاری خێر و چاکدا گوێڕایەڵی بکرێت و لە خۆشی و ناخۆشی و چوستی و سستیدا ملکەچی بۆ دەربڕرێت.. هەر بڕیارێکی شەرعی بدات جێبەجێکردنی لەسەر پەیوەندیداران فەرز دەبێت، هەر کەسێك لێی هەڵگەڕێتەوە، یان یاخیبوونی بەرامبەر ڕاگەیێنێت، یان شۆڕشی بەرامبەر بەرپا بکات جائیز نییە و موسوڵمانان دەبێت دژی بوەستنەوە و بەرگری لە حوکم و حاکمەکەیان بکەن و مافی ئەمیرەکەیانە لەسەریان کە کوشتاری یاخیبوانی بکەن.. پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (اسْمَعُوا وأَطِيعُوا، وإنِ اسْتُعْمِلَ عليْكُم عَبْدٌ

---

(١) ترمزی (٦١٤) و ئەفەرموێت: (حسن غريب)، ئەلبانیش بە سەحیحی داناوە.

حَبَشِيٌّ، كَأنَّ رَأْسَهُ زَبِيبَةٌ، مَا أقَامَ فِيكُمْ كِتَابَ اللَّهِ)[١]، واته: گوێڕایەڵ و ملکەچ بن بۆ هەر کاربەدەستێك کە ئەحکامی کتێبەکەی خواتان بۆ جێبەجێ دەکات با قولە ڕەشێکی حەبەشیش بێت کە سەری وەکو مێوژ بێت.

- هەروەها دەفەرموێ: (عَلَى المَرْءِ المُسْلِمِ السَّمْعُ والطَّاعَةُ فِيما أحَبَّ وكَرِهَ، إلَّا أنْ يُؤْمَرَ بمَعْصِيَةٍ، فإنْ أُمِرَ بمَعْصِيَةٍ، فلا سَمْعَ ولا طاعَةَ)[٢]، واته: گوێڕایەڵی و ملکەچی دەربڕین بۆ ئەمیر لەسەر موسوڵمانان فەرزە، لەوەی پێی خۆشە و لەوەشدا کە پێی ناخۆشە، مادام فەرمانی بە ڕاپەڕاندنی گوناح و تاوان پێنەکردبێت، ئەگەر فەرمانیانپێدا کە گوناح و تاوان ئەنجامبدات، گوێڕایەڵی و ملکەچیی لەسەر نامێنێت، نابێت فەرمانە گوناحەکە ڕاپەڕێنێت.

- هەروەها دەفەرموێ: (مَن خَرَجَ مِنَ الطَّاعَةِ، وفارَقَ الجَماعَةَ فَماتَ، ماتَ مِيتَةً جاهِلِيَّةً)[٣]، واته: هەر کەسێك لە ملکەچی و گوێڕایەڵیی ئەمیری موسوڵمانان دەربچێت و خۆ لە کۆمەڵی موسوڵمانان دابڕکات و بمرێت، مردنەکەی مردنێکی جاهیلیانەیە.

- هەروەها دەفەرموێ: (مَنْ أَطَاعَنِي فقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ، وَمَنْ عَصَانِي فقَدْ عَصَى اللَّهَ، ومَنْ يُطِعِ الأَمِيرَ فقَدْ أطَاعَنِي، ومَنْ يَعْصِ الأمِيرَ فقَدْ عَصَانِي)[٤]، واته: هەر کەسێك ملکەچی بۆ من دەرببڕێت، ئەوە ملکەچیی بۆ خوای گەورە دەربڕیوە، هەر کەسێك سەرپێچی لە فەرمانی مندا بکات، ئەوە سەرپێچیی لە فەرمانی خوادا کردووە، هەر کەسێك گوێڕایەڵی ئەمیر بکات، ئەوە گوێڕایەڵی منی کردووە، هەر کەسێکیش سەرپێچی فەرمانی ئەمیر بکات ئەوە سەرپێچی فەرمانی منی کردووە.

- هەروەها دەفەرموێ: (إذَا بُويِعَ لِخَلِيفَتَيْنِ، فاقْتُلُوا الآخِرَ مِنْهُمَا)[٥]، واته: ئەگەر لەیەك کاتدا

---

(١) بوخاری (٧١٤٢).

(٢) موسلیم (١٨٣٩) و لەفزەکەش هی ئەوە، بوخاری (٢٩٥٥)، ئەبو داود (٢٦٣٦)، ئیبنو ماجە (٢٨٦٤)، ترمزی (١٧٠٧)، نەسائی (٤٢٠٦).

(٣) موسلیم (١٨٤٨)، بوخاری (٧٠٥٤)، لەفزەکە هی موسلیمە.

(٤) بوخاری (٢٩٥٧)، موسلیم (١٨٣٥).

(٥) موسلیم (١٨٥٣).

بەیعەت درا بە دوو خەلیفە، دووەمینەکەیان بکوژن کە دوای بەیعەتدان بەخەلیفەی یەکەم داوای خیلافەتی کردووە.

- هەروەها دەفەرموێ: (وَمَنْ بَايَعَ إِمَامًا، فَأَعْطَاهُ صَفْقَةَ يَدِهِ، وَثَمَرَةَ قَلْبِهِ فَلْيُطِعْهُ إِنِ اسْتَطَاعَ، فَإِنْ جَاءَ آخَرُ يُنَازِعُهُ فَاضْرِبُوا عُنُقَ الْآخَرِ)[١]، واتە: هەر کەسێك بەیعەتی بە خەلیفەیەك دا، دەستی خستە ناو دەستی و بەرهەمی دڵ و دەروونی خۆیی دایێ کە وەلاء و خۆشەویستی و پەیمانی پشتگیریکردنێتی، با تا دەتوانێت گوێڕایەڵی ئەو خەلیفەیە بکات، ئەگەر یەکێکی تر هات و وتی منیش خەلیفەم، لەگەردنی بدەن.

- مافی گوێڕایەڵی و ملکەچی ئەمیر گشتگیرە، هەموو فەرمان و بڕیارێك دەگرێتەوە کە ژیانی تاکوکۆی کۆمەڵگە و دەوڵەتی ئیسلامی ڕێکدەخات، مادام لە خێر و چاکەدایە و پشتی بە بەڵگەی شەرعی بەستووە. هەر ئەمیرێکی شەرعی فەرمانی بە موسوڵمانێکدا -لە کارێکی ڕێپێدراو (موباح)دا بەجێهێنانی (فەرز) دەبێت-، بۆ نموونە ئەمیر فەرمانێکی بۆ ڕێکخستنی هاتووچۆ دەرکرد، جێبەجێکردنی (فەرز) دەبێت و سەرپێچیکردنی (گوناح)ە، لای خوای گەورە گوناحبار دەبێت و لە دونیاشدا تاوانبار دەبێت.

### خاڵی دەیەم: مافی هیتر:

هیچ شتێك لە دەوروبەری مرۆڤ نییە کە ئیسلام مافی لەسەر مرۆڤ بۆ دیاری نەکردبێت، ئەوە مرۆڤەکان و پاشان گیانلەبەران، ئینجا بێ گیان و ژیار و ئاو و هەوا... هتد. تەنانەت مافی ڕێگاوبان.. مافی فریشتە و جنۆکە، مافی ڕۆح، مافی بەدەن، مافی خۆراك و خواردنەوە، هەموو شتێکی تر.

موسوڵمانی سەرڕاست ئەو مرۆڤەیە کە مافی هەموو کەس و شتێك دابین دەکات، بە شادمانییەوە هەوڵ بۆ هێنانەدییان دەکات و ویژدانی ئاسوودەیە بەو ڕەنجدانەی، چونکە پاداشتی لای خوای گەورەی لەسەر وەردەگرێت. هەندێکمان لەو مافانە ئاماژە پێدا، هەر

---

(١) موسلیم (١٨٤٤)، هەروەها نەسائی (٤١٩١) بە کەمێك جیاوازییەوە.

کەسێك تەفسیلاتی ئەوانە و مافی باسنەکراوەکانی بوێت دەشێت بگەڕێتەوە سەر قورئان و سوننەت و سەرچاوە فیقهییەکان، جا ئەوکاتە سەری لەوە سوور دەمێنێت کەچۆن ئیسلام مافی ئەوانەی دابین کردووە و موسوڵمانی هانداوە ڕەچاویان بکات..

ئەمە نموونەیەکە لە باسێکی ناو سەرچاوە فیقهییەکان[١] کە دەفەرموێ: (هەر کەسێك ئاژەڵێکی هەبوو، بەرپرسە لێی، لە خۆراك و خواردنەوەی، ئەگەر خۆراکی (بەس)ی نەدایە دەبێت ناچاربکرێت لەسەر پێدانی، ئەگەر هەر نەیکرد دەبێت ئاژەڵەکەی لەدەست دەربهێنرێت بە فرۆشتنەوەی یان بە بەکرێدانی، یان بە سەربڕینی ئەگەر ئاژەڵێك بوو گۆشتی حەڵاڵ بوو، باری قورس لێنان لە ئاژەڵ حەرامە، ئەگەر شیردەربوو نابێت ئەوەندە بدۆشرێت کە بڕێکی کەمی بۆ بەچکەکەی لێ بمێنێتەوە. ناشێت لە دەموچاوی ئاژەڵ بدرێت، ناشێت سەروگوێلاکی داخ بکرێت، ناشێت لەعنەتی لێ بکرێت(!!)، ناشێت سەرببڕرێت ئەگەر لەوانەبوو کە گۆشتیان نەدەخورا)..

نموونەی ئەم جۆرە دەقە لە سەرچاوەی کتێبە شەرعیەکاندا زۆرە، چونکە هەموو شەرعناسان باسیان لێوە کردووە.[٢]

---

(١) کتێبی (الهدية العلائية).

(٢) لە سەردەمی عەباسیەکاندا (پێش هەزار و دووسەد و قسور ساڵ) نەخۆشخانەیەکی ئاژەڵ (بەیتەری) لە بەغدا هەبوو، بۆ ماوەی (٣١٦) ساڵ دەوامی کرد. سەیر ئەوەیە کە ڕاوچیی بۆ بەکرێ دەگیرا کە ئەو ئاژەڵە کێویانەی برینداربوون یان نەخۆشن بهێنرێنە ئەو نەخۆشخانەیە و دوای چارەسەریان بەرەڵای چیا و چۆڵ دەکرانەوە!!

## بڕگەی سێیەم:

## موسوڵمان لە بەرامبەر هەر ئەرکێکدا خاوەن مافە:

هەر وەکو کە موسوڵمان ئەرکی دەرهەق بە مافی بەرامبەرانی لەسەرە، بەدڵنیاییەوە خۆشی خاوەن مافە، بۆنموونە کە ئەرکی مێردایەتی کۆمەڵێك مافی ژنەکەی لەسەر فەرز دەکات، لە هەمان کاتیشدا ئەمیش دەبێتە خاوەن کۆمەڵێك ماف لەسەر ژنەکەی. ئەو فەرمانبەرەی دەوڵەت کە ئەرکی ئەنجامدانی کاری ڕەسمی دائیرەکەی لەسەرە و دەبێت شیاو و بەهێز و کارامەبێت بۆی و سەرڕاست و دڵسۆزانە کاربکات، لەهەمان کاتیشدا مافی خۆیەتی کە دەوڵەتیش ئەوەندەی مووچە بۆ دابین بکات کە پێداویستیەکانی ژیانی خۆی و خێزانی پێ دەبڕبێت و ئەوەندەش لە ئەماندابێت خەمی هیچی خۆیی لەبەر نەمابێت.

- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (مَنْ كَانَ لَنَا عَامِلاً فَلْيَكْتَسِبْ زَوْجَةً، فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ خَادِمٌ فَلْيَكْتَسِبْ خَادِمًا، فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ مَسْكَنٌ فَلْيَكْتَسِبْ مَسْكَنَاً)[1]، واتە: ئەو کەسەی کە کاربەدەستی ئێمەیە و ژنی نییە با ژنێك بهێنێت، ئەگەر خزمەتکاری نییە با خزمەتکارێکی بۆ بگیرێت، ئەگەر خانووی نییە با خانوویەکی بۆ دابین بکرێت.

- ئەو موسوڵمانەی پێویستە لەسەری گوێڕایەڵی فەرمان و بڕیاری ئەمیرەکەی بێت، مافی ئەوەی لەسەر ئەمیرەکەیەتی کە پێداویستیەکانی ژیانی هاوشێوەی هاوشانی خۆی بۆ دابین بکات و نەهێڵێت موحتاج بمێنێت، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (أَنَا أَوْلَى بِكُلِّ مُؤْمِنٍ مِنْ نَفْسِه، فَمَنْ تَرَكَ دَيْنًا أَوْ ضَيْعَةً فَإِلَيَّ، وَمَنْ تَرَكَ مَالاً فَلوَرَثَتِه، وَأَنَا مَوْلَى مَنْ لَا مَوْلَى لَهُ، أَرِثُ مَالَهُ وَأَفُكُّ عَانَهُ، وَالْخَالُ مَوْلَى مَنْ لَا مَوْلَى لَهُ، يَرِثُ مَالَهُ وَيَفُكُّ عَانَهُ)[2]، واتە: من بۆ هەموو موسوڵمانێك لە خۆی لەپێشترم بۆی، هەر کەسێك مرد و قەرزاربوو یان سامانێکی فەوتابوو، من بۆی دەدەمەوە و ماڵەکەی قەرەبوو دەکەمەوە، هەر کەسێکیش مرد و سامانی جێهێشت ئەوە

---

(١) ئەبو داود (٢٩٤٥) و ئیبنو خوزەیمە (٢٣٧٠)، لەفزەکەش هی هەردووکیانە، هەروەها تەبەڕانی (٣٠٥/٢٠) (٧٢٧) بە کورتی هێناویەتییەوە، ئەلبانی لە (صحيح أبي داود)دا ئەفەرموێت سەحیحە.

(٢) ئەبو داود (٢٩٠٠)، ئەلبانی ئەفەرموێت: (حديث حسن صحيح).

میراته و بۆ کەسوکاری خۆیەتی، من سەرپەرشتیاری ئەو کەسەم کە سەرپەرشتیاری نییە، کە سامانیم بکەوێتە بەردەست بەخەمی کەسە موحتاجەکانییەوە دەبم، خاڵ سەرپەرشتیاری ئەو کەسەیە کە سەرپەرشتیاری نییە، سامانی دەگرێتە خۆی و ئاتاجییەکانی دەهێنێتە جێ..

- هەروەها دەفەرموێ: (كُلُّكُمْ راعٍ ومَسْئُولٌ عن رَعِيَّتِه، فالإمامُ راعٍ ومَسْئُولٌ عن رَعِيَّتِه، والرَّجُلُ في أهْلِه راعٍ وهو مَسْئُولٌ عن رَعِيَّتِه، والمَرْأَةُ في بَيْتِ زَوْجِها راعِيَةٌ وهي مَسْئُولَةٌ عن رَعِيَّتِها، والخادِمُ في مالِ سَيِّدِه راعٍ وهو مَسْئُولٌ عن رَعِيَّتِه)[1]، واتە: هەمووتان شوانن (بەرپرسن) و هەمووشتان بەرپرسیارن لەوەی بەردەستتان، خەلیفە شوانە و بەرپرسیارە لەوەی بەردەستی، پیاو شوانە و بەرپرسیارە بەسەر خانەوادەکەی، ئافرەت لە ماڵی پیاوەکەی شوانە و بەرپرسیارە لە ماڵەکەی، خادم/عەبد لە ماڵی سەییدەکەی (گەورەکەی) شوانە و بەرپرسیشە لێی.

- لەمافی موسوڵمانە لەسەر ئەمیر کە ڕێ لە هێنانەجێی پێداویستیەکانی نەگرێت، پێغەمبەری خوا (صَلَّىٰ‌ٱللَّهُ‌عَلَيۡهِ‌وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (مَنْ وَلَّاهُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ شَيْئًا مِنْ أَمْرِ الْمُسْلِمِينَ فَاحْتَجَبَ دُونَ حَاجَتِهِمْ وَخَلَّتِهِمْ وَفَقْرِهِمْ، احْتَجَبَ اللَّهُ عَنْهُ دُونَ حَاجَتِهِ وَخَلَّتِهِ وَفَقْرِهِ)[2]، واتە: هەر کەسێك خوای گەورە کاروبارێکی موسوڵمانانی بخاتە بەردەست و ڕێ لە هێنانەدیی پێداویستیەکانیان بگرێت و لە ئیحتیاجی و هەژاریدا بیانهێڵێتەوە، لە ڕۆژی قیامەتدا خوای گەورەش وا لەو دەکاتەوە، ناهێڵێت پێداویستیەکانی بێنە دی و هەر بە موحتاجی و هەژاری دەیهێڵێتەوە..

- لە مافی موسوڵمانانە لەسەر ئەمیرەکەیان کە خیانەتیان لێ نەکات و چەواشەکاری و فریودانیان بەرامبەر مومارەسە نەکات. پێغەمبەری خوا (صَلَّىٰ‌ٱللَّهُ‌عَلَيۡهِ‌وَسَلَّمَ) لەهەڕەشەیەکی سەختیدا لە ئەمیری خاین دەفەرموێ: (مَا مِنْ عَبْدٍ يَسْتَرْعِيهِ اللَّهُ رَعِيَّةً، يَمُوتُ يَوْمَ يَمُوتُ وَهُوَ غَاشٌّ لِرَعِيَّتِهِ، إِلَّا حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ)[3]، واتە: هەر عەبدێك خوای گەورە بیکاتە کاربەدەست

---

(١) بوخاری (٢٥٥٨) و لەفزەکەش هی ئەوە، هەروەها موسلیم (١٨٢٩).

(٢) ئەبو داود (٢٩٤٨) و لەفزەکەش هی ئەوە، هەروەها ترمزی (١٣٣٢)، ئەحمەد (١٨٠٦٢)، ئەلبانی کە (صحيح أبي داود)دا ئەفەرموێت: (صحيح)ـە.

(٣) بوخاری (٧١٥٠)، موسلیم (١٤٢).

بەسەر خەڵکییەوە و لەحاڵەتێکیدا بمرێت کە خیانەتی لە ڕەعییەتەکەی کردبێت، حەتمەن خوای گەورە بەهەشتی لێ حەرام دەکات..

- مافی موسوڵمانانە لەسەر ئەمیرەکەیان کە بەیەکسانی و هەموویان وەکو یەك سەیر بکات و دادپەروەرانە بەرامبەریان بجوڵێتەوە، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (إِنَّ الْمُقْسِطِينَ عِنْدَ اللهِ، عَلَى مَنَابِرَ مِنْ نُورٍ، عَنْ يَمِينِ الرَّحْمَانِ، عَزَّ وَجَلَّ، وَكِلْتَا يَدَيْهِ يَمِينٌ، الَّذِينَ يَعْدِلُونَ فِي حُكْمِهِمْ، وَأَهْلِيهِمْ، وَمَا وَلُوا)[1]، واتە: ئەو کەسانەی خوای گەورە کاروباری موسوڵمانانیان دەخاتە بەردەست و دەبنە کاربەدەست، کە لە بڕیار و حوکمڕانیاندا دادپەروەرانە ڕەفتار دەکەن و خزم و غەیرە وەکو یەك تەماشا دەکەن، ئەمانە خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا لەلای ڕاستی خۆیەوە -کە هەردوو لای خوای گەورە ڕاستن- لەسەر میمبەری نوور دایاندەنێت و ئەوەندە ڕێزیان لێدەگرێت کە ئە ئاوا لە خۆیان نزیك دەکاتەوە..

- مافی موسوڵمانانە لەسەر ئەمیرەکەیان کە بە شێوازی جوان و ڕەفتاری نەرموونیان لەگەڵیاندا هەڵسوکەوت بکات و بەزەیی بە هەموویاندا بێتەوە، چونکە کاربەدەستی سەختگیر و توند و دڵڕەق لای خوای گەورەش بوغزێنراوە، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (إِنَّ شَرَّ الرِّعَاءِ الْحُطَمَةُ)[2]، واتە: خراپترین کاربەدەست توندوتیژ و دڵڕەقەکانن کە بە زۆرەملێ خەڵکی ناچاری قبوڵ کردن و ڕاپەڕاندنی بڕیارەکانیان دەدەن.

- مافی موسوڵمانانە لەسەر دەوڵەت و ئەمیر و کاربەدەستان، کە کەس بێ مۆڵەت و ڕێپێدان خۆ نەکات بە ماڵیاندا، مادام ماڵەکە جێگومانی دوژمنکاری نەبووە، ناشبێت کەس لەسەر ڕەخنەی حەق بگیرێت، بەڵکو دەبێت کاربەدەستانی دەوڵەت پەشیمان ببنەوە ئەگەر شتێکیان دەرهەق ڕەخنەگرێك کردبوو، با سادەترین موسوڵمانی ڕەعیەتەکەش بووبێت..

- مافی موسوڵمانە لە دەوڵەتەکەدا بە ئەمان بژی و کەس بە بێ هۆی شەرعی بەندی نەکات، ئەگەر بووش بە سەربازی دەوڵەت لە ماوەی دیاریکراوی خۆی زیاتر نەهێڵرێتەوە، مۆڵەت

(١) موسلیم (١٨٢٧) و لەفزەکەش هی ئەوە، هەروەها نەسائی (٥٣٧٩)، ئەحمەد (٦٤٩٢).

(٢) موسلیم (١٨٣٠)، ئەمە بەشێکە لە فەرموودەیەکی درێژ.

(ئیجازە)ی ئاسـایی خۆی وەربگرێت و ئەگەر کات بۆ سـەربازیکردنی دیاریکرابوو، دەبێت بە تەواوبونی کاتەکەی (تەسریح) بکرێت..

- مادام موسـوڵمان بیەوێت مافەکانی دەسـکەوێت دەبێت ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکات کە لە سەرین، چونکە ئەوانەش مافی کەسانی ترن، ئەگەر زۆرینە لە کۆمەڵگەیەکدا ئەرکەکانی خۆیان سەرڕاستانە جێبەجێ نەکەن بە دڵنیاییەوە خەڵکێکی زۆری بەرامبەریان لە مافەکانیان مەحرووم دەبن. بۆیە بەڕاسـتی دەبێت هەموو هاوڵاتییەکی دەوڵەتی ئیسـلامی هەموو ئەرکەکانی ڕاست و دروسـت ڕاپەڕێنێـت تـا ئەویش و ئەوانی تریش هەموو مـافەکـانیـان دابین ببێت، دەوڵەتیش بەرپرسـیارە لە چاودێری و پرسـینەوە. نابێت ڕێگا بدات هاوڵاتییەکانی کەمتەرخەم بن، ناشێت ڕێیان بدات خۆیان لە ئەرکی سـەرشـانیان بدزنەوە، ناشێت لێپرسینەوەیان لەگەڵدا نەکات، هەر وەکو کە هاوڵاتییان دەبێت چاودێربن و لە هەڵسـوکەوتی کاربەدەسـتانی دەوڵەت بکۆڵنەوە و لەکاتی کەمتەرخەمیاندا داوای موحاسـەبە و سـزادانیان بکرێت، دەوڵەتیش دەبێت سـووربێت لەسـەر ئەداکردنی بەرپرسـێتی و بەجێهێنـانی ئەرکەکانی هاوڵاتییەکانی. ئاوا مافی کەس لە کۆمەڵگە و دەوڵەتی ئیسـلامیدا نـافەوتێـت، لەم ڕوانگەوەیە کە دەڵێین کۆمەڵگە و دەوڵەتی ئیسلامی لە ڕووی (ئەخلاقیـ)ـیەوە زۆر نموونەییە، کەس مافی کەسانی تری تێدا پێشێل ناکات، چونکە هەموو هەستی بەرپرسیارێتی قیامەتیان لە هزر و هۆش و دڵدایە و بەرپرسێتی دونیاشیان لەبەر چاوە..

- پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (فإنَّ لأهلِكَ عليْكَ حقًّا، وإنَّ لِضـيفكَ عليْكَ حقًّا، وإنَّ لِنفسِـكَ عليكَ حقًّا)[1]، واتە: ماڵ و منداڵەکەشـت مافیان لەسـەرتە، میوانیش مافی لەسەرتە و جەستە و دەروونی خۆشت مافی لەسەرتە..

- لە سـەلمانی فارسـی (خوا لێی ڕازی بێت): (کە بوو بە میوانی ئەبو دەرداء خوا لێی ڕازی بێت و بینیی بەڕۆژووە و شەویش دەیویست هەستێ بۆ نوێژ) پێی فەرموو: (إنَّ لِربِّكَ عَلَيْكَ حَقًّا، ولِنَفْسِـكَ عَلَيْـكَ حَقًّـا، ولِأَهلِـكَ عَلَيْـكَ حَقًّـا، فـأعْطِ كُـلَّ ذِي حَقٍّ حَقَّـهُ... فَقَـالَ النَّبيُّ

(١) ئەبو داود (١٣٦٩)، ئەمە بەشێکە لە فەرموودەیەکی درێژ.

(صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): صَدَقَ سَلْمَانُ)[1]، واته: خوای پەروەردگاریش مافی لەسەرتەو خۆشت مافت لەسەر خۆتە و ماڵومنداڵیشت مافیان لەسەرتە، دەی سا مافی هەر خاوەن مافێکیان بدە.. کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بیستییەوە کە سەلمان وای فەرمووە، فەرمووی سەلمان ڕاستی کردووە.

-لە ڕیوایەتی تردا هاتووە کە بیستی فەرمووی: (ولِضَيْفِكَ عليكَ حقًّا)[2]، واتە: میوانەکەشت مافی لەسەرت هەیە..

(١) بوخاری (١٩٦٨).

(٢) ترمزی (٢٤١٣).

## بڕگەی چوارەم:

## موسوڵمان ئەرکی خۆی بەجێدەهێنێت ئەگەر مافەکانیشی نەدەنێ:

با گریمانی ئەوە دابنێین کە موسوڵمانێك مافی خۆی دەست نەکەوت و هەوڵیشی بۆ دا بەڵام نەیانداپە، ئایا ئەمە وای لێدەکات بڵێ: منیش ئەرکەکانی سەرشانم جێبەجێ ناکەم؟ ئەگەر وای وت، ئایا بۆی شیاوەو هەڵوێستی شەرعییە؟ ئایا موسوڵمان بۆی هەیە لە بارو دۆخێکدا کە تێیدەکەوێت ئەرکەکانی واز لێ بهێنێت؟ نەخێر.. هەرگیز..

موسوڵمان بەو هیوایە ئەرك بەجێناهێنێت کە مافەکانی لەبەرامبەر بدەنێ، موسوڵمان ئەرکەکانی ئەدادەکات لەوە دڵنیایە کە فەرمانێکی خوای گەورەیە و پێی سپێرراوە و دەبێ جێبەجێی بکات، دەبێ ڕاست و دروستیش جێبەجێی بکات، چونکە خوای گەورە لێی دەپرسێتەوە.. کەوابوو موسوڵمان کە ئەرکەکانی خۆی ئەدا دەکات، لەبەر خاتری خوای گەورە ئەدایان دەکات.. لادانی خەلکی و کەمتەرخەمیان و گوێنەدانیان بە ئەرك و ماف و دەستدانە خراپەکاریی و وەلکردنی دینداریتییان، نابێتەمایەی بەجێنەهێنانی ئەرکەکانی سەرشانی موسوڵمان.. موسوڵمان لەگەڵ خوای خۆیدا پەیمانی عەبدایەتی بەستووە و لە هەموو بارو دۆخێکدا ملکەچێتی..

- پێغەمبەری خوای (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (وَسَيكُونُ بَعْدِي خُلفَاءُ فَيَكثرُونَ، قالوا: يَا رسول الله، فَمَا تَأْمُرُنَا؟ قَالَ: أَوْفُوا بِبَيْعَةِ الأَوَّل فَالأَوَّل، ثُمَّ أعْطُوهُمْ حَقَّهِمْ، وَاسْأَلُوا الله الَّذِي لَكُمْ، فَإِنَّ اللهَ سَائِلُهُمْ عَمَّا اسْتَرْعَاهُمْ)[1]، واتە: پاش کۆچی دوایی من خەلیفە زۆر دەبن. عەرزیان کرد: ئەدی فەرمانمان بەچی پێدەکەیت بیکەین؟ فەرمووی: بەیعەتی خەلیفەی یەکەم بپارێزن کە پێتان داوە، پاشان مافی خۆیانیان بدەنێ و داوا لە خوای گەورە بکەن مافەکانی خۆتانتان بۆ دابین بکات، چونکە خوای گەورە موحاسەبەی هەموو شتێکیان دەکات کە مافی

---

(١) بوخاری (٣٤٥٥)، موسلیم (١٨٤٢).

ڕەعیەتەکەیانە و پێشێلیان کردووە.

- هەروەها دەفەرموێ: (لَا يَكُنْ أَحَدُكُمْ إِمَّعَةً، يَقُولُ: أَنَا مَعَ النَّاسِ، إِنْ أَحْسَنَ النَّاسُ أَحْسَنْتُ، وَإِنْ أَسَاؤُوا أَسَأْتُ، وَلكِنْ وَطِّنُوا أَنْفُسَكُمْ إِنْ أَحْسَنَ النَّاسُ أَنْ تُحْسِنُوا، وَإِنْ أَسَاؤُوا أَنْ تَجْتَنِبُوا إِسَاءَتَهُم)[1]، واتە:کەستان نەبێتە ئیممەعە (شوێنکەوتووی کوێرانە) و بڵێ: من لەگەڵ خەڵکەکە (جەماوەرەکە) دام، ئەگەر ئەوان کاری چاکیان کرد منیش چاك دەکەم، ئەگەر ئەوان کاری خراپیان کرد منیش کاری خراپ دەکەم. نا، خۆتان وا ڕابهێنن کە ئەگەر خەڵکی کاری چاکیان کرد ئێوەش کاری چاکە بکەن، ئەگەر ئەوان کاری خراپیان کرد، خۆتان لەکارە خراپەکانیان دوورەپەرێز بگرن.

کەوابوو موسوڵمان لەسەر دید و ڕێباز و بڕاوت و هەڵوێستی شەرعیانەی خۆی دەڕوات، بەلایەوە گرنگ نییە کە خەڵکی لێی ڕازین یان ناڕازی، ئەوەی بەلایەوە گرنگ و کاریگەرە ئەوەیە کە ئایا دید و هەڵوێستەکەی شەرعییانە بووە یان نا؟ لەبەر خاتری خوای گەورە گرتوێتیەبەر یان بە مەبەستی دونیایی؟ ئەم دوو خاڵە لای موسوڵمان گرنگە، کە لە هەڵوێستێکدا هەبوون، پشتیوان بە خوای گەورە دەیگرێتە بەر.. چونکە ڕەزامەندیی خەڵکی ناشێت لەسەر حسابی شەرع و ڕەزامەندیی خوای گەورە بێت. پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (مَنِ الْتَمَسَ رِضَا اللَّهِ بِسَخَطِ النَّاسِ كَفَاهُ اللَّهُ مُؤْنَةَ النَّاسِ، وَمَنِ الْتَمَسَ رِضَا النَّاسِ بِسَخَطِ اللَّهِ وَكَّلَهُ اللَّهُ إِلَى النَّاسِ)[2]، واتە: هەر کەسێك گوێ بە زویربوونی خەڵکی نەدات و ڕەزامەندیی خوای گەورەی لا مەبەست بێت، خوای گەورە دید و هەڵوێستی خەڵکەکەی بۆ دەگرێتە خۆی (ناهێڵێت کاریگەرییان لەسەری هەبێت). هەر کەسێکیش ڕازیبوونی خەڵکی لا گرنگ بێت یا لەسەر حسابی زویرکردن و تووڕەکردنی خوای گەورەش بێت، خوای گەورە دەیخاتە بەردەستی خەڵکی (کە دیدیان لە گۆڕاندایە)، ئەمڕۆ قبوڵیانە سبەی تووڕی هەڵدەدەن!

موسوڵمان ئەرکی سەرشانی خۆی لەبەر خاتری بەرژەوەندیی دونیایی جێبەجێ ناکات، نە بۆ

---

(١) نووسەری ڕەحمەتی فەرموویەتی ترمزی ڕیوایەتی کردووە، بەڵام لە ڕیوایەتەکەی ترمزی بە ژمارە (٢٠٠٧) کۆتایی فەرموودەکە کەمێك جیاوازە، بەم لەفزە هاتووە: (وإن أساؤوا أن لا تَظلِمُوا) و ئەفەرموێت: (حسن غريب)، ئەلبانیش ئەفەرموێت: (إسناده ضعيف).

(٢) ترمزی (٢٤١٤)، ئەلبانی لە (صحيح الترمذي)دا ئەفەرموێت سەحیحە.

پارە و سامان نە بۆ ناو و نە بۆ پلەوپایەی ناو خەڵکی، چونکە ناشێت مەبەستی لە خواویستیەوە بۆ دونیـاویســتی بگۆڕێـت، لە نییەت پـاکیەکەیدا بەرژەوەندییە دونیاییەکانی دێنەدی، بەڵام لە نییەت پیسیەکەیدا ڕەزامەندیی خوای گەورەی دەستناکەوێت، بەڵکو دەکەوێتە بەر سزای خوای گەورە.. موسـوڵمانی سەرڕاست و پاك هەموو نییەت و ڕەفتار و بڕیارێکی لەبەر خاتری خوای گەورەیە، ئامادەشـە لە ڕێی ئەو نییەت و مەبەستەیدا سەر و ماڵ و کات و تەندروستی و وزە و ناو و پلەوپایە و هەرچی هەیەتی دانێ..

لە کتێبی (الرســول (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ))[١]دا باســمان لەوە کردووە کە چۆن پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ســووربوو لەســەر بەجێهێنـانی ئەرکەکانی خۆی و لەو ڕێیەدا ئەو هەموو ناڕەحەتی و ناسـۆر و ئازار و ژانەی چێشـت.. هەموو موسـوڵمانێك دەبێ چاو لەو پێشـەوا سـەرووەرەی (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بکـات.. دەبینیت پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەرکەکانی ســەرشــانی خۆی ڕادەپەڕاند، بێ ئەوەی گوێ بە چۆنییەتی هاتنەوەی ئەنجام و کاردانەوەی بدات، بێ ئەوەی حسـاب بۆ بەرژەوەندی بکات کە ئایا ئەو دید و هەڵوێستە لە قازانجی دەبن یـان لە زیـانی! لێرەوە دەزانین کە دەروون بەزیو و ئیممەعەکـان خۆیـان هۆکاری ئینحیراف و خراپەکـارین، خراپە دەکەن چونکە خەڵکی دەبینن خراپەکـارن، لاڕێ دەکەون چونکە دەبینن خەڵکی لە دینەکە لایانداوە، ئیسـلام وەلدەکەن چونکە دەبینن خەڵکی موسـوڵمانی دیندار و سـەرڕاسـت نەماون، بە گومڕایی ڕازی دەبن چونکە خەڵکی دەبینن گومڕابوون، سـوو (ڕیبا) دەخۆن دەڵێن چونکە خەڵکی دەیخۆن، سـنووری حەڵاڵ و حەرامیـان تێکەڵ کردووە، دەڵێن چونکە خەڵکی گوێ بە حەرام و حەڵاڵ نـادەن! لەڕاسـتیـدا ئەوانە کە ئـاوا ئـاسـانکاری و شلگیرییان کردۆتە ڕەفتاری ئاسایی و سرووشتیان و ئامادە نین بە دینەکەوە پابەندبن بەبەهانەی ئەوەی کە خەڵکەکە پابەند نەماون پێیەوە، لەڕاستیدا ئەوانە موسوڵمان نەماون، ئەوان گوێڕایەڵی خوای گەورە نەماون، گوێڕایەڵی جەماوەرە گومڕا و سـەرگەردانەکەن، ئەوانە شـوێنکەوتووی پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نەماون، شـوێنکەوتووی حەز و ئارەزوو و هەوا و هەوەسـی مونحەریفیـانن، ئەوانە لە دینەکە دەرچوون و وەکو نەوەکانی پێشـوویان دیندار نەماون، هەر

---

(١) کتێبی دووەمی زنجیرەی (الله، الرسول، الإسلام)ـە کە ئەمەی بەردەستمان بەشێکە لە کتێبی (الإسلام)ـەکە.

وەکو کە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَخَلَفَ مِنۢ بَعۡدِهِمۡ خَلۡفٌ أَضَاعُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَٱتَّبَعُواْ ٱلشَّهَوَٰتِۖ فَسَوۡفَ يَلۡقَوۡنَ غَيًّا ٥٩ إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا فَأُوْلَٰٓئِكَ يَدۡخُلُونَ ٱلۡجَنَّةَ وَلَا يُظۡلَمُونَ شَيۡـٔٗا ٦٠﴾ مريم: ٥٩ - ٦٠، واتە: نەوەیەك بەدوایاندا هات کە نوێژیان فەوتاند و شوێن هەوا و هەوەس کەوتن.. چارەنوسی ئەوانە ئەوەیە کە لە دونیادا گومڕا دەبن و لە قیامەتیشدا چاوشۆڕ و نیشتەجێی دۆزەخن، مەگەر کەسێك کە تۆبە بکات و باوەڕ بهێنێت و کردەوە چاکەکان ئەنجامبدات، ئەمانەیان دەچنە بەهەشتەوە و هیچ ستەمێکی لێناکرێت و هیچ مافێکیان نافەوتێت.

موسوڵمانی پاك و چاك لەو دینداریتی و دڵنیاییەدایە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) بە نموونە دەیهێنێتەوە: (عَجِبَ رَبُّنَا -عز وجل- مِنْ رَجُلٍ غَزَا فِي سَبِيلِ الله فَانْهَزَمَ أَصْحَابُهُ فَعَلِمَ مَا عَلَيْهِ فَرَجَعَ حَتَّى أُرِيقَ دَمُهُ، فَيَقُولُ الله -عز وجل- لِمَلاَئِكَتِهِ: انْظُرُوا إِلَى عَبْدِي، رَجَعَ رَغْبَةً فِيمَا عِنْدِي وَشَفَقاً مِمَّا عِنْدِي حَتَّى أُرِيقَ دَمُهُ، أُشْهِدُكُمْ أَنِّي قَدْ غَفَرْتُ لَهُ)[1]، واتە: خوای گەورە لەو کابرایە سەری سوڕما کە لە پێناوی خوای گەورەدا چووبووە غەزا، لەکاتی غەزاکەدا هاوڕێکانی هەڵاتن، بەڵام ئەو دەیزانی چ ئەرکێکی لەسەرە، بۆیە گەڕایەوە و جەنگا تا خوێنی ڕژا (شەهید بوو)، خوای گەورە بە فریشتەکانی فەرموو: بڕواننە ئەو عەبدەی من، لەبەر ڕەزامەندی من و بۆ وەدەستهێنانی پاداشتی لای من مایەوە تا خوێنی ڕژا.. دەی سا بەشاهێدبن وا من لێی خۆش بووم.

(١) ئەبو داود (٢٥٣٦)، ئەلبانی لە (صحيح أبي داود)دا بە حەسەنی داناوە.

## بڕگەی پێنجەم:

## ئیسلام پارسەنگی کەسایەتییە موسوڵمانەکە ڕادەگرێت:

کەسایەتیی مرۆڤ کامڵ نابێت[1] هەتا هەموو توانا و وزەکانی هزر و هۆشی نەخرێتە گەڕ، کـامـڵ نابێت هەتا هەموو توانا و هەموو توانا و وزەکانی دەروونی نەخرێنە کار، کامڵ نابێت هەتـا هەموو تونـا و وزەی جەســـتەی نەخرێنە کـار، مرۆڤ ئەوکـاتە کامڵ دەبێت کە هەموو (کیانـ)ـی خراوەتە کار، بەڵام بەو دیدوڕێ و بەرنامە و بزاوتەی کە خوای کردگاری مرۆڤ بۆی دیاری کردووە، چونکە تەنها لەو (مەنهەجـــــ)ـــە خواییەدا وزەکانی (کیانــــ)ـــی مرۆڤ (مەرکەزییانە) بەگەڕ دەخرێن کە بەرەو لوتکەی (ڕاقیبوونـ)ـی بەرز دەکەنەوە، چونکە ئیسلام هەموو سـیما و سـیفاتە چاکەکان لە کەسایەتییە خواناسەکەدا (زەرع) دەکات و بەئاڕاستەکانی قورئان و سـوننەت گەشە و نەشونمایان پێدەکات و ناهێڵێت سیفەتێکیان بپووکێتەوە. بۆ نموونە ئیســـلام ناهێڵێت ئەم مرۆڤە خواناســـە پارســـەنگە ســـیفەتی (بەزەیی) تێدا بپووکێتەوە، چونکە نوقسـانییەکی گەورە لە کەسایەتییەکەدا درووست دەکات. هەروەها سیفەتەکانی سینەفراوانی، یان ســەخاوەت و بەخشــندەیی.. یان هەر ســیفەتێکی تر. بۆیە بەڕاستی تەنها ئیسلامە کە دید و ڕێباز و بەرنامە و بزاوت و ئاڕاستەی پەروەردەکاری پارسەنگی کەسایەتی مرۆڤە. تەنها ئیسلام دەتوانێت مرۆڤی (ســاڵح) پەروەردە بکات، چونکە ئیســلام ڕەفتار و ڕەوشــت لە بازنەی ئیماندا دادەنێت نەك لە دەرەوەی.. ئیســلام (عەقیدە) و (عیبادەت) و (شەریعەتــــ)ـــەکەی بۆ مرۆڤ دانــاوە و داوای لێدەکات پێیان پەروەردە ببێت، کە بریتین لە تەزکیەبوون.. ئەم کەســـایەتییەی (عەقیدە و عیبادەت و شەریعەتـ)ـەکە وەردەگرێت و بەئاڕاستەکانی قورئان و سوننەت (تەزکیە) دەبێت، ئەوەندە پارسەنگ و پیاوچاك پەروەردە دەبێت کە شایانی ئەرکەکانی خواویستی دەبێت لە (کۆمەڵکاری) و (بانگەواز) و (بزاڤـ)ـی گۆڕانکاری..

---

(١) کامڵبوون ســیفەتێکی ڕێژەیی وجودە، غەیری خوای گەورە هیچ شــتێك کامڵ نییە.. بەڵام کە دەوترێ کامڵ مەبەست لە تەواوێتی کەسایەتییە بە بەراورد لەگەڵ کەسانی تردا نەك تەواوێتی تەواو.

ئایا کەسێك لایەنی ڕەوشتیانەی داڕمابێت دەشێت کامڵبێت[1]..

کێبڕکێی شـــیاو (شـــەریفانە) لە کاری خێردا ڕەفتارێکی پەســـەندە، بەڵام بەغیلی پێبردن و حەسـوودیی دەکەوێتە ناوەوە، کەسێك بە خواناسی پارسەنگ نەبووبێت حەسادەت لاسەنگی دەکات. خوای گەورە سـروشـتی مرۆڤەکانی وا دروست کردووە کە کێبڕکێی یەکتری دەکەن و هەر یەکەیان حەزدەکات خۆی یەکەمین بێت، بەڵام لەسـەر خێر و لە چوارچێوەی خواناسـیدا لەهەمووان هەلی ڕەخسـاویان بۆ دەسـتەبەر بکرێت و شـەرع ڕەنجەکانیان هەڵبسـەنگێنێت، ئەگەرنا دەکەونە کێبڕکێی نەشـیاوی (نا شـەریفانە)وە و دەکەونە حەسـوودیبردن بەیەکتری (حەسـوودیش ئەوەیە خۆزگە بخوازیـت خـاوەن نیعمەتەکە نابووت ببێت و ئەو نیعمەتەی تۆ حەسوودیت پێ بردووە لەسەری نەمێنێت).

کە حەسـادەتیش لە دڵ و دەروونی خەڵکیدا بڵاوبۆوە ڕەفتاریان لاسـەنگانە دەبێت، چونکە دژایەتیی یەکتیری دەکەن، هەر یەکەیـان حەزدەکـات بەرامبەرەکـانی نـابووت بکەون، ئەمەش نەخۆشـییەکی دژوارە کە لە دڵی تاکدا بڵاوبۆوە لە ڕەفتارو ڕەوشـتیاندا دەردەکەوێت، تا لێیان دەبێتە دابونەریتێکی سلبیی یەکتر خۆری..

هەموو نەخۆشـییە دەروونییەکانی تریش هەر وەکو حەسـادەتبردنەکەن..بڕوانە ئاسـەواری دووزمانی و خۆپەسـەندی و پیسـکەیی و... هیتر. لەبەر ئەم ئاسـەوارە ڕمێنەرانەیە کە ئیسـلام بـایەخـێکی ئێگجـار زۆر و گرنگی بە پەروەردەی تـاك و دابونەریتی کۆمەڵایەتی داوە و داوایکردووە خواناسی و پیاوچاکی ببێتە سیما و سیفاتی هەمووان.

مرۆڤ جەسـتەیە، ئەم جەسـتەیە گەشـە و نەشـونمای دەوێت، هەموو ئەندامێکی بەدەن بۆ کۆمەڵێك کار و ڕەفتار خەڵقکراوە. جەستەی ساغ دەتوانێت ڕۆڵی تەواو ببینێت، موسوڵمان هەر لەو ڕوانگەوە -وەکو خەڵکی تر- نابینێت کە دەبێ ئەندامانی لەشی ساغ و تەندروست ڕاگرێت تا خزمەتی زیاتری بکەن، موسوڵمان جگە لەم هەستە گشتیە ئەوەش بە ئەرکی خوایی دەزانێت کە دەبێ ساغ و تەندروست ڕایانگرێت و هەر یەکەشیان بەشێوەی ڕاست و دروستی شەرعیانە

(١) لە ڕۆژئاوا دەڵێن بەڵێ.. حیزە و وەزیرە! حیزە و ئەندام پەڕلەمانە، تێربازە و شایانی خەڵاتی نۆبڵە!

بەکاربهێنێت، ئاوا دەبینیت موسولْمان تاکە مرۆڤێکە کە بەدەنی پارسەنگانە دەپارێزێت و پارسەنگانەش دەیخاتە کار، موسولْمان هەموو ئەندامانی لەشی لە کەشی زیانبەخش بەدوور دەگرێت و ڕەفتاری ناڕەوایان پێ ناکات چونکە بەرپرسە لە هەموو ڕەفتارێکی بەهەر ئەندامێکی لەشی بیکات..

بەهەمان شێوەی دەروون و جەستە ئیسلام بایەخێکی تەواوی بە پاراستنی هزر و ژیری داوە و داوای لە موسولْمان کردووە پارسەنگانە بیپارێزێت و لە خێرخوازیدا گەشە و نەشونمایان پێبکات و لە چاکسازیدا بیخاتە گەڕ.. خوای گەورە تێفکرین و سەرنجدان و بیرکردنەوەی فەرزکردووە، ڕێی نیشانداوە و باسی (آیات) و (بینات)ی گەردوون و قورئانی بۆ کردووە، تا لەسەر لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون هانی بدات و بیخاتە سەر ئەزموون.. ئیسلام ڕێی لە موسولْمان گرتووە ژیری پەکخات و هزری سەرخۆشکات.. هەر وەکو کە داوای لێکردووە بە (ئیمان) و داواکارییەکانییەوە پابەند بێت تا نەکەوێتە گێژاوی بێ ئامانی (ئیلحاد) و (کوفر) و گوناحکارییەوە کە بەڵگەیان لەسەر نییە کە ڕاستبن.. ئیسلام فێرخوازی و زانینی لەسەر هەموو موسولْمانێك فەرز کردووە، تا لەڕێگای زانست و بیرکردنەوە و ئەزموونەوە هەموو حەقیقەتەکانی ئیسلامی لا ببێتە بەڵگەنەویست..

دیسان و هەر هەمان ڕادە و بڕی بایەخدان بە دەروون و جەستە و هزر و ژیری؛ ئیسلام بایەخی بەلایەنی (تەزکیە) و ڕۆحپاکی مرۆڤداوە، مرۆڤی خستۆتە سەر گەشەی ڕۆح و لە دید و بزاوتێکی ڕەسەن و پارسەنگ ئاڕاستەی وزەکانی ڕۆحی کردووە، تا ڕاست و ڕەوان بەرەو لوتکەی (نەمری و مانەوە) هەڵکشێن..

هەموو ئەمانە بە دینداری دێنەدی.. بە خواناسی و خواپەرستی و پابەندبوونی سەرڕاستانە بەشەریعەتی خوای گەورەوە، بە داب و ئادابی پێغەمبەری خوا (صَلَّىٰاللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ).. تەنها بەم دید و ڕێباز و بەرنامە و بزاوت و هەڵوێستە ئیسلامییە ڕەسەنانە کەسایەتی پارسەنگی موسولْمان دێتە دی و تەنها لەم ڕێگایەوە بەرەو ئاسۆی (ڕاقیبوون)ی مرۆڤایەتی و (کامڵ بوون)ی بەشەری بەرز دەبێتەوە.. چونکە لە ئیسلامدا و بە ئیسلام هەموو پێداویستیەکانی ڕۆح و هزر و دەروون و جەستە دەبڕ دەبن..

له ئیسلامدا هیچ وزەیەك نییە لە (کیانــ)ـی مرۆڤدا ڕاست و پارسەنگ ئاڕاستە نەکرابێت تا لە (خزمەت)دا بکەوێتە گەڕ. هەر هەموو وزەکـانیش وا ئاڕاســـتەکراون کە بۆیان خەڵقکراون، چونکە ئەمانیش وەکو هەر (موفرەداتـ)ـێکی گەردوون بێ هوودە خەڵق نەبوون.. ﴿رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَٰذَا بَاطِلًا﴾ آل عمران: ١٩١..

ئاوا دەسەلمێت کە موسوڵمان مرۆڤێکی کامڵە، لە دڵ و دەروونییەوە تا هەست و هۆش و تا بزاوت و ســـرەوتی پارســـەنگانەی جەســـتەی.. چونکە بە ئیســـلام گۆش دەبێت و لە ڕوانگەی ئیسلامیشەوە دەڕوانێت..

بەڕاستی مرۆڤ بە ئیسلام نەبێت کامڵبوونی ئەستەمە..

## بڕگەی شەشەم:

## ڕەوشتی ئیسلامی لوتکەی کامڵبوونێکی واقیعییە:

ڕەوشتی ئیسلامی شاڕێی کامڵبوونی مرۆڤە، هەر وەکو کە کامڵبوونەکەش لوتکەی ڕاقیبوونی مرۆڤە، ئەمە وەسفێکی خەیاڵی نییە، ئەمە لە واقیعی کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتیدا هاتۆتەدی و قابیلی دووپاتبوونەوەیە.. ڕاستە بەو چەندێتی و چۆنییەتیەی یاوەران جارێکی تر لە کات و شوێنێکدا دروست نابێتەوە، بەڵام دەشێت و شیاویش بوو کە لە نەوەکانی دوای یاوەران بە ئاستێکی کەمتر بەڵام هەر نموونەیی دروست بۆوە (وەکو سەردەمانی تابعین و تابعی تابعین کە یاوەرانیش نەبوون!)، چونکە لە ئیسلامدا:

١- دەبێت هەموو وزەکانی مرۆڤ بەگەڕ بخرێن: هەموو وزە و توانا زانستی و هزری و ڕۆحی و دەروونی و جەستەیی.. بەشێوەیەك کە هیچ گۆشە و ڕادە و بڕێك لە هیچ بوارێکدا نەمابێت نەخرابێتە کار.. چونکە لە ئیسلامدا فێربوون و زانین و وەرگرتنی زانست فەرزە، بیرکردنەوە و تێفکرین و سەرنجدان فەرزە، (تەزکیەی نەفس) کە پاڵفتەی دەروون و گەشەی ڕۆحە فەرزە، وەرگرتن و پابەندبوون بە ڕەوشتە سروشتیەکانەوە فەرزە، پاراستن و ڕاهێنانی جەستە و گەشەپێدانی فەرزە، هاوسەرگیری لای حەنەفیەکان لەپێشترە وەك لە لێبڕان بۆ خواپەرستی.. ئەمە بایەخدانی ئیسلام ڕوون دەکاتەوە بەژیان، چونکە ئیسلام ژیانی دونیا و سەرفرازی ڕۆژیی دواییە.

٢- زۆر لە سیفەتە جوانەکانی ڕەفتار و ڕەوشت ئەگەر ڕاست و ڕەوا و پارسەنگ مومارەسە نەکرێت دەپوکێتەوە و کاریگەرییەکی تێدا نامێنێت، بەڵام لە ئیسلامدا هیچ سیفەتێکی ئەخلاقی نییە کە ئیهمالکرابێت یان موسوڵمانی بۆ هان نەدرابێت، ئیسلام داوای گەشەکاری سۆز و بەزەیی و سەخاوەتی کردووە کە لەلای دونیاویستان ئەم سیفەتانە پەژمووردە دەبن و ئیهمال دەکرێن تا دەپووکێنەوە.. هەروەها سینەفراوانی و حەزی یارمەتیدان و نەرمونیانیی ڕەفتار و هاوشێوەیان (کە لەم سەردەمە ماددیەدا ڕۆشنتر دەیبینین کە کەسانێکی دونیایی ماددی وایان لێهاتووە بەزەییان بە دایك و باوکیشیاندا نایەتەوە!).

٣- زۆرینەی ئەو سیفەتە بەدانەی ئیسلام لە ناخی موسوڵماندا هەڵیاندەکێشێت یان ناهێڵێت ئاڕاستەی ڕەفتار بکەن لای کافران سیمای نەگۆڕی کەسایەتیانە! دەبینیت کافر ڕقنترە، حەسوودترە، لووتبەرزترە، هەڕاڵترە، ئەنانیترە، چاوچنۆك و پیسکەترە، بەغیل و بەخیلترە، .. ئەمانە هەموویان لە موسوڵمانی دیندار دوورن، چونکە ئیسلام بە نەخۆشی و سیفەتی شەیتانی و فیرعەونیان دەزانێت و زۆر بەتوندی دژیان وەستاوەتەوە.

٤- بە ڕەوشتبەرزی و پیاوچاکی مرۆڤ دەتوانێت حیکمەتی پەیدابوونی بسەلمێنێت و بچەسپێنێت و بچێتە ئەو پلە و ئاستەوە کە شیاوێتی، بەو تەقواکاری و ڕاقیبوونەیەتی کە دەبێتە بریکاری خوای گەورە لەسەر زەمین و عەبدی خوای گەورە، بەڵام سەروەری گەردوون و ژیان.

٥- تەنها ڕەوشتبەرزیی ئیسلامییە کە وا لە مرۆڤ دەکات مافی هەموو خاوەن مافێك ڕەچاو بکات و هەوڵبدات بۆ دابینکردنیان، جا مافی مرۆڤی تر بێت یان مافی ئاژەڵ و ڕووەك و بێگیان.. جگە لە مافی خوای پەروەردگار لە عەبدایەتی بۆکردنیدا.

ئاوا دەردەکەوێت کە نموونەی مرۆڤی پارسەنگ و ڕاست و ڕەوا هەر موسوڵمانی سەرڕاست و دیندارە، ئەمما غەیری موسوڵمانی سەرڕاست و دیندار هەرچەندە هەوڵی لەگەڵدا بدرێت کامڵ بێت هەر نوقسانە، چونکە لە خەمی موحاسەبەکردنیدا نییە ئەگەر سیفەتێك و دوو سیفتی نوقسان بێت یان هەر تێیدا نەبێت.

خوای پەروەردگار پێغەمبەرە پێشەواکەی خۆیی بە سیما و سیفەتێك پەروەردە کردووە لە لوتکەی هەرە بەرزی ڕاقیبوون و کامڵبوونی بەشەرییە، کە لە دوای جەنابیەوە (علیه الصلاة والسلام) هیچ بڕ و ڕادە و چۆنییەتییەکی تری چاکی ڕەفتار و ڕەوشتی بەشەری نییە.. لەولا جەنابیەوە ئیتر سنووری فریشتەیە.. هەموو ئەمانەمان بە تەفسیل لەو کتێبی (الرسول (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ))ـەکە دا باس کردووە.

کە خوای پەروەردگاریش ئیقتیداکردنی بە پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) لەسەر هەموو موسوڵمانێك فەرز کردووە، شتێکی ئاسایی و سروشتییە کە موسوڵمانی پاك و چاك زۆرترین سیفەتی ڕاقیبوونەکەی بە زۆرترین بڕ و ڕادە و چۆنییەتیی پەسەند تێدا کۆببێتەوە، ئەمە لە هیچ

کەسێکی تری غەیرە موسولٌماندا بەدی ناکرێت.. هەر کەسێك سیرە و سیما و سیفاتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دیراسە بکات و ئەو ڕادە و ئاستە گرنگ و کاریگەرەی جەنابی (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە موسولٌمان شارەزا ببێت، بۆی ڕوون دەبێتەوە کە ئەو لوتکە باڵایەی ڕاقیبوون کە ئیسلام موسولٌمانانی بە پەروەردەبوونی ئەخلاقی دەگەیێنێتێ، ئاستێکە هیچ مرۆڤێك لە هیچ سەردەمێکدا نەیگەیشتۆتێ و لەم سەردەمەشدا هەروایە..

# باسی چوارەم

## ڕەوشتی سەرەکی و ڕەوشتی غەیرە سەرەکی

دوای ڕوونکردنەوەی ئەو خاڵ و بڕگانەی پێشوومان، دوو کێشەی ترمان دێنە ڕێ:

١- کێشەی حوکمدانی ڕەفتارێك یان ڕەوشتێك کە پەسەندە یان ناپەسەندە؟

٢- کێشەی سەرەکی بوونی ڕەوشتانێك و سەرەکی نەبوونی جۆری ڕەوشتی تر.

### بڕگەی یەکەم:

### کێ حوکم لەسەر ڕەفتار و ڕەوشت دەدات کە پەسەندە یان ناپەسەندە؟

هەموو مەخلوقێك سروشتی خۆی هەیە، هەموو گیانلەبەرێك سروشت و تەبیعەت و داب و ڕەفتاری خۆی هەیە کە لەسەری پەروەردە بووە و بوو بە بەشتێك لە (وجود)ی. ئاژەڵ داب و ڕەفتاری خۆیی خۆی هەیە، هەر وەکو کە مرۆڤ دابونەریتی خۆی هەیە، بەڵام داب و ڕەفتاری ئاژەڵ ڕەوڕەوەیەکی بچووکە کە لە سەری دەڕوات و ڕۆژانە دووبارە دەبێتەوە، چونکە بازنەی زانینی گچکەیە، مەودای فێربوون و تێگەیشتن و بیرکەوتنەوە و ویست و تواناکانی کەمترن لە مەودای ئەمانە لە مرۆڤدا.. مرۆڤ هزر و ژیری و غەریزەشی هەیە و توانای فێربوون و زانین و بیرکەوتنەوەشی هەیە، جگە لەو مەودا بەرفراوانەی زانست و ویست و توانا و دەربڕین و کامڵبوونی ژیری و جەستەیی و دەروونی و گەشەی ڕۆحی و...هیتر کە مەخلوقاتی تر نیانە. هەروەها چوارچێوەی تەبیعەت و ڕەفتار و دابونەریتی کۆمەڵایەتی و ڕەفتار و ڕەوشتی تاك و کۆمەڵکاری و کار و کارتێکردنی بەرامبەری، لە تاك و تیرە و هۆز و کۆمەڵ و گەل و ئوممەتان، جگە لە (مەورووسات)ی خێزان و خزم و عەشیرەت، هەروەها دابونەریتی گەل و شار و توخم و چین.. کە دەشێت هەموو ئەمانە ببنە هۆی جیاوازی ڕەفتاری کەسایەتیی مرۆڤ.

★★ ★★ ★★

که ئەم سیما و سیفەتانەی مرۆڤەکان دەخوێنیتەوە، هەست دەکەیت زۆر کەس هەن لە زۆر لەم سیفەتانەدا لێکدەچن، چونکە سیما و سیفەتی هاوبەشیانە، چ وەکو تاك تاکی خەڵکی، چ وەکو کۆمەڵ و پێڕ و ئینتیمایان، لەگەڵ هەبوونی سیما و سیفەتی لێکدوور، کە هەندێکیان لە ڕووی ژیرییەوە قبووڵن و هەندێکیشیان مەرفووزن. هەندێك ڕەفتار و ڕەوشت لەگەڵ ڕێساکانی گەردوون و ژیاندا هەماهەنگن، گونجاو و سازاون، هەندێکیتریشیان دژ و پێچەوانەن، هەندێك ڕەفتار و ڕەوشت بەلای زۆرینەی کۆمەڵ و گەلانەوە جوانن و هەندێکی تریان هەر بەلای ئەوانەوە ناشرینن و مایەی وەرگرتن نین.. هەندێك سیفەت هەن خەڵك لەسەری کۆکن و هەندێکی تر هەن کە هەر ئەو خەڵکە لەسەری ناکۆکن، لە بەرامبەریشیاندا خەڵکی تر هەیە کە دید و پێناسەی تری بۆ جوانی و پەسەندی یان ناشرینی و ناپەسەندیی ڕەوشت هەیە..

هەندێ کەس حەز و ئارەزووەکانیان پێکهێنەر و پاڵنەری ڕەفتار و ڕەوشتیانن، هەندێ کەسی تر دابونەریت و عاداتی خێزان، هەندێ کەسی تر دیدی فیکری پێکهێنەر و پاڵنەری ڕەفتار و ڕەوشتیانن، هەندێ کەسی تر پێشەوایانی دین و بیرمەندانی فیکر و سیاسەتمەداران ئاڕاستەوانیانن، ڕەفتار و ڕەوشتی ئەمانە لە تەعلیماتی ئەوانەوە هاتووە..

هەندێ کەس ئامادەیی تێدایە جۆرە ڕەفتار و ڕەوشتێك بگرێتە خۆ و پێوەی پابەندبێت، لەبەرامبەریدا خەڵکانێکی تر ئامادە نین هەمان ڕەفتار و ڕەوشت وەرگرن..

هەندێ کەس لە ئەزموونی ژیانی خۆیەوە گەیشتۆتە ڕازیبوون و پابەندبوونی بە جۆرە ڕەفتار و ڕەوشتێکەوە کە خەڵکانێکی تر بەو ئەزموونانەدا تێنەپەڕیون، بۆیە لایان نابێتە ڕەوشتی نەگۆڕ یان گونجاو یان پەسەند..

هەندێ کەس بارودۆخ و کەش و هەوای وڵاتەکەی کە ساردە کارگەریی لەسەر دروست کردووە، وەکو ئەوەی کەمدوون و هێدی و نزم دەدوێن، لەبەرامبەردا کەسانی تر هەن نزیك تاڤگە و چەمی خوڕ گەورە بوون، بۆیە بە دەنگی بەرز دەدوێن..

هەندێ کەس لە لادێ گەورە بووە، ئەمەش جۆرە ئادابێکی کۆمەڵایەتیی پێ مومارەسە

کردووە کە شارنشین پێوەی پابەند نەبووە.

سەیر ئەوەیە کە ئەو کەسانەی کە خۆراکیان ڕووەکی (نەباتی)یە ڕەفتاریان لەو کەسانە جیاوازە کە گۆشتخۆرن.. وەهەروەها...

★★ ★★ ★★

ئەم ڕەفتار و ڕەوشتە جیاوازانە هەیانە جوانن و پەسەندن، هەشیانە بەد و ناپەسەندن:

- غەش و فێڵکاری ڕەفتارێکی بەد و ناشرینە و ئاسەواری خراپی لێوە دێت، زیانی بۆ بکەرەکە و بۆ خەڵکی تریش دەبێت. زیانی بۆ خاوەنەکەی ئەوەیە کە سەرەنجام دەناسرێت و جێمتمانە نامێنێت و ئەوەی بیناسێت لە هەموو جێیەك فەزحی دەکات! ئەگەر خاوەن سەودا و مامەڵە بێت بازاڕی دەشکێت، ئەگەر پزیشك بێت نەخۆش ناچێتە لای، کرێکارێك بێت کەس بەکرێی ناگرێت، هیچ کارێکی ڕەواج پەیدا ناکات.. بێگومان خەڵکیش زەرەرمەند دەبن لەو ڕەوشتەی، چونکە هەر کەسێك بۆ قازانجێکی خۆی ڕەفتارێکی لەگەڵدا دەکات هیچی لێ دەسناکەوێت و زیانی کات و ماڵ و سومعەشی لێدەکەوێت.

- بەڵێن نەبردنەسەر و پەیمان شکاندنیش هەر وایە، ڕەوشتێکی خراپە و ئاسەواری خراپی لێدەکەوێتەوە، پەیمانشکێن جێمتمانە نامێنێت و خەڵکیش کاتی زۆر و بەرژەوەندی زۆریان لەگەڵیدا دەفەوتێت و دەبێت بۆ ئەنجامدانی کاریان بەدوای یەکێکی تری سەرڕاستدا بگەڕێن.. (لەوانەیە ئەم ڕەفتارە بەدە لەناو پۆلە خەڵکێکدا ببێتە ڕەوشتێکی لاسەنگی نەگۆڕ!! وەکو بەڵێنی بەرگدروو و قومارچی و قەرزاری سەرخوار و سیاسەتمەدارانی سەردەم!).

- درۆکردن ڕەفتارێکی بەد و ناشرینە، زیانی بۆ درۆکارەکەش و بۆ خەڵکیش هەیە.. هەموو کەسێك دەزانێت کە کاریگەری درۆکردن حەتمەن خراپە، چونکە بە درۆ و دەلەسە مافی خەڵکی پێشێل دەکرێت، ماڵ و سامان دەخورێت، ئابڕوو دەتکێت، درۆزن هەستی بەرپرسێتیی نامێنێت، بێ شەرمانە درۆ دەکات تا ئەرکێك جێبەجێ نەکات، خەڵکی نازانن بڕوا بە کام قسەیەی بکەن؟ چونکە زۆرینەی قسەکانی درۆ بوونە، خەڵکی دوای توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و

بەدواداچوون بۆیان دەردەکەوێت کە قسەیەکی ڕاست بووە! خۆ خەڵکیش بۆ ساغکردنەوەی ڕاست و درۆی ئەو لێنابڕێن و ناشتوانن وابکەن..

زۆربوونی درۆزن لە کۆمەڵگەیەکدا درۆکاری دەکاتە دیاردەی ڕەوشتی و بزاوتی کۆمەڵایەتی، خەڵکی جێمتمانە نامێنێت[1].

- بەڵام کێ بۆی هەیە ئەم حوکمانە لەسەر ڕەفتار و ڕەوشتی خەڵکی بدات؟ کێ ئەو ماف و دەسەڵاتەی هەیە بڵێ درۆ خراپەیە و ڕاستگۆیی چاکەیە؟!

- ئایا هزر و ژیری دەکرێتە بڕیاردەر و داوەری یەکلاکەرەوەی پەسەند و ناپەسەند؟

- ئایا ئەزموون پێوەری هەڵاوێردنی چاکە و خراپەیە و دەشتوانێت بڵێ ئەم ڕەفتارە بەسوودە و ئەویان بێسوود؟

گومان لەوەدا نییە هزر و ژیرییەك کە سەربەست و ئازادبێت و نەکەوتبێتە ژێر حوکمێکی پێشینەوە، دەگاتە ئەوەی بڕیار لەسەر زۆر ڕەفتار و ڕەوشت بدات کە کامیان چاکە و کامیان خراپە؟ کامیان سوودمەندە و کامیان زیانبەخشە؟! بۆ نموونە هەر کەسێکی ژیر و پارسەنگ و ناچارنەبوو کە بیر لە (نێربازی) دەکاتەوە، وەکو ڕەفتار و دەرەنجامی، دەگاتە ئەوەی کە ئەمە ڕەفتارێکی پێچەوانەی سروشتی جنسە.. چێژی جنسی وا سازاوە کە لە نێوان نێر و مێیەکدا بێت، تا بگەنە لوتکەی چێژ لە یەکتری و هاوسۆزی و مایەی زیادبوونی وەچەی مرۆڤایەتی، جوتبوونی نێرێك لەگەڵ نێرێکی تردا (ئەگەر چێژێك بە بکەرەکەی بگەیەنێ) نیشانەی لادان لە سروشت و ئینحیرافە لە تەبیعەت و ڕێسای چێژی جنسی، جگە لەوەی کەسانی پاك و پارسەنگ بێزیان لێی دێتەوە، چونکە حەزێکە لە ڕێڕەوی پیسایی! ژیری پارسەنگ دوای بەدواداچوون و سەرنجدان دەگاتە ئەوەی حوکمی ئەم ڕەفتارە بەوە بدات کە ڕەفتارێکی ناپەسەندە.. زۆر بڵاوبوونەوەی نایکات بە ڕەفتارێکی پەسەند، چونکە ئەگەر پیاوانی ناوچەیەك تەنها لە نێربازیدا خۆ تێرکەن و ئافرەتەکانیان لە (سیحاق)دا -واتە ئافرەت خۆ بە ئافرەت

---

(١) درۆزنترین کۆمەڵگە دیتبێتم کۆمەڵگەی شیعەی ئێرانە و بێ بەڵێنترین کۆمەڵگەش پاکستانە، بێ جیاوازی ئینتیماکانیان!!

ڕەحەت بکات-، ژیری دەڵێ ئەمە کارێکی ناپەسەند و خوویەکی بەدە، چونکە سەرەنجامی ئەو ناوچەیە نەمانی تۆوی مرۆڤایەتییە و پەنجا ساڵ نابات کە کەسی تێدا نامێنێت!

- لە ئەزموونیشەوە زۆر کەس بۆیان دەرکەوتووە کە بەڵێن نەبردنەسەر زیانی زۆری لێدەکەوێتەوە و کات و ماڵ و ڕەنجێکی زۆری تێدا بەهەدەر دەڕوات، ئەرکی تێدا ناباتە جێ، شەڕ و ناکۆکی و ئاژاوەی لێوە پەیدا دەبێت، ئەمە جگە لە کەڵەکەبوونی ئەرك لەسەر بەڵێندەرەکە، کە دوایی وای لێدێت کاری زۆر و کات کەم دەبێت، ناتوانێت هەموو کارەکانی تەواوبکات، هەر کارێك کە دەیکات نوقسان و نیوە ناچڵ دەبێت.. سەرەنجامی ئەمەش بەئەنجامنەگەیاندنی کار و نەمانی متمانەیە لەناو خەڵکیدا، **کەوابوو** ئەزموونیش بەقەدەر بڕی خۆی دەیسەلمێنێت کە چی چاکە و چی خراپە..

بەڵام ئایا هزر و ئەزموون دەتوانن حوکمی هەموو ڕەفتار و کردار و بڕیارێك بدەن؟ ئایا حوکمەکەیان هێندە پڕاوپڕی واقیعەکە دەبێت کە ببێتە حوکمی کۆتا و بڕیاری بنبڕ؟..نا.. ناگەنە ئەو ئاستە.. چونک:

١- هزر و ژیریی پەی بە ماهیەت و سیفەت و بزاوت و سرەوتی هەموو شتێك نابات، ناتوانێت ئەم سیما و مۆرکانەی شتێك لەکاتی جیاواز و شوێنی جیاواز و حاڵەتی جیاوازدا درك پێ بکات و بەتەواوی پێناسەیان بکات، یان چاوی لە ئەنجامە جیاوازەکانی داهاتووبێت تا بتوانێت حوکمێکی نەگۆڕی بنبڕیان لەسەر بدات.

٢- هەندێك ڕەفتار هزر و ژیریی مرۆڤ -هەرچەند زیرەك و پارسەنگیش بێت- دەخەنە دوودڵی و ڕاڕاییەوە، چونکە هەردوو دیوی چاکە و خراپەیان پێوە دیارە و ئەگەری پەسەندبوون و پەسەند نەبوون لەخۆ دەگرن، کە زۆر ئاڵۆز و پشێوبوون ژیریش سەری لێدەشێوێت و ناتوانێت حوکمێکی بنبڕ بدات چ جای نەگۆڕ.

٣- هزر و ژیریی خەڵکی زۆر جیاوازن، ئاستیان لێك دوورە، زۆر ئەستەمە ژیریی دەستەجەمعی حوکمێکی بنبڕ و نەگۆڕی پێ بدرێت.

٤- ئەزموونی خەڵکیش زۆر لێك جیاوازن، ئەزموونی دەستەجەمعی دروست نابێت (بۆ

نموونە ئەزموونگەلی ملیۆنیـك كەس) تـا ئەوەندە شـــیاوبن حوكمی نەگۆڕ و بنبڕی ڕەفتار و ڕەوشتێك بدەن كە ئەمیش لەگۆڕاندا دەبێت..

٥- ئەنجامی ئەزموون دەسـبەجێ نییە، ئەزموونی وا هەیە چەندەها سـاڵ لە چەندەها كەس دەخوازێت تا ئەنجامێك بدات بە دەسـتەوە، چونكە ئەزموونی ڕەوشتی وەكو ئەزموونی زانستی نییە لە تاقیگەیەكدا دوای ڕەنج و دووپاتبوونەوە ئەنجامی ببێت، ئەزموونی ڕەوشـــتی جاری وا هەیە نیو تەمەنی كەسێك دەخوازێت.

٦- زۆر ئەنجامی ئەزموونی ڕەوشت بەرژەوەندیی كۆمەڵ، چین، حزب، دەسەڵاتدار، نەوەیەك دەهێنێتەدی، لە هەمان كات و شـوێندا زیانی بۆ كۆمەڵ و چین و حزب و دەسەڵاتدارانێكی تر دەبێت..

٧- خۆپەسـەندی و بە خۆسەرسامبوونی مرۆڤ وادەكات زۆر كەس سووربن لەسەر ئەوەی كە حوكمی هزری خۆیـان یـان ئەنجـامەكـانی ئەزموونی خۆیـان لە هزر و ئەزموونی هەموو كەسانێكی تر چاكترە، ئەمە خۆی جۆرێكە لە (دیكتاتۆری) یان ڕێڕەوی فیرعەونێتییە كە زۆرجار هزر و ئەزموونی هەزاران كەسـی تر ئیلغادەكاتەوە!! هەر لەبەر ئەوەی لەپێناسـە و حوكمیاندا لەگەڵ هزر و ئەزموونی ئەودا یەكیان نەگرتۆتەوە..

خوای گەورە كە ئەم مرۆڤ و ژیان و گەردوونەی دروسـت كردووە شـارەزای ماهییەت و حـاڵەت و بـارودۆخ و كـات و شــوێنیـانە، دەزانێـت كە حوكمی بەچـاكدانان و بەخراپدانان لەتوانای مرۆڤدا نییە، بۆیە ئەو مافی لە دەسـتـخۆیدا هێشــتۆتەوە، خۆی پێناسـە و حوكمی چاكی و خراپیی هەموو شـتێكی داوە، لەوانە دڕەفتار و ڕەوشـت و بزاوت و هەڵوێسـت، بۆیە دەفەرموێـت: ﴿أَلَا لَهُ الْخَلْقُ وَالْأَمْرُ﴾ الأعراف: ٥٤، ئەرێ ئەوەتـان لایەقین بێـت كە خەلق كردن لە نەبووەوە مـاف و دەسـەڵاتی خوای گەورەیە، هەروەهـا فەرمـاندانیش، چونكە ئەوی خەلقی نەكردووە ناشزانێت چ حوكمێك شیاوە تا بڕیاری لەسەربدات.

- ﴿إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ﴾ الأنعام: ٥٧، واتە: حوكمـدەركردن بۆ خوای گەورەیە و بەس، بۆ هیچ خـاوەن ویسـتێكی تر ناشـێت، چونكە تەنها خوای كردگارە كە خاوەنی (وجوود)ەو پەی بە

هەموو شتێکی ئەم (وجوود)ە دەبات و زانا و دانایە و دوورە لە هەڵە و هەڵەشەیی، بەرژەوەندیی لەمدا نییە و لەودا هەیبێت، پێویستی بە (مەخلوقاتـ)ـەکانی نییە و لە مرۆڤ و خواپەرستییەکەی بێ نیازە.. خوای گەورە خۆی ئەم مرۆڤەی خەلق کردووە خۆشی دەزانێت چ بڕیار و بەرنامەیەك شیاوی ژیانێتیێ..

خوای پەروەردگار ئەم بەرنامەی بۆ دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی تاك و کۆی کۆمەڵگە و دەوڵەتی مرۆڤایەتی داڕشتووە و بە نوخبەیەك مرۆڤی پارسەنگ و نموونەی پێشەوایەتیدا کە پێغەمبەرانن (علیهم السلام) ناردویێتی، ئەو بەڕێزانەش لەناو کۆمەڵگەکانی خۆیاندا هەڵکەوتوون و دەرکەوتوون لە پەیامگەیاندنیاندا سەرکەوتوون. خوای گەورە بە هێزی بەڵگە و موعجیزەی دەستیان پشتی گرتوون و کۆمەڵگەی هەر یەکێکیان بوونەتە دوو بەرە: بەرەی ئیمانداران و خواناسان و بەرەی طاغووتان و ملهوڕان و دونیاویستان..

بە هاتنی کۆتا پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پەیامی خوایی کۆتاییش هات تا بۆ مرۆڤایەتی ببێتە بەرنامەی ژیان و ڕێبازی بزاوت و ئەحکامی حوکمڕانی، بۆ هەموو مرۆڤایەتی و بۆ هەموو نەوەکانی لە هەموو کات و شوێنێکدا، (مەنهەجـ)ـێکی گشتگیر و تەواوی ژیانی تاك و کۆی کۆمەڵگە و دەوڵەتە.. ئەوەی لە ڕوکنەکان و لقەکانی باوەڕە هەتا هەتایە هەر (عەقیدە)یەکی نەگۆڕە و وا لەبەرچاوی مرۆڤایەتیدا. ئەوەی لە ڕوکنەکان و لقەکانی خواپەرستییە هەتا هەتایە هەر (عیبادەتـ)ـی شەرعیانەیە و نەگۆڕە و وا لەبەردەست مرۆڤایەتیدا. ئەوەی لە ڕوکنەکان و لقەکانی یاسا و ڕێسا و ئەحکامی حوکمە، هەتا هەتایە (شەریعەتـ)ـی خواویستییە و بنەما و ڕێساکانی نەگۆڕن و وا لەبەردەستی مرۆڤایەتیدا.. بەهەمان شێوەی ئەم (عەقیدە و عیبادەت و شەریعەتـ)ـە بنەما و ڕێساکانی ڕەفتار و ڕەوشت هەتا هەتایە هەر (تەزکیە)ی خواناسین و بە نەگۆڕی وان لەبەردەست نەوەکانی مرۆڤایەتیدا.. قورئان و سوننەت هەموو ئەو داب و ئادابانەیان ڕوونکردۆتەوە کە دەبێت خواناسان خۆی لەسەر پەروەردە بکەن و پێیانەوە پابەندبن، بۆیان نییە لایدەن یان بیگۆڕن، چونکە خوای گەورە بڕیاری ئەوەی داوە کە کام ڕەفتار و ڕەوشتە چاکەیە و دەبێت خۆی لەسەر پەروەردە بکەن و کام ڕەفتار و ڕەوشتەش خراپەیە و دەبێت خۆتانی لێ لادەن. پێغەمبەری خواش (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ:

(إِنَّمَا بُعِثْتُ لِأُتَمِّمَ مَكَارِمَ الأَخْلَاقِ)[1]، واته: بۆ ئەوه كراومەتە پێغەمبەری خوا تا ڕەوشتبەرزی كامڵ بكەم.. چونكە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە پەیامەكەی خۆی وەسفی ڕەوشتی چاكی هەموو پێغەمبەرانی كردووە و بە سیره و سوننەتی خۆشی ڕەفتار و ڕەوشتی هەموو ئەوانی نواندۆتەوە و ڕەوشتی بەرزی خۆشیشی خستۆتە سەریان، تەنانەت ئەو ڕەوشتە پەسەندانەشی كەنارنەخستووە كە لەپێش ئیسلامدا لای پیاوماقوڵانی عەرەب پەسەند بووە، بۆیە ئاڕاستە پەروەردەییەكانی قورئان و سوننەت كامڵن.. ئەوەندە گشتگیرن كە هیچ سیفەتێكی چاكە لە گەل و نەتەوەیەكدا نییە كە ژێری دەستەجەمعیی پیاوماقوڵانی سەربەست و ئازاد لایان پەسەندبێت و لەم ئیسلامەدا نەبێت.. خوای گەورە فەرمووی: ﴿وَيَهۡدِيَكُمۡ سُنَنَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ﴾ النساء: ٢٦، واتە: ڕێنمایتان بۆ ئەو ڕێباز و دابونەریتە چاكانەش دەكات كە خەڵكانی پێش ئێوەی لەسەربووە. بۆیە بە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: ﴿فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقۡتَدِهۡۗ﴾ الأنعام: ٩٠، واتە: ئیقتیدا بە پێغەمبەرانی پێش خۆت بكە و ئاڕاستە و ڕێنماییەكانیان وەرگرە..

ئاوا پەیامی پێغەمبەرەكەی خۆیی (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) گەیاندە كۆتا پلەی تەواوێتی و ئینجا ڕازیبوو ببێتە بەرنامەی دین و ژینی مرۆڤایەتی. وەك دەفەرموێ: ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي﴾ المائدة: ٣، واتە:ئەمڕۆ دینەكەم بۆ كامڵكردن و نیعمەتی خۆم بە تەواوی بەسەرتاندا ڕشت و ڕازیم كە ئیسلام دینتان بێت، دید و ڕێباز و بەرنامەتان بێت.

★★ ★★ ★★

ئەو (مەنهەج)ـەی كە هەموو ڕێسا و بنەماكانی ڕەوشتبەرزی و ڕاقیبوونی تێدایە، كە خوای گەورە كردی بە پەیامی نەمری پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)؛ لە قورئان و سوننەتدا دەردەكەوێت كە هیچ شتێكیان لە ئاڕاستەی چاك پەروەردەكردن و پارسەنگ ڕەفتاركردن فەرامۆش نەكردووە، هەرچی ئامۆژگارییەك مرۆڤایەتی پێویستی پەروەردەییانەی پێبێت

---

[1] بەیهەقی (١٠/١٩١، ژمارە ٢٠٥٧١)، ئەلبانیش لە (السلسلة الصحيحة)دا ئەفەرموێت (صحيح)ـە. بە لەفزی جیاوازیش هاتووە، لەوانە: (إِنَّمَا بُعِثْتُ لِأُتَمِّمَ صَالِحَ الأَخْلَاقِ)، ئەحمەد (٢/٣٨١، ژمارە ٨٩٣٩)، ئیبنو سەعد (١/١٩٢)، وە (خرائطي) لە (مكارم الأخلاق)دا هێناویەتییەوە. هەروەها بە لەفزی: (إِنَّمَا بُعِثْتُ لِأُتَمِّمَ حُسْنَ الأَخْلَاقِ)، مالیك (٢/٩٠٤، ژمارە ١٦٠٩).

بەتەفسیل وا لە قورئان و سوننەتدا و بە نموونەی واقیعیشی وا لە سیرە و سوننەتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و یاوەرانی بەڕێزیدا (خوا لێیان ڕازی بێت).. هەر وەکو کە خوای گەورە ئاوا وەسفی کردووە: ﴿وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِّكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَىٰ لِلْمُسْلِمِينَ ﴿٨٩﴾﴾ النحل: ٨٩، واتە: ئێمە ئەم کتێبەمان بۆ ناردیتە خوارەوە تا هەموو شتێك ڕوون بکاتەوە و ببێتە مایەی ڕێنمایی و بەزەیی خوای گەورە و مژدەی خێ رو سەرکەوتن بێت بۆ موسوڵمانان.

- هەروەها دەفەرموێ: ﴿مَا كَانَ حَدِيثًا يُفْتَرَىٰ وَلَٰكِن تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ كُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿١١١﴾﴾ یوسف: ١١١، واتە: ئەم قورئانە قسەیەك نییە هەڵبەسترابێت، ئەوە پەیامی خوای گەورەیە کە شاهێدی لەسەر پەیامەکانی تری پێش خۆی دەدات کە خوای گەورە ناردوونی.. ئەم پەیامە تەفسیلاتی هەموو شتێکی تێدایە لە پێناسە و حوکمی، ئەوە هیدایەت و ڕێنمایی و ڕەحمەت و بەرچاوڕوونییە بۆ ئەو کەسانەی باوەڕی پێدەهێنن و دەیکەنە بەرنامە و ڕێبازی ژیانیان.

- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە وەسفی ئەم پەیامەدا دەفەرموێ: (وَايْمُ اللهِ، لَقَدْ تَرَكْتُكُمْ عَلَى مِثْلِ الْبَيْضَاءِ لَيْلُهَا وَنَهَارُهَا سَوَاءٌ)[1]، واتە:بەخوا قەسەم لەسەر پەیامێکی ڕوون و ئاشکرا جێم هێشتوون کە شەو و ڕۆژی وەکو یەکە.

★★ ★★ ★★

هیچ لایەنێکی ژیانی مرۆڤ نەماوە ئیسلام دابونەریتێکی ڕەفتار و ڕەوشتی پەسەندی بۆ دانەڕشتبێت، چ لە لایەنی تیۆرییەوە (نظري)، چ لە لایەنی کردەوەییەوە (عملي). لە عەقیدە و عیبادەت، لە لایەنەکانی ئابووری، سیاسی، ڕۆشنبیری، سەربازی و کۆمەڵایەتی، ... هیتر، هەر لایەنێکیش تەواو گشتگیرانە ئاڕاستەکراوە، ئاوا دەبینیت کێشەیەك، مەسەلەیەك لە حاڵەت و بارودۆخی مرۆڤ نەماوە ئاڕاستەیەکی شەرعیی بۆدیاری نەکرابێت کە دادپەروەرترین و

---

(١) ئیبنو ماجە (٥)، ئەلبانی لە (صحيح الجامع)دا بە حەسەنی داناوە، هەروەها بەززار (٤١٤١)، مونزیریش ئەفەرموێت: (إسناده حسن).

ڕاست و دروسترینە.

هەموو ئەم کێشــە و مەســەلە و لایەنانە وا داڕێژراون کە مرۆڤ لە بازنەی ڕەوشــتبەرزیدا بهێڵنەوە و نەهێڵن بترازێتە خوارێ بۆ بازنەکانی خراپەکاری، لە ئاڕاستەی هەموو لایەنێکیشدا ســروشــتە بەشەرییەکەی مرۆڤی تێدا ڕەچاوکراوە، جا ئەو کەسەی خۆی هۆگری چاکەخوازی دەبێت و دادپەروەرانە ڕەفتاردەکات، ئیســلام بە ئاڕاســتە پارســەنگەکانی زیاتری هان دەدات و خوای گەورەش بە ڕازیبوون لێی و پاداشــتدانەوەی زیاتر پابەندی دەکات، ئەو کەســەش کە خۆی هۆگری شــەڕخوازی دەبێت و ئامادەیی ڕەوشتپاکی لەخۆیدا ئیلغا دەکاتەوە، ئیسلام وەلی ناکات، بەڵکو بەردەوام ڕێی تۆبەی نیشان دەدات و هەر چەکەرە خێرخوازییەکی لەناخدا مابێت ئاودێری و چاودێری دەکات و خواناســیی دەخاتەوە پێش تا بە یەکجاری دانەبەزێتە ڕەفتار و ڕەوشتی دڕندەیی و شەیتانی..

لەو کــاتەشــــدا کە ئیســــلام تــاك تــاکی مرۆڤی لەســــەر ڕەوشــــتبەرزی هانداوە، کۆمەڵ و کۆمەڵگەکەی دەوریشــــی بەکۆمەڵێك دابونەریتی کۆمەڵکــاری هــانــداوە. تــا هەموو تاکەکان شــەیتانیانە ڕەفتار نەکەن، تا بەردەوام کۆمەڵێك پیاوچاك لە کۆمەڵگەکەدا بمێنن و ببنە باوەشــی ســۆز بۆ لەخۆگرتنەوەی مونحەریفەکان.. ئەمەش لەو هەموو ئاڕاستە دەستەجەمعی و نموونەی قەومانەدا دەردەکەوێت کە خوای گەورە باسیان دەکات و لە هەســتی گشتی خەڵکیدا دەیکاتە گیانی بەرپرســــیارێتی و ئەو ئومێدەی کە هەمیشــــە دەبێت لەبەرچاوی چاکســــازان بێت، کە خراپەکاری هەرچەندە زۆربێت هەر وای لێنایەت حەق نابوت بکات وخێرخوازی بفەوتێنێت، چونکە سەرڕاستیی دینداریێتی ئەمان کە ڕێسایەکی ڕەسەنە حەتمەن بەسەر خراپەکاریەکەدا زاڵ دەبێت کە دەشێت بارودۆخ دروستی کردبێت.

## بڕگەی دووەم:

## ڕەوشتی سەرەکی و ڕەوشتی لاوەکی [سانەوی]

بەرنامەی ڕەوشـتـسـازی لە ئیسـلامدا بەرنامەیەکی تەواو تەواوە، چونکە هەر هەموو ئەو ڕەفتار و ڕەوشتە جوانانەی لەخۆ گرتووە کە مێژووی مرۆڤایەتی -لە کۆمەڵگە جیاوازەکانیدا- بە پەسـەندیان زانیوە و خۆیان لەسـەر گۆش کردووە، بەرنامەی ڕەوشـتسازیی ئیسلامی ئاڕاستەی مرۆڤایەتی لە هەموو کات و شوێنێکدا بەرە و لوتکەی ڕاقیبوون دەکات، ئەو نموونە و ئاستەیان دەخاتە پێش چاو کە تاکە نموونەی کامڵێتی و شـایان و شـایسـتەی چاولێکردنە.. بەرنامەکە جۆرەها ئاستی ڕەوشتبەرزیی تێدایە، کە بە قەدەر هەوڵ و ڕەنجی مۆڤ و پابەندبوونی بە ڕادە و بڕی داواکراوەوە دەتوانێـت بگـاتە ئـاسـتە بـاڵاکـانی ئەم ڕەوشـت بەرزییە نموونەییە، بە پێچەوانەشـەوە تا بایەخیان پێنەدات و لێیان دوور بکەوێتەوە بەرەو ڕەوشـت نزمی و دڕندەیی شەیتانیزم دەچێت..

ئەم نموونە باڵایەی بەرنامە و ڕەوشـتـسـازیی ئیسـلامی لە واقیعی مێژووی مرۆڤایەتیدا سـەلمانـدوێتی و چەسـپـانـدووێتی نموونەیەکە هەمیشـە لەبەرچـاوی پەروەردەکـاران و ئاڕاستەوانانداا بەبێ وێنەیی دەمێنێت و دەبێتە پێوەری هەموو ڕادە و بڕێکی پابەندی (ئەخلاقی) مرۆڤایەتی، کە هەر کەسێك وەریبگرێت و خۆی لەسەر پەروەردە بکات و پێوەی پابەند بمێنێت بەدڵنیاییەوە دەبێتە پێشەوای ڕەوشتسازی و پەروەردەکاری و تا زیاتر تێیدا قاڵ و قوڵ ببێتەوە و لەخۆیدا بچەسـپێنێت زیاتر بەرەو کامڵێتی دەڕوات، بێگومان پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، تا لەم بەرنامە ڕەوشـتسـازییە دووركەوێتەوە و خۆی لێ ڕاپسـکێنێت حەتمەن ڕەوشـتی نوقسان و نزم دەبێت..

قاڵوقوڵبوونەوە و شـارەزابوون لە بەرنامەی ڕەوشتسازیی ئیسلامی خوێندنی سەرنجدەرانەی قورئـان و سـوننەت دەخوازێت، بۆ چۆنییەتی چەسـپاندنیشـی دەبێت دیراسـەی کۆمەڵگە نموونەییەکەی یاوەران بکرێت.

- هەندێك ڕەفتار و ڕەوشـت هەن كە بنەمان، ڕێسـان، سەرەكین، هەندێكی تریش هەن وەكو لقی ئەم بنەمایانەن، كە پابەند نەبوون بە لقە ئەخلاقێكەوە وەكو پابەند نەبوون نییە بە بنەمایەكی سەرەكی (ئەخلاقیاتـــ)ـــەكەوە، ئەمەش ئەوە لە موسوڵمان دەخوازێت كە ئەو بنەما و ڕێسا و ڕەوشـــتیانە كە ســـەرەكین شـــارەزا ببێت و قبووڵیان كات و پێیانەوە توند پابەند بێت، چونكە دژوارترین كەلێنی (ئەخلاقی) لە ڕەفتار و ڕەوشـتی موسوڵمانانی سەردەمدا ئەو نوقسانییەیە كە لە پەیكەری ڕەوشتسازیدا هەیانە، كە سەرەنجامی ئیهمالكردنی هەندێك بنەمای ڕەوشتسازی و ڕێسـاكانێتی.. زۆرینەی موسـوڵمانانی سـەردەم لقە ئەخلاقێكیان لێ بۆتە بنەمای سـەرەكی و بایەخێكی زۆریان پێداوە لەسەر حسابی بنەما  و ڕێسا سەرەكیە كاریگەرەكان! ئەمە وایكردووە بەرنامەی ڕەوشـتسازیی ئیسلامی لەم سەردەمەدا كاریگەرێتی خۆی لەدەست دابێت! زۆرینەی موسـوڵمـانـان زۆر لەو ڕێســـایـانەیان بیرچۆتەوە و ئەوەندە لایان غەریب كەوتووە كە بۆیان بـاســـدەكەینەوە یـان نكوولی لێـدەكەن، یـان دەڵێن ئیســـلامی نییە، یـان دەڵێن جـارێكی دی ناچەسپێنرێتەوە! ئەمە دەردی كوشندەیە، ئەمە وایكردووە كە كەسایەتیی (ئیسلامیـ)ـی سەردەم لەق و لاوازبێت و جیاوازییەكی زۆری لەگەڵ كەسایەتیی جاهیلییەتدا نەبێت!

بۆ نموونە: لەو سـورەتە كورتانەی موسـوڵمانان لەبەریانە، سـورەتی (العصـر)ە كە ئەمەیە: ﴿وَٱلۡعَصۡرِ ١ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ ٢ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ ٣﴾ العصـر: ١ - ٣، واتە: سـوێنـد بە كات و زەمەن، هەر هەموو مرۆڤ لە زەرەرمەندیدایە جگە لەوانەی باوەڕیان هێناوە و كردەوە چاكەكانیان كردووە و ئاڕاســتەی حەقخوازییان كردووە و ئامۆژگاریی خۆڕاگری و ئارامگرتنیان كردووە.

دەبینیت ئەم سورەتە چوار ڕەوشتی سەرەكیی لەخۆ گرتووە، كە نەمانی هەر یەكێكیان لە هەر كەسـێكـدا ڕوویـدا دەبێتە مـایەی زەرەرمەندێتی، دەبینیت لەم سـەردەمانەی دواییندا تەركیز كراوەتە سەر دوو بنەمای یەكەمینی چوار بنەماكە (ئیمان و عمل صالح)، كەچی دوو بنەماكەی تر (حەقخوازی و خۆڕاگری) زۆر جێبایەخ نەماوە!!

پـاشـــان موسـوڵمـانـان وایـان لێهـاتووە لە نەمـانی هەردوو سـیفەتی (حەقخوازی و

خۆڕاگرییـ)ـەکەدا هەر خۆیان بە زەرەرمەند نازانن[1]!!

لەمەش سەختتر و قوڕی چڕتر ئەوەیە کە زۆر لەو (ئەخلاقیاتـــ)ـــانەی تەرکیزیان کراوەتە سەر و جێبایەخ بوون و بەردەوام جەختیان لێکراوەتەوە، بەشێوەیەکی ڕاست و دروست نەناسێنراون و هەموو لایەنەکانی نیشان نەدراون، زەقترین نموونەی ئەمەش دیتن و سەرنجدان و پابەندبوونی موسوڵمانانە بەم ئایەتەوە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِيلَةَ وَجَٰهِدُواْ فِي سَبِيلِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ٣٥﴾ المائدة: ٣٥، واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە لە خوا بترسن و دینداریتیی سەرڕاستانە بگرنەبەر و داوای لە خوا نزیکبوونەوە هەر لەخۆی بکەن و لە پێناوی خواشدا جیهاد بەرپا بکەن تا سەرفراز ببن. لێرەدا سەرفرازییەکە بە سێ ڕەفتار و ڕەوشتەوە بەستراوەتەوە کە تەقواکاری و پەنابردنە بەر خوای گەورە و جیهادە، کەچی نابینیت لە ناو موسوڵمانە دیندارەکانیشدا بایەخی سەرەکی بە جیهاد درابێت وەکو کە بایەخیان بە (تەقواکاری) داوە.. لەکاتێکدا کە خودی تەقواکەش گشتگیرانە وەرنەگیراوە (و خەڵکی وادەزانن زۆر نوێژکردن و ڕۆژووی زیادەگرتنی سۆفیانەیە)، بەڵام مانا و واتاکانی (تەقوا) کە قورئان هێناونیەتیەوە زۆر گشتگیر و بەرفراوانن.. جیهادەکە لای زۆرینەی هەرە زۆری موسوڵمانان بووە بە (باسی کۆن)! ئەو کەسانەی کە هۆشیشیان لێیەتی هەروا دەزانن (قتالـ)ـەکەیە و بەس (واشدەزانێت ئەمە تفەنگچێتییە!).

ئەم ڕوانگە جیاوازە، یان ئەم جۆرە داهێنراوەی دین و سەرنجدان لە بەرنامە و بنەما و ڕێساکانی ڕەفتار و ڕەوشت هۆکاری سەرەکیی ئەو جیاوازییە زەقەیە کە لە نێوان کەسایەتیی یاوەران و نەوەکانی دواییدا دەبینرێت. هەر یەکێك لە یاوەران بگرین، هەموو ئەو ڕەفتار و ڕەوشتە باڵایانەیان تێدا دەبینیت کە لە قورئان و سوننەتدا هەن، چونکە ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی بیناسازیی ڕەوشتییان لە پێغەمبەری خواوە (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) وەردەگرت و نەدەکەوتنە لار و وێری و خۆدەربازکردن لە پابەندی و بەرپرسێتییەکەی.. بەڵام لە موسوڵمانی سەردەمدا بۆ نموونە دەبینیت بابای موسوڵمان لقە ڕەوشتێکی لێ بۆتە ڕوکنی دینەکە و ڕوکنی دین و بنەمای

---

(١) ڕەحمەتی خوا لە نوسەر، خۆ لەم زەمانەدا لەناو کوردی (ئیسلامی) دا نەك هەر بنەمای سێیەم و چوارەم، دووەمیش نەماوە!

ڕەوشتسازییەکانیشی خستۆتە کەنارەوە!

موســـوڵمانی یەکەم (یاوەر) زانا و زاهید بوو، موجاهید و عابید بوو، ئازا و جوامێر بوو، بوێر و ڕاشکاو بوو، سیاسی و دانا بوو، ئیداری و خەمخۆر بوو، زرنگ و بەهەستی بەرپرسێتی بوو، ... بەڵام موسوڵمانی نەوەکانی دوایی وا نەمان.. زانا و شەرعناست زۆر دیوە بەڵام نازانێت بچوکترین چەك بەکاربهێنێت، لە بەرمبەریشـــدا جەنگاوەری موســـوڵمان هەیە ئەحکامەکانی جیهادیش نازانێت چ جای شـەرعزانی، سـیاسـەتمەداری موسـوڵمان دەبینیت، هیچ دانایی و بوێرییەکی تێدا نییە و هەر شــوێنکەوتووە! ئاوا دەبینیت کەســایەتیی موســوڵمان کە لەســەر بەرنامە و بنەما ڕەوشتسازییەکەی ئیسلام پەروەردە نەبووە، کەوتۆتە ژێر کاریگەریی واقیعەکەوە کە موسـوڵمانان دروسـتیان نەکردووە، لەو نموونە جوانەی یاوەران لەم ملیۆنەها موسـوڵمانەدا تاکە تاکە دەبینرێت!!

★★ ★★ ★★

ئەمەی بەکورتی بـاســـمان کرد وامان لێدەکات پێداچونەوەیەکی بەرنامە پەروەردەییەکانمان بکەینەوە تا جارێکی تر بێینەوە سـەر بەرنامە ڕەوشـتسـازییە گشـتگیرە ئیسـلامیەکەی قورئان و سـوننەت، کە ئەوەی تێدا ڕوونە کە ئەگەر موسـوڵمانێك یەکێك لە بنەما و ڕێسـا سەرەکیەکانی ڕەفتـار و ڕەوشـــتی تێـدا نەمـا هەرچەنـد خۆی بە موســـوڵمـانی چـاك بزانێـت فەوتاوە و لە هەلاکەتدایە، مەگەر خوای گەورە ڕوحمی پێبکات.. لە کتێبێکی تردا هەوڵمانداوە هەر بنەما و هەر ڕێسـایەکی ڕەوشـتسـازی زیاتر پێناسە بکرێت و زۆرتر ڕوونبکرێتەوە تا لە چوارچێوەکانی خۆیاندا ڕاست و دروست دابنرێنەوە.. تا واتە گشتییە بەرفراوانە کاریگەرەکەیان ببەخشنەوە کە قورئان و ســـوننەت لەخۆی گرتوون. لەو کتێبەدا هەوڵمانداوە ئەوە فەرامۆش نەکەین کە چۆن موسـوڵمان دەگاتەوە ئاسـتە باڵاکانی ڕەوشـتبەرزی و بە چ ڕێگا و چۆنییەتی و شـێوازێك؟ کە نابێت و ناشێت و ناکرێت یەك دانە لەو بنەما سەرەکیانە وەلانرێت..

ئەگەر موســـوڵمـان لەگەڵ خوای خۆیدا ڕاســـت بکات و دینەکەی بە جیددی وەربگرێت خوای گەورەش پشـــگیریی دەکـات و پێیدەگەیێنێت، ئومێدیشـــمان بە خوای گەورە زۆرە کە

سەرلەنوێ ڕەفتار و ڕەوشتی موسوڵمانان لەسەر بەرنامە خواییەکە دابمەزرێتەوە و ببنەوە بە نموونەی واقیعیانەی ناو مرۆڤایەتی، تا سەرلەنوێ ئیسلام لە واقیعێکی زیندوودا پایەداربێتەوە و دەرکەوێت..

گومانی تێدا نییە کە بنەماکانی ڕەوشتسازی لە ئیسلامدا زۆرە، بەڵام دوای بەدواداچوونێکی خێرا دەردەکەوێت کە زۆر لەو ڕەفتار و ڕەوشتانەی لە قورئان و سوننەتدا باسکراون، لقن، لە ئەسڵی ترەوە جودابوونەتەوە.. کە دەشێت هەندێکیان وەکو ڕەگ و قەد بنە (ئەسڵی ئوسوڵ).. ئێمەش ئەوەمان لا زەرووریە کە خۆشمان و خوێنەرانیش بگەینە ئەو سەرچاوە ئەسڵییانەی کە ڕەفتار و ڕەوشتەکانی تریان لێ جودابۆتەوە، کە ناشێت بە هیچ شێوەیەك ئەو سەرچاوانە کەنارخرێن یان کەمجێبایەخ ببن.. ئێمە دوای سەرنجدان و بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی بنەما و ڕێساکانی ڕەوشتسازی لە ئیسلامدا بۆمان دەرکەوت کە سەرچاوەی یەکەمینی هەموو بنەماکان ئەو سیفەتانەن کە خوای گەورە (حزبو الله)ی پێ وەسف کردوون لە قورئاندا.. کە سەرنج دەدەیتە هەر ڕێسایەکی ئەخلاقی لە قورئان و سوننەتدا دەتباتەوە سەر یەکێك لەو سیفەتانەی حزبەکەی خوای گەورە.. جا بۆ ئەوەی لامان ڕۆشنتر بێت دەڵێین:

وشەی (حزب الله) دوو جار لە قورئاندا هاتووە، جارێك لە سورەتی (المائدة) و جارێك لە سورەتی (المجادلة) دا.

- ئایەتەکانی سورەتی مائیدە ئەمانەیە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَن يَرۡتَدَّ مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ فَسَوۡفَ يَأۡتِي ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ يُحِبُّهُمۡ وَيُحِبُّونَهُۥٓ أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ يُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوۡمَةَ لَآئِمٖۚ ذَٰلِكَ فَضۡلُ ٱللَّهِ يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ٥٤ إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُمۡ رَٰكِعُونَ ٥٥ وَمَن يَتَوَلَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فَإِنَّ حِزۡبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلۡغَٰلِبُونَ ٥٦﴾ المائدة: ٥٤ - ٥٦، واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، هەر کەسێکتان لە دینەکەی پەشیمان ببێتەوە و پاشگەزببێتەوە لێی، بەتەئکید خوای گەورە کەسانێکی تر دەکاتە (بەدیل) و دەیانهێنێتە شوێنی ئێوە کە خوایان خۆشدەوێت و خوای گەورەش ئەوانی خۆشدەوێت، کە بەسۆز و بەزەیی ڕەفتار لەگەڵ موسوڵماندا دەکەن و لەگەڵ کافرانیشدا توندوتیژ و سەختگیر، لە پێناو خوای گەورەدا

جیهاد دەکەن و لۆمە و گلەیی و قسە و قسەڵۆکی لۆمەکاران دید و هەڵوێستیان پێناگۆڕێت و سوور دەبن لەسەر دیدوڕێ و بزاوت و هەڵوێستی ئیماندارانەی خۆیان، ئەمە خۆی لە خۆیدا فەزڵی خوای پەروەردگارە کە بەو کەسانەی دەبەخشێت کە ڕەفتاریانی پێ پەسەند دەبێت، خوای گەورە خاوەن نیعمەتی بەرفراوانە و زاناشە بە هەموو کەس و حاڵەتێك (دوای ئەم باسەی دیدوڕێ و بزاوتی جیهادیانە و هەڵوێستی نەرمونیانی بەرامبەر موسوڵمانان و توندوتیژیی بەرامبەر کافران دێتە سەر باسی وەلائیان کە دۆستایەتی و لایەنگری و هاوکاریکردنە). پشتیوان و لایەنگر و یارمەتیدەرتان هەر خوای گەورە و پێغەمبەری خوا و ئەو کەسانەن کە باوەڕیان هێناوە، ئەوانەی کە نوێژەکان دەپارێزن و زەکات دەدەن، لە حاڵەتی ملکەچی و دەربڕینی سیما و سیفەت و عەبدایەتیاندا بۆ خوای گەورە.. هەر کەسێك وەلائی خۆی بدات بە خوای گەورە و بە پێغەمبەرەکەی و بەو کەسانەی باوەڕیان هێناوە (و دۆستایەتی و دوژمنایەتیان لەم ڕوانگەوە دەبێت)، ئەوان ئەندامانی حزبەکەی خوا دەبن، بەدڵنیاییەوە حزبەکەی خوا سەرکەوتووە..

ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە هەموو ئەو سیفەتانەی باسکراون وەسفی ئەو کەسانەن کە (حزب الله)کە پێکدەهێنن، کە ئەنجامیشیان سەرفرازی و سەرکەوتنی حەتیمیە، چونکە بە (ناو: إسم) وەسفی زاڵبوونەکەیان دەکات و بە (حصر) کە ڕاناوی (هم)یشی خستۆتە سەر، جگە لە تەئکیدکردنەوەی ڕستەکە بە (إنَّ): ﴿فَإِنَّ حِزۡبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلۡغَٰلِبُونَ ٥٦﴾. لە سەرەتای ئایەتەکەشدا باس لە ئەهلی (ردّة) دەکات، ئینجا سیفەت بە سیفەتی ئەو کەسانەی بە جیهاد ڕووەوڕووی ئەو (مورتەدد)انە دەبنەوە.. پوختەکە ئەوەیە کە پاشگەزبوونەوە ڕوودەدات (ئەو کاتەی کە ئایەتەکە هاتە خوارەوە کەس لە ئیسلام پاشگەز نەبووبۆوە)، بەڵام ئەو کەسانەی کە ئەوە سیفەتیانە و بوونەتە دەستەی موجاهیدی خواویست، بەرەنگاریان دەبنەوە و تەفروتونایان دەکەن و بەتەئکید سەرکەوتن و دەسەڵات و زاڵبوونیش -کە لەلایەن خوای گەورەوەیە- بەنسیبی ئەو ئەندامانەی (حزب الله)کە دەبێت...

- ئایەتەکەی سورەتی (المجادلة)ش ئەوەیە: ﴿لَّا تَجِدُ قَوۡمٗا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ يُوَآدُّونَ مَنۡ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَوۡ كَانُوٓاْ ءَابَآءَهُمۡ أَوۡ أَبۡنَآءَهُمۡ أَوۡ إِخۡوَٰنَهُمۡ أَوۡ عَشِيرَتَهُمۡۚ أُوْلَٰٓئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ ٱلۡإِيمَٰنَ

﴿وَأَيَّدَهُم بِرُوحٖ مِّنۡهُۖ وَيُدۡخِلُهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُۚ أُوْلَٰٓئِكَ حِزۡبُ ٱللَّهِۚ أَلَآ إِنَّ حِزۡبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ٢٢﴾ المجادلة: ٢٢، واته: هەرگیز خەڵکانێك نابینیت باوەڕیان بە خوای گەورە و بە ڕۆژی دوایی هەبێت و لە هەمان کاتیشدا دۆستایەتی و لایەنگری ئەو کەسانە بکەن کە دوژمنداریێتیی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی دەکەن، چ جای ئەوەی خۆشیان بوێن، با باوك و باپیریشیان بن، یان ئەولاد یان برا یان تیرە و هۆزی خۆشیان بن. ئەوانە (ی موسوڵمانی سەرڕاست و بۆ خوای گەورە ساغبوونەتەوە و دۆستایەتی و لایەنگیری و خۆشەویستیان بۆ خوای گەورە و پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) و بۆ موسوڵمانانە) ئەوانەن کە خوای گەورە باوەڕ و یەقینی لە دڵدا چەسپاندوون و لایەنگیریی کردوون و بە نوور و هێزی خۆی بەهێزی کردوون، دەشیانخاتە بەهەشتانێکەوە کە ڕووبار و جۆباریان پێدا دێت و دەچێت و بە نەمری تێیدا دەمێننەوە، خوای گەورە لێیان ڕازی بووە و ئەوانیش لە خوای گەورە ڕازی بوون، ئەوانە حزبی خوای گەورەن، حەتمەن حزبی خوای گەورەش سەرفراز و سەرکەوتووە.

دوای سەرنجدان و لێکۆڵینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەموو ئەو سیفەت و ڕەفتار و ڕەوشتانەی لە قورئان و سوننەتدا بە پەسەندی وەسف کراون؛ دەشێت بگێڕرێنەوە بۆ یەکێك یان دوو لەم سیفەتانە، بۆ نموونە: تەقواکاری، کە دینداریێتیی سەرڕاستانە و بۆخواسوڵحانە، دێتەوە خانەی ﴿يُحِبُّهُمۡ وَيُحِبُّونَهُۥٓ﴾ المائدة: ٥٤، وە خوای گەورە تەقواکارانی خۆشدەوێت: ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُتَّقِينَ ٧٦﴾ آل عمران: ٧٦، هەروەها ئەوانەی نوێژەکان دەکەن و دەیانپارێزن لقێکە لە تەقواکاری، کە خوای گەورە کردویێتی بە نیشانە و سیفەت و ڕەوشتی تەقواکاران: ﴿هُدٗى لِّلۡمُتَّقِينَ ٢ ٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡغَيۡبِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ...﴾ البقرة: ٢ - ٣، واتە: ئەم قورئانە مایەی ڕێنمایی تەقواکارانە، ئەوانەی کە باوەڕیان بە نادیار هەیەو نوێژدەکەن و... فەرمانکردن بە چاکە و بەرهەڵستیکردن لە خراپە (کە دەیان لقە ڕەوشتی تر دەگرێتەوە) وا لەخانەی: ﴿يُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوۡمَةَ لَآئِمٖۚ﴾ المائدة: ٥٤ دا.. ئاوا هەموو ڕەفتار و ڕەوشتێکی پەسەند دێتەوە ژێر سایەی یەکێك لەم سیفەتانەی خواویستانی موجاهیدی (حزبوالله).

هەموو ئەو ڕەفتار و ڕەوشـتەی لەو کتێبەشدا باسمان کردوون دەشێت بکرێنەوە بە بەڵگە و بهێنرێنەوە ژێر نوور و سایەی ئەم سیفەتانەی (حزبواللە)وە..

★★ ★★ ★★

پێویستە لێرەدا ئاماژە بە شتێکی تر بدەین:

- زیندووکردنەوەی ڕەفتار و ڕەوشـتی ئیسـلامی و لەسـەر پەروەردەبوونەوەیان تاکە ڕێگای سەرکەوتنە بەسەر ئەو پاشگەزبوونە یان نیمچە پاشگەزبوونەی سەردەمدا کە باڵی ڕەشی بەسەر هەمـوو جـیـهـانی ئیسـلامیـدا کێشـاوە. گومـان لەوەدا نییە کە جیهـانی ئیسـلامی لە (مورتەددبوونەوە)یەکی زۆر دژوار و ترسناکدایە، کە لە زۆر لایەنییەوە زۆر مەترسیدارترە وەك لە پـاشـگەزبوونەوەی دوای کۆچی دوایی پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، چونکە ئەمیـان هەمەلایەنە و ئاڵۆزتر و گشتگیرترە.

ئەم ئایەتانەی وەسـفی (حزبواللە) ئەوە دەکەنە بەڵگەنەویست کە پاشگەزبوونەوە بەردەوام دەبێت، دژوار و مەترسیدار دەبێت، بەڵام غەیری موجاهیدانی(حزبواللە) کەس ناتوانێت بەری لێبگرێـت و بەگژیـدا بچێتەوە و بەسـەریـدا زاڵ بێـت.. ئەو موجـاهیـدانەش هەروا لەخۆوە پەیـدانـابن، ئەوانە ئەو کەسـانەن کە بۆ خوا سـاغبوونەتەوە و بۆ دینەکەی لێبڕاون و خوای پەروەردگاریش یارمەتیدەریان بووە تا ئەو سیفەت و ڕەوشتانە لەخۆیاندا بهێننەدی کە ئایەتەکان ئاماژەیان پێداون تا شیاوی (حزبواللە)ییەکەبن.

دیارە کە کەسـانێك ئەم سیفەتانەیان تێدا نەهاتبێتەدی ناتوانن ئەم کۆڵە قورسە و ئەم ئەرکە دژوارەی بەرەنگاربوونەوەی مورتەددان بگرنە ئەسـتۆ، کە گومانی تێدا نییە کوشـتاری ئەمانە سەختترە لە کوشتاری کافری ئەسڵی، بۆیە کتێبێکی تری سەربەخۆمان بۆ ئەمە نوسیووە..

کەوابوو ئامانجمان لە نوسـینی ئەم باسە (ئەخلاقیانە) ئەوەیە کە بەشێوەیەکی کردەوەیی لە کۆمەڵە موسـوڵمانێکی تەقواکاردا بچەسـپێن تا شـیاوی ئەو (حزبواللە)یەتییە ببن و بتوانن لێشاوی پاشگەزبوونەوەی سەردەم ڕاگرن.

جگە لەم هەســـتکردنە بە دژواری و ســـەختی واقیعەکەی ســـەردەم کە ڕەنجی زۆرمـان دەخوازێت، هەستکردنیشمان بە بەرپرسیارێتی قیامەتمان وامان لێدەکات هەموو ورە و وزە و توانـایەك بۆ پێکەوەنـانی ئەم کۆمەڵە خواویســـتە جوامێر و دلێر و بەتوانایە بەگەڕ بخرێت تا بەرپرسێتیی قیامەتمان نەباتەسەر کە خوای گەورە دەربارەی دەفەرموێ: ﴿أَمۡ حَسِبۡتُمۡ أَن تَدۡخُلُواْ ٱلۡجَنَّةَ وَلَمَّا يَعۡلَمِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ مِنكُمۡ وَيَعۡلَمَ ٱلصَّٰبِرِينَ ١٤٢﴾ آل عمران: ١٤٢، واتە: چما وادەزانن هەر ئاوا ئاســان دەچنە بەهەشـــتەوە بێ ئەوەی خوای پەروەردگار ئەوانەتان دیاری بکات کە جیهادیان کردووە و پێش ئەوەی خۆڕاگرانتان بناسێت..

- هەروەهـا: ﴿وَلَنَبۡلُوَنَّكُمۡ حَتَّىٰ نَعۡلَمَ ٱلۡمُجَٰهِدِينَ مِنكُمۡ وَٱلصَّٰبِرِينَ وَنَبۡلُوَاْ أَخۡبَارَكُمۡ ٣١﴾ محمد: ٣١، واتە: بەدڵنیایەوە هەمووتان دەخەینە ژێر تاقیکردنەوە و ئەزموونەوە تا موجاهیدەکانی نێوانتان بناسین و خۆگرەکانتان هەڵاوێرین و هەواڵی حاڵ و ڕەفتارتان بزانین کە کامیان شیاو نییە تورهەڵدرێت..

ئەم ئایەتانەی باسـی ئەم کۆمەڵە خواویســتە موجاهیدە دلێرە دەکەن پێنج ڕەوشـتیان نیشـان دەدەن:

١- خوای گەورە ئەمانی خۆشدەوێت و ئەمانیش خوای گەورەیان خۆشدەوێت.

٢- خاوەن سۆز و بەزەیی و مشوورخۆری موسوڵمانانن و بەرامبەریان بێ هەواو فیزن.

٣- خاوەن توندوتیژی و سەختکارین بەرامبەر کافران.

٤- لە پێناوی خوادا جیهاد دەکەن و لە لۆمەی لۆمەکاران و قسە و قاڵەقاڵ بێباکن.

٥- وەلائیان بۆ خوای گەورە و پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) و بۆ موسوڵمانانە و هەموو لایەنگیرییەکیـان بۆ ئەمـانە و خـاوەن نوێژ و زەکاتدانن و ملکەچ و گوێڕایەڵانە عەبدایەتی بۆ خوای تاك و پاك دەکەن.

- ئەوە جێی تێبینییە کە ئایەتەکەی سورەتی موجادەلە تەنها ئاماژەی بە (وەلاء)یان داوە و بە تەفسـیل، کە لوتکەی سـیما و سـیفەتی موجاهیدی (حزبوالله)یە کە نیشـانەی ڕۆشـنی بۆ

خواساغبوونەوە و موساوەمە نەکردنیانە، بەڵام تاکە سیفاتیان نییە، چونکە سیفەتەکانی تریش (١-٤) هەر سیفاتی ڕەسەنێتی ئەم خواویستە دلێرانەن.

کەسێك خاوەن سۆز و بەزەیی نەبێت بەرامبەر موسوڵمانان و دڵی بەحاڵیان نەسوتێت و مشوورخۆریان نەبێت چۆن شیاوی (حزبوالله) دەبێت؟ بەتەئکید شیاوی نابێت. کەسێك پیاوچاك و خاوەن نوێژ و ڕۆژوو و زەکاتە و بۆ خوا سوڵحاوە، بەڵام موجاهید نییە و ئامادەی بەرەنگاریی ئەهلی جاهیلییەت و کوفر و ڕیددە نییە، چۆن دەخرێتە ڕیزی ئەم خواویستە موجاهیدە جوامێرانەوە؟ بێگومان جێی نابێتەوە.. کەسێك سەرڕاستانە خوای گەورەی خۆشنەوێت و هۆگری دیداری نەبووبێت و سەرڕاستانە پابەندی ئەم ڕەوشتانە نەبێت، خوای گەورە چۆن وا خۆشی دەوێت کە شایستەی ڕیزی ئەم ئەحبابە بوێرانەی (حزبوالله)ی بکات؟ بێگومان نایکات..

کەسێك هەموو لایەنگیری و پشتیوانی و دۆستایەتی و وەلائی بۆ خوای گەورە و پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و موسوڵمانان ساغ نەکردبێتەوە، چۆن خوای گەورە لە ڕیزی خواویستە سەرڕاستە دلێرەکانی (حزبوالله)دا جێیدەکاتەوە؟ بەتەئکید ناوی لە لیستی ئەواندا تۆمار ناکات، چونکە لەوان نییە..

تەفسیلاتی ئەم ڕەفتار و ڕەوشتانە زەرووری بوو بخرێتە بەرچاوان، بەتایبەتی لەم سەردەمەی ئێمەدا کە پاشگەزبوونەوە بۆتە سیمای هەندێك کۆمەڵگە (بەداخەوە). تەفسیلاتی ئەم باسانە زۆری دەویست و قەبارەیەکی زۆری لەم کتێبەدا دەگرت، بۆیە وام بە باشزانی بیکەمە کتێبێکی تری سەربەخۆ کە کتێبی (جند الله: ثقافة وأخلاقاً)ـە.. لەوێدا بە تەفسیل ئەم پێنج سیفەتەمان باسکردووە، باسی وەلائمان وردەکارانە هێناوەتەوە و سنوورەکانیمان دیاریکردووە، ئەو ڕێگایانەمان خاڵبەند کردووە کە لە قورئان و سوننەتدا هاتوون و خۆشەویستیی خوای گەورەیان پێ دەچەسپێت. باسمان لە چۆنییەتی سۆز و بەزەیی و مشوورخۆرێتیی (حزبو الله)یی بۆ موسوڵمانان کردووە کە دەبێت لەگەڵیاندا چۆن بن، هەروەها بەرامبەر کافران.. باسی جۆرەکانی جیهادمان لەوێدا کردووە کە چۆن هەریەکەیان ئەدا دەکرێت، پێم وایە کتێبێکە کە موسوڵمانی سەردەم زۆر پێویستی پێی دەبێت، چونکە هەنگاوی دەسپێکی ڕابوون و هەستانەوە سەرپێی

ئوممەت و لادان و ڕادانی بەربەســـتە گەورە کاریگەرەکانی ســـەر ڕێین، جگە لەوەی کە زۆر لایەنی تر بـاســـدەکـات کە موســـوڵـمـانی ســـەردەم پێویســـتێتی تـا بەرچـاوڕوون بێـت لە کۆمەڵکارییەکەیدا..

لێرەدا کۆتایی بەم باســـی دابونەریت و قییەمی کۆمەڵایەتییانەی ئیســـلام دەهێنین و دەچینە سەر باسەکانی بەرنامە گشتییەکانی سیستمی سیاسی و ئابووری و ئەوانی تر... إن شاء الله.



# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ڕێڕەوێك: مرۆڤ بەبێ ئیسلام! | ٥ |
| باسی یەکەم: شیکارێك لەسەر مرۆڤ لەئیسلامدا | ١٩ |
| برگەی یەکەم: مرۆڤ کافرە یان موسوڵمان | ١٩ |
| خاڵی یەکەم: مرۆڤ لە ئیسلامدا بەڕێزە | ١٩ |
| خاڵی دووەم: دەبێت سەروەرێتی بۆ شەرع بێت و بەس | ٢٢ |
| خاڵی سێیەم:سەروەرێتیی شەرع لە سوودی کافرەکانیشە | ٢٥ |
| خاڵی چوارەم: دادی بێهێز زەلیلەو هێزی بێ داد ملهوڕییە | ٢٧ |
| خاڵی پێنجەم: ئاشتیی جیهانی لە سایەی دادی ئیسلامدا دێتەدی | ٢٩ |
| خاڵی شەشەم: پۆلێنکردنی خەڵکی بەپێی دید و هەڵوێستیانە لە ئیسلام | ٣٠ |
| برگەی دووەم: مرۆڤ نێرە یان مێ | ٤٨ |
| خاڵی یەکەم: ئافرەت وەکو پیاوە و کەسایەتی خۆی هەیە | ٤٨ |
| خاڵی دووەم: ئافرەت تایبەتمەندیی خۆشی هەیە | ٥١ |
| خاڵی سێیەم: هەبوونی حەزی جنسی زەرورەتی مانەوەی توخمی مرۆڤە | ٥١ |
| خاڵی چوارەم: بەچکەی مرۆڤ پێویستیی زۆرتری بە دایك و باوکێتی | ٥٢ |
| خاڵی پێنجەم: هاوسەرگیرێتی زەرورەتێکی ژیانە | ٥٣ |
| خاڵی شەشەم: زیناکاری پەیوەندییەکی ڕاستی مرۆڤایەتی نییە | ٥٤ |
| خاڵی حەوتەم: دینی خوای گەورە پراوپڕی سروشتی مرۆڤە | ٥٥ |
| خاڵی هەشتەم: بواری بەرفراوانی هاوسەرگیریی | ٥٧ |
| خاڵی نۆیەم: پیاو مافی فرەژنیی هەیە | ٦٤ |
| خاڵی دەیەم: پوختەی خاڵەکانی پێشو | ٧٠ |
| برگەی سێیەم: چەند دەقێکی فەرموودە | ٧٧ |
| باسی دووەم: بنەمای ڕەفتار و ڕەوشتی تاکی موسوڵمان و کۆمەڵگەی موسوڵمان و دەوڵەتی موسوڵمان | ٨٧ |
| برگەی یەکەم: هەڵاویردنی خەڵکی بەپێی ئیماندارێتییە | ٨٧ |
| خاڵی یەکەم: ئینتیمای کوفر و ئینتیمای موسوڵمانێتی ناشێت لەیەك کەسدا هەبێت | ٨٧ |
| خاڵی دووەم: دید و تێڕوانین و پێناسە و ڕەفتار لە ڕوانگەی کوفر و ئیمانەوەیە | ٩٢ |
| خاڵی سێیەم: ڕەفتارو ڕەوشتی دەستەجەمعیی کۆمەڵگە قیبەمە و دیدی عەقائیدی کۆمەڵگە نیشان دەدات | ٩٨ |

| | |
|---|---|
| خاڵی چوارەم: بەرپرسێتیی قیامەت لە ڕەفتار و ڕەوشتی چاك و خراپە | ١٠٢ |
| خاڵی پێنجەم: دید و ڕێبازی موسوڵمان لە هەموو موفرەداتێکیدا جیاوازە | ١٠٤ |
| خاڵی شەشەم: کەوابوو هەموو شتێکی موسوڵمان سەربەخۆ و جودایە | ١٠٧ |
| برگەی دووەم: موسوڵمان بە ئامانجە سەرەکیەکەیدا دەناسرێتەوە | ١١٠ |
| خاڵی یەکەم: موسوڵمان و سامان | ١١٨ |
| خاڵی دووەم: موسوڵمان و ئافرەت | ١٢٠ |
| خاڵی سێیەم: موسوڵمان و زارۆك | ١٢٢ |
| خاڵی چوارەم: موسوڵمان و خاوەنێتیی سامانی ئاژەڵ | ١٢٤ |
| خاڵی پێنجەم: موسوڵمان و سنووری چێژ و حەز | ١٢٦ |
| أ- یاریی کات بەسەربردن | ١٢٧ |
| ب- گۆرانی و مۆسیقا | ١٣١ |
| جـ- جوانی و والآپۆشی | ١٣٦ |
| خاڵی شەشەم: ئامانجەکانی موسوڵمان لە دونیادا | ١٤٨ |
| خاڵی حەوتەم: موسوڵمان و خۆشیاوکردنی | ١٥٢ |
| خاڵی هەشتەم: سەربەخۆیی و جودایی تاك تاکی موسوڵمان | ١٥٦ |
| ١- کەسایەتیی سەربەخۆ و جیاوازی موسوڵمان لە دوواندنیدا | ١٥٧ |
| ٢- کەسایەتیی سەربەخۆ و جیاوازی موسوڵمان لە خۆراك و خواردنەوەیدا | ١٦٧ |
| خاڵی نۆیەم: سەربەخۆیی و جودایێ کۆمەڵگەی کۆمەڵگەی موسوڵمان | ١٧٠ |
| ١- هونەر و جوانی | ١٧١ |
| ٢- نەتەوایەتی و نیشتمانێتی و نەژادپەرستی و عەشیرەتگەری و دەمارگیری | ١٨٠ |
| ٣- ئازادی و سەربەستی | ١٨٤ |
| ٤- یەکسانی و برایەتی | ١٨٧ |
| خاڵی دەیەم: سەربەخۆیی و جودایی دەوڵەتی موسوڵمان | ١٩٠ |
| باسی سێیەم: ڕەفتارو ڕەوشتی ئیسلامی هۆکاری ڕاقیيبوونە | ١٩٥ |
| برگەی یەکەم: شیاوکردنی مرۆڤ بۆ ئەرکە کانی خواویستی لەسەر زەوی | ١٩٧ |
| خاڵی یەکەم: ڕەسەنکردنی شیاوێتیی مرۆڤ | ١٩٧ |
| خاڵی دووەم: دارشتنی ڕەوشتی پەسەندی مرۆڤ | ١٩٨ |
| خاڵی سێیەم: دیاریکردنی سنووری حەڵاڵ و حەرام بۆ مرۆڤ | ٢٠٣ |
| خاڵی چوارەم: ڕاهێنانی مرۆڤ لەسەر عەبدایەتی کردنی بۆ خوای گەورەو بەس | ٢٠٦ |
| خاڵی پێنجەم: هەموو فەرمانێکی خوای گەورە بۆ چاکسازی و شیاوکردنی مرۆڤە | ٢٠٨ |
| برگەی دووەم: مرۆڤی موسوڵمان شایستەی ئەداکردنی ئەرکەکانێتی | ٢١١ |

| | |
|---|---|
| خاڵی یەکەم: مافی خوای گەورە | ٢١٢ |
| خاڵی دووەم: مافی دایك و باوك | ٢١٥ |
| خاڵی سێیەم: مافی هاوسەر و منداڵەکانیان | ٢١٩ |
| خاڵی چوارەم: مافی خزمان | ٢٢٥ |
| خاڵی پێنجەم: مافی دراوسێ | ٢٢٧ |
| خاڵی شەشەم: مافی کار | ٢٢٩ |
| خاڵی حەوتەم: مافی موسوڵمان | ٢٣٢ |
| خاڵی هەشتەم: مافی غەیرە موسوڵمان | ٢٤٠ |
| خاڵی نۆیەم: مافی دەوڵەت | ٢٤١ |
| خاڵی دەیەم: مافی هیتر | ٢٤٤ |
| برگەی سێیەم: موسوڵمان لەبەرامبەر هەر ئەرکێکدا خاوەن مافە | ٢٤٦ |
| برگەی چوارەم: موسوڵمان ئەرکی خۆی بەجێدەهێنێت ئەگەر مافەکانیشی ئەدەنێ | ٢٥١ |
| برگەی پێنجەم: ئیسلام پارسەنگی کەسایەتیە موسوڵمانەکە ڕادەگرێت | ٢٥٥ |
| برگەی شەشەم: ڕەوشتی ئیسلامی لوتکەی کامڵبوونێکی واقیعییە | ٢٥٩ |
| باسی چوارەم: ڕەوشتی سەرەکی و ڕەوشتی غەیرە سەرەکی | ٢٦٣ |
| برگەی یەکەم: کێ حوکم لەسەر ڕەفتار و ڕەوشت دەدات کە پەسەندە یان ناپەسەند؟ | ٢٦٣ |
| برگەی دووەم: ڕەوستی سەرەکی و ڕەوشتی لاوەکی (سانەوی) | ٢٧٣ |
| ناوەڕۆك | ٢٨٥ |